خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

مۆتیف و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

# ١٠٧

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ نیسان ٢٠٠٦**

---


**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەڵاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

## ناوەرۆکی


● **سەروتار**

– بۆ جەژنی ڕۆژنامەگەری..
چەند سەرە قەڵەمێک/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

– عەتر و حەشیش و زەهرا/ هاشم سەراج/ 4
– نەقشی سەر بەرد/ کەریم دەشتی/ 9
– لاوکی تەنیایی/ ناڵە حەسەن/ 12
– سێدارەدان ب شەمالکەکا ئەڤینێ/ بەیار سالح زاویتەیی/ 14
– ئاورینگی بەفر/ ئازاد دڵزار/ 17
– بێدەنگ/ لە تورکییەوە: عەلی دەسماڵی/ 18
– فەرشێک لە باران/ جەبار جەمال غەریب/ 20
– دوو گل ڕەش سووری سپیێ/ محەمەد سدیق کەریم پوور/ 29
– زەمەنی سفر/ عیرفان ڕەسووڵی/ 33
– ئەسپێ/ ئەنوەر حەسەن پوور/ 37
– ئەدبار/ لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی/ 40
– داد/ ئازاد ئەرگوشی/ 49

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ (سەلاح عومەر)ی
چیرۆکنووس/ ئا: سەباح ڕەنجدەر/ 57
– دیمانەیەک لەگەڵ (تاهیر سلێمان)ی سەرنووسەری
ڕۆژنامەی دیپلۆمات/ ئا: عەباس سلێمان سمایل/ 72

● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

– ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران/ هاشم ئەحمەد زادە/ لە
ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 78
– خولیای مەیموونە سپییەکان لە چیرۆکی کوردیدا/ ڕەووف
حەسەن/ 89
– دیاردەگەرایی فرەمانایی لە نێوان ڕەخنە و دەقدا/ نەجات
حەمید ئەحمەد/ 106
– ڕۆمان بە واتای ژانری ئەدەبی و دامەزراوی کۆمەڵایەتی/ لە
فارسییەوە: عەتا جەمالی/ 111
– فەرهەنگی «سیدرا»م خوێندەوە/ عەزیزی مەلای ڕەش/ 119

● **تیۆری ئەدەبی**

– پەرەپێدانی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری/
ئا–و: د. کەمال مەعرووف/ 125

● **وتار**

– ڕۆمانی کوردی و ڕەوتەکانی ڕۆمانی دنیا/
سابیر ڕەشید/ 138
– شانۆی ژیان.. ژیانی شانۆیی/ مراد ئەعزەمی/ 141

● **هزر و فەلسەفە**

– لە دانایی میللی ئاکارەوە بۆ میتافیزیکی ئاکار/ لە
ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 143
– کۆمەڵناسی سیاسی/ لە عەرەبییەوە:
حیکمەت نامیق/ 156
– مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژن لە دەقەکانی
کۆنینەناسیدا/ لەیلا ساڵحی/ 166

● **زمانزانی**

– گەمەیەکی هورد و ئاڵۆز لە ڕێزمانی (بوون و هەبوون)دا/
د. شێرکۆ بابان/ 174

● **مێژوو - کەلەپوور**

– سایکۆلۆژیای چیرۆکەکانی داپیرە/
زەیتۆ شێخانی/ 179

● **هونەر**

– ڕیژیسێوری موفەسیر/ د. فازیل جاف/ 185
– سیاوچەمانە، حەنجەرەی بێگەرد/
عادل محەمەدپوور/ 193

● **خوێندنەوەی کتێب**

– شەپۆلی ناڵە و ڕامانی کوتوپڕ/ لێدوانی: ماریا
وێنەرستروم وۆرنە/ لە سویدییەوە: حەمید کەشکۆڵی/
202
– سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری/
لێدوانی: تاریق کارێزی/ 204

● **نامە**

– نامەیەکی گۆرکی بۆ ڕۆمان ڕۆلان/ لە فارسییەوە: حەمە
ڕەسووڵی حەسەنپوور/ 207

● **ئێستێک**

– بەرەو گۆڕان و خۆ نوێکردنەوە/ کەمال غەمبار/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

## بۆ جەژنی ڕۆژنامەگەری..

# چەند سەرە قەڵەمێک

**(١ – ٢)**

**سەرنووسەر**

* خەڵکی ئارەزووی خۆیەتی چۆن ڕیکلام بۆ ئەهلیی بوون و ئازادیی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکەی خۆی دەکات، یان چۆن باسی سەربەخۆیی دارایی خۆی دەکات کە گوایە کۆمەکی دارایی لە کەس وەرناگرێ، یان چۆن بە قودرەتی قادیر هەواڵ و باسوخواسی گەرماو گەرمی چنگ دەکەوێ، بەڵام منیش وەک خوێنەرێک ئازادم لەوەدا کە ئەمە بە وەهمێکی گەورە بزانم. پێم وایە ئەوانەی دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو جۆرە بانگەشەیەوە تەنیا ئەوانەن کە وەک (کۆرس) قسەی ئەو خاوەن قسە زلانە دەڵێنەوە و پێی باوەڕ دەکەن. ئەوانە پێیان وایە لە کوردستاندا بە ڕاستی ڕۆژنامەگەری ئەهلی و ئازاد هەیە کە بەبێ کۆمەک و هاوکاری لایەن و پارت و ڕێکخراوەکان کاری خۆیان دەکەن، یان بەبێ بوونی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی بەهەڕمێن و بازاڕ گەرم دەردەکەن و فرۆختی کارەکانیان لە بازاڕ زۆر و بێ وێنەیە. ئەوانە ڕاست دەکەن، چونکە ئەوەی ئەوان دەری دەکەن خۆ ڕۆژنامەگەری (وروروژاندن) نییە، بەبوێری هەواڵە گەرموگوڕەکان پەیدا دەکەن و لە پاش بەدەستهێنانی ئەو هەواڵانە خۆیان بڵاویان دەکەنەوە و سەرنجی خوێنەرانی پێ ڕادەکێشن، خۆ ئەوان زانیارییە گەرموگورەکانیان لە پشت پەردەی دەزگا و کەناڵە هەواڵگەرییەکانەوە پێناگات، بوێرییەکەشیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزیوەو هەر ئەمەش وای کردووە زۆر بێلایەنانە ئەو هەواڵانە دابڕێژنەوە!

* لایەنێکی دیکەی وروروژاندن، هێنانە گۆڕێی باسوخواسی (سێکس)ە کە بووەتە ڕوویەکی دزێوی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان، کە دەیانەوێ بەو وتار و جۆرە بابەتانە سەرنجی لاوان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بازاڕی فرۆتەنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بەرەو هەڵکشان ببەن. من لەگەڵ ئەوەدام خۆ لە قەرەی قەدەغەکراوەکان بدەین و بەشێوەیەکی زانستیانە و تێر باسیان لێوە بکەین، چونکە هەمیشە باسکردنی قەدەغەکراو لە باس نەکردنی سوود بەخشترە و بەرچاوی لاوان ڕووناک دەکاتەوە و وەک بەشێکی بەدەست هێنانی ڕۆشنبیریی دەبێ چاوی لێبکرێ، بەڵام ناکرێ مەسەلەکە (وروروژان لەپێناوی وروروژان) بێ، ئەوەندەی دەکرێ بە قووڵی و بە ئاقاری ڕاست و دروست و تەندروست بەرێوەبچن، واتە کارەکە بازاڕیانە نەبێ و هەر بۆ ختووکەدانی سۆز و غەریزەی لاوان ئەمە نەکرێت.

* کارو پیشەی ڕۆژنامەگەریی پێش هەر شتێ عیشق و ڕاستگۆییە، لەوانەیە ڕۆژنامەنووس سیاسەتوانێکی زیرەک و خاوەن توانابێ، کە ناکرێ ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنڤان سەری لە سیاسەت و دیپلۆماسییەت دەرنەچێ، چونکە سیاسەت و ڕاگەیاندن دوو ڕووی دراوێکن، بەڵام ناشکرێ بابای تایبن هەر لە بری سیاسەت نەکاتەوە و لە ڕێگەی داوو دەزگای (هەواڵگەرییەوە) قەڵەمبازێک بداتە ناو دنیای پاک و بێگەردی پیشەی (گەڕان بەدوای هیلاکی)دا و پێی وابێ کارکردن بە عەقڵێکی (هەواڵگەرانە)وە دەتوانێ بیکاتە ڕۆژنامەنووسێکی گەورە و چاک، یان ڕۆژنامەیەکی ڕاستگۆ و خاوەن مسداقییەت دەربکات، یان لە پشت پەردەوە دەزگایەکی (هەواڵگەری) کۆمەڵێ زانیاریی بداتە ڕۆژنامەیەک، ڕۆژنامەنووسێک، تا ئەوانیش بیخەنە چوارچێوەی پرسیارەوە و بیدەن بە تەنگەی ئەوکەسەی دەیانەوێ (تەڵە و داوی) بۆ دابنێنەوە، بە حیسابی خۆیان گوایە (دەمەتەقێ) یان (چاوپێکەوتن) و (دیمانە)ی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا ئەنجام دەدەن!

# عەتر و حەشیش و زەهرا

**هاشم سەڕاج**

لە قوربی «قاب قوسین»ی دوو ئەبرۆت
منی «أدنی» چ دوور و دەربەدەر مام!
«نالی»



**«١»**

**ئەی پیرۆزترین تۆرەمەی**
**غەجەرزادەی**
**سینە و باخەڵ و پەرچەم عەترناک**
**ئۆهـ! چلچرای خانووی عەتیق**
**پرشنگی ئاوێزەی ماڵی ئاوەدان!**
**شەپۆلی مۆرفیمەکانی گیان و**
**فۆنیمەکانی نەغمەی ئەڤین**
**بە «لەهی» بێنە بە لەهی**
**گەردوونی کەشەنگ، غەزەلخوانی**
**میهر و جوانی و جیلوەگەهی**
**ئاتەشزادەیەکی بێموبالاتە**
**قەد و قامەت و باڵای**
**لە نەرمە مۆنادەکانی**
**دڵۆپەی سەلسەبیلە**
**سەلسەبیل!**

**«٢»**

**ئەی دەراوی سەرچاوەکانی**
**عیشق و عەتر و حەشیش و شیعر و**
**مەینەت و شێتی و جوانی!**
**وردە کریستاڵە یەزدانییەکان**
**پاڵاوتەی ئەبەنۆسەکانی جوانییەکن**
**لە لەوحەکانی «طور» و**
**ئاگری «طوێ»**
**وەرە وەرە**
**بێهۆشی مەرگ ناوادە دێ!**
**ناوادە**

**«٣»**

**بەسەرپەنجەکانم**

دانه دانەی دانه دانەی
قەپووچکەی نمەبارانی ڕوخساری
عەترینت دەتەقێنم!
تا له ڕازی نەخشی خاسه ڕەنگی
روومەت و کلی سوبحانی
چەشمەکانت بروانم!

«٤»

ئەی میسکی ناب
وەی شەمی شەبوستانی
دیده مەستان!
وا شەو ڕما بەسەر سینەی پەریشانی
زاگەی شیعرما
ئادەی وەرە وەرە
به غەمزەیەک
یاقووتەکانی وەجاغی
ڕۆحی وشه داگیرسێنه دا!

«٥»

پریشکی ئاگری حوسنه
یا پرشنگی زوبەرجەدی
لاجانگی سوبحانییه
وا تەهی دڵ دەسووتێنێ!

«٦»

له پێشگای عەرشی زیبای
بەژن و باڵادا
سەوداسەر و سەرگەردان دەوەستم و
خاڵی له دەسمایه و سەرمایه
مەرجانییەکانی ڕۆح
ملکەچ و وێڵ و خانه خراب
دەلالێمەوە.. د ه ل ا
ڵ ێ م ه و ه

«٧»

هزرمان پرژوبلاو
گومڕا و سەرەڕۆ و ڕەنجبەخەسار
لەم ڕۆژی پەسلان و ئاوارەییه
جگه له سێبەری میهر
چیدی شک نابەین!

«٨»

بەرەبەیان تەڵای ڕوخساری ئیلاهیت
دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ
دەڕژێته نێو ڕەگه وردیلەکانی ڕەنگ و
بۆیەی درەختی «طوبا»ی
باخچەکانی دڵ و گەڵای ئاگرینی
مەحەببەت و ئەڤین دەدرەخشێنێ!

«٩»

ئەو هەموو زەماوەندی وشەیه
بۆ نازەنینێکی مەلەک بەچکەی تیر ئەندازە!
زەمان ئاوەدۆنی زەیتوونی پیرۆزی
زیبایی به پێچ و تاب و شکەنی
زوڵفیدا کردووە!
پێچ و تابێ بەردەوام دەدرەوشێتەوە و
ئاگری وەجد و مەحەببەتی گیانی
کەسیرەو شەیدا
دادەگیرسێنێ دا دا دا

«١٠»

سپێده
له ئەفسوون و جادووی ڕەشی وێرگوڵ و پیت و
واژە دەدواین
کەسیرە و دەردەدار!
تۆ ئەی شازادەی زەند و مەچەک به دەسبەندی
زێڕ و زەنبەری گرناڵ گرناڵی بەر سێبەری
عەرشی گەوهەربەندی کردگار!
جوانی دەستووری دا دەستوور
هەڵکشایت و له تەشقی کەیوانی شیندا
بووی به زوهرەی زەهرا!

«١١»

ئەی کێڵگەی حەشیشی وشه
پیت پیت پیت پیت پیت پیت
خەردەلەکانی پیتت
تیا دەچێنم!
تا دەوەنەکانی ڤیانی واژە و دەستەواژە

چرۆ دەکەن و بەری ڕستە ئاڵۆزەکانی ئەوین
شۆڕ دەبنەوە نێو
لەززەتخانەکانی دڵ دڵ دڵ!

«١٢»

بە نووری دیدە
ئەڤینت خستە نێو
دڵ دڵ دڵ دڵ
چرکەساتێ چاوهەڵبڕە
وێرانە خەراباتی گیان
ئەی غەجەرزادەی هەمایوون فەڕ!

«١٣»

تکاکارم لەبەردەم
سۆزش و بەخششی
گەنجی جوانیتدا
ئەی یار
ئەی میهرەبانیترین یار
کانزاکانی سەودایی ڕۆح بتوێنەوە!

«١٤»

ئەی خوێن پارە، وەی سەڵسالی میحرابگەهی
هەوم و سەفا
ئۆهـ! دورجی تەجەللا بەلولووەکانی عیشق!
دەزانی بە غەمزەی گۆشەی چاو و
ورشەی بەنانی مەزداییت
دڵ و دەروون دەسووتێنی!

«١٥»

وەی خاوەن لێرەواری وشەگەلی بەندەواری
نەققاشی کارامەی ئەزەل!
وەرە با فوو لە شەیپوورەکانی
عیشق و سرووش بکەین و
خۆ بە سوندوس و ئیستەبرەق و ماهووتەکانی
سۆز و ئەڤین داپۆشین دا دا دا
لە سای گەردن و گۆپکەی سینە
عەتری ئاڵی جەستەی وشە
هەڵمژین هەڵ هەڵ هەڵ
بەڵکو زوخروفەکانی چرکەی ئاسوودەگی
تۆمار دەکەین تۆمار!

«١٦»

چاوەنواڕ بن، ئەمێستا لەو باغی ئیرەمە
سنەوبەری باڵای شۆخێک دەردەکەوێ
جا منی حەشیشزەدەی بێ خان و لانیش
لە چاوەنواڕان دەبم!

«١٧»

لەو سەفەری دووروودرێژی
خۆشنوودی و نەهامەتیەدا
ئەی یار، سەلاریترین یار
ئێمەی ڕێبوارانی گومڕاو سەرەڕۆ
هێواش هێواش هێواش هێواش
فوارەی تۆمی بەدبەختی و مەینەتییەکانی
زیندەگی دەپرژێنین و
چراخانی شەوە نارنجییەکانی
حەزو لەززەت و سەفا خامۆش دەکەین خامۆش
تا کێڵگە و باخەکانی
ئولفەت و لاساری و عیشق و ئێرەیی و
ڕووبینی ئاودێر کەین ئاودێر!

«١٨»

بەو زەریای لێوانلێو لە ئاگر و حەشیش و
جوانی و شەرابە!
ئەی یار، ئەی کریستاڵیترین یار
دواین چرکەسات
دێوانە و سەرمەست و حەیران
بێ ڕۆحمایە و دڵمایە و ئەڤینمایە و زەینمایە و
گەردوونمایە سەردەنێینەوە سەر!

«١٩»

لەوێ لە نزیک شیناوەردی عیشق و درەختی
«یقطین»دا دانیشتین و «ڕاکی»مان نۆشی و
لە مەراقە مەرجانیەکانی ئاهاب و
سرووتە مەزادارەکانی ئیسماعیل و
چرکە خۆکوژییەکانی
نەهەنگە زرنگ و بەختەوەرەکان دواین و
گرفتار بە گەنجی حوسنی

پەریزادەیەک، لێوڕێژ لە
ئاگرە ئاڵئاڵەکانی ئاهورا و
یاقووتە یەقینییەکانی سوبحانی!
باخچە هەڵواسراوەکانی ئاسمان
دانە دانە دانە دانە
دەنکە هەناری شینی شەرابی
بەسەرا دادەباراندین!

«٢٠»

دەزانی بەو لیسپ و گەنگەمووی
ڕوومەت و تەرزەو بارانی کەزییەت!
خەسڵەتی شێتێتی ڕۆح و یەشمە مەحەببەتیەکانی
دڵ دڵ دڵ دادەگیرسێنی دا!

«٢١»

ئەی هاولفی زێدو دیارو زاگەی ئەوین
با شریخەکانی پیتی شیعرو نەخشی ڕەها
ڕووەو کەڵکەڵەی دووکەڵگەکانی
عیشق و جوانی و بێهوودەیی بەرین
تا سورمەو خاکستەری پیت
بەسۆزو نەغمەو زەلزەلە بێنین
زەلزەلە!

«٢٢»

دواین جار
جۆششی شیعری شێتئەنداز
لە خشتەم دەبا لە خشتە
ئەی یار ئەی دڵنەوازیترین یار
جا وەرە عیشوەگەر فیتنەگەر جیلوەگەر!
بەو عەرعەرو بان و سنەوبەرەوە بشنێ و
با لەبەر نووری یەکتای لالەی عەرشی کردگاردا
خشڵ و زەنبەرەکانی ڕۆح و جەستە
لە سوراحیەک بکەین و
تونابین تونا!

«٢٣»

لەژێر سێبەری دەوەنی
فەرمایشتە لەززەتدارەکاندا
سەرمەست و گومڕا و سەرگەردان و مویتەلا!
بیر لە خودی پەرێشانم
دەکەمەوە و هێدی هێدی هێدی هێدی
ترپە ئاگراوییەکانی دڵ دەنووسم و
دڵدەنووسم!
دڵ د ە ن وو س م

«٢٤»

وەرە وشە
ئەی هێشووی حەشیشین
وەی زمان شیرینی
دڵ ژەهرین!

«٢٥»

دەبوایە، لەو باخ و باخاتی گەزیچاری نەفرەتینی
پیت و فۆنیمی وشەیە، سەربەرەو خوار ببینەوە
سەربەرەو خوار!

«٢٦»

ئێوارە وەختان
شەرای عەترێکی پیرۆزەیی
لە گوڵشەنی ڕۆحەوە
هەڵدەکا هەڵ هەڵ دەکا
سنەوبەرە سوبحانییەکانی
ئاسمان و ئاقاقیاکانی دڵ دڵ دڵ
بە لەنجەکانی سەرمەستی
دەشنێن و
دەشنێن و
دەشنێن

«٢٧»

دەزانم لە داخی ئاگری حوسنی ئیلاهی و
پەیکانە ئەڵماسییەکانی بژانگی چاوە مەستەکانی
عیشق عیشق عیشق
گوزو گوممەت
سەردەنێمەوە سەر
ئەی دیدە خومار!

«٢٨»

دووریت دوچاری

ترس و بیم و خەفەت و شەرم و شکۆ و
فەیزی ڕۆحانی کردم
تۆ ئەی تاقانەترین فەنەری
بێ کەدەری
دەیجووری دڵ!
مەدەد شازادەی جوانی!
مەدەد ئەی شۆخی تەریقەت!

«٢٩»

تۆ ئەی ئاگرزادەی شێوە پەری
وەی ڕەنگەکانی ئەتڵەسی ڕۆح!
من دەزانم
شەبەنگی ئالۆزی عەتری ئەفسوونی و
تیشکی ناوازەی خۆری جوانیت!
سەر بە مێرگە مەرجانییەکانی قەدەر و
ئاتەشخانە مەحەببەتییەکانی پەروەرێن و
سێبەرە فێنکەکانی شۆڕەبییەکانی ئیرەم و
دەراوە تەسنیمیەکانی ڕەهایە!
ئەی فرشتەی مەشخەڵگەهی
شیعرو دڵ و عیشق و سەفاو جوانی!
وەی «جەنان»ی من!

«٣٠»

شەو ڕاشکاو
بە پەڵەهەورێکی قەترانی و جووتێ دەسکێشی قەترانی و
تەنکە کراسێکی قەترانی و گیانێکی خوێنڕەنگی
کافووراوی
بەرانبەرم ڕوونیشتووە و هێدی هێدی
پەلکی ڕێحانە پەژموردەکانی ئینجانەی
زەمەن دەدوێنێ و
جارجارەش
قامکە شووشەییەکانی دەخاتە نێو عەتری
لیسپ و گوڵە جۆی پیرۆزی قژی و
بە عیشوەوە پێدەکەنێ!

«٣١»

لەژێر ساباتی ئاژاوەیەکی جواندا
ئەڤین دەکەین و لەژێر ساباتی
ئاژاوەیەکی جواندا، دەسبەرداری
یەکدی دەبین!

«٣٢»

ئەو پێی گوتم:
جیهان فەزایەکی لێوانلێو لە ئاماژەی
خەیاڵاوییە
با چین چین توێ توێ قژی پەرێشان دەکرد
من بەعەتری گڵەسەری سەرمەست و حەیران
لە «طور»ی ڕوخساری ئالۆزی ڕادەمام و زەنگوڵ
زەنگوڵ
زەنگوڵ زەنگوڵ ئەشکی ئەڤین
تێکەڵ بە چاوی چلێسی وشە دەبوون
هەمیسان پێی گوتم: مەرگ چ گەمەیەکی
ئێستەتیکیمان لەگەڵ ئەنجام دەدا، کەواتە
با کات بەفیڕۆ نەدەین و تیشکەکانی
ڕۆح بنووسین!، لەم خەیاڵ و ختوورەی
زیندەگییەدا بووین، بۆنی سمڵ و مێخەک و ڕازیانە و
قاوە و مایۆنیسی لەش و شکەنی ئیقاعە
حەسرەتاوییەکانی شیعری بەقەدەر دەسپارد و
زیندانە تاریک و نوتەکەکانی دابونەریتی
ژێراوژوور دەکرد ژێراو ژووووور

«٣٣»

بۆیەی خوێنی بژۆنت
ڕۆحی مەرکەبی کەڤاڵەکانی
ئاگرخانەی ئیرۆتیکە
تۆ ئەی شۆخی خەرامان
وەی خاوەندی شەمامەکانی
بێستانی ئیرەم
لێگەڕێ ئەو عەتری خوداییەی
جەستەی لەنجەدارت هەڵمژین
تا دەروون ئارام و دڵنیا
غەزەلێکی ئالی شەراباوی
بۆ ڕۆژگاری بەد و وەهمەکانی
چارەنووس هەڵدەین هەڵ

٢٠٠٤/١٢/٢٠ – ٢٠٠٥/٦/٢٦

# نەقشی سەر بەرد

کەریم دەشتی

بە یادی ئەو ڕۆژانەی شەککەرات فرۆش بووم



**بەربەر**

**من پێم وابوو بەربەرییەکان**
**بەربەرەکانی هەولێرن**
**بۆیە هەرگیز سەرم نەدایە دەست بەربەر**
**ئاخ چەند نەزان و نەفام بووم**
**سەرم دەدایە دەست گیزان**
**کەچی نەچوومە بەربەری ئەهلی میزان**

**پۆڕمەلیک**

**دەتگوت لە بەهەشتەوە دێ**
**جەستەمان پاک دەشواتەوە**
**بەڵام لەوساوە تا ئێستا**
**بەدوای شنەیێ دەگەڕێین**
**کە ژەنگ و ژاری ناو دڵمان بشواتەوە**
**پۆڕمەلیک تۆ نارنجێکی گڕگرتووی**
**ناو دەستمان بووی**
**ئێستاش یادێکی شیرینی**
**گیرۆدەی داوی هەستمان بووی**

**عەریج**

**مام ئەسان**
**درەختێکی باڵابەرزی عوسمانی بوو**
**سەری دەتگوت گومەزی سوڵتانی ئەستەنبۆڵ بوو**
**پشتێنەکەی باستیلی سپی**
**دەوری ئەنادۆڵ بوو**
**کەواکەی سەڵتەنەتی هەولێر**
**بەڵام عەریجەکە**

دەگمەنترین توحفەی باژێڕ بوو

عەنتەرناش

پێمان وابوو لە گەورەترین دەرگای دنیا
ئەو فیلە تەنە هاتووە
پێمان وابوو کە هەڵدەکا
عارد دەلەرزێ
دیوار دەڕمێ و با هەڵدەکا
کە بە گڕ دەکەوت دەتگوت ئاش بوو
لای ئێمە ئەو تەیرە گەورە
باڵی نەبوو.. عەنتەرناش بوو..

قشپۆخی

دەنکی بە قەد دەنکی سووری شخارتە بوو
زەرد و سوور و کەسک و مۆر
کە پیاڵەمان لێدادەگرت
بە هەزار جۆر
ئەو تامەی قشپۆخی هەیبوو
تامی کچانی قەفقاس بوو
ئێستاش جار جار کە زمانم
لەبن شەویلاک دەگێڕم
تامی قشپۆخی هەر ماوە
هەزار ڕەحمەت بۆ وەستای ئەوسا دەنێرم

قاویت

ئێمە جەژنێکمان هەبوو
لە سێری قوڕ و وردە مەرجان
ئێمە جەژنێکمان هەبوو
لە هەڕشتە و ئاردی سووتاو
کەسێ حەرفی بۆ نەنووسی.. تا بوو بە ئاو..
ئەوێستاکەش تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕەنگی بینینی چاو

پندرلی

لە خەو هەڵسام
یەک سینی پندرلیم هێنا
لە بەیانییەوە تا ئێوارەی
ناو مەیدانی تۆپانێی عەنکاوە
هەر بانگم کرد
لیە.. لیە.. پندرلیە
لیە.. لیە.. پندرلیە
کەسێ نەهات بەدەنگمەوە
وردە وردە هەر خۆم خواردم
هەر خۆم هێنام و بردمن.. خۆم ژماردم

لەگلەگ

هەر لە بەفری تازە باریوی چیا دەچوو
دەنگی هەبوو
ڕەنگی هەبوو
سەنگی نەبوو
لەناو دەممان دەتوایەوە
شتێ نییە بەزمی لەگلەگ بیرباتەوە
هیچ کلیلێ وەکو لەگلەگ
دەرگای یادمان ناکاتەوە

ڕەتەڵەبەفر

هەمیشە وەک شمشێرێکی سپی
لەبەرچاوم دەبریسکێتەوە
کە ئێواران بانمان دەڕشاند
ڕەتەڵەی بەفرمان دێناو
ڕۆحی خۆمان پێ دەپرشاند

شرووب

بەقەد دە فلسێ خڕ و سوور
دەتگوت تاجینەی گەڵای هەنارە
بەربۆتەوە ناو بەفری سپی
هەزاران جار بەدیاریەوە وەستاوم
خەیاڵ منی بردۆتەوە
بۆ نێو ئۆقیانووسە دوورەکان
زۆر جار بەدیار ئەم شرووبە خەمگینەوە
لە ناخەوەی خۆم گریاوم
بۆیە ئێستاش بە ڕەنگی شرووب نووساوم

هەر من دەمزانی چەند خۆش بوو
کتێبێک بوو پڕ مەعریفە
بەڵام ئاخ ناولەپم بۆش بوو

لەوزینە

پارچە پەمۆییێکی نەرم
پارچە نانێکی گەرم
پارچە تەمێکی وەک چەرم
هێندێ گوێز و
تۆزێ ئارد و
قەیرێ شەکر
دەتگوت گەوارای هەنگوینە
ناویان لێنابوو لەوزینە

لوقنتە

هەموو ئێوارەیەک پیاوماقوڵان
کۆدەبوونەوە و دەڕۆیشتن
پێیان وابوو دەچنەوە میحرابی خودا
یا ژوورێ لە بەهەشت
یا باخی ئیرەم
دەتگوت جاڕیان داون جاڕ
هەموو ئەو پیاوماقوڵانە
خۆیان و دەسکێ سمێڵ و
تەسبیحێک و گۆپاڵێک و قەلنەیێ
دەستنوێژیان هەڵدەگرت
دەچوونە سۆراغی لوقنتەی شار

ڕەحەتەلوقم

حاجی خاڵند لە سابلاخێ هاتبوو
هەم دوکاندار بوو.. هەم حەکیم
هەم نیشتەجێ بوو هەم ڕێبوار
هەم خواپەرست بوو هەم زۆردار
بۆ یەکەمجار ئەو بوو ئەو لوقمەی هێنا شار
ددانی گشت مناڵانی گەڕەکی ڕەش کرد و
هەر خۆشی وەکو تەبیبێ دەریدێنان

# لاوکی تەنیایی

## چەمانەوەیەک بۆ بزە گەرمەکانی خولیا

نالە حەسەن
(کەنەدا)



ئینجانەیەک لە ڕووناکیت بۆ جێهێشتم
تا تاریکی ئازارم نەدات
گەرمایی لەشی خۆتت لەنێو جێگاکەم بەجێهێشت
تا تەنیایی خەونەکانم پەرت نەکات.
ڕۆژان ڕۆیشتن گوڵم،
وەرزەکان بە سەما هاتن
سپێتی نێو چاوی گەڵاکان زەرد هەڵگەڕان
شەوەکان مردن و بەیانییەکانیش پەرتەوازە بوون
تۆ هەر نەگەڕایتەوە
ئەم سەفەرەت بۆ وا دوور و درێژە درێژ
باڵندەکان کۆچیان کرد و گەڕانەوە
ئەستێرەکان کۆچیان کرد و گەڕانەوە
شەپۆلەکان کۆچیان کرد و گەڕانەوە
بە تەنها تۆ نەگەڕایتەوە.
ئەی کوڵیکە سوورەکانی بنار کەژ و کێوەکانی عەشق
بە تەنها تۆ....!
بەر لە ڕۆیشتنت،
هێندە لەخۆبایی و بەرزەفڕ بووم
وام دەزانی،
سروشت بە ڕەنگەکانی ڕوخساری من
کەڤاڵەکانی خۆی ڕەنگ دەکات.
وام دەزانی،
ئەوە منم گەردەلوولە گرمۆڵەبووەکانی ئەبەدیەت
بە هەناسە دێنم و
نەمری بە سنەوبەرەکان دەبەخشم و
کوکوختییەکانی دۆزەخیش فێرە فڕین دەکەم.
بەڵام هەیهات و واوەیلا بۆ خۆم
ئەی کێڵگە تەڕە هەمیشە سەوزەکەی دڵم

ئێستا پردی سیراتی ئەفسانەکانی ڕۆحم
گەلێک لە موو باریکترە
تا ئاو ئارەزوو بکات و
تا چاوەکانی مانگ بڕ بکەن... تەنیام
تەنیا و تەنیا و تەنیا و تەنیا.
ئەی ئەستێرە ئەسمەرییەکەی بەختم
ئەی کاتژمێرە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەی دەستم
دە تۆزێک ڕەحمەت بێ و زوو بگەڕێوە...!
بەڵام گوڵە گیان،
بەر لەوەی بگەڕێیتەوە
بڕۆ لەنێو چاوەکانی دایکم سەرخەوێ بشکێنە
لە پەنجەرەی خەمەکانی بڕوانە
دوور دوور بڕوانە دوور...
لە دەلاقەی یادگارییەکانی منداڵیم بڕوانە
موحیبەت و عەشق و تەمەن وا لە وێدا
لە نەرمە پیاسەکانی ئێوارانیش
هەموو شەقامەکان و کۆڵانەکان بەسەر بکەرەوە
بۆ دار بەدار و گەڵا گەڵای باخچەی خانزاد بنووشتێوە
چیرۆکە بورکانییەکانی هەژاران و
خەمە ڕیش سپییە پەپوولەییەکانی
کچۆڵە عاشقەکان و
خەونە پەمەییە بەریئەکانی منداڵانیش
لە شیعرێکدا بۆم بنووسەوە و
هەر بڕوانە و هەر بڕوانە و هەر بڕوانە
دوور دوور دوور دوور دوور دوور دوور.

گوڵە گیان،
بەرلەوەی بگەڕێیتەوە
بڕۆ لای (کەریم دەشتی) و پێی بڵێ،
ئەوانەی لە مردن سەما دەکەن
وەک من تەنیان
ئیدی لەمەودوا چ قەدەرێک لە ئامێزی خۆی
هەڵماندەگرێ و
دەمانگەیەنێتە بەر تەکیە پڕ لە نوورەکەی
مەولەوی و
بخوورێک لە هەیوانی ماڵەکانمان
دادەگیرسێنێ...!
هەر لەسەر ڕێگای خۆتدا
سەرێکیش لە ڕەزە ڕازاوەکەی
پڕ لە شیعرە کریستاڵیە تریێەکانی
(هاشم سەڕاج)یش بدە و پێی بڵێ
گەمەی مۆرفیمەکان تەواو بوو
کەف و کوڵی (ئایس کاپەچینۆ)ش دامرکایەوە
ئیدی لەمەودوا
بە دیار کام سفرە نارنجییەکانی ئەڤینی
دوگمەی ستیانە شەرابییەکەی
مەمکەکانی کام بیاتریس بترازێنین
پێکەکانمان،
لەگەڵ بارینی شەهوەتی گژوگیای کام وەرز
ڕۆندکەکانی کام شەوی ڤینۆسی، هەڵبدەین
بە مەستی
لە کام ڕازە ڕێواسییە نەرم و شلە وجودییەکانی خەیاڵ
بڕوانین....!

گوڵە گیان،
ئەوە منم باران لە تەنهاییم ئاو دەخواتەوە و
کانییەکانی مردنیش چاو هەڵدێنن
لە حەژمەت ئەم ڕۆیشتنەت
نیگا شەبەنگییەکەی بێداریم
لە مەمکە لیمۆییەکانی خودا ڕادەمێنێ
چرکە چرکە برژانگە نەرمەکانی تەمەنم هەڵدەوەرێ
چرکە چرکە بەفری لووتکە و گردۆلکەکانی ئارامیم
بەخۆرەتاوی عەشقی تۆ دەتوێتەوە
چرکە چرکە سەمفۆنیای یاد و بزە گەرمەکانی تۆ
شەیداتر و سەروەرتر و تەنیاترم دەکات
گوڵە گیان،
ئەی شیلەی گوڵە شلێرییەکانی نێو بەهەشتی
شیعرەکانم
دە تۆزێک ڕەحمەت بێ و
زوو بگەڕێوە زوو...!

تیمۆرتنی (Main & Wentworth)
ئۆگستی ٢٠٠٥

# سێدارەدان
# ب شەمالکەکا ئەڤینێ

بەیار سالح زاویتەیی
(دهۆک)



ژ نشکەکێ ڤە
حەزەکا باوی
هزرەکا تاوی
ڤیانەکا هاڤی
مێشکێ من دوورپێچ کر
دابتنیسکی
دناڤ کورە رێکێن بژینیا خۆڕا
دەرکەڤمە ناڤ خەونان و
ل کابویسەکێ ببمە مێڤان
تۆ بێژی
ل نێزیکی رامانا بێدەنگیێ
چ رەنگ هەژی تەرمێ منێ سارە..؟؟
ماتو بێژی
ئەز جلێن بێ فامیێ لبەر خۆ بکەم
یان کەڤلێ ئبلیسیێ ....؟
دەمێ جلێن چیڤانۆکی
هێشتا نەهاتیە
چونکو
رەهێن شلێران
ل سەر عەردێ گوننەها
شین نەبووینە
دبیت
ئەز وەکو شەمالکەکێ
د جەژنە بوونەکێ دا بهێمە سوتن
دا دویماهیک بێزاری بڤەمرینم و
بگەهمە خودای

یان دبیت
ئەز وەکو خولیەکێ بتەمرم
دا گورپا ئاگرێ کیڤیبوونا ژیانێ خۆشبکەم
یان دبیت
هندەک حەزێن باوی من بگرن
دا قیزەکا هەست چیڤانۆکی و
ئەڤین ب سەهم بئافرینم
دەنگێ وێ
وەکو بابەلیسکا دناڤ گولاندا
د رێیا ژبیر کرنێ را
خۆ ژ ڕەهێن من دچنیتن
ئەز
چەند پێتڤی  ڤێ قیزێ مە...؟
ئەز
گەلەک پێتڤی ڤێ قیزێ مە
دا خۆ تێدا هەلگرم و
گیانێ خۆیێ پیسەلۆ
پێ تافیل بکەم
من دڤێت
ئاوازا پیرۆزییا ژڤانێ ژیانەکێ
دکونا بلویلەکا توزکەوی را بژەنم
بۆ دویماهیک ڕاستیا هەبوونێ
پرتێن منێن بژاله
ل سەر شوستەیێن ڤالا
لێکبدەو
من سەرژنوی پێکڤەنە
دا ژ حەزێن دیتنا تەو
نەرماتیا خۆ  د ئامادەبوونا تەدا
پتر حەژ تە بکەم ....!!
حەژ من بکە
ئەز چەند پێتڤی پێچولکەکێ مە
دوو ئەفسانەیێن بەرزە
تێدا لیس ببن...؟
ئەز چەند پێتڤی مە
کەلەخێ خۆ بدەمە دەستێ بای
حەژ من بکە
نەما ئێدی ئەم بشێین
ژ ڕاهێلانا ڕەڤێن گورگا برەڤین

بۆ من هەستێ خۆ بژەنە
ئەزێ ل سەر شەمالکەکا ئەڤینێ
تێمە سێدارەدان
من ژ چڤێلیا ڤالا بکە
ئەوێن هەردەم بەریکێن من پێ تژی دبن
من لسەر لێڤێن قەرمووکی
ب گەرماتییەکا قەمیای
بلەیزینە
دا دناڤ کەفا دەستێن تەدا
مینا چویچکەکێ دخەو بچم و
بهێلە تە هەمبێز بکەم
بهێلە
شانێن لەشێ من هەستێ بتە بکەن
داخۆ د خاروڤیچیا روییارێ ئەڤینا تەدا
بپارێزم
قەفەسکێن پەلاتینکا ڤەکەم و
دگەل ئەڤینەکا هاتییە دزین
دناڤ ڕەهێن تەدا بفرم
من ماچی کە
بهەلریسە
دا د گیان و هەناسەیێن تەدا
وەکو گەنموکەکا بای یا سنێلە
بەرزەببم
من وێنەکە
نیگار بکە
ئەز چەند پێتڤی مە
سەرو سیمایێ خۆ دچاڤێن تەدا ببینم...؟
ئەی
سەکەراتا مرنا ژیانێ
تەنکترین دەریا ئەسمانی
جوانترین ڕەنگێ ڕەشاتیێ
نویرها دنەقەبا بێزارییێ و خیانەتێ دا
خۆ نیشا من بدە
داب جوانترین سروودا بهارێ
حەژ تە بکەم
بهێلە
وەکو زارۆکا د ئەڤینێ دا
بفرین

دا دەستێ خۆ ب سەرێ کولا دا بینم
بیرهاتن
یێ یاریا ب گیانێ من دکەن
حەز
یێ ترانا ب کەلەخێ من دکەن
سێربەندێ بەسە
بەسە ئەم ب خۆ ژ خۆ برەڤین و
حەزێ ل خەما بکەین
بهێلە
بتنێ سپێدەهییەکێ
ل سەر لێڤێن تەیێن بێسیرە
ژ خەو رابم
بهێلە ....
ئەزێ د روییبەرێن تەدا دبوهژم و
چ بەری نادەم
د ڤولکانا تەدا دکەلم و
ناسوژم
نالێنان
دناڤ قەدەرا ئەسمانی دا بپێچە
ئەی
بلندترین پلا پاکیێ و
بەهشتا گیانێ بێ هەڤژین
دوعا نڤێژا بارانێ نەکە
من نەڤێت ژ لەشێ تە ببارم
حەژ من بکە
دا خەون ڤەژین
ئەی
فریشتەیا دیناتیا من و
ئبلیسا ئارامیێ
تو تەسلیمبوونا دوماهیکیێ
بۆ حەژکرنا قەدەرێ
بلا خۆ قوتانێن دلێ تە
درهەێن مندا پیرۆز بن
بهێلە
پێکەکێ مەیێ ژ قنێتا مەرجانێن چاڤێن تە
ڤەخۆم
دا سەمایەکا ڤەلیتە دگەل تەرمێ شەڤێ بکەم
من هەلگرە

نەما ئێدی ئەز پێتڤی کەیفێ مە
دا ژخۆ پتر حەژ تە بکەم
دێ خۆ ل سەر سۆزێن زۆرییێ پشتەرێ کەم
ئەزێ گازییا تە ڤەدگرم و
ب مرنێ تێرنابم
ئەزێ
ب ترس و بێ ئارامی گازی تە دکەم
تو بۆ خەندقاندنا من
چەندا پەهلەوانی
ئەی
شۆرەشا خۆلیێ دناڤبەرا نویرە و ئاگرادا
ئەز
ژنڤیسینێن سەر کاغەزا تێرنابم
تێرنابم
هەکە خۆ تو ببیە باران و
لمن بباری
ئان دگەل بێهنا باروییێ تێکەل ببم
تێرنابم
هەتا دناڤ برین و نالێنێن (قوچان)ی دا
دبوهژم
دبمە دویکێل
دبمە هەلم
دبمە باهۆزو
تە بسەرێ ستوینێ ڤە
راکەمە سەما سەربەستییێ و
بکەمە
زمان
\ناسناڤ
ئازادی
سەرخوبوون
وەلات
پاسەپورت
دەولەت
تێرنابم ... تێرنابم



# ئاورینگی بەفر

ئازاد دڵزار

شەوێکی کپی زستان بوو
لەگەڵ عوودە سی و نۆ ساڵانەکەمدا
ژوانمان هەبوو
دەست لە ملان و ئاوێزان بووین
هەر ئاشق و سەرەڕۆیەکەی جاران بووین
لە باوەشما
ڕازەکانی بۆم دەدرکان
لێو بە خەندە و دڵ بە گریان
تاکە ئەشقە بۆم ژیابێ
تاکە دۆستە
پشتی دڵی شکستەمی بەرنەدابێ
لە هەمێزی یەکتریدا

بە کوڵ گریاین
ئەو بە دەنگی بلاوێن و
من بە کڕی
فرمێسکی چاوی یەکترمان
گەلێ سڕی
ئەو ڕۆژە گەش و جوانانەی
خستمەوە یاد
ئاوابوون و
تازە هەرگیز نایەنەوە
ئەو نەونەمامە شلکانەی
بیرخستمەوە
زەردی خەزانیان گەیشتێ و
جارێکی تر
بە سەوزی نالەرێنەوە.
ئەوانەی بۆ سەروەریمان
سوڕگوم و بێ سەرو شوون بوون
ئەوانەی زیندە بە چاڵ و
پارە پارە و سەرنگوون بوون
ئەوانەی لەگەڵ شەیتاندا
دەست و داوێنی پۆخڵیان
تێکەڵ کردو
ئێستەش بوونە «خانی خانان»
ئەوانەی لەو ناوکۆسار و هەردانەدا
عومری جوانیان بزرکرد و
دواییش بوونە «تۆزی بانان»
لەو تەشقە پڕ لە ئەشقەدا
ژێیەکان ئاورینگیان دێنا
کوورەی دڵیان پێکردبوو
بەو شەو درەنگە
هەر کە نەختێک پەردەی پەنجەرەکەم لادا
شەفەقێکی سپیم بینی
دیار بوو لەو دیو
چۆکێک بەفری تێکردبوو!

٢٠٠٥ هەولێر

# بێدەنگ


ئەحمەد عارف

لە تورکییەوە: عەلی دەسماڵی

(سنە)


بێدەنگ!
بێدەنگ با کەس نەزانێ،
دەمرم ها
ڕاچڵەکام لەو نیوە شەوەدا
بارانێک،
دوای بارانێکی سەوز ڕاچڵەکام،
سەوز دادەباری.
لە شوێنێکی هەرە دووردا
لەو ئەستێرە بێ ناو و بێکەس و شەقار شەقارانەدا
دەنگێک ناژنەنیت؟
ئوستوورەیەک،
لە خۆڕا دادەبەزێ،
پێدەشتێک،
مەزرایەک،
پردێکی سەوز
سەرەتا دەڵێ من بووم و پاشان
دەڵێ «منم»
بێ مەرگ،
جوان،
خۆڕاگر
شهوودی ئەو کەسە
تەواوی کائینات
لێوانلێو دەکات
هەموو بێ کاتی و
بێ کارییەکی زانراو و نەزانراو،
گیانی من و تۆڤی من
لە ئامێز دەگرێت
بەم زریانە سەوزەو لە باوەشم دەگرێت
خەون: ئازاری تەواوی شتەکان
خەون: ڕقی من



**خەون: زیندان**
**دیتت، چلۆن ساڵەکانی خۆی**
**دۆزییەوە؟**
**ماجەرای من ئەوەندەی شیعرێکە**
**ئێمەی گێل**
**چلۆن یەکترمان بینییەوە؟**
**چلۆن فێری خۆشەویستی بووین؟**
**دوو پڵ حەسرەت،**
**دوو پڵ گیان**
**هەڵدڕا ئەو جەرگە**
**کە دەبوایە هەڵدڕێ**
**لە فێنکی پەلکەزێڕینەدا، دەگری**
**لە ئاوێکی خنکاودا**
**سەوز، سەوز دەگری**
**لەو خوارەدا گوڵی سەوز سەر لە ئاسمان دەسوێ**
**زاری هەموو چەکێک بێدەنگ**
**چیا بێدەنگ**
**زەریا بێدەنگ**
**دنیا هێور هێور**
**خەونەکان قووڵ**
**مار بێچووی بۆ چییە؟**
**بۆ ئەوەی ئاویان پێ بێنێ**
**بڕوانن**
**ژنی نەزۆک**
**کچێکی شەرمە ساری هێنایە دنیاوە**
**مەمکەکانی بە پیت و فێنکن**
**سەوز دەنوێنن سەوز،**
**بە نیوەشەو ڕاچڵەکام،**
**«نێرۆن*» ڕوومەتێکی گڵاوە**
**لە کتێبی منداڵاندا**
**«سەزار» وێرانەی ناوێکە**
**بەڵام خەنجەر،**
**خەنجەر شەڕخوازە ئێستا**
**لە کوێیە ئاوی «کوکێرد»**
**کە تۆیان پێ داپۆشی؟**

*ئیمپراتور نێرۆن

ئەحمەد عارف، شاعیری بەناوبانگی بە ڕەچەڵەک کوردی تورکیا، لە ساڵی (١٩٢٧)دا هاتۆتە دنیاوە. لە پێناسەکردنی زمانی شیعری ئەم شاعیرە دەتوانین بڵێین بە زمانی تورکی شیعری کوردی گوتووە. لە تورکیادا کە زمانی کوردی یاساغ بووە، ئەم شاعیرەو زۆر شاعیری تر وەکو یەلماز ئەردۆغان و ئەحمەد تەللی و مورادخان مونکان، لە ناچاریدا بە زمانی تورکی شیعریان نووسیوە. بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا ئەحمەد عارف هەوای کوردی لە شیعرەکانیدا هەست پێ دەکرێت. ئەو لە ئەنقەرە بەشی زمان و جوغرافیاو مێژووی تەواو کردووە لە بەر ئەوەی بەشداری چالاکییەکانی خوێندکارانی چەپی تورکیای کردووە، چەند جار خراوەتە زیندان. لەم شاعیرە چالاکە تەنیا نامیلکەیەک بە ناوی «لە حەسرەتی تۆدا» و «شریتی دەنگی شاعیر» ماوەتەوە.

# فەرشێک لە باران

جەبار جەمال غەریب



ژنەی ژێر هێمنترین داری دنیا ، دارێک لەو سەری پارکی دانیشجوو، هێمنییەک لە کۆتایی خیابانی ئینقلاب، هێمنییەک لە شکان نەهاتوو، لە دوکانەکانی پڕ سەدای مۆسیقا ، فرانسیس گۆیا لە قووڵایی خەونێکی کلاسیکیدا، لە ژنێکی عاشقدا بە هەمان ساز و چاکەتە زەردەوە یەک هەنگاو دوور لەو دارە دەوەستێ، ئەمیری گەورە شاملوو تەواو لەو شوێنەدا کە دەڵێ «دڵم هەرگیز هێندەگەرم و خوێنین نەبووە» لەو پەڕی شکۆ و بە هەمان قژی سپی و خرۆشییەوە تەواو یەک هەنگاو دوور لەو ژنەی ژێر هێمنترین داری دنیا دەوەستێ. هەر لە ئینقلابەوە خسرەوی شەکیبایی بە ناو مۆسیقایەکدا لە ناخی جەنگەڵەکانی ئەمازۆنەوە بە «دەنگی پێی سوهرابدا» لە ئاو، بە دایکێکەوە ڕوونتر لە بەرگی درەخت، تەواو یەک هەنگاو لەو ژنە دوور، بێ ئەوەی هێمنتی بن ئەو دارە تێکدەن، لە ناو بارستەی هێمنیدا بەدیار ئەنگوستیلەیەکەوە دەوەستن نقێمێکی پیرۆزەی تێدایە.

* * *

به چاوێک لە ئاوێنە ڕوونتر هەموو ڕێبوارەکانی دەدیت، وەک بە نیگایەک لە ئاسن ڕامکێشێ بەرەو ڕووی چووم، دەستەکانم سووک ببوون خەریک بوون بدەنە شەقەی باڵ. زانیم دەبێ شتێک لە مرۆڤدا جگە لە خەیاڵی، بفڕێت. دەبوو دەستەکانی مرۆڤ وەک کۆتر بەفریبان، بفڕیبان و شوێن خەیاڵەکانی کەوتبان، ئەو دەم خەونەکان هێندە دوورە دەست نەدەبوون.

– بۆ ئەوەندە ڕاڕای، کام نەخشەت دەوێ، نەخشەی ژیان یان نەخشەی شار؟ لە ناو ژاوەژاوی ئەو شارە چەند

ملیـۆنییـەدا خـاوەنی ئەو دەنگە، خـاوەنی ئەو دەنگە ژنێکی کـامڵ بوو، لە ژێر دارێکی باڵا کـورتی پرچندا دانیـشـتـبـوو، لە یەکـەم نیگایدا منی لە دەنگە دەنگی شارەکە دەرکێشا و بردمیـیە ژێر دارێک کە ئارامـترین شوێنی دنیابوو. لە دوا هەنگاومدا بۆ لای شەکەتی شار وەک تووڕەکەیەک لەسکەی ئاسن لە ڕۆحم بەربۆوە و بەو پەڕی سووکی و ئارامی لە بەردەمی دانیشتم.

ئەو ڕوانییە بەرە دەستم، من ڕوانیمە چاوەکانی، ئەو ڕوانییە هێڵە بینراو و نەبینراوەکانی دەستم، من ڕوانیمە نیگاڕوون و وەک ئاوێنەکانی چاوی.

ئەو گوتی:

– هێڵـەکانی بەردەستی تۆ لە شەقامـەکانی ئەو شارە خوار و خێچترن.

من گوتم:

– ئەو شارە! کە زیندووترین شاری دنیایە.

ئەو گوتی:

– درزی ناو هێڵـەکانی دەستت لە شکان و درزی دڵی هەموو سۆزانی و ژنە مەعشووقەکانی ئەو شارە قووڵترن.

من گوتم:

– ئەو ژنە وەک کریستاڵانە؟

ئەو گوتی:

– ئەو ژنە پاکیزانە.

من گوتم:

– با نیگات بدوێ، با لـە نیگاتـەوە تێبـگەم لە کـوێی دڵیاندام.

* * *

ئەو دەستی گرتم و هەستا پێ، دەستی گرتم و گوتی وەرە دەڕوێش، هەسـتـم کـرد بەناو تازەترین برینمـدا دەڕۆین، بە لای پەیکەرەکەی فردەوسیـدا تێپـەڕین. بە لای پردێکدا تێپـەڕین ترپاککێشە غەرقەکان لە دووکەڵ بەسەر شانی یەکیدا، لەو پەڕی ئنسانیـەتدا توابوونەوە، شـەقـامی گـوڵـسورخیـمـان بڕی، گـەیشـتـینەوە مـەیدانی وەنەک، وەک بۆ کـەسـێک بگەڕێت نەخشـەی ژیانمی لە باخـەڵدا بێت. بە چەند پلیکانەیەکـدا چووینە خـوارێ، چەند جار پێچمان کردەوە، قاوەخانەیەکی سوونەتی بە هەموو ڕەنگەکانییەوە، ڕەنگی گوڵە چنراوەکان و ڕەنگی فـەرشـە هەرە کـۆنەکـان و وێنەی کـچـەی سـەر دەف و لاسکەگیای شۆڕە وەبوو چاوەڕێمان بوو.

دیووسـوـوچی پەنا، سـەربنی پڕ نەخش و تەخت و دیواری پڕ بۆن، هەمان ئارامی ژێر دارەکە، دانیشتین. ئەو نێـرگـەلەی دەکـێشـا، دووکـەڵ وەک هەور لە سـەرمـان ڕاوەسـتـابوو، دووکـەڵ وەک پەناو خـۆشـەویست لە چاوەڕوانیدا بوو، ئەو گوتی:

– هەموو ئەو شتانەی پێتن، دایاننێ.

من گوتم:

– هیچم پێ نییە.

ئەو گوتی:

– ئەو شتانەی بە دنیاتەوە دەبەستنەوە.

من گوتم:

– چەند ناونیشان و دەفتەرێکی ڕۆژانە.

ئەو گوتی:

– داینێ.

گوتم: هەندێ وێنەی یادگاری. گوتی: فڕێیانده. گوتم: هەندێ پارە. گوتی: مەیهێنە. گوتم: ئەنگوستیلەیەکی پیرۆزەیی.

گوتی: با لە دەستی چەپت دابێت.

وەک لە دەرگـایەک بدات، چووینە ژوورێ، فـەرشـێک هەڵـواسـرابوو، بە ڕەنگی تۆخی گـیـا و گـوڵ و درەخت ڕەنگ کرابوو. ئەو گوتی:

– چی دەبینیت؟

من گوتم:

– باران، لەو دیو دووکەڵی نێرگەلەکەتەوە.

ئەو گوتی:

– باران.

من گوتم:

– بارانێک هەر ئێستا لە ڕووکاری فەرشەکە دەدات و پرووشکە دەکات.

ئەو گوتی:

– ئەو فەرشە دەستکردی کوڕی بارانە.

من پرسیم:

– کام کوڕ.

ئەو گوتی:

– ئەو کوڕەی عـاشقی مـانووری کچی دەرباس بوو. بۆ خۆی ناوی بارانووە.

من گوتم:

– ژنی بن سـێبەری درەخت، ئەی هەناسەی نـاو شاری خەنجاڵ، ئەو هەموو ناوە مۆسیقیانە لە کوێ دێنی؟

ئەو گوتی:

– دەریاسی ڕەهێڵبەند، هەموو دەرگاکان دادەخات. پەنجەرەکانی ژوورەکەی مانوور بۆ ئاخیر هەڵدەچنێ، مانووری کچی لەو سەری ژوورەکە بەدیار پەنجەکانییەوە دادەنیشێ، دەریاسی ڕەهێڵبەند لە تاریکیدا کچەکەی نابینێ، کچەکەی وەک مانگ بێت لە ناو تاریکییەکەدا دەکوژێتەوە، بۆیە درزێک هێندەی پەنجەکانی پێوەی بچێ، دەکاتە پەنجەرەکانەوە. بارانوو کە پێشیان دەگوت زەنگییانەی ئاو، (نەک زەنگنییانە) هەر بەو درزەدا فەرشێک کە ڕەنگەکانی لە گوڵ و گیا و درەختی سروشتی دەرهێنا بوو، دەچنێ و بەو درزەدا بۆی دەنێرێ. فەرشەکە هەمیشە بارانێک لێی دەدا، بارانێک هەر ئێستا باریبێت. لەسەر فەرشەکە پرووشکە دەکات. هەر بە هەمان شوێن کە ئێستا دەیبینی. هەڵیدەواسێ. مانوور تەماشای فەرشەکە دەکات. ڕووناکی دێتە وەبەر، پەنجەکانی بە هەمان ناسکی و چاوەکانی بە هەمان ڕەنگەوە. ئەودەم بێجگە لە مانوور کەس ئەو فەرشە نابینێ. بارانوو لەو دیو دیوارە بەرزەکانەوە، لەو دیو کێڵگە تازە کێڵراوەکانەوە، لەسەر ئاوی ڕووبارەکان، لەو دوورگەیەی ئیکارۆسی لێکەوتە خوار، چاوەڕێ دەکات، چاوەڕێ کردنێک لەو پەڕی تەڕیدا، چاوەڕێ کردنێک لەو پەڕی غەمباریدا.

* * *

من دەستی ژنەی ژێر درەختەکەم گرتبوو، هێمنییەک وەک پووش کەوتبووە سەرم، بە دوایدا دەڕۆیشتم. من گوتم:

– بارانووی چی؟ تۆ باسی من دەکەیت، من.

مانوور لە ژوورێکدا، ژوورێک بە دیواری ئاسن و پەنجەرەی بەردییەوە، تەنها فەرشێک هەیە ئەو دنیای لەسەر ببینێ، تەنها فەرشێک هەیە ئەو لەسەری بژی، بە کۆڵانەکانیدا غاردات و لە بن دارەکانی خۆی بشارێتەوە. تەنها فەرشێک هەیە ئەو لەبن سێبەرەکەی دانیشێ و لە کانیاوەکانیدا مەلە بکات و بەدیار گیرسانەوەی دڵۆپە ئاوێک لەسەر لاسکی هەرە باریکی گوڵێک شاگەشکە بێت. بارانوو لەو دیو هەورەکانەوە، لەو دیو سەمای کڵۆ بەفرەکانەوە نامە دەنووسێ. نامە دەنووسێ و دەینێرێ، جارێک نامەکان ون دەبن و ناگەن، جارێک نامەکان دەتوێنەوە و ناگەن، جارێک دەسووتێن و جارێک ورد دەبن، بەڵام هەموو جارێک دوای سووتان و توانەوەی نامەکان، وشە و فرمێسک و موحیبەتەکان دەگەڕێنەوە، بە هەمان چاوی باراناوی و هەمان هەناسەی غەمگینەوە دەگەڕێنەوە.

* * *

ژنەی بن سێبەری دارێکی کورت، دارێک لەو پەڕی باخچە دەستی گرتبووم و بایەک بەرەو ڕوومان دەهات، بایەک لەو پەڕی شەرمنیدا دەیویست بە لاماندا تێپەڕێ، ژنە هەموو جەستەی قسەیەک بوو لە نهێنی، دەیگوت:

– هێڵەکانی بەردەست و پەنجەکانی تۆ دەبێ بە دوایان کەوی، دەبێ وردە گەڕەکەکانی بۆ بگەڕێی.

من گوتم:

– ئەی ئێمە نەچووینە قاوەخانە سوننەتییەکەی مەیدانی وەنەک.

ئەو گوتی:

– ترس لەوە دایە ئەو هێڵانە هی تۆن، تۆ یەک جیاوازی نێوان دەستی ڕاست و چەپت ناکەی، تۆ یەک جیاوازی نێوان ناوی دڕندانەی ڕەهێڵبەند و شاعیرانەی مانوور ناکەی، تۆ یەک نازانی ئێرە قاوەخانەیەکی مەیدانی وەنەکە، یان ژوورێک نازانی لە چ دەرگایەکەوە شەو بۆ سەفەر دەبێت.

ژنە لەگەڵ ئەو قسانە و بایەکە لێوەکانی باریک باریک بوونەوە. عەبارەش و مانتۆ بێجیەکەی کاڵ کاڵ بوونەوە. دەترسام تەماشام کات و لە ناو ئەو هەموو بارانی سەر فەرش و نامە ناکامەدا ماچم کات. نازانم بۆ پێم وابوو ئاوڕداتەوە ماچم دەکات. دەترسام لێوەکانی وەکو مووس شەقم کات، ئاخر من بریندارم، سەد بریندار، دەزانم لە نێوان موحیبەتی ژن و ڕقی ژندا موویەکیش نییە. من دەزانم ترس لەوە دا نییە لەگەڵ ئاسن بژی، لەسەر ئاسن بڕۆی، ترسی هەرەگەورە لەوەدایە لەناو ئاودا بژیت و ئاوەکە ببێتە ئاسن.

لەناو موحیبەتدا بژیت و موحیبەتەکە ببێتە ژەهر و ڕق.

ئەو گوتی:

– مەترسە، ئەی مەخلوقی غەریب لەگەڵ ژنێکدای لە بیاباندا ئاوە و لە دەریادا بەلەم.

* * *

ئەو دەستی توند گرتبووم، دووکەڵی نێرگەلە هەتا ناوقەدمان هاتبوو، بۆن سێو و بۆن هەرمێ و بۆن مسک و تووتن تێکەڵمان ببوون. ئەو بە دارێکی لە دەرزی باریکتر هێڵە بچووکەکانی بەرە دەستی نیشاندەدام. گوتی:

– لێرەوە برۆ، دەتوانی بەو هێڵە باریکەدا سەفەرکەی، تۆ مەترسە ئەوانە سەفەری تۆن. بشروانە ئەو هێڵە پڕ گرتییەی لای چەپ. هێڵی لای ڕاست چ سەفەرێکی نادیاری تێدایە. بە هەر کامیاندا برۆی ژیان تامێکی دیکەی هەیە. تەمەن مەودایەکی دیکە و ڕۆحێکی دیکەی هەیە.

تاوێک وەستا سەیری ناوچاوەکانمی کرد، من نەمزانی چاوەکانم لە کوێی دانێم. هەستم بە قورسایی مەمکی دەکرد لەسەر شانم. ئەو گوتی:

– بارانوو ماندوو نابێ لە ناردنی نامەکانی. ئەو هەرگیز لە نووسینەوەی بەختی بێزارنابێ. ڕاستە وشەکان هەمیشە جیاوازن. فرمێسکێک دووبارە ناکاتەوە، بەڵام ئەو بە هێڵی لای ڕاستدا ڕۆیشتووە.

ئەو توندتر دەستی گرتم و نزیکتر بۆوە و گوتی:

– ئێوارەیەک کە هەور ئاسمانی شاری هێندەی تاوڵێکی سەر ڕووبار بچووک کردۆتەوە، ئێوارەیەک کە هەور ئاسمانی شاری هێندەی چەترێکی ڕەش بچووک کردۆتەوە، مانوور لەو تاریکییە غەرقەدا دەبینێ، لەسەر فەرشەکە دەبینێ، لە لێواری سەرەوەی فەرشەکە ئەوەندەی نیگا بیبینێ و نەیبینێ ئاسۆ دەکرێتەوە، تیشکێکی تەنک دەکەوێتە سەر رووکاری سەرەوەی فەرشەکە. بارانێکی سەر بە کڵاوە لە فەرشەکە دەدات. بارانێک لەگەڵ ڕەنگی پڕتەقاڵی فەرشەکە تێکەڵ دەبێ، مانوور وەک چاوی حیکمەتی قەرز کردبێ، دەبینێ بارانەکە پڕ لە وشە، پڕ لە نووسین و دەنگ و پیت. پڕە لە حیکایەت و پڕە لە ژیان، ئەوە تەنها ئاوێک نییە بووبێتە باران، ئەوە کتێب بوو کتێب، کتێبی باران.

باران بە نێوان گوڵ و دێراوەکانی ڕەنگدا جۆگەلە دەبەستێ، گەڵایەک دەوەرێت و مانوور سواری دەبێت، دەڕوات و دەڕوات. گوێی لە ئاوازێکە وەک لەناو جەنگەڵەوە بێت، وەک لە قووڵایی ئاسمانەوە بێت، وەک لە ناخی زەریای هیندییەوە بێت. مۆسیقایەک وەک لە بن دڵی خۆیەوە بێت. مانوور بە نێوان جۆگەلەی ڕستە و وشەکاندا دەڕوات، سڵاو لە پیتەکان دەکات. هەواڵێک دەپرسێت، هەواڵی کەسێک، ڕێگایەک.

ژنە وەک گەوهەری دنیای دۆزیبێتەوە، بە دەموچاوێکەوە کە گومان هەیە گۆشت و خوێن بووبێت، تەنها شەوق و ڕووناکی بوو، گوتی:

– بڕوانە ئەو خونچەیە، ئەها ئەو خونچەیەی لەبەردەم مانوور هەستاوەتەپێ، خونچەیەک لەو پەڕی مەستیدا، بۆی پێدەکەنێ و پێی دەڵێت، هاشا بانووی تاریکی، لە پڕشنگی تۆدا چاوم کردەوە، من وەک گوڵێکی پڕ ڕەنگ، وەک نامەیەکی عاشقانە بە ڕێکەوتم، پەلکەکانی من هەموو وێنەی دڵی پارە پارە و تیری بێڕەحمن، پەلکەکانم دەیان نامە و سەدان یادگاری تێدایە بۆتۆ، من وەک گوڵێک هاتم نیوەی هەتاوی دنیا لە پەرەکانی منەوە شەوقی دەدایەوە. مانوور بە سواری بەلەمێکی شین، بەلەمێک لە شێوەی گەڵایەکدا نەدەتوانێ ڕاوەستێ و نەدەتوانێ خونچەکە بکاتەوە.

زۆر توندتر لەوەی چاوەڕێ دەکرد، بەسەر سەختییەکی شێتانەوە، دەستی ژنەی ژێر هێمنترین درەختی دنیام گرت، گوتم:

– خانمی ڕەشپۆش، ئەی ئاوی بیابان و بەلەمی دەریا، ئەی زانای سەرناس و ئەستێرەناس و دڵناس، تۆ باسی کێم بۆ دەکەیت، ئەوە نامەکانی منن ناگەن، ئەوە دڵی بریندار و خوێنینی منە لەو خونچەیەدا بەندە، ئەوە شیعرە بە خوێن نووسراوەکانی منن ناگەن. تر بوەستە، هێندەی پەڵە هەتاوێک لەو خونچەیە بدات، هەر هێندەی دەم بکاتەوە و پەلکەکانی دەرکەون،...

*   *   *

ژنەی بن کورتترین درەختی دنیا، لەوپەڕی هێمنیدا، لەو پەڕی زاناییدا، گوتی:

– تۆ بۆ وا دەزانی هەموو کوژراوانی دنیا دەبێ تۆ بن، بۆ وا دەزانی هەموو خونچە پڕ نامەکان نامەی تۆن، تۆ بوەستە نە لە هەناسەدان و نە لە ژیان و نە لە موحیبەتدا پەلە مەکە، تۆ دەبێ ئەوەش بزانی هەرگیز گوڵێک دووجار ناکرێتەوە.

جارێکی کە بە خۆیەوە وەکوشیم، خەریک بوو لە ناو مەمکە ئاگرەکانیدا بخنکێم، هەستی بە نزیک بوونەوەی مەرگ کرد و گوتی:

– با ئێوەی پیاوانی کوردیش لە سەنگەردا بمرن، بەڵام نەک سەنگەری باروت و تفەنگ، با لە سەنگەری ژندا بمرن.

من دەمویست پێی بڵێم، هائەوەتا دڵی من لەو خونچەیەدا خەریکە شەهید دەبێ ئەو گوتی:

– بڕوانە مانوور تێپەڕی، من ناتوانم بوەستم، وەستان چ حیکمەتێکی تێدایە، بە دیار پەڵە تیشکێکەوە کەس نازانێ لە کوێ دەردەکەوێ. من گوتم:

– تۆ بەو هێمنییەی خۆت مەمفرێنە، ئەو پەڵە تیشکەی خونچەکە چاوەڕێی دەکات لە چاوەکانی مانوورەوە دێت، بەڵێ لە چاوەکانی ئەوەوە، بە هەموو تیشکی دنیا ناکرێتەوە. ئیدی دەبێ بۆ ئەبەد هەر خونچەیەکی نایلۆن و نەکراوەبێت و کەس نەیخوێنێتەوە. ئەو گوتی:

– هەموو نامەکانی دنیا بۆ خوێندنەوە نین، نەمرترین نامەکان ئەوانەن ناگەن. مەرج نییە هەموو پەیامەکان بگەن، جوانترینیان ئەوانەن نەگەیشتوون و لە هەوردا تواونەوە، لە پەلکە زێڕینەدا بەجێماون، هەموو بارانەکان ناگەنە سەر زەوی، هەموو بایەک نهێنی خۆی ئاشکرا ناکات.

تۆ بڕوانە بارانوو، ئەو کوڕەی باران، بزانە لە کوێی دنیاوە نامەکان دەنێرێ، ئێمە هەموو ڕۆژێ بۆنی سووتانی نامەکانی بارانوو ناکەین، بە هەزاران نامەی با دەبیات و لە لیتاودا ون دەبێ، ئەوەتا دواجار نامەکانی لە شێوەی خونچەیەکدا گەیشتن.

من گوتم:

– خونچەیەک کە ناخوێندرێتەوە، خونچەیەک کە تیشکێک نییە بۆ کردنەوەی، ئەو وەک بەناو بۆنی نێرگەلەکەیدا بمبات، وەک دارە کورتەکەی سووچێکی پارکی دانیشجووی لەگەڵ خۆی هێنابێ. بەو هێمنییەی خۆیەوە گوتی:

– تۆ هەر تۆزێک ئارام بە. گوێ بگرە مانوور گەیشتە سەرچاوەی نامەکان. ئەوە دەبینی ئەو بلبلە پڕ ڕەنگە نامەی هێناوە، ئەو نەتیشکی دەوێت و نە چاوەڕوانی. ئەو نامەکان وەک خۆی دەگەیەنێ.

دەمدی مانوور لەو پەڕی مەستیدا، بە بەلەمێکی شین کە جگە لە گەڵایەک هیچی دیکە نەبوو، بەناو ڕەنگی فەرشەکەدا تێدەپەڕێ. لای بلبلەکە وەستا، بۆنی نامە و فرمێسک و بارانووی کرد. بلبلەکە دەمی کردەوە و هاواری دەکرد، دەیخوێند و گۆرانی دەگوت. لەو پەڕی حوزندا نامەکانی دەگەیاند، لەو پەڕی وەفا چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە، هێندەی سەد شانامە شیعر لە سینەیدا بەندکرد بوو. دەیگوت:

– من ئەوەتام، ئەوەتام لەو دیو دەنگی ئەو بلبلە، دەیگوت من چاوەڕێت دەکەم مانوور، من ناهێڵم تەنها بیت، بڕوانە پشتی گەڵاکان، ناوەندی دڵۆپە بارانەکان بکەوە، ئەو بلبلە دەیگوت: مانوور وەرە دڵە بچکۆلەکەی من سەیرکە، هێندەی سەد شانامە داستانی عەشقی بۆتۆ لێ نووسراوە، وەرە دەسماڵێک لە پەڕەکانم دروست کە، دەسماڵێک بۆتۆ دەبێتە ماڵ.

*   *   *

دەبوو با بلەرێتەوە، دەبوو هەوا جووڵە بکات، تا دەنگی، تا خوێندن و گۆرانییەکانی بگات و لەگەڵ باران بەر فەرشەکە کەون.

*   *   *

بەلەمەکە تێدەپەڕی، مانوور وەک دەموچاوی تەنها لە ڕەنگ و کاغەز بێت، دەیڕوانییە بلبلەکە، بمێنێتەوە، هەموو نامە پڕ خوێن و پڕ نزاو پڕ ئیشراقەکانی من لە سینەی ئەو بلبلە من لەبەر ژنە دەپاڕامەوە و دەستم بە کەمەری دەگرت و دەچوومە بەردەمی، باکم بەوە نەمابوو لێوە باریکەکانی بریندارم کەن. ڕوانیمە چاوەکانی و گوتم:

– ئەی بەخشندە و پەنا، ئەی سەرفیرازی و پەیامهێن، بامانوور تێنەپەڕێ، بالای ئەو بلبلە دایە، با لە بەلەمەکە دابەزێ، با هەناسەیەک لە قووڵترین دەماری دڵییەوەی بۆ بنێرێ، ئاخر ئەگەر بلبلە کە بە دەنگی سەید عەلی ئەسغەر و بە دەنگی هایدە و بە دەنگی بەیت بێژی خێڵەکەی ئێوە هاوار کات بەر هەناسەی مانوور نەکەوێ دەپووکێتەوە و لە سینەیدا غەرق دەبێت.

مانوور ئەوەندە لێمانەوە نزیک بوو، گوێم لە لێکخشانی کراسەکەی دەبوو، ئەوەندە نزیک بوو خەریک بوو بە بەلەمە شینەکەیەوە بێتە سەر مێزەکەمان، یان هیچ نەبێت بێتە ژێر ئەو دارە کورتەی کۆتایی باخچەکە سێبەرەکەی بارستاییەکە لە هێمنی و غەمگینی.

*   *   *

هەنگاوێک، بستێک، داوە دەزوویەک دوور لەو دارە، هەر پیاوی ڕیش ماش و برنجە، بەسەر و چاوی پڕ ماتەم و خەواڵووە، بە جانتای چەرمی شلەوە لەسەر کورسیەک دانیشتوون، غەمگینتر لە کورسییە تەختەکەی ژێریان، غەمگینتر لە پێڵاوە بێنازەکانی پێیان، دڵشکاوتر لە کچانی شارەکەیان و لە مێرووله باڵدارەکانی بەرهەتاو، بێ تواناتر لەو دەرمان و تریاکەی لەناو جانتاکانیاندا، جێگا جێگا و کۆکۆ لەناو کاغەز و پاکەت و کەپسوولی بچووکدا شاردوویانەتەوە.

هەر یەک مەتر لەو لای ئەو دارە کورتەی هێمنترین داری دنیایە، ئەو دارەی ئەمیری گەورەی شاعیرانی

ئێران، بە سەدایەک کە شووشە شەق شەق دەکات لە دوکانە پڕ کتێب و پڕ کاسێتەکاندا دێتە دەرێ و تەواو یەک بست لەو دارە دوور، لەو شوێنەی کە دەڵێ «دڵم هەرگیز هێندە گەرم و خوێنین نەبووە» دەوەستێ، هەنگاوێک لەو دارە دوور کوڕە بێ موو و سمت و کەفڵ شل و لووسەکان لەو پەڕی تەنهایی و لەو پەڕی دووربوون لە خۆیان چاوەڕێن شێخێک، مەلایەک، ئایەتوڵڵایەک وەک مشتەری لە باوەشیان کات.

من دڵنیام دنیا تا بە خۆی و هەرچی بارووت و کڵاوەی ئەتۆم و سەربازەوە کە هەیەتی نەچێتە ژێر ئەو دارە و سەربەرانی ژنەی دڵ شووشە نەکەن تا لەو پەڕی عەقڵ و لەو پەڕی حیکمەتدا بەرەدەست و هێڵی نینۆک و خەت و ماری دڵیان بۆ نەخوێنێتەوە ئاسوودە نابێ.

من دەمدی، ئەو کچە دڵشکاوانەم دەدی، کە گەرداوی دنیا و لافاوی مرۆدۆستی و هەورە دڵرەقەکانی خۆشەویستی و سۆز فڕێی دابوون، لەو پەڕی توندی و بێرەحمیدا دەری کردبوون، لە شەوان درەنگ و لە شەوانی وەک سەهۆڵدا هەر لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە هەڵیاندابوونە دەرێ. دەمدی ئەو کچە غەمگین و دڵشکاوانە بە خۆیان و کۆڵێک شووشەی شکاوی دڵیانەوە، بە خۆیان و سەبەتەیەک کریستاڵی لەت و پەتی پەنجەکانیانەوە، دەهاتنە ژێر ئەو دارە کە تەنها بارستەیەک بوو لە هێمنی و غەمگینی و دڵدانەوە، دەهاتن و سەریان دەخستە سەر ڕانی ژنەی پڕ ڕەنگ و میهرەبان و دڵناسدا، لەبن دارێک لە سووچێکی باخچە دەنگی شکان و بریندار بوون و هەلا هەلا بوون کۆتایی دەهات.

ئەو کچ و ژنە هەرە غەمگینانەی تاران، سەریان بە ڕانی دەکرد و خۆیان لە بۆن و سێبەری ئەو هەڵدەکێشا، ئەو پێی دەگوتن:

– قسە بکەن، با خوێنی پیسی شار لەبەرتان بڕوات، با وەک گوڵ، وەک گوڵێکی هەزار ساڵ پێش ئێستای کێوی ئەلبورز خاوێن ببنەوە.

ئەوان دەیانگێڕایەوە:

– ئێمە کەوتینە ناو فابریکەی مرۆڤەوە، مرۆڤ! بەو دڵڕەقی و جەللادییەیەوە، جێگا نەماوە لە جەستەمان، خاڵێک نەماوە لە ڕوومان هی خۆمان بێت، ئێستا ئەوە ئێمە نین لەسەر ڕانت، ئێمە دوور لە خۆمان هەین، ئەو جەستانەمان گڵاوبوون و هەرگیز نایەینەوە ناویان.

ژنەکان بە لافاوێک حوزنەوە دەیانگوت:

– ئێمەیان برد بۆ عیبادەت، جەستەمان لای ئەمینترین پیاوی پەرستگا دانا، چووین و پاڕاینەوە، گریان و نزامان کرد، کە گەڕاینەوە جەستەی خۆمان نەناسییەوە، ئەو شێخە پیرۆزانە جەستەیەکیان داینەوە، ڕۆحمان نەدەچۆ ناوی، بەو جەستە گڵاوەمانەوە هەڵدەهاتین،هەر سی و شەش کیلۆمەتری شەقامی وەلی عەسر بە غاردان هاتین، هاتین و لە ژێر ئەو دارە هێمنترمان نەدی.

ژنەی بن هێمنترین داری دنیا دەیگوت:

– بدوێن ئەوەتا نەحلەت و گڵاوبوون وەک جۆگەلە لە دەمتانەوە دێتە دەرێ، بدوێن. دەستی بە قژی درێژیاندا دەهێنا و دەیگوت:

– ئێوە هەر کامێکتان مانوورێکن، مانوورێک لە دەرەوەی ژوورەکان و مانوورێک لە دەرەوەی دەرگا و پەنجەرە هەڵچنراوەکان، مانوورێک نامەیەکتان پێنەگەیشتووە، مانوورێک زیندانی ناو دنیان.

دەمدی ژمارەی ئەو ئینسانانەی لە ناخەوە دەشکێنرێن، ئەو ژن و کچ و کوڕانەی لە ڕەگەوە دەبڕدرێنەوە تا بۆگەن کەن و وشک کەن سەدان جار زیاترە لەو کەسانەی لە شەڕەکاندا دەکوژرێن، زۆر زیاترن لەو باڵندانەی بە هۆی ئەنفلۆنزاوە زیندەبەچاڵ دەکرێن، ئەو خانوو وساباتانەی عەشق کەتێکوپێک دەدرێن سەدان جار زیاترە لە و ئەپارتمان و خانووانەی بە هۆی بوو مەلەرزە، یان لافاوەوە دەڕووخێن.

* * *

ویستم دەستە و دامێنی بم و پێی بڵێم با مانوور لای ئەو بلبلە نەڕوات و چاوڕێ کات تا لاپەڕەیەک لە نامەکانی لێوەرگرێ، ڕوانیمە ژنە لە هەمان قاوەخانەی سووننەتی مەیدانی وەنەک، پەنجەی ناسکی بۆ هێڵێک درێژ دەکات کە تازە لەسەر دەستمی دۆزیوەتەوە، دەبینم ژنەتوێ توێ گەنج دەبێتەوە. توێ توێ جلەقورس و پێستی پڕ خەم و ڕەزالەتی فڕێداوە، خەریک بوو نەیناسمەوە و بڵێم «بزانە ژن لە چ جادوویەکدا بەجێی هێشتم» ئەوگوتی:

– بڕوانە ئەو هێڵە، بڕوانە ئەو ڕووبارە، ئاوی ئەو ڕووبارە مانوور دەبات و ئیدی ناتوانێ لە بەرانبەر پەلەی ئاو بەدیار بلبلەکەوە بوەستێ.

باران لەسەر ڕووبارەکە بازنە و بڵقی گەورە گەورەی دروست دەکرد، مانوور بە خۆی و بەلەمێکی شینەوە کە

هەر پەلکە گەڵایەک بوو بە ناوەندی ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت.

ژنە دەیگوت:

– مانوور جگە لە فەرشێک، وڵاتێک، شارێک، شەقامێک نەبوو سەفەری بۆ بکات، بێگومان دەریاسی ڕەهێڵبەندی بابی زانیبای ئەو کچە بە هەر جێگایەکدا گەشت دەکات، وێرانی دەکرد. ڕێگاکانی تێکوپێک دەدا و پردەکانی دەڕووخاند، ئەو بەچی بزانێ مانوور بە هێڵ و ڕووبار و دەریاکانی فەرشێکدا گەشت دەکات سەد هێندەی دنیا فراوان.

مانوور بە ژێر لقی دارێکی پیردا دەڕوات، لقەکە تا ناوەندی ڕووبارەکە درێژ بۆتەوە، مارێک لەو مارانەی هێڵێکی پێچاوپێچی سوور و مۆر لە کلکیانەوە تا سەریان کشاوە، بەسەر لقەکەدا شۆڕبۆتەوە، مارەکە زمانی دەردێنێ و دەڵێ:

– مانوور ئەوەتا پڕگرترین نامەکانی بارانوو، لێرە لەسەر زمانی من نووسراوە، ئەوەتا

شیرینترین و پڕ موحیبەتترین نامەکانی بارانوو لە هەناوی منداپە، ئەو نامانەی ژەهری ناخی منیان کردۆتە ئاوی ژیان.

مانوور دەڕوانێتە سەمای مارەکە، چەند ئاڵقە لە دارەکە ئاڵاوە، سەر بەرەو خوار خۆی هەڵواسیوە، ئەوەندە نییە بەرسەری مانوور کەوێت، جووڵەی مارەکە، ڕەنگ و شێوەی سەری و زمانە درێژ و باریکەکەی سەرنجی مانووریان ڕاکێشا، دەڕوانێت باران زۆر بە توندی بەر ئەویش دەکەوێت، مارەکە بە چاوەزیت و بە بریقەکانی و زمانە درەوشەکەی هاوار دەکات و دەڵێ:

– تۆ بزانە ئەوەتا بارانوو بە خۆی و عەشق و دڵەی خوێنینییەوە، لێرە لە ژێر زمانی من پاڵکەوتووە، منی ئاخنیوە بە نامە ئاگرەکانی، ئێستا ئیدی ماری هەموو دنیا ئەوەندە نامەیان هەیە پێوەی بژین. مانوور بە تاسەوە وەک یەکێک بڕوانێتە دوا پرشنگەکانی خۆر، یان چاوەڕێی ئاوا بوونی خۆرێکی وەک خوێن بکات، ڕوانییە مارەکە، مارەکە زمانە درێژ و باریکەکەی دەدایە دەم باران دەیگوت: با خوێنی نامەکان تێکەڵ ئاوبن، با ڕەنگ بدەنەوە و دنیا سوورکەن.

* * *

من دەستی ژنەی ژێر هێمنترین داری دنیام گرت و گوتم:

– خانمی خۆشنوود، خانمی هەنگوین نیا، ئەوە خوێنی منە دەڕژێتە نێو باران، ئەوە خوێنی منە بە ڕووباردا دەڕوا، دەبینی خانمی ئازیز ئەوە دڵی منە لە ناو ڕەنگی شینی ئاوەکەدا لێدەدات، خانمی دڵم دەبێ گوێ لە منیش بگری، منم من لەو حیکایەتانەی تۆ سەرف دەکرێم، ئەگەر مانوور لەو گەشتە نائومێدە لێگەڕێ با من سەفەر نامەکانی خۆم بخوێنمەوە.

ئەو لەو پەڕی هێمنیدا گوتی:

– گەشتی نامەکان لە خوێنی ئێوەدا گەشتێکی ئەفسووناوییە، ئەوە تەنها تۆی وا دەزانی دەبێ ڕۆحت، تەمەن و شەبەکەی چاو و نەبزی دڵ لەگەڵ نامەکان بنێری، هەزاران عاشق نامە دەنێرێ و خۆشی وەک گوڵ دەژی، ئەوە تەنها تۆی لەو پەڕی شەوق و لەو پەڕی حەسرەتدا دەست پێ دەکەی و لەو پەڕی غەمگینی و لەو پەڕی دڵشکاندا کۆتاییت دێت.

من گوتم:

– ڕێگام بدە، ئەی سەرتاپا ئاو لە بیابان، ڕێگام بدە، کوا سەفەری نامەکانی من وان، سەفەرەکان پڕن لە جوانی و تەئەموول، پڕن لە شیعر، پڕن لە هێمنی هەولێر و پڕن لە بۆ شەقامە چۆڵەکانی دەوری شار، تۆ بڕوانە ئەو نامانەی بە عیشقی دڵەی خوێنینم نووسراون، پڕن لە شەوقی ئەو مۆمە پیرۆزانەی لە نزارگەی «مریەمەی» عەنکاوە دامان دەگیرساندن، من هەر لەوێ، لە ئێوارەیەکی وەک فردەوسدا مریەمم دیت، لە شێوەی کچێکی عاشقدا، لە شێوەی ژنێکی دڵشکاودا، مریەمی ڕاستەقینە ئێمەی خستە ژێر چەتری قژی خۆیەوە، ئێمە بە پشت و پەنای مریەم، لەسەر جادە و ناو سەیارە و بەردەم باخچەی کورد و عەرەب و باخچەی زانکۆ و لە بەردەمی شاردا لە باوەشی یەکتر بووین، مریەم قژی خۆی بەسەرردا دابووین و وەک باران بەسەرماندا دەڕژا، دەیخستنە ناو هەناسەی پڕ تەمییەوە، هەناسەیەک وەک هەور گەرم و وەک ترس سارد.

ئەی ژنی پڕ پەنا، ئەی ژنی خالق، کوا نامەکانی من هێندە پڕ شکستن، سەفەری عیشقی من لەناو شاری چراخان دەستی پێکرد، لە «من و تۆ» دانیشتین و دۆندرمەمان خوارد، هەردووکمان وەک دوو مەخلووقی زۆر بچووک چووینە ناو کاسەی دۆندرمەی یەکترەوە، لەو دیو شووشەی کریستاڵی کاسەکەوە، لەناو شیر و بەفری دۆندرمەکەوە یەکترمان دەدیت دەخلیسکاین،

دەخلیسکاین و دەتریقاینەوە، یەکترمان لەناو کاسەی یەکتردا خواردەوە، سێبەری دارەکان و نیگای پۆلیسەکانی هاتوچۆ، مندالّە رووت و لە دنیا دەرکراوەکانی چوارڕیانەکان و سێبەری پەیکەرەکان و تەمی شیعری شاعیرەکان، هەر هەموو شارمان لەگەڵ خۆمان برد و برد و برد.

ژنە بەوپەڕی هێمنی گوتی:

– هەموو ئەوانەت برد تا لە دەستی عیشقدا ببێتە سووتوو.

* * *

ژنەی بن سێبەری هێمنترین داری دنیا. دارێک لەو سەری پارکی دانیشجوو، دارێک هەموو ژاوە ژاو و حیلە و نەڕەنەڕی خیابانی وەلی عەسر لەبەردەمی دەسڵەمییەوە و بە هێمنی بەر دیواری نەمان دەکەوت، دارێک هەموو کتێبە زەردەکانی خیابانی ئینقلاب بە ئەدەبەوە لای دەوەستن.

ژنەی سەفەری دوور لەناو دووکەڵی نێرگەلەکەیدا وەک تەم دیاربوو، لێوەکانی پڕ ببوونەوە و هەناسە هەناسە گەنج دەبۆوە گوتی:

– تۆ بڕوانە، یان وەرە بێرەدا تێپەڕە.

بە تەختەیەکی باریکتر لە دەرزی بە دوای هێڵێکی نەبینراوی بەردەستم کەوتبوو، دەیگوت:

– وەرە و بێرەدا بڕۆ، سەرت نەوی کە، با ئەو مارە نەگاتە سەرت.

گوتم:

– ئەو مارە لە هەناوی من هاتۆتە دەرێ.

ئەو بێ ئەوەی لە هێمنی خۆی کەم کاتەوە گوتی:

– بارانی سەر فەرشەکە تا ئەبەد بەردەوام دەبێت، دەبینی لەگەڵ کەوتنی دڵۆپێک و دڵۆپێکی دیکە ڕەنگ و وێنە و وەرزی فەرشەکە دەگۆڕێت.

گوتم:

– مانوور وەرزی تایبەتی خۆی هەیە.

وەک نهێنی سوپام ئاشکرا کردبێ، بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– لەگەڵ کام وەرزتە؟

گوتم:

– تاقیم مەکەوە، گوێم لێبگرە، مانوور. وەرزێکی تایبەتە، بەڵام لە زەمەنێکی تایبەتدانا، وەرزی مانوور. بەسەر ساڵ و مانگ و ڕۆژەکاندا دابەش دەبێت. دەشێ نیوەی ڕۆژێک وەرزی مانوور بێت و نیوەکەی دیکەی وەرزی ڕەش، دەشێ لە ناوەندی هاوین وەرزی مانوور بۆ هەفتەیەک بەردەوام بێت، دەشێ سەر تاپای ساڵ وەرزی مانوور بێت.

ئەو گوتی:

– تۆ لە کام ئەشکەوتدا دەژی ئێستا هەرگیز وەرزی مانوور ڕۆژ تەواو ناکات، وەرزی مانوور ئێستا تەنها لەناو فەرشدا هەیە، وەرزی مانوور لەو دیو پەڵە هەورەکان دەردەکەوێت و هەر لەوێش ون دەبێت.

من گوتم:

– تاتۆ نەهێڵی ئەو بەلەمە شینەی مانوور لە شوێنێک بوەستی، تا تۆ نەهێڵی مانوور نامەکانی ناو خونچەیەک بخوێنێتەوە، تا تۆ ڕێگا نەدەی ژەهری مار دەگۆڕێت بۆ دەرمانی ژیان. وەرزی مانوور ناگەڕێتەوە. وەرزی مانوور ئەگەر کێڵگە بێت بارانوو بارانیەتی و ئەگەر گوڵ بێت بارانوو خۆریەتی، ئەگەر ژیان بێت بارانوو هەناسەیەتی.

ئەو گوتی:

– تۆ دوای حیکایەتە پەشمەکانی خۆت مەکەوە، لە خەیاڵی خۆت وەرە دەرێ، بڕوانە وامانوور گەیشت.

بۆ یەکەم جار هاواری کرد و گوتی:

– نا، مانوور نا، ئەوە بارانووە، ئەوە خودی خۆیەتی دەبارێت بەسەر فەرشەکەدا، ئەوەئەوە دەتکێتە سەر پەلکی گوڵ و سەر ڕووبارەکە. زۆر بە توندی تریقایەوە و هەستاپێ، توند توند بە هێزی دێوێکەوە لە باوەشی کردم و توندتر کوشیمی و هاواری کرد:

– کوڕی وێڵ، ئەی پیاوی حیکمەت ئەوە بارانووە بەسەر مانووردا دەبارێت، ئەها دەکەوێتە سەر قژ و پەڕەی گوێی، چاوت لێیە کەوتۆتە سەر کوڵمی، دەتکێتە سەر لا ڕوومەتی.

هاواری کرد و دەیگوت:

– دەبینی دەکەوێتە سەر لێوی بەر زمانی دەکەوێت.

هاواری دەکرد و دەیکوشیم، توندتر لەوەی بتوانم خۆم ڕزگارکەم، توندتر لەوەی هەناسە بدەم، توندتر لەوەی پەراسووەکانم نەشکێن، توندتر لەوەی ورد نەبم و نەتوێمەوە.

یەکەم جار چاوەکانم و جا هەناسەم و ئەو جار دڵم و خوێنم بارین، وەک گریان و وەک لێزمە بارین، بارین بەسەر فەرشەکەدا، بەسەر مانووردا، بەسەر ناخی

مــانووردا بارین. لەو دیو دووکــەڵـی نێــرگــەلە و بۆنی سێوەوە باریم، باریم بەسەر نامەکانی ناخی خونچەکەدا، خونچــەکە لە شێــوەی لێکتــرازانی هەورێک لێــوەکانی لێکردنەوە، نامەکانی سەر پەلک و رووخساری شێوەی هەمــان ئەو تەشک و حــەســرەتەیان وەرگــرتەوە لەناو قــوولایی دڵمــیــان هێنابوو، من ئەو کــاتانەی بەناو دارستانەکاندا گەڕابووم، داوام لە ڕەنگی خاک کردبوو، بە ڕەگی درەختەکاندا سیمفۆنیای خۆشەویستیم ناردبوو، چی ڕەنگی خــۆم هەمــوو بەو خــونچــەمــدا ناربوو، بەو نیازەی تاکە یەکێکیان بگەن. لەگەڵ بارینی مندا هەموو ئەو ڕەنگانە کــرانەوە و فــەرشــەکــە بوو بە مــۆزەخــانەی ڕەنگ، مانوور دەیزانی تازە نە باوکی و نە پاسەوانەکانی عـیشق دەرگـای ئەو فـەرشەیان پێناشکێ، نامـەکـانی لە شـێـوەی ڕەنگدا هەڵگرتەوە و هەناسـەکـانی لە شـێـوەی سیمفۆنیادا کۆکردەوە.

* * *

باریم لە شێوەی بینینی تولفێکدا باریم، بە هێمنی بە هەڵم بوونی ئاوەوە باریم، باریم ڕژامـە سـەر باڵ و پێیـە وەک گـوڵ و دەنووکـە سـوورەکـەی بلبلەکـەدا باریم، باریم وەک لە دەرگادانی منداڵێک لە دەروازەی دنیا باریم.

کەوتمە سەر زمانی بلبلەکە هەموو ئەو حیکایەتانەی لە کێلگەی ئەڤین و لە ناخم لە شێوەی باڵندە هەڵفڕی بوون دایانەوە لە شەقەی باڵ، ئەڤینە قووڵ و پڕ ئەفسانەکانی دنیـا کـەوتنەوە دەم با، عـیـشـقم لە شـێـوەی بلبلێکدا هەڵفـڕی و چووە سـەر پەنجـەکـانی مـانوور، لە شـێـوەی مـارێکدا ئـەفـسـانەی قـژی تا دنـیـا دنـیـایە درێژ کـردەوە. ئێستا دەزانن هەرچی تەیر و فڕندەی دنیایە لەو عیشقەی من کەوتوونەوە، بە هەر شوێنێکدا تێپەڕی ئەی مانووری موسافیر، ئەی دوورترین مەخلووق بە هەر زمانێک «کۆتر و پیجن و حەمام»ت دیت، بزانە ئەوانە فڕەندەی عـاشقی ناخی منن بۆ لای تۆ هاتوون.

من دەبارێم ئەو هاواری دەکــرد، ژنە بێ ئەوەی بزانێ چەند لە باراندا کـەم دەکـەم، چەند لە توانەوەدا نامـێنم دەیگوت:

– پیــاوی شــەنگ بڕوانە وەرزی مــانوور گــەڕایەوە، بڕوانە بارانوو خــودی خــۆی دەبارێت. دەکــەوێتــە ســەر جەستەی مـانوور. ئیـدی وەرزی مـانوور دەشێ سەد ساڵ بێت، سەد ساڵ و زیاتریش.

* * *

ژنەی ژێر هێـمنتـرین داری دنیـا کـە بە ئاگـاهاتەوە، هێشتا ئەوچیلکە باریکەی بە دەستەوە مـابوو کە هێڵـە وردەکـانی بەر دەسـتـمی پێ نیـشـان دەدام، بە دوای وردە هێـڵـە هەرە بچـووکـەکـان دەکەوت، کـە بە ئاگـاهاتەوە لە هەمـوو وجـوودی من، لە دەسـتـە باریـک و کـزەکـانم و لە لێــــوەکــــانم و لە دڵـەی خــــوێنینم و لە هاوار هـاوار و حـیـکایەتەکـانم تەنهـا و تەنهـا ئەنگوسـتـیلە نقـێم پیرۆزەییەکەی لەناو دەستدا مابوو.

بە چاوێک لەو پەڕی هێـمنیـدا، بە زمـانێک لەو پەڕی ڕەقیدا گوتی:

– بارانوو ئەوە بە ڕاست تۆ بوویت، چ باوەشێکە ژن، چ ئاگـرێکە عـیـشـق. ئەوە باوەشی جـەهەندەمت ئەی مانوور، ئەوە سەدای خۆشەویستیت بوو، بردت لە شێوەی باراندا بردت. بردت بۆ سەفەرێک پڕ لە شکار.

* * *

ژنەی ژێر هێمنترین داری دنیا، ئەوداری هەموو کتێب و گـۆڤـار و تابلۆیەکـانی خـیـابانی ئینقـلاب بە هەمـوو هەیبــەت و ســەدای خــۆیانەوە، هەنگاوێک دوور لەو، دەستە و نەزەر دەوەستن، کاسێت و سیدییە پڕ خرۆشەکان هەر لـە خـیـابانی ئینقـلابەوە دێن، بالا بەرز و شـەنگ، گۆرانی پڕ «دڵ شکانی» شەجەریان، لەو پەڕی سووتانی خــــۆی، لەو پـەڕی ئەدەبدا هەنگـاوێک لەو دارە دوور دەوەستێ، ئاوازە ئەفسووناوییەکانی ئاغای عەندەلیبی و گرووپی مەولانا و کوڕانی کامکار کە هەر یەکەیان تەنها چەند تاڵە پەڕێکی نێو هەوان، بێ ئەوەی هێمنی ئەو ژنە تێکدەن هەنگاوێک، هەر بستێک دوور، بەدیار ژنێکەوە دەوەستن کـە جگە لـە ئەنگوسـتـیلەیەکی نقـێم پیـرۆزەیی، هیچی دیکەی لە دەستدا نییە.

**هەولێر**

**مانگی شوبات ٢٠٠٦**

# دووگل ڕەش سووریٚ سپییٚ

**محەمەد سدیق کەریم پوور**
**(بانە)**



دەبوایە ئەوانەت دیبایە تا بگەیشتیایە ئێرە. لێرەدا گوناهی خەو چاوەکانتی تەنیوە.. سەرت لەسەر کەوشەکانتە. بێ ئاگای لەو دوو پشکەی کلکی چەماوەتەوە و بەلاتا دەڕوا و دەڵێم وەیگەڕێنم بۆ دواوە ڕەنگە بێتە باخەڵت، نەهاتووەتە باخەڵت تا تنۆک تنۆک ڕەشە ژاری کلکی لە لەشتا جێ خۆش کا. ژاری خۆی پێنەڕشتبووی. ئەو ژارە باس لێ دەکەم کە مسقاڵ مسقاڵ خۆت لە ناخیا سازاندبووت. بیرت لەوە نەکردبووەوە کە ژارێکی هەیە و دەتوانێ بیرێژێ. کە دەگەیتە ماڵ چاوت بەسەرگوڵی قاڵیەکەیا دەخزێ تا دەگاتە قوژبنێکی ژوورەکە، دیوارەکان دەخولێنەوە، دەورێکت داوەتەوە، دیوەکان دەگەڕێیت. ئاگات لە دەفەکە نییە کە چنگی لەنێو هێڵە ڕایەڵەکانا گیری کردووە. باوە خولەتە و گێژبووی. لەبەر دەرگاکەیا چەند جار بە توندی بانگی دەکەی و دێتە دەر و جێی کەوشەکانت لەسەر گوڵی قاڵیەکە جێ هێشتووە و هەراسناکی- نەچووبوویتە سەر شۆرکەکە تا چاوت بەو گڵۆپە خوێنانە بکەوێ، ئەو هەناسە سواریەیت نەبیستبوو دەنگی بیستبووی نەیتوانیبوو وەڵامت باتەوە هەرچەن نووزەیەکی لێهاتبوو- هاتوویتە دەر بزانی لەکوێیە، بۆ لە ماڵ نییە؟ بڵەی..؟- بڵێت وێتبوو ڕەگەکانت هەڵماسیبوو- ئاخر لەگەڵ کێ؟! چۆن نەمزانیوە؟ هەموو ڕەنگدانەوەی ئەو قسانەبوو کە لەم لاولا دەتبیست، بێ ئەوەی بزانی دەهاتی و دەچووی. چووبێتە ماڵی کێ؟ بۆ لای کێ؟ بردوویانەتە دەرەوە حەتمەن! بن دەوەنێ، لاپاڵی، بڕوایان پێناکرێ، لەشی قورس بووت تفی دەمتی وشک کردبوو. بێ ئاگابوویت لە سووری سەر شۆرکەکە هاتنی بەرەو بانگ کردنەکانت

لارولەوێری سێبەرەکەی بەسەر مۆزاییکە سارد و سڕەکاندا دەخشا گڵۆپەکەی پاش سەری هەر دەهات و کزتر دەبوو، لەپاش دیوارە تەپڵەک کردووەکەیماڵەوەتان ون ببوو. هیچ شتێکت بۆ لێک نەدەدراوە...– ژنی فلانی بەسەر چوار منداڵەوە.. چەتیوە جوانەکەی حاجی... برا لە دەورێکی پیسا... عەتر.. پیسا.. دەلاڵ.. تەلەفۆن.. ئەنتەرنێت.. سەتەلایت.. سی دی.. لە هەموویانا لایەنە خراپەکانیانت لەبەرچاوا بوو.

گوتبووت: بە هەر چەشنێ بێ ژیان ڕادەبوورێ خوا پەک ناخا... کوێی هەیە بچێ؟ لەماڵی باوکی بەدەر. بەرەو ماڵی باوکی بە ڕێکەوتبووی.

بەکۆڵانەکەیانا دەهاتی و دەڕۆیشتی تا بۆ جارێکیش بێ ببینی خەو و خۆراکت لێحەرام ببوو– کە دەچووە سەر باڵکۆنەکە بەرگڕەشێکی ئەدی کە ئەهات و ئەڕۆیشت و جار نەجارێ بەدزییەوە سەری بەرز ئەکردەوە– سەرت کە هەڵبڕی لەبەر دەرگەکەیانا بووی سێبەری گەڵای گوێزی ماڵەکە لەژێر پێتابوو دەستت بۆ زەنگەکە برد. ئەو زەنگە دەڵێم کە لەدوای ئەوەی لەبەر تۆ بێبەریان کرد پەنجەی تۆ ئەوی بەخۆوە نەدیبوو. ئەنگوستی ناسیتەوە و پێی سەیر بوو پێستی قامکت دڕدۆنگیەکەتی بۆ باس کردبوو.

– جا چۆن وادەبێ. ئەو شەوانەی لەیاد نییە دەهات و چاوی دەبڕیە سوورایییەکەم و دەستی بەدرگاکەیا– تۆدا– دەهێنا مەگەر وا نەبوو؟

– وابوو ئاخر جاریش کە دەستی پیا هێنام هێندە سەری حاڵ بوو کە چەمەیانەکەی دەستی نەدی و ئاوڕی لێ نەدایەوە، ئەنگوستت لە زەنگەکە جیاکردبووەوە، کەس وەڵامی نەدابووەوە.

دوێشە و کە لێت ئەدا هیچی نەگوتبوو، چووبوو خۆی بە ڕەنگەکانەوە خەریک کردبوو. دوو کەڕەت سێ کەڕەتی تریش لێتدابوو.. کەس دەرگای نەکردبووەوە. ئەرێ لێرەیە ئەزانن منم بۆیە نایکەنەوە، لەبەر دەرکەکەدا دانیشتی– خۆی کێشابووە سەر تەختەکە دانیشت چریکەیەک پێشتی تەنیەوە کۆکی کۆکی دووگل سوور ڕەشێ شینێ..

سیگارێکت دەرهێنا بە شوێن شەمچەیا دەگەڕای شەمچەکەت لەماڵەوە لەبیر چووبوو.

– لەبیرمان چوو دوو سێ نەخشی لێ وەرگرین.

– قەیناکە بە دراوسێکمان– کچەکی حاجی– بێڵێ دوو سێ نەخشت بۆ بێنێ.

ئەمە هەمووی لەژێر سەری کچی حاجییایە.

چڵ چڵ شەمچەت دائەگیرسان تا دەگەیشتە سەر باڵکۆنەکە، شەمچەکەت تەواو دەبوو بۆ ئەرخەیانی تۆ دەهاتەلای پەنجەرەکە و دەگەڕاوە و دەچوو بۆ ئاشپەزخانە و شەمچەیەکی دەهێناو تۆ هەر چاوەڕوان بووی. دەستێکی هەڵئەبڕی و شەمچەکەی بۆ دەهاویشتی کە نامەیەکیشی تێدابوو. سیگارەکەت دائەگیرسان و نامەکەت دەئاخنیە گیرفانت. دەستت کردووەتەوە بە گیرفانتا، شەمچەت پێ نییە. شەمچەکەت ڕەنگە لەماڵەوە یا لە شوێنێکی تر لەبیر چووبێ.

وەیدۆزم دەیکوژم سامت کردبوو چۆن بیکوژم؟

... کۆکە بەردەوامەکەی کۆتایی پێ هاتبوو. سێ گل سوور حەوت گل شین دوو گل سوور سپیێ دووگل ڕەش کۆکی بووەوە.

– بۆ ئەمڕۆ بەسە.

– نا با سێ چینی تر..

– لەم ژوورە شێدارەیا خۆت ئەکوژی بۆ ناچی سەرێکی دوکتەر بەی؟

– دەچم... و قەت نەچووبوو..

– ڕاستی ئەوەختێ کە زەنگی دا گوتی: قەرارە لەگەڵ دایکی و مامی بێنە خوازبێنیم.

– زۆرم پێ خۆشە. خوا بکا وەکو ئێمەتان لێ نەیە. باوکت زانیبویەتی؟

– بێجگە لە تۆ کەس نازانێ ئەگەر مێردەکەت پرسی قەیناکە پێی بڵێی.

بەدایکت گوتبوو: بە باوکت بڵێ ژنت دەوێ. باوکت و دوو سێ پیاو چووبوونە خوازبێنی، نەیاندابوویتێ. قینت هەڵی ساندبوویتە سەرپێ، بە دەرگاکەیا هەڵگەڕابووی، قوفڵی ڕەش جووت ئاڵقەی دەرگای حەوشەکە بۆ ژوورەوەی گرتبووە ئامێز. کە لە باوەشی یەکا ئوقرەتان گرتبوو یا تۆ یا خاکتان گوتبوو، یەکترینتان ئەرخەیان کردبوو.. دەستی لە هەموو شتێک داشۆرد. چەمەدانەکەی بەدەستی تۆوە بوو.

– کچم مەڕۆ باوکت تەلاقی لێ خواردووم بە قسەی باوکت بکە خۆشی ئەوێ، ئامۆزاکەت کەم و کووڕییەکی هەیە؟

– جا ئەگەر خۆشی بویستمایە ئاوای پێ نەئەکردم... گریابوو..

– مەڕۆ، بڕۆی باوکت ناهێڵێ بێیتەوە بەم ماڵیا..
ئەویش گریابوو..

لەگەڵتا هاتبوو بێبەری کرابوو، لەبەرتۆ. سێبەرەکەی لەناوقەیا کە لە تەک گەڵای گوێزەکیا بوو، خۆی لێ جیا کردبووەوە. تێکەڵی سێبەری خاڵەی و تۆ ببوو. سێبەری چەمایانەکی لەپی دەستت کە نامەکانی تۆ و چەن دەست بەرگی ئەوی تیا بوو. پێشدەکەوت، دوا دەکەوت. باوکی تۆش نەهاتبوو خزمەکانیشت لە خوار کۆڵانەکە وێستابوون. کەس ئاوی بە دواتانا نەرشتبوو، تەنانەت دراوسێکانیش کە نیگایان لەسەر نەدەگوێزانەوە و

– بەدبەخت ئەبێ...

– باوکی بێبەری کردووە...

– چووە بۆماڵی براکەی...

دەنگەکان بە سێبەرەکان نەدەگەیشت. خاڵەی دەستی خستبووە دەستت و ڕۆشتبوو.

دارگوێزەکە و دەرگاکە لەپاش سەرتەوە نیگایان دەکردی و هەنگاوەکانتیان دەبژارد و لە خوار کۆڵانەکە ونیان کردبوو. ئەو زەنگانەی کە لێ ئەدرا بۆ ماڵەوە گشت شتەکانی ماڵەکەی لەبەرچاوتا لێڵ دەکرد، خیشت دەخوارد و سیمەکەت لە پرێزەکە دەردەکێشا لێت ئەیاوە.

نەپرسیبوو کێیە؟ تا پێت بلێ... ڕۆژانە دەچوویتە ماڵ و بەدیار تەلەفۆنەکەوە کڕ دەکەوتی... کچی حاجی دەهات و دەچووە ژوورەکەی و خەریکی کار دەبوون. ئەو جارەی کە گوێت لێ گرتبوون گوتبووی:

– ئەم مێردەت کەی ڕەوات؟

– هەر وەختێ خۆی پێی خۆش بێت...

بەخۆتا هاتبووی چووبوویت سیگارێکت داگیرساندبوو سەرنجی دووکەڵەکەیت دەدا.

– سێ گڵ سوور دوو گڵ شین قاوەییێ..

– دەیگوت: دایکم بە مامی گوتووە. بڕیارە ئا لەم ڕۆژانەیا بچمە ماڵیان و ڕووبەڕوو هەموو شتێک تەواوکەین. ئەو دەنگی زەنگە ئەوە، نازانی کەی ئەڕواتە دەر..

– کوتم بە کەیفی خۆیە...

– باشە دوو گڵ ڕەش سووری سپییێ

... بە قورسی هەناسەی بۆ دەهات و دەستەکانی ماندوو بوون. دەنگی دەفەکە دەهات و وردە وردە ئەو تەپوتۆزەی لەنێو ئەو جۆگە تیشکەی لە پەنجەرە چکۆلەکەوە خۆیان کردبوو بە ژوورا جێگۆڕکێیان دەکرد.. دەستت دەکرد بەنێو نامەکانا و ئەوانەی بە ڕەنگی ماتیک ڕەنگابوون جیات دەکردەوە. تەماشای زەرد باوەکەت کرد... ئەمرۆ ماڵەوە بەخۆشەویستی ئێمەیان زانی.. سەردێرە شینەکە تەماشادەکەی... باوکت و ئەوان کە هاتن و باوکم جوابی کردن، شەرمم کرد. شەرم کرد. بە خاڵەم گوتووە: لەگەڵ باوکما قسە بکا. هەرچەن مامەم لەو ڕۆژەوە زوو زوو سەردانی ماڵی ئێمە دەکا. من لەسەر قسەی خۆم هەم. یا تۆ یا خاک، تۆ چی؟... بۆت نووسیبوو. جوانکیلەکەم نەفرەتم لەگشت شتێ هەیە، لەخۆم لەدنیا، لەو خەونانەی بۆ خۆمانم دیبوو، لەو هیوایانەی دڵم پێی خۆش کردبوو.. مێشکم قوفڵی کردووە، نازانم ڕەنگە لە تەک ئامۆزاکەتا قسەبکەم، منیش لەسەر قسەی خۆم هەم، یا تۆ یا هیچ کەس. هەرچەن باوکم و ئەوان لەو ڕۆژەوە دە دوانزەیەکیان بۆ هەڵداوم، بەڵام ئەوان قسە دەکەن، من هەر بێدەنگم.. هێڵە سوور کراوەکان سەرنجت دەقۆزێتەوە.. خاڵم نیو سەعات دەبێ ڕۆیشتووە، لەبیرم چوو بینووسم. بەیانی لەدوای ئەوەی ئامۆزاکەم قسەی لەگەڵا کردم هات بۆ ئێرە لە تەلەفۆنەکەیا گوتی: تۆش قسەت لەگەڵا کردووە. هات و ئاوی ڕوونی بەسەردەستی باوکما ڕشت. باوکم لە بەیانییەوە تا خاڵم هات بێدەنگ دانیشتبوو. خاڵم بە وردی قسەی بۆ دەکرد و باوکم لە ئاخرا گوتبووی: کارم پێی نییە، بەڵام شوو بکا بەو هەتیوە لە کچی خۆم بێبەری ئەکەم. قسەی خۆمان بێ باوکم تازە کەوتووەتە کوردەناموسی.. تەلەفۆنەکەی بەردەستت زەنگەکەی ڕاپێچی مێشکت کردووە گوشیەکەت هەڵگرتبوو، بێدەنگ بووی، دەنگی لێ نەهاتبوو، گوتبووت: ئەلۆ.. قەتع کرابوو. هەستابووی سووڕێکی ماڵەکەت دابووەوە، گوتبووت: بلێی کێ بێ؟ کێ بێ؟ کێ بێ؟ کێ بێ؟ کێ؟.. لە ژوورەکەیا سووڕابوویتەوە سیگارەکەت بەر ببووەوە سەرفەرشەکە و دووکەڵی لێ بەرزبووەوە جێی یەکێ لە گوڵە سوورەکانی زەرد و چاک کردبوو. کۆڵانەکە و دارگوێزەکەت جێ هێشتبوو. لە چەن شوێنێ وێستا بووی. بلێی لە کوێ بێ، نا قەت وا ناکات... ئەو گوتبووی: یا تۆ یا خاک، بۆ هەر لەخۆوە وام بیر کردۆتەوە ڕێگای ماڵەوە دەگرێتەوە بەر و لەبەر دەرگای... نازانم دوێنێ بوو یا پێرێکە لە تاکسیدا دانیشتبووی، کەسێ کە باڵا بەرز بوو یان کورتە باڵا، لەسەر هۆش نیم، گوتبووی: کچی حاجیان لە ماڵی هەتیوێ هێناوەتە دەر. چۆن بوو

گوتیان ژنی فلان کەس کە تۆ نەتدەناسی بەسەر چوار منداڵەوە هەڵگیـــراوە. تۆش نەدەبوایە بیـــری ئەو زەنگی تەلەفـۆنانە بکەوتیـایەوە کـە کـەوتیـەوە. دڕدۆنگی تەنگی پێ هەڵچنیبووی...

– جـا کـاکی خـۆم لە دەورێکی پیـسـدا گـیـرمـان کردووە.

– واااااااش نننیە.

– چۆن براکەم وا نییە؟!

– ج جا با... با... با وااااش بێ کە کەچی؟

– چۆن کە چی ڕۆحە شیرینەکەم؟...

ڕووی کردبووە لای شیشەکە و گوێی نەدابووە باقی قسەکان و دەیڕوانیە ئەو ڕیزە دارانەی کە بە توندی بۆ دواوە هەڕایان دەکرد و تۆش خۆت ڕەق کردبوو، پاڵت دابوو بەسەندەڵیـەکەوە و دەتویست زوو بگەیتە ماڵ. نازانم چۆن لەو تاکسـیـەدا دانیـشـتـبـوویت و چۆن دابەزیبوویت چۆن گەیشتبوویتە ماڵ و بە هەراسەوە هاتبـــوویتـــەدەر و بەرەو مـــاڵی باوکی ژنە بێ بەریکراوەکەت ڕۆیشتبووی.

لەوێ کـە نا هۆمـێـد بووی و چاوت بە قـوفـڵی حـەوشـێکە کـەوتبـوو. بەرەو مـاڵەوە ملی ڕێگات گـرتبـوو و گـەیشـتـوویتـە بەر دەرگـای مـاڵەوە و لە ژوورەوە نەبووی تا ببیـسـتی دووگل ڕەش، سـوورێ، سـپی بەردەوام قـۆزینەکـەی تەنیـا گـوێی خـۆی بیستبووی. قژی کە ئاوێتەی هێڵە ڕایڵەکان ببوو. گـڵـۆپ گـڵـۆپ سـووڕا و لە زاریەوە... لە زاریەوە داچۆڕا بوو. خـۆشی نەیدیبـوو، چ بگا بە تۆ. تەنیـا هەسـتی پێکردبوو. ئەو تەزووانەی کـە بە لەشـیـا دەهات ئاوی چاوی تێکەڵ سـووراوەکـە دەکـرد. تۆ سیگارێکت بە دەستەوە بوو، بە نا بە دڵی دەچیتـە ژووری داری قـــاڵیـــەکـــە، هەراسناک دەبیت.. ئەرخـەیانی و نەفـرەت لەخـۆت دەکـەی. بردووتە بەردەستی دوکتۆر نازانی چی بکەی لە شار هاتوویتە دەر.

دەڵێم ئەو دووپشکەی وا چەن قـولانجێ ڕۆییـــوە وەیگەڕێنم و پاشـان بچم لە سـووچێکا کـەوشـە سوورەکانم بخەمە ژێر سەرم و بخەوم. خەو چاوەکانمی تەنیـوە. گـوناحم. سـووچێ وەیدۆزمـۆ، کـەوشـەکـانم بخەمە ژێر سەر و بخەوم، نا هەر لێرەیا دەخەوم. کارم بە دوو پشک چییە، دەچێتە باخەڵ یا ناچێ...

# زەمەنی سفر

**عیرفان ڕەسوولی**
**(شنۆ)**

کاتژمێر: سێ و پازدە خولەک و سی و دوو چرکە
شوێن: بەردەرگای ماڵی مردوو
کەسایەتی: هاوسەری مردوو
ڕۆڵ: قیژەیەکی بەرز کە هەموو خەڵکی گەڕەکی ئاگادار کردەوە و لە دوو چرکە دا تەنیا لە دوو چرکە دا بەقەد چوار نینۆک هەردووک لا ڕوومەتی کێڵا.

کاتژمێر سێ و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکە:
گەرما شەلاڵی کردووی. پێت وایە مەودای دەرهێنانی کلیلەکان لە باخەڵت و کردنەوەی دەروازەکە و خۆ ڕایەڵ کردنی نێوماڵەکە- کە بە کوولێر هەوای هەوارانی هەبوو- بێ کۆتاییە.
کلیلەکان لەو گیرفانەتدا نەبوون. هاتی کلیلی زەنگەکە بگوشی بەڵام... دەست دەبەی بۆ باخەڵەکەی ترت. ئارام دەروازەکە دەکەیەوە. ئێستا دەبێ کوڕەکەت نووستبێت.
بەو بیرەوە بڕێکی تریش دڵت دەگوشرێت و تۆزێکی تر خێرا لێدەدات. هێواش لە پلێکانەکان وەسەر دەکەوی. دەرگای ڕاڕەوەکەش دەکەیەوە. چرتەکەی لەوەی کەمترە کەسێک لە ناو ماڵەکە ڕابیبیسێت. تا ئێستا باش چوویەتە پێش. دەنگی کوڕەکەت نایەت و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگی هەناسە و دڵەکوتە و فیزەفیزی چۆکەکانت باشتر ببیسی. هەر پلیکانێک کە وەسەر دەکەوی ئەو دەنگانە زیاتر دەبن و لێدانی دڵت خێراتر دەبێت. باوەڕ بە خۆت ناکەی کە لاقت بۆ ڕاگیرێن. تەواوی ئازات دەلەرزن، تەنانەت ددانەکانیشت شەققەیان دێت. ئەرێ ئەرێ کوڕەکەت نوستووە. ئێستا ئیتر تەنیا



پلیکانێک لەو سێ پلیکانە مـاوە بگەیە دەرگـاکـە. تەنانەت ئەو دەرگایەشیان پێوەداوە. (بەو گەرمایەش) و ئەمە بیرێکی باش ناخاتە مێشکت. ئەوە بەڵگەیەکی ترە کە دڵت هێندەی دی ڕێکدەگوشێ و دڵە کوتەت هێندەی دی خێـرا دەکـات. کـوڕەکـەت دەنگی نایەت و دەرگـای هاڵەکەش پێوەدراوە. زۆر نیگەرانی. زۆر، زۆر.

ئەوانە هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی هێندەی ترت ناهومێد کەن. هیچ شتێک ترسێنەرتر نییە لە بێدەنگی ژوورێک کە تەنها دوو...

ئێستا ئیتر ڕاست لە پشت دەرگایەکەی. کە دەست بۆ دەستگرەی دەرگایەکە دەبەی بە چاوی خۆت لەرزینەکەی دەبینی. ئەگـەر هەر بەم حـاڵە دەست دانێـیـە سـەر دەستگرەکە بێ شک شەقە شەقەکەی کارەکەت خرا دەکات. بۆیە ڕادەوەستی و کەمێک خۆت مەڵاس دەدەی. پشـوویەک هەڵدەکێـشی. پشـوویەکی درێژ. ئەو کـارە کەمـێک ئارامـترت دەکـاتەوە. هەڵبـەت تەنیـا بۆ چەند چرکە. دەست دادەنێیە سەر دەستگرەکە و خێرا دەرگایەکە دەکـەیەوە و لـووری ناو هاڵـەکـە دەبی. شـایەت لە جـێی خۆت سارد دەبیەوە. چونکە باوەڕ بە چاوەکانت ناکەی. باوەڕ بە دیوارەکـەش ناکـەی. بە دەرگـاکـەش. بە ڕووتی بەسـەرپۆش و بە قـژی ئاڵۆز بە ڕەنگی هەڵمـاڵاو بە پشووی سوار و بە چاوەکانی ئەم و ئەو کە ئێستا ئیـتر ناڕواننە نێو چاوت...

کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و دوازدە چرکە:
کەسایەتیەکان: هاوسەری مردوو. مەئمووری پۆلیس.
شوێن: ماڵی مردوو.

ڕۆڵ: نیـــوەڕۆ چاوەڕوانی بووین درەنـگی کـــرد. میوانێکمان هەبوو. کوڕی خاڵۆم. لەبەر ئەو ناڵمان خوارد و بەشـەکـەیم ڕاگـرت. (چاوم کـوێر بێ) دوای نەهاریش هەر چاوەڕوان بووم. کوڕەکەشمان بە چاوەڕوانی نووست. سەعـاتی سێ میـوانەکەمان وەدەرکەوت. کەمێک دواتر دەنگی کلیلم لەناو دەرگـا بیـست. بەڵام هاتنە ژووری وەدرەنگی کـەوت. کـە چوومـە خـوار بەسـەرچاویدا کـەوتبـوو، بەڵام لاقی هەر لە دەرەوەی دەروازەکـە بوون. (ئەی خودا دڵم تۆقی...)

کاتژمێر سێ و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکە:

گەرما شەڵاڵی کردووی. دەتهەوێ بە فیـتوولێدان ئەو هەڵڵایەی لە دەروونتدایە لەبیـر بەریەوە. ناڕەحەت نابی کـە کلیلەکـان لەم باخـەڵە دا نابینیـەوە. تا کلیلەکـان دەردێنی و لە قـڵفی دەرگادا دەیسووڕێنی و دەیخەیتەوە باخەڵتەوە شایەت تەنیا یەک یا دوو میزانت لەو ئاوازەی لە مـێشکتـدا دێت و دەچێت بە فیـتوولێدابیت. لە ناو ڕاڕەوەکە هیچ دەنگێک بێجگە لە ئاهەنگی فیـتووەکەت نابیسی. هەر چەند ئێستا بێ ئەوەی بۆ خۆشت بتهەوێ ولۆمەکەیت کەمتر کردۆتەوە و لەباتی هۆشت بە ئاواز و لێـوەکـانتـەوە بێت هۆشت لە لا گـوێچکەتە، دەنگی منداڵەکـەت نایەت بۆیە دڵنیـا دەبی کـە نوسـتـووە یا نواندوویەتی. تا هۆشت دێتـەوە بەرەخـۆت دەبینی کـە دەنگی فیـتـوو لێدانت بە یەکـجاری بڕاوە و زەینت بە تەواوی لەلای گوێچکەکانتە. ئەو دوو سێ پلیکانەش لە چرکەیەکدا دەپێوی. لەو کپیەدا هەست دەکەی یەکجێ دەنگی هەناسەیەکی بەرز دەبیسی.

ئا...ا...ا هێک. دەوێستی بزانی هەڵەت کردووە یان نا. دڵنیانی. هیچ دەنگێک نایەت. لەبەر پشتێندەکەت لە دیوی ژوورێی کـەوایەکـەت دەستی ڕاسـتت ساردی پەلاپیـتکە و قـۆنداغـێک هەست پێدەکـات. دووکـانی خوێن لەسەر سەحرای دوو نێو چاوانی سپی هەڵگەڕاو بۆ مـاوەیەک ناهێڵن دەرگـایەکـە بکەیەوە. ئارەزوو دەکـەی مـەودای ئەو دەرگـا کـردنەوەیە وا زوو تەواو نەبێت. دەستت دەسکی دەمانچەکە وا ڕێک دەگوشێت دەڵێی دەیهەوێ تێکی بقووپێنێت. دەستی چەپت بۆ دەرگایەکە درێژ دەکـەی دڵت دەڵێی دەیهـەوێ دەرپەڕێت. پشـووت سوارە و دەستت بە ئاشکرایی دەلەرزێت. هێشتا دەستت نەگـەیشـتـۆتە سـەر دەسـتگرەکـە. دادەگـیـرێ و لە چاولێکدانێکدا دەرگـایەکـە دەکرێتـەوە. کـێکێک دێتـە بەردەمت کـە زۆری نامێنێت دەمتی تێ چەقێنی و چەند مۆم لەبەرچاوت و لەسەر کێکەکە دایسێن. کەسەکانی پشت کێکەکە پێکەوە دەست پێدەکەن و ئاوازێک پێکڕا دەڵێنەوە کە هارمۆنیان نییـە. دەستی ڕاستت ئارەقە دەکات. بڕوا بە گوێچکەکانت ناکەی بۆیە ئێستا ئیـتر هیچ نابینی. سێ زار پێکەوە دەبنەوە و دەبەسـترێن کـە نازانی چ لە چاوەکانیاندایە...

کاتژمێر یازدە و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکەی ڕۆژی دواتر:
شوێن: پزیشکی قانوونی
کەسایەتی: پزیشکی قانوونی
ڕۆڵ: ژێری کاغەزێک مۆر دەکرێت کە ئەو نووسراوانە تێیدا لە چاو دەدەن. جەوازی ناشتن. هۆی مردن: وێستانی دڵ.

کاتژمێر سێ و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکە
گەرما شەلاڵی کردووی. ئەو هەلالایەی لە دەروونتدایە هێندەی دیکەش ئارەقەت پێ دەڕێژێ. فیتوولێدان دەبێتە هۆی ئەوەی بە هەڵە دەست بۆ باخەڵی ڕاستت بەری تا کلیلەکان دەربێنی. ئەو هەڵەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیتم و نۆتی ئاوازەکە بشێوێت. لەگەڵ دیتنەوەی کلیلە وێدەچێ ئاوازەکەش چاک بووبێتەوە. کلیلەکە بادەدەی. فکری فێنکایی نێو ماڵ بە دوای خۆیدا دەتکێشێتە بەر دەرگای ڕاڕەوەکە. بیرێک کە تیژ تێدەپەڕێت دەرگای ڕاڕەوەکەت ئارام پێ دەکاتەوە. هەست دەکەی دەنگێک لەگەڵ فیتووەکەت هاوئاهەنگی دەکات. کە دەنگی فیتووەکەت کەم دەکەیەوە دەنگەکەش کەم دەبێتەوە. باوەڕ بە گوێچکەکانت ناکەی کە هیچیان نەبیستبێت بۆیە دەنگی فیتووەکەت دەبڕی. دەنگەکەش دەبڕێت. لەسەرەخۆ دەست پێدەکەیەوە. دەنگەکەش. دیسان بێدەنگ دەبییەوە و ئەویش. لەو کایە مەسخەرەیە ماندوو دەبی. بۆیە بە چاکی دەزانی بێدەنگ بی و ئەمەش دەزانی هەرچی بێدەنگی زیاتر بێت هەلالای دەروونیشت بەرزتر دەبێتەوە لەو ماوەیەدا سێ پلیکانەکەی تریش وەسەر دەکەوی. هیچ دەنگێک بێجگە لە قرچەی جومگی ئەندامەکانت و ترپەی دڵە کوتەت نابیسی و ئەمە ئەم هەلالایەی دەروونت وەڕووح دێنێ و جەستەی پێدەدات. هەست دەکەی ناتوانی هەنگاوێکی تریش هەڵێنی.
دڵنیای کوڕەکەت ئێستا ئیتر خەوتووە و ئەوان... ئیزن بە مێشکت نادەی هیچ بیرێک بدرکێنێت.
گرانایی باسکت هەست پێدەکەی کاتێک دەستت هەڵدێنییەوە داینێیە سەر دەستگرەی دەرگایەکە.
ماسوولکەکانی باسکت لەژێر ئەم بارە قورسەدا دەکەونە لەرزین و تۆ لە ترسی ئەوەی شەقەشەقی دەرگایەکە کەسەکانی ئەو دیو ئاگادارکاتەوە وەزنەی سەر دەستت بەردەدەی.
پشوویەکی درێژ دەخۆیەوە دیسان وەزنەی باسکەکانت هەڵدێنییەوە... وێنەی دوو تاپۆ کە دایم تێک دەئاڵێن بۆن پێک وەدەکەن قەپ لێک دەگرن و دەست لێک دەسوون بەرچاوت بەر نادات و دەنگی دوو هەناسەی تامەزرۆ کە بە زۆر کڕ کراونەتەوە و جار نا جارێک «ئاخێک» وەدەنگ دێن گوێچکەی پڕ کردووی و نەفرەتێکی سەیر دڵی وێران کردووی و... هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی ئەوە کە چەند سات درەنگتر دەستت بگات بە دەستگرەکە.
بە تەکانێک دەرگایەکە دەکەیەوە و خۆت لەو بەری دەبینییەوە. کپی ئەودیوی دەرگا، بۆ ساتێک هێندەی دیکە دەتتاسێنێت: بەلام لە ناکاو «پخ»ێکی گەورە لە جێگای خۆت هەڵدەبەزێنێتەوە و کوڕەکەت لە پشت دەرگا وەدەردەخات و قاقای دوو کەسەکەی تر دەباتە ئاسمان. ئێستا ئیتر تۆ هەر جەستەت لەو ماڵەدا ماوەتەوە. توانات نییە بڕوانی بۆ ناو چاویان و خۆشت لە خۆت شەرم دەکەیەوە.

کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و دوازدە چرکەی سێ ڕۆژ دواتر:
خەتمی جەلەسەی پرسەی مردوو

کاتژمێر سێ و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکە:
گەرما شەلاڵی کردووی تاقەتت نییە زەنگی دەرگایەکە بگوشی و ڕاوەستی هەتا دێن دەرگات لێ دەکەنەوە. بۆیە سەر و بنی هەردووک باخەڵەکەت لێک دەدەی تا کلیلەکەت بدۆزیەوە. فیتووی ئاوازێکی توند هاوئاهەنگی پەلە پەلتە بۆ چوونە نێو ماڵ. بەم هاوینە ئەو چەند پەڵە هەورەی ئاسمان هەواکەیان ئەوەندەی تریش گەرم و گران کردووە و ئەمە گەرمایی و قورساییەکی لە ڕادە بەدەر دەخاتە نێوو سەر دڵت. هەر چەند ئەوەندەی گوێ بۆ شل ناکەی بەلام بێدەنگ لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوی. نەخشی سەر دیوارەکە تەنیا بۆ چەند چرکە سەرنجت ڕادەکێشێت.

دەتهەوێ، بەڵام ناتوانی فکرەکانت کۆکەیەوە سەریەک، نازانی بۆ. لەبەر خۆتەوە بە دوای نزیکترین هۆ دادەگەڕێی هەوا و هەورەکان؟ ڕەنگە. بەڵام... لەو بەینەدا بێ ئەوەی ئاگات لێ بێ فیتووەکەت لەبیر چۆتەوە و ئەو بێدەنگییە دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگی قرچە قرچی جومگەکانت و بێدەنگی ماڵەکە باشتر ببیسی. دەبێ کوڕەکەت نووستبێ. ئەی ئەوان..... گومانەکە لە مە بەهێزترە بتوانی لەبیر خۆتی بەریتەوە... ئێستا ئیتر نیگەرانیش دێتە سەر دڵگرانیت. هەست دەکەی باسکەکانت برووسکیان تێدایە و هەردەم زیاتر دەبێت. هەر چۆنێک بێت خۆ دەگەیەنیە دەرگاکە. پێیەوە مەڵاس دەبی. دەنگی هەناسەکان و ئاخ و ئۆفی ئەو دیوی دەرگایەکە تێکەڵ بە مشەمشی پشوو کێشانی تۆ دەبێت و دەنگەکانی ئەودیو کە ئێستا چاکتر دەبیسرێن دەبنە هاوئاهەنگی دڵەکوتەت. دڵە کوتەت دەبێتە ڕیتمی ئاهەنگێک کە هەردەم لە توند بووندایە. هەردەم. حەفتا... هەشتا... زیاتر... زیاتر. ئێش هەردەم زیاتر و زاتر دەبێت.

دەتهەوێ دەستگرەی دەرگایەکە داگری، بەڵام دەستت لەوە قورسترە کە بۆت ڕاگیرێت. جارێکی تر هەوڵ دەدەیەوە. دەستت بەرز دەکەیەوە و ئەمجارەیان دەکەوێتە سەر دەستگرەکە و بە لەرزە لەرز و شەقەشەق دەرگایەکە دەکەیەوە. دڵنیا نی بتوانی هەنگاو هەڵێنی، بەڵام هەوڵ دەدەی و لە ئاکامدا بەسەر ئەو لاقەتدا دەڕووخێی کە دەتهەوێ هەڵیبێنیەوە. بەسەرچاودا دەکەوی، بەڵام ملت بە لای ڕاستدا دەسووڕێ و دەنگی هەناسەکان لەلای چەپن. قیژەیەک دێ، قیژەیەکی ئاشنا، بەڵام لە خەو ڕاستت ناکاتەوە. وێدەچێ ئەم قیژەیە ئاخیر یادگاری بێ لە ئەو.

تەنانەت ئاوازەی دەنگ دانەوەی ئەم قیژەیەشت بۆ نایەتەوە و هەرچی هەیە تەنیا بێدەنگی و تاریکاییە.

کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و دوازدە چرکەی حەوت ڕۆژی دواتر: حەوتووی مردوو.

کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و دوازدە چرکەی چل ڕۆژی دواتر: چلەی مردوو.

کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و دوازدە چرکەی ساڵێک دواتر: ساڵوەگەڕی مردوو.

کاتژمێر سێ و دوازدە خولەک و سی و دوو چرکەی ساڵێک و ڕۆژێک دواتر.

شوێن: ماڵی مردوو.
کەسایەتیەکان: کوڕ و ژنی مردوو.
ڕۆڵەکان: ژنی مردوو دەست لەسەر چەند ژمارە دادەگرێ و دوای چەند چرکە بە دەنگێکی نزیک لە سرتە: ئەلۆ، بۆ خۆتی... نوستووە.
کوڕی مردوو مەلافەکە لە دەوری خۆی وەردەپێچێ هەتا لەبەر بای کوولێرەکە سەرمای نەبێ و خۆوێک دێنێ و لە ساتێکدا مەلافەکە هەڵدەداتەوە، جۆگەلەی فرمێسکەکانی دەبینم کە بەم لا و ئەولای ڕوومەتیدا دەکەوێتە سەر سەنیرەکە.

**کاتژمێر پێنج و سی و دوو خولەک و سی و پێنج چرکەی بیست و حەوتی خەرمانانی ١٣٨٣**

# ئەسپێ

ئەنوەر حەسەن پوور
(مەهاباد)



ئەوە حـەوت ڕۆژی ڕەبەقـە بەو دەشـتـەوشک و ڕەق و تەقـەدا دەگـەڕێن، ناگـەن بە هیچ شـوێنێـک و بەردەوام بە دەوری خۆتانا دەخولێنەوە. جا هەموو ئەو مـاندوو بوون و برسێتی و تینوویەتییە کە کێشاوتانە هیچ، هەر کە ئەو ئێوارەیەت بەبیر دێتەوە کە چایەکەتان خواردەوە و بەرێ کـــەوتـن و دوای دوازدە ســـاعـــەتی تەواو ڕۆیـشـتن، گەیشتنەوە ئەو شوێنەی کە چایەکەتان لێ خواردبۆوە، لە حەیفان توندتر پێ بە عـەرزی دادەدەی و ئاوت بە چاویدا دێتە خوار. بۆ خۆت قەت بڕوات نەدەکرد کە تینوویەتی و برسـێـتی ئاوا لە پیـاوی بکا. جـا برسـێـتـیش هیچ، تینوویەتی بە ڕۆژێکی پیاوی دەخـا. ئەویش لەو دەشتـە وشکەداو لەبەر گـەرمـای ئەو سوورە تاوە ڕزیـوە. بۆ خۆت پێکەنینت بە خۆت دەهات.

بە خـوای ئەو ئێـوارەیە سـەیر بووم. نازانم بۆ وام لێ هاتبـوو. هەمـوو هاوڕێکانم دەیانزانی چەندە نەفـرەت لە سـەگ دەکـەم و چەندی لێ دەترسێم، بەڵام ئەو شـەوە کـە دەنگی سەوەڕەکەم بۆ هات، هەزار جار خۆم بە قـوربانیـان کـرد. تەنیـا شـتـێـک کـە لەو کـاتەدا بیـرم لێ نەدەکـردەوە ترس بوو، هەر بۆشم گرینگ نەبوو ڕەنگە سەگەکان بێن و بمگرن. هەمـوومـان دەمـانزانی جـێـیـەک سـەگی لێ بێ، ئاواییـشی لێـیـە و ئاویش. هیچ عـەشـقـێک نەیدەتوانی هێندەی عـەشق بە سـەگێک پیـرۆز بێ لەو کـاتەدا. ئەوە ئیـتر نە عەشقی خنکاو و برسی ناو کۆڵانەکانی شار بوو نە تاسـەی تەمـەنێک مـاچ کـردن و تەنانەت ئەگـەر بۆ چرکەیەکیش بێت یەک دیتن.

بە خـوای ئەو ئێـوارەیە سـەیر بووم، نازانم بۆ وام لێ هاتبـوو. ئەوە چەند سـاعـەت بوو لەسـەر ئەو کـۆڵانە

ڕاوەستابووم و چاوەڕێ بووم ئەو کچەتیوە تەنانەت ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت، لەبەر پەنجەرەڕا چاوێکم لێ بکات و بەو هیوایە بتوانم سبەینێش بێمەوە سەر ئەو کۆڵانە. پێکەنینم بە خۆم دەهات. سەیر بوو هەر کە عاشق دەبووم ترسم لەبیر دەچۆوە و پێکەنینم بە خۆم دەهات. هەر کە پەردەکە لادراو هاتە بەر پەنجەرە، سەرمای ئەو زستانە ڕزیوەم لەبیر چۆوە، هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشا، هاڵاوی زارم ئاوێتەی هەوای ساردی کۆڵان بوو، هەستم دەکرد بریقەی چاوم لەسەر دیواری بەرامبەرم دەبینم، گەرمام بوو... تینوویەتی هێرشی بۆ هینابووین، چاومان دەبریقاوە، دڵمان توندتری لێ دەدا. بە پەڕتاو دەڕۆیشتین. جارناجارێک جانتاکەی سەر پشتمان هەڵداویشت، بایەکی فێنک بە نێوان جانتاکەمان و پشتماندا دەهات و دەڕۆیشت، لە خۆشییان نەماندەزانی چەکەکانمان لە کام شانمان کەین!؟ هەر خودا دەزانێ بە ڕۆژ چەندەمان تراویلکە دەبینی و چەند جار فریوی تروسکانەوەی ئەو دەشتە ڕزیوەمان دەخوارد و بە شەویش بێ ئەوەی دەنگی هیچ سەگێک هاتبێ چەند جار دەنگی سەگمان دەبیست؟ سەیر بوو. ئەمە تراویلکەی سەگ بوو یان تاپۆی دونیایەک تینوویەتی کە بە پێش چاوماندا تێدەپەڕی؟ یان نا زایەڵەی ئەو دەنگانە بوو کە هەزاران کەس بەر لە ئێمەش بیستبوویان و بە دوایدا ڕۆیشتبوون...؟! خۆ لە دوورەوە هیچم لێ دیار نەبوو. ئەرێ! ئەوە دایکی بوو لە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستابوو. سەرم بەرداوە و ئارام ئارام، ماندووتر لە کۆڵان ڕێگەی ماڵم گرتە بەر.

هەر چەندی لێوە وشکەکانت لە یەک دەکەوتن و تفە تینووەکەت لەگەڵ تەپ و تۆزی بایەکەدا بە ناو گەرووتدا دەچۆ خوارێ، دونیای دیت بە چاوی خۆت دەبینی. تارماییەک بەسەر چاوتدا کشابوو. چاوت ڕەشکە و پێشکەی دەکرد. خەوت دەهات. وەک ماسییەک کە لەسەر لمی کەنار ماوەتەوە و هەرچی دەکا ناگاتە ئاو، تینوو بووی. دەتویست بڕۆی و پێڵاوەکانت بەرەو دواوەیان دەکێشایەوە. نەفرەتیان لە ڕۆیین دەکرد ئیتر. تەنانەت ئەوانیش ماندوو ببوون. پێت خۆش بوو دانیشی و لانی کەم لە دوایین ساتەکانی ژیانتدا تۆزێ بحەسێیەوە. لێت ڕوون بوو تا چەند چرکەی تر دەمری. هیچ گومانێکت نەبوو. بەڵام تەنانەت لەو ساتانەشدا هێزێک نەیدەهێشت دانیشی. پێڵاوەکانت بە عەرزەکەدا دەخشاند و بە دوای هاوڕێکانتا بەرەو ناشوێن دەڕۆیشتن، یان ڕەنگە بەرەو شوێنێک کە هیچ کامتان نەتاندەزانی لە کام لایە.

بە خوای ئەو ئێوارەیە سەیر بووی، نازانم بۆ وات لێ هاتبوو. یەکەم ئێوارە بوو کە زۆر لەبیرکردنەوە ترسای. کە زۆرت تینوو بوو، کە ئەو بیابانە پان و بەرینەت لێ ببوو بە دەریا، کە ئاوە پیس و گڵاوەکەتان خواردەوە، ئەو ئاوەی لە جێ پێی کەر و هەسپ و هێستری قاچاغچی و لادێییەکاندا بە جێ مابوو، ئەو ئاوەی دەبوو لووتتان گرتبا تا بۆنەکەیتان بۆ نەیە و بتوانن بیخۆنەوە. ئەرێ هەر ئەو ئێوارەیە بوو کە حازر بووی هەموو ئازادی دڵۆپە ئاوێک بوو کە وە چەنگ هیچ کەس نەدەکەوت. ڕەنگە هەر ئەوەش بوو کە دەیترساندی.

نازانم هەر شەوی ئەوە ئێوارەیە بوو یان شەوی ئێوارەیەکی تر کە هێندە لە ژیان ماندوو بووی و لە هەموو شتێک وەڕەز. ئەو شەوە ئەسپێیەکانی نێو جلوبەرگەکەت هێندە زۆر ببوون کە جگە لە خۆ خوراندن هیچی دیکەت بۆ نەدەکرا. هەستت دەکرد هەموو گیانت بۆتە برین. هەستت بە جێ دەمی ئەسپێیەکان دەکرد کە وەکو سەدان گورگی برسی کەوتبوونە سەر لەشت و بە زیندوویی خوێنەکەتیان هەڵدەمشت. تەنانەت هەستت بە خوێنەکەت دەکرد کە لە نێو دەمارەکانت ڕا دەهاتە دەرێ و ئەسپێیەکانی پێ تێر دەبوو. دەستێکت لە ناو گەڵتدا بوو، دەستێکت لە بن هەنگڵتدا. هێندەت عارەقە کردبوو کە جل و بەرگەکەت بە لەشتەوە نووسابوو. نەتدەزانی چ بکەی، ئەوە نیزیکی سێ مانگ بوو ئاوت وە لەشی نەکەوتبوو. ڕزی بووی. لەگەڵ ئەو ئەسپێیانە هیچت بۆ نەدەکرا. پێت خۆش بوو تێر تێر بگری. لەسەر لەشت هەستت بە جێی نینۆکەکانت دەکرد. لەشت سوور هەڵگەڕابوو، هەموو ببووە برین. دەتزانی کە نابێ لەشت بخورێنی، بەڵام نەتدەتوانی. بێ ویستی خۆت دەستت بۆ خوراندنی لەشت هەڵدەهاتەوە. هەر جارێک کە نینۆکت بە لەشتدا دێنا، هەستت بە ئازارێکی شیرین دەکرد. ئەو خۆ خوراندنە بۆ چرکەیەک هەتوانێک بوو بۆ ئازاری خوێن مشتنی ئەو هەمووە ئەسپێیە. هەتوانێک کە برینێکی

قوولٚتری بەدی دێنا.

هاورێییەکانت خەویان لێ کەوتبوو. وەک بڵێی ئەوان بەو ئەسپێیانە ڕاهاتوون. پرخەیان دەگەیشتە لای تۆ. تووڕە بووی. پشتێندەکەت کردەوە و لەبەر تیشکی ڕزیوی مانگدا چاوێکت لە کراسە ڕەشەکەی ژێرەوەت کرد. ڕزی بوو. لەبەر گەرای ئەسپێیەکان سپی هەڵگەڕابوو. کە دەجووڵایەوە ئەسپێیەکان بە پەلە خۆیان لە نێو درووmanی کراسەکەتدا دەشاردەوە، دەتگوت هەست بە مەترسی دەکەن. کراسەکەت لەبەر کردەوە و دیسان هەموو شتێک دەستی پێ کردەوە. کە خۆت دەخوراند تەپوتۆزی سەر دەستت لەگەڵ عارەقەی لەشت تێکەڵ دەبوو وەکو قوڕ بە لەشتەوە دەنووسا. عارەقەی سەر لەشت کە لەگەڵ تەپوتۆزی سەر دەستت ببوو بە قوڕ، لە ژێر نینۆکەکانت بە جێ دەما. بە نینۆکی دەستەکەی ترت، ژێر نینۆکەکانت خاوێن دەکردەوە و بە پەلە دەستت دەخستەوە ناو لەشت، هەستت دەکرد ئەگەر چرکەیەکیش خۆت نەخورێنی ئەسپێیەکان دەتخۆن بێزت لە خۆت هەڵدەستا. خەریک بوو بڕشێیەوە. کوڵی گریانت هەستابوو. بە ئەسپایی هەستایە سەر پێ، نەتدەویست هاوڕێیەکانت گوێیان لە دەنگت بێ. لە هاوڕێکانت دوور کەوتییەوە. لە تاریکیدا، کەمێک دوور لە هاوڕێیەکانت دانیشتی. بە ئەسپایی فیشەکێکت وە بەر چەکەکەت ناو لە ژێر چەناگەت ڕاگرت. ڕەنگە خۆشت نەزانی لەو ماوە کورتەدا چەند ڕووداوی ژیانت بەبیر هاتەوە. ڕەنگە هەموو بیرەوەرییەکان. هەموو خۆشییەکان، هەموو ناخۆشییەکان... لە دوایین ساتدا تەنیا شتێک کە بیرت لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە هاوڕێکانت تا بەیانی بێ ئێشکچی دەبن. هیچ ترسێکت لەوە نەبوو کە هاوڕێکانت وا بیر بکەنەوە کە توونێتی و برسێتی ناچاری کردی خۆت بکوژی. هەر چەند دڵنیا بووی هیچ کەس بڕوا ناکا لەبەر ئەسپێیەکان توانات نەمابوو... من جوان تۆم دەبینی. بۆ لات هاتم.

– خۆت شێت مەکە. ئەوە چ دەکەی؟ کوا ئەو چەکە بدە بە من.

جاری یەکەم هیچت نەگوت. بەڵام کاتێ ویستم بێم بۆ لات، چەکەکەت بەرامبەر بە من ڕاگرت.

– مەیە پێشێ. لێت دەدەم ها... لێت دەدەم بە خوای...

من دەمزانی کە تۆ ناتوانی لێم دەی، بۆ لات هاتم کە چەکەکەت لێ وەربگرم، دیسان هاوارت کرد نەیەمە پێشێ. چەند هەنگاوێک مابوو پێت بگەم. یەکەم گوللەت سینگمی پێکا. کەوتم. بڕوام نەدەکرد بتوانی لێم دەی. هەستم بە گەرمایەکی سەیر دەکرد. تینوو بووم. هێشتا چەند چرکە تێنەپەڕیبوو کە دەنگی فیشەکێکی ترم بیست. دڵم سووتا. بڕوام نەدەکرد ئەسپێیەکان ئاوات لێ بکەن. ویستم بە خشکە خشک بڕوم، بەڵام نەمتوانی. خوێن بە دەم و چاوتدا بڵاو ببۆوە. هەستم بە ساردبوونێکی سەیر دەکرد لە لەشی خۆمدا.

تەنیا شتێک کە لێی نەدەترسام ئەو بیرە بوو کە ئازادی هێندەی دڵۆپێک ئاو، هێندەی دەنگی فیشەکێک و ترپەی دڵ لە مرۆڤ نیزیکە. بیرم لەوە دەکردەوە کە فیشەکێک چەند بە ساکاری دەتوانێ مرۆڤ بەرەو ئازادی هان بدات.

بە خوای ئەو ئێوارەیە سەیر بووم، نازانم بۆ وام لێ هاتبوو؟!...

# ئەدبار

مەحموود دەوڵەت ئابادی
لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی
(بۆکان)

**پێشەکی**

مەحموود دەوڵەت ئابادی یەکێکە لە گەورە نووسەرانی ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٩٤٠ لە دەوڵەت ئابادی سەوزەوار سەر بە شاری خوراسان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردووە. مەحموود تەمەنی چوارساڵانە بووە کە پاڵەوانانی ڕۆمانی کەلیدەر کوژراون و بەناو شاردا گێڕاویانن. لە منداڵییەوە هۆگری گێڕانی کۆتەڵ و نەقڵ و حەکایەت گێڕانەوە و بی بی جان بووە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا دەستی کردووە بە نووسینەوەی کتێبی کۆن و دەسنووس و شەیدای شانۆ بووە. بۆ بەشداری کردن لە کلاسی شانۆیی ئاناهیتا- تیپێکی شانۆیی بەناوبانگی ئێران لەو سەردەمە بووە- چۆتە تاران و لە شانۆی «شەوە سپییەکان» نووسراوەی دیستۆیڤسکی و پشک خستنی بۆ مردن دەوری دراوەتێ. ساڵی ١٩٦١ یەکەمین چیرۆکی بەناوی «ئەدبار» و دواتر «کۆچی سلێمان»ی نووسیوە. وەک خۆی دەڵێ من یەکجار زۆرم نووسیوە و زۆر کەمم بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٢ دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و ناتوانێ دوا ناوەندی تەواو بکات. ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی دەورگێڕان لە شانۆی «لە قووڵاییدا» نووسراوەی ماکسیم گۆرکی بۆ ماوەی سێ ساڵ کەوتۆتە زیندانی ڕژێمی شا. ساڵی ١٩٨٣ ڕۆمانی دە بەرگی کەلیدەر تەواو دەکات. شاملوو شاعیری گەورەی ئێرانی دەڵێ: کەلیدەر بەرهەمێکە هەستی بەخیلایەتی دەجووڵێنێ. ئەگەر ئەرکی سەرەکی و تایبەتی ئەدەب پێداهەڵگوتن و ستایشی ژیان بێ، ڕۆمانی دە بەرگی کەلیدەریش ئەو ئەرکەی بە باشی ڕاپەڕاندووە. هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کەلیدەر باشترین وێنەی ئەدەبی لادێیی فارسییە و بڕێکی تریش

دەڵێن کەلیدەر سەرەتای سەرهەڵدان و خولقاندنی ڕۆمانی فارسییە. بەرهەمەکانی دەوڵەت ئابادی بریتین:

١- کارنامەی سپەنج سێ بەرگ (کارنامەی سی و پێنج ساڵە) بەریەک و دوو پازدە کورتە چیرۆک و نۆڤلێتی گرتۆتە خۆی و بەری سێی ڕۆمانی جێی بەتاڵی سلووچ.

٢- ڕۆمانی کەلیدەر، دە بەرگ.

٣- ڕۆژگاری ڕابردوو مەردومی بە ساڵداچوو، ڕۆمان، دوو بەرگ.

٤- ئێمەش کەسێکین (وتوویژ) دوو چیرۆکنووسی بەناوبانگ وتوویژیان لەگەڵ کردە (ئەمیر حەسەن چهل تەن و فەریدون فەریاد).

٥- قەقنووس، دەقی شانۆ.

٦-پاس، دەقی شانۆ.

٧- مامزی بەختی من جوانێ، کورتە چیرۆک.

٨- ڕەد، کۆمەڵە وتار.

٩- سلووک، ڕۆمان.

زۆربەی نووسراوەکانی کراونەتە زمانی چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و سوێدی. دەوڵەت ئابادی خۆی دەڵێ ئێمە چیرۆک نووسانی ئێرانی بەرەی دووەم (١٩٢٠- ١٩٧٠) هەموو لەتاریکخانەی سادق هیدایەت هاتووینەتە دەرێ، بزورگ عەلەوی، دەوڵەت ئابادی، هۆشەنگ گۆڵشیری، ئەحمەد مەحموود و... تاد، نووسەرانی پاش هیدایەتن کە هەر کەسێکیان بەشێوەیەک لەژێر کارگێری هیدایەت دان و هەر کامێکیان لایەنێکی کاری چیرۆکی ئەویان درێژە داوە و چڕ و پڕتر کردووە. دەوڵەت ئابادی لایەنی زمانی چیرۆکی گرتووە و بەتێڕوانین و ئاوڕدانەوە لە زمانە دەقە نووسراوە کۆنینەکانی ئێرانی وەک مێژووی بەیهەقی و زمانە شیعرییەکەی عەتار و خوراسانی کۆن توانی ببێتە خاوەنی زمانی تایبەت و شێوازێکی گێڕانەوەی تایبەت لە چیرۆکنووسی فارسی. بەوتەی زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەوانانی ئەدەبی چیرۆک: دەوڵەت ئابادی باشترین نووسەرێکە تا ئەمڕۆ لە ئێراندا توانیویەتی ئەدەبی لادێیی بنووسێ. ڕۆمانی ڕۆژگاری ڕابردوو و مەردومی بەساڵداچوو ئەگەرچی ڕۆمانێکی ژیانی شارستانییە، بەڵام نەیتوانیوە چەشنی ڕۆمانی کەلیدەر و جێی بەتاڵی سلووچ لەناو دڵی جەماوەری خوێندەوار بکاتەوە.

چیرۆکی «ئەدبار» یەکێکە لەو چیرۆک و نۆڤلێتانەی کۆچیرۆکی کارنامەی سپەنج کە ساڵی ١٩٩٠ وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و ئێستا پێیاندا چوومەتەوە و ئامادەم کردوون بۆ چاپ.

**«وەرگێڕ»**

(١)

تەویلە خامۆش و پۆلێک هەسارە لە کولاوکەی بن میچەوە دیار بوو. ڕەحمەت لە سووچی دیوار، لەنێو جلی وڵاغەکە بێدەنگ بوو، سپێنەی چاوی دەبریسکاوە. ڕووناکییەکی کز بە خڕی دەورییەک، کەوتبووە تەرکی تەویلە و قەراغ دیوار، گوێدرێژێکی سپی، تووکی قرژ ببوو و لەشی تەزی پێداهاتبوو و دەلەرزی.

دەرکەی ژووری ئەوبەری دیوارەکە دەنگی هات. وتوویژی قەرەجەکان قرتا، دەورییە نوورەکە لە تەرکی تەویلە تەری و خرمەی هەنگاوەکانی پیاوێک لەسەر بەفر دووربۆوە...

ڕەحمەت لەنێو جلەکەدا ئەمبار و ئەو بار بوو، دەسرەکەی وەسەر سەرچاوی کێشا، کڵاوەکەی بەسەریەوە جەڕاند و ئەژنۆی بە زگیەوە نووساند، دەستەکانی لەنێو ڕانی ڕاکرد و سەری تا ئەو شوێنەی دەگونجا، دەنێو شانی شاردەوە، و چاوەکانیشی وێک نا... هەرەکی بوو هەرچۆنێک بێ سەرخەوێک بشکێنێ.

لە بەیانییەوە، سەرما فوجەی نەدابوویە لە شوێنێک بحەجمێ. ئێسکی ژانی دەکرد و توند وێک دەهاتنەوە، برینی لاقی دەزووراوە و تەزی پێدا دەهات. لە هەوەڵی ئێوارەوە کە هاتە تەویلە، بنی قوتووەکەی لێسییەوە و حەبێکی بە قەرایی دوو دەنک نیسک لێ ساز کرد و قووتی دا، لەوە دەچوو حەبەکە کرابێتەوە، ڕەحمەت خەریک بوو گەرم دادەهات. پشتی گەرم و سەری قورس دەبوو، پێڵووی چاوی وەسەر یەک دەکشان، بەڵام خەیاڵ ئۆقرەی نەدەگرت وەک هەنگەژاڵە لەنێو سەریدا وزە وزیان دەکرد.

(٢)

زگماک فێدار و شیر موردە بوو. لەکاتێکەوە کە وەبیریشی دەهاتەوە، دایکی نیوە مرۆ بوو. زەلیلی زەلیل، ئەگەر لووتت بگرتایە گیانی دەردەچوو، هەر

ئەوکاتانە بوو تازە خەریکبوو دەستی چەپ و ڕاستی خۆی دەناسی کە باوکی چووە شار و قەولی دا جووتێک گیوەی نوێی پانیە چەرم و شاتێکی دووچەرخەی بۆ بێنێ و ڕەحمەت لە خۆشییان دوو ڕۆژ خۆی بەسەر پێوە نەدەگرت.... ڕۆژ بووە سێ و چوار... و چەند، بەڵام خەبەرێک نەبوو، هەموو ئەو باوکانەی چووبوونە شار، هاتنەوە و ڕەحمەت سەر و سۆراغی باوکی لە هەر هەموویان پرسی. وەڵامیان داوە کە ئەویان نەدیتووە. دڵی گیرا و گریان نیشتە قورگی، چووە لای دایکی و گوتی: «هەموو ڕۆژێک دەڵێی دێتەوە ئەمڕۆ دێتەوە! دێتەوە! ئەی کوا؟ هەر هەموویان هاتنەوە غەیری ئەو...»

«دێتەوە، بەیانی... بەیانی دێتەوە. دڵنیابە. بەیانی بچۆ سەر ڕێیەکەی» و ناڵاندی و لێفەکەی وەسەر سەری کێشا.

بەیانی هێشتا نیسێ لە دیوار جیا نەبۆوە کە ڕەحمەت غاری دایە بەر ڕێ و هەڵاتە سەر بەرزایی بورجەکە، چاوی بڕییە ئەو ڕێیەی لە شۆرەکاتەکەدا سپی دەکردەوە. هەر خاڵێکی ڕەش لە جادەکە دەردەکەوت، خۆشی لە دڵی دەگەڕا، بەڵام کە نزیک دەبۆوە و دەگەییە پێش چاوی، دڵی ڕەش دەکرد و چاوەڕوانی خاڵێکی تر، پاڵی دەداوە بە کۆنکرێتی ڕووخاوی بورجەکە:

خەریک بوون بانگیان دەدا و ڕێیەکە لە بوولێڵی ئێوارەدا ون دەبوو کە ڕەحمەت هەستی کرد لەشی دەلەرزێ- کە نیشانەی هێرش بوو-. ویستی بێتە خوارێ، بەڵام فێ فوجەی نەدا سەری کردە گیانی، تێکەوەی پێچاو لەو سەرەڕا کە دوو باڵا و نیوەی پیاوێک دەبوو خستیە خوارێ... خەڵکیش نەعووز و بیللا پاشملەی خوداش قسە دەکەن، چ بگاتە باوکی ڕەحمەت. هەر سەرێک سەودایەک و هەر زارێک قسەیەکی هەبوو، بڕێکیش دەیانگوت: «لە ئەدبار هەڵات». دایکیشی تاقەتی نەهێنا و مرد، گوتیان: «دیقی کرد»، بەڵام خوا عالمە. هەرچی گوزەرا، بوو بەوەی ڕەحمەت تەنیا کەوتەوە، بە هەیبەتێکی تێکشکاو و خوار و خێچ، وەک کاسەیەکی گاو کراو: ملی وەک لاسکە سێو، سەری زل، چاوی بە قووڵدا چوو، لووتی پان و فیچاو، و چەنەگەی تیژ وەکو لەتی سووالەت، کاتێکیش بوو بە پیاو جگە لە چەند تاڵ مووی نەرم، و بۆر چی تری لێ نەڕوا- خەڵک دەیانگوت شیلەی تلیاک، ڕیشەی مووەکانی سووتاندووە- بەڵام سەر ناوچاوانە زەقەکەی، تا بن گوێچکەکانی و ملی مووی لێ هاتبوو- کە نەیدەتاشی و هەمیشە درێژ بوو- بە شێوەیەک لەژێر کڵاوە چڵکەسووەکەی دەهاتە دەر و لەسەر یەخەکەی دەخشا.

خەڵک، جەنازەی دایکیان لە زەوی هەڵگرت و هێشتا ڕۆژێک خۆر بە تەواوی لە گۆڕەکەی نەدابوو کە ڕەحمەت و بڕێک سەدەقەیان ئەسپاردە کەوکەب کە ڕەبەن و تەنیا بوو، تاکوو ببێتە پاشەکەوتێک بۆ ئەو دنیای و گۆچانیش بێ بۆ کاتی پیری.

دەیانگوت خودی کەوکەبیش بە سەغیری گەورە بووە. دایک و باوکی لەو بلووچانەی سیستان بوون لە کاتی گەڕانەوەی کۆچ، وەبەر داسی قاتوقڕی و نەخۆشی کەوتوون، کەوکەب لەوانەوە بەجێ ماوە. ئافرەتێکی گەڕاوە و باڵابەرز بوو. ئێسکی شانی لەسەر کراسەکەیەوە دیار بوو و ڕەنگ و ڕوخساری زەردی دەتگوت تەزبێحی کارەبایە.

لە هەموو دەم و چاویدا کە باریک و کەم گۆشت بوون تەنیا جووتێک چاو و برۆ نموودێکی هەبوو کە ڕەش و گەش بوو. قژە سەری خەریک بوو تۆزی پیریان لێ دەنیشت و بە لچکەیەکی کاڵەوە بوو، دایدەپۆشی دەیانگوت لەکاتی لاویدا فەڕوخ لەقای ئاوایی بووە، قژ و پەلکەیەکی درێژی هەبووە کە شەش پەلکە دەیهۆندەوە دەگەیشتە بەر پشتێنی و جووتێک چاوی بووە لە هەموو هەرێمی خوراسان، تاق...

ئێستە شیلەکێشخانەی بوو. هەم شوێنی حەسانەوەی بوو و هەم شوێنی کەسپ و کار و کڕین و فرۆتن. مەکۆیەک بوو بۆ بێکارە، ماندووی کار و ئەو پیاوانەی کە لە ماڵی خۆیان هیچ کەس لەژێر کورسی گەرم چاوەڕیان نەبوو، یا وەکو هەر ماڵێکیان نەبوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە هەموو شیلەکێشخانەگەلی ئاوایی کاروباری وەگەڕتر بوو.

ئەمە بوو کە ڕەحمەتیان هێنایە ماڵی کەوکەب، ئەویش دەستی نەنا بە ڕووی خەڵکەوە و دەستی دا ژێر باڵی ڕەحمەت. هەوەڵ ئەسپاردی شانیان خستەوە جێ، بەڵام باش نەکەوتەوە جێ وا هەست دەکرا سەرە کاژێلەیەکی لەژێر چاکەتەکەی شاردۆتەوە. جومگەکانی لاقیشیان

هەڵبەستەوە خودا و ڕاستان یەکیان گرتەوە، بەڵام خوار و وێر.

کەوکەب هەموو شەوێک پارووپەک خورمای کوتراوە، زەردێنە هێلکە یان مـەرحـەمی، لەسـەر جێ شکاوەکـانی دادەنا و دەی پێـچـا و لەناو دۆڵابی لە قـەراغ کـورسی دەیخـەواند و شـتـێکی وەسـەر دەکـێشـا، بەڵام ناڵە ناڵی ڕەحمەت کۆتایی نەبوو و ئازار تاوێک ئوقرەی نەدەگرت. دەوایەکی هەرەک بوو بێدەنگی کـات. کـەوکـەب گـیـری کردبوو و چارەشی نەبوو.

ئەوە چێـشـتـێک بوو خـۆی خـوێی دابوو... ئیـتـر چ دەوایەک باشـتـر لە دووکـەڵ؟ ڕۆسـتـەمی زاڵیش گـێـژ دەکات، لەبەر دەسـتـیـشـدا هەیە و سەرێشەشی نییـە... چوار بینی هەڵدەکێشا و دووکەڵەکەشی ئاوقای دەم و چاوی ڕەحمەت دەکرد، ڕەحمەتیش پێی خۆشبوو کەیفی دەکـرد، دووکـەڵەکـەی هەڵدەلووشی تاکـوو گـێـژ دەبوو، لەشی سـسـت دەبـوو و دەکـەوتە خـارشت، ئێش و ژانی لەشی هێـور دەبۆوە و بێـدەنگ دەبوو دوایە خـەوی لێ دەکەوت. کەوکەبیش بە بێدەنگیەکەی کەیفی ساز و بەو خێرەی سەربڵیند بوو. ناوی کەوتبووە سەر زمانی ورد و درشت: «پیاوەتی بە ڕیش و سمێڵ نییە».

(٣)

ساڵێک و شتێک تێپەڕی. ڕەحمەت گیانی هاتەوەبەر و کەوتەوە سـەر پێ، بەڵام لاقی ڕاسـتەی لە جـومگەیەوە کـەمـێک چەمـابۆوە و کـورت بوو. شـانی چەپیـشی دەرپەڕیبوو لە پشت سەری نزیک ببۆوە و لەکاتی ڕۆیندا، لە هەر هەنگاوێک، لەشی بە پێـشـدا دەنووشـتـاوە و سەری دەلەقی... لە گیروگرفتی ئەو ساڵ و چەند مانگە، لەگەڵ ئەوەی قـەت بێ ئێش و ئازار نەبوو، توانی ئەوەی ئەو پێـویسـتی پێ هەبوو و نەبوو لە داهاتوودا بەکـاری دەهات، فـێـر بێ و وەری بگرێ، وەک هەمـوو منداڵێکی تر، هەر مـەرجـێکی لە گـەورەی خـۆی وەربگرێ، هەر شـتـێکی پێ بڵـێن، گـوێی بداتێ. بۆ هەر شـوێنێکی بنێرن، بەسـەر بڕوات و هەر کـارێکی پێی بسـپێـرن بە چالاکی ڕایپـەڕێنێ تا منداڵێکی باش و کارامـە بێ لێی ڕازی بن.

چوار دیواری مـاڵی کـەوکەب، ڕێو ڕەسـمـێکی ڕوون و تایبـەتی بوو کە فـێـر بوون و بەجێ هێنانی بۆ ڕەحـمـەت وەک کۆڵەکەی دین واجب بوو. لەگەڵ مشتەریەکان دەبێ بە ڕووخـۆشـیـەوە سـڵاو و چاک و خـۆشی بکات، کـات بەکـات، گـۆزەکـە لە بناوانی جـۆگـەی سـەرووی مـاڵان پڕ کات لە ئاو و بیهێنێتەوە. دەوروبەری ژێرخان، سەر تاقە و ڕەفحەکان بماڵێ. بەر و لیباسی خۆی و کەوکەب پاک و خاوێن، ئاوبکێشێ، بەسەر دیواردا هەڵخات و کـاتێک وشک بۆوە، کۆی کاتەوە و قەدیان کات، چای جوان دەم کێشراو بکاتە نـاو پیاڵەوە، بە جۆرێک کەف نەکات، لە تەنیشت زۆپاکە لەسەر لاتەنیشت درێژ بێ و شیلە تلیاک سـازکـات. جـاروباریش بۆ ئەوەی ناو قـامـیـشـەکـە پاک کاتەوە، بەستێک لێدا.

ناو دوودەکە جوان لێس بدا و سووختەی تلیاکەکان بە پوختـی و خاوێنی، بکاتە ناو قـوتـووەکـەی خـۆی و ترسی کـەوکـەبیـشی هەبێ کـە لەجێی دایکی بوو.. و هێندێک کاری جۆراوجۆری تر کە ئەوی کرد بووە هەڵماتێکی لار و وێر و لاپانی پتە لەژێر میچی ڕەش و قورماوی کەوکەب، هەڵی دەخولاند. لەناو هەمـوو کارەکاندا، کەوکەب تەنیا شـۆرباوی لێـدەنا، ئەویش لەبەر ئەوەی پێی وابوو کـەس وەک ئـەو شــۆرباو لێنانێ و دەیگوت لەکـاتی لاوی، سەرقـەرەواشی مـاڵی حاجی مـەلا میرخودایی ڕەحـمەتی بووە... ڕۆژانێـک پاش نیـوەڕۆژە، لەبەر هەتاوی ساربان دادەنیـشت، لینگی لێ درێژ دەکرد و سـەری دەکردە سـەر کۆشی ڕەحمەت و دیگوت: «بیدۆزە» و خەرمانێک قژی ژاکـاوی دەڕشتـە سـەر لاقـەکـانی ڕەحـمەت. ڕەحـمـەتیش نینۆکـە تەنکەکـانی دەبردە نـاو قـژەکـانی و بە وردی دەیپـشـکنی و ئەگـەر ئەسـپـێـیـەک دەدۆزراوە، بەسـەری قـامک دەیکێـشـا دەرێ و لەنێـوان دووکـەڵە ئەنگوستی دەیگوشی، تـا دەتەقی و دەفلیــقـاوە و خـوێنێکی ڕەش بەسەر نینۆکیدا بڵاودەبۆوە.

تەقینی هەر سپـێـیـەک، بزەی دەخسـتـە سـەر لێـوی و بەشـێـوەیەک شـاگـەشکە دەبوو وەک ئەوەی بەڵایەکی لە کەوکەب دووركردبێتەوە، هێندێک جار وەها لە دۆزین و کـوشتن نـوقم دەبوو کـە چڵـمـەکـەی شـۆڕ دەبۆوە و لەسـەر دەمـوچاوی کـەوکـەب قـوتاغـەی دەبەست، بەڵام گـوێی لێ نەبوو بەردەوام خەریکی دۆزین بوو.

(٤)

سـەرمـاوەزو بەفـرانبـار بەڕێوەبوون و هەر کـەسـێک لە

دەشت دەگەڕاوە، بنەدار و چرپی و کێویلە و بنەگوێنی دەهێناوە ماڵێ و ئاوردووی زستانی دادەخست. کەوکەبیش بەیانی زوو ڕەحمەتی نارد بوو چوار بار داری ویشکی قەلاشتەی موورو کراو بکڕێ و بێهێنێتەوە ماڵێ، سەرینی خاترجەمی بنێتە ژێر سەریان و زستان غافڵگیریان نەکات. ڕەحمەتیش عومرێکی لێ گوزەرا بوو لە کارەکانیدا دەنگ و فەنگی خۆی هەبوو چەشنی بیباری هیندی تونتوتیژ بوو، نەبووبووە نیوەڕۆ هاتەوە و چوار کوڵ داری قەلاشتەی لە کوڵی چوار پیاو، لەبەر دەرکە دا بەعەرزیدا و پووڵەکەشی لەبەرچاوی خودی کەوکەب ئەژمارد و کوڵەکانی بە باوەش بردە ژووری و لە تەنیشت کەندووی ئاردەکە لەسەر یەک هەڵیچنی. دوایە کە لەکارەکە بۆوە، لەکاتێکدا ماندوویی و شەکەتی لەسەر هەر قسەیەک و کردەوەیەکیدا دەخلیسکا، جامێکی ڕۆحی هەڵگرت و چووە دەم جۆگەکە، دەست دەم و چاوی شۆرد و گەڕاوە ناو ماڵ، ماندوو و پەراسوو ئەستوور ڕووبەڕووی کەوکەب لە تەنیشت چراکە دانیشت.

لەم حاڵەدا لە پاڵەوانێکی دەکرد لە زۆراندا لەبەرچاوی دایکی خۆی پشتی حەریفەکەی لە عەرز دابێ. کەوکەب شیشی نا بە قامیشەوە و ڕەحمەتیش قامیشەکەی بە لیوێەوە ناو... دیسانیش سەرێکی تر.. ئەژنۆکانی هێزیان تێگەڕا، ڕاست بۆوە جگەرەیەکی لەسەر دەوریەکە هەڵگرت و دایگیرساند و ئەنیشکی هاویشتە سەر باڵنج، لاقی خستە سەر لاقی و چەشنی ملهوڕترین مشتەریەکان، پاڵی داوە. کەوکەب وەخۆ کەوت و هەستا. ئەمەگناسی لە هەموو قسە و جووڵەیەکیدا دەردەکەوت، شەش هێلکە و پیاڵەیەک دۆشاوی تریی لەناو نیوە کەوچکێک پیوی قاڵکراو کردە قەیقەناس، کردیە ناو دەوریەکی سەرداری مس و لەسەر مەجوعمەی دانا، سێ نانی نەرمی دوێ شەوی نا پاڵی و دایە دەست ڕەحمەت. ژێر ڕاخەرێکیشی دا بە شانیدا و ناردیە سەربان، خۆشی لەبەرەوە چرا، باڵنج و کوتێک لبادی هەڵگرت، هەورەبانی گرتە بەر و سەرکەوت. ڕەحمەت مەجوعمە و ژێر ڕاخەرەکەی لەبن دیوار دانا و بەدەنگ کەوکەبەوە هاتە خوارێ تا کاڵەکە زەردە نەسیر ئاواییەکەی کە لەژێر ناندێنەکە شاردبوویەوە، بەرێتە سەربان. هەردووکیان هەستیان کردە بوو کاڵەک و تلیاک لەگەڵ یەک سازگارن و هەرکامێکیان، سەرخۆشی ئەوی تر دەباتە ئەوپەڕی خۆی و هەتاویش هەردووکیان. ئەمە بوو زۆربەی کاتەکان ڕێکیان دەخست بچنە بەر هەتاوی سەربان...

کەوکەب لباد و ڕاخەرەکەی ڕاخستبوو و مەجوعمەکەی نابووە نێوەڕاستی و نانی ورد دەکرد کە ڕەحمەت گەیشتێ، کاڵەکەکەی بۆ لای باڵنجەکە خلۆر کرد و ڕووبەڕووی کەوکەب، لە تەنیشت دیوار دانیشت.. پاش نان خواردن، کاڵەک و بە دوویدا دوو بەست تلیاک و جگەرەیەک.. پاڵیان داوە بە دیوارەکەوە هەتا خۆرەکە لێیان بدا و بحەسێنەوە..

هەتاو گەرم و هەوا خۆش بوو. کەوکەب لچکەکەی داماڵی و پەنجەی وەک پێنج بێچوولە مار، لەناو قژی وەردا. پێڵووی چاوی هەڵێنا و بەدەنگێ چەشنی ناڵە بە ڕەحمەتی گوت: «بیدۆزە» و خۆی خزاندە بەرچۆکی ڕەحمەت، پشتی تێکرد و پاڵی داوە..

قامکە باریک و دووکەلاویەکانی ڕەحمەت وەناو قژەکان کەوتبوو کە کەوکەب خەو بردیەوە.. لەشی شل بوو کەوتە ناو باوەشی ڕەحمەت. ڕەحمەت لاقی تەزی بوو درێژی کرد. پشتی کەوکەب لەگەڵ زگی ڕەحمەت جووت بوو و سەری بە خەرمانێک قژەوە، لەسەر سینگ و تەنیشت چەنەی ڕەحمەت خەوت و لاقی ڕەحمەتیش لە تەنیشت لاقەکانی..

لە ڕووبەڕووەوە کە تەماشات دەکرد، ببوونە یەک. قەوارەیەکی زلەی مرۆت دەدی کە پاڵی دابێتەوە و بە هەتاوی بەردیوار، و لینگی درێژ کردووە..

قامکەکانی ڕەحمەت لەناو قژەکاندا، نمی هەڵگرتبوو، و کەوکەب لەگەڵ هەر نەفەسێک لە باوەشی ئەودا سەر و خواری دەکرد. بۆنی قژەکانی کەوکەب، بژا بووە ناو لووتی و هەموو سینگی، زگ و ڕانەکانی، شەلاڵی ئارەقە ببوو و دەزووراوە، تینێک گەڕا لەشی و هەستی کرد ناویانەتە بەر تەندوور. کولمەکانی داغ ببوو و دەتگوت لە چاوە چکۆلە و قووڵەکانی ئاگر دەبارێ. دڵی توندتر لێی دەدا وەک ئەوەی شتێک دڵۆپ دڵۆپ لێی بتکێ. جۆرێک سستی لێ پەیدا ببوو، مەستی کرد چەشنی هەور، لەبەر یەک دەڕەوێ..

خۆشییەکی تازە ڕووی لێنابوو. ڕەنگ و ڕووی سوور هەڵگەڕابوو و بەڵگی گوێیەکانی، دەتگوت خوێنی لێ

دەتکێ. دەم و لێوی وەک تەلاش، ویشک ببوو. تف لە گەرووی نەدەچووە خوار و زمانی ببووە لەتە خشتێکی سوورەوە بوو. هەموو گیانی گڕی گرتبوو کەیفی پێی دەهات، وەک ئەوەی شەراب بدەمێتە ناو دەمارەکانی. خۆی نەیدەزانی عومری چەندەیە؟ سێزدە؟ چواردە؟ یان بە قەولی هێندێک کەس لە پازدەش ژوورتر و کەبیر بوو؟ هەرچی بوو، وەرزێکی پڕ لە خۆشی بوو. پێڵووی چاوەکانی خزانە سەریەک، شەرمی وەلانا، کەوکەب برێک خۆی جووڵاند و زیاتر جێی خۆش بوو. ڕەحمەت دەلەرزی و هەوڵی ئەدا کەلەبەر نەکەوێتە نێوانیان. وەک برووسکە سەیرێکی دەوروبەری کرد، خێویش دیار نەبوو.

سێ لای، نیوە باڵایەک، دیوار بوو. ڕووبەڕووشی کۆڵان بوو، و دوایەش چەند کاولاشێک، پشت کاولاش، دەشت و گردی زیخەڵان، چۆڵ و هۆڵ لە هەموو جووڵەندەیەک.

– ئەگەر کەسێک لە کۆڵانەوە تێپەڕێ؟..

نەی ژنەوی و نەدیدەی گرت. ڕاخەرەکەی لە بنەوە دەرکێشا و خۆیانی داپۆشی... کاتێک ویستیان بێنەخوار، کەوکەب لەسەر پلیکانەکان بە ڕەحمەت پێکەنی، ڕەحمەت سوور هەڵگەڕا و سەری داخست و شەو، نوێنەکانیان لە پاڵ یەک ڕاخست.

( ٥ )

ڕەحمەت لەسەر جێیەکەی هەڵتووتکا بوو و لەتاریکیدا دەیڕوانیە خاڵێک. کاسەی چاوەکانی ویشک ببوو و لێوەکانی پێکەوە دورابوون. سەعاتێک زیاتر دەبوو ئاوا ویشک ببوو، دەتگوت دارە.

دوێ شەو ئەم کاتە خۆی شای بێ جووقە بوو. لەژێر میچی گەرم و میوانگری کەوکەب کیاو بیایەکی بوو. دەست و باڵی ئاواڵە بوو و تەخشان و پەخشانی دەکرد. قۆری، لەبەر دەستیدا، لەسەر مەنقەڵی بوو. هەر کاتێک دەمی ویشک دەبوو و هەرکی بووایە، بێ دڵەڕاوکێ چای بۆ خۆی تێدەکرد، قوتووی شیلەتلیاکی ناو کەشەفەکەی، تەنیشت چراکە، لەبەر دەستی ئەودا بوو. چەندی پێخۆش بووایە بە شیشەوەی دەکرد و دەینا بە کونی قامیشەوە، دەیدا بە مشتەری و پاشماوەکەشی «بۆ ئەوەی کونی قامیشەکە پاک کاتەوە»، خۆی دەیکێشا. دیزە چکۆلە دووکەسیەکەیان لەسەر ئاور بوو دەکولا، نانەکەیان لەناو خوان بوو و خوێ و پیاز و ترشی و هەمووی شتێکی تریشی حازر بوو.

کورسی گەرم و دەوریشی پڕ بوو لە خەڵک. هەر کەسێکت پێخۆش بوو و هەر سەرێک، قسەیەکی پێ بوو. هەموو لە هەموو شت ئەدوان، حاسڵ، ساڵ و مانگ و دێم بەراو، ویشکە ساڵی و سەرما و زەماوەندەکان کە ڕاگیرابوون و زاوا و برازاوا گەل کە دیسانیش دەبوو وادەی ساڵێکی تر بەخۆیان بدەن و ئەوەی پارەکە بەفر میچی چەند خانووی ڕووخاندووە و کەسێکی کوشتووە– و خودا خۆی ڕەحم بکات و ئەمساڵ بەخێر بڕوات– و بەفرێک کە بیست ساڵ لەوەپێش، جەماوەری ناخافڵ لەناو ماڵەکانی زیندانی کردبوو و ناچار بوون ڕەهەند لێدەن و لەژێر بەفرەوە هاموشۆ بکەن و یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر، گەنم و ڕۆن، کشمیش و گوێز، کۆگا کۆگا لەناو دۆڵاییەکان کەوتبوو و دۆشاوی پاڵاوتە سەربەسەر لەگەڵ جۆ دەگۆڕدراوە و جۆش پێنج مەنی بە قرووشێک بوو و لە ئەمیر ئەرسەلان و فایز و ڕۆستەم، شەڕی ئۆحود و خەیبەر و عومەری کوڕی عەبدوو، مەرگ و مردن و ئەو شتانە... کە هەمووی بۆ لە چاڵ نانی شەو بوو و زۆریش خۆش بوو.

ئەسەدوڵڵا چواریاری بە قسەی خۆی هەموو زابولستان و بلووچستان گەڕا بوو و ناوچەی تاران و هەرێمی ڕەی وەک بەری دەستی دەناسی، لە جەحێڵی و سەفەرێکی کە چوو بووە عیشق ئاوای ڕووس، دەیگێڕاوە و سەید مووسا بەو باڵا درێژە و میزەر و شاڵە سەوزەی پشتی، لە سووچێکی کورسیەکە پاڵی بە دیوارەوە دابوو و ئەگەر کوو هەلێک هەڵکەوتایە، چوار بەیت شیعری نەجمای لەبەر خۆیەوە دەخوێندەوە.

حەلیمیش لەوێ بوو. شاژن و خەپە، خۆش بزە و بارێک. نەبات. گوڵی کوڵمەکانی پشکوتبوون و بزە تاوێک لە لێوی نەدەتاری. لە گوڵ کاڵتری نەدەگوت و کاڵتریشی نەدەبیست. هیچ دڵەڕاوکێی نەبوو شۆفارێک بچێتە لای شووەکەی و شەیتانی لێ بکا. داوێنی چارشێوەکەی پڕ کردبوو لە گەنم و هێنابووی بە قەرایی دەنکە نۆکێکی شیلە بکێشێ، هەمووی دەیکردە دوو بەست، ئەویش لەبەر خلێنەی بوو کە جاروبار وەژان دەکەوت. چاوەکانی بە چاوی ڕەحمەت لەچاوی مامزی کێوی دەکرد و ڕانەکانی وەک ماینی کەحلان. سمت و

ساتی، سەر و سینگی لە دووگی شەکێکی مەست دەچوو کە لەژێر چارشێوەکەی مەلاس دابوو، سپی و سفت لێوی پۆلوویەک ئاور بوو و لەنجە و لاری لە تاوسی دەکرد.

ڕەحمەت لەمێژ بوو دڵی لە حەلیمە چوو بوو، بەڵام دەترسا بیدرکێنێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر شکیان بکردایە کە ئەو نیازێکی وای هەیە، بەراوپشت سواری کەرێکی ڕەشیان دەکرد و بەناو کووچە و کۆڵاندا دەیانگێڕا.

ئەو چی و ژنی کوێخای زەوییە وەقف کراوەکانی لە کوێ؟ لاقی زیاتر لە بەڕەی خۆی درێژتر دەبوو، دەیانبرییەوە. خۆشی ئەوەی دەزانی و تەنیا بەسەیر کردن لە دوورەوە ڕازی بوو. دڵی کورکی ئەمە بوو شتێک ڕووبدا حەلیمە دایە و دەرهەم لەپێش چاوی بێ. وەک زۆرینەی مشتەریەکان کە سەرت دەقرتاندن کلکیان لەوێ بوو، کلکت بقرتاندایەن سەریان دەماوە. هیچ دەردێکیان سووک نەدەکرد، قەننە و جگەرەشیان دەکێشا، چایان دەخواردەوە، شیلەیان دەکێشا، دەیاننالاند یان دەیاننەڕاند و جوێنیان بە زەویی و زەمان دەدا و دەردەکەوتن.

ئەمانە هەموو سەر ئێشەیان زیاتر دەکرد، بەڵام حەلیمە وا نەبوو، پیاو لە دیتنی تیر نەدەبوو و بە ئاواتەوە بوو بۆنی پێوەبکا و تەنیا کاتێکی دەگونجا دەم و چاو و قژی لە پێشەوە ببیندرێ و هەناسەی بۆن بکرێ کە لەسەر لاتەنیشت لە قەراغ چراکە ڕادەکشا، سەری دەکردە سەر باڵنج و لێوی دەنا بە لێوی قامیشەوە. ئەگەر کوو وادەکەوت چارشێوەکەی لێدەبۆوە، سینگی خڕ و پڕ و زەردە لیمۆکانیشی دەکرا لەسەر کراسەکەیەوە ببینی، بەڵام کەوکەب درێغی لەمەش دەکرد و نەیدەهێشت. فوجەی نەدەدا ڕەحمەت لەگەڵ حەلیمە بدوێ و خێرا کارێکی دەدا بە گورچووی ڕەحمەتدا و خۆی کاری حەلیمەی ڕادەپەڕاند.

هەر شەوی ڕابردوو بوو هەرکە دیتی حەلیمە بە نیازی ئازار و گاڵتەمە قەستی هەڵگرتووە، مووەکانی پەنا گوێی ڕەحمەتی لە دەوری قامکی پێچاوە و دەڵێ حەرەکمە تووکی عەمەتەرەکەی کەوکەب هەڵپاچم و ڕەحمەتیش دەتریقاوە، ناردیە سووچێکی ژوورەکە و بەر پەرەمێزەکە هۆشی بە مەنجەڵەکەی سەریەوە بێ کە تلیاکە قاڵ کراوەکان باش بکولێ. حەلیمەشی لە خوار خۆیەوە دانیشاند، تا نۆرەبری بۆ بکا، شیلەی بداتێ و لە کۆڵ خۆی کاتەوە.

دیار بوو هەرەکی نییە قەد و قەوارەی حەلیمەش ببینێ و ئەگەر کوو بۆی بکرایە، سێبەرەکەشی بەتیر دەئەنگاوت. ددانی تەماحی نیو مەن گەنمی کە جاوبار دێنا، دەکێشا و فڕێی دەدا، بەڵام حەلیمە هۆشی بەلای ئەوەوە نەبوو، دەستەکانی نابووە قەراغ مەجوعمەکە، سەر و سینگی دابووە پێشەوە، چارشێوەکەی لێ ببۆوە کەوتبووە سەر شانی، لەچکەکەی لادرا بوو و زولفە ڕەشەکانی لەم لاو ئەولای دەم و چاوی دەرکەوتبوو و باسی شەوکوێری شووەکەی دەکرد کە چۆن شەوی جێژنی پارەکە، لاقی لە قەراغ بیرەکە هەڵنگوتووە و وەهای نەڕاندووە ئەو لەناو شانشینەکەی خۆیان لەوانە بوو زراوی بڕژێ و هاوسێکان لە دەرکە و سەربانەوە ڕژاونەتە ناو ماڵ و گلەیی دەکرد، هەرچی جەرگی لەناو ئاوایی وەگیرکەوتبێ دەرخواردی داوە، بەڵام کەڵکی نییە و تەنیا بۆنی زاری توندتر دەبێ و گوویەکان و ورگی زیاتر هەڵدەسێ، و دەیگوت چۆن کلۆ قەندەکان دەژمێرێ و دەیانخاتە ناو قەندان..

دەیگوت و لەگەڵ ئەوانەی لە دەوری بوون، کە کورسیەکەیان دەورەدابوو، پێدەکەنی. کەوکەبیش دەیبۆڵاند و پیشی دەخواردەوە و ڕەحمەت، لەبەر پەرەمێزەکە، لەسەر چۆکێک دانیشتبوو و گوێ قولاغ بوو و لەژێرەوە، سەیری نۆرەکانی دەکرد.

گڕ هەڵدەزنا و بە دەوری مەنجەڵەکەوە خەرمانەی دەدا، بەڵام وەک ئەوە وابوو ناو مەنجەڵەکە بەردی تێدابێ و بیەوێ بتاوێتەوە. ڕەحمەت دیتی مشتەری قەراغ چراکە جووڵەی وێکەوتووە، شێوا، حەلیمە دەستەکانی لەسەر کورسیەکە هەڵگرتبوو خەریکبوو لەچکەکەی دەهێناوە پێشێ و زولفەکانی کردەوە بەژێریدا خۆی ساز دەکرد. ڕەحمەت قینی هەستاو پەرەمێزەکەی دا بەر هەڵمەتی با لێدان. وەک ئەوەی لەم بەینەدا، خەتا خەتای پەرەمێزە و مەنجەڵ ئەگەر کوو ئەوانە نەبووایەن، کەوکەب دەچوو بەلای شێو سازکردن و نۆرەی حەلیمە بەر ئەو دەکەوت.

ڕەحمەت پەمپی لێدەدا و لەگەڵ هەر گورمەتێک، نەڕەی پەرەمێزەکە زیاتر دەبوو ژێرخانەکە پڕتر دەبوو لە دەنگ و زەنا زەنا. نەی دەزانی چی دەکا. کاتێک هەستی کرد گڕەکە کزە و خەریکە دەکوژێتەوە، حەلیمەش لەبەر کورسیەکە هەستاوە و چارشێوەکەی بەخۆیدا داداوە.

دەچێ بۆ لای کەوکەب، هەڵچوو، ددانەکانی لەسەر یەک قفڵ کرد و پەرەمێزەکەی دابەر گورمەتەی پەمپ. تەنیا ئەوە... کـەوکـەب دەنگی- وەک ئەوە لە بنی چاڵەوە هات:

- «چییـە ئەوە؟... ئەو خـاوەن مـردووە دەتەقێ... بە زەوی گەرمەوە نووسێ ئینشاڵڵا» ڕەحمەت داچڵەکی. وەک ئەوەی لەخەودا داغیـان کردبێ، پەمپەکەی لەگەڵ خۆی کێشـا، پەرەمێزەکە لەریەوە و مـەنجەڵە کـۆلاوەکە بەسەرلاقیدا قلپ بۆوە، بۆڕەی لێ هەستا، وەک فیشەک وەحەوا کەوت و کەوتەوە خوارێ، لاقی بەر پەرەمێزەکە کەوت، حەوایدا بۆ لای دیزەکە کە لەسەر ئاور بوو و خۆی گـلا دەلینگی پاتۆڵەکـەی دادڕی: لاقی دەرکـەوت و بەقـەرایی بەرە دەسـتـێک لە پووزی تۆقلەی کـرد وەک زمـانی وشـتـری لێ هات. بە هەر دووک دەست توند گـرتی، تۆقلە لەژێر گـوشـاری دەسـتـەکـانی تەقی و لینچقاوێکی بێ ڕەنگ لە بەینی قامکەکانیەوە فیچقەی کرد، هاواری گەیشتە خواو وەک مارێک کلکی کەوتبێتە بەر پێمەرە، گرمۆڵە بوو و لەخۆی ئاڵا.

دەیقـووڕاند و خـۆی لە عـەرز دەدا، وە دیـوار دەکـەوت، هەڵدەبەزیەوە، درێژ دەبوو، خـۆی لە عـەرزی ناو ژوورەکـە دەسـاوی، ڕاست دەبۆوە، بە عـەرزیدا دەکـەوت و دیسـانیش... کە مـشـتـەریەکـان قـاوغـەکـەیان شکاو ئەسەدوڵڵا چوار یاری خۆیدا بەسەر ڕەحمەتدا، توند گرتی و ئەوانی تریش لە دەوری کۆزبلکەیان دا.

ڕەحمەت چەند جار پانیەی لە عـەرزی وەژاند و سەری لە سینگی ئەسەدوڵڵا کوتا تا کەم کەم کەفی هەڵخڕاند و هێور بۆوە. گـەشکە گرتی و وەک هەمـوو جـارێک سەری بەسـەر شـانیـدا لاربۆوە و ڕاوێسـتـا. تۆقلەکـەیان پێـچـا ڕەحمـەتیـان لە تەنیشت کورسیەکە ڕاکێشا و هەموویان گـرژ و مـۆن، لە تەنـیـشت کـورسی دانیـشتن و سەرخـۆشی تەری.

... دەنگی کـەوکـەب، کـە بە هەڵتـرووشکانەوە لەسـەر ئەنیشکی ویشک ببوو، بەرز بۆوە:

- «ئینشـاڵڵا ئەوە فـێی هەوەڵ و ئاخـری بێ بەهەقی فـاتمەی زارا..» ڕوو لە مـیـچی ڕەش، مسـتی قـووچاند و لەناوەڕاسـتی سـینگی کـوتا. دوایەش لەلای هەمـوو ئەو کـەسـانەی لەوێ بوون، سـوێندی خـوارد کـە بەیـانی زوو ڕەحمەت دەردەکات بە ئەمانی خودا بۆ هەرکوێیەک دەچێ بابـچێ و گــوتی تا ئەمــڕۆ ئەوەندەی تەڕ و ویشـکی کردۆتەوە بەشی حەوت پشتی دەکات...

هەرواشی کرد.

بەڵام بۆ ڕەحمەت لە ڕۆژیش ڕۆشنتر بوو کەوکەب خۆی پێ ڕاگـیر نابێ و کـەسێک بە دوویدا دەنێرێ، بەڵام ڕۆژ تێپەڕ بوو و ئەوەی ڕەحمەت چاوەڕوانی بوو، نەهات. تا ئەوەی شەو لەگەڵ بایەکی بە قەوەت هات و ڕەحمەت بە تەنێ ماوە لەنێوان ئەو کۆلانانەی کە جەماوەریان لەگەڵ مـامرەکـانیـان دەخـەوتن، ئەمـە بوو کـە ڕووی کـردە مـاڵی وەقـفی خـێـرات و خزیە نێـو جلی کـەری قـەرەجـەکـان و چاوەڕوانی بەیانی بوو.

(٦)

مـانـگ تەواو هـاتبـووە سـەر و «با» دەنگی گـەلە چەقەڵێکی لە شۆڕەکاتەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا، چوارپێ، سـەری نابووە نێـو ئاخـوڕ و شـەویلکەکـانی دەجـووڵاوە. تەویلە بێدەنگ بوو و پۆلێک هەسارە لە کولاوکەی ژێر میچەوە دیار بوو و ڕەحمەت چەشنی ژیشک چووبووە نێو قـاپووڕەکەی خۆی و چاوەکانی زەق ببۆوە. هەنگاوەکانی پیـاوێک لەسەر بەفر نزیک بۆوە، دەرکی ژووری ئەوبەری دیوار جـیـرەی هات و دەوریەک ڕووناکی کـەوتە تەرکی تەویلە... شەو چی وای بە بەرەوە نەمابوو.

ڕەحمەت چووە لای کونەکە، دەم و چاوی بردە پێشەوە، جۆرێک کە هەموو ناو ژووری ئەوبەری دیوارەکەی دەدی، بە دیـواری ڕووبـەڕووەکــەیەوە لەنـتــەرێک بـە ملی گوڵمێخەوە وێستا بوو و لە تەنیشتی پیاوێک بە پێوە بوو و سـەیری یەک شوێنی دەکرد دەم و چاوێکی ویشک و ڕەشی هەبوو، وەک کـولێـرەی جـۆ، لەشی چوست و چالاک بـوو وەک کــۆلکەدار، وا دەردەکــەوت زلە و بەقـەوەتە. عـەبایەکی ڕەش تا ژێر ئەژنۆی داپۆشیبـوو، و پشـتی بە پشـتـێنێکی زەرد پێـچـرا بوو. لووتی درێژ و ناحەز بـوو. چاوەکانی ڕەش و مژۆڵەکانی چەشنی خەنجەر بوو. برۆکـانی لە ڕەنگی مـەرەکـەب تا نزیک کـەڕاکـەی سـەری کـێـشـرا بـوو و شـاڵگەردنێکی ڕەنگ وشـتـری، دەوری مل و بەشـێک لە چەنەی دەشـاردەوە. پیـاو لەم حاڵەدا دەتگوت کـۆڵەکـەیە لە پۆلا داڕژابێ. هەیبـەتێک بوو ڕەحمەت هەمیشە بەلای خۆیەوە، حەزی لێی بوو: بەم سەر و گەردن و بەژن و بالایەوە زۆر کار دەشێ بکرێ.

پیـاوه داهاتەوه، قـەیتـانی پۆتینەکـانی شل کـردەوه، عـەباکـەی داکـەند، چوو بۆ لای ژنەکـە، لە تەنیـشـتـی دانیشت، لەسـەر ئەنیشکی پاڵی داوه و دەسـتی چەشنی خشت بەسەر گۆنای ژنەدا هێنا. دوایە سەری بردەخوارێ و جێ دەستی خۆی ڕامووسی.

ژنە پێـڵـووی چاوەکـانی لێکدا. شـووەکـەی کـە دیت، بزەیەکی نەرم نیـشـتـە سـەر لێـوە شین و گـۆشـتنەکـەی. قامکەکانی پیاوەکەی بە پەنجەکانی گرت و بە سینگیەوە نووساند..

ڕەحمەت تینوو و حیز سەیری ژن و پیاوە قەرەجەکەی دەکرد و دەستی لە دڵی نەدەبۆوە. وەک ئەوەی دەوری دەم و چاوی بە قەراغ کونەکەوە دوورابێ. دۆمە بەو شێوەی کـە ژنەی لە ئامـێـز گـرتبـوو، هەڵی هێناو بردیە لای فانۆسەکە، پلێتەکەی کز کرد و گەڕاوە بۆ ژێر نوێنەکە و سێ تاڵ مانگەشەو چەشنی سێ شاخەی شەنە لە دەرزی دەرکەوە، کەوتە سەر نوێنەکە..

ڕەحـمـەت دەمی ویشک و کـەڕاکـەی سـەری داغ ببـوو، بەڵگی گوێیـەکـانی چەشنی هەنار سـوور سـوور ببـوون و گـڕیان گـرتبـوو. لەشی دەسـووتا، وەک ئەوەی شـەڕابیـان کردبێتە ناو دەمارەکانیەوە، هەستێکی هەبوو خۆشتر لە هەمـوو کاتێک و ئەگەر بۆی بلوایە، عەرزی کون دەکرد و حـەلیـمـەی لێ دەهێنا دەرێ. گـوێرێژەکـە، پرمـاندی و گوێیەکانی تەکاند.

ڕەحمەت گەڕاوە دواوە و لەسەر ئاخوڕەکە دانیشت، ناز و نووزێکی پچڕ پچڕی دەبیست. لە کولاوکەی سەربانەوە بە قەرایی لەتێک لباد، مانگەشەو کەوتبووە سەرپشتی گوێرێژەکە و قەوارەی سپیتر و ئازاتر نیشان دەدا. چالاک و شەشدانگ، کەفەڵی سفت، گوێچکەکانی قوڵە و تیژ و ملی بڵێند و درێژ. لەو ماڵانەیە پیاو دڵنیایە بە باشی دەتوانن باری دوو خێزان شار بەشار و دێ بەدێ هەڵگرن سـەرشـانەکـانی تەخت بوو، و ڕانەکـانی قـەڵەو، کەفەڵەکانی خڕ و سپی، چەشنی دوو دەوری پلاو...

فکرێک لە کـەللەی دا. خـەیاڵێک چەشنی شـەپۆل وەسەرتاپای بوونی کشا و لەسەر ئاخوڕەکە هەڵیساند برژانەوەی لاقیشی لەبیر چوو بۆوە.

(٧)

- تەپ، تەپ...

دۆمە دەنگەکەی ناسییەوە و لەژێر نوێنەکە دەرپەڕی، پەشۆکا و فانۆسەکەی هەڵدا و عەبای لەبەر کرد. پێی وابوو گورگ پەلاماری گوێرێژەکەی داوە.. بەفر بوو و سەرما و سەحرا مەڕی لێ بڕابوو. دەرکی تەویلەش بە بایەک بەند بوو و بە هەڵمەتێکی گورگ تێک دەقوما. دەستی دا کوتک و خۆی گەیاندە تەویلە. ولاغەکە هەستا بووە سەر دەست و لووشکەی دەهاویشت کە دۆمە فیکەی بۆ کرد و بردیە ئەو لاوە.

ڕەحمەت بەر موسڵدانی گرتبوو و نووشتابۆوە، لەسەر ئەژنۆکانی ڕاست بۆوە، بە ڕقەوە سەری دا بە دیواردا و لەبەر ئاخوڕەکە بلاوبۆوە. دۆمە چوو بۆ لای و فانۆسەکەی لە دەم و چاوی نزیک کردەوە زاری داپچڕاو و کەفی کردبوو و چاوەکانی چەشنی دوو دەنک نۆکی کولاو، لەبن کاسەوە زەردی دەکردەوە. کەڕاکەی سەری شکابوو. جۆگەی خوێن لەسەر دەم و چاوی دەکەوتنە ڕێ و ئاوێتەی کەفەکان دەبوون.

دۆمە هەستی بە ژانێکی توند لەناو پشتی کرد و بەزەیی پێی هات. بە تووڕەیی سەیرێکی دێزەی کرد. دێزە، لە سووچێکی دیوارەکە وێستا بوو و سەیری ئەوانی دەکرد. دەیتوانی چی لێ بکات؟ ترسێک نیشتە دڵی، بەلام لە پیاوی «هەمیشە سەفەری»، ئەم جۆرە کارانە زۆر ڕوو دەدەن.

چارشێوەکەی لە ڕەحمەت کردەوە و جوان دایپۆشی. کورتانی هاویشتە سەر گوێرێژەکە و کردیە دەرێ، چفتی دەرکی تەویلەی خست و چووە ژووری ئەوبەری دیوارەکە. ڕاخەرەکەی کۆکردەوە، سندانی هەڵکێشاو خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکەی بوو.

ژنەکەی پرسی: «چی بوو؟»

شۆرەکات ڕووت بوو. مانگ خەریک بوو دادەکەوت. ژنە بەسەر گوێرێژەکەوە وەنەوزی دەدا فانۆسەکە بەپەتی خورجینی کەرەکەوە دەلەریەوە و پیاوە هێشتاش هەر بێدەنگ بوو.

*** ئەدبار. ناوی ئاوایی چیرۆکەکەیە، بە مانای بەدبەختی.**

*** بەست. بڕێک. بەستێک تلیاک. بڕێک تلیاک کە هەڵی دەگرن بە قامیشەوەی دەنێن بۆ کێشان.**



# داد

**ئازاد ئەرگوشی**

**پەردەی یەکەم**

(شانۆ دارستانە، دەنگی ئاو و بڵندەکانی جۆراوجۆر دێت، قەفەسێک لە ناوەندی شانۆیەکەدایە کە شێرێک تێیدا گیری خواردووە، لەو کاتەدا کەروێشکێک دێتە سەر شانۆکە، کاتێ شێرەکە چاوی پێدەکەوێت، دەست دەکات بە پاڕانەوە بۆ ئەوەی لە قەفەسەکە ڕزگاری بکات).

**شێر:** ئای بەخوا زۆر باش بوو ئەم کەروێشکە هات، با بزانم ناتوانم خۆم لەم قەفەسە دەربازکەم.

(لەوکاتەدا کەروێشکەکە چاوی بەشێرەکە دەکەوێ).

**کەروێشک:** سلاّو ئەی شێری شێران، خێرە ئەوها تاک و تەنیا بەبێ خزمەتکار لێرە پاڵت دایتەوە.

**شێر:** تا خزمەتکاری وەک تۆم هەبێ هەمیشە تەنیا دەبم.

**کەروێشک:** خوانەکات قوربان، بەڵام باشە پێم ناڵێی جەنابت چۆن چۆنی چوویتە ناو ئەم قەفەسەوە.

**شێر:** خۆشم نازانم هەر ئەوەندەم بینی لەناو ئەم قەفەسەدام.

**کەروێشک:** مەبەستت ئەوەیە کە ناتوانی بێیتە دەرەوە.

**شێر:** بەخوای بێمێشکی ئەگەر بمتوانیبا لێرە دەبووم، (بەتووڕەیی) نازانم... نازانم.. ئەم هەموو خزمەتکارانە لەکوێنە.

**کەروێشک:** لەخزمەت دامە قوربان، بەڵام چیم پێدەکرێ؟

**شێر:** ناتوانی دەرگای ئەم قەفەسە بکەیتەوە؟

(کەروێشک چەند جار بە دەوری قەفەسەکەدا دەسووڕێتەوە)

**کەروێشک:** نا، ناتوانم، هەر نازانم دەرگای لە کوێیە، بەڵام...

**شێر:** بەڵام چی؟

**کەروێشک:** ئەڵێم قوربان من ئەو گیانەوەرەی ئەم قەفەسەی دروست کردووە دەیناسم.

**کەروێشک:** نا، ناتوانم، هەر نازانم دەرگای لەکوێیە بەڵام...

**شێر:** چۆن لەکوێیە؟

**کەروێشک:** زۆرجار دەبینم لەم دەوروبەرانەدا دەسووڕێتەوە، ئەگەر شانست هەبێ دوور نییە ئیمڕۆش بێتە ئێرە.

(لەوکاتەدا پیاوێک، کە ئامێری دار بڕینی پێیە دێتە لای کەروێشک و شێرەکە).

**کەروێشک:** (چاوی پێدەکەوێ) قوربان، قوربان تەماشاکە هات.

**شێر:** کوا، لەکوێیە؟

**کەروێشک:** تەماشای لای ڕاستت بکە، بەخوای بەختت هەیە.

**شێر:** بڕۆ پێی بڵێ میرم داوای تۆ دەکات.

**کەروێشک:** میرم...؟

**شێر:** بۆ.. لێم ناوەشێتەوە؟

**کەروێشک:** نا قوربان، بەڵام تاکو ئێستا میری ئەوەندە بێ دەسەڵاتم نەبینیوە.

**شێر:** بڕۆ کاتی ئەم قسە قۆڕانە نییە... بڕۆ بیگەرێ وا خەریکە دەڕوات.

(کەروێشک بەرەو پیاوەکە دەڕوات و بانگی دەکات)

**کەروێشک:** هۆ کاکی ڕێبوار، هۆ کاکی ڕێبوار.

**پیاو:** کێیە بانگم دەکات. (تەماشای دەوروبەری دەکات).

**کەروێشک:** منم کەروێشک میرم داوای تۆی کردووە. دەڵێ بە زووترین کات بێتەلام.

**پیاو:** میرت کێیە؟

**کەروێشک:** شێر، پاشای دارستان.

**پیاو:** شێر؟

**کەروێشک:** زوو وەرە بڕۆین تا تووڕە نەبووە.

(دەنگی شێر)

**شێر:** کەروێشک لە کوێی؟

**کەروێشک:** (بەترسەوە) بەڵێ، بەڵێ، واهاتم قوربان، وەرە بابڕۆین.

**پیاو:** فەرموو پێشم کەوە.

(هەردووکیان بەرەو شێرەکە بەڕێ دەکەون تا دەگەنە لای شێرەکە)

**شێر:** هەی پیاوی چاک بەزەییت پیام بێتەوە، لەم قەفەسە ڕزگارم کە.

**پیاو:** ناتوانم بڕوات پێ بکەم، کێ دەڵێ هەر کە لەقەفەسەکە دەرچووی نامخۆی.

**شێر:** ئەوە دەڵێی چی؟

**پیاو:** (بە کەروێشکەکە) دەی توخوا تێی بگەیێنە.

**کەروێشک:** مەبەستی ئەوەیە کە...

**شێر:** پێویست بە ڕوونکردنەوە نییە، دەزانم چی دەڵێی: گەورەی پیاو چاک، بەڵێن بێ لەمەودوا ئازاری هیچ گیانلەبەرێک نادەم.

**کەروێشک:** بەڵێن بێ، بەڵێنی شێرانە دڵنیابە میرم سەری بڕوات بەڵێنەکەی لە شوێنی خۆیەتی.

**شێر:** ڕزگارم بکە مەرج بێ، مەرجی شێرانە هەتا ماوم خزمەتکاری تۆم.

**پیاو:** لەمێژە پێویستم بە خزمەتکارێکی وەکو تۆ هەیە، ڕزگارت دەکەم، بەڵام بە مەرجێک.

**شێر:** مەرجت چییە؟

**پیاو:** بەو مەرجەی کە سێ جار بەشایەتی ئەم کەروێشکە بڵێی من خزمەتکاری تۆم.

**شێر:** (لەپاش کەمێک ڕاوەستان) ناکرێ بێمە دەرەوە ئەوجا بڵێم، دەستت ماچ دەکەم.

**پیاو:** شتی وانییە، یەکەم جار بڵێ ئەوجا ڕزگارت دەکەم.

**شێر:** (دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ) تۆ چی دەڵێی کەروێشک؟

**کەروێشک:** چی بڵێم گەورەم، ئەوەندە دەزانم هەمیشە باوکم دەیوت مرۆڤ هەندێک جار ناچار ئەبێ خزمەتی خزمەتکاری خۆشی بکات.

**پیاو:** ئەوەندە ماوەم نییە زۆر درەنگە ئەگەر ناڵێی من ڕۆیشتم، خوات لەگەڵ.

**کەروێشک:** چارە نییە.

**شێر:** باشە من خزمەتکاری تۆم (بەدەنگێکی نزم)

**پیاو:** گوێت لێ بوو کەروێشک، من گوێم لێ نەبوو.

**کەروێشک:** بەڵێ گوێم لێ بوو.

**پیاو:** جا تۆ بەم گوێ درێژانەت چۆن گوێت لێ نابێ، پێویستە من گوێم لێ بێ.

**شێر:** (بەدەنگێکی بەرز) من خزمەتکاریی تۆم، من خزمەتکاری تۆم، من خزمەتکاری تۆم.

**پیاو:** ئا ئەمە تەواوە.

(پیاوەکە خەریکی کردنەوەی قەفەسەکە دەبێ، هەرکە شێرەکە دێتە دەرەوە پەلاماری پیاوەکە دەدات لەو کاتەدا کەروێشکەکە دەست بە هەڵاتن دەکات).

**شێر:** گەوجە هەر ئێستا دەتخۆم، خوا نانی نیوەڕۆی بۆ ناردم.

**پیاو:** ئەوە چییە؟

**شێر:** هیچ نییە، برسیمە دەتخۆم.

**پیاو:** ڕاستە دەڵێن مرۆڤ پێش ئەوەی بڕواتە ناو بیرەکە یەکەم جار پێویستە بیر لە هاتنە دەرەوە بکات.

**شێر:** کاتی ئەم قسانە نییە، ئامادەبە بۆ خواردن.

**پیاو:** تۆم لە مردن ڕزگارکردووە، ئێستاش بەتەمای بمخۆی؟ توخوا ئەمە ڕاستە؟ ئەمە دادپەروەرییە؟

**شێر:** خۆت بە داد و مادەوە خەریک مەکە لەم دارستانەدا داد نییە.

**پیاو:** نییە؟

**شێر:** نەخێر نییە.

**پیاو:** با هەیە، ئەگەر بڕوام پێ ناکەی با لە گیانلەبەرانی ئەم دارستانە بپرسین.

**شێر:** من تاقەتی ئەوەم نییە لەو دارستانەدا بەدوای گیانلەبەران بسووڕێمەوە، بۆ ئەوەی بزانم داد هەیە یان نییە، من برسیمە چەند ساتێک لەم دەوروبەرانە دەسووڕێینەوە هەر گیانەوەرێکمان بینی لێی دەپرسین کە ئایا لەم دارستانەدا داد هەیە یان نییە، ئەگەر سێ گیانەوەر گوتیان هەیە مەرج بێ ئازادت بکەم.

**پیاو:** زۆر باشە.

**شێر:** لەبیری نەکەی تەنیا لە سێ گیانەوەر دەپرسین ئەوجا خۆت و بەختت.

**(پەردەی دووەم)**

(شانۆ گۆشەیەکی تری دارستانە، مەیموونێک لەلای چەپی دارستانەوە دێتە سەر شانۆ)

**شێر:** ئا ئەمەش مەیموون (بانگی مەیموونەکە دەکات) مەیموون، مەیموون.

**مەیموون:** بەڵێ، بەڵێ کێیە؟

**شێر:** تەماشاکە بزانە کێیە.

**مەیموون:** ئای قوربان تۆی، لە خزمەتدامە.

**شێر:** مەیموون باش گوێم لێ بگرە، بزانە چی دەڵێم.

**مەیموون:** فەرموو قوربان.

**پیاو:** مەیموون پرسیارێکمان هەیە دەمانەوێ بەبێ دوو و سێ وەڵامان بدەیتەوە.

**مەیموون:** ئا چ پرسیارێک بێ.

**شێر:** ئایا لە دارستان داد هەیە...

**مەیموون:** داو، داو گەلەک زۆرە وریابن.

**پیاو:** داوی چی، داد.

**مەیموون:** ئێ، ئێ مەبەستت دادپەروەرییە.

**پیاو:** بەڵێ.

**مەیموون:** وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، پەلەم لێ مەکەن، پێتان دەڵێم.

**شێر:** بەڵام کەمێک زوو.

**مەیموون:** (لەپاش ماوەیەک بیرکردنەوە) ئەوە ماوەیەکی زۆرە لەم دارستانەدا دەژیم، تا ئێستا خراپەم بۆ کەس نەبووە، دوێنێ گورگێک هات هەموو بێچووەکانمی خوارد نا جەنابی شێر لەم دارستانەدا هەموو شت هەیە تەنیا دادپەروەری نەبێ.

**شێر:** (بەپیاوەکە) خۆ گوێت لێ بوو.

**پیاو:** باشە، بەڵام هێشتا دوو گیانلەبەری تر ماون کە لێیان بپرسین.

**مەیموون:** خێرە ئەم پرسیارە دەکەن.

**شێر:** ئەمە شتێکە لە بەینی خۆمان بۆت نییە بزانی.

**مەیموون:** بەڵێ قوربان.

**شێر:** ئێستاش ڕێگات بگرە و بڕۆ.

**مەیموون:** خواتان لەگەڵ (دەڕوات)

**شێر:** با کەمێک لێرە پشوو بدەین، کێ دەزانێ دوور نییە هەر لێرە بتوانین دوو گیانلەبەری تر ببینین.

(پیاوەکە لەسەر قورمە دارێک دادەنیشێ)

**پیاو:** زۆر چاکە شێری شێران.

(لەلای ڕاستی دارستان کەروێشکەکە بەرەو پیاوەکە و شێرەکە دێت)

**کەروێشک:** ئێ، ئێوە هێشتا پێکەوەن.

**شێر:** ئەمەش کەروێشک، وەرە بابە وەرە، باشە پێم نالێی بۆ کوێ چووی؟

کەروێشک قوربان هەستم کرد جەنابت زۆر برسیتە، گوتم با وازی لێ بێنم، بەڵکو بە خەیاڵێکی ئاسوودە پارووە نانەکەی بخوات.

**شێر:** (پێدەکەنێ) فێری گاڵتەکردنیش بووی، دەبینی پارووە نانەکە هەر ماوە.

**کەروێشک:** ئەوەی لای بەڕێزتان گەورە بووبێ فێری زۆر شت دەبێ.

**پیاو:** کاتی ئەم قسە قۆڕانە نییە، با پرسیارەکەی لێ بکەین.

**شێر:** دەزانم زۆر بە پەلەی.

**پیاو:** بە قوربانی دەمت بم.

**شێر:** باش گوێم لێ بگرە، بزانە چی دەڵێم.

**کەروێشک:** گوێم لێتە قوربان.

**شێر:** من و ئەم کابرایە لەپاش ڕۆیشتنی تۆ گرەومان کردووە، لەسەر ئەوەی کە ئایا لەم دارستانەدا داد هەیە یا نا.

**کەروێشک:** باشە کامەتان دەڵێن داد هەیە و کامەتان دەڵێن داد نییە؟

**پیاو:** تەنیا وەڵامەکەمان دەوێ.

**کەروێشک:** بەڵام گیانەوەرێکی بێ مێشکی وەکو من چۆن دەتوانی وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بداتەوە.

**پیاو:** کەواتە تۆ نازانی.

**کەروێشک:** نەخێر نازانم.

**شێر:** (دەنەڕێنی) چۆن نازانی، فێرت دەکەم.

**کەروێشک:** بەڵام قوربان من فێری شت نابم.

**شێر:** کە من دەڵێم فێر دەبی یەعنی فێر دەبی تەواو.

**کەروێشک:** بەڵام قوربان باوکم هەمیشە پێم دەڵێ کە نەزانی خاوەنی قسەکە کێیە نابێ ڕات لەسەر دەربڕی.

**شێر:** ئەمە بووە شتێکی تر، من دەڵێم لەم دارستانەدا داد نییە، بەڵام ئەم کابرایە دەڵێ هەیە.

**پیاو:** ئێستاش دەڵێم هەیە.

**کەروێشک:** قوربان ئێستا تێگەیشتم، قسەی ڕاست هەر لە جەنابت دەوەشێتەوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەم دارستانەدا بە فەرموودەی جەنابت داد نییە.

**پیاو:** نییە... چۆن نییە؟

**شێر:** چۆن چۆنی ناوێ ئەمە دوو گیانلەبەر، دۆڕاندت، ئێستاش ئامادەبە بۆ خواردن.

**پیاو:** من ئامادەم، بەڵام شێرێکی وەک جەنابت پێویستە خاوەن قسەی خۆی بێ، ئێمە گوتمان لە سێ کەس دەپرسین، تازە بەتازە ئەوە دوو کەس.

**کەروێشک:** قوربان فەرمایش و کارێکتان نییە من دەڕۆم زۆر گرفتارم.

**شێر:** بڕۆ دوای کاروکاسبی خۆت.

**کەروێشک:** بە یارمەتیت قوربان (تەماشای پیاوەکە دەکات).

ئارەزووی تەمەن درێژیت بۆ دەکەم.

**پیاو:** ئەگەر تەمەنی من بەدەستی هی وەکو تۆ بێ، خوا هەڵناگرێ زۆر درێژ دەبێ.

**کەروێشک:** چارە چییە، تۆ باش دەزانی دنیا لەدەست کێیە، بە یارمەتیت، سەرکەوتووبی.

**شێر:** خوات لەگەڵ.

(لەگەڵ دەرچوونی کەروێشکەکە ڕێوی لەلای چەپەوە دێتە سەر شانۆیەکە)

**ڕێوی:** سڵاوی لێ بێ شێری شێران، لە خزمەتدامە.

**شێر:** (بەپێکەنینەوە) ئای لەو زمان لووسەی، دەی ئەمەش مام ڕێوی دەتوانی لێی بپرسی.

**ڕێوی:** پرسیاری چی قوربان.

**پیاو:** مام ڕێوی دەمانەوێ کێشەکەمان یەک لا بکەیتەوە ئەم شێرە کەوتبووە ناو قەفەسێکەوە، منیش ڕزگارم کرد کەچی ئێستا بە تەمایە بمخوات، جا پێم بڵێ ئەمە ڕاستە؟ ئەمە داد پەروەرییە؟

**ڕێوی:** ڕاوەستە، ڕاوەستە من لەم بەسەرهاتەی تۆ هیچ نەگەیشتم جاریکی تر بۆم بگێڕەوە.

**پیاو:** دەڵێم ئەم شێرەم لەناو قەفەسەکە دەرهێنا ئێستا بەتەمایە بمخوات، منیش پێی دەڵێم ئەمە داد نییە ئەویش دەڵێ دادوماد لەگۆڕێ نییە، بەڵام دەڵێم لەم دارستانەدا داد هەیە، تۆ چی دەڵێی؟

**ڕێوی:** بەڵێ بەڵێ (کەمێک بیر دەکاتەوە) گوتت من

لەناو قەفەسەکەدا بووم شێرەکە بەلای قەفەسەکەدا ڕۆیشت کە گوێی لە پاڕانەوەی تۆ بوو، دەرگای قەفەسەکەی کردەوە و تۆش ڕزگاربووی.

**پیاو:** (بە بێزارییەوە) نا، نا من لەناو قەفەسەکەدا نەبووم، شێرەکە لەناو قەفەسەکەدابوو، زۆر سەیرە..!!

**شێر:** (بە نەڕاندنەوە) من لەناو قەفەسەکەدا بووم هەی بێ مێشک.

**ڕێوی:** بەڵێ قوربان لەناو هەناسەت دابوو.

**شێر:** (بەتووڕەیی) هەناسەی چی هەی گەوجەی بێ مێشک.

**ڕێوی:** قوربان حەز دەکەم خۆت تووڕە نەکەی ماوەیەکە گوێم گران بووە.

**پیاو:** (لەبەرخۆیەوە) یارەبی کەڕ بی.

**ڕێوی:** بەڵێ بەڕاستی من کەڕ و بێ عەقڵم، من وا بۆ خۆم دەڕۆیشتمە ڕاو چ کارم بەکاری ئێوە بوو بێم کێشەی ئێوە حەل کەم ئەویش چ کێشەیەکی ئاڵۆزە، هەردووکتان لەناو قەفەسەکەدا بوون قەفەسەکەش ئێوەی ئازاد کرد، ئیتر چیتان دەوێ.

**شێر:** چەند جار پێت بڵێم من لەناو قەفەسەکەدا بووم.

**ڕێوی:** چەند جار پێم گوتی؟ جا دار کەی قسە دەکات؟

**پیاو:** داری چی و حاڵی چی، دار نا جار.

**ڕێوی:** تێگەیشتم پار، ئەم کێشەیە هی پارە.

**شێر:** هی ئێستایە.

**ڕێوی:** هی وەستایە (بەپیاوەکە) ئێ، ئێ کێشەکەی چییە وەستا لە خزمەتدامە.

**شێر:** ئای سندانت لێدا، دەی زوو ڕوون و ئاشکرا کێشەکەمان پێ بڵێ دڵنیامە بەخواردنی تۆ کۆتایی پێ دێ.

**ڕێوی:** بەخواردنی من؟

(ڕێوییەکە لەخۆ دەچێ و دەکەوێتە خوارەوە)

**پیاو:** بابە لەگەڵ تۆی نییە لەگەڵ منیەتی... (بەشێر)، دەترسم تا کێشەکەمان تەواو دەبێ سێ چوار گیانەوەری تر بە کوشتن بدەین.

**شێر:** (بەرەو ڕێوییەکە دەڕوات) مام ڕێوی، مام ڕێوی، (بەپیاوەکە) نەمردبێ؟

(ڕێوی چاوەکانی دەکاتەوە)

**ڕێوی:** ئای مردم، مردم، کاغەز و قەڵەمم بۆ بێنن با وەسیەتەکەم بنووسم.

**پیاو:** هەستە بابە هەستە، تۆ لەمن ساختری هەستە هەستە کێشەکەمان کۆتایی پێ بێنە.

**ڕێوی:** کێشەی ئێوە هێشتان بەردەوامە؟ وام زانی تەواو بووە، بەڵام، بەڵام...

(وا پیشان دەدا کە خەریکە بیر دەکاتەوە)

**شێر:** بەڵام چی؟ بۆ قسە ناکەی؟

**ڕێوی:** ڕاوەستن پێویستیم بە هێمنایەتی هەیە دوور نییە بتوانم کێشەکەتان حەل کەم.

**پیاو:** بەڵا دوورە ئینشائەڵا، بەڵام کەمێک زوو.

**ڕێوی:** هەر کاتێ تووشی تەنگەژەیەک بوومە باپیری ڕەحمەتیم بەهانام هاتووە.

**شێر:** باپیرت؟

**ڕێوی:** بەڵێ باپیری ڕەحمەتیم ساتێک پێش هاتە خەونم پێی گوتم چی بکەم.

**شێر:** کەی؟

**ڕێوی:** هەر ئێستا.

**پیاو:** باپیرت!؟ بەکوێدا هات کە ئێمە نەمانبینی؟

**ڕێوی:** ساتێک کە لەخۆ چووم هاتە خەونم و گوتی...

**شێر:** چی گوت؟

**ڕێوی:** ناتوانم بڵێم، دەترسێم لێم تووڕەبی.

**شێر:** نا بڵێ، تووڕە نابم، بەڵام بە مەرجێک.

**ڕێوی:** مەرج؟

**شێر:** بەو مەرجەی کە بتوانی کۆتایی بە کێشەکەمان بێنی.

**ڕێوی:** پشت ڕاست بم، ئەی ئەم کابرایە.

**پیاو:** بەشەرەفم تووڕە نابم.

**ڕێوی:** ئەمە بووە شتێکی تر (بەشێر) بەڵام تۆش ئەبێ سوێندم بۆ بخۆی کە تووڕە نابی.

**شێر:** بەسەری مام ڕێوی.

**ڕێوی:** نەبوو، نەبوو، سەری مام ڕێوی لای تۆ پەلکە پیازە.

**شێر:** تۆ لای من زۆر ئازیزی.

**ڕێوی:** بەڵام ئەوەندە نییە کە بتوانم بڕوات پێ بکەم.

**شێر:** بابە بە شەرەفم تووڕە نابم.

**ڕێوی:** ئەی بەقوربانی دەمت بم، باپیرم فەرمووی سواری پشتی... (ڕادەوەستێ).

**پیاو:** پشتی کێ؟

**ڕێوی:** خەیاڵت ئاسوودە بێ پشتی تۆ نییە.

**شێر:** (بە نەڕاندنەوە) ئەی کێ؟

ڕێوی (دەست بەگریان دەکا) بەڵام قوربان بەسەر و کەللەی موبارەکت سوێند، ئەگەر درۆ بکەم باپیرم فەرمووی...

(دیسان دەست بەگریان دەکات).

**پیاو:** باشە پێم نالێی بۆ دەگریێی؟

**ڕێوی:** کوو نەگریێم، کوو دەبێ پیس و بێزەوەرێکی وەکو من سواری پشتی شێر بێ.

**شێر:** (بەتووڕەیی) سواری پشتی من؟

**ڕێوی:** (بەگریانەوە) بەڵێ قوربان باپیرم فەرمووی سواری پشتی شێر دەبی، دەڕۆیە لای قەفەسەکە، لەوێ زۆر بە ئاسانی کێشەکە کۆتایی پێ دێ.

(بەدەنگێکی بەرز دەست بەگریان دەکات).

**شێر:** مەگریی، بابە مەگریی.

**ڕێوی:** چۆن نەگریێم، چۆن دەبێ سواری پشتی موبارەکت بم.

**شێر:** باشە باپیرت بە ملی شکاوی نەیوت ڕێگایەکی تر هەیە یا نا...؟

**ڕێوی:** (بەگریانەوە) داخی گرانم، نەخێر.

**پیاو:** جەنابی شێر درەنگە، چی دەکەن بیکەن دەنا من ڕۆیشتم.

**شێر:** بۆ کوێ دەڕۆی، چۆن لە چنگم ڕزگار دەبی؟ (بەڕێوی) وەرە، وەرە، سواری پشتم بە، یاخوا ملی باپیرت بشکێ لەگەڵ ئەم چارەسەرکردنەی.

**ڕێوی:** جارێ سواربە دنیا دەورانە
ڕێوی لەسەر پشتی شێری شێرانە
تا دەگەیە قەفەس خوا کەریمە
دەی سواری پشتت کە ئەم هەتیوە

**شێر:** بەڵێ خوا کەریمە، لەوێ حیساب و کتابی خۆمان دەکەین مام ڕێوی.

**ڕێوی:** فەرمایشی جەنابت ڕاستە شێری شێران.

(ڕێوی سواری پشتی شێرەکە دەبێ، هەر سێکیان بەرێدەکەون بەرەو قەفەسەکە).

**(پەردەی سێیەم)**

(شانۆ، دارستان، شوێنی قەفەسەکە، شێر و ڕێوی و پیاوەکە وردە وردە لە قەفەسەکە نزیک دەبنەوە، ڕێوی سواری پشتی شێرەکە بووە).

**ڕێوی:** جەنابی شێر.

**شێر:** بەڵێ.

**ڕێوی:** دەڵێم دنیا لەدەست کێیە؟

**شێر:** جارێ لەدەستی تۆ دایە، تا دواییش خوا کەریمە.

**ڕێوی:** سەدەق، سەدەق جەنابی شێر.

(دەگەنە قەفەسەکە).

**پیاو:** ئەمەش قەفەسەکە.

**شێر:** دەی دابەزە مام ڕێوی زوو کێشەکەمان یەک لاکەرەوە.

(ڕێوی دادەبەزێ)

**ڕێوی:** ئای بەسەر چاوم، ها، ئا، ئەوە دابەزیم دەی دەی ئێستا پێم بڵێ کێشەکەمان چییە؟

**پیاو:** توخوا تەماشاکە یەک کاتژمێرە شانامەی بۆ دەخوێنینەوە ئەوجا جەنابی تازە بەتازە دەڵێ ڕۆستەم مێرە یا ژنە.

**شێر:** ئەوەی ڕۆیی، ڕۆیی، لەسەرەخۆ.

**پیاو:** کورت و کرمانجی، ئەم شێرە لەم قەفەسەدا گیری خواردبوو، منی نەزان ڕزگارم کرد،

**ڕێوی:** هەر لەکۆنەوە گوتوویانە پیاوەتی سەربەخۆ سەری خاوەنی دەخوات.

**پیاو:** بەڵێ دەزانم بەڵام پیاوەتی من سەربەخۆ نەبووە، زۆر پاڕایەوە تا ڕزگارم کرد، مام ڕێوی بۆ دواجار لێت دەپرسم ئایا ئەمە ڕاستە ئایا لەم دارستانەدا داد هەیە یا نییە؟

**ڕێوی:** (بەپێکەنینەوە) باشە بۆ زووتر نەتگوت، سواری پشتی شێر بووم، بەڕاستی تا ڕۆژی قیامەت شەرمەزاری جەنابی شێرم.

**شێر:** واز بێنە وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە.

**ڕێوی:** پرسیار؟ بۆ کەسێک پرسیاری کرد؟

**شێر:** لەمە زیاتر بێزارم مەکە داد لەم دارستانەدا هەیە یا نا؟

**ڕێوی:** بەسەرچاوم زۆر ئاسانە، ئەم کابرایە دەڵێ، ئەم قەفەسە چۆتە ناو ورگی جەنابی شێر.

**شێر:** وای، وای له نەزانە، لەم بێ مێشکە.

**ڕێوی:** مریشک کوا لەوێیە؟

**پیاو:** مریشک لەکوێ بوو بێ مێشک.

**شـێـر:** باشە چۆن جێی ئەم قـەفـەسە لەناو ورگمـدا دەبێتەوە کێ بڕوا بەم قسە قۆڕانە دەکات.

**ڕێوی:** ئای بە قوربانی دەمت بم ئێستا من پرسیارێکم هەیە.

**شێر:** بەڵام زوو.

**ڕێـوی:** کێ لەم دارستانەدا بڕوا دەکات کە من سواری پشتی جەنابی شێر بوومە.

**شێر:** کەس بڕوا ناکات.

**پیاو:** بەڵام من بڕوا دەکەم، چونکە بەچاوی خۆم بینیم.

**ڕێوی:** تۆ بە چاوی خۆت بینیت وا نییە.

**پیاو:** بەڵێ بەچاوی خۆم بینیم.

**ڕێوی:** ئەی ئەگەر نەت دیبا؟

**پیاو:** لە ڕاستیدا هەرگیز بڕوام نەدەکرد.

**شێر:** باشە ئەم پرسیار و وەڵامانە چییە؟

**ڕێـوی:** پشـووت درێژبێ جەنابی شێر، منیش مەبەستی خـۆمم هەیە، منیش دەڵێم ئەو ڕووداوەی ئێـوە باسی لێ دەکەن تا بەچاوی خۆم نەبینم بڕوا ناکەم.

**شێر:** (بە تووڕەیی) چی تر ناتوانم چاوەڕوان بم، بەڵێ لەم دارستانەدا داد هەیە یا نا؟

**ڕێـوی:** داو بەڵێ قـوربان بۆ خاوەن دەسەڵاتێکی وەکو جەنابت هەمیشە داو ئامادەیە.

**پیاو:** داو نا، داد گەوجە.

**ڕێـوی:** (بەشێر) شێر دەزانم زۆر گەنجە، هێشتا زووە بمرێ واز بێنە با بڕوات.

**شێر:** زۆر چاکە تۆ لە جیاتی ئەو.

**ڕێوی:** جا خۆمن هێشتان منداڵم هێشتان بەنان دەڵێم پەپە.

**شـێـر:** منداڵ یا گـەورە زووبە وەڵامی پرسـیـارەکـەم بدەرەوە.

**ڕێوی:** پرسیارەکە؟

**پیاو:** بەڵێ پرسیارەکە.

**ڕێوی:** کەواتە ئێوە هەر وازم لێ ناهێنن.

**شـێـر:** وازهێنان لە گۆڕێ نییە کـەسی تر وەکو تۆمان بەدەست ناکەوێ.

**ڕێـوی:** هەروەکو لەسەرەتا گوتم من سەر لەم کێشەیە دەرناهێنم ئاخـر چۆن دەبێ قـەفـەسـێک بڕواتە نـاو ورگی شێرەکە ئەوجا پیاوێک بێت دەرگای شێرەکە بکاتەوە و قەفەسەکەی ڕزگار بکات.

**شێر:** بێ مێشک من چوومە ناو ئەم قەفەسە.

**ڕێـوی:** بڕوا ناکەم هەیکەلێ بەم گەورەیە چووبێتە ناو ئەم قەفەسەوە.

**شێر:** کەواتە من درۆ دەکەم.

**ڕێوی:** حاشاکی جەنابت، بەڵام نەزانێکی وەک من هەر ئەوەندەی لێ دەزانێ.

**پیـــــاو:** من بەدەسـتی خـۆم دەرگـای ئەم قـەفـەسـەم کردۆتەوە.

**ڕێوی:** بڕوات پێ ناکەم، نا، نا وانییە.

**شێر:** چۆن بڕوا ناکەی؟

**ڕێـــوی:** قـوربان تووڕە مـەبە، من مێـشـکم هەر ئەوەندە کـار دەکـات، بێـجگە لـەمـەش باپیـرم فـەرمـوویەتـی تا شتێک بەچاوی خۆت نەبینی بڕوای پێ نەکەی.

**شێر:** جا بۆ ناڵێی دووبارە بڕۆوە ناو قەفەسەکە.

**ڕێوی:** ئای بەقوربانی دەمت بم.

**پیاو:** وابزانم پێشنیارێکی خراپ نییە.

**ڕێوی:** فەرموو قوربان بەختی خۆت تاقی کەرەوە.

**شێر:** چی تاقی بکەمەوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، باش تەمـاشـاکـە، من لەناو ئەم قـەفـەسـەدا بووم، ئەم قەفەسە دەبینی؟

**ڕێوی:** ئەی خۆ کوێر نیمە، دەبینم.

**شـێـر:** ئەی ڕەحمەت لە بابت مـن لەناو ئەم قەفەسەدا بووم، ئەم کابرایەش هات و منی ڕزگار کرد.

**ڕێوی:** ئێ ئەوجا؟

**پیاو:** ئەوجا لەجیاتی چاکە بەتەمایە بمخوات.

**ڕێـوی:** تۆش بەتەمای ئەم شێرە بخۆی، نووشی گیانت بێ.

**شێر:** هەی سندانت لێ بێ ڕێوی دەڵێی مێشکت کای تێدایە.

**پیـــاو:** ڕووداوەکە تەواو بە پێچەوانەی ئەوەیە کە تۆ باسی دەکەی من شێرەکەم ڕزگارکردووە، ئەویش بەتەمایە بمخوات.

**ڕێوی:** تا ئێرە تێگەیشتم.

**شێر:** عەقڵم ناگرێ.

**ڕێوی:** (بەدوای سەر ڕاوەشاندنێک) کەواتە قەفەسەکە نەڕاندی بەسەر شێرەکەدا و تۆش قەفەسەکەت ڕزگارکرد.

**شێر:** تف، چەند بێ مێشکی، من لەناو قەفەسەکەدا بووم، ئەم پیاوە بەلامدا ڕۆیشت، تێگەیشتی؟

**ڕێوی:** گەورەم دڵگیر مەبە، یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە ئەوەندە ئاسان نییە، هەروەکو گوتم تا بەچاوی خۆم نەبینم بڕوا ناکەم.

**شێر:** بۆ دواجار پێت دەڵێم ئەگەر تێگەیشتی ئەوە تەواو تێنەگەیشتی مەرج بێ هەردووکتان بخۆم.

**پیاو:** دەی مێشکت بکەرەوە، بەکوشتنمان مەدە.

**ڕێوی:** دڵنیابە بۆ خاتری تۆش بێ چارەیەک دەدۆزمەوە. (بەشێر) دەی فەرموو شێری خۆش کەلام.

**شێر:** من چوومە ناو ئەم قەفەسەوە تێگەیشتی؟

**ڕێوی:** بەڵێ قوربان.

**پیاو:** باش گوێ بگرە.

**شێر:** ئەم کابرایە بەلامدا تێپەڕی من دامە نەعرەتەوە.

**ڕێوی:** بەڵێ نەعرەتەی دایە تۆ.

**شێر:** وای، وای من دامە نەعرەتەوە، ئەویش هات و منی لە قەفەسەکە ڕزگار کرد.

**پیاو:** تێگەیشتی؟

**ڕێوی:** تێگەیشتم، زۆرباش من لەناو قەفەسەکەدا بووم ئەویش، هات و... ئۆی لەم سەرە بەدبەختە، ئەوەی ڕاستی بێ سەر لەم کێشەیە دەرناکەم.

**شێر:** نا تۆ تێدەگەی (بە نەڕاندنەوە) وات لێدەکەم تێبگەیت، ئەوساش دەتخۆم، باش سەیرم بکە من شێرم زانیت؟ شێر.

**ڕێوی:** ئەی خۆ پشیلەش نی، زانیم گەورەم.

**شێر:** ئەمەش پیاوە.

**ڕێوی:** میاو؟

**پیاو:** میاوی چی پیاو.

**ڕێوی:** ئاها پیاو، زۆر چاکە.

**شێر:** ئەمەش قەفەسە.

**ڕێوی:** بەڕاستی بەسە با بڕۆین.

**شێر:** (بە تووڕەیی) بەس نا قەفەس، گەوجەی بێ عەقڵ.

**ڕێوی:** بەڵێ گەورەم قەفەس.

**شێر:** باش چاوەکانت بکەرەوە.

**ڕێوی:** چاوەکانم بدەمەوە، ئەی خۆم؟

**پیاو:** چاوەکانت بکەرەوە.

**ڕێوی:** کراوەنە.

**شێر:** من لەم قەفەسەدابووم ئەم پیاوە بەلامدا تێپەڕی، تێگەیشتی؟

**ڕێوی:** چی بڕی قوربان؟

**شێر:** بڕی نا، تێپەڕی.

**ڕێوی:** ئێ، ئێ، تێپەڕی، پاشان جەنابت هەڵپەڕی.

**پیاو:** هەڵپەڕی چی؟ شت لەخۆتەوە دەردێنی.

**شێر:** تێپەڕ، تێپەڕی.

**ڕێوی:** گەورەم لێم زویر مەبە، نەخێر تێنەگەیشتم.

**شێر:** گەوجەی بێ مێشک چی تێنەگەیشتی، دەی وەڵامم بدەرەوە.

**ڕێوی:** لەوەی ناگەم چۆن جەنابت چوویتە ناو ئەم قەفەسە.

**شێر:** (بە تووڕەیی) هەر ئێستا وەڵامم دەوێ.

**ڕێوی:** بڕوا ناکەم جێتان لەناو قەفەسێکی ئەوەندە بچووکدا ببێتەوە.

**شێر:** چۆن جێم نابێتەوە، تەماشاکە بزانە چۆن جێم دەبێتەوە.

(شێرەکە ئەوەی وت و خێرا خۆی کردە ناو قەفەسەکەوە، لەو کاتەدا ڕێوی بەخێرایی دەرگای قەفەسەکەی داخست).

**ڕێوی:** ئا ئێستا تێگەیشتم، جەنابی شێر، لێرەبە بۆ ئەوەی هەرگیز وەڵامی چاکە بە خراپە نەدەیتەوە.

(ڕوو لە پیاوەکە دەکات)

تۆش چاکە لەگەڵ کەسێک بکە کە لەداهاتوودا نەبێتە جێگای مەترسی بۆ تۆ.

**پیرمام- ۱۹۹۸/۱۲/۳۱**



سەلاح عومەر بەهۆی کۆچیرۆکی (لێکترازان- ١٩٨٦) وەک داهێنەرێک خۆی بە خوێنەری ئەم ژانرە ئەدەبییە ناساند. ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بە وردی هەڵیسەنگاند و شوێنی شیاوی لەناو چیرۆکی هونەری کوردی بۆ دەستنیشان کرد. دواتریش ڕۆمانەکانی: (تاریکستانی لم، وڵاتی تارمایی، میتامۆرفۆس، دوانامەی دێوەرەیەک، جەنگ) جیهانی چیرۆکەکانیان فراوان کرد و بەشێوەیەکی دی نایابتر نواند. بەردەوام بوونی لەگەڵ نووسین ئەشقێکە مایەی وەستان و هەڵوەستەکردنە. ئەم هەڤپەیڤینە پێشکێش کردنی بیروبۆچوونیەتی لە مەڕ هونەری چیرۆک و ڕۆمان.

# سەلاح عومەر:
# هەمیشە لە خەمی ئەوەدام زمانی نووسینم پاراوبێ، ڕەگەزەکانی دیکەش لە یەکێتییەکی ئۆرگانیدا کار پێبکەم

**هەڤپەیڤینی: سەباح ڕەنجدەر**

**ڕامـــان:** ئایا دەستپێک دەتگەیەنێتە سەر ڕێگای خۆ دۆزینەوە و نوختەنیگای بینین، یان دەرکەوتنی ئارەزووە؟ لە ئەزمـوونی دوور و درێژت دەسـتـپـێک و ئارەزوو چۆن هەڵدەسووڕێنیت؟

**سەلاح عـومـەر:** دەستپێک کلیلی دەرگای کردنەوەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییـە، گـرنگی دەسـتـپـێک لە شیـعردا، لە چیرۆکدا، لە ڕۆماندا لەگشت ژانرەکـاندا، دەروازەیە بۆ چوونە نـاو دنیـای پەنهـانی داهێنان و پەیڤی جوان و ناوەرۆکی بە پێز، هەر لەیەکەمین وشەوە هەر لە سـەرەتاوە بەرهەمی چاک و ئەفـراندن و قـەڵەم ڕەنگینی شاعـیر و چیرۆکنووس و ڕۆمـاننووس دەردەکەوێ. خۆی نووسین زنجـیـرەیەک توخم و ڕەگـەزی هونەریی پێکەوە گـــرێدراوی تێکەڵ بەیەک بووە، یەک ئەوی دی وەک جەمسەری مگناتیز ڕادەکێشێ، تا لە ئەنجامدا دەبن بە یەکەیەکی سەربەخۆی تایبەت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندی هەر یەکێ لە کار کردندا دەپارێزرێ، حیساب کـردن و پێـوانە کـردنی چاک، کـار کـردنی هەریەکێ لەم ڕەگـــەزانە نووســـینی داهێنەرانە پێکدێنن، زیرەکی و شـارەزایی و دەست ڕەنگینی خـاوەن بەرهەمـیش لەوێوە دەست پێدەکات کە چۆن ئەم یەکێتییە ئۆرگانییە دروست دەکات. تێکچوونی پێوانەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی لەنگی، دەستپێکی بەهێزی سەرنجڕاکێشەریش نیشانەی لە دایک بوونی بەرهەمی بەهێـز و کـارامـەیی و دەست ڕەنگینی نووسـەر دەردەخـات. من بەر لەوەی دەست بە نووسین بکەم، یان هەر کـە قـەڵەمم نایە سـەر کـاغـەز، پەنجـەکـانم سڕ دەبن و ڕووبەری کـاغـەزەکـەم لێ دەبێـتـە قـەڵایەکی سـەخت، تا یەکـەمین وشـە و یەکـەمین ڕسـتـە دەنووسم خـەمی زۆر دامـداگرێ، لای مـن دەسـتـپـێکردنی چیرۆک، یان ڕۆمان، یان شیعر، یان نووسینی یەکەمین پەیڤ و ڕسـتـە لە سـەرجـەم بەرهەمـەکـە زەحـمـەتترە. بە دەیان لاپەڕە دەنووسم، بەدەیان وشـە دەنووسم تا ڕەوتی ئـاســـایی نـووسین لام دەبێـــتـــە دەروازەی چوونـە نـاو بەرهەمـەکـەم، جاری وا هەیە هەر لە سەرەتاوە هیـچم بۆ نانووسرێ و قـەڵەم و کـاغـەز دەپێـچمـەوە و بۆ کـاتێکی لەبارتر هەڵیـــدەگـــرم. کـــەشـــوهەوای نووسین ئەو کەشوهەوایەیە کە لە سەرەتادا وەک تاڵەتیشکێکی پیرۆز دەکەوێتە ژێر نووکی قەڵەم و یەکەمین وشە و ڕستەم پێ دەنووسێ.

کـــاتـی خـــۆی مـن هیـچ بیـــرم لەوە نەکـــردبۆوە ببــمـــە چیرۆکنووس، بە خەیاڵـمدا نەدەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە نووسـەر و ئەم ئەرکە قـورسە دەکـەوێتـە سـەر شـانم، کـە بوومە نووسەریش ئیتر پشتم لە هەموو کارێکی دی کرد و ئێستاش وەک هەموو نووسەرێ لێیان دەست و پێ سپیم، بۆیە پێم وایە لە نووسـینی هەر بەرهەمێکدا ئارەزوو لای من ڕۆڵ ناگێـڕێ، بەڵام خۆشـەویسـتـیی بۆ نووسین و ئەو ئەڤـینەی وای لێکردم ببـمـە نووسـەر و چیـرۆکنووس، کـانیـاوی لەبن نەهاتووی لەناخـمدا تەقاندەوە، شکسـتی ئەڤـینەکەش،سەرنەکـەوتن لێی، هێندەی دی کـاریگەریی بەسـەر ژیانی ئەدەبیـمـەوە هەبوو، وایکرد بۆ هەمـیـشـە تووشی داوی نووسین و پەیڤی جـوان بم، ئیـتــر وای لێهات نەتوانم خۆم لەبەری ڕاگرم، وەک ڕەشەبایەک هات و ڕاپێــچی دام، بوو بە شــەپولێک و بەرەو قـــووڵایی دەریای بێ بنی چیـــرۆکنووسی بردمی. ئـەمـــە بوو دەستپێکی نووسین و سەرەتای بیرکردنەوە و تەعبیر لە خۆ کردنم، دەبووایە بە ڕێگەیەک لە ڕێگاکان خۆم لە ئازار و زام و خەونە بەدی نەهاتووەکانم بەتاڵ بکەم، ناخ کە پڕ بوو لێی دەڕژێ، وای لێـهـات ئەم خـۆ بەتاڵکردنەم ببێ بەمـــەرهەمی ســـووتان و ئەشـــقی بەدی نەهاتووم و ئاسوودەیی گیانم و ناخم ئارام بنوێ. ئیتر لەوساوە سەرم بە سینگی وشـە و سەرێنی ڕستـە و نوێنی دەستـەواژە و ڕووبەری نەرمی چیـرۆک و ڕۆمـان و شیـعر و وەرگێـڕاندا کـــردووە و بۆم بوونەتە خـــاکـــێکی بە پیت و گـــەرمی هەمیشەیی ژیانم.

**ڕامـــان:** کە کتێبێکی ئەدەبی چاپ دەکەیت و دەچێتە ناو کـتـێبـخـانەی شـارەکـانەوە، هەر کـەسێک ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێت، دەتوانێت بیـخـوێنێـتـەوە. ئایا خۆت وەک کتێبێکی ئەدەبی دەیخوێنیتەوە و سەرسامییەکانت چۆن تۆمار دەکەی؟

**سەلاح عـومـەر:** کتێبێ کە چاپی بکەم و بچێتە خانەی کـتـێبـخـانەی شـارەکانەوە مـادام ناوی منی بەسـەرەوەیە، ئەوە مـوڵکی منە و کەسێکی دی مـافی بەسـەرەوە نییـە، ئەو مافەش نەک بۆ خوێندنەوە و ڕەخنە لێ گرتنی، بەڵکو وەک مـافی مـوڵکایەتی وەک هەر شـتێکی دیکە کـە لە ژیاندا مرۆڤ هەیەتی. دەنا کـتێب کە چاپ کـرا، خوێنەر


و ڕەخنەگر دەبنە سەرپشک لە قبوڵ کردنی، یان ڕەتکردنەوەی، بێگومان شتەکە جۆرێک لە بەردەوامی و پێوەندی لەنێوان نووسەر و خوێنەر دروست دەکات و جیهان و فانتازیای من، جۆری تێڕوانینم بۆ ژیان و مرۆڤ و دەوروبەر، کەشوهەوا و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانم تێکەڵ بە هی خوێنەر دەبن، ئەگەر ئەوانەی خوێنەر لە هی من نزیک بوون، یان ڕووداوەکانی بەشێک بن لە ڕووداوەکانی ژیانی ئەو، ئەوە ڕەنگە ببین بەیەک. ئەوە سەبارەت بە خوێنەر، بەڵام لە بارەی سەرسام بوونی خۆم و خوێندنەوەی کتێبەکەی خۆم، من خۆشم جاری وا هەیە دەبم بە بەشێک لە بەرهەمەکە و وەک هەر خوێنەرێکی ئاسایی دەیخوێنمەوە و بەهەندێ ڕستە و دەستەواژە و بەشتێ سەرسام دەبم و دەڵێم چۆن بەم شێوەیە بەم جوانییە توانیومە شتی وا بنووسم، یان بیرم لە شتی وا کردۆتەوە؟ هەندێ جاریش وەک خوێنەرێ تێکەڵی جیهانی چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە دەبم و پێم خۆشە تا کۆتایی و تا دوا وشە وازی لێ نەهێنم. نهێنی نووسینی چاکیش لەوەدایە کە هەندێ جار نووسەر خۆیشی بە بەرهەمەکانی خۆی سەرسامە، یان سەرسامی دەکات. بە پێچەوانەش هەر ڕاستە کە هەندێ جار ڕەنگە نووسەر تووشی جۆرە ئەسەفێ بکات لەوەی کە چۆن ئەوەی نووسیوە و خۆزگە دەخوازێ کە نەینووسیبایە، ئەگەرچی ئەم حاڵەتەش بۆ نووسەر سوودبەخشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی بە خۆیدا بچێتەوە و هەوڵ بدا بەرهەمی چاکتر بنووسێ و پتر بخوێنێتەوە و شارەزایی زیاتر پەیدا بکات.

**ڕامان:** چیرۆک لە بەرێوەبردنی ژیانتدا چی دەگەیەنێت، یان بە گشتی لە بەرێوەبردنی ژیان چی دەگەیەنێت، ئەی ئەو خاڵانە چین کە لەمرۆڤی ئاسایی ناو کۆمەڵگا جیات دەکەنەوە، یان ئەو خاڵانەی کە دەتکەن بە مرۆڤێکی ئاسایی بەدوای پرشنگە سادەکانی ژیان بکەوی و پرۆژەی داهێنانت نەبێت؟

**سەلاح عومەر:** ئەدەب بەشێکە لە ژیان و پەیوەستە بە خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ، لە کوێ ئێش و ئازار و مەینەتی هەبێ، ئەدەب لەوێیە و بلاژکتۆری ڕووناک

**لە پێناوی هەموو شتێکی جوان، لە پێناو چەسپاندنی خود و کەسایەتی خۆم، لە پێناو خاڵی کردنی خەم و ئێش و ئازار، لەپێناو نەمری دەنووسم**

کەرەوەی هەڵدەکات. کونجە تاریکەکان ڕووناک دەکاتەوە، نووسەریش لەمانە نییە و زیاد لە پێویست پەیوەستە بە ژیان و لە ڕێی وشەی جوان و خۆشەویستی و خەم و ئازار و بەرهەمی خۆیەوە لە خۆی و لە ژیان دەدوێ و خۆی دەنووسێتەوە، کەواتە ئەدەب لەو حاڵەتەدا خۆی دەبێتە ژیان خۆی و لە شێوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و سینەما و نووسینەوە دەردەکەوێ. کە شتێک خۆی ببێ بە ژیان یان بەشێکی گرنگ و کاریگەر و گەورە بێ لەو ژیانە، لەگەڵ جوانییەکان تێکەڵ دەبێ. ژیان خۆی هونەر لە ڕێی بیروباوەڕی تازەگەرانە و لەڕێی تەکنیک و شێوازی هونەرییەوە بەڕێوە دەبات. قەڵەم و هەست و نەست و ئێش و ئازاری چیرۆکنووسیش، کەرستەن بۆ نووسینەوەی ژیان بەشێوەیەکی تازە، دنیابینی ئەو تێڕوانینی ئەوە بۆ ژیان. چیرۆک بۆ ئەوە سەری هەڵداوە تا ژیان بەرەو جیهانی پەیڤی جوان و خەون و خەیاڵی جوان ببات، جیهانێک جیا لەوەی مرۆڤی ئاسایی تێیدا دەژی. جیهانێک کە پەنهان و شاراوەیە و چاوی ئاسایی نایبینێ، واتا ئەودیو واقیع. چیرۆک و چیرۆکنووسیی جیهان سەرلەنوێ دروست دەکەنەوە و دەیکەن بە خەون و خەیاڵ... ژیان هەوێرێکە و شیرینناوی قەڵەمی نووسەر و چیرۆکنووس دەیکاتە ئەو خواردەمەنییەی مرۆڤ پێویستیەتی، کە ئەمە کارێکی قورسە و بە هەموو نووسەرێ ناکرێ. نووسەر و ئەدیب ئەگەر بەتوانابن دەتوانن ئەمە بکەن. خەمی نووسەری بەتوانا ئەوەیە ئەم ژیانە نوێیە دروست بکات و خەون و خەیاڵی مرۆڤی ئاسایی نەبێ، ئایندەبینی و جیهانبینی هی ئەو نەبێ، حەقیقەتێ هەیە دەبێ نووسەر بیزانێ، کە ئەویش ئەوەیە خەمی نووسین لەلای ببێ بە خەمێکی پیرۆز و چێژ بەخش، ئەگەر من ئەم خەمەم نەبێ، نابم بە چیرۆکنووسێکی چاک و وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەژیم، نووسەر ئەگەر بیرکردنەوە و جۆری تێڕوانینی بۆ ژیان کە خۆی بەشێکە لێی وەک خەڵکانی دی بێ بۆ دەنووسێ؟ کەی دەتوانێ ئەو جیهانە فەنتازییە چێ بکات؟ کەی دەتوانێ خەون و خەیاڵی ئاسایی بکاتە



**سەلاح عومەر - ١٩٧٥**

خەون و خەیاڵی ئیکارۆسیانە و دروست کردنی دووباڵ و هەڵفرین لەودیو جیهانی پەنهانییەوە؟ کە نووسەر ئەو خەم و ئەو بیرکردنەوانەی نەبوو دەمرێ. منیش هەروا دەمرم و دەبم بە کەسێکی ئاسایی.

**رامان:** ئایا زمان و شێوە و شێواز لات گرینگن، لەکاتێکدا لەمێژە ئاستێکی دیار و روونی زمان و شێوە و شێواز لە کارەکانتدا بە بەردەوامی خۆیان ئاشکرا دەکەن، ئەوەش روویەکی خۆشحاڵی و بەپیتی ئەزموونە. ئایا بەردەوام هەوڵ دەدەیت زمان و شێوە و شێوازی دیکە بنیات بنێیت و بیهێنیتە بەرهەم؟

**سەلاح عومەر:** لە ئەدەبدا رەگەزێ نییە لەویتر گرنگتر بێ، لە هونەریش هەمان گرنگی هەیە. لە چیرۆک و رۆمانیش رەگەزەکان بە زمان و شێوە و بەشەکانی دیکەی شێوە و ناوەرۆک دەبێ لە یەک ئاست دابنرێت و یەک جۆرە گرینگییان پێ بدرێ، چونکە کاریگەری و کارتێکردنی یەکسانیان بەسەر تەواوی جەستەی نووسینەوە هەیە. لای من چیرۆک یان رۆمان، شیعریش کائینێکی زیندووە و خاوەن جەستەیەکی جوان و رێک و پێک و بەژن زراڤە. جەستەش بێ دەم و چاو و پرچ و قاچ و دەست و هەموو ئەندامەکانی دی نابێ، کە جەستە زیندوو بوو خوێن بەدەمارەکانیدا دەگەرێ، دەجووڵێ و شت دەبینێ و بیردەکاتەوە، خەم دەخوات و ئازاری هەیە، برین دەکەوێتە لەشی بۆیە گرینگی نەدان بە یەکێ لەمانە، مانای پشتگوێ خستن و تەشەنەکردنی نەخۆش دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی دروستبوونی لەنگی لەیەکێ لە ئەندامەکانی و گریان دروست دەکات، ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی پچرانی پێوەندی نێوانییان، بۆیە چیرۆکنووسی بەتوانا و شارەزای بە ئەزموون وەک یەک گرینگی بە هەموویان دەدات و هیچیان پشتگوێ ناخات، ئەمەش پەیوەستە بە قاڵبوون و تێپەربوونی کات و شارەزایی نووسەر، من خۆم هەمیشە لە خەمی ئەوە دامە زمانی نووسینم پاراو بێ و شێوە و شێواز و هەموو رەگەزەکانی دیش بە هەمان شێوە لە یەکێتییەکی ئۆرگانیدا کار بکەن و لەنگی نەکەوێتە ناو یەکێکیانەوە.

**رامان:** ئایا بەشی زۆری نووسین، شیعر، چیرۆک، رۆمان، شانۆگەری، پەخشان، لە مێشک پێکدێن و روودەدەن، یان لە ناو ئەفسوون و دوورییەکانی نێوان قەڵەم و کاغەز پەیدا دەبن، یان بیرکردنەوە لە ناوەندی کۆمەڵگا و خود دەبێتە ئامانج و هۆی سەرهەڵدان و خۆ دەستنیشان کردنی؟

**سەلاح عومەر:** ئەم ژانرە ئەدەبییانە لای من وەک شتێکی گرانبەهای فرە جەمسەر وان، پێوەرێکی دیاریکراو نییە لە چۆنیەتی دروست بوونیان بدوێ. نووسین هەیە لە مێشک پێکدێ و پاشان دەست و پەنجە قەڵەم دەگرێتە دەست و کاغەزێ لە ئامێزی دەنێ. جاری وا هەیە رووداوێ، بابەتێ چەندین شەو و رۆژ لە مێشکدا دەخولێتەوە و بیر و ئەندێشە و سۆز و عاتیفەی نووسەرەکە بە تەواوی داگیر دەکەن، بە تایبەتی لە شیعر نووسیندا من وام لە مێشکمدا تاوتووی دەکەم و بیری لێ دەکەمەوە، رستە دادەنێم و وشە دوای وشە پێدا دێم، خەوو خۆراکم لێ حەرام دەکات، کە هاتمە سەر کاغەز ئیتر دەیهێنم و دەیبەم وشە دەگۆرم و درێژ و کورتی دەکەمەوە، بەڵام بۆ نووسینی چیرۆکێ، یان رۆمانێ رەنگە تەنیا بیر لە رووداوەکە بکەمەوە و چۆنیەتی رووداو و شوێن و کاتەکە دیاری بکەم. لەوانەشە هەمدیس لەکات و ساتێکی دی لە ئەفسوون و دوورییەکانی نێوان قەڵەم و کاغەزدا بینووسم، چونکە ئەگەر بەشێنەیی بیربکەیەوە و بەشێنەیی قەڵەم بگرێتە دەست، رەنگە پێویستی بەکاتێکی چاک هەبێ. لە هەمان کاتدا جاری واش هەیە

له ئەنجامی گینگڵدان و خۆ خواردنەوە و بیرکردنەوە و کارەسات و ئێش و ئازاری خود دروست ببێ، چونکە مرۆڤ بە گشتی و نووسەر بە تایبەتی کائینێکی موجەرەد نییە و بە تەنیا ناژی و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا و بەهاو ئەخلاقییەکانی. کەواتە ئەویش هۆکارێکە بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی نووسین، بۆیە بەپێی پێودانگی هەر سێ پۆلێن کردنەوە پێم وایە نووسین بریتییە لە بەرهەمی مێشک و دوورییەکانی نێوان قەڵەم و کاغەز و بیرکردنەوە لەناوەندی کۆمەڵگا. بە هەرحاڵ نووسین لای من جۆرێکە لە تەقسی شەخسی، دەروون و ناخ پڕی، بەربڵاوی خەیاڵ و کۆکردنەوەی ئەم خەیاڵە، ئێش و ئازار و خەم و مێشک جەنجاڵی و مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و دووری و نازانم چی و چی. وەک پێشتر گوتم نووسین خۆی ژیانە و نووسینەوەی ژیانیش پێویستی بە هەموو کەرەستە و شێوازێکە بۆ گەیشتن بە یەقینی ناخ. نووسین لای من باڵی باڵندەیەکی ئەفسانەییە و دەمگەیێنێتە ئەودیو واقیع، یان ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە نەمری، بەهارێکە تازە دێ و پڕیەتی لە گوڵ و گوڵزار، لە هەمان کاتدا درک و داڵیشی تێدایە. هەندێ جار کە زۆر بیر لە شتێ دەکەمەوە و دەمەوێ بگەمە یەقین، یان گومان لەشتێ دەکەم دەست دەدەمە قەڵەم و بێ ئاگا، یان بە ئاگاییەوە پەیڤی جوان جوان هەڵدەوەرێنمە سەر کاغەز، بێ ئەوەی یەک چرکە چییە وەستانێ لە جووڵە و هێنان و بردنی قەڵەمەکەمدا هەبێ، دەنووسم و دەنووسم، ئینجا هەر پەیڤی جوانە هەڵدەرژێتە سەر کاغەز. کەواتە ئەگەر ئەمە وەک باسی لێوە دەکەی لە ڕیزبەندی هەریەکێ لەو سێ جۆرەی تۆ دەیڵێی جێی ببێتەوە، ئەوە نووسینەکانم، چیرۆک و ڕۆمانەکانم بێ شک دەچێتەوە سەر یەکێکیان، بەڵام من خۆم نازانم ناوی چی لێ بنێم و بیانگێڕمەوە ناو کام خانەوە. بە هەرحاڵ کە تەواو دەبم، جۆرێک لە ئارامی ڕۆحیی دامدەگرێ و ئیسراحەت دەکەم.

**ڕامان:** تەقینەوەی یادەوەری لە ئەدەبدا ڕۆڵی چییە؟ ئایا سەرقاڵبوون پێوەی دەتگەیەنێتە چرکەساتی ڕووداو و دروستبوونی سەرەتاکانی خۆی؟

**سەلاح عومەر:** کە دەست بە نووسین دەکەم لە ئێستادا دەست پێدەکەم و ئێستا دەچێتە چەقی نووسین و لەوێوە بۆ زەمەنەکانی دی دەچم، یادەوەری یانی گەڕانەوە بۆ دواوە و بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەک کە پڕیەتی لە شتی خۆش و ناخۆش، تژی حەسرەت و خەم و خۆشەویستی و لێک دابڕان و سەرکەوتن و سەرنەکەوتن. یادەوەری خەزنەیەکە و لەبن نایێ، گەڕانەوە بۆ ئەم خەزینەیە، گەڕانەوەیە بۆ هەموو کولتوور و یادەوەری دەستەجەمعی هەموو مرۆڤایەتی، کە منیش بەشێکم لەو یادەوەرییە جەمعییەی «یۆنگ» ناوی بردووە، منیش یادەوەری خۆم و باوک و باپیرانی خۆمم هەڵگرتووە و لێی دابڕاو نیم، تا پێم بکرێ شتی لێ هەڵدێنجم و وەک کانیاو و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی گرانبەها بۆی دەگەڕێمەوە، نووسەران و شاعیران و ڕۆماننووسانی دنیاش، هی وڵاتەکەی خۆشم هەروان. مرۆڤ هەرچەندە ئایندەخواز بێ، ناتوانێ یادەوەری پشتگوێ بخات. من زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانم لەسەر پێگەی یادەوەری خۆم و ئەوانەی دەوروبەرم بنیات ناوە و هەر لەوێشەوە بەرەو ئێستا و ئایندە ڕۆیشتووم، ئەم پشت بەستنە بە یادەوەری، شێوازێکە بۆ خۆی و زۆر لەگەورە نووسەرانی دنیا سوودیان لێ بینیوە.

**چرکەساتی نووسین چرکەساتێکی بێ زەمەن و بێ مەودا و شوێنە، سیحرێکە بۆ خۆی پێوەندی بە ڕۆح و ترپەی لێدانی دڵەوە هەیە**

(جۆیس)ی گەورە ڕۆماننووس ئەگەر یادەوەری نەبووایە نەدەگەیشتە ئەو تەکنیکە بەناوبانگەی پێی دەگوترێ (تەوژمی هۆش)، (بڕۆست)ی داهێنەر لە ڕۆمانە شاکارەکەیدا (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)دا لە یادەوەرییەوە دەستی پێکرد و لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەیدا لە هەموو شتێکی دەرەوەی لە ئێستای خۆی ڕاپڕاند و گەڕایەوە دواوە، ئەوسا توانی شاکارێ بە ئەدەبی جیهانی ببەخشێ، چونکە یادەوەری خۆی ڕووداو و شوێن و کات و زمان و خەیاڵ و گفتوگۆ و ناوەڕۆک و خەون و هەموو شتێکە، گشت ڕەگەزێ لە خۆ دەگرێ و لە یەکێتییەکی ئۆرگانیدا، نووسەر پلە بە پلە دێتە سەرێ و بۆ ئێستا و داهاتوو دەچێ.

**ڕامان:** مەڕ مەڕ ورد و خاش دەبێت، ئۆتۆمبیل دەڕزێ

و لەکار دەکەوێت، زێڕ و پارە و خانووبەرە دەبنە میرات. داهێنان ئەبەدییە و دەتکات بە مرۆڤی ئایندەبین، ئایا لە پێناو بوون بە مـــرۆڤی ئایندە دەنووســـیت، یان وەک دەربڕینی ســـاتەوەخـــتی و ڕاگـــوزاری و بەتاڵکردنی هەڵچوونی خەمۆکی خەریکی دەبیت؟

**سەلاح عومەر:** لەپێناو هەموو شتێکی جوان، لەپێناو چەسپاندنی خود و کەسایەتی خۆم، لەپێناو بەتاڵ کردنی خەم و ئێش و ئازار، لەپێناو نەمری و ناوبانگ و لەپێناو چرکەساتی هەست کردن بە بوونی خۆم و لەپێناو خەڵک و مـیللەتەکـەم دەنووسم، لەپێناو فـڕین بەخـەیاڵ و بە فـانتـازیابوونی خـۆم، لەپێناو بەدیهـاتنی خـەونە بەدی نەهاتووەکانی خۆم و ئەوانەی وەک خۆم دەنووسم. ڕەنگە بۆ هەریەکێ لەو پێناوانە و ئەو چرکە ساتانەی نووسین دروستی و نادروستی هەبن. لەهەمان کاتدا هەندێ جار بۆ هیچ دەنووسم، یان نازانم بۆچی دەنووسم، بۆ بێـزاری دەربڕین، یان بۆ خـۆ بەتاڵکردن، یان بۆ ئامـانجـێکی هەنووکـەیی، یان بۆ ئایندە و بەدی هێنانی ئارەزوویەک کە نایگەمێ؟

**ڕامـــان:** لە تیـڕوانینی (هونەر بۆ هونەر)، (هونەر بۆ جەماوەر) سەنگاییت بەرەو کام لا لار دەکەیتەوە؟ ئەگەر هونەر بۆ هونەرە، هونەری تۆ بۆ ئەم هونەرە چییە، ئەگەر بۆ جەماوەریشە، کاریگەریت لەسەر جەماوەر چییە؟

**سـەلاح عـومـەر:** ئەدەب و هونەر چ ســەر بە ئەدەب و هونەری (هونەر بۆ هونەر)بن و چ ســـەر بە (هونەر بۆ جەماوەر) بێ ئەدەب و هونەرن و خاسیەت و تایبەتمەندی خـۆیان هەیە، ئەوەی پێی وایە هونەر بۆ هونەرە لەســەر بنەمـای بیـروبۆچوونی خـۆی و تێـڕوانینی بۆ ژیان و کـۆمـەڵگا مـرۆڤ بۆچوونەکـانی خـۆی دەردەبڕێ و بەرهەمەکانی بینا دەکات، فەلسەفەی هەریەکێ لەو دوو ڕێبازە ئەدەبی وهونەرییە جیاوازە و مەبەستێک لە پشت نووسین و بەرهەم هێنانیـانە، لە گۆشـەنیگای هەریەکێ لەمانەش ئەو ئەدەب و هونەرەی دەنووسرێ و بەرهەم دێ، ئەوان ڕاستن و ئەوی تر هیچ. بۆ نموونە ڕۆمـانی (وێنەی دۆریان گـرای) ڕۆمـاننووس (ئۆسکار وایلد) ڕۆمـانێکە باس لە جوانی و عـاشق بوونی جوانی دەکات، گوایە ئەم ڕۆمانە لەپێناو هونەر بۆ هونەر و جوانی پەتی نووسراوە و جەماوەر و مرۆڤ و دەردەسەرییەکانی مرۆڤی پشتگوێ خسـتـووە و ڕەخنەگـران خسـتـوویانەتە خـانەی هونەر بۆ هونەر، بەڵام من پاش ڕاپەڕین، ڕێک دە ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ لە یەک دوو نووسیندا باسم لەو ڕۆمانە کردووە و بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی هونەر بۆ هونەر ئەوەم دەربڕیوە کە ناکرێ ڕۆمانەکە لە هەمـوو شتێکی مـرۆڤ دابـبڕێ و تەنیا باس لەو جوانییە پەتییە بکەی کە بوونی مەحاڵە، ناشکرێ لە ئەزموون و شارەزایی و ئێش و ئازار و خەون و خـەیاڵی ڕۆژانە و ژیان و واقـیـعی (ئۆسکار وایلد) تەجـریدی بکەیت و لە هەمـوو شـتـێک دایبـبـڕی، ئەی ژیاننامـەی نووسـەر چی لێ دەکـەی؟ ژیاننامـەی هەر نووسـەرێ لێی بکۆڵدرێتـەوە لە خـەم و ئێش و ئازاری کۆمەڵگا و منداڵیی خۆی و خزم و کەسانی دانابڕێ.

ئەی کـەوا نەبێ ئەو چیـرۆکنووس و ڕۆمـاننووس و شاعیر و شانۆنووس و مۆسیقاژەن و سینەماکارانە لەکوێ دەژین؟ خـۆ لە ئاسـمـان و شـوێنێکی یۆتۆپیـایی ناژین، ئەوانیش وان لەسـەر ئەرز، هەن خـاوەن منداڵن و هەن دایک و باوکـیـان هەیە، لە دایک و باوکێ لە دایک بوون، براو خـوشکێکیـان هەیە، دۆست و برادەرێکیـان هەیە، ژنیان هێناوە و کوڕ و کچ و نەوەیان لێ پەیدابووە، تۆ کە لە ناو خێزانێ ژیای، ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی لە گـریان و پێکەنین و خـەم و ئێش و ئازاری ئەو خـێزانەدا بەشـداربی، من پێم وایە هەسـتکردن بە ئێش و ئازاری خودی نووسەر خۆی نیشانەیە بۆ دەربڕینی ئیش و ئازار و خەون و خەیاڵی خـەڵکانی دی، ئەی باشە ئەو نووسەرە مـرۆڤ نیـیـە، خـەون نابینێ، بیـرناکـاتەوە، نەخـۆش ناکـەوێ، پێناکـەنێ و ناگـریێ، لە بەرامـبـەر دیمەنێکی جەرگبـڕدا دۆش دادەمـێنێ و ئاخ هەڵناکـێشێ؟ لای من نـووسـین بە هـەردوو بـارەکـــــــەیەوە، یـان بـە هـەردوو ڕێبـازەکـەیەوە نووسـینە و بۆ مـرۆڤ نووسـراوە، لە بارەی ژیان بە هەمـوو خۆشی و ناخۆشییەکەوە نووسراوە، وەک پێشـتریش گوتم ئەدەب و هونەر خۆیان ژیانن، ئیـتر نازانم بۆ ئێـمە تەجریدی بکەین، ئەمـە نووسینە و قـەڵەم بەرەو کــــوێم دەبـات نازانم؟ بەرەو ئەم لا، یـان ئەولا، بەرەو دواوە، یان بەرەو ئایندە، بەرەو گــیــای نەمــری، کــە هەمدیس ئەویش جۆرێکە لە بێهـوودەیی و دەربڕنێکە بۆ بێ مـانایی. (کـامـو) ئاسا لە هەندێ چرکـەساتی ژیاندا ئەوپەڕی نائومێدی دامدەگرێ و تووشی حاڵەتی ناماقووڵ

و بێهوودەیی و بێ مانایی دەبم. ئەگەر لای (کامو) نووسین بریتی بێ لە جۆرێک لە نائومێدی و ناماقووڵ ڕەنگە لای منیش هەندێ چرکەسات وای لێبێ و هەندێ چرکەساتی دی بەجۆرێکی دیکە و بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازار پەنا دەبەنە بەر قەڵەم و کاغەز، چونکە قەڵەم و کاغەز و نووسین (چیرۆک و ڕۆمان و شیعر) بوونەوەری زیندوون و هەست دەکەن، ئێش و ئازاریان هەیە، کەواتە نووسین چ هونەر بێ و چ بۆ جەماوەر، کاریگەری ئایندەیی لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە. ئەگەر وانەبووایە چۆن تا ئەمڕۆش (هەزار و یەک شەوە و گەلگامێش و ئەلیادە و ئۆدیسە) و هەزاران شاکاری دی دەنووسران و دەخوێندرانەوە.

**ڕامان:** گوتەزایەکی باو هەیە دەڵێت: شێواز لە کاتی نووسین پەیدا دەبێت، لە کار کردنی تۆدا، لە ئەزموون و دنیابینی ئەدەبییەوە خۆی دەهێنێتە گۆڕێ، یان تێکەڵییەکە لە هەدووکیان؟

**سەلاح عومەر:** بۆ لە خۆدوان و دەربڕینی خود و دەوروبەر و خەون و نەهامەتییەکان و چەسپاندنی کەسایەتی هەر کەسێ، شێوازی تایبەتی هەیە، مرۆڤ لە قسەکردن و هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوون و خۆشەویستی و گۆشەگیربوون و زۆر بڵێیی و کەمدوویی بەشێوازێ هەڵسوکەوت دەکرێ کە لەوانی دی جیا بێ، دیارە چیرۆکنووس و شاعیر و ئەدیبانیش بەگشتی خاوەن کەسایەتیی تایبەتن و وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی کەسایەتی خۆیان هەیە، بۆ چەسپاندنیشی پەنا دەبەنە بەر ڕێگەو شێوازی تایبەتی بۆ ئەوەی لەوانی دی جیابن، ڕەنگە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و سروشتی ژیانی چیرۆکنووسێ لەوی تر جیا بێ، کە ئەمە وا بوو بێ گومان شێوازیشی بۆ دەربڕین جیاواز دەبێ و لەنووسیندا شێوە و شێوازی نووسینی من لە یەکێکی دی چ وەک نووسەر و چ وەک مرۆڤ جیایە، جیاوازیی نووسین، جیاوازیی کەسایەتی بەمانای جیاوازی شێواز دێ لەگەڵ ئەوانی دیکە، چونکە خەون و خەیاڵ و ئەزموون و دنیابینی و تیژبینی من لەوانی دی جیاوازە و ئەو شێوازەی کە من پێی دەنووسم، لە جیاوازی ئەزموون و دنیابینی و پێکهاتەی سایکۆلۆژی خۆمەوە هەڵقووڵاوە، سەیرکردنی من بۆ دەوروبەر و



**لە ڕاستەوە: سەلاح عومەر، ئەنوەر مەسیفی**
**١٩٧٥ - مەسیف**

جیهان و کۆمەڵ لەوەدا دەردەکەوێ کە شێوازی جیا بۆ دەربڕین بەکاربێنم، مرۆڤی ئاسایی کەرستەی دەربڕینی نییە و من بە پەیڤی جوان و خەیاڵ و فەنتازیا لە خۆم دەدوێم، بەجووڵەی قەڵەم و بیرکردنەوەی نائاسایی، بە گومانکردن، بە هەستکردنم بە شتەکان کە مرۆڤی ئاسایی هەستیان پێ ناکات چیرۆک و ڕۆمان دەنووسم. ئەدیب ئەگەر کوێریش بێ لە هەست و نەست و لەبیرکردنەوەیدا هەستیارتر و تیژترە، خەیاڵاویترە، بەو شوێنە پەنهانانەدا تێدەپەڕێ کە نادیار و شاراوەن، واتا ئەو دیو واقیع دەبینێ و بە خەیاڵ گوزەری بەناودا دەکات و دەیەوێ بە واقیع و بە ڕاستیی بیاندۆزێتەوە، ئەمەش واقیعی حاڵی نووسینە و شێوازی نووسەر دیاری دەکات، بەڵام لە سەرەتای دەست بە نووسین کردن، لای نووسەری تازەپێگەیشتوو ئەم شێوازە لەکاتی نووسیندا پەیدا دەبێت، وەک چۆن منداڵێ کە تەمەنی هێشتا بچووکە و ئەزموونی ژیانی نییە شارەزایی نییە و نەبۆتە خاوەن شێوازێکی تایبەتی و لە هەنگاوە بەراییەکانی ڕێکخستن و خۆکۆکردنەوەیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن و قاڵبوونەوە و خوێندنەوە و شارەزابوون و سوود وەرگرتن لە شێوازی نووسینی کەسانی دی دەتوانێ ببێ بە خاوەن ئەزموونی تایبەتی و دنیابینی خۆی، کە واشی لێهات ئەوە دەتوانێ ببێ بە خاوەن شێواز و دەنگی تایبەتی خۆی.

**ڕامان:** قۆناغی دووەمی نوێبەخشی چیرۆکی کوردی، ئایا هیچ کاریگەرییەکیان لەناوەندەکەدا ماوە، یان وەک

ناوێک درێژە بە کارەکانیان دەدەن و لێزیادبوونیان پێ نەماوە. ئەو دەستەیەی چالاکانە لەناوەندەکەدا کار دەکەن و بەخشش و لێزیادبوونیان هەیە، ئایا درێژکراوەی ئەزموونی ئەوانن، یان نا؟ خاڵەکانی جیابوونەوە و هاوبەشیان چییە؟

**سەلاح عومەر:** بزووتنەوەی چیرۆکی کوردی ئەگەر پۆلێن کردنی باسکار و ڕەخنەگران نەبێ و نەیانکردبێتە قۆناغ، ئەوە زنجیرەیەکی لەیەک نەپچڕاوی بەردەوامە و لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستا و لە ئێستاشەوە بۆ ئایندە دەچێ. دیارە هەر ئەو زنجیرەیەشە کراوەتە قۆناغ و لە ڕابردووەوە دەست پێدەکات و خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەپێی باری کۆمەڵایەتی ئەوسا دەبێ لێک بدرێتەوە، پلەی پێشکەوتنی قۆناغی سەرەتایی چەند بووبێ لە ڕووی ئابووری و شارستانی و خوێندەواری و بوونی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دەبێ وا شیبکرێتەوە، دیارە سەرەتای هەموو شتێ بە ناتەواوی و نا کامڵی و کەموکوڕی ڕێ دەگرێ و بەرە بەرە دێتە پێش، بەر لە چیرۆکی لە خەومای (جەمیل سائیب) کە لە ساڵانی بیست نووسراوە، چیرۆک ناهونەری بووە و لە خەوما خاڵی دەست پێکردن و بە هونەری بوونی چیرۆکی کوردییە، پاشان بەرە بەرە لە ڕووی تەکنیک و شێواز و دەربڕینی ناوەرۆکەوە پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە و بەرزی و نزمی تێ کەوتووە، با ئێمەش لەو قۆناغەوە دەست پێ بکەین کە تۆ ناوی دەنێی قۆناغی دووەم، چونکە بەپێی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەی نووسراون هونەریترین چیرۆک بوون کە تێیدا هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆک و ڕەگەزە هونەرییەکان بە شێوەیەکی هونەریانە بەرجەستە بوون و قۆناغی تازە کۆرپەڵەیی و نەشونما کردن و خۆپێگەیاندن و گەشەکردنی بڕیوە. ئەم قۆناغە بەپێی پۆلێن کردنەکە پتر ڕەگی لەسەر پانتاییەکە داکوتاوە و ویستوویەتی پتر لە ڕووی زمان و شێوە و تەکنیکی نووسین پەرەبسێنێ و بە هونەریبوونی خۆی بچەسپێنێ، لە قۆناغەدا زۆرترین چیرۆکی هونەری نووسراوە و کاریگەریی زۆری بۆ قۆناغی دوای خۆی جێ هێشتووە کە بە قۆناغی دوای ڕاپەڕین ناسراوە. چیرۆکنووسانی حەفتاو هەشتاکان بە دنیابینی تازەو ئەزموونێکی جیا لەوانەی پێشووتر، هاتوونەتە پێش و سوودیان لە کەرستەکانی چیرۆکی جیهانی وەرگرتووە، سوودیان لە شێوازی شەپۆلی هۆش و تەکنیکی سینەما و ئەو شێوازەی پێی دەڵێن شێوازی واقیعییەتی سیحری کە (مارکیز) و هاوەڵانی لە ئەمریکای لاتین پێیان دەنووسی، دواتر پاش وەرگرتنی نۆبڵ لەلایەن (مارکیز)ەوە بووە قوتابخانەیەکی جیهانی و چیرۆکنووسی کوردیش وەک چیرۆکنووسانی عەرەب و فارس و تورک و میللەتانی دی هەوڵیان دا بەم شێوەیە چیرۆک بنووسنەوە. سینەما کاریگەریی زۆری بەسەر چیرۆکەوە هەبوو، فلاشباک و لەقتە دوو کەرستەن و چیرۆکنووسانی کورد لەم قۆناغەدا سوودیان لێ بینیوە، کۆمەڵێ ناوی دیار هاتنە ناوەندەکە و حەفتاکان و ساڵانی هەشتا سەردەمێکی زێڕینە بۆ چیرۆکی کوردی و نابێ (حوسێن عارف، محەمەد مەولوود مەم، کاکە مەم بۆتانی، محەمەد موکری، ڕەئووف بێگەرد، عەبدوڵڵا سەراج، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، شێرزاد حەسەن، جەلیل کاکەوەیس، غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا، ڕەئووف حەسەن) و چەندان چیرۆکنووسی تر و هەوڵەکانیان لە بیربکەین.

بەڵام پاش ساڵانی نەوەد و پاش ڕاپەڕین بەرە بەرە ئەو سوور بوون و گەرموگوڕییەی جاران نەما و جۆرە سیستییەک پەیدا بوو، ئەو خۆشەویستییەکەی بۆ چیرۆک و نووسین لای نووسەر و چیرۆکنووسان هەبوو نەما. ئەگەرچی دیاردەکە هەموو لقەکانی ئەدەب و هونەری گرتەوە، بەڵام پتر بە چیرۆکەوە دیار بوو. لە پاش ڕاپەڕین چیرۆکنووس کەمتر دەرکەوتن، ئەوەی دەریش کەوتووە، چەند ناوێکی کەمن و بەشێوازێکی جیا لەوان دەینووسن، ئەگەرچی من پێم وایە ئەوانیش لە بۆشاییەوە نەهاتوون و بیانەوێ و نەیانەوێ درێژبوونەوەی قۆناغی پێش خۆیانن، بەڵام خاڵی جیابوونەوەیان گرنگیدانە بە ڕستەی پەخشانی درێژ و فەنتازیا و شۆڕبوونەوە بەناو خەیاڵی لە ڕادەبەدەر کە چیرۆک پتر بەلای پەخشاندا دەبات. گرنگیدانیشیان بە زمان وەک کەرستەیەکی سەرەکی و زاڵ بەسەر ڕەگەزەکانی دیکە جێی سەرنجە. زمان

**بنەماڵەکەی من دوور و نزیک ڕۆڵیان لە نووسەر بوونم نەبووە، نووسەرایەتی هەوڵی تاکە کەسیی خۆمە**

بۆ نووسین گرنگە، بەڵام لە چوارچێوەی پشتگوێ نەخستنی ڕەگەز و ئامرازەکانی دیکەدا، تۆ ئەگەر زیاد لە پێویست بەناو زماندا شۆڕبوویەوە، جۆرە لەنگییەک لە بنیادی ڕەگەزەکانی دی دروست دەبێ، چیرۆک خۆی لە کائینێکی زیندوو دەکات و کائینی زیندووش لە کۆمەڵێک ئەندام و ڕەگەز پێک هاتووە. یەکێ دەستیەتی و ئەوی تریان قاچ و خوێن بە دەمارەکانیدا دێت و دەچێ، هەست و نەستی هەیە و بیردەکاتەوە و پێدەکەنێ و دەگریێ و بەخەیاڵدا دەچێ و دەیەوێ لە ڕووی پێکهاتەوە تەواو بێ، هیچ جۆرە ناتەواوییەک ڕووی تێناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ چیرۆکنووسی گەنجی بەهرەدار دەرکەوتوون و لە نووسینی چیرۆکدا دەست ڕەنگینن، ئەوانیش بەجیاوازی کەرستەی نووسین و ئەزموون و شارەزایی و دنیابینی و تەکنیکی تایبەت بەخۆیان هەریەکێ هاتۆتە مەیدان.

**ڕامان:** وەک چیرۆکنووس و ڕۆماننووس لەناوەندی ڕۆشنبیریی ناسراویت و بەخشش پێشکێش دەکەیت. ئایا بیرکردنەوەت لە بارەی مۆسیقاوە لادروست نەبووە کە مۆسیقا پێوەندییەکی بەتینی بە گەرموگوڕی بە گیان و وەگەڕخستنی هەستەکانەوە هەیە؟

**سەلاح عومەر:** شیعر و شانۆ و شێوەکاری و چیرۆک و ڕۆمان و سینەماش هەمان ئەرکیان هەیە و پێوەندییان بە ڕوح و هەستەکانەوە هەیە، وەک مۆسیقاش مرۆڤ و دەوروبەر و تەیر و تواڵیش دەخەنە هەڵەکە سەما، دەیگریەنن و جۆرە ئارامییەک بەناخی دەبەخشن. ئەو ژانرانە و هەموو ئەوانی دیکە گەرموگوڕی بەگیان دەبەخشن کە مۆسیقاش یەکێکە لەوانە. من خۆم نازانم بڵێم چی، نازانم ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەم لا دروست بووە، یان نا، بەڵام ئەوەندە دەزانم مۆسیقا خۆراکێکی ڕۆحی جوانە و مرۆڤ بەرەو دنیای جوانی و پەنهانی دەبات، جووڵێنەری هەستەکانمە، مرۆڤ کە گوێی لە مۆسیقا دەبێ ڕۆحی تەژی خۆشی و کامەرانی، یان خەم و پەژارە دەبێ، منیش هەروام، گەلێ جار کە گوێم لە مۆسیقا و گۆرانییەکی کاریگەری نزیک بە ڕۆحم دەبێ گیانم سەما دەکات، یان گریانم دێ، هەموو هەستەکانم دەجووڵێن. جەستەم گەرم دادێ، خەریک دەبێ باڵ بگرم و بەرەو ئاسمان هەڵفڕم. جاری واش هەیە خەم تا بینەقاقا دامدەگرێ و دەکەومە ناو دەریای بەخۆداچوونەوە. بیرم دێ لە قۆناغی هەرزەکاری زۆر بە عوودلێدانی (فەرید ئەترەش) کاریگەربووم، حەزم دەکرد بەردەوام فەرید عوودەکەی بەرامبەر بژەنێ و لەناوەوەش حەزم دەکرد منیش وەک ئەو عوودێکم هەبووایە و فێری ژەنینی بوومایە، بەڵام ئەوکات بۆم نەڕەخسا و ماوەیەک بوو نەک هەر من، بەڵکو ڕەنگە گەورەکانیش نەتوانن ئەم ئارەزووەیان بەدی بێنن، بۆیە ئێستاش هەر حەزم لە ئامێری عوودە و بەردەوام گوێی لێ دەگرم و ئاواتمە فێری عوود لێدان بم. بە هەرحاڵ ئەم حەز لێی بوونەم ڕەنگە لە نووسینی شیعردا لا بەرجەستە ببێ، ئەو پێوەندییەی شیعر لەگەڵ مۆسیقا هەیەتی، ئەو حەزەم لا دەشکێنێ و هەندێ بارگرانییەکەم لا سووک دەکاتەوە، چونکە پێم وایە نووسینی شیعر و تەوزیفکردنی لە ڕۆمانەکانمدا بە مانای شکاندنی ئەو حەز و تینوویێتییەیە. کاریگەریی شیعر لەسەر مرۆڤ وەک کاریگەری مۆسیقایە لەسەری و حەز کردن لە یەکێکیان واتای حەزکردنە لە هەردووکیان. ئەگەر حاڵ وا بێ، ئەوە شیعرم لە ڕۆمانەکانمدا بۆ ئەوە بەکارهێناوە تا ئەو ئامانج و ئومێدەمی پێ بەدی بێنم. جارجارە، یان بەم دواییە و ماوەیەکە خەریکی شیعر نووسینم، وەک دیاریشە شیعر مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە و کاریگەرییەکی ڕۆحی گەورەی بەسەر مرۆڤەوە هەیە بەگشتی و بەسەر هونەرمەند بەتایبەتی کە ئەوە وابێ بێگومان شتێکی لەم جۆرە، یان هەستێکی لەم جۆرە و جۆرێک لە مۆسیقا دەکەوێتە ناو نووسینەکانمەوە، بەتایبەتی ڕۆمانەکانم. ئەمەش بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران جێ دێڵم، با ئەوان لایەک لەم لایەنە بکەنەوە.

**ڕامان:** دەتوانین بڵێین ڕۆژئاوا لە میتۆلۆژیا و گەرمایی گیان و ئایین تارادەیەک دوورکەوتۆتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیەش هۆیەکی کاریگەرە بۆ لاوازکردنی نووسینی گیانی و هەستی گەرموگوڕ، کە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری و پەخشانە.. ڕۆژهەڵاتیش لەمانە نزیکە و گەرموگوڕی هەرماوە. دەکرێ تۆی ڕۆژهەڵاتی و بەدواداچووی ئەدەبی ڕۆژئاوا، دەربارەی ئەم ساردی و گەرمییە قسەت هەبێت؟

**سەلاح عومەر:** لە ڕووی شارستانییەوە ڕۆژئاوا خاوەنی بەشێکی زۆری شتە ڕۆحی و پیشەسازییەکانە، خاوەنی

تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و هونەر و ئەدەبی پێشکەوتووە، هەرچەندە کۆمەڵگاش لە ڕووی شارستانییەوە پێش بکەوێ، ئەوە لە ڕووی هونەر وەک تەکنیک و تەکنۆلۆژیا زۆرتر دێتەپێش و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گەرموگوڕییە گیانی و ئاینییەکان سارد دەبن و بەرەو لاوازی دەچن، خێزان لە ڕووی پێوەندی باوکایەتی، دایکایەتی، خوشکایەتی، برایەتی و هاوڕێیەتی لێک دەترازێ، ئەندامەکانی کۆمەڵگا لێک دووردەکەنەوە و هەستی بەزەیی و سۆز نامێنێ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێ کە هونەر و ئەدەب لەم شتانە بێبەش بن و شاکار و بەرهەمی هونەریی بەرز نەنووسرێن، کە ئاستیان لە ئاستی شتە باشەکانی شوێنەکانی تر نزمتر بێ، ئەوە پێوەر نییە، چونکە ئەدەب و هونەر خۆراکێکی ڕۆحی بەهێزن و تا مرۆڤ بمێنێ، گیان وەبەر هەست و نەست و خەیاڵی نووسەران دەنێن و هاندەرێکن بۆ داهێنان و نەمری، ئەگەر وانەبووایە ڕۆژئاوا نەیدەتوانی ئەو هەموو شاکارە بەرزەی هەیەتی و دەیبێ بەرهەم بێنێ. پێم وایە ئەمە کەمکردنەوەیەکە بۆ ڕۆژئاوا و خۆبەشت زانینی کۆمەڵگایەکە کە ئێمەی تێدا دەژین و تەژی شتی ڕۆحی و گیانییە و بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانمان زۆر لا بەهێزە، بەڵام لە کوشتن و بڕین و قوڵبڕین و درۆکردن و ڕیایی و دزی و جەردەیی و بەرتیل وەرگرتن و غەدرکردن و هەموو شتە خراپەکان بەردەوامین، ئاخر ئەم شتە چۆن دەبێ وا لێک بدرێتەوە؟ ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ نووسەر و ئەدیب و شاعیران و هونەرمەندان هەستیارتر و تیژبینتر و واقیع بینترن، خەیاڵ بەرفراوانترن، دەشبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە ئەم نووسەرە لە هەر کوێیەک بێ دەتوانێ بەرهەمی هونەری، بە ئاستێکی بەرزی ڕۆحی و پڕ گەرموگوڕی بنووسێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و توانای نووسەرەکە خۆی، چونکە بەهرەمەند و کەسانی بە توانا دەکەونە دەرەوەی چەمکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، ئەم چەمکە ئەگەرچی پۆلێن کردنێکە و هەندێ هەن باوەڕیان بەم جۆرەیە و پێیان وایە کۆمەڵگا هەرچەند لە ڕووی شارستانییەوە دواکەوتوو بێ گیانی شیعر نووسینی لا بەهێز تر دەبێ و شیعر نووسین لای میللەتانی ڕۆژهەڵات دەبێتە هەموو شتێ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێن، ئەوانەی پێشکەوتوون و شارستانین، سینەما و شێوەکاری و ڕۆمان و چیرۆکیان پێشکەوتووتر دەبێ و لە شیعر نووسین دووردەکەونەوە.

**ڕامان:** ئایا خانەوادە و منداڵیت بوونەتە هێزێک بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامبوون و بەخششی نووسین، یان منداڵی و بنەماڵە ڕۆڵیان لە دروستبوونی ئەدەب و زەمینەی بەهرە دۆزینەوە و هەستیارکردنی زمان و دامەزراندنی ڕۆشنبیری چییە؟

**سەلاح عومەر:** بنەماڵە و منداڵی دوو شتی لە یەک جیاوازن و ڕەنگە لای هەندێ نووسەر بە بنەماڵە بووبن بە نووسەر و شاعیر، بەڵام لە بنەماڵەی ئێمەدا نەک هەر ئەندامێکی نووسەر و شاعیرمان نەبووە، بەڵکو ئەگەر بڵێم خوێندەواریشی تێدانەبووە ئەوە درۆ ناکەم، بنەماڵەکەی من دوور و نزیک ڕۆڵیان لە بوونم بە چیرۆکنووس و نووسەر و ڕۆماننووس نەبووە، بنەماڵەکەمان بنەماڵەیەکی نەخوێندەوار بوون و بە هەموو تەمەنیان کتێبخانەیەکیان لە ماڵدا نەبووە، کتێب چییە لە ماڵەکەی خۆماندا لە تەمەنی منداڵی نەمبینیوە، ئەگەر ڕێکەوت، یان هەست و جۆش و خرۆشی دڵداری و خۆشەویستی نەبووایە، باوەڕ ناکەم بووبام بە چیرۆکنووس، ئەگەرچی بەر لە بوونم بە چیرۆکنووس یان هەوەڵ جار شاعیر، لە قۆناغی دواناوەندی لە ڕێی دراوسێیەکمانەوە چەند کتێبێکی یان چەند ڕۆمانێکی (ئیحسان عەبدولقەدوس) و (محەممەد عەبدلحەلیم)ی



**لە ڕاستەوە: جەلال بەرزنجی، حەمەعەلی خان، هاشم سەڕاج، شێرکۆ بێکەس، کەریم دەشتی، حسام بەرزنجی، سەدرەدین خۆشناو دانیشتوان لە ڕاستەوە: سەلاح عومەر، محەممەد باوەکر، ؟ ١٩٩١ شەقلاوە**

ڕۆمـانـنووسم خـوێندەوە و هەندێ لە کـەشـوهەوای پڕ خـۆشـەویسـتـی کـۆمـەڵگای مـیـسـری شـارەزابووم. هەروەها لە ڕێی بردنی ڕۆژنـامـەی برایەتی بۆ قوتابخانەی کشتوکاڵی کە بەشـداربی ڕۆژنـامـەی کـردبوو و ساڵانی حەفتا و بەرەو سەرەوە لە کـەڵەک نەختێ ئاشنای خـوێندنەوە بووم، بەڵام ئەمانە نەبوون بە هاندەر بۆ بوونم بە شاعیرو چیرۆکنووس، بەڵکو ڕێکەوتێ هاتە پێش و لە قـۆناغی دواتر تـووشی داوی خـۆشـەویسـتی بووم و یەک لایەنە ئەشق لە کەللەی دام، خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد وایکرد هەستم ببزوێ و سووتان و خەم و دووری خۆم بە شیعر دەرببڕم و بە شیعر لە خۆم بدوێم، سەرەتا شیعری کلاسیکی و دواتر وەک دەروێشێ کەوتمە دوای خوێندنەوە و لەوێوە دەستم بە نووسینی چیرۆک کـرد، ئەگـەرچی خۆشەویستییەکەم هەر زوو نوشستی هێنا و بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام ئەو باشتر، چونکە ئەمە وای کرد تەواو ئـاشـقـی نووسین و خـوێندنەوە ببم و ژیانم ببێ بە پارچەیەک ئەدەب و خۆم بۆ شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێران تەرخان بکەم. ئیتر لەوێشەوە کانیاوی منداڵی و یادەوەرییەکانم تەقینەوە و بوون بە پاڵنەرێکی بەهێزتر و بوون بە سەرچاوەی هەڵێنجانی بیرەوەری و بابەت و خەیاڵیان بەرفراوانتر کردم، منداڵیم بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هاتنە ناو ئەدەب و جۆرێک گرۆتینیان بە نووسینەکانم بەخشی کە ئێستاش هەر وا ماوەتەوە.

جا کێ هەیە بتوانێ بەرانبەر یادگارییەکانی منداڵی، خەیاڵەکانی، ئارەزووەکانی، خۆشی و ناخۆشییەکانی منداڵی خۆی بگرێ؟ منداڵیم وەک هەموو ئەو ئەدیبانەی پشـتـیـان بە یادەوەری منداڵی بەسـتـووە سـەرچاوەی نووسینی زۆر لە بەرهەمەکانمن، ڕۆڵیشیان لە خوێندنەوە و خۆ شارەزا کردن کەمتر نییە، دیارە بەهرەش لەگۆڕێدا هەیە و بۆ تەقینەوەی پێویستی بە لێدانی ژێی حەساس هەیە، ئەویش یەکێکە لە هاندەرەکان، بەڵام تا نووسەر خـۆی لەناویان نەدۆزێتـەوە و سـوودیان لێ نەبینێ، بەرهەمی چاک پێشکەش ناکات.

**زۆرجار لە بەرامبەر ئەو دەقە هونەرییەی ناودەنرێ دەقێکی جوان و داهێنەرانە، دۆشداماوم و تووشی سەرسامی بووم و گومانم لە توانای خۆم کردووە**

**ڕامـــان:** جیاوازییەکانی زمانیی و هونەرییەکانی ڕۆمـانی تۆمـاری و ڕیالیـزمی و خەیاڵی... چین؟

**سەلاح عومەر:** جیاوازییە زمانیی و هونەرییەکانی ئەم سێ جۆرە ڕۆمانە وەک جـیـاوازی زمـانیی و هونەرییـەکـانی شـیـعـر و چیرۆک و سینەما و شانۆگەری ئەم جۆرانەیە. وەک جیاوازی فەلسەفە و دنیابینی و تەکنیک و شێواز و بیرکردنەوە و جیاوازی کەسایەتی نووسـەرەکـانیـان وایە، وەک جـیـاوازی قـۆناغ و ڕێبازەکانیانە، وەک جیاوازی کەسایەتی نووسەرەکانیانە، ڕۆمانی تۆماری و ڕۆمانی ڕیالیزمی بەرهەمی سەردەم و مێژوویەکن کە نەهامەتی و کارەسات و دوورەدەستی و هەژاری و نەخـوێندەواری لە کـۆمـەڵگادا تابینە قـاقـا هاتوون و نووسـەرانی تەعـبـیـریان لێدەکـەن، ئەم دوو جـۆرەیان پشت بە ڕووداوی تا ڕادەیەک ڕاسـتـەقـینە دەبەستن و گـرنگی بەناوەڕۆک دەدەن پـتـر لەوەی مەبەستیان شێوە و شێواز بێ، ناڵێم لەسەدا سەد فۆرم فەرامۆش دەکەن، بەڵام ناوەڕۆک پتر لایان مەبەست و گرنگە، لە ڕووی زمانەوە زمانی سادە بەکاردێنن، خوێنەر بۆ تێگەیشتن لێیان زەحمەتی نابینێ، مەبەستێکی دیار لە بەرهەم هێنانیاندا هەیە و فەلسەفە و ڕێبازێ پەیڕەو دەکـەن. مـەبەسـتـیـان دەرخسـتـنی مـوعـاناتی کـەسـایەتییـەکـانە، بێ گـرێ و گـۆڵ لە کـارەسـات و مـەینەتییـەکـانی دەدوێن، مـێـژوو و ناوەڕۆکی واقـیـعی دەکەنە خاڵی دەستپێکردن، هەرچی ڕۆمانی خەیاڵی، یان فـەنتـازییـە ڕەنگە مـێـژوو و واقـیـع و کـارەساتی مرۆڤ بکاتە خاڵی دەستپێکردن، بەڵام بە دەربڕینێکی خەیاڵی و بە ئەفسانە و بە فـەنتازی کردنی ڕووداوەکان و هۆکار بۆ گـەیشتن بەودیو واقـیع، بۆیە خـوێندنەوەی جیـاوازی دەوێ و خـوێنەر زەحـمـەتتـر دەگـاتە ڕەمـزەکـانی، شـیـکردنەوەی ڕەمـزەکـان و پێـوەندییـەکـانی نێـوان ڕەگـەزەکـانی لێکدانەوەی زیاتریان دەوێ و جـۆرە زەحمەتییەک بۆ تێگەیشتن لای خوێنەر دروست دەبێ، بۆ گـەیشتن بە ماناش لەم جۆرە ڕۆمـانانەدا شا ڕێگاکانی، پێـوەندییـەکـان، ڕەمـزەکـان بە دووریان و سێ ڕیان و لا ڕێگاکـان تێـدەپەڕێ و پەنا و پێـچی زۆرە و خـوێنەر بە

ئاسانی بەرەو جیهانە پەنهان و سیحراوییەکەی ناگات.

**ڕامــان:** زۆربەی شاعیـران بە وردی چیرۆک و ڕۆمان دەخوێننەوە. ئایا چیرۆکنووس شیعر دەخوێنێتەوە، یان خـوێندنەوەی شـیـعـر هیچ ئاراسـتـەیەکی لە ئـەزمـوونی چیرۆکنووسیت هەبووە؟

**سـەلاح عـومـەر:** من خـۆم شیـعـریش دەنـووسم، وەک پێـشـتـریش باسم کـردووە، شیـعـر سـەرەتای تـەقـینەوەی نـاخی پەنگ خـواردووم بـووە، پاشــان چوومــەتە سـەر چیـرۆک و دوای چەند ساڵێ لە ئەزموونی چیرۆکنووسیم، پەنام بۆ نووسینی ڕۆمان بردووە و ویستوومە تەعبیر لە خۆم و لەوانەی دەوروبەرم بکەم، ئێستاش شیعر دەنووسم و شیعر بەردەوام دەخوێنمەوە و لەگەڵ پەیڤ و ئەندێشەی شـیـعـردا دەژیم، ئەگـەر شـاعـیـران چیـرۆک و ڕۆمـان بخوێننەوە، ئەوە منیش بە بەردەوامی شیعر دەخوێنمەوە و زۆر پێـویسـتـە و نـابێ لێی دابـبـڕێم، شیـعـر نووسین و خوێندنەوە چێـژی تایبـەتی لەلام هەیە، پێـشم وایە هەتا مـرۆڤ بمێنێ لەو چەشـە بەخـشـینە ڕوحـییـە، لەو پەیڤـە جوانەی شیعر، لە دنیای پڕ مۆسیقا و سیـحراوی شیعر دانابڕێ و نابێ خۆی لێی بێبەش بکات. شیعر خەیاڵ و پەیڤ و جـوانی و سـۆز بزوێن و هەست ورووژێنەرە، چۆن چیـرۆکنووس و نووسـەر دەتوانێ بێ خـەیاڵ و بێ پەیڤی جوان و سۆز و هەستی ناسک بژی؟ ئەگەر وابکات دەبێ ببێ بە پارچە ئـاسنێـکی ســارد و ســـڕی ڕەق، یان جـەسـتـەیەکی بێ گـیـان. هەر نووسـەر و چیـرۆکنووس و ڕۆمانـنووسێ شیعر نەخوێنێتەوە و سوود لە کەشوهەواو سیـحری شیـعـر وەرنەگرێ، وەک مـەلێکی بێ باڵ، یان باڵشکاو وایە و بە تاکە باڵی، یان بێ باڵ بیەوێ بفڕێ، هەر زوو دەکەوێتە سەر زەوی، یان کەمێکی زۆر کەم بەرز دەبێـتـــەوە و ناتوانێ بفـــڕێ. من پێم وایە هەمـــوو نووسـەرێکی بەتوانا بە سـرووش و خـۆرسک شـاعـیـرە، دیارە شـاعـیـربوونیش بەو مـانایە نا کـە هەڵبـەستن و ڕێکخـسـتـنی وشـەی ڕووت بێ، یان تەنیـا سـۆز بزوێن و هەست ورووژێنەربێ، بەڵکو بەو مانا کەونییە جوانەی کە بایەکی فێنکە و لەناوەختدا، لە قرچەی گەرمای هاویندا دێ و ڕۆح و جەستەی مرۆڤ فێنک دەکاتەوە. دار و بەرد و ئاسـمـان و زەوی دەهەژێنێـتـەوە و ڕۆحـیـان بەبەردا دەکـات. بەو مـانایەی کـە پێی بە ناخی خـاک و خـوڵ و مـێـشـک و دەروونـدا شـۆڕبێـتــەوە و وشکە سـاڵی کێڵگەکـانی ناخی مرۆڤ لەناو ببـات و ڕەگەکانی تەڕ و پاراو بکات. شیـعـر ئافـرەتێکی پاکـیـزەی بەژن زراڤ و جوانە و دنیا بۆ خۆی ڕادەکێشێ، کەوابێ چۆن ناتوانێ چیرۆکنووسێ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ؟ من شەوانە لەگەڵ شیـعردا ژوانم هەیە و سەر بە سەربنی شیعردا دەکەم و ئارام ئارام لەناو نوێنی شـیـعـردا دەنووم و قـژی پەیڤـە جوانەکانی شانە دەکەم.

**ڕامـان:** لە ئەزموونتدا ڕێکەوتی کردووە سەرە قەڵەمی بابەت و ڕووداو دابنێیت و دوای ماوەیەکی دوور و درێژ بگەڕێیتـەوە سـەری و بیکەیت بە هونـەر و نادیاری تێـدا بکەیت بە جوانیی بەردەوام؟

**سـەلاح عـومـەر:** بەڵێ بەدەیان جـار ڕێکەوتووە سـەرە قــەڵەمی بابەت و ڕووداو دابنێم و پێم تەواو نەکـــرێ، ئەوسـا ناچار بووم هەڵیـبگرم و کـاتێکی دی بێـمــەوە ســەریان. هەندێ جـاریش بۆ مــاوەیەکی درێژ بابەت و ڕووداوەکـان لە مێـشکمدا ماونەتەوە و بەناو جیـهـانی مێـشکمدا سووڕاونەتەوە. ڕەنگە کۆمـەڵێ چیـرۆکی لەم بابەتەم وانووسـیـــبێ، لە (لێکتــرازان) و (گــەمــەی وردەمــاسی)دا هەن. ڕۆمــانی (دوانامــەی دێوەریـەک) هێڵی گشتی بابەت و ڕووداوەکانم دانابوو، پاشان چەند ساڵی دواتر گەڕامەوە سەری و تەواوم کرد. خەڵکانی دیش ڕەنگە وابن. نموونە لە ئەدەبی جـیــهــانیش زۆرە و بەدەیان ڕۆماننووس ئەزموونی لەو جۆرەیان هەیە، ئەوەی بەبیـرم دێ ڕۆمــاننووسی داهێنەر و گــەورە «جــیــمس جۆیس» یەکێکە لەوانە، کە بە هەریەکێ لە ڕۆمانەکانی بە دە ساڵ، یان پتر نووسیوە. دیارە ئەو ڕۆمانەی ناتەواو و نـاکـامڵ بووبێ، بەردەوام یان ناوە ناوە کـاری تێـدا کردووە، چونکە ئەگەر وا نەبێ لەوانە بوو بەرهەمی زیاتر بێ کـە بە هەمـــوویان سێ چوار ڕۆمــانێکن، لەگـەڵ کۆشیـعرێک و کۆ چیرۆکێک. شتێکی ئاسایییە خۆشم لەگەڵ ئەوان نووسەراندا بەم شێوەیە بنووسن و بۆ جـوان کردن و بە هونەری کردنی نووسینەکانیان پەنا ببەنە بەر وەختی جیاجیا، چونکە هەندێ کات هەن نووسەر مێشک و پەنجـەکـانی جـام دەکـەن، یان سـڕ دەبن، هەسـتـی ناجـوولێ، دەرگـای یادەوەرییـەکـانی کـڵـۆم دەدرێن و کارناکات، بۆیە پێم ئاساییە کاتێکی تر بگەڕێتەوە سەر

نووسین، یان دەفتەری یادەوەری هەبێ و شتە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەکانی تێدا تۆمار بکات و پاشان بۆ نووسین سوودیان لێوەربگرێ و شتیان لێ هەڵێنجێ.

**ڕامان:** یەکەمین موچڕکە و لێدانی هەست کە ئامادەت دەکات بۆ نووسین، ئایا ئەم موچڕکە و لێدانە تا دوا خاڵی نووسینەکە دادەنیشێت بەردەوامی دەبێت، یان گلۆپێکە دادەگیرسێ و کۆمەڵێک شتت نیشان دەدا و سیحری خۆی دەکوژێنێتەوە، ئەوجا خۆت دەبێت سیحرێک لە خۆت داگیرسێنی، بۆ داهێنان کام سیحر گرنگە؟

**سەلاح عومەر:** موچڕکە و لێدانی هەست، یان لێدان لە ژێی هەستیار، شتێکە سیحراوی و ناچێتە قاڵبی پێناسەکردن و وەسف کردنەوە، هێندە دەزانم چرکە ساتێکی جوانە  دەرگای نووسین و پەنجەرەکانی خەیاڵ و یادەوەری لای نووسەر دەخاتە سەر پشت، پەنجەو دەستەکانم دەگرێ و دەمباتە سەر کاغەز و بە دەوروبەری کاغەزدا دەیهێنێ و دەیبات. تیشکێکە دێت و هەموو گیان ڕووناک دەکاتەوە، دادەگیرسێ و سیحرێ بەدوای خۆیدا جێ دێڵێ. هەموو گیانم دادەگیرسێ و قەڵەم دەداتە دەستم، بەڵام نازانم کەی دەکوژێتەوە، یان بە داگیرساوی دەمێنێتەوە، تۆ ناوی دەنێی سیحری نووسین، یان سیحری ژیان، یان سیحری کتێب و دەفتەر و قەڵەم و کاغەز، ئەو سیحرە هەموو گیانم، هەموو هەستەکانم، جەستە و مێشکم دادەگرێ، بە ئاگاوە یان بێ ئاگا دەکەومە کار و هەر دەنووسم و هەر دەنووسم. هەندێ جار تا دوا چرکە و تەواو خۆ بەتاڵ کردن قەڵەم لەسەر کاغەز هەڵناگرم و هەردەنووسم. نازانم کام سیحر بۆ داهێنان جوانە، ئەو سیحرەی دەمکاتە قەڵەم بە دەستێکی هەمیشەیی، یان تەیرێکی خورافی؟ من دەنووسم و نووسین لە باوەش دەگرم، یان نووسین لە باوەشم دەگرێ، ئەم حاڵەتە، ئەم چرکەساتە، چرکە ساتێکی بێ زەمەن و مەوداو شوێنە، زەمەن و شوێنی بۆ نییە، کە هات لە ئامێزم دەنێ و سەرم گێژ دەخوات و ئارامیم لەبەر دەبڕێ و دەست دەکەمە نووسین و خۆ دەربڕین و لەخۆدوان. کرداری نووسین سیحرێکە بۆ خۆی، خۆ ئەگەر نووسینەکە جوان و هونەری بێ، ئەوە سیحرێکی پیرۆزە و لەناوخۆیدا هەموو دنیا و دەوروبەر هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستان لەخۆ دەگرێ و دەیانخاتە ناو ئەبەدیەتی خۆیەوە.

**ڕامان:** ئەو نووسینانەی لە بارەی چیرۆک و ڕۆمان دەیاننووسیت، بیروڕای زۆر جوانن. ئایا ئەو بیروڕایانەت لە چیرۆک و ڕۆمانەکانت بەرجەستە کردوون؟

**سەلاح عومەر:** خەریکە تەمەنی چیرۆکنووسیم دەگاتە سی ساڵ و خاوەن بیروڕای تایبەتی خۆمم لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، نووسەری تازە پێگەیشتوو ڕەنگە شتی وا بکات و نەتوانێ لە نووسینەکانی پەیڕەویان بکات، بەڵام ئەزموون و شارەزابوون و خوێندنەوەی بەردەوام و نووسینی بەردەوام وا لە نووسەر دەکەن ببێ بە خاوەن بیروڕای تایبەت و خۆی بیەوێ یان نەیەوێ ئەو بۆچوونانە لە نووسینەکانیدا، لە ڕادەربڕینیدا بەرجەستە دەبن. منیش لە ئەنجامی خۆ شارەزا کردن و خوێندنەوەی بەردەوام گەیشتوومەتە سەر ئەوەی بتوانم بیروڕاکانم وا دەرببڕم و لە نووسینی ڕۆمان و چیرۆکدا پەیڕەویان بکەم. کە شتێ دەنووسم دەبنە هەوێنی نووسینەکانم، ئەگەر باوەڕم پێیان نەبێ نایانووسم و دەریان نابڕم، کەواتە بە خۆم بزانم، یان نەیزانم بۆچوونەکانم، فەلسەفەی ژیانم، بیروباوەڕەکانم لە ناو ڕۆمان و چیرۆکەکانم بەرجەستە بوون و بوونەتە خاڵی جیابوونەوەم لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی دی.

نووسەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا حەزی لەچی بێت و گرینگی بە چی بدات دەبێ لە نووسیندا دەربڕی ئەو شتانە بێ، خەون بەچییەوە ببینێ، دەبێ بەرجەستەیان بکات. بە واتایەکی دی بیروڕای خۆی تارادەیەک بۆ ناو نووسینەکانی بپەڕێنێتەوە و وەک تاکێکی خاوەن کەسایەتی جیاواز دەربکەوێ. لە دەروونناسیدا بیردۆزێکی سایکۆلۆژی هەیە پێی دەڵێن «کەسایەتی»، چەسپاندنی کەسایەتی مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە خەڵکانی دی جیاوازبێ، دەبێ بە بیروباوەڕ و ڕەنگ و دەنگ و هەڵسوکەوت و نووسین و شێوەی ڕۆیشتن و قسەکردن و جلوبەرگ لەبەرکردن و بە حەز و ئارەزووەکانی، بەو خواردنانەی حەزیان لێدەکات لەوانی دیکە جیابێتەوە. لە نووسینیشدا نووسەر هەمان شتی هەیە و سروشتی، نووسینی، شێوازی، هەڵسوکەوتی، لە هەڵبژاردنی بابەت و ڕووداو و شتی دیدا هەمان شتە هیچ مرۆڤێ نییە لە

یەکێکی دی بچێ، منیش هەروام و کەسێکی دی نیم، خـاوەن بیـروبۆچوونی تایبـەتی خـۆمم و لە نووسین و رادەبڕیندا وەک ئـەوانی دی نـیم و دەربـڕی خــــەون و بیروڕاکانی خۆمم.

**رامــــان:** تۆ چیـرۆکنووسـێکی ئاواتی داهێنان و نوێبـەخـشـیی بەردەوامت تێـدا ئاشکراو روونە. ئایا رێکەوتی کردووە لە بەرامبەر دەقێکی باڵادا گومانت لە توانای خۆت کردبێت و تووشی نائومێدی بووبیت؟

**سـەلاح عـومـەر:** نووسـەری بەتوانا و بەمـانای وشـە، نووسـەر هەمـیـشـە و بەردەوام بە چاوێکی رەخنەگرانە و گومانەوە نەک هەر دەڕوانێتە دەقی خەڵکانی دی، بەڵکو دەبێ لە ئاست دەقەکانی خۆشیدا وابێ، چونکە ئەگەر وا نەبێ رۆحی نووسینی لەلانامـێنێ و نـاتوانێ بەچاوێکی پێـشـبـڕکـێکار بڕوانێـتـە نووسین و داهێنان، بۆیە دەبێ نووسەر ئەم رۆحەی تێدابێ و بۆ جۆشدانی گیانی کێبڕکێ و بۆ نـووسـینی دەقی جـوان و چاک، وا بیـربکاتەوە کـە دەقی هەمـوو نووسـەرێکی دی لە هی خـۆی چاکـتـرە، کـە وای کرد هەوڵ دەدات دەقێکی جوانتر و چاکتر بنووسێ، من زۆرجار لە بەرامبەر ئەو دەقە هونەرییەی کە ناودەنرێ دەقــێکی جــوان و داهێنەرانە دۆش دامــاوم و تووشی سەرسامی بووم و گومانم لە توانای خۆم کردووە، سەرسام بوون و گـومـان کـردنیش لە هەر شـتێ، وات لێـدەکـات بەدوای هۆکار و کەرستەی جوانی و داهێنانەکە بگەڕێی و بەدەیان جار بیر بکەیتەوە لەوەی چۆن دەقێکی وا جوان بنووسی؟ بە ڕاستی ئەمـە کـارێکی ڕاسـتـە و نووسـەری ڕاسـتـەقـینە دەبێ وابیـربکاتەوە کە دەقی جوان و داهێنان حـەزی نووسین لەلای جـۆش دەدات و پاڵـی پێـوەدەنێ بۆ نووسـینی ئەو دەقـە، یان دەقـێکی لەم جۆرە، ئەو حـەزە لای مـنـیش هەیە و ئارەزووم کـــردووە مـن نـووســـەری دەقێکی جوان بم و بۆ نووسەرانی دیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەم جۆرە حەز و ئارەزوو و ئەم حاڵەتەم لە بەرامبەر دەقی جیـهـانیـدا زۆر تووش هاتووە. کـەم ڕێک کـەوتووە بەرامبەر دەقێکی خۆماڵی تووشی هاتبم، ناڵێم هەر نا، بەڵام زۆر کـەم، بەدەیان جـار لە بەرامبـەر شـاکـارەکـانی (جۆیس) و (دەسـتۆیڤـسکی) و (کـامـو) و (کـافکا) و (فـۆکنەر) و (مـارکـیـز) تووشی ئەم گـومـان کـردن و سەرسامییە هاتووم و ئومێدم خواستووە دەقێکی وەک ئەوان بنووسم، گومـانیـشم لە توانای خـۆم کـردووە، بەڵام پاشان بەرە بەرە گیانی پێشبڕکێ لە لام سەری هەڵداوە و کـە چیـرۆکـێکم نووسـیـوە هەوڵم داوە هەر هیچ نەبێ دەقــێکی خــراپ دەرنەچێ، لەبەر ئەوەش نووسین بۆتە بەشـێک لە ژیانم و وەک جـۆرە پیـشـەیەکی لێ هاتووە، بۆیە نەمـــتـــوانیـــوە نەنووسم، یان واز لە نووسین بێنم، چونکە دواتر لەگەڵ خۆمدا کـەوتوومەتە وتووێژ کـە ئەمە توانای منە و ئەوەش توانای ئەوان، گوتوومە ئەمە حاڵی کــۆمــەڵگای ئێـــمـــەیە و ئەوەش هی ئەوان، ئەوان لە پێشکەوتن و شارستانیەتدا نازانم بڵێم چەند لە پێش ئێـــمـــەوەن، لە پیـــشـــەســـازی و تەکنۆلۆژیا و لایەنە مرۆڤایەتییەکان، لە فەلسەفە، دەروونناسی، سینەما و رێکخستنی ژیان و بیناسازی و کۆمپانیا و نازانم چی و چی، لە تەکنیـکی نـووسین، لە داهێنان لەوپەڕی دان، چۆن بابایەکی وەک ئێمە دەتوانین وەک ئەوان بین.

کەواتە بۆ ئەوەی ئەم گیانی نووسینە لەلامان نەمرێ، دەبێ جــۆرێک لە لەخــۆ وردبوونەوە و کـێـبــەرکێ لای نووسەر هەبێ کە وا دەکات بەخـۆماندا بچینەوە و هەوڵ بدەین دەقی جوانتر بنووسین.

**رامان:** لە بەشی زۆری دەقەکانتدا واقیع بوونی نامێنێ و دەقـەکـە یەکـپارچە دەبێـتـە تارمـایی. ئایا لەم بارەدا تارمایی پێوەندی بە واقیـعەوە دەمێنێت، یان بوونێکی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت؟

**سەلاح عومەر:** ئەو تارماییەی مامەڵە لەگەڵ کەسێکی واقـیـعی، یان بـوونێکی واقـیـعی دەکـات، بێ گـومـان پێوەندی بە واقیعەوە دەمێنێ، چونکە مامەڵەکردنەکەی لەگەڵ جەستەیەکی زیندووە، یان بوونێکی واقیعی هەیە و لە ئەنجامی خراپەکارییەک ئەم تارماییە گیـانی تۆڵە کــردنەوەی لا دروست دەبێ، ئەگــەرچی ئەم جــەســـتــە سـەربەخـۆیە لە خـەیاڵ و ئەندێشـەدا بوونی هەیە و لەبەر دیدە و چاودا وەک وەهمێک خۆی نیشان دەدات، ڕەنگە کـەسێ کـە تـارمـاییـەکـەی دێتـە بەرچاو تووشی تێکەڵ بوونی ڕەنگ و پاڵەپەستۆیەکی دەروونی زۆر گەورە ببێ، بۆیە تووشی ئەم حـاڵەتە ببێ و کـەسـانی دەوروبەری بە تارمــایی و وەهم بزانێ. لەڕێی ئیـحـا و پاڵەپەسـتـۆی دەروون و لـێـک تـرازانـی دەروونـی و دابـەش بـوونـی کـەسایەتییـەوە مـرۆڤ وەهم بوونی واقیع لەلای خـۆی

ڕادەگەیەنێ. ئەو شۆکەی بەرمێشک و دەروونی دەکەون بەهێزترن لەوەی بتوانێ خۆیان لەبەر بگرێ، بۆیە دەچێتە ئەودیو واقیع و هەڵسوکەوتەکانی، قسەکردنەکانی ئاراستەی تارمایی دەکات و وا دێتە بەرچاو کە سیحری لێکراوە و بەدوای پەنهانیدا دەگەڕێ، لە ڕۆمانی (میتامۆرفۆس)دا، کەسایەتی سەرەکی لە بەرامبەر مانگدا دەبێ، کە کەسێکی سیحر لێکراو و دەوروبەری لێ دەبن بە تارمایی، نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو داروبەردیشی بەم شێوەیە دێتە بەرچاو، ئەمە حاڵەتێکی پاراسایکۆلۆژییە و من هاتووم تەوزیفم کردووە، لە پاراسایکۆلۆژیادا حاڵەتێک هەیە کە گوایە مانگ لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا سیحر لە مرۆڤ دەکات و ئەوەی لەوکاتەدا سەیری بکات نەخۆش دەکەوێ، یانی دەروونی دادەتەپێ و تووشی دابەش بوونی کەسایەتی و لێک ترازانی مێشک دێ، ئەوسا دەکەوێتە جیهانی وەهم و واقیعێک کە مرۆڤی ئاسایی لای دەبن بە تارمایی ئەو واقیعە رووتانە کە مرۆڤی وەک خۆمان دەیبینێ و دەیناسێ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەتارمایی بوونیش بەمانای بە فەنتازیبوونی واقیع و دەوروبەر بە هەموو کەلوپەلەکانی، ئەوەی دەشکەوێتە سەر شانی نووسەر ئەوەیە زیرەکانە بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە فەزای واقیعی و چوونە ناو دنیای وەهم و خەیاڵ و لامەعقوول شارەزابێ، ئەمەش لە ڕێی زمان و شێوازی دەربڕینەوە دێتە دی، چونکە بە فەنتازیبوون و بوونی شت بە تارمایی و ئەفسانە وەک (ڕۆلان بارت) دەڵێ: لە ڕێی جۆری دەربڕین و وشەوە ئەنجام دەدرێن. دەنا خۆ شتێ نییە لەم بوونەدا سەر بە واقیعێک نەبێ بە خودی تارمایی و ئەفسانەش واقیعی خۆیان هەیە، بەڵام واقیعێکی وەهم ئامێز و تژی شتی سەیر و سەمەرە، گوزەران کردن لە خەیاڵ و وەهمدا ئەویش جۆرێکە لە واقیع، بەڵام واقیعێکی جیاواز کە لای مرۆڤێکی نائاسایی هەیە، مرۆڤێک کە تووشی سەدمەیەکی بەهێزی گەورە هاتووە و لە واقیعی ڕاستەقینە دابڕاوە و چۆتە ناو واقیعێکی سیحراوی دروست کراوەوە.

**ڕامان:** بیروبۆچوونت بە کورتی دەربارەی ئەم ناوانە؟

**موحەرەم محەمەد ئەمین:** چیرۆکنووسێکە لە قۆناغی خۆیدا توانیویەتی گوزارشت لە خۆی و دەوروبەری خۆی بە جوانی بکات.

**محەمەد مەولوود مەم:** چیرۆکنووسێکی داهێنەرە و لە بواری چیرۆکی خەیاڵی و نووسینی نۆڤلێتی فەنتازی و واقیعی سیحری پێشەنگە.

**مارف بەرزنجی:** ئەگەرچی تەمەنی چیرۆکنووسی و ژمارەی چیرۆکەکانی کەمن، بەڵام لەو ماوەیەی ئەو چیرۆکی تێدا نووسیوە، چیرۆکی هونەری کەم بوون، ئەو توانیویەتی بە چیرۆکە هونەرییەکانی ڕووبەرێکی چاک بۆ خۆی داگیربکات.

**حوسێن عارف:** چیرۆکنووسێکی پێشەنگە، لەوەوە فێربووم چیرۆکی هونەری بنووسم و هەر لە ڕێی ئەویشەوە شارەزایی شێواز و تەکنیکی شەپۆلی هۆش بووم و دواتر توانیم لەڕێی کتێبی (تەوژمی هۆش)ی ڕۆبرت هەمفری بە تەواوی تێی بگەم.

**عەبدوڵلا سەراج:** لە سەرەتای دەست کردنم بە نووسینی چیرۆک یەکێک بوو لەو چیرۆکنووسانەی بەردەوام دەمخوێندەوە و چیرۆکەکانی تا ئەوپەڕی لە ڕووی شێواز و تەکنیکەوە بەرزن و لە بەکارهێنانی شێوەکاری لە چیرۆکدا پێشەنگە.

**محەمەد موکری:** ئەو کەسەیە کە یەکەمین چیرۆکی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ بڵاوکردمەوە و چیرۆکی موچرکە و ئەوانی دیکەی فێریان کردم چۆن لە دەربڕیندا بە جورئەت بم، ئەو لای لە لایەنێک کردۆتەوە کە تا ئەوکات لە چیرۆکدا فەرامۆش کرابوو، ڕۆماننووسێکی دیارە و حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێ.

**کاکە مەم بۆتانی:** یەکێکە لە چیرۆکنووسە باشەکانی قۆناغی حەفتاکان و لە ڕووی دەربڕینی وشەوە بوێری دەنوێنێ، بەڵام ڕەخنە وەک زۆر کەسی دی فەرامۆشی کردووە.

**جەلیل کاکە وەیس:** یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی توانای خۆ نوێکردنەوەی هەیە و بەردەوامی بەخۆی دەدات و چیرۆکەکانی ئەم دواییەی چیرۆکی هونەری زۆر جوانن.

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:** هەر لەو کاتەی کۆ چیرۆکی (ئەسپ)م خوێندەوە، بۆم دەرکەوت چیرۆکنووسێکی بەتوانایە و دەتوانێ بۆشاییەک لە کەلێنەکانی چیرۆکی کوردیی پڕ بکاتەوە.



## تاهیر سلێمان «سەرنووسەری ڕۆژنامەی دیپلۆمات»:

# کوردانی ئازربایجان کێشەیان زۆرە، زەقترینیان نەبوونی داوودەزگای ڕاگەیاندن و نەخوێندنە بە زمانی کوردی

**دیمانە: عەباس سلێمان سمایل**

بەڕاستی کوردستانی قەفقاسم وەک فەلەستین دێتە بەرچاو، چۆن ئەوانیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی عەرەبێکی زۆریان ئاوارەکراو دەوڵەتێکی نوێی بەناوی ئیسرائیل تێدا دروستکرا، کوردستانی (قەفقاس)یش بەهەمان شێوە سێ دەوڵەتی بەناوی کۆماری ئازربایجان و ئەرمەنستان و گورجستان لێ دروستکراو کوردیش بەشێکی زۆری ئاوارەی هەندەران کران، بەڵام ڕیشەی داگیرکردنی کوردستانی قەفقاس بۆ زیاتر لە (٦٥٠) ساڵ دەگەڕێتەوە.

بۆ جاری یەکەم ئەم بەشەی کوردستان لەسەردەمی خاچ هەڵگرەکان دەکەوێتە بەر پەلاماردانی گەلانی مەسیحی، جا بەهۆی پیرۆزییەکەی قودس وای لە گەلانی موسڵمان کرد کە بە سەروماڵ بەرگری لە قودس بکەن، بەتایبەتی گەلی کورد، لە ئەنجامدا توانرا وڵاتانی شام ڕزگار بکرێت، بەڵام کوردستانی قەفقاس لە هەمان کات کەوتە بەرپەلاماردانی گەلانی مەسیحی، تەنیا کوردانی قەفقاس بەرگریان لەم بەشەی کوردستان کردو تەنیا گەلانی موسڵمانی قەفقاس مەگەر هاوکاریان کردبن، ئەوانیش بە تەنیا نەیانتوانی بەرپەچیان بدەنەوە، بۆیە بەشێکی زۆری ئەم خاکە داگیرکراو گەنجەی پایتەختی کوردانیش داگیرکرا.

دواتر بەرەبەرە کوردستانی قەفقاس دەکەوێتە بەر پەلاماری تورکان و ژمارەی ئەرمەنی شاری (ڕەوان)یش بەرەو زیادی دەڕۆیشت و بەهۆی ڕاکردنیان لە دەست عوسمانییەکان و لەم شارەدا دەگیرسانەوە.

لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) سوپای عوسمانی دەوروبەری ملیۆن و چارەگێک ئەرمەنی قڕکرد و ئەرمەنیش تۆڵەیان لە کوردانی زەنگەزۆر کردەوە و نزیکەی (٦٠/٠٠٠)

هەزار کەسیان لێ کوشتن و هەموو ناوچەی زەنگەزۆر هەر لە شاری ڕەوان (پەریڤان) تا دەگاتە ئاراس هەمووی وێران کران و کوردان دەربەدەربوون و ئەرمەن شوێنییان گرتنەوە، لەگەڵ ئەوەی کوردانی زەنگەزۆر چەکدار نەبوون و خەریکی کشتوکاڵ و ماڵات بەخێوکردن بوون، لەساڵی (١٩٨٩)یش سوپای ئەرمەنستان کوردستانی سۆری وێران کرد و سەدان کوردی کوشت و (٣٠٠) ئافرەتی ئەنفال کرد و (٢٥٠) هەزار کەسی زیاتر دەربەدەرکرد، هەروەها لە هەمان ساڵدا نزیکەی (٥٠) هەزار کوردی ناوچەی ڤێدی و شاری ڕەوانی ئاوارەکرد، ئنجا ئەگەر یەکێتی ئەوروپا تورکیا سزابدات لەسەر کوشتاری ئەرمەن، ئەوە دەبێت ئەرمەنیش سزا بدرێن لەسەر کوشتاری کوردانی ئەرمەنستان و ئازربایجان.

ئیتر هەر کوردێکی قەفقاس بدوێنی بەدەیان تاوانی حکومەتی ئەرمەنستانت دەرهەق بەکوردان بۆ دەگێڕێتەوە و هەمیشە داوای سزادانی حکومەتی ئەرمەنستان و ئازربایجان و گورجستان دەکەن و داوای گەڕانەوەی کوردان بۆ گوند و شارۆچکەکانیان دەکەن.

بەڕێز تاهیر سلێمان یەک لەو کوردە ڕۆشنبیرانەیە کە بە دەیان بەسەرهات ورووداو کە حکومەتی ئەرمەنستان بەسەر کوردی هێناوە لە مێشکیان دەزرینگێتەوە و هەمیشە لەگەڵ کوردانی ڕۆشنبیری ئەوێ هەوڵی گەڕاندنەوەی کوردان و دروستکردنەوەی کوردستانی سۆر دەدەن، بەڕێزیان لە کۆتایی مانگی دوازدە لەگەڵ عەگید چەرکەزی ڕۆمانووس لە باکۆوە گەیشتنە کوردستانی ئازاد، بەپێویست زانرا ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین.

تاهیر سلێمان مووسا قرمزکی لە ساڵی (١٩٥٤) لە گوندی خالیسێی سەر بە شارۆچکەی ڤێدی ئەرمەنستان لە دایک بووە و دەرچووی کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی ئازەرییە و لە شاری باکۆ نیشتەجێیە و لە دوای نەوەدەکانەوە هاتووەتە نێو جیهانی ڕۆژنامەگەری و دواتر ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بەناوی دیپلۆمات دەردەکات، ئێمەش دەربارەی دیرۆکی کوردانی ئەرمەنستان و ئازربایجان و ڕەوشی کوردانی ئەمڕۆی ئازربایجان و ڕاگەیاندنی کوردان لەم کۆمارەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکیان کردەوە.

**✱ ئێوە کەی و بۆچی لە شارۆچکەی ڤێدی ئاوارەی باکۆ بوون؟**

- مووسای باپیرم لە ساڵی ١٩١٥ لە گوندێکی ناوچەی (وان) ئاوارەی ئەرمەنستان دەبێت و لە گوندی خالیسێ سەر بە شارۆچکەی ڤێدی (شارۆچکەیەکی کوردی مووسڵمان بوو لە ئەرمەنستان نزیک بە سنووری باکووری نەخچەوان) نیشتەجێ بوو و ژنی هێنا و منیش هەر لەم گوندە لە دایک بووم و بە ئاوو خاکی ناوچەی ڤێدی گەورە بووم و گوندی (دوین)یش کە نزیک گوندی خالیسێیە و شوێنەواری شاری دوین پایتەختی شەدادییەکانیش هەر لە نزیک ئەم گوندەوەیە و کاتی منداڵیم بەردەوام لەم شوێنەدا دەبوراند، کۆنە شاری (دوین)یش لە شوێنێکی بەرز هەڵکەوتبوو، جا (دوین یا دڤین)یش لە دیتن هاتووە، واتە دوین وەک شار و وەک ڕوانگەیەکی سەربازیش وابووە.

پاشان هەموو قۆناخەکانی خوێندنم لە ڤێدی ئەرمەنستان تەواوکرد، دواتر زانینگەی زمان و ئەدەبیاتی ئازەریم لە ساڵ ١٩٨٠ تەواوکردو هەر لەم ساڵەدا تا ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی دەڤەلی نزیک گوندی خالیسێ بە مامۆستای زمان و ئەدەبی ئازەری دامەزرام، دواتر چوومە باکۆ ئامۆژگای ڕۆژنامەوانیم لەوێ تەواوکرد.

لە ساڵی ١٩٨٤ بە ماڵەوە چوومە کازاغستان و لە شاری چمکەند نیشتەجێ بووم، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک کوردی تیا نیشتەجێ بوو، لەوێ هاوکاری ژمارەیەک ڕۆژنامەم بە ڕێپۆرتاج و بابەتی جۆراوجۆر دەرکرد.

کاتێ لە ساڵی ١٩٨٩ جەنگی قەرەباخ دەستی پێکرد، ئەرمەنستان هەموو ئازەری و کوردی ئیسلامی لە ئەرمەنستان دەرپەڕاند، سەرەڕای کوژرانی ژمارەیەکیان، ژمارەی کوردان دەوروبەری (٥٠/٠٠٠) پەنجا هەزارکەس دەبوون، هەندێکیان ئاوارەی کۆمارەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوون و هەندێکیان چوونە کازاغستان و ژمارەیەکیشیان هاتنە کۆماری ئازربایجان، خزمەکانی من لەگەڵ ئەم ژمارەیەی دواییان بوون، بۆیە منیش ماڵەکەم گواستەوە کۆماری ئازربایجان و لە باکۆ نیشتەجێ بووم و دەستم بەکاری ڕۆژنامەگەری کرد.

هەر بەهۆی ڕۆژنامەگەرییەوە لەگەڵ محەمەد سلێمان بابا (کاتی خۆی هاوڕێی بارزانی نەمربوو) توانیمان (٢٠٠٠) کەس لە ڕۆشنبیرانی کوردی هەموو کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کۆبکەینەوە و بەرەو

**ڕۆشنبیران بەرەو مۆسکۆ بەڕێ کەوتین و داوای دروستکردنەوەی کوردستانی سۆرمان لە پەرلەمانی یەکێتی سۆڤیەت کرد**

مـــــۆسکۆ بـەڕێ بـکەوین، داوای دروستکردنەوەی کوردستانی سۆرمان لە پەرلەمانی یەکیەتی سۆڤیەت کرد، ئەوانیش بڕیاری دروســتکردنەوەی کــوردســتــانی ســۆریان داو بەدەیان بابەت لەم بارەیەوە لە ڕۆژنامــەکــان نووسرا لەوانە: چەند بابەتێکی دکتۆر شەکرۆ خدۆ بوو، ژمارەیەک لەم ڕۆژنامـانەم لەلای خۆم پاراســتــووە، بەڵام بەداخــەوە دوای دەرچوونی بڕیاری دروستکردنەوەی کــوردســتــانی ســۆر بە دوو مــانگ، یەکـیـەتی سۆڤـیـەت هەڵوەشـایەوە و جـەنگی قـەرەباخ دەستی پێکرد و بڕیارەکەشی بەهەڵواسراوی مایەوە.

* کـوردانی کـۆمـاری ئازربایـجـان زیـاتر بەدەســتی چ کێشەیەکیانەوە دەناڵێنن؟

– کـوردانی ئازربایـجـان کـێـشــەیان زۆرە، لەوانە بێ کـاری، بێ جێ و بێ ڕێی، نەبوونی مـافی تاکەکەسی و نەخوێندن بە زمانی کوردی نەبوونی دەزگای ڕاگەیاندن بە کـوردی، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام هەوڵ دەدرێت کـوردان لە بۆتەی ڕەگەزی تورک بتوێننەوە.

بە گوێرەی خۆشمەوە کە کوردێکم لەم کوردانە کێشەی زیاتریشم هەیە، لەوانە نەبوونی ســەربەســتی تەواو لە ڕۆژنامـەی دیپـلۆمـات و جـارێکیش لەسـاڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە باکۆ زیندانی کراوم بەهۆی ئەوەی ئەو کـوردە سـوری-یانەی کـە لە کـوردسـتـانی سـوریاوە هاتبـوون لە کـۆلیـژی نەوت لە باکـۆ دەیانخـوێند، من گەشتێکم بە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان و ئازربایجان پێکردن، هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ ئەوساکە بەهۆی پێوەندیم لەگـەڵ پارتی کـرێکارانی کـوردســتــان دیسـان چەند ڕۆژێک لە باکۆ زیندانی کرام، کە ئەوکاتی ئەم پارتە بارەگای خۆی لە باکۆ کردبۆوە.

هەروەها لە ســاڵی ١٩٩٢ کــە لە دەرەوەی کــۆمــاری ئازربایجان بووم (نیگاری خێزانم و سمایل)ی کوڕم کە ئەوکات تەمەنی (١٢) ساڵان بوو حکومەتی ئازربایجان بەهۆی پێوەندی سیاسی ئەوسامەوە، بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ زیندانی کردن.

* چۆن سـوپای ئەرمـەنسـتـان ئاوا بە ئاسـانی توانی کوردستانی سۆرو قەرەباخ داگیر بکات؟

– ئەوی ڕاستی بێت سەرەتا کۆماری ئازربایجان ئەم ناوچانەی فـرۆشـتــە ئەرمـەنســتــان، بە ئامــادەبوونی ژمـارەیەک لەبەرپرسـانی تورکـیـا و کـۆمـارە تورکـەکـانی دیکە. لەلایەک پارەیەکی زۆریان وەرگرت، پارەکەش دەوڵەمەندە ئەرمەنییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا دایان، لە لایەکی دیکەوە خـۆیان لە کـێـشــەی قــەرەباخ و کـوردســتــانی ســۆر ڕزگـارکـرد، بۆیە حکومەتی ئازربایجان ئاهەنگی بەم بۆنەیەوە گێڕا، بەڵام دواتر ئەرمـەنسـتــان دەسـتی بەسـەر هەشت شـارۆچکەی تورک نشین داگرت و ڕێگەی نەخچەوانیشی داخست، هەروەها نەخچەوانیش کەوتە ژێر مەترسی داگیرکردنەوە، بۆیە پەشیمان بۆوە و جەنگ دەستی پێکرد، وەک دەبینین تاکو ئەمڕۆش دۆزی قەرەباخ یەکلایی نەبۆتەوە.

* بە گوێرەی مێژوو بەشێکی کوردستان دەکەوێتە نێو خاکی قـەفـقـاس، ئایا ئەمە چ ناوچەیەکی قـەفـقـاسە کە بەشێک بووە لە کوردستان؟

– بـەر لە زایین هەمـــوو خــاکی ئاران (ئازربایـجــانی سـۆڤـیـەت) و ئەرمـەنسـتـان و نەخـچەوان و بەشـێک لە گـورجسـتـان کـوردسـتـان بووە و بەدرێژایی مـێـژوو چەند دەوڵـەتێکی کــوردی تێــدا دامــەزراوە، بەڵام لە چاخی دوانزەوە تا دەگاتە دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی، باشـووری شـاری یەریڤـان تا دەگـاتە ڕووباری ئاراس و هەمـوو خاکی کوردستانی سۆر کە بە زەنگەزۆر دەناسرا، هەرچەنـدە تورکـیـشی لەگـەڵ تێکەڵاوبوو، بەڵام زۆرینەی کـورد بوون، تەنانەت گـوندێکی ئەرمـەنی تیـا نەبوو کـە بەشێکی کوردستانی مەزن بوو، سەرەڕای ئەوەی تا ئەم ڕێکەوتە ڕۆژئاوای یەریڤـان لەگەڵ باشووری گـورجسـتـان هەمـووی کـوردنشین بوون، هەڵبـەت ئەم خـاکـانەش درێژ بوونەوەی خاکی کوردستانن.

ئەوەبوو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەموو کوردانی ئەرمـەنسـتـان کـەوتنە بەر پەلامـاری دڕندانەی ئەرمـەن و دەوروبەری (٦٠ / ٠٠٠) هەزاریان لێ کــوژرا، لەگــەڵ ئەوەی کوردی ئەرمەنستان مەڕدار و جووتیار و بێ چەک بوون، ئەرمەن ستەمێکی زۆری لێ کردن کە بەدەیان قات لەو سـتـەمـە گـەورەتر بوو کـە حکومـەتی عـوسـمـانی لە ئەرمەنی تورکیای کرد، کە ئەوکاتی ئەرمەن پارتێکیان هەبوو داوای سەربەخـۆیی بۆ ئەرمـەنسـتـانیـان دەکـرد و هاوکاری سوپای ڕووسی دەکرد.

دوای ئەوەی جـەنگی یەکـەمی جیـهـانی کـۆتایی هات،

بەشێک لە ئەرمەنستان کە زۆربەی دانیشتوانی کورد و ئازەر بوون و ئەرمەنی زۆر کەم تێدا دەژیا، بەناوی نەخچەوان خرایە سەر ئازربایجان، ئینجا حکومەتی ئازربایجان لەسەرخۆو بەرەبەرە نەخچەوانی پڕ لە تورک کرد و جێی کوردی لەم ئوستانە لەق و لێژ دەکرد و لە ئەنجامدا بەدەیان گوندی کورد چۆڵ کران و ئازەری دەستی بەسەردا گرتن و لە ناوەڕاستی سییەکانیشەوە بەشێک لە کوردی نەخچەوان گواسترانەوە بۆ ئاسیای ناوین، لەوانە (١٠) گوندی هۆزی بروکی کە کەوتبوونە سەر سنووری ئەرمەنستان و ڕووباری ئاراس لە باکووری نەخچەوان، لەگەڵ چەند گوندێکی هۆزی جەلالی سەر ڕووباری ئاراس ئەمڕۆکەش تەنیا گوندێکی کوردنشین لە باشووری شارۆچکەی نەخچەوان بەدووری ٥٠کم بەناوی دەرەکەند ماوە و (١٥٠) ماڵی کوردی موسڵمانی تێدا نیشتەجێیە، کەچی لە سییەکاندا (٣٠٠) ماڵی تێدا نیشتەجێ بوو.

خاکی نێوان قەرەباخ و ئەرمەنستانیش لەساڵی ١٩٢٤ ئۆتۆنۆمی پێدراو دواتر لەساڵی ١٩٣٤ بە فەرمانی ستالین و باقرۆفی سەرکاری ئازربایجان هەڵوەشێنرایەوە و پێیان وتن ئەگەر خۆتان بە تورک نەنووسن، ئەوە بە دەردی کوردی ئەرمەنستان و نەخچەوان و گورجستانتان لێ دەکەین و ئاوارەی ئاسیای ناوین- تان دەکەین، ئەمانیش بە ناچاری خۆیان بە تورک نووسی و حکومەتی ئازەریش هەموو دامودەزگایەکانی کوردی داخست و بەرەبەرە لە بۆتەی ڕەگەزی تورکدا دەیتواندنەوە، ئیتر بەهۆی ئەوەی لەوێ کورد هەمیشە داوای سەربەخۆیی دەکرد، ئازەریش زیاتر هەوڵی تاوانەوەی دەدا، کەچی گەلی تالش و لەزگین و چەند گەلێکی دیکە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان نەدەکرد، بۆیە ئەمڕۆکە بە قەوارەی گەورە دەبینرێن و لە بۆتەی ڕەگەزی تورک نەتوانەوە. بۆ نموونە تالش ئەمڕۆکە ژمارەیان دەوروبەری دوو ملیۆن دەبێت.

* کوردانی کوردستانی سوور بەهۆی شەڕی قەرەباخ بۆ کوێ ئاوارەبوون و سەریان بۆ کوێ هەڵگرت؟

– لەم جەنگە خوێناوییە دڕندانەیە کورد لە ئەرمەن و ئازەری زیاتر زیانی گیانی و ماڵی لێکەوت و بەسەدان ژن و منداڵی کورد کوژران و (٣٠٠) سێسەد کچ و ئافرەتی کورد لەلایەن سوپای ئەرمەنەوە بەدیل گیران و دەوروبەری (٢٥٠) هەزار کوردیش ئاوارەی ئازربایجان بوون و هەموو خاکی کوردستانی سوور و قەرەباخ و هەشت شارۆچکەی ئازەریان، کەوتنە دەستی سوپای ئەرمەن. حکومەتی ئازربایجانیش کوردە ئاوارەکانی دابەشی سەرگوندەکانی (٦٦) شارۆچکەی کۆماری ئازربایجان کرد، هەر (٥-٦) ماڵێک ڕەوانەی گوندێک کران، دەوروبەری (٣٠٠)ماڵی شارۆچکەی (لاچی)ش لە باکۆ نیشتەجێ کران، کە ئەمڕۆکەش ڕەوشیان زۆر خراپە و بێ کارن و مەمرەو مەژی بە خۆراکی حکومەت بەڕێوە دەچن.

* کوردانی دیکەی ئازربایجان لە کوێ نیشتەجێن و ڕەوشی ئابووری و فەرهەنگییان چۆنە؟

– جاران ژمارەی کورد لە هەموو کۆماری ئازربایجان زۆربوون و زیاتریش لە دەوروبەری باکۆ و گەنجە و سەرسنووری گورجستان نیشتەجێن، بەڵام بەداخەوە زمانی کوردییان لەبیرچۆتەوە و بەزمانی تورکی قسە دەکەن، تەنیا چەند گوندێک نەبێت کە تاکو ئەمڕۆ بەکوردی قسە دەکەن، لەوانە گوندی (قەروبەر)ە، کە دەنگبێژێکی بەناوبانگی بەناو (کویرۆغڵی) تێدایە.

**لەگەڵ محەمەد سلێمان بابای هاوڕێی بارزانی ئەمر توانیمان دوو هەزار ڕۆشنبیری کوردی هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەت کۆبکەینەوە**

هەرسێ شارۆچکەی ئابشێرۆن و کەلاب کۆ و مەردەکان کوردن، بەڵام ئەمڕۆ بە تورکی قسە دەکەن و دەڵێن ڕیشەیان بۆ سێ جۆر کورد دەگەڕێتەوە: شال سپی (دەربێ سپی) و (کراس سۆر) و (خونخار).

شال سپی زەردەشتی بووینەو سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام بۆ هیندستان ڕادەکەن و ئەوانی دیکەش بەرەبەرە لە بۆتەی ڕەگەزی تورک دەتوێنەوە.

(کراس سۆر)یش ئەو کوردە موسڵمانانەن کە بوونەتە تورک و (خونخار)یش جوولەکەی کوردن و لە بۆتەی ڕەگەزی تورکدا تواونەتەوە. دەڵێن جاران لە جەژنێکیاندا هەویریان بەخوێن دەشێلا، هەروەها لە ڕۆژئاوای باکۆش شارۆچکەی کوردەمیر و کورداخانە و ئاوایەک بە ناوی کوردکەند هەیە، لێ مخابن ئەوانیش بە زمانی تورکی قسە دەکەن.

* چۆن بوو کاری مامۆستاییت بەجێ هێلاو ڕۆژنامەگەریت هەڵبژارد و بووی بە خاوەن ئیمتیاز و

سەرنووسەری ڕۆژنامەی دیپلۆمات؟

– هەرچەندە مامۆستای بابەتی زمان و ئەدەبیاتی ئازەری بووم، لێ چەوسانەوەی کورد لە هەردوو کۆماری ئازربایجان و ئەرمەنستان وای لێکردم ئەم کارە هەڵبژێرم و دەنگیان بەجیهان بگەیەنم، جا بەهۆی پشتگیریی ڕۆشنبیرانی کورد توانیم لەسەرەتای مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٢ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی دیپلۆمات بلاوبکەمەوە.

دوای ئەوەی بڕیاری بە ڕەسمی دەرچوونی لە حکومەتی ئازربایجان وەرگرت، سەرەتا هەیڤانە بوو، دواتر دوو ژمارە لە مانگێکدا بلاوکرایەوە و تاکو ئەمڕۆش (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

ڕۆژنامەکە بە سێ زمانان دەردەچێت، کوردی، تورکی و ڕووسی و هەرجارەی (٥٠٠) ژمارەی لێ چاپ دەکرێت و بەخۆڕایی دابەش دەکرێن و ئیدارەی هەولێریش پاڵپشتی ماددیمان دەکەن زۆر سوپاسیان دەکەین.

* زیاتر چ بابەتێک لە ڕۆژنامەکەتان دادەبەزێنن؟

– بێجگە لە هەواڵەکانی ئازربایجان و جیهان، ئێش و ئازاری کوردانی ڕووسیای هەڵوەشاوە و پێشکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژنامەکەمان دادەبەزێنن.

* ناوەندا چاندا کوردی کەی دامەزراو چ چالاکییەک لەم ناوەندەدا بەڕێوە دەچێت؟

– ئەمڕۆ (٣٢) میللەت لە کۆماری ئازربایجان نیشتەجێن، هەموویان ناوەندی کولتوورییان هەیە و هەندێکیان چالاکییان زۆرە، لەوانەش (تالش و لەزگین)ن، ناوەندی چاندی کوردی، لە ساڵی (١٩٩٠) دامەزراوە، سەرەتا بارەگاکەی لە ماڵی من بوو، دواتر خانوویەکمان بۆ گرت و لە ساڵی (١٩٩٦) بارەگاکە داخرا، چونکە بارەگای ڕاگەیاندنی کوردی و بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی بوو.

سەرەتای کردنەوەی ئەم ناوەندەش کە بەسەرۆکایەتی کامیلێ حەسەن بوو، بەردەوام کوردان فێری ڕێنووسی لاتینی دەکران، سەرەتا (کوبارا رەڤۆ) وانەی لاتینی دەوتەوە و دواتر منیش هاریکاریم کرد، ئیتر فێربوونی ڕێنووسی کوردی بەپیتی لاتینی بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، دواتر داخرا. تیپێکی هەڵپەرکێشمان بەناوی (کۆما دیلان) هەبوو چالاکی ئەویشیان ڕاگرت و دەرگای ئەم ناوەندەش بە یەکجاری داخرا.

ڕۆژنامەی دەنگی کوردیش کە لەم ناوەندە دەردەچوو، کە ئەحمەد هەپۆ سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە بوو دوای داخستنی ئەم بارەگایە ئەویش وەستێنرا.

منیش بە نەمانی ئەم ناوەندە بەهاریکاری ڕۆشنبیرانی کورد لەساڵی (٢٠٠٢) بڕیاری دەرچوونی ڕۆژنامەی دیپلۆماتم لە حکومەتی ئازربایجان وەرگرت، سەرەتا هەیڤانەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوو ژمارە لە مانگێکدا دەردەچێت، بەتەماینە لەمەودوا بیکەینە هەفتەنامە.

سەرەڕای ڕۆژنامەکەش بەردەوام کتێبی کوردی لە ڕووسییەوە وەردەگێڕینە سەر زمانی ئازەری و کوردی، بۆ ئەوەی تورک بزانن کە کورد دیرۆکی هەیە، هەروەها بە تەماینە (کۆما دیلان) ببووژێنینەوە.

* چەند نووسەر لە ڕۆژنامەی دیپلوماتدا کاردەکەن؟

– دەوروبەری دە نووسەر لەم ڕۆژنامەیەدا کاردەکەن، هەندێکیان کوردن و هەندێکیشیان ئازەرین و دۆستی کوردن، لەوانە: عەگیدچەرکەز، ڕەمبیزێ مووسا، ئێلدرێ بالا، ئازەرییەکانیش ئەمانەن: نەریمان ئەیووب، کە کوردی زانێکی باشە، شوبای نوزادە، سورهاب تاهیر، کەزەنفەر پاشایی.

**جاران ژمارەی کورد لە ئازربایجان زۆر بوون، بەڵام ئەمڕۆ زمانی کوردییان لەبیرچۆتەوە و بە زمانی تورکی قسە دەکەن**

* پێوەندیتان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی دیکەی ئازربایجان چۆنە؟

– پێوەندیمان لەگەڵ هەندێکیان باشە و هەندێکیشیان دژایەتیمان دەکەن، بەتایبەتی ئەو ڕۆژنامانەی کە حکومەتی تورکیا هاوکارییان دەکەن و دەڵێن ئەم کوردانە سەر بە پەکەکەن و دژی تورکانن.

* بێجگە لەکاری ڕۆژنامەگەری بە چ کارێکی دیکەوە خەریکی؟

– جار جار هەڵبەست دەنووسم، بەتایبەتی بۆ بۆنەکان، تا ئێستاش دەوروبەری (٢٠) هەڵبەستم نووسیوە.

* ڕادیۆی ئازربایجان، بەشی کوردی پەخشەکەی لە هەفتەیەکدا چەند ڕۆژە و هەرجارەی ماوەکەی چەندە؟

– ئەحمەد هەپۆ سەرۆکی پاراکوردی ڕادیۆی ئازربایجانە و هەفتەی دووڕۆژ پەخش دەکرێت و هەر ڕۆژەی ماوەکەی چارەگێکە و زیاتریش هەواڵ پەخش

دەکات و لە کۆتایی ماوەکەشیدا تەنیا سترانێک پەخش دەکرێت.

ئێمەش داوامان لە حکومەتی کوردستان کردووە رادیۆیەکی سەربەخۆ بۆ کوردانی کۆماری ئازربایجان دابمەزرێنێ.

* کورد سەربەستە لە نواندنی چالاکی هونەریی خۆی، یان ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت؟

– ئەمرۆ هەموو میللەتانی ئازربایجان تا ئەندازەیەک سەربەستن لە چالاکییە هونەرییەکانیان، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کوردان هەستی نەتەوایەتیان زۆر بێ هێزە و هەمیشە لە خزمەتی کولتووری ئازەرینە، گۆرانیبێژ و موزیک ژەنمان زۆرن، بەڵام بە تورکی گۆرانی دەچرن و لە خزمەتی ئەوان دان، تەنیا گۆرانیبێژێکی بەناوبانگمان هەیە بە ناوی کویرۆغلی و لە گوندی (قەروپەر) نیشتەجێیە، زۆر جاریش کوردان لە بۆنەی بووک گواستنەوەدا گۆرانی دەڵێن و بەجۆرەها شێوە هەڵدەپەڕن، ئەمڕۆکەش تەنها تیپێکمان هەیە بەناوی (کۆما دیلان) کە سەر بە ناوەندا چاندا کوردییە، بەڵام بەداخەوە ئەویش چالاکی نەماوە و سەرۆکێ کۆمێ ناوی (موراد)ە..

هەڵپەڕکێکانی کوردانی کۆماری ئازربایجان ئەمانەن:

گۆچەری، گەنم، تەنزەرە، پەپۆرێ، قازقاز و هۆی نارێ.

* تۆ کە لە گوندی خالیسیێ لە دایک بووی و خوێندنت لەم گوندە و شارۆچکەی ڤێدی تەواوکردووە، چۆن وەسفی خالیسیێ و ڤێدی دەکەن؟

– ڤێدی شارۆچکەیەکە لە رۆژئاوای ئەرمەنستان، لەسەر سنووری باکووری نەخچەوان هەڵکەوتووە، تا بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردی موسڵمان بوون، ئەوی دیکەشی تورکی ئازەری بوون، تەنانەت ماڵە ئەرمەنێکی تیا نەبوو. لە ساڵی ١٩٨٩ بەر لە ئاوارەکردنی کورد و ئازەری لەم ناوچەیەدا، ژمارەی ئەم دوو نەتەوەیە هەندی یەک بوون و ژمارەی ئەرمەنیش لەم ناوچەیەدا لە دوای کوردو ئازەری دەهات.

ناوی ڤێدی لە (ڤی دیت، ئەو دیت) هاتووە و زۆربەی ناوە جوگرافییەکانی کوردینە لەوانە: واری شێخان هەوارێکە لە ناوی شێخانی هاتووە کە هۆزێکی ئێزدی ناوچەکەن، (هەیلۆ)ش ناوی چیایەکە لە ناوچەکە، گۆڕی (عەبداللە ئەنساری)یش لەم ناوچەیەدایە، ناهیەی ڤێدی کوردو ئازەری و ئەرمەنی تێدا نیشتەجێ بوونە.

گوندی دەڤەلی گوندێکی نزیک ڤێدی-یە دانیشتوانەکەی لە ساڵی (١٩٨٩) لەمانە پێکهاتبوو: (١٠٠) ماڵ کوردی ئێزدی لە هۆزی شێخان، (٦٠) ماڵ کوردی موسڵمان لە هۆزی مۆتی (١٣٠)ماڵ ئەرمەن و (١٠٠) ماڵ ئازەری.

گوندی خالیسێ: لەوکاتیدا (١٣٠٠) ماڵ دەبوون، نیوە ئازەری و نیوە کوردی موسڵمان لە هۆزی قرمزکی، قەرەچۆلی و مۆتی و هۆزی دیکە.

هۆزە کوردییەکان بەکشتوکاڵ و مەڕدارییەوە خەریک بوون، بەشێکیان گەرمیان و کوێستان دەکەن، زۆرانیان ئەگەریجێ، کوهلان، قزل زیارەت و گوربلاخ بوون. (ئاران) واتە (گەرمیان)یشیان دەشتی ڕەوان بوو.

گوندی حەوشەر: ئەم گوندەش لە نزیک گوندی خالیسێ هەڵکەوتبوو دانیشتوانەکەی ٣٠٠ ماڵ دەبوون، تێکەڵ بوو لە کورد و ئازەری. باشوور و ڕۆژهەڵاتی گۆل سیڤانیش بەهاران دەبووە هەواری مەڕدارانی کورد، لە گوندە کوردنشینەکانی ئەم ناوچەیە قزل خرابە، ڕازان (ئابۆڤیان) و گوندی سیڤان بوو، جا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ژمارەیەک ئەرمەنیان لەم گوندانە نیشتەجێ کرد، دواتریش هەموو کوردانی موسڵمانیان لە ئەرمەنستان ئاوارەکرد.

باپیرانمان دەڵێن سەدان ساڵە دەشتی ڕەوان و هەموو خاکی زەنگەزۆر وڵاتی کوردان بووە.

* ئەمە سێیەم جارە دێیتە هەرێمی کوردستان، هەرێم چۆن دەبینی؟

– جار لە دوای جار هەرێم پێشکەوتووتر دەبینم، لە رووی سیاسی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوەشەوە بەردەوام لە گەشەکردن دایە. هیوادارم هەرێم ببێتە پانکی (گۆڕەپان)ی هەموو کوردانی جیهان تا ئەوانیش بتوانن چالاکییەکانیان لێرە بنوێنن، هەروەها هیوادارم حکومەتی هەرێم و سەرۆکی کوردستان ڕێزدار مەسعوود بارزانی و سەرەک کۆمار، داوا لەو حکومەتانە بکەن کە کوردیان تێدا دەژین مافی تاکەکەسی و مافی رۆشنبیرییان بدەنێ، کە یەک لەو حکومەتانە حکومەتی ئازربایجانە.

# ڕۆمانی کوردی
# له کوردستانی ئێران

**هاشم ئه‌حمه‌دزاده‌***
**له ئینگلیزییه‌وه‌: عه‌بدولخالق یه‌عقووبی**
**(بۆکان)**

یه‌کێک له گرفته سه‌ره‌کییه‌کانی ئه‌ده‌بی کوردی شوناسی پارچه پارچه بووی ئه‌و ئه‌ده‌به‌یه. له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگاکانی کوردی به‌ش به‌ش کراون و له یه‌کێتییه‌کی سیاسی و نه‌ته‌وه‌یی بێبه‌رین، هه‌نووکه ناکرێ ئه‌ده‌بی کوردی وه‌ک «ئه‌ده‌بێکی نه‌ته‌وه‌یی» که له سایه‌سه‌ری ده‌سه‌ڵاتی نه‌ته‌وه- ده‌وڵه‌تی کوردییه‌وه سه‌رچاوه بگرێ، بێته ئه‌ژمار. سه‌ره‌ڕای هه‌ستی به تینی نه‌ته‌وه‌خوازانه و سه‌رباری هه‌وڵ و به‌رنامه‌ی هه‌ندێ بزاڤی ناسیونالیستیی کوردی، هێشتاش بارودۆخی ناوچه‌یی و هه‌لومه‌رجی پێوه‌ندیدار به جوگرافیای سیاسی هه‌رێمه‌که بوونه‌ته هۆی سه‌رهه‌ڵدان و به‌رهه‌م هێنانی کۆمه‌ڵێک به‌رهه‌می ئه‌ده‌بیی لێکجیاواز و دابڕاو له یه‌ک. گه‌رچی ڕۆمانه‌یلی کوردی به زمانێکی ستانداردی یه‌کگرتوو نانووسرێن، به‌ڵام پتر به دوو زاراوه‌ی سه‌ره‌کیی کورمانجی و سۆرانی و به‌دوو شێوه ڕێنووسی عاره‌بی و لاتینی ده‌نووسرێن. هه‌ر بۆیه تۆژه‌ره‌وه‌ی ئه‌م بواره له کاتی هه‌ڵسوکه‌وت و لێکۆڵینه‌وه‌ی له‌مه‌ڕ ڕۆمانه‌یلی کوردی، نه‌ک له‌گه‌ڵ زه‌مینه‌یه‌کی یه‌کده‌ست و یه‌کپارچه و هاوبه‌ش، به‌ڵکو له‌گه‌ڵ زه‌مینه‌یه‌کی هه‌مه‌چه‌شن و جۆراوجۆر ڕووبه‌ڕوو ده‌بێته‌وه، ئه‌م وتاره خۆی به‌تاقه زه‌مینه‌یه‌کی ڕۆمانی کوردییه‌وه خه‌ریک ده‌کات، واته کوردستانی ئێران(١). ئه‌م وتاره مه‌به‌ستێتی ڕه‌وتی سه‌رهه‌ڵدان و گه‌شه‌سه‌ندنی ڕۆمانه نووسراوه‌کانی کوردی ئێرانی و کوردی نێو ئێران پێناسه بکات و بینرخێنێ. به‌رهه‌مه چاپ و بڵاوکراوه‌کان به‌سه‌ر دوو ده‌سته‌دا دابه‌ش ده‌کرێن: ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی له‌نێو ئێراندا بڵاو بوونه‌ته‌وه و

ئەو بەرهەمانەش کە وا لە شوێنی تر بڵاوبوونەتەوە.

## ڕۆمانە بەرهەمهاتووەکانی دەرەوەی وڵات

بەسەرهاتەکە لە تاراوگەوە دەس پێدەکات. لەسەردەمی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مەهاباد و ساڵی ١٩٤٦، دەسەڵاتدارانی کورد ژمارەیەک گەنجیان بۆ خوێندن و پەروەردەبوون بۆ یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو هەنارد. یەک لەو گەنجانە ڕەحیم قازی بوو کە بە پلەی دوکتۆرای مێژوو کۆتایی بە خوێندنی هێنا. قازی بەهۆی هەرەسهێنانی کۆماری کوردی هەر لە یەکێتی سۆڤییەت(٢) مایەوە.

قازی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی «پێشمەرگە» لە باکۆ نووسی. ئەم ڕۆمانە پاشان لە بەغدا و ساڵی ١٩٦١ چاپ کرا و بڵاو بۆوە(٣)، ڕۆمانی پێشمەرگە، وەک بەناوەکەشیدا دەردەکەوێ، چیرۆکی سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیونالیستیی مۆدێرنی کوردی لە کوردستانی ئێرانە. ئەم ڕۆمانە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٩٤٠ دەگرێتەوە، ئەو کاتەی ژ.ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) و دواتر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزران. ئەم ڕۆمانە لەسەر دەستی کەسایەتییەکانی خۆی وێنەیەکمان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووریی دواکەوتووی ئەوسای کوردستانی ئێران نیشان دەدات. بابەتەکانی ئەم ڕۆمانە پێکهاتەی عەشیرەیی کۆمەڵگای کوردی و وشیاریی نەتەوەیی لە حاڵی گەشەسەندنی ئەم کۆمەڵگایەمان بۆ ئاشکرا دەکات. کاریگەرێتیی پێشەنگخوازانەی کوردانی تاراوگە لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی سی ساڵ دواتر پتر پەرەی ستاند و بەهێز بوو، ئەوکاتەی بەربەرەکانێی هێزی کوردی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەوەیەکی تری بەرەو دیاری غوربەت و تاراوگە ڕاو نا، کە زۆربەی هەرە زۆریان وەک پەنابەر نیشتەجێی وڵاتانی ئەورووپی بوون. هەندێکیان ڕۆماننووسی لێزان و دەست ڕەنگینیان لێ دەرهات. تا ئێستا حەوت بەرهەم لە بەرهەمەکانیان لە دەرەوە بڵاوبۆتەوە(٤). جگە لەمانە، چوار بەرهەم لەلایەن کوردانی ئێرانەوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە کوردستانی عیراق بڵاوبۆتەوە(٥).

گرینگایەتیی کاری پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە مەڕ پێشخستن و گەشە و نەشە بەخشین بە ڕۆمانی کوردی لە سۆنگەی ئەم ڕاستەقینە ڕووتەوە دەسەلمێندرێ کە یەکەم بەرهەمی ئەدەبیی لەم دەستە لە کوردستانی ئێران تا ساڵی ١٩٩٠ بڵاونەبۆوە. دیارە بێ هۆش نەبووە. ڕووداوەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ڕەوتی ژیان تووشی گۆڕانکاری دەکەن، چ لەڕابردوودا و چ حاڵی حازر و هەروەتر ئەو گیروگرفت و بێبەشی و ناهومێدییانەی کە نووسەرانی ئەم دەڤەرە بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە ئەوکی گرتوون ڕوونکەرەوەی ئەو دۆخەیە کە تێیدا ژیاون. بەسەرهاتی ڕۆمانی «کارامز» بە قەڵەمی عەلی حەسەنیانی، نموونەیەکی پڕ بە پێستی ئەو گرفتە دەرە- زمانییانەیە تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە دەیانەوێ بنووسن و بەرهەمەکانیان بێننە وەشاندن. حەسەنیانی لە پێشەکییەکی کورتی ڕۆمانەکەیدا دەڵێ، یەکەمجار ئەم ڕۆمانەی بە زمانی فارسی و ساڵی ١٩٦٤ لە تاران نووسی، ئەو کاتەی کە وەک لایەنگرێکی بزووتنەوەی کوردی لە بەندیخانە دەسبەسەر کرابوو. پاشان دەسنووسەکەی لێ ون دەبێ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەوکاتەی دژی کۆماری تازە دامەزاوی ئیسلامی شەڕ دەکرا، سەرلەنوێ نووسییەوە. هێشتا تەواوی نەکردبوو، بەهۆی شەپۆلێکی بەهێز ڕەشنووسی دووهەمیش بێ سەروشوێن کەوت، لەو دەمەیدا کە دەیەویست لە چۆمی کەلوێ بپەڕێتەوە. حەسەنیانی بۆ جاری سێهەم ڕۆمانەکەی نووسییەوە. ئەمجارەیان یادداشتەکانی لە هێرشێکدا کە بەخۆمپارە و هاوەن کرایە سەر گوندێکی نیزیک هەوشاری کوردستانی ئێران سەریان تیا چوو. حەسەنیانی کە بڕیاری دابوو بەرهەمەکەی ببووژێنێتەوە، سەرلەنوێ نووسییەوە، تا ئەوەی ڕۆمانەکەی لە گوندێکی نیزیک مەهاباد، ساڵی ١٩٨١ بە کۆتایی گەیاند. حەسەنیانی کە لەژێر گوشاری گیروگرفتەکانی بنەماڵەی وە ئامان هاتبوو ناچار ڕیزەکانی پێشمەرگەی بەجێ هێشت. ساڵی ١٩٨٣ گەڕایەوە مەهاباد هێندەی پێ نەچوو لە ئێران ڕای کرد و داوای پەنابەری کرد، سەرەتا لە فینلاند و دواتر لە دانیمارک. ساڵی ١٩٩٢ و لە جەنگەی وەدەسهێنانی

**بەسەرهاتی لەدایکبوونی ڕۆمانی کوردستانی ئێران لە تاراوگەوە دەست پێدەکات**

مـــافی پەنابەری، بەهۆی نەخـــۆشی دڵ كـــۆچی دوایی كرد(٦). حەسەنیانی لە كۆپنهاگن و لە گۆڕستانی هانس كریستین بەخاك سپێردرا.(٧)

هەندێ جیـاوازیی بەرچاو و شـایانی سـەرنج هەیە لە نێوان ئەو ڕۆمانە كوردییانەی كە لە دەرەوەی وڵات بڵاو بوونەتەوە و ئەو ڕۆمانانەی كە لەنێو خۆی كـوردسـتـانی ئێـران نووسـراون، چ لە باری چۆنێـتی و شـێـواز و چ لە باری تێـڕوانینی سـیـاسـیـیـەوە. ڕۆمـاننووسـانی نێـو كوردستان پتر سەر بەو نەوە گەنجترەن كە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بـارهاتـوون و گـەشـەیان كـردووە، لەكـاتێكدا ڕۆماننووسانی دەرەوەی وڵات بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی پێـشـووی ئێـران باڵایان كـردووە و پێگەیشـتـوون. ڕۆمـاننووسـانی دەرەوەی وڵات لەنێـو حزبە سـیـاسـیـیـە كوردییـەكاندا ڕەگیان داكوتاوە و پتریش سەر بە حزبی دیموكراتی كوردستـانی ئێران بوون. ئەوەی ڕاسـتی بێت، جگە لە ڕۆمـانی «بلە جـان» (Bilican)، هـەرچـی ڕۆمان بێت و لە دەرەوەی وڵات بڵاوبووبێتەوە بە قەڵەمی ئەندامانی پێشووی دوو حزبی سیاسی سەرەكیی كوردی كە لەم ساڵانەی دواییـدا چالاك و هەڵسـووڕ بوون، واتە حزبی دیموكرات و كـۆمـەڵە، نووسراون. ئەم ڕۆمـانـانە لە باری نـاوەڕۆكـەوە بـاسی ئەو بەربەرەكـانـیـیـە كـوردییـانە دەكەن كە دژی ڕژێمەكانی ئێران كراون.

باری ئەدەبیی ئەم ڕۆمانانە لە چاو ڕۆمانی نووسەرانی سـەركـەوتووی هاوچەرخ گـەلێ لەڕ و لاواز دەنوێنێ. ئەم ڕۆمـانـانە خاوەن گێڕانەوە و پێكهاتەی سادە و ساكارن و تژی لە دەمـەقرە و باسوخواسی سیاسین. كەسایەتییـەكان زۆرجار بە شێوەیەكی میكانیكی بەسەردوو دەستەی باش و خراپدا دابەش كراون كە تێیدا كوردەكان نوێنەرایەتیی باشـەكان دەكـەن و دوژمنەكانیـان نوێنەرایەتیی خراپەكان. بەم حاڵەشـەوە گەر خاڵە لاوازە ئەدەبییـەكانیـان بخـەینە ئەو لاوە، ئەم ڕۆمـانـانە لە خـزمـەت مـەبەسـتـێكی گـرینگدان، واتە پێـشـانـدەری كـەشـوهەوا و بـارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای هاوچەرخی كوردین.

دوو ڕۆمـــان هەن كـــە نموونەی پڕ بە پێـــســتی ئەم تایبـەتمەندییـانەن. «ژیان بە دەم زریانەوە» بە قـەڵـەمی تەیفـوور بێـتـایی كـە سـاڵی ١٩٩٣ لە سـتـۆكـهـۆڵم بڵاو بۆوە(٨). لە پێشـەكییـەكی كورتدا تەیفوور دەڵێ، كەوا دەخوازێ سەرنجی خوێنەر بۆ دوو پرسی فـەرامۆشكراو و وەپشت گوێ خراوی كۆمەڵگای كوردی ڕابكێشێ: ژن و هونەر. ئەم ڕۆمانە شەڕ و خەباتی كورد دژی حكوومەتی ئێران لە ساڵانی سەرەتای دەیەی هەشتادا دەگێڕێتەوە. بەسەرهاتەكانی لە گوند و كێوەكانی دەوروبەری سنە ڕوو دەدەن. تاقـمـێـك لە پێـشـمـەرگـەكـانی حزبی دیموكراتی كـوردسـتـان ڕوو دەكـەنە سنە تا بابایەك بەناوی حـاجی مەنسـوور كە هاوكار و كاربەدەستێكی دەستڕۆیشتووی ڕژێمە لەناو بەرن. چیـمـەن، كـە پێـشـتـر مێـردەكەی لە جەنگەی بۆمبـارانی شـاردا كـوژراوە، بە بەرپرسی حزب دەڵێ، كـە ئەو لە حـاجی مـەنسـوور دەگـێڕێتـەوە بێت بۆ مـاڵـەكـەی، تا لەوێ ئەوان بتـوانن بیكوژن. چیـمـەن ئەم كارە دەكات. پێشـمـەرگەكان ئەركەكەیان بەجێ دێنن، بە سێ گـولله دەیكوژن و دەگەڕێنەوە بۆ بنكەی خۆیان بەڵام هێندەی پێ ناچێ ئاگادار دەبنەوە كـەوا حاجی مـەنسـوور زیندوو بۆتەوە و لەتاران بە یارمـەتی پزیشكان لە مـردن ڕزگاری بووە، چیـمـەن كە ژیانی دەكـەوێتە مەترسـیـیـەوە دەشێ دایكی جێ بهـێـڵـێ و لەگـەڵ پێـشـمـەرگـەكـان ڕابكات. باوكی چیـــمـەن چەندین سـاڵی ڕابردوو و لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەویدا كوژراوە و تاقە خوشكەكەشی لە یەكـەم سـاڵی شـۆڕشی گـەلانی ئێـراندا بە دەسـتی پێشمەرگەیەك تیا چووە. دوایی چی وای پێناچێ دایكی دەسگیر دەكرێ و بە مەرجی خۆ بە دەستەوەدانی چیمەن بڕیاری ئازاد كـردنی دەدرێ. چەند مـانـگ دواتر دایكی نەخۆشی ئازاد دەكرێ و هێندەی پێناچێ دەمرێ.

هەنووكە چیمەن لە گوندێكدا و لەگەڵ پێشمـەركەكان دەژی. خـوێنەر لە چاوی چیـمـەنەوە لەگـەڵ گوند و ژیانی پێشـمـەرگەكان ئاشنا دەبێت. چیمەن كە لە شار لە دایك بووە و بارهاتووە سـەری لە كـەشـوهەوای خـەفـە و باوكـسـالارانە و پاوانخـوازانەی گـوند سوورِدەمـێنێ و دۆخی ژنان وەك دۆخێكی ناخۆش و پڕ مەینەت دەبینێ. بۆ باشتر كردنی بارودۆخی ژیانی خۆی ڕازی دەبێ ببێتە هاوسەری حەمـە، ئەو پێشـمـەرگەیەی كـە ئەو گەلێ ساڵ لەمەوبەر، پێش ئەوەی بۆ یەكەمجار شوو بكات خۆشی ویسـتـبـوو. ئەوان زەمـاوەندەكـەیان سـاز دەكـەن، بەڵام شەوەكـەی شـاییـەكـەیان بە ئاكـام ناگـات. ڕۆژی دواتری داوا لە حەمە دەكرێ تا ڕێی شوێنێكی دوور بگرێتە بەر تا ئەو سەربازە ئێرانییانەی كە لەلایەن پێشمەرگەكانەوە دەسبەسەر كراون بگوازێتەوە بۆ بەندیخانەیەكی حزب. لە

ڕێ حەمە زۆربەی یەخسیرەکان دەکوژێت. حەمە لە لایەن کاربەدەستانی حزبەوە دەگیرێت. چیمەن کە لەو شتانەی ڕوویان داوە بێ ئاگایە چاوەڕێی هاتنەوەی هاوسەرە تازەکەیەتی. چەند مانگێک بەسەردا تێدەپەڕێ. لە هەمان سەروبەنددا پێشمەرگەکان هەڵمەتێکی دیکە دەبەنە سەر دوژمن و لەم شەڕەدا سیامەک، جەنگاوەرێکی فرە خوێندەواری حزب، بریندار دەبێت. چیمەن پەرستاریی سیامەک وەستۆ دەگرێت تا چاک دەبێتەوە. ئەوان ئاشقی یەکتری دەبن، بەڵام ناوێرن هیچ شتێک سەبارەت بەو ئەڤینە دوو لایەنەیان بە کەس بڵێن. جاروباریش دڵداری و عیشق بازی دەکەن. لەم نێوانەدا سیامەک بۆ بەرەیەکی تری شەڕ دەنێردرێ و چیمەن جێ دەهێڵێ. هەنووکە چیمەن منداڵی سیامەکی لە زگدایە و لەوە دەترسێ نەکا خەڵکی گوندی لەو بارەیەوە پێی بزانن، هەر بۆیە پەیامێک بۆ سیامەک دەنێرێ و باسی دووگیان بوونی خۆی بۆ دەکات و داوای لێدەکات بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ لای. زەمان دەگوزەرێ. چیمەن کە هیچ هەواڵێکی لێ نابیستێتەوە و هەر لە سۆنگەی ئەم بێدەنگییەی سیامەک هۆگری و خۆشەویستییەکەی سەبارەت بەو لە کزی دەدات، بڕیاری ئەوە دەدات بیدۆزێتەوە. چیمەن تێکەڵ بە دەستەیەک پێشمەرگە دەبێت و بەدوای شوێن و جێ و ڕێی سیامەکدا ڕێگە دەبڕێ.

دوای سەفەرێکی دوور و درێژ و پڕ مەینەت و دەردەسەریی زستان، چیمەن لە لایەن پیرێژنێکەوە پەنا دەدرێت. ئێستا چیمەن لە حەوت مانگە دایە و ژانی پێشوەخت دەیگرێ و ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێزەکانی حکوومەت گوندەکەیان گەمارۆ داوە. دوایی شەڕێکی قورس دەس پێدەکات. هاوار و قیژە قیژی چیمەن لە نێو قرمە و شریخەی گوللەوە دەبیسرێ. چیمەن کوڕی دەبێت و ناوی دەنێ «ژیان». لەم نێوانەدا سیامەک بەدوای چیمەندا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. پێشمەرگە کوردەکان، لەلایەن پێشمەرگەیەکی هەڵاتووەوە کە پیاوی حاجی مەنسوور دەبێ خەیانەتیان پێ دەکرێ، بەدەستی هێزەکانی حکوومەت شکست دەدرێن. کاتێک چیمەن دێتە ناسین هەرچەندە هێشتا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت

**ئەو ڕۆمانانەی لە ناوخۆی کوردستانی ئێران نووسراون لە ڕووی گۆشەنیگا و پێکهاتەوە بە پێچوپەناترن**

دەسبەسەر دەکرێ و بۆ هەمان بەندیخانە دەبرێ کە دایکی تێدا دەسبەسەر کرابوو. دووەمین ڕۆمانی ئەم دەستەیە بەناوی «کۆمەڵە شاخی بەرز» بە قەڵەمی «کوردان» نووسراوە و ساڵی ١٩٩٣ لە سوێد بڵاوبۆوە(٩).

لە سێ لاپەڕەی سەرەتای ڕۆمانەکەدا، خوێنەر ڕووبەڕووی پیاوێک دەبێتەوە کە بەردەوام گوێ بۆ گۆرانییەک شل دەکات سەبارەت بە کێو و شاخە مەزنەکانی کوردستان. دیواری ژوورەکەی بە وێنەی کێوەکان ڕازاوەتەوە، تفەنگێک بە گۆشەیەکی دیوارەکەوە هەڵواسراوە. پەردە هەڵدراوەتەوە. بە تووڕەبییەوە پەردەکە لادەدات. تا ئەو گەنج و ئاشقانە ببینێ وا لە سەیرانگای گشتیی شار کۆ دەبنەوە. ئەو شارە، شارێکی کوردستان نییە، شارێکە لە ئەڵمان. پیاوەکەش پێشمەرگە نییە، پەنابەرێکی کوردە. بەنیازیش نییە تفەنگەکەی دژی دوژمن بەکار بێنێ. ئەو خەریکە خۆی بۆ کوشتنی کچەکەی ئامادە دەکات.

ئەو هۆکار و نیشانانەی کە بوونەتە هەوێنی ئەم بڕیارە و ئەنجامە کارەساتاوییەکانی بە کورتی ئاماژەیان پێدەکرێ چەندین ساڵ بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران، فەخرە، کە کوردێکی ئێرانی دەبێت، بەتاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی کوردانی عیراق لەلایەن هێزی ئێرانەوە دەگیرێ و دەخرێتە بەندیخانەوە. فەخرە خۆی لە زیندان دەرباز دەکات و هەڵدێت و تێکەڵ بە بزووتنەوەی «کوردستانی ئەودیو» دەبێت. هێزی ئێران هاوسەری فەخرە بە بارمتە دەگرێ، و ئازاد کردنی هاوسەری بە مەرجی خۆ بە دەستەوەدانی ئەو ڕادەگەیەنن، بەڵام فەخرە، ئەم ڕێگایە هەڵنابژێرێ. تەنیا ڕێگای ئەو درێژەدان بە خەباتە لە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانەدا، فەخرە بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی هاوسەرە خۆشەویستەکەی دێنێ تا چیتر بەچاوی خۆی نەبینێ کەوا خێزانی کەوتۆتە دەستی هێزی ئێرانییەوە. ئەو سەروبەندەی کەوا فەخرە لە دوورە وڵات خەریکی خەباتە، کچە گچکەکەی، هەنار، لەژێر دەستی دایە گەورە و بابە گەورەیدا پەروەردە دەبێ. پاش چەندین ساڵ شەڕ و خەبات لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا، دواجار فەخرە لەگەڵ هەناری کچی کە هەنووکە چاردە ساڵی تەمەنە ڕادەکات

بۆ ئەوروپا. لە ئەڵمان نیشتەجێ دەبن. پاش دوو ساڵ چاوەڕوانی، وەک پەنابەر مافی مانەوەیان پێ دەدرێت. فەخرە لە کارخانەیەکدا کارێک دەدۆزێتەوە و هەناریش لە قوتابخانە وانەکانی بەباشی دەخوێنێ. نێوانیان زۆر خۆش دەبێ، بەڵام لەو کاتەوەی هەنار لەگەڵ کوڕێکی ئەڵمانی کەین و بەینی دەبێت دۆخەکە بە بارێکی تردا دەگۆڕێ. فەخرە دەپەشۆکێ و چاک دەزانێ کە وا لە نێوان داب و نەریتی کولتووریی کوردی و ڕۆژاواییی جیاوازییەکی فراوان هەیە. هەنار باوکی جێ دەهێڵێ تا لەگەڵ دۆستەکەی ژیان بەرێتە سەر. فەخرە دڵشکاو و هەناسە سارد و ناهومێد دەبێ. ئەو خەونی بەوەوە دەدی هەنار بەپێی داب و نەریتی کوردەوارییەوە پەروەردە بکات، بەڵام ئێستا هەرچی هومێدی هەیبوو با بردوونی و وا هەست دەکات ئاوێنەی فەخر و شانازییەکانی بەشێوەیەکی قەرەبوو نەکراوە پەڵەی پیسیان وەخۆ گرتووە. تەنیا ڕێگایەک ماوە بیگرێتەبەر: کوشتنی هەنار. هەنار لە ڕێگای پشت کردن لە داب و نەریتی کوردی ئەوی بێ ئابڕوو کردووە. فەخرە هەنار بە گوللەیەک دەکوژێ. هەنووکە فەخرە هیچ بیانوویەکی بۆ زیندوو مانەوەی خۆی بەدەستەوە نییە. چەند دەقە دواتر، لەکاتێکدا جەماوەرێکی زۆر بە سەرسوورمانەوە لە دەوری جەستەی بێ ڕۆحی کچەکەی ئاپۆرەیان بەستبوو، لە نهۆمی نیزیکەوە کە دووکەڵی لێ هەڵدەستا دەنگی تەقەی دووەم دەبیسرێ.

جیهانی ڕۆمانی کوردان ئەو شتەمان پێ نیشان دەدا کە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ بۆمان دەسەلمێنێ: «تایبەتمەندیی هاوبەشی زۆربەی پەنابەران و کولتوورەکانی پەنابەری دڵساردی و واز وازی بوونە». لەنێو دەقی چیرۆکەکەدا، لەنێوان ژیانی ڕۆژاوایی و نەریتە کوردییەکاندا و لەپێناوی هەڵسەنگاندنی خاڵە شایان و باشەکانیاندا، بەراوردکردنێکی هاوشان دەبینرێ. وەک ڕێسایەک ڕابردوو وەک سەردەمێکی باشتر دێتە هەژمار.

هەنار بەدەست خەڵکانی ڕۆژاوا و شێوە ژیانیانەوە دەناڵێنێ. ئەو دەڵێ: «خۆزگە قەت نەدەهاتم بۆ ئەم وڵاتە» ئەو باوەڕی وایە ئەوروپاییەکان خەمی کەس بە کۆڵ خۆیاندا نادەن، پەرۆشی حاڵوباڵی یەکدی نین، دایک و باوک لە هەمبەر منداڵەکانیان کەمتەرخەمن، منداڵانیش هەر وەتر. لە وڵاتی خۆی خەڵکان بە خەمی یەکەوەن. کاتێک هەنار ئاشقی هێلموت دەبێ، قسەکانی باوکی وەبیردێتەوە کە پێی دەگوت خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی چۆن چۆنی عەشقی دڵی خۆیان دەردەبڕن. هەنار ناتوانێ بڕیاری جێ هێشتنی دنیای خۆی بدات و ڕوو بکاتە جیهانی ئەو کوڕەی خۆشی دەوێ. لەلایەکەوە سوورە لەسەر ئەوەی لە هەمبەر داب و نەریتەکانی باوکی بە ئەمەگ و وەفادار بێت لە لایەکی ترەوە داخۆ تاکەی دەتوانێ لە بەرامبەر هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ کوڕە تاقەت بێنێ و خۆ ڕابگرێ؟ هێندەی پێناچێ ئەم ڕاستییە قبووڵ دەکات کە ئەو لەوە بێ تواناترە بتوانێ چاوەڕوانییەکانی باوکی بەجێ بێنێ. هەربۆیە بڕیارێکی کزە لە جەرگەوە هێن دەدات ئەوەیە کە ڕێگای خۆی بگرێتەبەر و باوک و ماڵی جێ بهێڵێ. تەنانەت ئەو گاڵتە بەخۆی دەکات و دان بەوە دادەنێت کە ناتوانێ وەک پاژێک لە جیهانی بیرو خواستە پڕ و پووچەکانی باوکیدا بمێنێتەوە. هەنار لە خۆی دەپرسێ، «من کێم؟»، «من چیم؟» هەنار کە لەنێوان جیهانی ڕابردوو و ئێستا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا گیری خواردووە، دواجار ڕوو دەکاتە ڕۆژاوا.

کاتێک فەخرە ئەو ماوەیە لە ژیانیدا کە لە ئەڵمانیا بەسەری بردووە و ئەو ئازار و مەینەتەی لەوێ چێشتوویەتی تاوتوێ دەکات و بیریان لێدەکاتەوە، تێدەگات ئەوە ڕابردوو و وڵاتەکەیەتی کە ئۆخژنی پێ دەبەخشن. ئەو لە ڕۆژاوا تەنیایە. کەس بەدی ناکات خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. ئەم بەسەرهاتە تراژیک و کارەساتاوییە بە جوانی پیشاندەری دابەشکاریی کولتوورییە لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و نەریتەکانی کۆمەڵگای کوردیدا.

### ڕۆمانە بڵاوکراوەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران

یەکەمین ڕۆمان لە کوردوستانی ئێران بە قەڵەمی فەتاح ئەمیری نووسرا. ئەم ڕۆمانە بەناوی «هاوارە بەرە» ساڵی ١٩٩٠ بڵاوبۆوە. لە ماوەی دە ساڵدا پێنج ڕۆمانی تر بە پیرستی ڕۆمانەکانی کوردستانی ئێران زیاد بوو.(١٠) لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا سێ ڕۆمانی دیکەش بڵاوبوونەوە. سەر لەبەری ئەو ڕۆمانانەی کە لەنێو خۆی کوردستاندا بەرهەم هاتوون، لە باری

ناوەرۆک و شێوازەوە، جیاوازییان لەگەڵ ئەو ڕۆمانانەدا هەیە کە لە دەرەوەی وڵات بەرهەم هاتوون. ڕۆمانەکانی کوردستانی ئێران لە بنەڕەتدا لە گۆشەنیگای پێکهاتەوە (Stractare) بە پێچوپەناترن. ئەم ڕۆمانانە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن.

دەستەی یەکەم کە پەسنی زەمانی ڕابردوو دەکەن ئەم ڕۆمانانە کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا نووسراون هەوڵ دەدەن ڕابردوو بېووژێننەوە، «سەردەمە خۆشەکان» زیندوو بکەنەوە، دڵنیایی دۆڕاو و جۆرە هەستێکی ئارامی و ئاسوودەیی ببووژێننەوە. دوو ڕۆمانی سەرەتایی فەتاحی ئەمیری و ڕۆمانەکانی نەسرین جەعفەری و عومەر مەولوودی و کامران حامیدی سەر بەم دەستەیەن. ڕووداوی ئەم ڕۆمانانە پێش شۆڕشی ١٩٧٩ و لە ناوچە گوندنشینەکان و دوور لە ژیانی شار ڕوو دەدەن. پێکهاتەی ئەم ڕۆمانانە ساکار و گێڕانەوەیان هێڵییە. کەسایەتییەکان بە سەر دوو دەستەی باش و خراپ و سپی و ڕەشدا دابەش دەبن.

دیالۆگەکان زۆر لاوازن و شوێن و جێگا و ڕێگاکان بە تێر و تەسەلی و بە وردی باسیان لێکراوە. کەسایەتی سەرەکی بەشێوەیەکی نموونە بژار پیاوێکی جوانکیلە و چاونەترس و بوێرە کە خاوەن هەموو بەها نەریتییە باشەکانە. ئەم کەسایەتییە نموونە بژارە ئایدیالە لە شەڕی خۆیدا دژی دوژمنی هەمیشە ترسەنۆکی ستەمکاری خراپکار ڕووبەڕووی گەلێ گیروگرفت دەبێتەوە و بەسەریشیاندا زاڵ دەبێت. حاڵەتێکی ئەفسانەیی گێڕانەوە دەڕازێنێتەوە و قارەمانەکان بەگشتی لە عیشقی خۆیاندا نوشوستی دێنن و هەوڵەکانیان لە سۆنگەی پیلانی دوژمنانەوە مایەپووچ دەردەچن. سەرباری ئەم ڕاستییە کە یەکەم ڕۆمانە بڵاوکراوەکانی کوردی لە ئێران، پڕن لەو پازانەی کە بەسەر کێشە و ململانێ سیاسییەکانی ئێستادا دەدرێن، بەڵام هەمیشە تووشی پرسی سیاسی دێن و هەموو هەوڵێکیان بۆ پاساو دانەوەی هەڵسوکەوت و ئاکام و ئەنجامە سیاسییەکانە.

فەتاح ئەمیری، پێشەنگی نووسینی ڕۆمان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە دوو ڕۆمانی یەکەمی خۆیدا کە لە بنەڕەتدا دوو بەرگی تاقە یەک ڕۆمانن، نوێنەرایەتیی ئەم چەشنە داگەڕانە دەکات. یەکەم ڕۆمانی ئەمیری بەناوی «هاوارە بەرە» لەسەر بنەمای ئاوازی شمشاڵی شوانێک دامەزراوە. ئەم ئاوازە کە لەنێو کورداندا ئاوازێکی ناسراوە پێشاندەری تاو و تەئیسری جادوویی ئەڤینداریکی خوازیاری خەزاڵ، دڵداری شوانەیە، خەزاڵی کچی حاجی کە خاوەنی مەڕەکانی شوانەیە. بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای چیرۆکێکی فۆلکلۆریکی کوردی دامەزراوە سەبارەت بە شوانێک کە دزان دەورەی دەدەن. ئەو تەنیا ئەوە لە دزان دەخوازێ تا ڕێگای پێ بدرێت بۆ دوایین جار شمشاڵەکەی بۆ مەڕەکانی بژەنێت. ئەوان ڕێگای پێدەدەن. ئەو لە دڵەوە شمشاڵەکەی دەژەنێت. دڵدارەکەی لەنێو گوندە دوورە دەستەکەیانەوە گوێی لە ئاوازی شمشاڵی شوانە دەبێت. کچە کە لە مانای ئاوازەکە دەگات، باوکی لەو دەردەسەرییەی کە خۆشەویستەکەی تووشی بووە ئاگادار دەکاتەوە، باوکی لە تەک گوندنشینان بۆ ڕزگار کردنی کوڕە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵدەماڵن. ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەژێر کارتێکردنی بەها فۆلکلۆری و نەریتییەکاندایە.

ئەمیری لە سەرەتاوە بە شێعری شاعیری ئەفسانەیی کورد، هێمن، دەس پێدەکات کە تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی گەنجێتی کە چ شوێن پێی یاری تێدا بەدی ناکات. چیرۆکەکەی لە گوندەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا ڕوودەدات. کەسایەتییە سەرەکییەکان شوانێکی سەرگەردان و میرزایەکن، ئەو میرزایەی کە لە شوێنێکی نادیارەوە هاتووە تا گوندنیشنان لەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تژی لە زوڵم و زۆرەی کە تێیدا دەژین ئاگادار بکاتەوە، بەڵام یەکێک لە گوندنشینان کە سیخوڕی حکوومەتە میرزا ناچار دەکات گوند جێ بهێڵێت. لە ڕۆمانی دووەمی ئەمیری-شدا میرزا دیسان بە دوای ئاگادار و وریاکردنەوەی خەڵکی گوندنشینە، لە کاتێکدا بەرگی یەکەم تەرخان کراوە بۆ داستانی ئاشقانەی نێوان شوانە و خەزاڵ وەک تێمی سەرەکی، بەرگی دووەم بە عیشقی نێوان میرزا و «ناز»ەوە سەرقاڵە، نازێی بێوەژن بە دوو منداڵەوە. میرزا دەسگیر دەکرێ و چەندین ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران دەکرێ و بەر دەبێ. هەرتک ڕۆمانەکە خاوەن گێڕانەوەیەکی ساکار و چەند کەسایەتییەکی سادەن کە تێڕوانین و دیدیان لە چوارچێوەی سنووری گوند تێناپەڕێت.

سێیەم ڕۆمانی ئەمیری بەناوی «زیندە خەو» ساڵی ٢٠٠٣ لە هەولێری کوردستانی عیراق بڵاوبۆوە. ئەم ڕۆمانە لەچاو ڕۆمانەکانی پێشووی ئەمیری بە دابڕانێکی بنەڕەتی دێتە هەژمار. ئەم ڕۆمانە باسی ژیانی گەنجێکی مەهابادی دەکات. کەسایەتییە سەرەکییەکان هەموویان خوێندەوارن. ئەم ڕۆمانە پیشاندەری ژیانی شاری لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شایە کە لە ڕێگای ساواکی چەپەڵەوە هەموو لایەنێکی ژیانی لە ئێران چاوەدێری دەکرد. ئەم مۆتەکە نەتەوایەتییە بە هاتنی شۆڕشی ١٩٧٩ کۆتایی پێ دێت. پێکهاتەی سێیەم کاری ئەمیری بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر لە نووسراوەکانی پێشووتریەتی.

ڕۆمانەکانی «کامران حامیدی» هەندێ لایەنی هاوبەشی لەگەڵ کارەکانی ئەمیری هەیە، جیاوازییان پتر لەوەدایە کە کاری حامیدی سیاسیترن. کاری ئەمیری باسی شەڕی چەکداری کورد لەگەڵ جاندرمەی حکوومەتی شادا دەکات، لە کاتێکدا «زینوێ بەتەم»ی حامیدی شەڕی نێوان پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەوڵەتی ئێران لە دەیەی ١٩٦٠دا سەرلەنوێ دەخوڵقێنێتەوە. تاقمێک کوردی خوێندەوار کە زۆربەیان خەڵکی مەهابادن و نیشتەجێی گوندە سەر سنوورەکانی نێوان ئێران و عیراقن، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی ئێران تووشی شەڕ دەبن و ئەوەندەی پێناچێ تێکدەشکێن. ئەمە پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە خۆئامادەکردنیان وەک ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەنێو گوندەکاندا زۆر سادەو سەرەتاییە، نیشانە و هێمایەکی ئەوتۆی لایەنەکانی ڕۆشنبیرانەی ژیانی سیاسییان تێدا بەدی ناکرێ، نە کتێبێک، نە ڕۆژنامەیەک، نە هیچ شتێک کە پابەندی سیاسەتی هاوچەرخ بێت. [لەم ڕۆمانەدا] جیهانی گەشەنەسەندووی کۆمەڵگای کوردی بە ئاشکرایی دەردەکەوێ.

ڕۆمانی دووهەمی حامیدی «بەردی گۆمەلانکە»یە کە باسی شەڕ و کێشەی نێوان کوردێکی چەکدار و هاوسەرەکەی دەگەڵ پیاوانی حکوومەتدا دەکات. لە هەر تک ڕۆماندا، قارەمانانی ڕۆمان چارەنووسیان مەرگە. ڕۆمانەکانی حامیدی پیکارێسک-ن (picaresque) [پێوەندی بە ژانری چیرۆکی پەخشان ئامێزەوە هەیە کە سەرەتا لە ئیسپانیا سەری هەڵدا و لە مەڕ وردەکارییەکانی ڕاستەقینەی بەسەرهاتی قارەمانێکی ڕەزیل دەدوێت، کە پتر بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێزانە شوێن لە سەر مێشکی خوێنەر دادەنێ.- وەرگێر-] بەڵام لە باری تەکنیکییەوە لەچاو کارەکانی ئەمیری و لە گۆشەنیگای باری هونەرییەوە پێشکەوتێکی کەمیان تێدا هەست پێ دەکرێ.

«بلەجان» (ناوێکی تایبەت) کە پەرویزی جیهانی نووسیویێتی، هەروەتر سەر بە ژانری ڕۆمانی کوردییە و باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی سەدەی بیستەمی گەلی کورد دەکا. بناغەی ئەم ڕۆمانە کە لەناوچە باکوورییەکانی کوردستانی ئێرانی ڕۆنراوە بە کورمانجی و ئەلفوبێی لاتین نووسراوە و ساڵی ٢٠٠٢ لە ئیستامبوڵ چاپ کراوە و بڵاوبۆتەوە. ڕۆمانی «بڵیند و نەوی»ی نەسرین جەعفەری هەوڵ دەدات چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردی سەرلەنوێ بگێڕێتەوە کە باسی شەڕی نێوان کوردان و پاشای سەفەوی، شاعەباسی دووەم، بکات کە لە سەدەی حەڤدەدا ڕوویدا. شەرحێکی پێشتری ئەم ڕووداوەش لە ڕۆمانێکدا هاتووە بە ناوی «دمدم» کە بە قەڵەمی کوردێکی سۆڤیەتی بەناوی عەرەب شەمۆ نووسراوە. ئەم ڕۆمانانە هەر تکیان باسی هەمان قۆناغی مێژوویی دەکەن، کەواتە ڕۆمانی مێژوویین چونکی باسی بەسەرهاتەیلێکی مێژوویی دەکەن، بەڵام لە دووبارە خوڵقاندنەوەی کەسایەتییەکاندا سەرکەوتوو نەبوونە. لە ڕاستیدا، گەر ئەم کەسایەتییانە کەسانێکی مێژوویی ناسراو نەبوونایە، ئەستەم بوو کەسێک بیتوانیبایە ئەو قۆناغە زەمانییەی کە ڕووداوەکانی تێدا قەومان بەجێ لە قەڵەم بدات.

بەختەوەرانە پێشکەوت و گەشە و نەشەی ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران لە باری شێوازەوە وێدەچێ لە کارەکانی عەتا نەهایی-دا دیار بێت: «گوڵی شۆڕان» کە ساڵی ١٩٩٨ بڵاو بۆوە و «باڵندەکانی دەم با» کە لە ٢٠٠٢دا هاتە وەشان.

نەهایی لە ڕێگای بەکارهێنانی زۆربەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان، تێگەیشتنێکی تری لە مەڕ هونەری ڕۆمانی هاوچەرخ هێنایە ئاراوە. یەکەم ڕستەی «گوڵی شۆڕان» ئەمەیە: «لاس کوڕە گەورەی وسوو ئاغا دوای پانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە.»

سەرلەبەری ڕۆمانەکە بەرفرە کردنی ئەم دژوازییەی

کەسایەتیی سەرەکییە. لاس دوای پازدە ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام پێمان ناگوترێ لەم ماوەیەدا لەکوێ بووە. پێشمان ناگوترێ بۆ لە ساڵوەگەڕی مەرگی خۆیدا دەگەڕێتەوە. ئێمە لەم ڕاستییە ئەوکاتە تێدەگەین کە ئەو ئێوارەیەکی درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەیان و ماڵەبابی بە وێرانی دەبینێتەوە، لافاوی بیرەوەری مێشکی دادەگرێ. کوڕێکی مێرمناڵی لە باری عەقڵییەوە دواکەوتوو دەرگا دەکاتەوە. لە بەخێرهێنانی دایکیدا هەست بە هیچ گەرموگوڕییەک ناکرێ. لاس بە تامەزرۆییەوە باس و هەواڵی ئەندامانی تری بنەماڵەکەیان دەپرسێ: هاوسەرەکەی خانزاد و کوڕەکەی یادگار و براکەی فەرخە، بەڵام دایکی وەک دایکێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکا کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوی بە کوڕەکەی نەکەوتبێت. ئەم ڕازە بەدرێژایی چیرۆکەکە مێشکی خوێنەر بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات تا دواجار وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە گەلێ ساڵە دایکی لاس، گوڵێ، بە هەموو کەسێکی گوتووە کە لاس زۆر لە مێژە مردووە. لاس دەڵێ: «بەڵام ئەمن زیندووم و گەڕاومەتەوە.» دایکی لێی دەپرسێ: «باشە بۆ گەڕاویتەوە؟» لاس لە وەڵامدا دەڵێ: «من گەڕاومەتەوە تا سەگەکانی وڵاتی خۆم پێم بوەڕن.»

لە ڕێگای فلاش بەکەوە (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو) ئێمە لە ژیانی پێشووی لاس و بنەماڵەکەی ئاگادار دەبین. ئەو یادداشتەی کە باوکی لاس لەدوا لاپەڕەی قورئانی ماڵەکەیاندا نووسیویەتی ڕوونی دەکاتەوە کە لاس لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و سێ ڕۆژ بەرلەوەی سوپای ڕووس شاری بانە بسووتێنن لە دایک بووە. بنەماڵەکەیان، وەک خەڵکانێکی زۆری دیکە، بۆ گوندێکی دوور ڕادەکەن. زۆر کەس لە سەرمای تووشی ئەو ساڵەدا تێدا دەچن، لەوانە دایک و باوکی گوڵێ. تەنیا دوای ئەوەی ڕووسەکان پاشگەز دەبنەوە بنەماڵە دەگەڕێتەوە.

لە جەنگەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، لاس ماڵ جێ دەهێڵێت و تێکەڵ بەهێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دا دەبێ. دوای هەرەسهێنانی کۆمار، هەڵدێ بۆ کوردستانی عیراق و لەوێ بەندیخانەی حکوومەتی عیراقی بە تووشەوە دەبێ. بنەماڵەکەیان پێیان وایە کە مردووە. ساڵان دێن و تێدەپەڕن، خانزادی هاوسەری شوو بە فەرخەی برای دەکا. گوڵێی دایکی ئەم جووتە لەماڵ وەدەردەنێ. خانزاد کچێکی دەبێ بەناوی هێرۆ. حەوت ڕۆژ دوای ئەوەی ئەم بەسەرهاتانە لە زمان دایکییەوە دەبیستێ، لاسی خەمبار شار بەجێ دێڵێ، بەو مەبەستەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ.

یادگار، کوڕی لاس، بە هەواڵی گەڕانەوەی باوکی دەزانێ، بەڵام یادگار دوودڵە، ئایا بە ڕاستی دەیەوێ باوکی ببینێ؟ دواجار کاتێک دەچێ بۆ ماڵی دایە گەورەی، پێی دەڵێن باوکی دوو کاتژمێر لەمەوبەر ڕۆیشتووە. فەرخە و خانزادیش هەروەتر بە خەبەری گەڕانەوەی لاسیان زانیوە. یەکێک لە خزمەکان شەوی یەکەمی گەڕانەوەی بینیویەتی و هەواڵەکە بە شاردا بڵاوبۆتەوە. هەنووکە خانزاد و فەرخە تەنیا شتێک هەستی پێ بکەن گوناهە. تەنیا ڕۆژێک دوای بیستنی خەبەری گەڕانەوەی براکەی، مووی سەری فەرخە سپی دەبێ. سێ ڕۆژ دواتر یادگار هەواڵی پێدەگات کە باوکی لە گوندێکی نیزیکە. بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ، بەڵام دیسان درەنگ دەگاتێ. کاتێک دەگاتێ، دەبینێ خەڵکی گوند خەریکن تابووتێک بەرەو گۆڕستان دەبەن. ئەوان تەرمی لاس، باوکی ئەویان دەناشت.

چیرۆکەکە لە دەلاقەی تێڕوانینی دوو بکێڕەوە دەگێڕدرێتەوە: حەوت فەسڵی یەکەم لە زمان سێیەم کەسەوە و فەسڵی هەشتیش کە دوا فەسڵە لە زمان یەکەم کەسەوە. ئەوە یادگارە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چیرۆکەکە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ ڕووداوەکان، دەگێڕێتەوە، ڕوانگەی هەموو شت زانانە و شیکردنەوەی کەم و زۆر ورد و پڕ بە پێستی ئەو بۆ دەوروبەر و کەسایەتییەکان سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. کەسایەتییەکان باش داڕێژراون و شوناسی خۆیان هەیە و لە ڕێگای هەڵسوکەوت و بیری دەروونییانەوە کە لەسەر دەستی مۆنۆلۆگەکان خۆیا دەبن تانوپۆی چیرۆکەکە دەچنن. فلاش باکی بەردەوام بە زیندوویی دەق زیاد دەکەن و خوازە و هێماکانیش دەورێکی گرینگی تێدا دەگێڕن.

لەگەڵ «باڵندەکانی دەم با»دا تەکنیکی گێڕانەوەیی و تایبەتمەندیی شارنشینی کە جیهانی ڕۆمانی کوردی پێکدێنن بەر دەگرێ. لەم کارەدا توانای ڕۆماننووس

چەشنێک مـیــتـا- گـێـڕانەوە (گـێـڕانەوەیەک لەمـەڕ گێڕانەوە) دەخولقێنێ. ئەم ڕۆمانە ئەوەی ڕاستی بێ تێکەڵاوێکە لە لانی کـەم سێ چیـرۆک. بگێـڕەوەی سـەرەکی چیرۆکی «مـیـهـرەبان»مـان بۆ دەگـێـڕێتـەوە، کـوردێک کـە چەندان سـاڵ لە زینداندا بەسـەر دەبات تا شـۆڕشی گـەلانی ئێران بەسـەردادێت، کـە ئیـتـر ئەوکـات ئازاد دەبێ. ئەو کوردسـتـان جێ دەهێـڵـێت و ڕوودەکـاتە ئەوروپا. ساڵانێکی دواتر دەگەڕێتەوە تا چیرۆکی فەرهاد و کـاڵێ بنووسـێـتـەوە. فـەرهاد کـە پیـاوێکی سیـاسی سـەردەمی ڕژێمی پێـشـوو دەبێ و هەر بۆیە بە دزییـەوە دەژیت، ئاشقی کـاڵێ دەبێ. کـاتێک فـەرهاد دەگـیـرێ و زیندانی دەکرێ، کـاڵێ خـۆی دەسووتێنێ و دەمرێ کـە فـەرهاد لە بەندیخـانە بەردەبێت و بەخـۆکـوشـتنی کـاڵێ دەزانێ، لە نەقـقـاشی کـێـشـاندا بەدوای ئاسـوودەیی و ئارامیی خۆیدا دەگەڕێ.

مـیـهـرەبان هەوڵ دەدات چیـرۆکی فـەرهاد بنووسـێت و فـەرهادیش تێدەکـۆشێ چیـرۆکی کـاڵێ بکێـشـێـتـەوە. بگێڕەوە چیرۆکی میهرەبان بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی پێوەندیی ئەو بە خۆشەویستەکەی سارا-وە و ژیانە پڕ لە نەهامەتییەکەی. ڕۆمانەکە چەند بەسـەرهاتێکی دیکەش بەسـەر دەکـاتەوە. دواجـار، بگێڕەوەکە، واتە میـهرەبان و نەققاشەکە، واتە فەرهاد، لە چارەنووسێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە، چیرۆکەکانیان لە ژوورێکی تاریکدا کە بەدەستی کـارەسـات و خـەونی دۆڕاو تێکڕماوە و نوشوستی هێناوە کۆتایی پێدێت.

لێـرەیە کـە دەبـینین تـەکنیـکی ئـەم ڕۆمـانـە سنووری گـێـڕانەوەیەکی سـاکـاری زنجـیـرەیەک ڕووداوی نێـو زەمـانێکی هێـڵی [و بێ پێـچـوپەنا] دەبەزێنێ. لەم ڕۆمانەدا بەسەرهات و زەمان بەشێوەیەکی بازنەیی و لە چوارچێوەیەکی هونەریدا تێک چندراون.

نووسەر لە ڕێگای بەکـارهێنانی «شـەپۆلی ئاگـایی» و تەمهـیـدە جۆراوجـۆرەکـانی تری گـێـڕانەوەییـەوە، لەچاو ڕۆمـانـەکـانی دیکـەی کـوردی، بەشـێـوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە ڕۆمـانێکی فـرە دەنگی و وتـووێژ ئامێـزی خوڵقاندووە. لەم ڕۆمـانەدا، پێوەندیگەلی تاکەکـەسی و کـۆمـەڵایەتی پێـشـاندەری کـۆمـەڵگایەکی لە بنەڕەتەوە گـۆڕان بەسـەردا هاتووە. نیـشـانەیلێکی زۆری ژیانی شـارسـتـانی تێدا دەبینرێ. ژیانی پیـشـەیی و هەروەتر ڕۆشنبیریی کـەسایەتییـەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لەچاو ژیانی گـوندنشـیـنانەی سـەرەتایی جـیـاواز دەنوێنێ. هەنووکـە نەقـقـاشی و شـیـعـر و نووسـینی داهێنەرانە و پیشەی تر لە هەندێ بنکەی مۆدێرن هەن وەک کارخانە و ڕێکخراوەی میراتی کولتووری و پارک و بانک. لێرە لە سۆنگەی نەوەیەکی ئایدیالیست و ئارامانگەرا کە پێیان وابوو دەیانتوانی جیهان بگۆڕن و کۆمەڵگایەکی ئایدیال بخـولقـێنن شـوناس (identity) و چـارەنـووس (destiny) پرسـەیلێکی گـرینگن. ئەم ڕۆمـانە هەنگاوێکی گـرینگ و بەهێـزی داهێنانی ڕۆمـانی کـوردییـە، چ لە باری ڕێژەی هونەری بوون و چ لە بواری توانایی گێڕانەوەدا.

میهرەبان لە هەندەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی تەنیا بۆ خاتری ئەوەی ماڵی باوکی بە وێرانی بدۆزێتەوە. دایک و باوکی مردوون. براکەی هەوڵ دەدات خانووەکەی پێ بفـرۆشێ. بڕیارە لە جێی خـانووەکـە بانکێک سـاز بکەن. ڕۆمـانەکـە بەم شێـوەیە کـۆتایی پێ دێت کـە برای مـیـهـرەبان دەیبـات بۆ ئیـمـزا کـردنی گرێبەسـتی فـرۆشی مـاڵەکـە. تێکڕووخـانی مـاڵی باوک هێـمـای تێکڕمـانی بەهاو دابە کـۆنەکـانە. هەروەتر، ڕۆمـانەکـە ئاوڕێک لە شـونـاسی کـوردی و یادەوەریی نەتەوایەتیی کـوردی دەداتەوە. قـازی مـحـەمـەد، بناغـەدانەری کـۆمـاری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، ئاماژەی پێدەکرێ و هەروەها باسی شوێن دانانی شەڕی نێوان ئێـران و عـیراق لەسەر کوردسـتـان دەکرێ ئەم ڕۆمانە لەسـەر بناغـەیەکی پتەوی کەلەپوور و گێڕانەوەی کوردی ڕۆنراوە.

ڕۆمـانێکی سـەرکـەوتووی تر کـە پێـشـاندەری پێـشکەوتنی تەکنیکی ئەدەبیی ڕۆمـانی کـوردییـە بە قەڵەمی شەهرام قەوامی لە شاری سنە نووسراوە. سوەیلا چیرۆکێکە کە ڕەگی لە ڕووداو گەلی ڕابردوودا داکوتاوە. کـەسایەتییـە سـەرەکـییـەکـانی ئەم ڕۆمـانە گـەنجـانی شارنشینی کوردن کە ژیانێکی تووش و دژوار دەبەنەسەر.

بگێڕەوە، کـە خـۆی ڕۆمـاننووسـە، گـەلێ گـۆشەنیگای جۆراوجۆر تێکەڵ دەکات و لە ڕێگای شەپۆلی ئاگایی و گـەڕانەوە بۆ ڕابردووەوە زۆر کـات و شـوێن بەسـەر دەکاتەوە. ئامادە بوونی بگێڕەوە لەنێـو ڕەوتی نووسین و خودی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا تایبەتمەندییەکی بەهێزی ئەدەبی بەو بەسـەرهاتانە دەبەخشێ کە دەیانگێڕێتەوە،

دیالۆگەکان و شیکردنەوە وردەکانی جیهانی دەروونیی کەسایەتییەکان لە ڕاستیدا سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیاندا دەکات. لەم ڕۆمانەدایە کە ئێمە بەو ڕاستییە دەزانین ژیانی گەنجانی ئێستامان لە ڕێگەی خووگرتن بە بەنگ و ئامرازی سڕکردنی لەش چەندە هەڕەشەی لێدەکرێ. ڕۆماننووس و هاوڕێکانی تووشی خووگرتن بە بەنگ و دەرمانی سڕکردنی لەش دەبن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە لە ڕۆمانە کوردییەکانی پێشتردا هیچ کات ئەوەندە ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەم ماکە سڕکەرانە نەکراوە. لەم ڕۆمانەدا خووگرتنی گەنجان بەم ماکانە لە کوردستانی ئێران و لەم ساڵانەی دواییدا بەراورد کراوە لەگەڵ سەردەمی پێش شۆڕشی گەلان کە تەنیا یەک کەس لە شاردا تووشی ئەم ماکانە ببوو. شەڕ، چارەنووس، بزووتنەوەی چەکداری، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ژیانی گەنجانی کورد کە وەک کرێکار لە تاران دەژین و پرسی نەتەوایەتی هەموویان لەم دیاردەیەدا دەستیان تێکەڵە. لەنێو کەسایەتییەکاندا کۆمەڵێک کوڕ و کچی گەنج و خوێنەواری قۆناغی باڵا دەبینرێ کە پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە چەندی گۆڕان بەسەردا هاتووە. کەسایەتییەکان لەسەر گەلێ باوەڕی ئایدیالۆژیکی جۆراوجۆر مشتومڕ و دەمەقڕە و باسوخواس دەکەن، بۆ نموونە لەسەر مارکسیزم(١٢).

لە ڕۆمانەکانی نەهایی و قەوامی-دا لایەنێکی نوێی کۆمەڵگای کوردی دەردەکەوێ، لە کارەکانی پێشوودا، «تاک» لە سۆنگەی بەها نەریتییەکان لە ژێر دەسەڵاتی «کۆ»دا هەڵسوکەوتی دەکرد. لە کاری ڕۆماننووسانی گۆڕیندا، کەسایەتییە سەرەکییەکان عەوداڵی گەڕان بەدوای شوناسی تاکەکەسی خۆیانن و ئەمە باس و بابەتێکی گرینگە لەنێو نەوەی گەنجی کورد لە کوردستانی ئێران.

**ئاکامی باسەکەمان**

ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران لە ساتەوەختی سەرهەڵدانییەوە لە دەرەوەی وڵات و لە ساڵی ١٩٦١ گەلێ ساڵ چاوەڕێ مایەوە تا لەنێو خۆی وڵاتیشدا و لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ بێتە ئاراوە. لە کاتێکدا ڕۆمانەکەی ڕەحیم قازی، بەناوی «پێشمەرگە» لە ماوەی سی ساڵدا، تاقە ڕۆمانی کوردیی کوردستانی ئێران بوو، دوایین دەیەی سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئەم ژانرەی بەخۆوە بینی، چ لە دەرەوە و چ لەناوەوە. بەرهەمهێنانی بیست ڕۆمانی کوردی تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ پێشکەوتنێکی بەرچاوی لایەنی ژمارەیی ئەم بوارەیە لەم بیست ڕۆمانە حەوتیان لەدەرەوە، چواریان لە کوردستانی عێراق و نۆیان لە کوردستانی ئێران بڵاوبوونەتەوە، گەرچی ڕۆمان لەم دەڤەرەدا درەنگ هاتە ئاراوە، بەڵام بەرهەمەکانی کوردستانی ئێران پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە دەیەی ١٩٩٠ پێ نیشان داوین و پاش ئەم قۆناغەش پێشکەوتەکە هەم لە ژمارەدا بووە، هەمیش لە ئاستی هونەری و ئەدەبیدا.

**پەراوێز:**

(١) بۆ زانیاری لە مەڕ ڕۆمانی کوردی لە پارچەکانی تری کوردستان بڕوانە:

Ahmad zadeh, Hashem (2003), Nation and Novel; A study of persian and kurdish Narrative Discourse, Uppsala University, Uppsala.

(٢) دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، بۆ ئێران گەڕایەوە و باش ماوەیەک مانەوە لە کوردستان سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت و هەر لەوێش ڕێکەوتی ١٩٩١/٥/٩ کۆچی دوایی کرد.

(٣) لە پێشەکی چاپی دووەمی ڕۆمانەکەیدا، قازی دەڵێ، ئەم ڕۆمانە یەکەمجار ساڵی ١٩٥٩ و لە ئێریڤان چاپ بوو.

ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا چاپ بۆوە. ساڵی ١٩٦٣ بە زمانی تورکی و لە باکۆ بڵاوبۆوە. لە یادداشتێکی سەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە «پێشمەرگە»: «چیرۆکێکە سەبارەت بە خەباتی خەڵکی کورد دژی ئاغاواتی فیوداڵ و داگیرکەران لەسەردەمی کۆماری خودموختاری نەتەوەیی کوردوستان.»

(٤)«١» (پێشمەرگە»ی ڕەحیم قازی، ساڵی

١٩٦١(٣) «فرمێسک و خەبات»ی سیامەند شێخ ئاقایی، ساڵی ١٩٩٢(٣) «ژوان»ی سەعید کاوە، ساڵی ١٩٩٥(٤) «کۆمەڵە شاخێ بەرز و..»ی کەریم دانشیار، ساڵی ١٩٩٣(٥)«ژیان بە دەم زریانەوە»ی تەیفوور بێنایی(٦) «کارمامز»ی عەلی حەسەنیانی، ساڵی ١٩٩٩(٧)«بلەجان»ی پەرویز جیهانی، ساڵی ٢٠٠٢.

(٥) ئەم ڕۆمانانە بریتین لە: (١)«پەرەسێلکەکانی کۆچ»ی فەرڕوخ نیعمەتپوور، ساڵی ٢٠٠٠(٣) «شەدەی سەرگەردان»ی زێنەب یووسفی، ساڵی ٢٠٠٢(٣)«زیندەخەو»ی فەتاح ئەمیری، ساڵی ٢٠٠٣(٤) «سوەیلا»ی شارام قەوامی، ساڵی ٢٠٠٤.

(٦) لێرەدا نووسەر هیچ ئاماژەیەک بە پەناگای خۆی لە فینلاند ناکات. لە ڕاستیدا، بەر لە چوونی بۆ دانیمارک، ئەو بەدوای مافی پەنابەری لە فینلاندا دەگەڕا، ئەو وڵاتەی کە چەند ساڵێکی تێدا بەسەر برد.

(٧) ئەم زانیارییانە بەپێی ئەو ئێپیلۆگە (epilogue) وەدەس هاتوون کە بڵاوکەرەوەی کتێبەکە، جەعفەر حسێن پوور، کوردێکی شاعیری دانیشتووی ئەڵمانیا، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی.

(٨) تەیفوور بێتایی خەڵکی شاری سنەیە، ناوەندی پارێزگای کوردستان لە کوردستانی ئێران. ئەو لەگەڵ تاقمێکی تر لە خەباتکارانی سیاسی و لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ لە ئێران گیرا. سەرەتا حوکمی مەرگی بۆ بڕایەوە، بەڵام دواتر بە زیندانی ئەبەد مەحکووم کرا. ساڵی ١٩٧٩ و لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ئازاد بوو. پاش ئەوەی چەند ساڵێک وەک ئەندامێکی هەڵسووڕی حزبی دیموکراتی کوردستان کاری کرد، ڕووی کردە وڵاتی سوێد و بوو بە پەنابەری سیاسی. ئەو کتێبێکی سەبارەت بە مافی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا بڵاو کردۆتەوە. هەروەتر کتێبێکی بەهرام بەیزایی، نووسەری ئێرانی-شی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. «ژیان بە دەم زریانەوە» تاقە ڕۆمانی بڵاوکراوەی ئەوە. هاوسەرەکەی، ژیلافەرەجی، ئەم ڕۆمانەی کردۆتە فارسی.

(٩) «کوردان» نازناوی کەریم دانشیار-ە کە خەڵکی کوردستانی ئێرانە، کاری سەرەکیی وی لە جیهانی ئەدەبیاتدا نووسینی کورتە چیرۆکە. ئەم کتێبە یەکەم ڕۆمانی ئەوە و لە هەمان کاتدا بەرهەمی ئەزموونەیلێکی تازەیەتی وەک وەرگری مافی پەنابەری لە سوێد.

(١٠) ئەو ڕۆمانانەی کە بەزمانی کوردی و لە دەیەی ١٩٩٠، لە کوردستانی ئێراندا بڵاوبوونەتەوە بریتین لە:«١»«هاوارە بەرە» بە قەڵەمی فەتاح ئەمیری، ١٩٩٠«٢»«میرزا»، بە قەڵەمی فەتاح ئەمیری، ١٩٩٣«٣»«هەزار ئەشکەوت»، بە قەڵەمی عومەر مەولوودی، ١٩٩٤، «٤»«گوڵی شۆڕان»، بە قەڵەمی عەتا نەهایی، ١٩٩٨«٥»«شاربەدەر»، بە قەڵەمی حسێن شێربەگی، ١٩٩٨«٦» «بڵێند و نەوی»، بە قەڵەمی نەسرین جەعفەری، ١٩٩٩.

(١١) ئەم سێ ڕۆمانە بریتین لە:«١»«زینوێ بەتەم»، کامران حامیدی، ساڵی ٢٠٠٢«٢»«گۆمی بەردەلانک»، کامران حامیدی، ساڵی ٢٠٠٢ «٣»«باڵندەکانی دەم با»، عەتا نەهایی، ساڵی ٢٠٠٢.

(١٢) لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، مارکسیزم لەنێو نەوەی گەنجی کوردەکاندا زۆر باو بوو.

*** هاشم ئەحمەد زادە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لە زانکۆی زاهیدان بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٨ ڕووی کردە سوێد و لەوێ ماستەر و پاشان دوکتۆرای لە زانکۆی ئۆپسالا وەرگرتووە. بڕوانامەی دوکتۆراکەی بەناوی «نەتەوە و ڕۆمان، تۆژینەوەیەک لەسەر گوتاری گێڕانەوەیی فارسی و کوردی» لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٩٩-ەوە وانەی چەند کۆرسێکی لە مەڕ سیاسەت و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەدەبی فارسی گوتۆتەوە. چەندان وتاری لە گۆوارەکاندا بڵاوکردۆتەوە و چەند کتێب و وتارێکیشی لە ئینگلیزی و سوێدییەوە کردۆتە کوردی و بڵاوی کردوونەتەوە.**

# خولیای مەیموونە سپییەکان لە چیرۆکی کوردیدا

رەووف حەسەن
(سلێمانی)

(١-٢)

فـەزای چیـرۆک و رۆمـان هێندە پان و بەرینە.. باڵ بەسەر گشت گەردووندا دەکێشێت.. تەنانەت پەلوپۆ بۆ ئەودیوی گـەردوونیش و تا زەین و خـەیاڵ و خـولیـا بڕ بکات، دەهاوێت..

داسـتـان و ئەفـسـانەی کـۆنینە.. بە پلەی یەکـەم: خواوەندەکان و دێو و درنج و ئەسپی باوبۆران و بوونەوەرە خورافییەکانی دیکەیان دەکردە کاراکتەر و کەسێتی و.. ئاسمان و زەمین و بە هەشت و دۆزەخ و شار و مەڵبەندی تەلیـسـمـاوی و خـەیاڵاویان- چ لە ژێر زەریا و دەریا و زەویدا و چ لە دەڤـەرێکی وەهمی دیکەی دوور لە گـۆی زەویدا- دەکردە شانۆی رووداوەکان.. جا ئیدی ئەمانە لە ئەنجامی ئەو خەون و خولیا و ئەندێشە بەرزەفڕ و قووڵەی سـەردەمی منداڵیـتی بەشـەرییـەتەوە بووبێت، یاخـود ئاکـامی ئەو هەیبـەت و شکۆ و ترس و دڵەڕاوکـێـیـەی مرۆڤەوە بووبێت لە نهێنییە پەیپێنەبراوەکانی سروشت و ژیان و مەرگ.. یاخود دەرەنجامی ئەو رەوشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بووبێت کە هێشتا جەنجاڵی و قەرەباڵغی و مۆلەقیی جۆراوجۆری دی سەرتاپای ژیان و گوزەرانیـانی داگیر نەکردبوو.. یاخود هەر هۆیەکی دیکە کە هێشتا ئێمە پەیمان پێنەبردووە.

لەگەڵ رەوتی پێشڤەچوون و پەلهاوێشتنی زانستەکان و جەنجاڵی ژیاندا.. ئەو فەزا و شانۆ و زەمەنە- کەم تا زۆر- لەو رەوتەیدا تەنگەبەرتر بووە و.. لە ئاسمانەوە.. لە خواوەندەکانەوە.. لەگەڵێ بواردا- گەر نەڵێم لە هەموو بوارەکـاندا- زانست خەریکە پێش خـەیاڵ دەکـەوێت و.. بواری خـەون و خـولیـاکـان نادات.. بە ئارەزووی خـۆیان باڵبـگرنەوە و.. لە واقـیع و مـیـتـافـیـزیکیـشـدا بفڕن و مەلەی خۆیان بکەن... بەرەو زەوی و مرۆڤ و.. تەنانەت

بەرەو سوورگە و وێڵگەی نێو ئەتۆمەکان و لە ئەزموونگەکاندا بۆ پەیبردن و تۆژینەوەی زانستییانە لە مەڕ ئەو خەون و خولیا و خەیاڵە بەرینەی نێو حکایەت و داستانە کۆنینەکان.

ئیدی ماتەر و سروشت و دیاردەکانیان.. جێگەیان بە خواوەندەکان لێژکرد.. خێرایی تیشک و کەشتیی ئاسمانیی و جێی ئەسپی باوبۆران و جووڵەی ئەلیکترۆنەکان لە مەدارێکەوە بۆ سوورگەیەکی دی، یاخود بە وزەکردنی تەنەکان و گواستنەوەیان جێی کڵاوی (سەخری جن)ی گرتەوە و.. ڕووناکایی ئەلێکتریک، سیحری تارمایی سێبەرەکانی سەر دیوار و نێو ئەشکەوتە ئەفلاتوونییەکانی سڕییەوە.. (یۆفۆ) و (دەفری فڕیو)ی هێنایە جێیان و.. پزیشک و داودەرمان بڕیارەکانی خواوەندەکانیانی لەمەڕ مەرگی ڕەتنەکراوەی پاڵەوانان پووچەڵ کردەوە و.. دۆزینەوەی خەریتەی ئەندازەی ژیان لەنێو جینەکاندا (DNA, RNA) و کۆپیکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و جانەوەر و دەستکاریکردنی ئەو سەدان ملیار جیفرەیەی ناو جینەکان و.. سەدان دۆزینەوەی زانستییانەی دی لەم بابەتە.. بەڵام وەنەبێت ئەم هەموو ماتەریاڵ و واقیع و زانست و تاوتوێکردنە بووبنە مایەی سڕینەوەی سەرتاپای ئەو خەون و خەیاڵ و خولیا میتافیزیکیانە.. بەڵکو لەگەڵ کاڵبوونەوەی هەندێ لایەن و دیاردەدا.. بوونە مایەی سرووش و هێما و دەلالەتی جۆراوجۆربەخش لە بەرهەمە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و- تەنانەت- زانستە نوێکانیشدا.. لە (ئۆردیپۆس و پجمالۆن و فاوست و ئولیس و مەم و زین و..تاد).

بەکارهێنانی هێماکانی نێو داستان و حیکایەتە خۆماڵی و بیانییەکان بە مەبەستی جۆراوجۆر لەنێو کایە ڕۆشنبیرییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و.. بە تایبەتی زەمەن و فەزا خەیاڵییەکان.. بەکاربردنی ئەو هێمایانە بە زۆری لە ئەدەبیاتدا و بە پلەی یەکەم بۆ قووڵبوونەوە و بە پیتکردن و ڕەسەنی پێبەخشین و خوێندنەوەی فرە لایەن و جوانکاریی و لەخۆگرتنی چەمکی فەلسەفی و فیکریی و نزیکخستنەوەی خوێنەر لە مەبەست و پێبەخشینی سرووش و...تاد.

سەرباری ئەمانەیش.. دەیان مەبەستی دیکەش.. کە یەکێک لەوانەی دوایی، پەنابردنەبەر زمانی (لوقمان)ە.. ئەو زمانە (نەفرەتییەی) لە ڕۆژگاری ڕەش

**نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە هەندەران گەر بیانەوێت، دەتوانن دوور لە هەموو مۆتەکەکان، درێژە بە ئەفراندن و شاکاری خۆیان بدەن**

و پڕ لە وەیشوومەدا پەنای وەبەر دەبرێت و لە هەمان کاتدا بەسەر ستەمکارانیشدا تێپەڕدەبێت و... جەماوەریش لێی حاڵی دەبێ. یاخود گواستنەوەی ڕووداو و کارەساتەکان بۆ جێگە و زەمانی دیکە.. چ خەیاڵی و خەوناوی و چ جوگرافی ڕاستەقینە.

ئەوی ڕاستی بێت.. ئێمە لەم باسەدا.. ئەم دیاردەیەی دوایی بە هەموو لک و پۆکانییەوە مەبەستی سەرەکیمانە.. چونکە ئەم جێگۆڕکێیە.. ئەم زەمەن گۆڕکێیە.. ئەم ڕووداو و کارەسات گۆڕکێیانە.. ئەم کەسێتی (کاراکتەر) تێکەڵکردنانە.. لەنێو کولتوورەکەماندا بوونەتە دیاردەییەکی سەیر و سەربەخۆ.. ئەم دیاردەیە لە کولتووری جیهانیدا ئاشکرا و زۆر و زەبەندەیە و.. بڕێکیان لە ئەنجامی تێپەڕبوونی ڕۆژگارە ئەنگۆستە چاوەکانیاندا سەریان هەڵداوە و.. دواتر پووکاونەتەوە.. هەندێکیشیان- کەم تا زۆر- بەردەوامن.. وەلێ هیچیان وەک لای ئێمە درێژەیان نەکێشا.. ئەویش بەهۆی بەرتەسکیی- یان نەبوونی- پەراوێزی ئازادی و دیموکراسیی لە هەرێمەکەدا.

وێڕای ئەمەیش ئەو ڕۆحە کوردییە شکۆمەندە دەسبەرداری ئەوە نەبووە و.. لەنێو جەرگەی قەڵای ستەمکارانەی- چ دەسەڵاتی بێگانە بێ یان هی کورد- کە نەوەی خۆی کردووە و ملکەچ نەبووە.. زەبری خۆی نواندووە و.. کێشەی گەورەی بۆ دامودەزگە و دەسەڵاتە بێمرووەتەکانیان دروست کردووە و.. دەشتوانم بڵێم پێشڕەوایی جەماوەربشی کردووە.. چ لە پارێزگاریکردنی ئەو جەوهەر و ڕۆحە شکۆمەندییە کوردییە.. کە ئەگەر نەبوایێ، ئەوا هەرەسە مەزنە مەعنەوییەکە ڕوویدەدا و.. بێگومان هەرەسە واقیعییەکەیش و بە بەربادترین شێوەش بە دوویدا دەهات.. ئەو هەرەسەی کە سەرتاسەری گیانی شکۆمەندیی کوردی بۆ هەتا هەتایە دەگرتەوە.. هەروەهاش چ لە بەرەنگاربوونەوە و بوونە لەمپەر لەبەردەم ئەو هەرەسانەی حزب و لایەنە کوردییە چەکدارەکانی شاخ و شار- بە مەبەست و بێ مەبەست.. بە نەزانی و زانینەوە.. بە پیلانی نێودەوڵەتی ئاشکرا و بە فایلی ڕەشی نهێنییەوە- لە هاریکاریکردنی دەسەڵاتەکاندا بوون بۆ بە ئاکام گەیاندنیان.

ئەم دیاردەیە لایەنێکی کێشەکەمانە و.. لایەنێکی دیکەی کاریگەریی ئەو ڕۆژگارە ئەنگوستەچاوانە و

بەردەوامیی تا ئەمڕۆ و بە جۆرێکی دیکە و- زۆرجاریش وەک هەمان تاس و حەمام بێت و هیچ ڕووی نەدابێت- بووە مایەی ئەوەی کۆچێکی بەلێشاوی خەڵکی ڕووە و هەندەران دەست پێبکات. بە ئاستێک «میللەتێک لە جیهاندا نەبێت وەکو کورد و خۆبەخشانە جانتاکەی بەشانیدا دابێت و کەوتبێتە سەر ڕێگەی وڵات بەجهێشتن» (١) ئەمەیش هەر بەهۆی پەژمووردەکردن و تێکشکانی گیانە شکۆمەندییەکەی کوردەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی (هەرێمی کوردستان) خۆییەوە.. بەتایبەتیش لە خولقاندنی ڕەوشێکی ئابووری دارزاودا بۆ جەماوەر و.. بەهۆی گەندەڵی ئیدارییەوە و دەستدانە تاڵانکردن و ئاودیوکردنی کارگە و کەرەسە و ئامێر و.. قۆرغکردن دابەشکردنی هەموو ئەمانە و سەرلەبەری سامان و دەرامەت و زەوی وزاری ناوپارە و پلە و پایە و کورسی بەسەر خۆیان و دەستەودایەرەکانیاندا.. هەروەکو ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان بەخاک و ئاو و داروبەرد و ماڵ و ژنەوە.. گشتی تاڵانی جەنگ بن و.. بە ئارەزووی خۆیان چییان لێدەکەن مافی خۆیان بێت.

ئیدی لە ئەنجامی ئەم وەحشەتگەرییەدا گەلێ دیاردەی سەیر و دڵتەزێن ڕوویاندا.. لە هەموویان زەقتر کۆچی بە لێشاوی خەڵکی بوو بەرەو هەندەران.. لەم کۆچە بە کۆمەڵەدا و لە نیشتەجێ بوونیاندا.. لە جیاتی پێکهێنانی جالیەیەکی کوردی کاریگەر.. کە ئەو فەزایەی ڕۆژئاوا، زەمینەیەکی چاک بۆ ئەم مەبەستە دەڕەخسێنێت.. ئەوا بە پێچەوانەوە لەوێ هەموو (بیچمەکان) بە زەقی دەرکەوتن.. بیچمەکان بە گشتی و لە هەموو ڕوویەکەوە هێندە قێزەون و نارەسەن و وەنێو وڵاتان کەوتن کە لێرەدا ناتوانم باس و توێژینەوەی تەواو لەسەر هەموویان بکەم..

ئەوانەی لەنێویاندا مەبەستمانن (نووسەران و هونەرمەندانن).. ئەمانە- چەند کەسێکیان لێدەرچێت کە بە پەنجەکانی هەردوو دەست دەژمێررێن- ئەوانی دی دەچنەوە نێو خانەی بیچمسز و نارەسەنەکان و باندە گەندەڵەکەی- درۆ و بوختان و شەڕە حزب و شەڕەپەڕۆ و شەڕەگەڕەک و بکوژی ناموسپەرستی و.. لە هەمانکاتیشدا خۆیان بەربادی سێکسی و هۆمۆسێکسی و دز و چەتەی نێو سوپەرمارکێتەکان و فشەکەر و گەرۆک بەنێو یاسا و پێڕەوەکانی خۆرئاوادا بۆ دۆزینەوەی کەلەبەرە یاساییەکان و گزی و فڕوفێڵکردن لێیان و تەنانەت کوردایەتی و ئیمانداری و نەریتخوازیەکەشیان وەک خۆیان دەڵێن فشۆڵ و دەمامکدارە (لێرە بۆ نموونە کوردبوونەکەمان دەبێتە کوردبوونێکی ساختە.. بڕواداریەکەمان دەبێتە بڕوادارییەکی دەمامک لەسەر و نەریتگەریشمان دەبێتە ئەو هێزەی تێکەڵبوونمان لەگەڵ جیهاندا بنەبڕ دەکات) (٢) و.. و..تاد.

نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە هەندەران.. گەر بیانەوێت- ئێستەیش نەچووە بچێ- دەتوانن دوور لە هەموو مۆتەکەکان - مۆتەکەی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتی کوردی- درێژە بە ئەفراندن و شاکاری خۆیان بدەن.. واتا لەم ڕووەوە هەلومەرجێکی لەباریان بۆ ڕەخساوە.. دەتوانن سوود لەو پەراوێزی (ئازادی)یەی ئەوێ وەربگرن.. دەتوانن ڕاستەوخۆ بنوسن و بنەخشێنن و بئاخڤن و بچڕن و... لە هەمان چرکەساتیشدا بە هەموو جیهاندا پەخشی بکەنەوە.. بێ ئەوەی پەنا وەبەر زمانی (لوقمان) ببەن.. پێویستیان بەوە نییە جێکات (شوێن و زەمان)ی خەیاڵاوی و تەلیسماوی بکەنە شانۆی ڕووداو و کارەساتەکانیان.. پێویستیان بەوە نییە کاراکتەر و پاڵەوانی ئەفسانەیی و ڕەمزئامێز بخەنە یاری و بیئاخننە نێو ململانێ.

لێرەدا دەبێت ئەگەر بە ئاماژەیەکیش بێت.. ئەوە بخەمەڕوو کە ئەم پرۆسەیە بەگشتی و.. بە پلەی یەکەمیش لە خزمەتی (باس و تۆژینەوە)دایە، نەک (چیرۆک.. یان داهێنان بە تێکڕایی).. چونکە کەم تا زۆر لەم لایەنەوە بە زیان دەشکێتەوە و دەبێتە مایەی لاوازبوونی لایەنە هونەریەکان.. زمان لێرەدا ڕاستەوخۆ دەپژێ و.. وشە و ڕستە و ناو و کردار و کارەساتی ڕەق و زەق دەکەونە نێو دەقەکانەوە و.. زمانی ئاماژە و سرووش و هێما جوان و نازدارەکان- بە زۆری- دەپووکێتەوە.. بۆیێ ئەو (ئازادی)یە ڕێژەییەی لە هەندەران بەرکەماڵە، لای گەلێ چیرۆکنووسان بۆتە مایەی ڕیزکردنی کۆمەڵێ دروشم و ناو و گوزارەی ڕاستەوخۆیانە.. بە پێچەوانەیشەوە لای بڕێکی دی بواری داهێنان و سیحر و ئاماژەکاریی و فانتازیای سەیر و سەرسوڕهێنەری بەرینترکردووە و.. دواتر لە درێژەی باسەکەمدا و بەسەرکردنەوەی نموونە جۆراوجۆرەکاندا پەنجەیان دەخەینە سەر.. چ لەم لایەنانەوە بێت کە باسکران.. یاخود لایەنە هونەرییەکانی دیکەی چیرۆکەکانیان بێت، چونکە من پێمووایە کێشەی دەربڕینە زەقەکان و تەنانەت دروشمکاریەکانیش- لە هەموو حاڵەتەکاندا- نابنە مایەی لاوازکردنی لایەنە هونەرییەکانی دەقەکان.. بەڵکو ئەو دیالۆگ و گوزارەکردنە ڕاستەوخۆ و زەق و دروشمانەش بەدەست داهێنەران و لە جێگە و بواری

شایستەی خۆیاندا وەک زەروورەت دەبنە بەشێکی پتەوی بونیادە هونەریەکە و بەنەبوون یاخود لابردنیان کەلێنی وا وێران دەخەنەوە کە مایەی گاڵتەجاریش بێت.

پەراوێزی (ئازادی) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بوار بۆ باسکاران (هەروەها بۆ شاعیر و چیرۆکنووسان و... تادیش بە چەند پلەیەک دواتر) دەڕەخسێنی بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی مەبەست و بۆچوونیان پەل بۆ شتگەلە حەرامکراوەکانیش بکوتن و... هەموو سنوورەکانی داب و نەریت و ئایین و سیاسەت ببەزێنن بێ ئەوەی هیچ باجێکی گران یاخود بچووک و ئاسانیش لەو پێناوەدا بدەن.. وەلێ ئێمەی بندەستی هەردوو جۆرە دەسەڵاتەکە (دەسەڵاتی بە ئایدیۆلۆژیا و ئایین بارگاوی کراوی نەتەوە باڵادەست و دەسەڵاتی بێ ئایدیۆلۆژیا و بە حزبی و خێڵەکی بارگاوی کراوی خۆماڵیی کوردیش).. کە هەردووکیان لە ڕووی دیکتاتۆریەتەوە چوونیەکن و ئەویان بە زمانی غەیرە کوردی و ئەمیان بە زمانی کوردی پرۆسەی ملهوڕێتییەکەیان پیادە دەکەن و.. کاریگەرێتی ئەو دوو جۆرە سیستمە.. بە جیاجیا یاخود پێکەوە بە ڕوخساری چیرۆکی کوردیمانەوە.. یاخود بە دیاریکردنی ڕوخسار و ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دیارە و.. ئەمەش بە ئاشکرا بە یەکەمین هەوڵدان و نۆبەرەی ئەم هونەرەوە لە کاروانی چیرۆکی کوردیدا خۆی دەنوێنێ.. هەر لە نۆڤڵێتی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبەوە و.. لە ترسی زەبروزەنگی دەسەڵات و سانسۆر پەنامان بردۆتە بەر (خەون).. واتا هەر لە یەکەمین هەنگاوەوە ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە لە ئارادا بووە.. ئیدی مەرج نییە کاریگەرێتی نێگەتیڤانەی کردبێتە سەر ڕەوتە هونەرییەکە.. بەڵکو تا پلەی زەبروزەنگ بەرەو ژوورتر هەڵکێشابێت ترس و لەرزەکە لە هونەردا جوانتر و نازدارتر بووە... هاوکێشەیەکی پێچەوانەی سەرسامکەرە.. وەلێ ئاساییشە و دەبێت وابێت تا زەبروزەنگ ڕوو لە زیادبوون بووبێت شێواز و ڕێبازی سەیر و سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە و پێڕەو کراون.. هەزاران فێڵی هونەریی و سیحری لە خشتەبردن و فانتازیای وێڵکەر و سەرسوڕهێنەر هاتوونەتە ئاراوە.. دیارە ئەمانە گشتیان دەرئەنجامی نەبوونی ئەو پەراوێزی (ئازادی)یەن و.. بە ناچاریش پەنایان وەبەر براون و بەو بار و سەمەتەشدا ئاراستەکراون، کە ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبوایێ ئەوا هەمان فێڵی هونەریی و سیحر و فەنتازیاکان بە ڕەوتێکی دیکەدا دەبران و پێموابێ لەم حاڵەتەی دواییدا ڕەوتەکە دروست و ڕەوانتر دەبوو.. چ جای ئەوەی کێشە ئینسانییەکان تێیاندا قووڵتر و بەرینتر دەبوون و لە سنوورە تەنگەبەرەکانی کێشە نێوخۆیی و ڕۆژانەیەکاندا گیریان نەدەخوارد.

دەکارین لێرەدا و وەک سەرەتایەک.. مەبەستی گرتنەبەر و پێڕەوکردنی ناچارییانەی ئەو میتۆد و شێوازانە لە چیرۆکی کوردیدا لە دوو خاڵی بنچینەییدا کۆبکەینەوە:

یەکەم: داکۆکیکردن لە کێشە نەتەوایەتییە ئاڵۆزەکەمان و بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی بەرگریی کە تێیدا وێڕای داکۆکی لە مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییەکەمان.. هاندانی جەماوەریش بێت بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و چەوسێنەران.. چ وەک ئیمپریالیزمی جیهانی و چ وەک بەرەنگاربوونەوەی شۆڤێنێتی نەتەوەی باڵادەست: «تورک، فارس، عەرەب».

ئەمەش لە بەرهەمی زۆربەی نووسەرانماندا بە شاعیر و چیرۆکنووسانەوە دیارە، وەک: چیرۆکنووسان: محەڕەم محەمەد ئەمین، فایەق زێوەر، ئیبراهیم ئەحمەد (بلە-هـ-ل ب)، دکتۆر مارف خەزنەدار، سەعید ناکام و... شاعیران: گۆران و دڵشاد مەریوانی و لەتیف هەڵمەت و کامەران و دیلان و...تاد. کە شانۆی کارەساتەکان و پاڵەوانەکانیشیان گواستوونەتەوە نێو خاک و نیشتمانێکی دیکەوە وەک کۆرسیکا و سۆڤییێت و کشمیر و کۆریا و ڤێتنام و فەلەستین و جەزائیر و ..تاد. یاخود بۆ شار و دەڤەرێکی خەیاڵی.

دووەم: یاخود تەنیا هەندێ بەراوردکارییان لەنێوان ژیان و گوزەران و خەباتی نێو کوردستانی سەرگەردان و وێراندا کردووە لەچاو ئەورووپای پێشکەوتوودا و... هەروەها بە مەبەستی دەربڕین و گوزارەکردن لەو حاڵەتی غەریبییەی تێکەوتوون و چەندێک بێزار و وەڕزن لێی.. یاخود جۆرێک لە شیکردنەوەی لایەنەکانی ژیان لە ئەورووپادا بە تایبەتی و لە هەندەراندا بەگشتی.. وەک چیرۆک و ڕۆمانەکانی:

دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەنوەر محەمەد، خوسرەو جاف، شێرزاد حەسەن، جەزا چنگیانی، بەکر ڕەشید، فازیل کەریم، کاروان عومەر کاکەسوور، سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم..تاد).

من باشدەزانم ئەم دابەشکردنە دوو خاڵییە زۆر درشتانەیە و.. پێویستی بە وردەکاری هەیە.. وەلێ لە هەمان کاتدا دابەشکردنێکی گشتگیرە و دەکرێت لە

بەردەوامیی باسەکەمدا هەوڵبدەم وردەکارییەکانی هەر یەکێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکان فەرامۆش نەکەم و بایەخی شایستەی خۆیان پێبدەم.

***

گەرچی باسەکەمان بۆ ئەوە تەرخان نەکردووە هۆکارەکانی کۆچکردن بەرەو هەندەران هەڵسەنگێنین.. وەلێ بە پێویستی دەزانم ئەگەر بە کورتیش بێت چەند تێبینییەک.. یاخود چەند دیاردەیەک لەم بارەیەوە ڕوون بکەمەوە.

جارانی زوو.. بەرلەوەی دەسەڵاتدارێتی لە ئێراق و ئێراندا و تارادەیەکیش لە تورکیادا بگاتە پێڕەوکردنی ئەوپەڕی گشتگیریی (تولیتالیزمی) و پاوانکردنی سەراپای بوارەکانی ژیان چ لە ڕووی شۆڤێنێتی نەتەوەییەوە- ئێراق- و چ لە ڕووی مەزهەبیی ئایینییەوە- ئێران- و چ پێڕەوکردنی ئەحکامی عورفی و بەکارهێنانی چەکی پەیمانی ناتۆ لە ناوچەکانی کوردستانی باکووردا و دژی PKK لە تورکیادا.. شتێکی ئەوتۆ نەبوو وەک دیاردەیەکی زەق بەناوی کۆچکردن و هەڵاتن و پەناهێنەدەیی.. بەڵکو لە سنوورێکی تەسکدا و لەسەر ئاستی تاکەکەس نەبێت.. ئەوانی دی گەشتوگوزارکەر (تۆریس)ێکی ئاسایی و بۆ ماوەیەکی کەم بوو.. کە دواجار دەگەڕانەوە زێدی خۆیان.. مەگەر ئەوانە نەبێت کە بۆ خوێندن تەواوکردن (زەماڵە) بۆ چەند ساڵێک دووره وڵات دەمانەوە.

وەلێ لەم ١٠-١٥ ساڵەی دواییدا کۆچ و هەڵاتن بەرەو هەندەران بە پلەیەک لە پلەکان لەبەر نائارامی ڕەوشی نێو خۆی کوردستانی باشوور بوو.. کە شێوازی کۆڕەوی وەرگرت.. وێڕای پشێوی ڕەوشی ناوخۆی ئەم دەڤەرە.. مەبەست و هۆکاری سەرەکی ئەم کۆچە بە لێشاوە سوود وەرگرتن بوو لە جیاوازیی نرخی دراو.. بەتایبەتی دوای دابەزینی بەهای دیناری ئێراقی و دواتر لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی و گەیشتنیان بە ئاستی داوەشاوەیی.

گەرچی هۆکارەکانی کۆچی لێشاوی کورد لای هەندێ باسکاران وەک ئاسۆ جەبار لە کتێبی (کۆچ و سەفەر) و (ئیسماعیل تەنیا لە «سەفەری ڕەش»)دا چەند هۆکارێک دەخەنە پێش هۆکاری ئابوورییەوە و بە زۆری هۆکاری ڕامیاری وەپێش دەخەن.. لای ئیسماعیل تەنیا هۆکاری ئابووری بە پلەی دووەم دێت و ئەمەیش بەسەر پێنج خاڵدا دابەش دەکات:

(دابەزینی نرخی دراوی ئێراقی، نەبوونی کار، گەمارۆی ئابووری، کەمی مووچە، دابینکردنی دوارۆژ)(٣).. لای ئاسۆ جەباریش و لە فەسڵی (کێشە و گرفتە گەورەکانی لاوان)دا.. کێشە و هۆکارەکانی ئەو کۆچە بەسەر چوار خاڵدا دابەش دەکات و هەر چوار خاڵەکەش لە دەورو خولی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرد دەبنەوە.. کە مەبەست لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش بە پلەی یەکەم چەپاندنی سێکسی و دەرهاوێشتەکانی ئەو چەپاندنەیە کە چەندین نەخۆشیی دەروونی لێدەکەوێتەوە(٤) کە پێموایە ئەم بۆچوونە بە نیسبەت کۆچی کوردانی باکوور و تارادەیەکیش کوردانی خۆرهەڵاتەوە لە جێی خۆیدایە و پەسەندیشە.. وەلێ هۆکاری ڕامیاری لە بە لێشاوکردنی کۆچی کوردانی باشووری مەزندا زۆر لاوازە.. گەرچی هەیشە و.. بە تایبەتی لای ئەوانەی بەر لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ١٩٩١ هەڵاتن.

**لە ترسی زەبر و زەنگی دەسەڵات و سانسۆر پەنامان بردۆتە بەر خەون**

جا ئیدی هەر مەبەستێک لە پشت هەڵاتن و کۆچی بەرەو هەندەرانەوە بێت. گرینگ ئەوەیە توێژاڵێکی جیاجیا و بەرفراوانی لە تەک خۆیدا ڕاپێچی هەندەران کرد.. لە نێوانیاندا هونەرمەندانی شێوەکار.. فیلمساز.. گۆرانیبێژ و مۆزیکژەن.. شانۆکار.. شاعیر و.. هەروەها ڕۆمان و چیرۆکنووسیش.

ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرهەم و بەخششدا بەردەوام بوون.. جموجووڵ و چالاکییان لە هەر بوارێکدا لەو بوارانە نواندووە..

وەلێ بەدەگمەن داهێنانێ، یاخود کارێکی هونەرییانەی ئەوتۆیان تێدا بەدی دەکەین شایانی پەنجە بۆ ڕاکێشان بێت.

هەر بە نموونە و وەک بەسەرکردنەوەیەکی خێرا.. لە بواری مۆزیکدا: گەرچی گۆرانیبێژان بەگشتی لەوە دەرچوون هەر بە تەنێ دەستیان ببزوێنن.. یاخود دەستیان لە کەمەر، یان بناگوێیان نێن و ستران بچڕن.. بەڵکو هەنووکە جاروبار و لەنێو ئەو هەموو هەڵپەڕینە جۆراوجۆرانەی لە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکانەوە نیشاندەدرێن و خراونەتە تەک زۆربەی گۆرانییەکان، هەست بە جووڵەی لەشی (دانسئامێز)ی تا ڕادەیەک ترسنۆکانە دەکەین کە هەنگاوێکە بەرەو دەرچوون لەو سەما هەرەوەزییە جەستەییەی- هەڵپەڕین بە هەموو جۆرەکانییەوە- سەدان

ساڵە پێمانەوە لکاوە و تێیدا نغرۆبووین کە (لەسەر بنەمای هەرەوەزیی و پێکەوەیی سەماکەران بەندە.. لەش و بزاڤەکانی تاکەکەس پاشکۆ و دووبارەکردنەوەی لەشەکانی ترن)(٥).

کەچی لە ڕووی دانانی سیناریۆ و دەرهێنانی کلیپی گوزارەبەخش و وێنەگرتن- تصویر-دا هەندێ هەنگاوی بوێرانە نراوە.. بە تایبەتی لای زەکەریا و گوڵستان و تارا ڕەسوڵ و خالید ڕەشید و گوڵێ و بەسەر شاهێن و ئاکۆ عەزیز ناتالیا و سالار ئازید و چۆپی و هێڤی و ئەژدەر و عەدنان کەریم و ئەیوب عەلی و ئیسلان زاخۆیی و شوان فوئاد و ناردین فەقێ و پەیوەند جاف و لەیلای فەریقی و.. تاد. وەلێ وشە، یان هۆنراوەکانی گەلێکیان زۆر لاواز و بێمانان و تەنانەت ئاوازەکانیشیان نە هەر بە میزاجی کوردەواری نامۆن، بەڵکو هەر وشە و قسەی بێسەروبەرن و درێژی دەکەنەوە... بێگومان لەگەڵ ئەمەیشدا نابێت- هەر بە نموونە- مۆزیک بکەین کە پێموایە گۆرانییەکانی چەندە زاتین هێندەیش تەعبیر لە ژانەکانی غوربەت دەکەن و سەبووریبەخشی کوردە پەراگەندەکانن.. هەروەها ئەم وتانەم بە نیسبەت تارا ڕەسووڵ و عەدنان کەریم و هەندێکی دیکەشیانەوە لە ڕووی هەڵبژاردنی شیعر و ئاواز و موزیکەوە هەروایە.. وێڕای ئەو ئاهەنگسازییە بوێرانانەی زەکەریا.. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە لەنێو کوردستاندا هەنگاوی هاوشانی ئەوانە نەنراوە.. کلیپەکانی ماهیر محەمەد ئەمین و وەیسی محەمەد و حەسەن شەریف و کامکاران و عەدنان کەریم و عومەر گوندی و دانا عەبدولجەبار و شەهێن تاڵەبانی و (شاری سنە)کەی و ئاراس و (خەیەگیان بتخۆم)ەکەی و..تاد. وێنەگرتن و مۆسیقا و شیعر و ئاوازە پەسندەکانی ئەوانەی پێشوو و هەروەها چەتۆ نەورۆز و دڵنیا قەرەداغی و ئالان عومەر و هەردی سەلاح و تارا جاف و دەیانی دیش.. بەهای هونەریی بەرزی خۆیان هەیە و.. پێموایە لای خۆمان و تەنانەت لای هەندەرانییەکانیشمان لە هونەری بە کلیپ کردنی سترانەکانماندا شەرم و سستییەک هەیە و.. ئەویش هۆکاری خۆی هەیە.. جا ئیدی بەهۆی هەژاری و نەشارەزایی تەکنیکییەوە بێت، کە هێشتا فێڵە سینەمایی و کۆمپیوتەرییەکان نەگەیشتوونەتە ستۆدیۆکانمان و، لە کلیپەکانی ئەوانەی هەندەرانیشدا هیچی ئەوتۆیان دیارنییە و بە زۆری هەر ڕەشبەڵەکە خوار و خێچەکەیانە کە بە کاوبۆی و ساکی شەوانە ئاهەنگەوە سێچوار ڕیز دەست دەگرن.. یاخود قابیل نەبوونی هەندێ لە هونەرمەندان خۆیان بێت، کە لەو باوەڕەدان ڤیدیۆکلیپ، کاری نێگەتیڤانە دەکاتەسەر ڕەسەنیی هونەرەکەیان.. یان هەر هۆکارێکی دی.

گەرچی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەنێو کوردستانەوە هەندێ کۆمپانیا- بە تایبەتی چوارچرا- و گەلێ لە کەناڵە ئاسمانی و ناوچەییەکان- کوردسات- خاک- کوردستان TV- هەوڵی باشیان لە بواری ڤیدیۆ کلیپدا داوە.. وەلێ بە زۆری هەر لە سنووری هەوڵە سەرەتایی و شەرمنۆکەکان و هەڵپەڕینە سواوەکاندا دەگیرسێنەوە.. خۆ ئەگەر ئەمەش هۆکاری ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی لە پشتەوە بێت، ئەی ئەوانەی هەندەران بۆ لەو سنوورەدا چەقیان بەستووە!؟ خۆ بەردەوام نێرینە و مێینەیان لە بلاج و مەلەوانگە و گازینۆ و....تاد.. کات بەسەردەبەن و کاردەکەن!؟.

لای شانۆکاران و فیلمسازانیش تێکەڵبوونێک لە تەک شانۆ و فیلمی بێگانەدا. چ وەک هاوکاریکردنی هونەریی یەکدی و چ وەک بەشداربوونی کاراکتەر و هونەرمەندانی بیانی لە فیلم و شانۆی کوردیدا و چ بە پێچەوانەیشەوە کە دەرفەتێکی لەبار بۆ هونەرمەندانی کورد لەم بوارانەدا ڕەخساوە تا بەشداری لە فیلم و شانۆی ئەواندا بکەن.. یاخود بەرهەمی هاوبەش پێشکەش بکەن.. کە لە (کەناڵی AVTEی فەرەنساییەوە نمایشی ئەو فیلمە کوردی/ فەرەنسییە هاوبەشە کرا کە هونەرمەند- هونەر دیلمان بۆ ئەو کەناڵە بەرهەمی هێنابوو.. لە چیرۆکی «پەراوێزەکانی ئەورووپا»ی د. فەرهاد پیربال-ەوە وەرگیرابوو)(٦)

ئەمە جگە لە ناساندنی ڕەوش و سەرگەردانییەکانی ڕۆژانەی ژیانی کورد و خستنە بەرچاو و بەر ویژدانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا و.. گەلێ جار بەشێوەیەکی هونەریانەی ئەوتۆش شایانی ڕیزی بیانییەکان بن.. یاخود هەر لەبەر ئەوەی یەکەمین جارە لە فیلمێکدا چەند دابونەریت، یان کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی وا دەبینن کە مایەی سەرسوڕمانیانە.. بە تایبەتی لە فیلمەکانی (بەهمەنی قوبادی) و (هونەر سەلیم) و (نیزامەدین ئیرج)دا.. کە توانیان کارێکی وا بکەن فیلمەکانیان بگەیەننە ئاستێک لە فێستڤاڵە جیهانییەکاندا بەشداربن و خەڵاتی جیهانیش بەدەست بێنێن.. وەک فیلمی (کیسەڵەکان دەفڕن)ی قوبادی و (سترانەک ژبۆ بێکۆ)ی ئیرج و بەتایبەتیش فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ)ی هونەر سەلیم کە ساڵی (٢٠٠٥) لە فێستیڤاڵی (کان)ی سینەماییدا لەگەڵ ٢١ فیلمی جیهانیدا بەشداری کرد و

خەڵاتی (شۆڤاڵی) فەرەنسایی بەدەست هێنا وێڕای دەیان خەڵاتی جیهانی دی... با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەم هونەرمەندە فیلمسازانە هەموویان سەر بە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانن و بەداخەوە- هونەر سەلیم نەبێت- ئەوانە هیچیان لەوانە نین کە لە باشووری مەزنی کوردستانەوە بەرەو هەندەران چوون.. هەر لێرەشدا نابێت هەوڵی دڵسۆزانەی هونەرمەندان مەهدی ئومێد و جانۆ ڕۆژبەیانی و چەندانی دیش لەم بوارەدا فەرامۆش بکەین.

لە بواری شانۆگەریشدا.. هێندەی لە نزیکەوە ئاگادارم، هیچ کار و هەنگاوێکی ئەوتۆ شک نابەم گۆڕانکاری و داهێنانی بەرچاوی بەخۆوە دیبێت.. یاخود بەهایەکی ئەوتۆی هەبێت مایەی سەرنج ڕاکێشانی نەک خەڵکی بیانی بێت، بەڵکو بەلای خۆشمانەوە پەسەند بێت.. تەنانەت لە هەندێ میهرەجانی شانۆییدا شانۆکاران کار و بەرهەمەکانی پێشووی خۆیان کاوێژ کردۆتەوە و.. ئەوەی دەیان ساڵ لەوەبەریان و بەسەقەتیش دووبارە کردۆتەوە.

بێگومان ئەمەیش هۆکاری خۆی هەیە و.. لە ساڵانی هەفتاکانەوە و بە تایبەتی لە هەشتاکاندا.. سەردەمی زێڕینی بەخۆیەوە بینی و دەکارم بڵێم شانۆی کوردی و درامای تەلەڤزیۆنی لە باشووری مەزندا بەگشتی و (لە سلێمانی بەتایبەتی) گەیشتە ئاستێکی هێندە بەرز و بڵند کە تێپەڕاندنی ئەو ئاستە مودەتێکی زۆر درێژتری دەوێت.. ئەمە سەرباری بزرکردنی ئەو (کێشە مەزنە)ی ئەوسا هەمانبوو.. نە ئەو کێشە مەزنە و.. نە ئەو گیانی لەخۆبووردنەی ئەوسا، نە لە دەرڤە و نە لەنێو نیشتمانیشدا هیچیان نەمان و هەمووی پەرتپەرت بوو و پووکایەوە و.. ئەوە بۆ پازدە ساڵیش دەچێت حاڵی شانۆیی بەگشتی شپرزە و شێواو و بگرە بەربادیشە.. تەهریج و توانج و تانەوتەشەری تەلەڤزیۆنی.. بە مەبەستی بازرگانی و موزایەدەی حزبایەتی و فشکردنەوە و هەڵمژینی توورەیی و بێزاری جەماوەر لە پۆخڵەوات و گەندەڵەکانی کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان جێی ئەو شاکارە هونەرییە شانۆییانەیان گرتۆتەوە کە ئەوسا هونەرمەندانی گەورەی وەک عوسمان فارس و ئەحمەد سالار و بەکر ڕەشید و نەوزاد مەجید و ئیسماعیل هەورامی و... تاد. بە پشت بەستن بە دەقە شانۆییە خۆماڵی و جیهانیەکان، شانۆیەکی هێندە مەزنی کوردییان پێ بەرهەم دەهێنان.. کە مامۆستاکانیان لە ئاکادیمیا و پەیمانگەی هونەر جوانەکانی بەغداوە دەهاتن و لەبەردەمیاندا دەهاتنە سەرچۆک.. ئێستەیش، وێڕای هەوڵەکانی هونەرمەندان (ناسر حەسەن) و (ئەحمەد سالار) و (گەزیزە) و (فازیل جاف) و (ئەرسەلان دەروێش) و (بەکر ڕەشید) و (بەدیعە دارتاش) و هەندێکی دیش... زۆربەی شانۆکاران و هەندێ لە فیلمسازانیش چ لە هەندەران و چ لەنێو نیشتمانیشدا فشۆڵە موعاناتی ڕۆژانەیی خۆیان دەکەنە دەقی شانۆیی.. یاخود یەک دوو هۆنراوەی شاعیرانی حزب و دەربار.. یان نەزۆکە بیرۆکە و سەرهاتی دەسەڵاتدارێکی حزبی دێنن و.. ئیدی خۆیان هەم نووسەر و سینارستن و.. هەم دەرهێنەر و ئەکتەریشن.. ئەمەیش مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە بە خۆیاندا و لە هەمان کاتیشدا دۆڕاندنی هونەرەکەیان و شکۆمەندیەکەشیانە بەگشتی.. لە ڕاستیدا ئەمانە کەسانێکی گوناهن و زۆربەیان لە ڕۆژگارێکی زوودا کەم تا زۆر خزمەتی ڕەوتی هونەرییان کردووە و لەم سەردەمی دەسەڵاتە تژە گەندەڵییە حزبایەتیەدا، کەوتوونەتە بارودۆخێکەوە.. یا ئەوەتا پەناگیربن، یاخود هونەرەکەیان بکەنە قوربانی ئارەزوو و خواستی حزب و کاربەدەست و... بیرۆکەی دەبەنگانەیان بۆ بکەنە کورتە فیلم و... بیرەوەرییە درۆ و فشەکردنەکانیان بۆ بکەنە درامای تەلەڤزیۆنی و.. هەر هەموویان وەک پاڵەوان و بیرمەند و تیئۆریست و..تاد، نیشان بدەن!

یاخود هەر ڕەفتاری هەلپەرستی و مامەحەمەیی و ماستاو ساردکردنەوە لە خوێن و هەناوی هەندێکیاندا ڕیشەی داکوتاوە و چارەسەرکردنی هەروا ئاسان نییە.

بە نیسبەت شێوەکارانی کوردەوە لە هەندەران.. لەبەر ئەوەی کاری شێوەکاریی وەک شانۆ و فیلمسازیی و مۆزیک.. کاری بەکۆمەڵ نییە.. بەڵکو وەک چیرۆک و ڕۆمان و شیعر، کاری سەڵتەزەلامی و تاکەکەسییە.. هونەرمەندی شێوەکار دەتوانێ بە فڵچە و بۆیە و پالێت و فیگەر و کەرەسەکانی خۆیەوە تەعبیر لە ئاوارەیی و لانەوازیی خۆی بکات و بەپێی ئاستی هونەری و پسپۆریی خۆی کاری داهێنەرانەی خۆی لەو ژینگە نوێیەدا مەیسەر بکات.. کە «ئاوارەیی و نامۆیی.. خۆی لەخۆیدا حالەتێکی نێگەتیڤانەی سەڵتەزەلامە و لە هەمان کاتیشدا ئاهەڵکێشانێکی هونەرمەندە لە کەشێکی ئازاد و دوور لە سانسۆر و چەوساندنەوە.. زۆرجاریش سەڵتەزەلامەکان نیشاندەری باری کەسێتی هونەرمەند خۆین.. ئەو کەسێتیانەش ئەوانەن کە لە ژینگە مێژوویی و دێرینەکەی هونەرمەندا دەژین» (٧)

دەبێت ئەوەش بڵێم.. لە کاتێکدا نیگارکێشەکانی کوردستان بەدەست دانسقەیی بۆیەی باشەوە دەیاننالاند.. بێگومان لە هەندەران کێشەی لەمجۆرەیان نەبووە.. کەچی ئەو نیگارانەی لەسەر کارت چاپیان دەکردن و پێمان دەگەیشتن بە تێکڕایی یاریکردن بەبۆیە و فڵچە و بەزۆرییش ئەبستراک و تەعبیری بوون و.. بە شێکیشیان هەمان ئەو هەست بەنامۆیی کردنە بوون کە لە باوەشی نیشتماندا گینگڵیان پێوە لێدەدا و لەوێ بەردەوامیان پێدا.. وێڕای ئەوەی تابلۆ و کاری هونەریی دی و کردنەوەی پیشانگەی شێوەکاری بەردەوام بووە و.. تابلۆکانی عەدنان شینۆ و گارا و هەندێکی دیکەیان پێشکەوتنی جوانیان بەخۆیانەوە دی.. وەلێ هەر ناو نیشتمان بەسەرچاوەی بزاڤ و هەڵنانی هەنگاوە هونەرییە مەزنەکان مایەوە.

بەنیسبەت باسکار و وەرگێڕ و قامووسنووسانەوە.. هەندێ لە هونەرمەند و ئەدیب و بیریاران توانیویانە چەند باس و تۆژینەوەیەکی زانستییانە- وەلێ کەم- لەمەڕ هونەر و ئەدەب و فیکر و فەلسەفە و سۆسۆلۆژیا بنووسن.. بە تایبەتی نووسینەکانی د. فازیل جاف و دانا ڕەووف و فاروق ڕەفیق و بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانیع و یاسین بانیخێلانی و ڕەفیق سابیر و فوئاد مەجید میسری و کەریم مەلا ڕەشید و د. کوردۆ عەلی و ئەکرەم عەلی- جوانەمەرگ- و د. فریاد فازیلیش کە دوا بەرهەمی فەرهەنگێکی کوردی- ئەڵمانییە و نزیکەی ١٢٠٠ لاپەڕەیە.. هەروەها لەم دەهەیەی دواییدا بوارێکی لەبار بۆ هەندێ نووسەری دی ڕەخسا بۆ چوونە نێو تۆژینەوە و باسکردنی بابەتە قەدەغەکراوەکان.. بە ڕاشکاوی قسە و باسیان لە مەڕ ئەزموونی فەرمانداریێتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و هەروەها ڕەوتە فێندەمێنتاڵەکان هەبووە.. لەسەر گەندەڵیی ئیداری و دۆگمای باوەڕ و فۆتۆکردن و پێڕەوکردنی ئەتوارەکانی بەعس هەبووە.. لەمەڕ سێکس و هۆمۆسێکس هەبووە.. لە هەمان کاتیشدا وێڕای ئەوەی ئەم باس و خواسانە لەنێوخۆشدا کەم تا زۆر ڕاستەوخۆ بووبێ، یان ناڕاستەوخۆ بەردەوام هەر بووە.. باجی قورسیشیان لەپێناودا داوە و.. لە لایەن دەزگە هەواڵگری و ئەمنییەکانی حزب و دەسەڵات و ئیدارەکانەوە دووچاری تیرۆر و گرتن و ئازاردان و سەرکوتکردن و لێ پێچانەوەش بوون.. کە ئەوانەی لە دوورە وڵاتەوە قسەیان کردووە یاخود جوێنیشیان داوە.. لەم ڕووەوە نەک هەر هیچ باجێکیان نەداوە و لە هەندەران سەلامەت بوون.. بەڵکو دواتر لە کوردستانیشدا ڕێزیان لێگیراوە و داوەت و پێشوازی کراون و... بگرە زۆربەیان سوودمەند و خەڵاتکراویش بوون.

ببوورن.. وتم ئەمە پانۆرامایەکی تیژتێپەڕە و.. ئەم کێشانە پێویستیان بە تۆژینەوە و بەدواداچوونی ورد و شیکاریی فرەلایەنی هەیە و.. بابەتەکەی من لە بنچینەدا پێوەندیی بەجۆرێکی دیاریکراوی چیرۆک و ڕۆمانی کوردییەوە هەیە.. بۆیێ پانۆراماکە تا ڕادەیەکی زۆر کورت و کوێر وەدەردەکەوێت و.. جگە لە چەند سەرنج و بۆچوونێکی خێرا و سەرپێی زێتر نییە.. وەلێ هیچیان لە بێئاگایی و لەخۆوە نین و بڕوا و قەناعەت و بەڵگەشم لایە.. لەگەڵ ئەمەشدا هیوادارم لە بۆچوونە نێگەتیڤەکانمدا بەرامبەر هەر بابەت و ژانرێک- بە تایبەتی بەرامبەر شانۆ و شانۆکاران- بە هەڵەدا چووبم و.. لێزانانی ئەو بوارە و بوارەکانی دیکەش ڕوونکردنەوەی بڕوا پێهێنەریان هەبێت و لەم بارەیەوە هیچ گرفتێکم نییە.. ئیدی لێرەوە دەچمە نێو بابەت و باسە سەرەکییەکەی خۆم... کە تایبەتە بەو چیرۆک و ڕۆمانە کوردییانەی باس لە کەسێتی و ژیان و گوزەرانی هەندەران دەکەن.

***

لە کاتێکدا ئێمە چیرۆکی ئەو کەسانە دەگێڕینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە (بەتایبەتی لە باشووری مەزنی کوردستانەوە) بەرەو خۆرئاوا و شارستانییەت کۆچ دەکەن، ئاوارەی نێو زێد و سیستم و مرۆڤگەلێکی پێشکەوتوو تر دەبن.. کە قۆناغێک یاخود چەند قۆناغێکیان لە مێژووی شارستانێتیدا بڕیوە و.. چەندین سەدە لە پێشمانەوە دەڕۆن.. ئەوا مەزنە چیرۆکنووسێکی وەک (هێرمان هێسە) لە ڕۆمانێکی نوێیدا بەنێوی (دوا هاوینی کلینێکسەر)ەوە.. کەسێتییەکی ئەورووپایی ئاوارەی ڕۆژهەڵات دەکات.. کلینێکسەر ئەو (پاڵەوانە)یە لەنێو جەرگەی مرۆڤی داتەپیو و وێرانی نێو ژینگە و شارستانێتی ئەورووپای ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێمە کۆچ دەکات.. دەخوازێت لەنێو کولتووری تژە خورافیات و بەندوباری میتافیزیکیانەی ڕۆژهەڵاتدا سەبووری ڕۆحی خۆی بداتەوە و.. دارمانە دەروونییەکەی چارەسەر بکات.. وەلێ هەیهۆ! هەیهۆ!

نا ئومێدبوون لە هەردوولا.. لە کولتووری ماددی ئەولا و کولتووری میتافیزیکی ئەملا بەرەو خۆکوژیی دەبات.. بەواتایەکی کورت مرۆڤ ڕزگاربوونی نییە(٨).

کێشەی زاڵبوونی لایەنی ماددی بەسەر لایەنی ڕۆحی

له مرۆڤدا و به پێچەوانەیشەوە.. کێشەیەکی ئەزەلی سەختە و لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ سەراسیمە و لاسەنگ دەکات.. هەندێ زانای شیکاری دەروونی پێیان وایە: ئەوشتەی دڵ و ڕۆح و دەروون تێر و دەوڵەمەند دەکات، جەستە و ژیان و گوزەران و حەز و ئارەزووەکان هەژار و ویران دەکات.. ئەوەی ئارەزوو و جەستەش دەمرێنێ ڕۆح و هەناوی شکۆمەند دەکات.. وەلێ مرۆڤیش بەبێ حەز و ئارەزووی جەستە و بەبێ ڕۆح و خۆشەویستی و بەهاکان ناژی و.. هاوسەنگی نێوان ئەم دوو لایەنە بەشێوەیەکی گشتی ژیانی مرۆڤ دروست و بێخەوش دەکات.

لەم بارەیەوە و بەبۆچوونێکی سادە و ساکارەوە.. کە زێتر لە ورووژاندنێک، بابەتێک دەچێت لەمەڕ شتە مادی و ڕۆحییەکان، یاخود لە شتە دنیایی و دینییەکان.. ئەو بابەتەیە کە لە چیرۆکی (شەوێک لەسەر لووتکەی ئێڤەرست)ی (فایەق زێوەر)دایە و.. پێموایە ئەمە یەکەمین چیرۆکی کوردیمان بێت کە ڕووداوەکان و کەسێتییەکان تێیدا گوێزرابێتنەوە جێگەیەکی دی دوور لە نیشتمانەوە.

نووسەر لەم چیرۆکەدا بەشێواز و تەکنیکێکی سادە باسی کەسێک دەکات (کە خۆیەتی) و بەهۆی کەسێتییەکی خورافییەوە کە (خدری زیندەیە) و (لە خەونیشدا!) لەسەر لووتکەی ئێڤەرستی چیای هێمالایا دەگیرسێنێتەوە و لەوێ لەگەڵ (پیاوچاکاندا) کۆڕ دەبەستێ و قسە و باس لەمەڕ دنیایەکی باشتر و جوانتر بۆ مرۆڤ (یاخود بۆ کورد) دەکەن.

گەرچی چەند جارێک ئاماژە بە بەها مرۆڤایەتییەکانی سیستەم و کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی دەدات و لە چەند لایەنێکەوە- بە تایبەتی لە یەکسان بوونیدا- پەسندی دەکات.. وەلێ (پیاوچاکانی سەر ئەو لووتکەیە) هەر سیستەمە ئایینییەکانیان بەلاوە پەسندە و ژیانی باشتری ئادەمیزاد لە پێڕەوکردنی شەریعەتەکانی ئیسلامدا دەبینن.

چیرۆکنووس گەلێک لەو ئەفەندییانەش لەسەر چیاکە و لەنێو کۆڕی (پیاوچاکاندا) دەبینێ کە لەنێو خەڵکیدا بە (زەندیق) و بێ ئیمان ناسراون و مەلا فەتوای کوشتنی داون!

«کێ بڕوایان پێدەکات کە پیاوچاکن؟! خەڵق هەموویان بە نوێژنەکەر و عارەقخۆر و قومارچی و کافر و پیاوخراپیان دادەنێن.. کەچی ئەوەتا لە شەوی هەینییاندا بەخۆیان و باستۆنەکانی دەستیانەوە لەنێو پیاوچاکاندا لەسە پۆپەی شاخی هێمالایا کۆڕیان بەستووە» (٩).

بەر لەمە کە ڕۆمانەکەی (هێسە)م بە نموونە هێنایەوە.. بۆ ئەوە بوو تا بزانین مەزنیی کارەکەی (هێسە) لەوەدایە.. پێی دەڵێت پاڵەوانەکەی- مرۆڤ - لە هیچ لایەکدا ئارام و ئاسوودە نییە.. لێ بە لای زێوەرە فەندییەوە جێگەی پڕ لە سوکنایی و ئاسوودەیی حازر بەدەست ئامادەیە.. بێگومان ئەو سیستەم و ژیانەیش هەر ئەوەیە کە ئایین و (پیاوچاکان- ئەولیا) تێیدا باڵادەستن و زێتر بەلای (المدینة الفاضلة)ی فارابی دەکەوێتەوە.

گەرچی لەمەدا مەبەستم ئەوە نەبوو چیرۆکەکەی زێوەرە فەنی لە تەک ئەوی (هێسە)دا بەراورد بکەم- تەنیا هێندە هەیە ویستم ئاماژە بەوە بدەم کە زێوەر وێڕای ئەوەی ئاماژە بە هەندێ شتی بوێرانە و دیاردەی بڤەش دەدات.. کەچی لە کۆتاییدا جورئەتەکەی گزی لێدەکات و هەموو ڕیسەکە دەکاتەوە بەخوری و.. خوازیاری سیستەمێکی باوی سیۆکراتییە.

**کۆچ و هەڵاتن بەرەو هەندەران بە پلەیەک لە پلەکان لەبەر نائارامی ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی باشوور بوو**

ئەوە بە پێچەوانەی چیرۆکە شیعری (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)(١٠)ی محەمەد ئەمین مەنگوورییەوە (کە لە بری لووتکەی ئێڤەرست، پەروانەی (مەریخ)ی کردۆتە شانۆی ڕووداوەکان).. بەبێ پێچ وپەنا کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی گەشەسەندوو بە ئەڵتەرناتیڤی سەرجەم ڕژێم و سیستەمەکانی ئێستەی سەرزەمین دادەنێت و.. بەهەشتە ڕاستینەکەی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا دەبینێت.. ئەڵبەت ئەمەی مەنگووڕی خوازیارێتی سیستەمێک نییە سەدان ساڵ بێت مرۆڤی دەڤەرەکەی سڕ کردبێت و تێیدا چەقیبێت.. بەڵکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتییانەی ئەوتۆیە گەورەترین عەقڵی ئابووری و ماددی و بەمیتۆدێکی زانستییانەی دیالێکتیکیانە بۆ داهاتووی بەشەرییەتی پێشنیازکرد.. تا لە هەموو شێوازە بەربەرییەکانی بەرهەمهێنان ئازادبێت.

ئەم جێگۆڕکێیە، یان ئەم ئەڵتەرناتیڤ دۆزینەوەیەی مەنگووڕی کە (مەریخ)ی لە جێی زەوی داناوە.. وێڕای بەرینکردنی مەوداکانی خەیاڵ و داهێنان.. خودی خۆیشی لە بگرە و بەردەی سانسۆرەکان کەم تا زۆر

سەرفراز کردووە.. بەتایبەتی کاتێ نووسەر پەل بۆ شتە تابوو و حەرامکراوەکان دەکوتێت.. چونکە لەم بەرهەمەدا سنووربەزاندن لە خاڵی بڤە (خەتەر) و هێڵی سوور نزیک دەبێتەوە.. بگرە جاروبار تێپەڕیش دەکات.

بەر لە مەنگووڕی و لە کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوودا ڕستێک چیرۆکی برایم ئەحمەد (بلە) دەبینین.. کە نە هەر سستمێکی مرۆڤانەتر بۆ کۆمەڵگەی بەشەری دەخوازێت.. بەڵکو ناڕاستەوخۆیانە ئاگری شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ ئەو مەبەستە خۆش دەکات.. بە واتایەکی دی شێواز و پرۆسەی تێکۆشان و بەگژداچوونەوە و بەرگری لە میللەتکردن دەخاتە ڕوو.. ئەمیش چ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و چ داکۆکی کردن و پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیە لە دوژمن و داگیرکەر و تێکدەران کە ئەو سەردەمە نووسەر بڕوای تەواوی بەوە هەبوو... بەرادەیەک لە یەکەمین دەسپێکی چیرۆکیدا چیرۆکی (لە وڵاتی قارەمانانا)ی کردە نۆبەری خۆی لەم ژانرە ئەدەبییەدا.

هەر لە ناونیشانەکەیەوە ئاشکرایە باس لە بەرگری دەکات.. ئەو بەرگرییە مەردانەیەی سۆڤێتییەکان لە بەرامبەر نازییەکان کردیان.. نووسەر زۆر بەوردی گرتە (لەقتە)یەکی هونەریی هەستبزوێنی هەڵبژاردووە تا لەوێدا وەک کات و شوێن و هەروەها کەسێتییەکانیش نیگار بکێشت و .. بەم شێوەیە:

شوێن: بەردەم ژووری نەشتەرگەرییە

کات: بەنیسبەت سەرجەمی چیرۆکەکەوە لە چەند خولەکێک، لە ڕۆژێکی ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیدا تێناپەڕێت.

کەسێتی (کاراکتەر): سیانی سەرەکی: پیرەژنێکی ئفلیجی نێو کورسییەکی پێچکەدار و.. لاوێکی دارشەق لە بنهەنگەڵ و.. پزیشکێک.

(ئۆڵگا ڤاسیلڤا)ی ئفلیج کە مەدالیای (لینین)ی بەیەخەوەیە چاوەڕوانی ئەنجامی نەشتەرگەریی کوڕە بچکۆلەکەیەتی (دیمترۆڤ).. هەردوو کوڕەکەی (ئیڤان) و (ئەندرێێڤ) لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا گیانیان بە گەل و نیشتمان بەخشیوە و تەنیا ئەمی ماوە.

هەرکە دکتۆر لە ژووری نەشتەرگەری دێتەدەر.. دایکەکە یەخەی دەگرێت و.. ئیدی بەماتی و بێدەنگییەکەی دکتۆردا دەردەکەوێت سێیەمین ڕۆڵەیشی (کە لە جەنگدا بریندارببوە) مردووە.. دایک بە کوڵ دەگری.. کاتێ دەیانەوێت دڵی بدەنەوە.. دەڵێت... بە تەنیا بۆ مردنەکەی ناگریم.. بۆ ئەوە دەگریم، چونکە بە مردنی دیمترۆڤ ئیدی کەسم نامێنێت لە جەنگدا بکوژرێت.. ئا لێرەدا لاوە باڵابەرزە دارشەق بەدەستەکە بۆی دادەنەوێتەوە و پێی دەڵێت: (-دایە! ئێمە هەموو.. هەموو ئەو قارەمانانەی سەرە ئەگرین.. هەموو کوڕی تۆین)(١١)

ئەوەی لەم چیرۆکە و لە چیرۆکەکانی دیکەی ئەم نووسەرە و چیرۆکنووسانی دەست و قەڵەم ڕەنگینی دیکەدا مایەی سەرنج و بایەخ پێدانە هەر بەتەنێ ئەوە نییە چۆن لە هەلومەرجی نائاسایی و جەنگ و پشێوی و نەهامەتی میللەت و نیشتماندا بابەتێکی تژە بەرگری و کوڵنەدان و هاندان و ورە وەبەرهێنانی میللەت و جەنگاوەرانیان نووسیوە.. بەڵکو هونەری ڕاستینەیان لەوەدایە ئەو بەرهەمە دوای تێپەڕبوونی بارودۆخە ئاڵۆزەکەیش بەهای هونەریی خۆی بزر نەکردووە و وەک شاکارێکی زیندوو شایانی خوێندنەوە و تۆژینەوەبێت. واتا وێڕای دەورە گرینگەکەی لەو ئانوساتەدا.. سنووری زەمەنە بەرگرییەکەش ببەزێنێ و دوای ئەو ڕۆژگارە تاموچێژی هونەری خۆی نەدۆڕێنێ.. هەر ئەمەیشە ئەدەب و هونەری داهێنەرانە لە بەرهەمی سیاسی ڕۆژانەی تژە دروشم و هۆتافکێشان جیادەکاتەوە.. ئیدی بەمجۆرە هونەر لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆکارێک، یان کەرەسەیەک بێت لە خزمەتی مەبەستێکی ساتەوەختینەی سیاسیدا.. بەڵکو هەر خودی خۆیشی دەبێتە ئامانج و مەبەست.

هەر (برایم ئەحمەد) لە چیرۆکێکی دیکەی پڕ لە جۆش و خرۆشدا.. شانۆی ڕووداوەکانمان بۆ وڵاتی (کۆرسیکا) دەگوێزێتەوە.. کە ئاگری شۆڕشیان بەرامبەر فەرەنسای داگیرکەر جۆشی سەندووە.. لە پێناوی ئەوەدا بە (ئازادی بژین) و (بەزمانی خۆیان بخوێنن) و (بەو جۆرەی خۆیان پەسەندی دەکەن کاروباری خۆیان هەڵسووڕێنن)(١٢).

بێگومان ئەو سێ داخوازییە نابنە چیرۆک و هونەر.. وەلێ بە ئاشکرا دیارە نووسەر دەقاودەق داخوازییەکانی نەتەوەکەی خۆی خستۆتەڕوو.. کەچی بەمەیش نەک هەر نابێتە چیرۆک و هونەر.. بەڵکو ئەو سێ داخوازییە لە ئاستی گەلێ دروشمیشدا نییە و لە قسە و باسێکی سادەی نێو خەڵکیش تێناپەڕێت.. کەچی نووسەر بەسەلیقەی وردی خۆی و ئەو قسانەی لەنێو ڕووداوێکی خوێنەر هەژێنێ بەتاموچێژدا پەخشکردۆتەوە و.. ئەو داخوازییانە ڕیخۆشکەری بونیادە هونەرییەکەین.. خانمێکی نازداری کۆرسیکایی (خاتو پۆلین).. بە بیانووی ئەوەی نهێنییەکی زۆر گرینگی لایە و دەیەوێت

خودی خۆی بۆ کاپتن (مۆریس)ی سەرۆکی مەحکەمەی عورفی شاری (پاستیا)ی پایتەخت بدرکێنێ.. کاپتن لاوێکی هەڵەشەی فەڕەنساییە و.. لە کۆشکی (شەیتان)ی شارەکەدا دەژی.. هەرکە خاتوو پۆلین بەو ناز و جوانییەوە دەبینێ وڕدەبێت و.. پێکەوە دەست بەمەیخواردنەوە دەکەن.. دوای مەستبوونی کاپتن، خاتوون نامەیەکی دەداتێ.. ئەویش بە پەرۆشەوە خەریکی خوێندنەوەی دەبێت.. خاتوون ئەو کێردەی لەتوێی بەرگەکانیدا حەشاری دابوو دەیکات بە مۆرەغەی پشتیدا و.. چۆن هاتبوو.. هەرواش دەڕواتە دەرەوە.. بەمجۆرە تۆڵەی خۆشەویستەکەی دەسەنێتەوە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوجا دەزانین نهێنی ئەم ڕووداوە لە (خۆشەویستیدا) خەست دەبێتەوە.. واتا سیحری چیرۆکەکە لەو بەها مرۆڤایەتییە مەزنەدایە کە هەرگیز کۆتایی نایەت و مۆجیزەش دەخاتەوە.. نەک لەو دوو سێ ڕستەیەد کە ئاماژەمان پێدا.

ئەگەر لێرەوە بچینە لای د. مارف خەزنەدار و چیرۆکی(بووکە شووشە) و.. بە دووی سیحری چیرۆکەکەدا عەوداڵ بین.. ئەوا لە تابلۆیەکی نازداردا و لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا بووکەشووشەکان دەدۆزینەوە.

خەزنەدار لەم چیرۆکەیدا نەیویستووە بەتەنێ داستانە مەزنەکەی بەرگریکردن لە شاری (لینینگراد) و نەهامەتی و سەرگەردانییەکانی خەڵکی ئەو شارەمان لە سالآنی دووەمین جەنگی جیهانی بۆ بکاتە کارێکی ئەدەبی و بەس، چونکە ئەوە زۆر باش دەزانێت ئەگەر بێتو ئەوە بکات ئەوا قەڵەمی مێژوونووسان دەتوانێت گشت ئەو شتانە تۆمار بکات کە تەنانەت خەیاڵ و ئەندێشەش لەچاو واقیعە تاڵەکەدا دەستەوسان دەبن.. بۆیێ گەرچی ناونیشانی چیرۆکەکە (بووکەشووشە)یە.. وەلێ خوێنەر تا دوا دێڕەکان هەر بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی ئەو کیژۆڵەیە دەخوێنێتەوە کە لە سەرەتای جەنگدا لە دایکبووە و پاش کۆتایی هاتنی جەنگ بە چەند ساڵێک ئەوجا تەمەنی دەگاتە ئەوەی لە قوتابخانە وەربگیرێت و ... دواتریش کە دەگاتە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەڵێت:

«باوکم بووکە شووشەی بۆ هێنامە ماڵەوە.. بەڵێ بووکە شووشە.. بەڵام نەمدەزانی بووکەشووشە چییە! بۆچی دروستکراوە!» (١٣) ئیدی بووکەشووشەکە لەگەڵ خۆیدا دەباتە قوتابخانە، لەو ڕۆژەدا دەبینێ منداڵەکانی دیش هەموو بووکەشووشەیان پێیە.. چونکە پاش جەنگ بە چەندین ساڵ ئەوجا وڵات هاتۆتەوە سەرخۆی و سەری پەرژاوەتە سەر ئەوەی لە کارگەکاندا بووکەشووشە دروست بکەن و پێشکەشی ئەو منداڵانەی بکەن کە بەهۆی جەنگەوە لەو مافە سادە و جوانەی ژیانیان مەحرووم بن.

لایەنێکی جوانی دیکەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە لە زاری کیژە سۆڤییێتییەکەوە کارەساتەکانی دەگێڕێتەوە کە گەورەبووە و لە باخچەیەکدا بەیەک دەگەن و ئەمەش تام و چێژێکی زێتری پێدەبەخشێت.. واتا گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ناوەوەیە نەک لە دەرەوە.

گەرچی خەزنەدار ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی ئەم چیرۆکە بە ڕەوشی کوردستانەوە گرێ نادات.. وەلێ ناڕاستەوخۆ و بە ئاماژەی جوانی هونەرییانە مژدەی ئەوەمان پێدەدات نەتەوەکەی ئێمەش پاش بەرگری و خۆڕاگریی لەبەردەم دوژمن و سەرگەردانییەکاندا.. ئەوا ڕۆژی ئازادی و سەرفرازی لە ئێمەش هەڵدێت و ئەوسا منداڵەکانیشمان دەتوانن ژیانی منداڵێتی بەسەر بەرن و.. لە جێی یاریکردن بە بۆمب و فیشەکی نەتەقیو و مین.. بووکەشووشە لە ئامێز بگرن.

خەزنەدار جارێکی دی لە چیرۆکی (ئێوە قارەمانن)(١٤)دا.. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیش ئەم پێوەندییەی نێوان خەباتی کورد و تێکۆشانی سۆڤێتییەکان بۆ پاراستنی نیشتمان دەردەبڕێت.. ئەویش لە کاتێکدا لەسەر شەرەفی پیرەژنێکی تێکۆشەری بیلۆڕووسیایی ئاهەنگ دەگێڕن.. کە لە دڕندانەترین شێوازی پەتپەتی پێ کردنی نازییە ئەڵمانییەکان ڕزگاری بووە.. لەگەڵ ئەوەشدا پیرێژن (لەو بڕوایەدایە کە ئەڵمانییەکان هەموویان خراپ نین).

نووسەر کێشە نەتەوایەتییەکەی خۆشمان تێکەڵ بەو تێکۆشان و بەرەنگاری کردنە سەخت و قارەمانانەی ئەوان دەکات و.. پیرەژن بەڕاوییە کوردەکەی- خەزنەدار خۆیەتی و وەک کەسێتییەکی نێو چیرۆکەکە- (دەڵێت: «نەتەوەکەتان گەلێ بەختیارە.. چونکە بۆ ئەوە نەجەنگاوە زوڵم و زۆر لە خەڵک بکات و زەوی خەڵکی دی داگیر بکات.. بەڵکو لە خەباتدایە بۆ ئەوەی مافی خۆی وەرگرێت» (١٥).

هەر لەم لایەنەوە.. (سەعید ناکام)یش لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)(١٦)دا سەرجەم پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان و لایەنە سیاسییەکانی کوردیش دەگوێزێتەوە وڵاتی (کەشمیر) و بەتایبەتی شاری (سەرینیگار) و.. بە تەواوی هەست دەکەین کە چ ئەم و چ ئەوانی دیش بەگشتی ئەم فێڵە هونەرییە ناچارییەیان بۆ ئەوە

بەکارهێناوە تاکو لە سانسۆر و لێ پێچانەوەی دەسەڵات سەرفراز بن.. ناکام خۆی لە دەرەوەی ڕۆمانەکەدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و.. کەسێتییەکان زێتر هێمان بۆ حزب و لایەنە کوردییە جەنگاوەرەکان و.. بە زۆری لە جێی ناوەکان بە پیتەکان ئاماژەی پێداون.

بەڵام (محەڕەم محەمەد ئەمین) گەرچی لە چیرۆکی (مردووی زیندوو)(١٧)دا باس لە شارێکی ئەفسووناوی دەکات کە هەموو خەڵکەکە تێیدا مردوون.. چ ئەوانەی لاشەکانیان لە جادە و کۆڵانەکاندا فرێدراون و چ ئەوانەش کە بەسەریاندا هەنگاو دەنێن و دێن دەچن و هەست بە بۆگەنی پیاو کاسکەری لاشەکان ناکەن.. وەلێ لە کۆتاییدا ڕێک و ڕاست ئەو ڕەوشە بەسەر ئەم دەڤەرەدا دەسەپێنێ و تەنانەت ئەوانەیش کە دێن و دەچن بەوەیان دادەنێت کە (مردوون و گلۆر کراونەتەوە)(١٨).. لێرەدا بە پێویستی دەزانم پەنجە بۆ ئەو سیحر و سەلیقە هونەرییە جوانەی محەڕەم ڕابکێشم کە چۆن توانیوێتی بەو دیمەنە خەیالاویە- ڕاستینانە خوێنەر کەمەندکێش و سەرسام بکات و خۆیشی لەنێو چیرۆکەکەوە وردە وردە و.. لە حوزووری دەروێشێکی زانا و بلیمەتدا لەگەڵماندا تا کۆتایی چیرۆکەکە بێت.. ئەو دەروێشەی لەو سەروبەندەی محەڕەم چیرۆکەکەی تێدا نووسیوە، لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیماندا هەردەم مایەی گاڵتەپێ کردن و تانووتلێدان بوو.. کەچی ئەم کەسێتییەکی وای لێ بەرهەم هێناوە، نە هەر هەست بە نهێنییەکانی ژیان دەکات، بەڵکو بەشێوازە شکۆدار و توانجئامێزەکانی هانی میللەت دەدات ڕاپەڕن و ئەو ژیانە گەندەڵە ڕەتکەنەوە و شۆڕش بەرپابکەن.

***

لەنێو چیرۆکنووسە نوێکاندا... ئەنوەر محەمەد گەمەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هونەریمان لە چیرۆکی (سەگدۆست)(١٩)دا لەگەڵدا دەکات.

کەسێتی یەکەم کەسێکی پەناهێندە نییە.. دوای ئەوەی ئەندێشەی زۆری بەدەست مامەڵەکردنە بێمروەتانەکەی بەشێک لە ئەڵەمانییەکانەوە بینیوە کە بەرامبەر پەناهێندە ڕۆژهەڵاتییەکان کردوویانە- پێدەچێت بەشێکی زۆریان هێشتا مەستی بیروبڕوای نازیزم بن... لەبەر ئەوەی ئەم کەسێتییەش هەر ئەڵمانییە.. بەڵام سەر ڕەشە و.. بە بیروبڕوایەکی مرۆڤدۆستانە پەروەردە بووە نەک بە تەنیا (سەگدۆست)انە.. ئیدی خۆی دەرناخات و خۆی دەخاتە پێستی پەناهێندەیەکەوە.. ئەمەیش لە کاتێکدا لەگەڵ خاتوونێکی ئەڵمانی لە گازینۆیەکدایە کە بە ڕێکەوت مێزێکی بەتاڵ کۆیکردوونەتەوە..

**ئەوە بۆ پازدەساڵیش دەچێت حاڵی شانۆیی بە گشتی شپرزە و شێواو و بگرە بەربادیشە**

ئەم فێڵە هونەرییەی چیرۆکنووس نە هەر لە مەدایە دوو کەسی ئەڵمانی بەرامبەر بە یەک داناوە.. بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان لەوگەمە مەزن و جوانەی (گۆگۆڵ) دەچێت کە لە شانۆیی (جەنابی موفەتیش)دا کردوێتی.. مەبەست لە دروستکردنی ئەو (چاوشارکێ) سەرسوڕهێنەر و لێکحاڵی نەبوونە یەکلاییەیە کە دواجار لای خوێنەر ئاشکرا دەبێت.

ئەنوەر ئەو (هنری شۆڵتز)ە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی و بە ڕوخسار ڕۆژهەڵاتییە بەرامبەر ژنێکی ڕەگەزپەرستی ئەڵمانی ڕادەگرێت و.. دواجار وەک (مرۆڤ دۆستێکی) ئەڵمانی تا دەتوانێت ئازاری ئەو ژنە (ڕۆح قاوەییە) سەگدۆستە دەدات..

سەرەتا هەرکە ژنە لێی دەپرسێت:

(- لە مێژەوە لێرەن.. لەم ولاتەن؟)(٢٠)

بەم پرسیارە دەروازەی مەبەست و بیر و ناوەرۆکی چیرۆکەکە ئاواڵە دەبێت و.. مەبەستی ژنەکەش دەکەوێتەڕوو.

«ئافرەتەکە سەرنجێکی قژە ڕەش و ڕوخسارە گەنمڕەنگییەکەی ئەدا»(٢١)

ئیدی ئافرەتەکە کەمێک لەوە سەرسام دەبێت کە چۆن ئەم (سەر ڕەشە) هێندە لە بارەی بەخێوکردن و ڕاگرتن و چارەسەرکردنی سەگەوە دەزانێت.. وەلێ هەتا دوایی هەر سوورە لەسەر ئەوەی (سەر ڕەش)ان چەندیش ڕووناکبیر و مرۆڤ دۆست و تەنانەت سەگدۆستیش بن هەر سووک و بێبەهان.

لەم گەمەیەدا کاراکتەرەکان هیچیان (مەیموونی سپی ڕوخسار)ی ڕۆژهەڵاتی، یان باشووری زەوی نین.. وەک هەردوو چیرۆکی (لە ولاتی قارەمانان‌دا) و (تۆڵەسەندن)ی برایم ئەحمەد کە ئەوانیش بەخوێن و گۆشت و ئێسک و هەست و نەست و خاک و نیشتمانەوە هی کوردنین.. تەنیا مەبەست و زمانە کوردییەکە دەیانکاتەوە بە موڵکی کورد.. ئەم چیرۆکەی ئەنوەریش تەنیا نووسەرەکەی نەبێت ئەوروپایی نییە و کوردە.. گرینگ ئەوەیە بە هیچ جۆرێکیش هەست بەوە ناکەین شوێنەواری دەستێوەردانی نووسەری پێوە بێت.. وەلێ

زۆر بە ورياييەوە تۆپەكەی هەڵداوەتە نێو قاچ و گۆڵی ئەوان خۆيان.. ئەوانێك كە لەنيوەی يەكەمی سەدەی بيستەمدا بە لێشاو پەڕاگەندەی لێكرا.. كەچی (ڕۆحە قاوەييە)كەی نازيستەكان بەرامبەر پەناهێندەكان لە ئەڵمانيادا لە سووكايەتی پێكردن زێتر نەبووە.

وێڕای ئەمەش- بە پێچەوانەوە- ئەڵەمانگەلێك هەن كە بەگيانی مرۆڤ پەروەرانە گۆشكراون.. كەم تا زۆر لەو نێوەندەدا جێی دەستيان ديارە و.. نە هەر لە چيرۆك و بواری ڕۆشنبيريدا، بەڵكو لەنێو دەسەڵات و سەنتەری بڕياربدانيشدا داكۆكی لە پەناهێندە دەكەن و.. چيرۆكنووسيش بەو چيرۆكە هونەرييە نازدار و جوانە و چيرۆكێكی ديش، ئەم لايەنە گەش و ڕووناكەی ئەڵمانييەكانی بە پتەوی خستۆتە ڕوو.

ئەنوەر ئەمجارەيان لە چيرۆكی (سی و حەوت)(٢٢)دا.. كەسێتييەكی كورد- كە شوفێری تاكسييە- بەدمەستێكی ئەڵمانی دەگەيەنێتەوە ماڵ.. ئەويش (ڤۆڵڤانگ زايەڵ)ە و.. بێگومان شوفێرەكە- نەك چيرۆكنووس- نازانێت ئەمە مەزنە درامانووسی ئەڵمانيە.. بەدەم ڕێوە كە ڤۆڵڤانگ دەزانێ ئەمە كوردە... سەر دەلەقێنێ و پێ دەڵێت: (ئێوە بەدبەختترين گەلن)(٢٣).. ئەوجا دەست دەخاتە سەر شانی شوفێرەكە و دەڵێت:

(- هەڤاڵ! ئەی كورد! باوەڕبكە هيچ دژی بيانی نيم... خۆيشم زۆر لە دەرەوە كارم كردووە.. ئەوانەی دژی بيانين، بێ زانياری و كورتبينن.. زەوی و مرۆڤ تەواوكەری يەكترين... سروشت بەرهەم دەدات.. ئيتر ئاگای لە ڕەش و سپی و زەرد، جوولەكە و ئيسلام و مەسيحی و ئەو شتانە نييە.. من باوەڕم وايە لە هەركوێ كار ونان هەبێت، با خەڵكی ڕووی تێبكەن.)(٢٤)

ئيدی ئەمە دواساتەكانی ژيانی ئەو مرۆڤدۆستەيە.. كە (چيدی توانای ژيانی نەماوە)(٢٥) و.. دوای ئەوەی دادەبەزێت و دەڕوات.. شوفێرەكە لە هەواڵە نێوخۆييەكانی ڕاديۆكەيەوە دەبيسێت: (ڤۆڵڤانگ زايەڵ) لە سی و حەوتەمينساڵڕۆژی لەدايكبوونيدا لە نهۆمی حەوتەمی ئەپارتمانەكەيانەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و.. ديارە دەبێت چەپكە گوڵە پيرۆزباييەكانی لە تەك لاشەكەيدا بۆ بخەنە گۆڕەكەيەوە.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە.. چيرۆكنووس لە چيرۆكی (گەرمای سووتێنەر)(٢٦)دا.. بە زاری بگۆوە و لە ناوەوەی چيرۆكەكەوە گوزارە لە هەر سێ ئەنديشە سەرەكی و قووڵەكەی مرۆڤی پەناهێندە دەكات: (سووكايەتی) و (تەنيايی) و (كێشەی كاركردن).. كە هەرسێكيان لە بە (مەيموونی سپی) بوونيانەوەيە.. وەك: ڕەفتاری ناجۆر.. سەقەتيی زمان و لێكدی تێنەگەيشتن و نا پرۆفيشناڵی لە كاركردندا.. كە كۆچبەر بە دڕندە و دز و تيرۆريست دەزانن: (هێندە فيلمی كوشتن و دزی و ماڵبڕين و فێڵ و كەڵەكە لە خەڵك كردن پيشاندەدرێت [....] سڵ لە زۆر كەس و بە تايبەتی بيانی دەكەنەوە)(٢٧).. تەنيايەكەيش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانەوەيە: (تەنيايی كوژەريش ئەوەيە كەسێك لەبير و قسەكانت تێنەگات)(٢٨).. بەڵام كێشەی كاركردن و بەهۆی تەبيعەتی سەرمايەدارييەوە كە بەدووی هێزی كاری هەرزانتردا دەگەڕێت.. بەتايبەتی لەو كارانەدا كە پلەی يەكەم جەستەيين و پشت بە بير و زانست و پرۆفيشناڵ نابەستن.. ئەوا خەڵكانی پەڕاگەندە كێبەركێی هاووڵاتييان دەكەن.. بۆيێ لەم ڕووەشەوە قينيان لێيانە: (من گەرەكمە كاربكەم.. كار نەماوە.. دەمەوێت نانێك بە تەنيا بخۆم بيانييەك نيوەيم لێدەسێنێت)(٢٩).. بۆيێ سەرجەمی ئەمانە و ساردوسڕی هەندەران لە هەموو ڕوويەكەوە.. وا لە چيرۆكنووس دەكات پەرۆشی (هەتاوی سووتێنەر)ی نيشتمان بێت و باوەش و سۆزی دايكی وەبيربێتەوە).

هەر ئەنوەر محەمەد جارێكی دی و لە چيرۆكی (تراوما)(٣٠)دا.. لەبەردەم دوو كەسێتی ديكەدا ڕاماندەگرێت كە هيچيان مەيموونی سپی نين.. (پيتەر)ی ئەڵمانی پەككەوتەی جەنگی نازييەكان.. كاتێ خۆی لە سوپای هێتلەردا ئاميرێكی سەربازيی بووە و.. ئێستەيش بە سواری عەرەبانە (گار)ێكەوە (ديمترۆڤ)ی ڕووس پاڵی پێوەدەنێت.. ئەو كەنەفتی سەرمای ساڵانی شەڕ و ئابڵووقەدانی شارەكانی وڵاتی سۆڤييێتە: (-لاوۆ! هەتا نهاش سەرمای وڵاتەكەت لە مۆخ و گيانمدايە).(٣١)

چيرۆكنووس لێرەشدا وێڕای ئەوەی تێكڕای چيرۆكەكەی لە خەونێكی هاوبەشی ئەو دوانە پێكهاتووە.. وەلێ زۆر واقيعيانە و زۆر بە قووڵی بەناخيساندا ڕۆچووە... بە تايبەتی ناخی ئەم پياوە پەككەوتەيە كە لە ڕێی ديمترۆڤەوە هەموو هەڵسوكەوت و جووڵە و خوليا و شێوازی ئاخاوتن و باری دەروونی بەگشتی دەخاتەڕوو و شيدەكاتەوە و.. ئاماژە بەو فەزا نەخۆش و پەككەوتەيەی ئەو وڵاتە دەدات كە بەهۆی جەنگە چەپەڵەكانەوە.. دەبێت لاوانی وڵات و تەنانەت پەناهێندە بە گوڕ و تواناكانيش- لە باتی بەرهەمهێنان- خەريكی چاودێری

و خزمەتکردنی ئەوانەبن.
ڕەنگە بپرسن ئایا ئەمجۆرە چیرۆکانە چ پێوەندییەکیان بە ئەدەبەکەمانەوە هەیە؟! یاخود چ پێوەندییەکیان بە کورد خۆیەوە هەیە؟ ئاخۆ جیاوازی ئاوەها چیرۆکێک لەگەڵ چیرۆکێکی بیانی بۆ کوردی وەرگێڕاودا چییە؟

ئەگەرچی ئەم پرسیارە ڕەوایانە وتوویژ و کێشمەکێشێکی زۆر دەوروژێنن و بەدوواداچوونێکی زۆریشیان گەرەکە.. لێ هێندەی لێرەدا پێوەندیی بە بابەتەکەمانەوە هەبێت.. ئەوەی ناڕاستەوخۆیانە تەعبیر لە خولیا و ئەندێشەی کەسانێک دەکەن کە کورد لەناویاندا ڕێژەیەکی بەرچاویان هەیە و.. کورد و پەناهێندانی دیش لەو جۆرە وڵاتانەدا بەم دەردانەوە دەتلێنەوە و... زێتریش لە ڕووی تێکشکاندنی کەسێتی و پێشێلکردنی کەرامەت و مرۆڤێتیانەوەیە.. ئەمەیش نە هەر ئەنوەر محەمەد.. بەڵکو گەلێ چیرۆکنووسانی کوردی دیشمان ئاوڕیان لێداوەتەوە و.. لە درێژەی باسەکەماندا بەلایاندا گوزەر دەکەین.. هەروەک چۆن لەمەوبەر بە چەند نموونەیەک باسمان لە نیشاندانی ئەو نەهامەتییانە کرد کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون.. لە ڕێگەی نیشاندانی سەرگەردانی و ماڵوێرانی نەتەوەکانی دیکەوە.. کە لەزۆر ڕووەوە هاودەردی و هاوسەرگەردانی کۆمان دەکاتەوە.. هەروەها لە شێوازەکانی بەرگری و بەگژداچوونەوەشدا... چ بە چەک و چ بە ڕێبازی دیکە.. یاخود لە ڕووی ئەو ئومێد و هیوا ناوکۆیی و هاوبەشەی ئێمە و ئەوانیش بۆ ژیانێکی مرۆڤایەتییانەی پێشکەوتوو و پڕ لە دادوەریی (کۆمەڵایەتی) دەیخوازین.

ئیدی لەو چیرۆکانەی پێشوودا و ئەوانەی لەمەودواش باسیان دەکەین هەستدەکەین چیرۆکنووس، یان ڕاوی کەم تا زۆر لەنێو ڕووداوەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان وەک (وەهمێک) یان وەک کێشەیەک و داخوازی و ئومێدێک ئامادەیە.. ئەم ئامادەبوونانە- سەرباری نووسین بەزمان و گوزارە کوردییەکەیان- بە چەندین تاوە دەزوو و ڕایەڵ پێمانەوە دەبەسترێنەوە.. لەمەیش واوەتر ئەو چیرۆکانەن کە کەسێتی سەرەکی تیایاندا یان بە تەنیا خۆی لە سەرتاسەری چیرۆکەکەدا، یان نیوانیوی کەسێتییەکان کوردن.

لە چیرۆکی (دادگەی گوڵ)ی (بەکر حەسەن)دا.. کەسێتی یەکەم و داینەمۆی چیرۆکەکە کوردە و.. وێڕای ئەو هەموو گوڵ و مەی و عیشقە ڕۆمانسییەی لە وڵاتی غەریبیدا بۆی ڕەخساوە.. کەچی بە هەناسەی ژەهراوی و تیلەی چاوی بوغزاوی پیرەژنە ئەڵمانییەکەی خاوەن ماڵی گرموڵە و پەرێشان بووە... چیرۆکنووس لەناوەوەی چیرۆکەکەوە و وەک- بگۆ- ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.. باس لەناخی تژە کینە و ئاودامان نازیستی پیرەژن بەرامبەر ئەمی پەناهەندە دەکات..بە پێچەوانەی چیرۆکی (ئێوە قارەمانن)ی د. خەزنەدار.. نووسەر ئاوا پیرەژن دەبینێت: (تا سێ ڕۆژ لەمەوبەر وایدەزانی دیلێکی جوولەکەی کەوتۆتە بەردەست).(٣٢)

کاتێکیش کە چەپکێ گوڵی بۆ دیاری بەدەستەوەیە و لەنێو نایلۆنی شەفاف پێچراوەتەوە وایدەبینێ:
(ئەگەر وا نەپێچرایەتەوە هەر زوو بە زوو بە هەناسەی زبر و بوغزاویی پیرێژن و شەهید دەبوون.. چونکە هەناسەی پیرێژن بەوە دەچوو هەناسەی هەموو فاشیستەکانی سەر ڕووی زەمینی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە. هەر لەهێتلەرەوە تا مۆسۆلۆنی و تا... سەدام حوسێن).(٣٣)

دواتر هەر بە پیرەژنەکەوە ناوەستێت و هەموو ئەڵمانییەکانیشی بەلاوە هەر ئەوە: (هیتلەرێک لەسەری هەموو ئەڵەمانییەکدا دەژی)(٣٤)

کەچی هەر ئەم مەیموونە سپییەی بەکر حەسەن، لەنێو باخچەی گوڵەکاندا بە مەستی خۆی دەگەوزێنێت و گوڵ دەکاتە سەرین و قوم لە بوتلە وێسکییەکەی دەستی دەدات (هەر قومێک لە وێسکییەکە و دوو گوڵ وەکو مەزەم دەکرد بە دەمدا)(٣٥)

بەیانی زوو پۆلیس هەڵدەکوتێتە سەری و بەرەو دادگەی گوڵ ڕاپێچی دەکات و.. بە تاوانی وێرانکردنی باخچەیەک گوڵ... کەچی وێڕای ئەو هەموو تانە و تەشەرەی لە ئەڵمانییەکان و ئەم تاوان و ڕەفتارە ناشارستانییەی خۆیشی... کیژێکی نازداری ئەڵمانی پاکانەی بۆ دەکات و لە سزا قوتاری دەکات..

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە جاربەجارێ (تا)ی غوربەت و تەنیایی دایدەگرێت و ئەو ڕەفتارە ناجۆرانەی لێدەوەشێتەوە.. وەلێ دواتر کە کیژە ئەڵمانییەکە دەبێتە خۆشەویست و دۆستی.. هەموو (تا) و غوربەتەکەی دەڕەوێتەوە.

بەهەرحاڵ چیرۆکنووس پاش ساڵێک چیرۆکێکی دی بەناوی (تای غوربەت)ەوە- نازانم ئەمەیانی دوای (دادگەی گوڵ) نووسیوە، یان بەر لەو نووسیوێتی و وادەی بڵاوکردنەوەی دواکەوتووە!- بڵاودەکاتەوە.. لێرەدا گەرچی لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە ڕاستەوخۆ موخاتەبەی کەسێتی یەکەم دەکات... وەلێ لە بنەڕەتدا ئەمجۆرە

شێواز- تەکنیک-ە بە زۆری بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت تا چیرۆکنووس خۆی لە پاڵ کەسێتی یەکەمدا بشارێتەوە.. واتا ناڕاستەوخۆ جێی کەسێتی یەکەم دەگرێتەوە و.. شێوازی دوێنراو لەگەڵ شێوازی بکۆ- متکلم-دا لە هەموو ڕوویەکەوە- ڕێزمانی نەبێت- هەر یەکن.

لەم چیرۆکەدا لاوێکی ٢٤ ساڵ دوای ئەوەی دوو ڕۆژ یەکبینە (تای غوربەت).. وەک نەخۆشییەکی جەستەیی ڕاستینە دایدەگرێت.. پلەی گەرمایی لەشی بەرزدەبێتەوە و سەر و شان و ملی ژان دەکات و ..تاد کە دێتە هۆش خۆی چاوی بە (دوو مەرگی ڕەنگاوڕەنگ)(٣٦) دەکەوێت... مەرگی ئەو دوو کەنارییەی لەو دوو ڕۆژەدا بێ دان و ئاو لەنێو قەفەزەکەیاندا فەرامۆشکراون.

چیرۆکنووس دەیەوێت بەراوردێکی ژیان و مەرگی ئەو دوو باڵندەیە لە تەک ژیان و گوزەرانی تەنیایی و مەرگی پێشبینیکراوی خۆی بکاتە هاوکێشەیەکی بابەتییانەی هونەری.. کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمیش لەو ژوور-قەفەز-ەیدا و بەو تەنیاییە و بێئەوەی کەسیش پێی بزانێت، وەک هەر یەکێ لەم کەنارییانە ملی لاردەبێتەوە و.. کەسیش بەرامبەر بە مەرگی ئەم خۆی بە تاوانبار نازانێت.. وەلێ ئەم وێڕای ئەوەی خۆی بە تاوانبار دەزانێت، هەر لە ژوورەکەیدا بەجوانترین مەراسیم و لەنێو جوانترین ئینجانە گوڵدا دەیاننێژێت.

من لەو باوەڕەدام کە ئەم دوو چیرۆکەی بەکر حەسەن لە بنەڕەتدا دوو کورتە ڕووداوی نێو ڕۆمانێکن.. یاخود هەر چیرۆکێکن و لەتکراون.. هەردووکیان پڕن لە گوڵ و خۆشەویستی و ڕۆمانسێتی.. تاوان لە هەردووکیاندا کوشتنی جوانییە (گوڵ و کەناری).. تاوانی قەدەرکردە نەک خۆکرد و بەدەستی ئەنقەست.. لەژێر زەبر و غوربەتدا ڕوودەدەن.

(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)یش لە چیرۆکی (چاوەڕوانی)(٣٧)دا.. بەجۆرێکی دی باسی پیرەژنێک و چەپکە گوڵەکەی دەکات.. وەلێ چیرۆکنووس لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە و بەبێ ئامادەبوونی هیچ کاراکتەرێکی کورد.. ئەندێشەکانی ئەو دایکە پیرەژنە دەگێڕێتەوە کە هەمیشە بە چەپکە گوڵەوە لە وێستگەیەکی شەمەندەفەری شاری (سۆفیا)دا لە چاوەڕوانی کوڕەکەیدا وەستاوە کە ساڵانێکی زوو لەوێدا ماڵئاوایی لێکردووە و بەرەو مەیدانی جەنگ بەڕێکەوتووە و تەنها نەگەڕاوەتەوە.. ئەڵبەت نیشاندانی حاڵەتی دایکە جەرگسووتاوەکەی (سۆفیا) لەلایەن چیرۆکنووسەوە.. هەر بە مەبەستی نیشاندانی حاڵەتی دایکە جەرگسووتاوەکانی کورد و دەقەرەکەیە کە ڕۆڵەکانیان بەرەو شاخ و نێو شۆڕش ماڵئاواییان لێکردووون و ڕۆیشتوون... یاخود بەدەست جەندرمەکانی ڕژێمەکانەوە بەرەو دادگە و زیندانەکان براون و بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە سۆز و بێدەسەڵاتییەوە ماڵئاواییان لە دایک و باوک و خوشک و براکانیان کردووە و ئیدی نەگەڕاونەتەوە و.. دایکانیشیان ناتوانن ئومێد براوبن و هەر چاوە چاویانە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدیداریان شاد بنەوە.. یان هیچ نەبێت تەرمەکانیان وەدەستکەوێتەوە.

بێگومان هێنانی دایکێکی ئەو وڵاتانە لەجێی دایکێکی ئێرە و.. ئەمجۆرە (چاوەڕوانی)یە کۆستکەوتوانەیە.. هەر لەبەر جەوری سانسۆرەکەیە.. کە چیرۆکنووسی ناچار کردووە بەم شێوازە هونەرییە دایکێکی کورد بەو هەست و نەست و ئەندێشە پڕ لە ژان و سەرگەردانییەوە وەک تارمایی یان وەهمێک ئامادەبوونی پێببەخشێت.

لە چیرۆکی (ئەم و ئەو)(٣٨)ی (ئەنوەر قادر ڕەشید)یشدا.. (ئەم) پەناهێندە کوردە (کە هەر خۆی ڕاوی و بکۆ و کەسێتی یەکەم- ئەم-ە).. لە ڕێی میدیا جیهانییەکانەوە هەواڵە جەرگبڕەکانی کوردستانی پێدەگات.. بە تایبەتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١ و.. هەست بە ئازارێکی دەروونی سەخت دەکات و.. بڕیار دەدات لەو فیستڤاڵەی لە شارێکی ئەڵمانیادا بۆ کۆمەک کردنی خەڵکی کوردستان سازدراوە، بەشداریی بکات.

هەر لێرەدا نووسەر ئەندێشەکانی دایکێکی ئەڵمانیایی دەخاتەڕوو کە کوڕەکەی دوای ئەوەی لە ژیانیدا دژی گەندەڵییەکانی سەرمایەداری خەباتی کردووە.. هەر لە شەڕی سەرمایەدارانیشدا ڕەوانەی مەیدانی جەنگ کراوە و بەکوشت دراوە.

لە ڕاستیدا ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو کارەساتە بە ڕووکەش زۆر قرچۆک و دوور لە یەکدی خۆ دەنوێنن.. وەلێ تۆ بڵێی بشێت ئەو پەناهێندە دڵسۆزە لەجێی دایکەکە و خەڵکی پەڕاگەندەی شاخ و کێوی پڕ لە مین و برسێتی و تۆپ بارانی دوژمنیش لە دوایانەوە کە مەرگەساتێکی ڕاستینەبوو.. ئەمانەیش هەمووی لەجێی کوڕە کوژراوەکەی دابنرێت!؟

بەڵام (کاروان عومەر کاکەسوور) لە چیرۆکی (ماسی)(٣٩)دا.. بابەتێکی هەست ورووژێن لەڕێی کچە کۆچبەرێکی کوردەوە دەخاتەڕوو.. کاتێ لە

هەندەرانەوە نامەیەک بۆ دایکی لە کوردستان دەنێرێت.. ئەم ئەدرەسە دەنووسێت:
[کوردستان- هەولێر- قەڵا- خانووی ژمارە ٨ بگات بەدەستی دایکی خۆشەویستم نەجیبە حەسەن] (٤٠)
وەک کەسێتییە منداڵەکەی چیرۆکەکەی چێخەف کە خەم و ئازارەکانی لە نامەیەکدا بۆ باپیری دەنووسێت و لەسەر زەرفەکە دەنووسێت (بۆ باپیرەم)... منداڵەکەی چێخەف وادەزانێ وەک چۆن خۆی باپیری دەناسێت هەموو دنیاش وا دەیناسێت.. گەرچی بەرائەتێکی زۆر لەمەدا هەیە... وەلێ نامەی کچە کوردەکەیش هەروا دەکەوێتەوە و وادەزانێ وەک هەموو وڵاتێکی دی ناونیشانێکی وا لە پۆستەی هەموو دنیادا هەیە.. بێگومان نامەکە ناگات، چونکە ئەو ڕۆژگارەی چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە ئەو ناونیشانە لە پۆستەی جیهاندا نەبوو.. لەمەشدا چیرۆکنووس بە زمانێکی ئەدەبی پرۆتیستۆیەک بەرەو ڕووی مرۆڤایەتی لەمەڕ مەزڵوومێتی دەکاتەوە و.. ئەم چیرۆکە تەنیا بۆ ئەو ڕۆژگارە بڕی دەکرد و دەژیا.. وەلێ نەک نە هەر ئەدرەسمان هەیە.. بەڵکو دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیشمان هەیە!
بیر و سیمای نیشتمانی دایک لە غەریبیدا فەزای زۆربەی چیرۆکەکانی داپۆشیوە.. چیرۆکنووسانی هەندەران لە زیکر و فیکری شار و گوندەکانی خۆیان بە هەموو پۆخڵەوات و پاشڤەڕۆییەکەوە غافڵ نابن و تەنانەت گوندەکەیان بەلاوە- وەکو ڕەمز- هەموو کوردستانە.. سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم لە ئەڵمانیا دوو (ڕۆمان)ی بۆخانەقین نووسیوە... یەکەمیان بەناوی ڕووبارەکەوە (ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر) (٤١) و دووەمیان بەنێوی چیاکەوە (گومانە یاخییەکانی کەلات) (٤٢) کە هەردووکیان بیرەوەری و سەرهات و ڕووداوی جۆراوجۆری سەیر و سەمەرەی ڕۆژگارێکن کە نووسەر بە هەموو هەست و نەستێکییەوە تێیاندا ژیاوە و بوونەتە بەشێک لە وجودی و خولیا و سۆزێکی نۆستالیژیانەی تێدا چاندووە.. چیرۆکنووس وێڕای هەندێ بەراوردکاریی لەنێوان ئەو دوو شارستانیەتەدا.. کە لەڕاستیدا هەریەکەیان بەجۆرێک بۆی بوونەتە مایەی عەزاب و ناخۆشی و لە هیچیاندا مرۆڤ ئاسوودە نییە.. لەولای مۆدێرنیتە مرۆڤ بۆتە ڕۆبۆت.. (ڕۆژباش و بەخێر بچنەکەیان ئەڵێی تۆمار کراوە) (٤٣) و.. مێژووی مۆدێرنیزمەکەشیان خەڵتانی خوێنی بنبڕکردن و قەلاچۆکردنی نەتەوە و ڕەگەزە سەرەتاییەکانی سەر بە جیهانی سێیەمە: (خوێنی مرۆڤی ڕەش و سپی لەنێوان پەنجەکانیاندا چکە دەکات) (٤٤) لەملایشەوە دەسەڵاتدارانی کورد بەلایەوە: (درۆزنن، خوێنڕێژن، جاشن، نۆکەرن..تاد) (٤٥) و وڵاتیش لە سایەی (شەوە- بەعسی)یکاندا: (وەتەن ئاودەستخانەبوو) (٤٦)... مێژووەکەیشی لە زەلکاوی گەوجێتیشدا مێژووی خوێنڕشتنە: (نازانم) کام سمێڵ زلی تەرەس بەناوی منەوە ئازەریی کوشتووە.. کە ناوی (ئەرمەن) دێت هەست بەسەر شۆڕی دەکەم (...) حاشایان لێدەکەم من ئازەر و ئەرمەنە سەربڕاوەکانم) (٤٧)
وێڕای گشت ئەمانەیش چ ئەڵوەن و چ ئەڵمانیاش هەریەکەیان بەلای ئەوانەی لێیانەوە دوورن تام و بۆ و جوانی خۆی خۆی هەیە: (من خۆزگە بەوێ دەخوازم و ئەویش بۆ ئێرە هاتووە...). (٤٨)
چونکە خەڵکی شار (خانەقین)ەکەی هەموو پیاوخراپ نین: (یا زۆر باشن یان سەگ کوڕی سەگن.. ناوەڕاستیان نییە) (٤٩).
لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کەسێتی یەکەم کوردە و لەناوەوەی ڕۆمانەکانەوە دەئاخڤێ و ئاگاداری متمانەپێکراوی ڕووداو و بیرەوەرییەکانە و.. لەولا (لە هەندەران) نموونەی هیچ کەسێتییەکی بیانی باس نەکردووە.. لێ لە خانەقینی نیشتماندا چەندین کەسێتی عەرەب و ئینگلیز و فارس و ئەرمەنی و ئاسووری و کلدانی و جوولەکە و سوببی و تورکمان و چیکۆسلۆڤاکی و.. تاد، باسکردووە.

**سەرچاوەکان:**
١- فارووق ڕەفیق- ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار- سلێمانی-٢٠٠٢، ل٢٢.
٢- ڕێبوار سیوەیلی- دیاردەگەرایی تاراوگە- چ/٢ دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠٢، ل٣٧.
٣- ڕێبوار سیوەیلی- دیاردەگەرایی تاراوگە- چ/٢ دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠٢ ل١١٢.
٤- ئیسماعیل تەنیا- سەفەری ڕەش- هەولێر ٢٠٠٢، ل٣٢-٣٦.
٥- ئاسۆ جەبار- کۆچ و سەفەر- چ٢ سلێمانی ٢٠٠٠، ل١٥٢.
٦- هەفتەنامەی (صوت الشعب) ژ٤ ڕۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٢، هەولێر.
٧- هیوا- نیشتمان و نامۆیی لە بەرهەمی پێنج هونەرمەنددا (فایەق ڕەسووڵ- نەهرۆ- دادۆ- گارا- عەلی هادی) لە شاری (ڤیێن) ڕەهەند ژ١١ ساڵی ١٩٩٠.
٨- هیرمان هێسە/ ڕۆمانی (الصیف الاخیر لکلینکسر) ت: ستار سەعید زوینی- دارالمدی. ١٩٩٦.
٩- محەمەد فایەق زێوەر- چیرۆکی شەوێک لەسەر لووتکەی ئێڤەرست- گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)، ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)، ساڵی سێیەم ١٩٤٥، ل/١٢و٢٤.
١٠- محەمەد ئەمین مەنگووڕی- گەشتی ئەستێرەی مەریخ- چاپخانەی نوعمان- بەغدا- ١٩٧١.
١١- ئیبراهیم ئەحمەد- کوێرەوەری- بەغدا ١٩٥٩، ل١٠٣.
١٢- س پ/ ل٨٠.
١٣- مارف خەزنەدار- بووکەشووشە- ل٥٧
١٤- مارف خەزنەدار- گۆڤاری (بەیان) ژ(١٠) س-١٩٧٣، ل١ و٢.
١٥- هـ س پ- هەمان لاپەڕە.
١٦- سەعید ناکام- ئاگری بن کا- هەولێر ١٩٩٩.
١٧- محەڕەم محەمەد ئەمین- گۆمی شڵەقاو- بەغدا- ١٩٥٧.
١٨- س پ/ ل٧٩.
١٩- ئەنوەر محەمەد/ چیرۆکی (سەگدۆست)- گۆڤاری دایەلۆگ ژ٤ سلێمانی.
٢٠- س پ/ ل٧٩.
٢١- هـ س پ/ ل٨٠.
٢٢- ئەنوەر محەمەد ئەحمەد- کۆچیرۆک- ئەڵمانیا ٢٠٠١، ل٩١-٩٧.
٢٣- هـ س پ/ ل٩٣
٢٤- هـ س پ/ ل٩٤
٢٥- هـ س پ/ ل٩٥
٢٦- هـ س پ/ ل٣٢
٢٧- هـ س پ/ ل١٦١- ١٦٩.
٢٨- هـ س پ/ ل١٦٦.
٢٩- هـ س پ/ ل١٦٥.
٣٠- هـ س پ/ ل١٦٦.
٣١- ئەنوەر محەمەد ئەحمەد- چیرۆکی (تراوما) هەفتەنامەی (پەیام) ژ/ ٣٠ ئازاری ٢٠٠١ لەندەن.
٣٢- بەکر حەسەن- چیرۆکی (دادگەی گوڵ)- گۆڤاری (کوردستانی ئەمڕۆ) ژ/٣، بەرلین ٢٠٠٠، ل٣٠.
٣٣- هـ س پ/ ل٣٠.
٣٤- هـ س پ/ ل٣١.
٣٥- هـ س پ/ ل٣٢.
٣٦- بەکر حەسەن- چیرۆکی (تای غوربەت) گۆڤاری (پەیامی ئازادی ژ/٢ بەرلین ل/٢٩.
٣٧- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل- چیرۆکی (چاوەڕوانی) گۆڤاری (بەیان) ژ/٥٥ ساڵی ١٩٧٩ ل/٦٦-٦٧.
٣٨- ئەم چیرۆکەم بەتایپکراوی لە چەند لاپەڕەیەکدا بە دەست گەیشتووە نازانم لە بڵاوکراوەی هەندەراندا بڵاوکراوەتەوە یان نا.
٣٩- کاروان عومەر کاکە سوور- ئەسپیدیلۆن/ سوید ١٩٩٨.
٤٠- هـ س پ/ ل٦.
٤١- سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم- ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر- ستۆکهۆڵم-١٩٩٨.
٤٢- سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم- گومانە یاخییەکانی کەڵات- ستۆکهۆڵ-٢٠٠٠.
٤٣- هـ س پ/ ل٣٩.
٤٤- هـ س پ/ ل٩.
٤٥- هـ س پ/ ل٥٤-٥٥.
٤٦- هـ س پ/ ل٢٢.
٤٧- هـ س پ/ ل٤١.
٤٨- هـ س پ/ ل٦٥.
٤٩- ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر- سەرچاوەی ژ(٣٩)، ل٦٩.

# دیاردەگەرایی فرەمانایی لە نێوانی ڕەخنە و دەقدا

نەجات حەمید ئەحمەد

فرەمانایی وەک دیاردەیەکی ئەدەبی و پرسیارێکی ڕەخنەیی ڕەگی خۆی لە نێو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بە زۆربەی تەوژمەکانییەوە هەیە، هەروەها لە نێو پەرەسەندنە زمانەوانی و بابەتییەکانی دەقدا، چونکە فرەمانایی تێکدانی، یان لەناوبردنی ئەو ناوەندێتییەی بیرکردنەوەیە کە لە هۆکارەکانی نووسینەوە بۆ نووسینەوەی یەکەم و دووەمی دەق شۆڕ دەبێتەوە و داکۆکی لە بوونی ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی نووسەر دەکات و جیهانێکی پڕ لە مانامان بۆ دەخاتە ڕوو کە هێزی ئاخاوتنیان لەبیری سەرەکیی نووسینەوەدا وەردەگرن.

فرەمانایی‌کردنەوە و فراوان کردنەوەی مانایە لەسەر حسێبی ئەو کرۆکە بابەتییەی دەقی لێ دروست دەبێ. ئەمەش پێویستی بە ڕوون کردنەوەی پرسیاری دەق هەیە و پەیوەست بەو بیرە سەرەکییەی نووسەر دەهەژێنێ و سەرجەمی بابەت و دەلالەتەکانی دەقی لەسەر بنیات دەنێ، کە ناوەرۆکی ئەو پرسیارەش ئەوەیە ئاخۆ نووسەر لە نووسینەوەی دەقدا کار لە سەر یەک بابەت و ناوەرۆکی گەوهەری دەکات، یان کار لەسەر چەندین بابەت و ناوەرۆکی گەوهەری دەکات؟ ئاخۆ ئەو لە یەک مانایی و تاک ڕەهەندی ماناوە دەنووسێت، یان لە چەندین ڕەهەندی ماناوە دەنووسێت؟ فرەمانایی لە چۆنیەتی دروست بوونیدا کایەیەکی یەک ئاراستەیی و فرە ئاراستەیی لە مانا و بنیاتنانی مانادا هەیە، واتە هەموو دەقێک لە گەوهەردا هەڵگری مانایەکی

بنەڕەتییە، ئەو مانایە سۆز و هەست و دەرک پێکردن و کاریگەربوونی بیرکردنەوەی نووسەر لە خۆیدا هەڵدەگرێ و بەشێکی گەورە لە خەمی نووسینەوەی خولیاو داگیرکردنی بیرکردنەوە دەگرێتە خۆی.

نووسەر لەگەڵ ئەم هۆکارانەی نووسیندا دەژی کە بۆ ماوەیەکی زۆر

**هەموو دەقێک لە گەوهەردا هەڵگری مانایەکی بنەڕەتییە، ئەو مانایە سۆز و هەست و دەرک پێکردن و کاریگەربوونی بیرکردنەوەی نووسەر لە خۆیدا هەڵدەگرێ**

کێشەی فرەمانایی کێشەیەکی بنیاتگەریی نووسینە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چۆنێتی نووسین و چۆنێتی دروست بوونی ماناوە، شێوە و کاریگەرییان لە دەقدا، چۆنێتی پێکهێنانی دەقەوە، پاش ئەمانیش دەور و کاریگەری هۆکارە پێشینەکانی نووسین لە پێکهێنانی مانادا، چونکە

هەموو ساتەکانی بیرکردنەوەی داگیر دەکەن و وای لێ دەکەن تەنیا و تەنیا لەگەڵ بیرە گەوهەری و بناغەییەکەی خۆیدا بژی و لە ساتی جیاجیای ژیانی ڕۆژانەیدا ئەو بیرانە چەکەرە دەکەن و پاڵی پێوە دەنێن بۆ نووسینەوەی، یان خستنەڕووی بیرەکانی، ئەمەش ڕوویەکی یەک ئاراستەییانەی کاریگەریی بیرە لەسەر نووسەر کەوا دەکات لە نووسینەوەکانی خۆیدا تەنیا لەگەڵ بیرە کارتێکەر و هەژێنەر و هەژموون کارەکەی خۆیدا، وەلام دانەوە دروست بکات و ئەو گەوهەرە سەرەتاییە بۆ مانای دیکە خۆش بکات، هەموو ئەو مانایانەی لە مانای گەوهەری و سەرەتاییەوە دروست دەبن، کۆمەڵێک بنیاتی مانای سەربەخۆن لە گەوهەری خۆیان و یەک ئاراستەن لە پەیوەستی خۆیان، واتە ئەوە پەرتبوونی عەقڵیی نووسەر نییە لە مانادا کە دەقێک دروست دەکات، ئەوە بابەتی جۆراوجۆر و پەرشوبلاوی بیرکردنەوە نییە کە دەقێک دروست دەکات، بەڵکو ئەوە ئەو مانا سەرەکییەی نووسەرە کە لە سەرەتای بیرکردنەوەوە نووسەر دەتاسێنێ و بەرەو خۆی ڕایدەکێشێ و زاڵ دەبێت بەسەر بیرکردنەوەی نووسەر و وای لێ دەکات هەر لەو مانا زاڵەوە مانای دیکە بنیات بنێت.

هەموو ئەو مانایانە دەچنەوە سەر ئەو مانا گەوهەرییە و هەر ئەو مانا گەوهەرییەیە کە بۆ بابەتۆکەی مانادار دەگۆڕێن، بەم مانایەش فرەمانایی خاوەنی سەرچاوە و بەرهەم هێنەری خۆیەتی، خاوەنی ناسنامە و بوونی بنەڕەتیی خۆیەتی، نەک بابەتی جیاواز لێک نەچووی دەقێک بن، کە لە لێکدانەوە و شیکردنەوە و پێداچوونەوەیاندا دەگەڕێنەوە سەر ئەو سەنتەریەتەی کە مانا بەرهەم دێنێ و بە بیری سەرەتایی نووسین دەناسرێتەوە.

پەیوەستێکی گەوهەریی بنیاتگەرایی لە نێوان نووسین و هۆکارە پێشینەکاندا هەیە، هۆکارە پێشنەکانی نووسین ئەو ساتەنەیە کە نووسەر لە حاڵەتی شیکردنەوە و لێکدانەوە و کاردانەوە و ڕاڤەکردنی مانا سەرەتاییەکانی نووسیندا دەژی، ئەو نازانێ ئەو بیرۆکە سەرەتایی و پێشینەییەی بەرەو کوێی دەبات لە نووسینەوەی یەکەمی مانادا، لەو کاتەی نووسەر کۆمەڵێک ئەگەری ئاراستەکانی بردنی مانای هەیە بۆ دەق، لەو کاتەی نووسەر دەست لێدراو و سیحر لێکراو و کاریگەر بووە بە مانایەکی دیاریکراوەوە کە مەرج نییە لەبیری پێش نووسینەوەیدا ئەو مانایە وەک خۆی بمێنێتەوە، زۆر جار نووسەر بیرێکی دیاریکراو هەموو مێشکی دەگرێت، لە ژێر کاریگەرییدا دەژێت، بەلام پاش ماوەیەک ئەو بیرە لەگەڵ لێکدانەوەی بەردەوامدا گۆڕانی بەسەردا دێت و دەچێتە دۆخێکی نوێ ترەوە، لەو دۆخەی کە لەسەریدا بووە، گۆڕانەکان زۆر یەکلاکەرەوە و بنەڕەتین، بۆ نموونە ڕستەی کۆتایی، یان بیری سەرەتایی نووسەر بۆ نووسینی دەقێک لە خاڵی «أ»وە سەرچاوە دەگرێ و دەیخاتە بەر لێکدانەوە، بیری «أ» بریتییە لە ڕستەی بنەڕەتی کە دەڵێ «ژیانی مرۆڤ وەک خەزان» وایە، ئەم ڕستەیە دەشێ چەندین ئاراستەی جیاواز لە مانادا بگرێتە خۆی بۆ نموونە:

أ- ژیانی مرۆڤ وەک خەزان وایە:

١- لە خەزاندا گەلا دەوەرێ، دار وشک دەبێتەوە.

لە ژیانی پیریێتیدا مرۆڤ یادەوەریی لاواز دەبێتەوە.

٢- لە خەزاندا هەست کردن بە مردنی زەوی و سەوزایی.

مرۆڤ پاش تەمەنێک تواناکانی، چێژەکانی، جوانییەکانی لە دەست دەچن.

٣- لە خەزاندا مەلەکان کۆچ دەکەن.
مرۆڤ لە لاوێتیدا بیر لە نەمان دەکاتەوە.
٤- خەزان جوانیی ڕەنگ و دەنگ و هەست پێکردنە.
مرۆڤ لە لاوێتیدا خەون بین و هەستیارە.

ئەم جۆرە پۆلێن کردنە لەسەر بناغەی پێکهێنانی مانادا دێتە خەیاڵی نووسەرەوە کە لەسەر «شوبهاندن - وێکچوون» و «بەراوردکردن» دامەزراوە، بیری بەراوردکردن و وێکچوون لە نێو شێوازێک لەبیرکردنەوەدا کار دەکات کە مانا لە نزیک کردنەوەی «دیاردە و شێوە و مانا»ی دوو بوون دامەزراوە، کە دەشێ لە باری «گونجاندن»، یان «دژ بە یەک بوون»، یان «ڕەتکردنەوە» دامەزرابێ، بەڵام ڕەگەزی زمانەوانیی بیرێکی سەرەتایی لەم جۆرە، لەسەر «گونجاندن و وێکچوونی» دوو بوونی جیاواز دامەزراوە، کێشەی بیری وا لە نێوانی:

١- مرۆڤ (وەک بوونەوەرێکی هەستدار).
٢- دیاردەی پایز، وەک (دیاردەیەکی سروشتی).

لە هەردوولادا شێوە و خەسڵەت و شێوازی هاتنە ئاخاوتن دەرگایەکی گەورەی بۆ کراوەتەوە، کە لەسەر چەند بناغەیەکی مانا دامەزراوە:

١- مردن × ژیان.
٢- جوانی × ناشیرینی.
٣- بەهێزی × بێ هێزی.
٤- بەهیوا بوون × بێ هیوایی.

ئەم جۆرە بەراوردکردن و وێکچوون و تەبایی بوون لە نێوان «مرۆڤ و خەزان» دەبێتە کێشەیەکی فیکری و فەلسەفی و دەروونی، کە نووسەر بۆی هەیە لە ئازادی بیرکردنەوەی خۆیدا بە دەیان بۆچوون و بابەت و مانای پەرش و بڵاوی یەک ئاراستە و یەک سەرچاوەیان لێ بنیات بنێتەوە، چونکە مانا هەمیشە لە کرانەوەی بەردەوامدایە سنوورێکی دیاری کراو نییە بۆ مانا، بەڵام پرسیاری گەوهەریی ئێمە لەوێدایە هەموو ئەو کێشەیە و هێزی ئاخاوتن و مانا دروست لێکردنیان، هەموو ئەگەرەکانی جیاوازبوونی ئاراستەکان، دەچنەوە سەر یەک سەرچاوە و یەک ئاراستە، دەچنەوە سەر بیری سەرەتایی نووسین کە یەکەمین بیرە دێتە بیری نووسەرەوە کە ئەویش ڕستەی «خەزان وەک مرۆڤ وایە لە ژیاندا». ئەم ڕستەیەیە کە بوون بە هەموو ماناکان دەدا و زیندوویێتی و کاریگەرییان پێ دەبەخشێ، کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی و هونەری لەسەر بناغەی کێشەیەکی دیاریکراودا دروست دەبێ، هەموو دەقێک فرەمانایی بوونی بە مانای سەربەخۆیی بوون و سەنتەریەتی مانا پەرش و بڵاوەکان نایەنە ماناوە، بەڵکو ئەو فرەمانایییە لەبیری نووسەردا، خاوەنی ناسنامەی بنەڕەتی خۆیانن خاوەنی هێزی بناغەیی خۆیانن، کە بۆی هەیە بەردەوام مانای نوێ بخوڵقێنێ و لە سنووری ماناکەیدا نەمێنێتەوە.

هەموو ئەو مانایانەی کە دەشێ پێناسی فرەمانایییان پێ ببەخشین، تەنیا بیرۆکەی بەرهەم هێنراوی بیری سەرەتایین. پەیوەست بە ڕەخنەوە، دەوری خوێندنەوە لە دەقێکی لەم بابەتەدا گەڕانێکی سەرەوە بۆ خوارەوە، یان خوارەوە بۆ سەرەوەی مانا دەبێت کە ئەویش بە زاراوەکانی بنیاتی رووکەش و بنیاتی شاراوە پێناسمان کردووە، لێرەدا بنیاتی شاراوە بیری سەرەتایی نووسەر دەگرێتەوە، ئەو فرەمانایییەی رووکەشی بنیاتەکان لە بنیاتی رووکەشی مانا دەگرێتەوە، بەڵام بنیاتی شاراوە تەنیا لە ڕستەی بنەڕەتین لەم جۆرە ناوەستێ، بەڵکو دەچێتە ئەو دیوی ڕستەی لەم جۆرەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکار لە گوتنی ڕستەی لەم بابەتە. مرۆڤێک کە بەم شێوەیە گوتارێکی «فیکری - فەلسەفی - دەروونی» دروست دەکات، بێگومان هۆکارێکی بنەڕەتی باری دەروونی کاریگەری کردۆتە سەر، بێگومان «هەستێکی ژیاوەی زاڵ» لە مێشکیدا کار دەکاتە سەری، بێگومان ئەو لە ژێر سیحر و جادووی کارتێکردن و کاردانەوەیەکدا دەژی و هەر ئەم ژیانەش، دەبێ لە نێو خودی زمانی دەقدا بەدووی بگەڕێین. کاتێک لەبیرکردنەوەی وادا بە دووی بنیاتی شاراوەی نووسیندا بگەڕێین وەک ڕەخنەیەکی، یان خوێندنەوەیەکی بنیاتنەر، دەبێ بە دووی ئەو هۆکارانەشدا بگەڕێین کە وایان لە نووسەر کردووە بەم شێوەیە بیر بکاتەوە و کاردانەوەی بەرامبەر بە ژیان بەم جۆرە بێ، ئەو مرۆڤە لەو نووسینەدا، یان لەو بیرە سەرەتایییەدا

**هەریەک لەو مانایانەی کە لە بیری سەرەتاییەوە لە دایک بووە بۆیان هەیە ببنە بابەتی ڕەخنەیی سەربەخۆ**

لە حاڵەتی هەست کردن بە پیرێتیدا دەژی، لە خۆی و لە سروشت ورد دەبێتەوە، شکست هێنان لە تەمەن، بیرکردنەوە لە مردن هەموو ئەمانە هۆکاری چۆنێتی بیرکردنەوە لەلای نووسەر و پاڵیان پێوە ناوە کە بەم شێوەیە بیربکاتەوە فرەمانایی لەدەقدا بزرکردن و پەراوێزکردنی بیری بناغەیی نییە، هەر یەک لەو مانایانەی کە لەبیری سەرەتاییەوە لە دایک بوونە بۆیان هەیە ببنە بابەتی ڕەخنەیی سەربەخۆ، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ بیری بناغەیی کە نووسەر لێیەوە مانای نوێ و پەیوەستدار دەخولقێنێ، هەرگیز مانای بنەڕەتی ئاشکرا ناکرێ. لە ڕەخنەی نوێدا، هەروەها لە ڕەخنەی کلاسیکیدا فرەمانایی لە دوو ئاستدا چارەسەرکراوە، ئەو ڕەخنانەی کە ئایدۆلۆژی بوون، هەڵگری بارێکی، یان بۆچوونێکی تیۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون. ئەوانە لە ڕەخنە و لە نووسینی دەقدا کاریان لەسەر فرەمانایی دەکرد بۆ شاردنەوەی لایەنگیری کردنی بیر و یەک ئاراستەیی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئەدەب و ڕەخنە بۆ مەبەستێکی، یان ئامانجێکی تیۆری، لەگەڵ داهاتنی فۆرمالیستەکانی ڕووس و تەوژمی زمانەوانی و بنیاتگەراییانەدا کە هاوشانی لێکۆڵینەوە لە زمان پەرەیان سەند، ئەو فرەماناییە چوونە ئاستێکی جیاواز، ئەو تەوژمانە توانییان بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی زمانەوانییەوە ئەدەب و هونەر لە زاڵ بوونی کاریگەریی ئایدۆلۆژی ڕزگار بکەن، پەردەیان بەسەر قۆناغێک لەبیرکردنەوەی ڕەخنەیی دادایەوە، بەڵکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماژەکانی زمانەوە بە دووی پێکهاتەکانی مانادا گەڕان و تا سنوورێک چوون کە خودی ماناش بایەخێکی ئەوتۆی لە دەقدا نەما هەموو شیکردنەوەکان بە ئاراستەی بە میکانیزم کردنی زماندا ڕۆیشتن لە چۆنێتی دروست بوونی مانادا، نەک لە مانادا و پاشان گۆڕانکاری نوێ لەو دیدەش هاتە کایەوە، کە گرنگترینیان گەڕاندنەوەی بایەخ پێدان بە مانا بوو لە دەقدا. ناکرێ هەموو ماناکان بچنە ژێر باڵی ناونانی ئاماژە و ئاماژەپێکراوەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا زاڵ کردنی میکانیزمی زمان بوو بەسەر مانادا، هەروەک چۆن بزرکردنی دەوری بنیات بوو لە دەق و ڕەخنەدا، ئاماژە سیفەتێکی یەک سەرەیی پەیوەستدار دروست ناکات، دەشێ لە دەقێکدا چەندین ئاماژەی لێک دابڕاو هەبێ کە کۆکردنەوەیان لە هێڵێکی دیاریکراوی مانادا ئاستەم بێت.

**کێشەی فرەمانایی کێشەیەکی بنیاتگەریی نووسینە**

کێشەی مانا کێشەیەکی بنیاتگەرایییە، بەڵام تەنیا لە زماندا نییە، بەڵکو پێش زمان لە نێو بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییدایە، کە نووسەر هەموو فرەماناییەکی لێوە دەخولقێنێ و مانای نوێیان لێوە دروست دەکات، گەڕانی خوێندنەوە لە دەقدا گەڕانە بە دوای بنیاتی سەرەتایی بیرکردنەوە، گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی هۆکارەکانی نووسین کە نووسەریان خستە سەر بارێک لەبیرکردنەوە و کاردانەوە، ئەو پەیوەستەش لە نێوان ڕەخنە و دەق پەیوەستێکی بنیاتنەرانەیە، دەق هێزی دروست بوونی بنیاتەکانی خۆی دەخاتە بەردەم ڕەخنەوە، ڕەخنەش دنیای بنیاتەکان دەخاتە نێو خوێندنەوەکانی خۆیەوە، بەمەش دەق و ڕەخنە وەک دوو پەیوەستداری بێ مەرج و بێ دەسەڵات بەسەر یەکەوە، هەر یەکە و لە بنیاتنانی جیهانی خۆیدا دەبێ، بە شێوەیەک ڕەخنە بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی نووسین وەک هاوسۆز و نهێنی گیر و کارتێکراو لە هەوڵی نووسینی خوێندنەوەیەکدایە کە هەموو هێز و سۆز و شیکردنەوەکانی خۆی پێ دەبەخشێ و بە دوای سیمای فرە بابەتیدا دەگەڕێ، وەک ڕەگەزە ڕووکەشەکانی دەق و هەموویان دەخاتە پەیوەستە ڕاستەقینەکانی بنیاتەوە، دەورەکانیان شیدەکاتەوە و لە هەموو لادانێکی نابنیاتنەرانە دووریان دەخاتەوە. مانا ڕووکەشەکان، یان فرەماناییەکان بۆیان هەیە کاریگەرییان لە دەقێکدا جیاواز بن و بایەخیشیان بۆ خوێندنەوە جیاواز و لێکچوو نەبێ، بەڵام هەموو لە خزمەتی بنیاتنانی بنیاتی شاراوەدا دەبن. فرە دەلالەتی وەک دیاردەیەکی ئەدەبی نوشوستیی ڕەخنە دەنوێنێ لە دروست کردنی هەر ئاخاوتنێک کە بۆی هەبێت بمانباتەوە سەر ئەو هۆ و ئامانجە جیاوازانەی دەقێکیان لێ دروست دەبێ، ئازادکردنێکی بێ بەرهەمانەی ڕەخنەیە لە نێو گرنگی و گرنگی نەدان بەو

مانایانەی دەقێک پێکدەهێنن و قەتاوقەتیش شوێنی هۆکارە پێشینەکانی نووسین و بیری سەرەتایی نووسەر ناگرنەوە کە دەچنەوە سەر بنیاتی شاراوەی دەق. هەروەک چۆن فرەمانایی بێ سەرچاوەیی هۆکارێکی دیکەی شکستییەکانی ڕەخنەیە بەوەی ڕەخنە دەبوێرێ لە تێگەیشتنێکی بەرهەم هێنەری دەقە ئەدەبییەکان، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەقە ئەدەبییەکان هەیە.

دەقی فرەمانایی لە هەموو نووسینێکدا بوونی هەیە، تەنانەت لە ساکارترین دەقەکانیشدا، بەڵام دەقی ئەدەبی هەمیشە دەور و شوێنی ئەو بنیاتانەی مانا دیاری دەکا و سنوور بۆ گرنگیان دادەنێ. ئەم دیاردەیە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە لە شیعر و هەندێک جار لە ڕۆمان و چیرۆکیشدا هەبووە و نووسینە ڕەخنەییەکان بەو شێوەیە وەریان گرتووە کە شایەتییەک بێ بۆ زیندوویێتی دەق و تازە کردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی، لەو کاتەی خوێندنەوە و کارکردن لەسەر فرەمانایی دەرچوونە لە ڕاستی و یەک بنیاتی دەقەکان و دەرچوونە لە پێکهاتێکی بنیاتگەراییانەی مانا لە زماندا، هەر بۆیە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە خۆیان بە مانا و جۆرە بابەتێکەوە خەریک دەکرد کە بناغەیی نەبوون و کاریگەریان نەبوو لە پەردەلادان لەسەر مانا گەوهەرییەکانی دەق، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە دەیان نموونەی لەم لێکۆڵینەوانەی تێدایە کە بە ناوی ئازاد کردنی ڕەخنەوە لە هەر یەک سەرەیی بوونێکی بۆچوونەکانی دەقیان لە ڕەخنە دوور خستۆتەوە، بەمەش ڕەخنەیان بەرەو جۆرێک لە لێکدانەوەی فیکری نازمانەوانی و ئایدۆلۆژی و هەندێک جار بە چەمک و زاراوەی فەلسەفیی وەرگیراوەوە بردووە، ڕەخنە پەیوەست بە فرەمانایییەوە، سەربەخۆییەکی گەورە و ئازادی و کرانەوەیەکی فراوانی لەبەردەم نووسین کردۆتەوە، بەڵام ئەو کرانەوە و فراوان بوونەوەیە لەسەر حسێبی دەق نییە و هەر کاتێک ڕەخنە چووە ژێر باڵی مانا پەرش و بڵاوەکانی دەقەوە، بەبێ ئەوەی زنجیر بەندییەکی بنیاتنەرانە و یەک ئاراستەییانەی شی کردنەوە بگرێتە خۆی، ئەو ڕەخنە بەرەو لاوازی و ڕووکەشی و سادەیی دەچێت، زۆربی تەفسیرکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ دەقێک لادانە لە بیرە بناغەییەکەی نووسەر کە هەموو گوتنەکان هێز و کاریگەرییان لەوەوە وەردەگرن و هەر لەوێشەوە بنیاتی مانای خۆیان دروست دەکەن.

بە لایەنی دەقی ئەدەبییەوە نەزۆکی و نازیندوویێتی بیر و زمان، نەبوونی جیهانبینییەک بۆ خوێندنەوەی دیاردەمرۆیی و سروشتی و گەردوونییەکان، بزربوونی تێڕوانینی ڕوون و دەوڵەمەند، ئەو هۆکارانەن کە وایان لە نووسەر کردووە جۆرێک لە گوتنی بێ سەرچاوە و دەرنەچوو لە جیهانێکی دەوڵەمەندی بیرکردنەوە، ئاراستەی نووسین بکات، ئەمەش نەژیانە لەگەڵ مانادا، نەژیانە لەگەڵ ئەو کاریگەری و تێگەیشتن و جۆش سەندنانەدا کە نووسەری داهێنەر هەیەتی لەگەڵ بیرێکی نووسینەوەدا، چونکە ئەو دێت و شێوازێک لە نووسین دەگرێتەبەر کە بە دەیان ئاماژەی لێکتر جودا و دابڕاو دەگرێتە بەر، کە بە دەیان مانای بێ سەروبەر و بێ سەرچاوە دەگرێتەوە خۆی. بوون و مرۆڤ و هەموو شتەکان لە پەیوەستدان هەر یەک لەو ڕەگەزانە بەشێکی مەرجدار و گرنگن بۆ تێگەیشتنمان لە توانای هاتنەگۆ و لە توانای دەربڕین لێکردن لە حاڵەتی پەیوەست بووندا، تێگەیشتنی نووسەر لە هەموو پەیوەستە مرۆیی و بوونییەکان و دۆزینەوەی خاڵە گەشاوەکانی ئەو پەیوەستانە و کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە، بایەخێکی گەورەی لە نووسینی ئەدەبیدا هەیە، ئەمە بێگومان نە فەلسەفە و نە فیکر و نە دەروونناسی نییە، بەڵکو هونەری تێگەیشتنە لە هەموو ئەو مانایانەی کە بایەخ و گرنگییان هەیە لەسەر بیرکردنەوە و هیچ دەقێکی ئەدەبیش تەنانەت لەو نووسینانەی، یان ئەو دەقانەی کە دەیانەوێ خۆیان لە سەنتەریەتی ماناش ڕزگار بکەن و تابلۆیەکی زمانەوانیی بنیاتگەراییانەش دروست بکەن، ئەو دەقانەش هەمیشە لە ژێر کاریگەریی هۆکارەکانی نووسیندان و هەموو هۆکارەکانی ئەو دەقانە و هاتنە گۆیان لە خۆیاندا هەڵدەگرن، فرەمانایی لە پشتەوەی دیاردەی گەڕەلاوژەی بە تەوژمی شیعر نووسینەوەیە، لە پشتەوەی دژ بە یەکی و ئاڵۆزی و ناحاڵی بوونەکانی زۆر لە دەقە ڕەخنەییەکانەوەیە.

# ڕۆمان بە واتای ژانری ئەدەبی و دامەزراوی کۆمەڵایەتی

**میشێل زرافا**
**لە فارسییەوە: عەتا جەمالی**
**(بۆکان)**

**(٢ - ٢)**

هێنری جیمز دەستی کرد بە پاساودانەوەی ئەو بنەما جوانیناسانەیە کە ڕۆمان دەبێ بە پێی پێویستی نووسەرەکەی بەهرەی لێ وەرگرێ هەتا بتوانێ مانا لە ڕاستی قووڵ و سەییالدا بدۆزێتەوە و لە ئاکامدا ئەم جۆرە واتایانە بەشێوەیەکی تایبەت دەرببڕێ. فلۆبێر بەرلەوە، کەمتر بیری لە چۆنیەتی یەکەیی کردبۆوە کە نووسەر دەبێ بیدات بەکەسایەتی هەتا لەودا بەشێوەیەکی ڕەسەن دەرکەوێت. پێداویستی «دەروونی» بە پێگەی تایبەتی کەسایەتی لە بەستێنی «ڕاستەقینە»ی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە. بەستێنێک بە هەندێک ڕێساوە کە تاکی هەستەوەر ناتوانێ جگە لە گاڵتە پێکردن کارێکی تێدا بکات و ئەو بەستێنەش بە نۆرەی خۆی تووڕی دەداتە دەرەوە، بەڵام بۆڤاری هەم قەبووڵی ناکات و خەمیش قەبووڵ ناکرێت.

بانگەشەی دۆخی تەواو جوانیناسی بۆ ڕۆمان بەلاڕێبردنی ئەوە لە پێوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە کە بەهۆی ئەوەوە، باڵزاک توانی نموونەیەکی ئەدەبی پێشکەش بکات. هەروەها بەواتای گەڕانەوە لە بنەماکانی قوتابخانەی «سروشتخوازی»یە کە ئەگەرچی لە فەڕەنسا بەخێراییەکی زۆرەوە داڕما، بەڵام ڕێک هەتا بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، کاریگەرییەکی دیاریگەرانەی بەسەر ڕۆمانی ئەوروپی و ئەمریکاییەوە هەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ کە جێمز بانگەوازی ئەوەی هەڵدا کە ڕۆمان زیاتر بیچمێکی هونەرییە، تەنیا لە بەرانبەر سروشتخوازی و واقیعخوازی باڵزاکدا بەرهەڵست دەبۆوە جێمز موریدی ڕاستەقینەی

**ڕۆمان
لە گێڕانەوەی
کۆمەڵایەتی بەرەو
ڕاڤەی کۆمەڵایەتییەوە
ڕۆیشتووە**

فلۆبێر بوو، بەڵام باڵزاک و زۆلا-شی خۆش دەویست. هەڵوێستی سەرەکی جێمز، بەگشتی لە بەرامبەر هەوڵی بەربڵاوی فلۆبێر بۆ دەرک یان لێکدانەوەی ڕاستی بوو. ئەو دژی ئەو ڕۆماننووسانە بوو کە دەیانەوێ سیستەمێک (کە پێیان وایە کلاسیکە، بەڵام لە ڕاستیدا تەواو دڵخوازانەیە) بەسەر واقیعی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا بسەپێنن. لەحاڵێکدا کە ئەرکی ڕاستەقینەی ئەوان دەرخستنی جیاوازییەکان و لێک هاڵاوییەکانی لەدەزگای ڕێسا کۆمەڵایەتیەکاندایە. ئەم ڕاستییە کە لە بەرهەمەکانی جێمزدا نیشان دەدرێت و لەحاڵێکدا کە بەوردبینییەوە باسی لەسەر دەکرێت نیشاندەری ئەوەیە کە بڕوای ئەو سەبارەت بەهونەری بوونی ڕۆمان، دۆخی کۆمەڵناسییەکەی پتەوتر دەکات. لەڕاستیدا جێمز تەنیا بە نیشاندانی سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەوڵی ڕاڤەکردنی کەسایەتیگەلێکی یەکگرتوویەتی کە پاژە سەرەکیەکانی ئەم سیستەمانەن، بەڵام «خودی ڕاستەقینەی»ئەوان هەوڵی ڕاکردن لەم سیستەمانەی هەیە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ئەو لایەنخوازانەی کە ئامادەکاری بەستێنی هەوڵەکانی تاکە، تارادەیەک چارەنووسی کۆمەڵایەتی ئەو دابین دەکات. لە باڵزاکەوە تا جێمز، ڕۆمان لە گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕاڤەی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆیشتووە، جۆری کەسایەتییەک کە جێمز هەڵیدەبژێرێ (وەکو باڵزاک کە ڤۆترین(٣٥) هەڵدەبژێرێ) کۆمەڵگا بەشێکی عەینی دەنوێنێت کە خۆی پێوە هەیە و هەندێک گوشاری «کەس هەڵنەگر»ی بەسەردا دەسەپێنێت. کەسایەتی جێمز «بەرسڤی» کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بەرسڤی «کێشە کۆمەڵایەتییەکانە» هەر ئەم ڕەنگدانەوەیە کە «ئامرازە تەکنیکەکانی» نووسەر بۆ وێناکردنی کەڵکی لێ وەردەگیرێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەواتای دیاردەگەلی عەینی و کەسایەتی بەواتای وجوود (خود) دێتە بەرچاو. ئەگەر بۆ چییەتی تەواو کۆمەڵناسانەی پرۆسەی ڕاڤە و چوارچێوە داڕێژی لە فلۆبێرەوە تا جۆیس، سەرقاڵی هەر نووسەرێکی ڕەسەنە، پێویستمان بە بەڵگە و شاهید بێت، لە نووسراوەیەکدا کە هی یەکێک لە ڕەخنەگرانی جێمزە و دەرکەوتی بە تەواو خراپ تێگەیشتنە، دەیدۆزینەوە: «ئێمە دەبێ ڕۆمانەکانی «جێمز» بە هونەر بێنینە ئەژمار، نەوەک ئەدەبیات، چونکە ئەم ڕۆمانانە پێوەندییەکیان بە گێڕانەوەی کۆمەڵایەتییەوە نییە. ئەم جۆرە لێک چواندنەی ئەدەبیات بە گێڕانەوەی کۆمەڵناسانەوە، هونەر بە گێڕانەوەی غەیرە کۆمەڵناسانە، دەتوانرێت پاسا و بدرێتەوە، چونکە ئەم دوو باڵیە درۆیینە لەنێوان «هونەر» لە بەرامبەر «واقیعخوازی»دا هەیە.

ئەم بابەتە نیشاندەری سەختی ئەو شتەیە کە لە کردەوەدا بۆتە نموونەی کۆمەڵایەتی- ئەدەبی و ئەو گریمانەیە ڕەچاو دەکرێ کە ڕۆمانی سەدەی نۆزدەیەم بوویێتە هۆی گەشەکردنی. لە ڕاستیدا ڕۆمانی سەدەی نۆزدەیەم کۆمەڵگایەکی وێناکرد کە شایانی ئەم نێوە بوو، چونکە هەندێک باس و ساز و کارگەلێکی پێناسە هەڵگریان پێشکەش کرد- ئەگەرچی تەنیا شارەزایی باڵزاک بوو کە بەشێوەیەکی تەواو ناسنامەدار ڕاڤەی کردن. تەنیا کاتێ کە کۆمەڵگا دەستی بە وێڵ کردنی چییەتی «باڵزاکی» گشتی خۆی- واتا کاتێ کە ڕۆماننووس لە بانگەوازی خۆیدا بۆ دەرکی کۆمەڵگا بە وێنەی وێنە یان ئەندامێک بە لادەریگەری بێ ئەژمارەوە بووە پێشەنگ، لادان گەلێک کە بۆ هەڵبژاردنی لێک جیاواز و دەرس دادەر بوون، ئێمەش ئیتر لەبەرهەمەکانی نووسەرە ڕەسەنەکان چاوەڕوانی واقیعخوازیمان نەبوو و سەرکەوتنی ئەومان بەشتێکی «خۆنەخواز» دێنا ئەژمار.

نموونە دەسەڵاتدارەکانی چیرۆکی سەدەی نۆزدەیەم زیاتر ئەم کۆمەڵناسییە پووچەڵەیان ئەفراند. دابەشکردنی سیانەی کۆمەڵگا، مێژوو، تاک و هاوپێوەندی ئەوان سیستەمێکی پێکهێنا کە بۆ هەموو ڕاستییە ئینسانیەکان بەنرخ بوو. ئەم بیرۆکەیە بەسەر شێوەی ڕوانینی لێکدانەوەی ڕۆمانیشدا زاڵ بوو و زیاتر بە دەوری تەوەری کەسایەتییەوە دەخولایەوە کە بەڵگەی زیندوویی جەبرگەرایی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەهاتە ئەژمار. ئالێن(٣١) لەساڵی ١٩٢٥ کەسایەتی چیرۆکی لە ڕوانگەی واقیعخوازی و هزری قووڵەوە پێناسە دەکرد. قارەمانی چیرۆک بە ئاگاداری لەوە کە تەنیا پەیوەندی بەم جیهانەوە هەیە و ئەوە کە ئەم جیهانە، جیهانێکە لەودا حەزەکانی ئەو دەتوانن هەر جۆرە هەڵوێستێک

بورووژێنن، دۆخی خۆی بەیارمەتی توانستە تاکییەکانی ڕاڤە دەکات و بە سەفەر بۆ گۆشەو کەناری جیهان، بەو زنجیرە بەسەرهاتانەی کە ئەزموونی دەکات، هەندێک سەرمەشق بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. قارەمانی چیرۆکی هیچ کات خوداکان تاوانبار ناکات. ئەو خۆی بەرپرسیاری چارەنووسی خۆی دەزانێت، چونکە بڕوایەکی بە قەزاو قەدەر نییە.

ی.م فۆرستێر(٣٢)یش لەبەرهەمە گەورەکەی خۆیدا، «لایەنەکانی ڕۆمان» کە هەر لەو کاتانەدا نووسراوە جەخت لەسەر ڕۆڵی گێڕانەوەیی ڕۆمان دەکات: «ڕۆمانەکان دەتوانن ئارامان بکەنەوە، ئەوان بەرەیەکی شیاوی تێگەیشتن و ئارامترمان پێ دەناسێنن....» ڕۆمان هەوڵی پاک کردنەوە و ڕەنگە ئۆرگانیک کردنی دۆخێکی ئینسانی، تاکی و کۆمەڵایەتیدا کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەتەواوی نابەجێ بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەر لەو دەورانەی کە ئالێن و فۆرستێر جەختیان لەسەر هاوپێوەندی بیچمە لۆژیکییەکان، نەزم و گێڕانەوە لە ڕۆماندا دەکرد، بەرەیەکی نوێ لەنووسەران (پرۆست، جۆیس، ڤیرجینیا وۆڵف، ئالفرێد دوبلین) ڕەت کەرەوەی ئەم ڕۆڵەی ورەسازە دووپاتەیە لە چیرۆکدا، بەتایبەت بۆ کەسایەتییەکانی بوون: «چونکە کەسایەتییەکان ناتوانن ڕاستەقینە بن مەگەر ئەوە کە بەشێوەی دۆڕاوە، نادڵنیا، دڵاودڵ و سەرسوڕماو لەدنیایەک کە تەواو ڕەنگاو ڕەنگە، پێناسە کرابێتن». ڕۆمان و کەسایەتییەکانی جیا لە ئەرکی «ماناداركردنی ژیان» ئەو دەستەیە لەو هاوپەیوەندییانەی نێوان تاکەکان دەدوێت کە بەڕواڵەت لەگەڵ دەرباز بوون لە کۆت و بەندی ڕێسا و ڕەسمە سوننەتییەکان و گوشارەکان، دەست دەکەن بە سەرپێچی و یاخیگەری. واتا دەربازبوون لە پەیوەندییە ڕەسمییە کۆمەڵایەتییەکان. بەدبەختانە تاکە ئینسانییەکان ڕابردوویەکیان هەیە: ڕابردوویەکی غەیرە ئینسانی، بەڵام خۆشبەختانە مرۆڤ داهاتوویەکیشی هەیە: واتا توانستی ڕاستەقینە بۆ گەشەو پێشکەوتن.

زات و خودی ڕاستەقینەی تاک، هەر بەو شێوەیەی کە کاتی هەڵوێستی ڕاستەوخۆ لەسەر خەڵک و لەسەرخۆ ناسراوە، دەبێ تووشی ڕاستی دیاریکراو بێت. ڕۆڵی ڕۆمان جیا لە هێمن کردنەوەی خوێنەر و دڵگەرم کردنی بە نەزمێکی لۆژیکیانە کە لایەنە ئەخلاقییەکانی گەمارۆ داوە، هەروەها بەرزکردنەوە و گەشەپێدانی چۆنیەتی بەپێی پێویست بێ کۆتایی وجوودیشە. بەم شێوەیە نموونەگەلێک کە بالزاک، تۆلستۆی یان دیکنز گەلاڵەیان کردووە بۆ نووسەرانی پاش خۆیان کەڵکی نەبوو، چونکە ئەم نووسەرانە پێیان خۆش بوو دنیایەک پێناسە بکەن کە لەوێدا خەیاڵی نزم و زنجیرە مەراتب شۆڕابێتەوە و بەها باوەڕپێکراوەکان تەنیا لە دەرەنجامەکانی ئەندێشەدا دەست بکەوێت. پرۆست نووسی کە ئیتر نووسەر ناتوانێ واقیعی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی «لایەنە نابەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە» لێکبداتەوە، بەڵکو بەنفووزێکی قووڵەوە لەچییەتی تاک، توانایی ئەم کارە بەدەست دێنێ.

پرۆست یان جۆیس، کاتی وەرگرتنی ئەو جیهانبینییە کە بێ باوەڕی، مەترسی و گریانە، دەسەڵاتی بەسەردا دەکات، ڕۆمانی واقیعی کۆمەڵایەتییان بێ بەهرە نەهێشتەوە. ئەوان وەکو بالزاک خۆیان، زۆر بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە بەستبۆوە، بەڵام ڕەسەنایەتییەکەیان لە ڕەتکردنەوەی ئەم خاڵەدابوو کە پێکهاتە، یان «مێژوو» یان سازو کارەکانی کۆمەڵگا هەموان دەتوانن خاڵگەلێکی هاوبەش بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن، بەڵکو ئەو دەرەقەتی پێناسەکردنی خۆیی و جیهان بێت. یەکێک لە بنەڕەتیترین جیاوازییەکانی نێوان «کۆمیدیای ئینسانی» و «گەڕان بەشوێن زەمانێکی ون بوودا» ئەوەیە کە لەیەکیاندا مەبەستی وجوودی تاک تەنیا ئەوەیە کە چلۆن لەناخ و سەرووی جیهاندا ئیش دەکات. لەحاڵێکدا کە لەوی تردا کردەوەکانی ئەو لە ڕاستیدا بێ نرخە، بەڵام ڕاستیەکە لە «ئوولیس»ی جۆیس-دا خودی هەست کردن بەسەرچاوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، ئیتر ڕاستیەکی لەپشت نییە و بە پێچەوانە بۆ ئاسان کاری ئەزموونی تاکی، ژیانی دەروونی لەگەڵ ڕاستییەکان هاوپێوەند بوون، ئەمێستاش هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕوانگەی جۆیسیش هەر بەم شێوەیە.

ئینجا، ئەم بابەتەش هەروا ڕاستە کە لە بەرهەمەکانی پرۆست-دا ڕۆمان، چییەتی لۆژیکی خۆی دەپارێزێ و ئەمەش دوو هۆکاری هەیە: بێ نەزمی گرووپی وێردۆڕێن(٣٤) (کە بۆ خاپوور کردنی «نەزم»ی گۆرمانت(٣٥) گەڵاڵە کراوە) هێشتا هەر جۆرێک نەزمە و گێڕەوەری پرۆستی (وەکو ئەکتەرە بەرچاوەکانی «سککەسازان»(٣٦)ی ژید)، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە، لە

مـێـشکی خـۆ و دیـتـراندا، هەوڵی تێگەیاندنی دەدات. هەروەها ئەو هەر بەو تـوورەییـەی «ڤـۆتـرین»ی بالزاک، پەردە لەسەر ڕاستییەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لادەدات. ئەو دەستوورەی کە ڕۆمانی دەروونی بەپێی ئەو مرۆڤی پێناسە دەکرد، خۆپەرستانە و ناڕاست و گوشراو بوو و ڕاڤەی سوریالیستەکان سەبارەت بەوە ڕاست بوو. ئەوان لە بالزاک، بەهۆی توخـمـە ئوسـتـوورەییـەکـان و خەیاڵی نێـو «کۆمیـدیای ئینسـانی»یەوە بووران، بەڵام پرۆستیان تاوانبارکرد، چونکە «گەڕان بەشوێن زەمانی ونبوودا» کانی، گەڵاڵەی دووبارەی لێکۆڵینەوە مێشک (لە چوارچێوەی دنیای بورژوادا) هێزی خەیاڵی، بەجێی وێڵ کردن، بەهێزکرد.

قبووڵ نەکردنی ڕۆمان لەلایەن سوریالیستەکانەوە زۆر پڕ مانایە. ئاندرێ بریتۆن(٣٧) لە درێژەی ئاماژەکردن بە خراپ تێگەیشتن لە ڕۆمان دەڵێت: ڕۆمان بیـچمی داوە بەژیان. ڕۆمـان، جـا چ جـەبری و چ دژە جـەبری، ئەمێستاش هەر ڕێکخەر و هاو ئاهەنگ کەرە، بۆ وێنە: ڕۆمـانی «ڕاکـردن» (٣٨) ڕێگە بە خـۆی دەدات تاکـو لە هەمـوو شـتێک ڕابکات جگە لە ئازادی و لەناو ئەودا، ئـارەزوو، چێـژ و لـەسـەرووی هەموویانەوە خەیاڵ، بەچوارچێوەیەکی کـۆمـەڵایـەتی- ترەوە، واتـا چوارچێـوەیەکی سـیـقـاڵدراو دا سـەرلەنوێ سـاز دەداتەوە. ڕۆمـان و بگرە ڕۆمـانی ڕێچکەی قـوتابخـانەی جـۆیسـیش لەکـاتی پێـداچوونەوەی گـریمانەی گـشـتی «بوون» بەردەوام پەروەردەیی دەمـێنێـتـەوە. تا پاش جـەنگی دووەمی جیهانی و نفووزی درێژخایەنی کافکا، دەبێ چاوەڕوانی نووسەرانی ڕۆژاوایی بکرێت کە وێنای ڕۆمانی «گەشەو پێگەیشتن» (٣٩)-یان ڕەت دەکەنەوە و ڕۆمـانی «غـەیرە کـۆمـەڵایەتی» تا سنوورەکـانی پووچی و بێ مـانـایی وەپێش دەدەن. (جگە لە چەند کـەسی تایبـەت بۆ وێنە «ڕیمۆند ڕۆسـێل» (٤٠) یان «ڕێنێ دومێـل» (٤١) بەپێی بڕوای بلانشـۆت «ژوولیت» (٤٢) بەرهەمی «سـارد» دەچێتە ڕیزی ڕۆمانی گەشەوە. ئەگەرچی سوریالیستەکان و هەمـوو ئەو کـەسـانەی کـە هەر جـۆرە نەزمـێکی کـۆمـەڵایەتی بە تێکدەری ئازادی دەزانن ڕێزیان بۆ ئەم بەرهەمـە هەیە، بەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەمـانەشـدا بەواتای

**دابەشکردنی سیانەی کۆمەڵگا، مێژوو، تاک و هاوپێوەندی ئەوان، سیستەمێکی پێک هێنا کە بۆ هەموو ڕاستییە ئینسانییەکان بە نرخ بوو**

ڕوخـسـارەی تایبـەتمەندی ڕۆمـانی پەروەردەیی ناوی دەرکـرد. چلۆن ئەم جـۆرە ڕۆمـانانە دەیتـوانی کـاریگەری لادان لە ئەخلاق یان ئامانجی شۆڕشگێڕانە بگوازێتەوە لەحالێکدا کە هیچ جۆرە نیشانە، یان بەیانییەیەک بۆ پێوەندییە ئینسانییەکان، لەسەر بنەمای تەواوکەری بەیەکـتـربونی چێـژ و دەرد لەودا بەدی نەدەکـرا و لەگـەڵ هەموو ئەمانەشدا لە نەزمێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە لە جۆری نەزمی زنجیـرە قـۆناغی پێکهـاتبـوو. لەڕاسـتیـدا واپێـدەچێ کـە «سـاد» سـەرزەنشـتی چینی دەسـەڵاتدار دەکـات بەهۆی کـەڵـک وەرنەگـرتنی لە تەواوی دەسـەڵاتی خۆی لە بەستێنی چێژدا.

بەم پێیە «ساد» یەکێک لە بەهێزترین کاریگەرییەکانی تێکدەری لە هەر فـەرهەنگێکدا پێکدێنێت و لە هەمـان کـاتدا هەوڵی سـازدانی دەزگایەکی کۆمـەڵایەتی بەهێـزی لانی کـەم بەهاوسـانی بالزاک دەدات. ئەم بابەتە لە «لاکلۆس» یشـدا جێ دەگـرێ. لەلایەکی ترەوە پرۆست و جـۆیس دەزگـای کـۆمـەڵایەتی لێک هەڵدەوەشـێنەوە تا واقـیـعی زەینی و ڕاسـتی پەرەپێـبـدەن، بەڵام ئەم سەراوەژۆییە ئێستاش هەر ئەوان بەشێوەی زیندانیەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی ڕادەگرێت چونکو گێڕەوەری «گەڕان بە شوێن زەمانێکی ونبـوودا» و کـەسـایەتی سـەرەکی «ئوولیس» بەردەوام خەریکی کەڵک وەرگـرتن لـە ژیـانـی ڕۆژانـە و بەهێـزکـردنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانن (کە هەم شاعیر و هەمیش بە قوربانی ئەو دێنە ئەژمار) و ئەوان بە خالێکی سەرچاوەیی دادەنێن، بەڵکو بتوانن خودی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە. ڕۆمان، چ بەشێوازی ستـاندال بێت و چ بەشـێـوەی پرۆست لە چوارچێـوەی بەیانی کۆمەڵایەتیدا دەمێنێتەوە. بەڵام لۆژیکی پێوەندی کۆمەڵایەتی یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی.

بە هەمـوو ئەمـانەشـەوە، خـراپ نییـە چاوێکی سوریالیسـتی لە چیرۆکـەکانی بیکێت یان ڕۆب گرێ بکەین. ئەم چیرۆکانە ئەگەرچی لە فەزای مێژوویی یان پێـوەندی لۆژیکی بەتاڵ کـراونەتەوە، بەڵام لەناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا لە جووڵەدان. کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکانە لەگەڵ دیتران قسە دەکەن یان کردوویانە. ئەوان کـەڵکیـان لێ وەردەگـرن یان وەرگـرتووە، وەکـو

(مـــــۆلۆی)ن لە «ژووری دایکی منـدا» یان نین و بەم شێوەیە ئەوان سیپارەیەکن لە سیستـەمێکی تایبەت. چڕی نەزمی کـۆمـەڵایەتی. جـیـا لە خـۆیان، پێـوەندی بەخۆیانەوە هەیە.

لەو لایەنەوە کە زۆرینەی ڕۆمانە دژە کۆمەڵایەتییەکان لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزن، وا چاوەڕوان دەکرێت کە ڕۆمـان لەچاو شێـوەکـاری، هاسـانتـر لەگـەڵ دۆخی تایبـەتی هونەر هاوئاهەنگ دەبێت. سـەرەڕای ئەمـانە «ڕۆمانی نوێ» جووڵەیەکی خستە فەڕانسەوە کە دەتوانرا لەگـەڵ ئەو جـوولەیەی هونەری ئینتـزاعی، بەدیهـێنا هەڵســـەنگێندرێت، بەڵام لە درێژەی دەیەی ١٩٣٠دا، «ئوولیس» و «هۆدەی یەعـقـووب» بەرهەمی ڤـیـرجـینیـا وۆلف کە دەکەوێتە ڕیزی بەرهەمە کوبیسمییەکانەوە لە سەرزارەکیترین مانای خۆیدا، کەوتە بەر سەرنج. هەر بەو شێوەیەی کە شێوەکـانی سوننەتی جێگەی خۆی دا بە ئیمپرسێونیزم، خاڵی سەرەکی پێویستیی کووبیزم و هونەری ئەبستراک، ناساندنی بەردەوامی سیمای مرۆڤی بوو. بەم شـێـوەیە هونەری چیـرۆک واتا نموونەیەکی کـە بالزاک بۆ داسـتـانی بنیـات نا، لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی بەیانی سـیـسـتـمـاتیک کـردنی کـەسـایەتی تاک، دەناسـرایەوە، کـە وردە وردە لە لایەن چیـرۆکێک کـە لە ڕاستـیدا دەتوانرێت چیرۆکی ئامۆژگـار ناوبنرێت سـەری هەڵدا و ڕۆمـــانی «کـــووبیــــست» هەرچەندە زۆرینەی ڕەوشـتی مـرۆڤـانەی وێنا کـرد و پێـــدا دەچۆوە، خوێنەرەکەی سەرسامتر و تووڕەتر دەکرد.

کەسایەتییەکانیان، بوونیان بە چەشنێکە، قسە دەکەن و بیر دەکەنەوە کە دەڵێی هی دنیای ڕاستەقینەن، بەڵام هەرچەندە کە ڕۆماننووس بە ئاشکرایی یان شارەزایانە لە لۆژیکی یان بەردەوامی بالزاک یان ســتـــاندال دوور بکەوێتەوە ماتریالەکەی بەردەستی، هەمدیسان پێوەندی بەژیانی ڕۆژانەوە هەیە لە ئاکـامـدا، گـرژی ئەو، لە چاو شێـوەکـار یان مـوزیسیـەنی بەناو پێشڕەو بە هاسـانی فەرامۆش ناکرێت. کەسێک هێڵی چیرۆکی مرۆڤخواز کە لە «شـازادەکان «کلوو» تا «ژێرمینـال» بەرهەمی زۆلادا، درێژەی هەیە و، بەبێ چارەنووسە خراپەکانی بە لارێیدا نابات، بەڵام ئەم ســونەتە مـرۆڤـخــوازەیەش خـۆی ئەندێشـەیەکـە. هەم مـادام دۆلافـایت و هەم، زۆلا لە کـتـێـبـەکـانی خـۆیاندا بە ڕادەی هونەر، لەواقـعی کۆمەڵایەتی لایانداوە. چیرۆکی نوێخواز جگە لە لایەنە

شکست هەڵنەگـرە «بنەمـاییـەکـانی» دەبێ بەپێی ڕاستـــەقـینەیەکی کـۆمـەڵناسـیی زۆر گـرنگ هەڵسەنگێندرێ، واتە: بۆ ئافراندنی بەرهەمێکی هونەری هەوڵ دەدات. فـۆرمی نوێ و بیـری نوێ هەمیـشـە لەگەڵ نموونەی ئەو بەرهەمـانەی پێـشـوو کـە چەپاندوویانەتە مـێـشـکی خـەڵکەوە و ئەم بەرهەمـانەش کـە لەکـاتی سـەرهەڵدانیـاندا زۆر بوێرانە دەهاتنە بەرچاو، دژوازن هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەڵک خوو بە «موونە» وە دەگرن «پیکاسۆ» سەرهەڵدەدات. لەگەڵ ئەوەی «کافکا» دەست دەکـا بە بانگەشـەکـانی، «بێکێت»وە ژوور دەکـەوێ. تایبەتمەندی مێژوویی ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی بیستەم لە مەیلی مالیخولیایی سەبارەت بە سەرهەڵدانی دووبارەی «ژوولین سوورێل»ەکان، «پرێس ئاندریاس »ەکان و یان «ڕاسکولنیکۆف»ەکـــانە، بەڵام «داس پاســــۆس»، «بێـرنانۆس»، یان «ناتالی سـارۆت» ئەگـەر هاوکـات بیانەوێ وەک هونەرمەندێک گەشە بکەن و ڕاڤەگەلێک لە لایەنە پڕ ماناکانی (لە ئاکامدا نوێ) «کۆمەڵگای» هاوچەرخی خۆیان ئاراستە بکەن، واپێدەچێ توانای ڕازی کردنی ئەم مالیخولیایەی نەبن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مالیـخولیـای باس کراو، لە ڕێگەی ڕۆمانگەلێکەوە کە ڕەچەڵەکیـان لەگەلاڵەی زەینی زمـانحـاڵەکاندایە، بەرەو پاراوی دەچێت، ڕاست هەر بەو شـێـوەیەی کـە هونەری نیشاندەرەوە هەمیشە بە چەمکەکانی بەیان یان ڕوانگەوە پێوەندیدارە. بەگشتی ئەم جۆرە ڕۆمانانە شێوەی تێڕوانین لە کـــەســـایەتی (زۆرجـــاران، نووســـەر) بەواتای چەندێتـیـەکی نەناسراوی هاوکـێشـەیەک دەزانێت کـە ژمـارە نەگۆڕ و نەناسراوەکانی ژمارەگەلێکی ڕەوانی و کۆمەڵایەتییە.

زۆربەی ئەو باسانەی لەسەر ڕۆمان هاوڕێیە لەگەڵ حەز و مەیلێکی تایبەت لە بەرامبەر نۆرم بوونی ڕۆمان: ئەگەر ڕۆمان جەختی لەسەر ئەوە نەکردبوایە کە بەردەوام بوونی بوونایەتی مـرۆڤ، بەرەکـانی ڕابردوو، ئێـستـا و دوایی توخمەکانی داهاتووی ئەو لەکۆڵ دەنێن، هەست دەکرا کە هەموو شت لە کیس چووە. ڕاستی بابەتەکە لەوەدایە کە ڕوانگە جوانیناسەکانی جۆیس و بێکێت کاتێ بە ئاسانی پێـشـوازی لێدەکـرا کـە کـەسـایەتیـەکـان لە تەنگەبەرە لابیرێنستیەکانی «ئوولیس» و «مۆلۆی»دا لە ڕادە بەدەر سـەرگـەردان و شـێـــواو بوون و لە ڕێگەی ئەوین و خـــۆشـــەویســـتی، «ڕەوشت و هەندێک لە پێکدادانە

سیاسییەکان یان بگرە تەنیا دان پێدانان بەدنیاوە پێوەند دەدرانەوە».

لە ڕاستیدا ناتوانرێت بەشێوەیەکی لۆژیکی کۆمەڵناسی ڕۆمان ئەنجام بدرێت، مەگەر ئەوەی کە لەسەرەتای کارەوە بزانین کە دوو جۆرە خوێندنەوە هەیە، لە یەکیاندا سوننەتی واقیعخوازی پێڕەو دەکرێت و لەویتردا بە ڕواڵەت هێمایەک لە ئافراندنی هونەری هەیە. دژایەتی و یەک نەگرتنەوەی ئەم دوو جۆرە لێکدانەوەیە بەتایبەتی کاتێ ئاشکرابوو کە جۆیس لە ئەدەبیاتدا گەیشتە لوتکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەم تەوەرە لەوکاتەوە دەستی بە گەشە کردووە. ڕۆمانێکی زۆر، کە زۆرینە لەلایەن نووسەرانی بەتواناوە نووسراون، بەهۆی واقیعخوازی و مرۆڤخوازیەکانیان لەگەڵ پێشوازی زۆری کۆمەڵەی خوێنەرانی چینی مام ناوەندی ڕووبەڕوو بۆتەوە. ئەم ڕۆمانانە، چیرۆکی ژیانی کەسێک دەگێڕنەوە. لەلایەک ترەوە، بەرهەمەکانی ڕۆب گریێ، هێنری گرین لە ئینگلستان، بە بڕوای ڕووناکبیران تارادەیەک بە چوارچێوەدار ناسراون. هەروەک دەزانین خوێنەرانی خوێندەواری چینی مام ناوەندی بە حەزەوە پێڕەوی سەلیقەکانی ئەوانیان کردووە، بەڵام لە «ڕۆمانە نوێیەکاندا» و بەرهەمگەلێک، لە کەسانێک وەکو «گۆمبرۆڤیچ»(٤٥) هەیە کە وتار، یادنامە و تێزگەلێکی زۆریان ئاراستە دەکرێت.

«چارە، نووس» وەکو «ئوولیس» لە ساڵی ١٩٣٠، بەواتای ڕۆمان لە دەیەی ١٩٦٠دا دەرەوشایەوە. ناوی ڕۆب گریێ دەرخەری ئاماژەگەلێک وەکو تەمومژی لە ڕووگەی تایبەتی خۆیدایە، ڕاست وەکو پیکاسۆ. لە «پاک کەرەوەکان» (لاسیک)دا، ئەو هاوکات لەگەڵ پێناسەی ڕادەی بەرەو لوتکەی گەشەی فەرهەنگیدا، سوننەتی فەرهەنگی بەردەوام و ئاشکرای کۆمەڵگای خۆی تێک شکاندووە.

ئەم بەرز فرییە، لە «داوەری» فرانسوا موریاکیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بە بڕوای ئەو لەمەوبەدوا گەشەی ڕۆمان بە گەشەی شێوەکارییەوە بەستراوەتەوە و شێوەکاریش مەبەستی خۆی ون کردووە، واتا پێناسەی مرۆڤ بە هەموو کەل و قوژبنەکانیەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەوکاتەدا لە «ڕۆمانی نوێ» بۆ پێناسەی تەوەرێکی تەواو- جیاواز کەڵک وەرگیراوە، ئەم شێوە گێڕانەوەییە

**ئەو دەستوورەی کە ڕۆمانی دەروونی بە پێی ئەو مرۆڤی پێناسە دەکرد، خۆپەرستانە و ناڕاست و گوشراو بوو**

نوێیانە کەوا هەست دەکرێ لە چەمکگەلی مرۆڤخواز و مرۆڤخوازی بەتاڵ کرابێتەوە، لە ڕاستیدا جۆرێک نیشان دانەوەیەکی تەواو بوو: واتا سەرەڕای ئامانجی نووسەرەکانی خۆی، مرۆڤی بەشێوەیەکی وەفادارانە بەڵام بەتاڵ لە بنەماکانی مرۆڤخوازی پێناسەکرد. ئایا سەرکەوتنی هونەری ڕۆب گریێ بەو مانایە بوو کە ڕۆمان ناتوانێت ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت یان بە پێچەوانە، ئەم ئەرکەی بەباشی بە ئەنجام گەیاندووە؟

سەرهەڵدانی نوێ وەکو بەرهەمی جۆیس لە ساڵی ١٩٣٠دا کێشەیەکی کۆمەڵناسی جیدی دروست کرد و ئەویش ئەوەیە کە ئایا ڕۆمان کە بە هونەری «مۆدێرن» دادەنرا، هەم سەلمێنەر و هەم نیشانەی جۆرەکانی لە خۆنامۆبوون نەبوو کە بگرە لە ساڵی ١٩٥٠دا لە چاو بیست و پێنج ساڵ پێشتر زیاتر پەرەی ستاندبوو؟

## خۆڕانان و تێکڕووخاندن

کاتێک  دەتوانین ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی لۆژیکی بدەینە بەر سەرنج کە ئەوە قبووڵ بکەین کە هەمیشە چەمکێک لە داستانی چیرۆکی واقیعخواز بە واتای هونەر هەبووە. ئەم بۆچوونە لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەدواوە زیاتر گەشەی ستاندووە و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئامانجی نووسەراندا بووە و نەک بۆ تێکڕووخاندنی سیستەمی باو، بەڵکو بۆ بەرگری لەوە گەڵاڵە کراوە.

فلۆبێر، جۆیس، فاکنێر بەو مەبەستە دەستیان دایە نووسین بەڵکو ئیتر چیرۆک «چالاکییەکی ئەدەبی» (لە ڕوانگەی بنەڕەتەوە)نەیەتە ئەژمار و ببێتە «چالاکییەکی کۆمەڵایەتی».

«ئوولیس» «لەژێر گڕکاندا» بەرهەمی لۆری، «مۆلۆی» و «پۆرنۆگرافی» بەرهەمی گۆمبرۆڤیچ، بە تەواوی بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ نەریتەکان، هاوڕەنگییەکان، بۆچوونەکان و گوشارە قبووڵکراوەکاندا بوون. کاتێ پرۆست لە نووسینی ڕۆمانێک کە نموونەی کاروبارگەلێکی دواکەوتووە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە پێشوازی لێدەکرێ، دوورە پەرێزی دەکات، کاتێ کەسایەتییەک لە «تێپەڕین لە مانهاتان» ژیان بە وێنەی شەمەندەفەرێکی ژێرزەمینی باس دەکات، کاتێک کە «K» وەکو سەگێک گیان دەدات، کۆمەڵگا نەک لە جلی

واقیعدا، بەڵکو لە جلی سیستەمێکی پایەداردا، توور دەدرێت. بە ڕای داس پاسۆس و کافکا، بەڕای موسێل و فاکنێر، واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕووخێنەرە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕۆماننووسانە، هێرشی باسکراو بەدژی کۆمەڵگا، لە ڕێگەی بیچمگەلێکەوە کە خۆی لە ئاست سیستەمی باو و فەرهەنگی ڕەسمی هێرشکەربوون، بەیان نەکردبوایە، بەرهەڵست بوونەوەکانیان بەحاڵەتی ڕەتکراوە دەمایەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵناس پێویستە ئەمە بزانێ کە ئایا ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە- واقیعخوازی و هونەرییانە- بەپێی درێژەی چاخە ئەدەبییەکان، لەناو چوون یان ژیاونەتەوە. تەنیا بە نزیک بوونەوە لەساڵی (١٩٣٠) بوو کە «ساد» وردە وردە بووە نیشانەی تێکڕمان. پاش شەڕی دووەمی جیهانی باڵی ڕاستی ڕووناکبیرانی فەرانسەیی، ئاشکرایی بەیان، ئازادی و ڕۆحی ڕەخنەگری و تاکخوازی ستاندال و شێوازی ئەویان لە بەرامبەر ئەدەبیاتێک دانا، کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە مەحکووم بوو. لە حاڵێکدا کە باڵی چەپی ڕووناکبیران، چاویان لە فاکنێر بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕیزی لایەنگران و نەیارانی کافکاشدا بوون.

شێوازی کلاسیکی «ژیر» کە لە ڕاستیدا ئاوێنەی «کردەی لاشعوور» بوو لە ساڵی ١٩١٢دا بووە ڕووخێنەر، بەڵام نەک پەنجا ساڵ پاش ئەو و ئەمڕۆش «بوڤار و پێکوشە» (٤٧) بەرهەمی فلۆبێر زیاتر لە «ئوولیس» بە ڕووخێنەر دادەنرێت، بەڵام پاشان، هەرچەندە کە لە سەدەی بیستەم بەرەو پێشتر دەچین، ڕاکێشێک کە ڕۆماننووسی هونەرمەند، لەنێوان پێویستییەکانی هونەری خۆی و مەیل بەکوتنی ڕاستیەکان هەستی پێدەکات بەهێزترە. واتا هەڵبژاردنی مانادار لە واقیعێک کە دەیبینێت.

لە بەرهەمی «ڕۆب گریێ»دا ئەم ڕاستییە لە شێوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ شتەکاندا شاراوەیە و، نەک بەو شێوەیە کە زۆرجاران لەخودی شتەکاندا گوتراوە. لەلای «ناتالی سارۆت»ەوە ڕاستی، ئیتر بە وێنەی کەسێک کە نووسەرێکی وەکو «تۆلستۆی» توانی بەوردبینییەوە وێنای بکات، نییە، بەڵکو تەنیا گەرانە بەشوێن خۆیەتی خۆیدا. چارەسەرکردنی دژوازی نێوان بیچم و واقیع، کاتێک سەخت و سەختتر دەبێت کە سەرەتا نووسەران لە پێشکەشکردنی داستانگەلێکی ڕێکوپێک و «هێمنایەتی بەخش» (بەوتەی فۆرستێر) بە کۆمەڵگای خود، دوورەپەرێزی بکەن، لەحاڵێکدا کە لەو سەرچاوە جۆراوجۆر و ڕەهەندە زانیاری یان زانستییانەی کە لەبەر دەستی هەموواندایە،، چاوپۆشیان کردووە، بەڵام حەزیان لێیە کە بابەتی نووسراوەکەیان وەکو بەشێک لەواقیع دابنرێ! واقیع، کۆسپێکی خستە سەر ڕێی ڕۆماننووسانی دەیەی ١٩٦٠ کە زۆر گەورەتر بوو لە کۆسپەکانی سەرڕێی ڕۆماننووسانی دەیەی ١٩٢٠. بەستێنی فراوانی هەوێنە، ڕەوانی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و باوەڕییەکانی کە ماوەیەکی درێژ لە هەرێمی ڕۆماندا بوو ئێستاکە کۆسپێکە بۆ نووسەرێک کە دەیەوێ باوەڕمەندی و شەرعییەت تێکەڵاوی هەوڵی هونەرمەندانە بکات. بێ گومان ئەو بەوە دەزانێ کە زۆر بە سەختیتر دەتوانێت لە هەڵسەنگان لەگەڵ شێوەکار، یان موزیسیەن، بە حەزی خۆی ڕەخنە لە سیستەمی باو بگرێت، یان تاڕادەی گاڵتەپێکردن، شەرمەزاری بکات. بەرهەمێک لە بەستێنی هونەری «جووڵەیی»دا(٤٨).

مۆسیقای ڕاستەقینە یان کۆمپیوتەری و لە ئێستاشدا جۆرێک فیلمی تایبەت، پێدەچێ باشتر لە کتێب دەتوانێ ئەم جۆرەی ڕاکردن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی، کە بەڕای فلۆبێر و بێکیت لە بنەڕەتدا شتێکی ئاساییە، بقۆزێتەوە. پێدەچێ کە «چارە، نووس» ڕۆب گریێ و «ئیرەیی» یان «مۆلۆی» و یان «فێردیداک» بەرهەمی کۆمبروڤیج پێناسەی دنیایەکی بەتاڵ لە مرۆڤایەتی بێت و لە ئاکامدا ئەو ڕۆمانانەی سەرەوە، نەزمی کۆمەڵایەتی- سیاسی، بە بەرپرسیاری چاوپۆشی لەم جۆرە بەتاڵ بوونە بزانن.

بەڵام تاکی کۆمەڵناس کە خوازیاری خوێندنەوەی پێوەندییەکان یان دژایەتییەکانی نێوان ئەدەبیات و نەزمی باوە، دەبێ سەرنجێکی زیاتر بداتە سەر کاریگەری هوروژم یان ڕووخێنەری کە جۆری نوێی ڕۆمان بە تەمای ئەنجامی ئەم کارەیە.

«ژۆرژ باتای» لەسەر ئەو ڕایەیە کە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە پێوەندی بەشەیتانەوە هەیە. من دەمەوێ بەرلەوەی گرفتەکانی خوێندنەوە نوێیەکانی کۆمەڵناسی لەسەر ڕۆمان کورت بکەمەوە، دەمەوێ جەخت بکەمە سەر ئەم لایەنە لە «ڕووبەڕووبوونەوەی جوانی ناسی» و داکۆکی لەسەر بکەم.

1- Formalism.
2- La Comedi Humaine.
3- Portiait of the Artist as a young man.
4- The Art of Fiction.
5- Absalom, Absalom.
6- Robbe- qrillet.
7- Paradox.
8- Celine.
9- Manhattan Transfer.
10- Norcissim.
11- Ala recherche du Temps Perdu.
12- Picaresque novel.
چیرۆکێکە کە قارەمانەکەی دز یان خزمەتکارێکە کە لە خزمەت چەند ئەربابدا کاردەکات. ئەو لە سیستەمی باوی کۆمەڵگای خۆی بەگاڵتە دەڕوانێت. ئەم جۆرە چیرۆکە یەکەم جار لە سەدەی (١٦)ی زایینی لە ئیسپانیا سەری هەڵدا. لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەم بەستێنە، ڕۆمانی «ژیل بلاس» (Gilblas) و مول فلاندرز (Moll Flonfers)...و.
13- L'Astree.
14- Le Grand Meaulnes.
15- Waiting for Gofot.
16- Molloy.
17- Raskolinkov.
18- L. Borges.
19- Barthes.
20- Sociable.
21- Petit jehan de saintre, Antonine de la sale, I 460.
22- cousin Pons.
23- The unnameable.
24- Mondrian.
25- Splendeurs et Miseres des Cour-stisans.
26- Fieiding.
27- Marivaux.
28- Moll Flonders.
29- justine.
30- Vautrin.
31- Alain.
32- E. M. Forster.
33- Aspects of the Novel.
34- Verdurin.
35- Guermantes.
36- Les Faux- Monnayeurs.
37- A. Berton.
38- The Escapist Novel.
39- Bildunqs roman.
یان ڕۆمانی گەشە، وشەیەکە کە ڕەخنەگرە ئەڵمانییەکان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. بەرهەمی دیکنز، دێیڤید کاپێرفیلد، ڕۆمانی گەشەی پێدەگوترێت چونکە گەشەی قارەمانەکەی خۆی لە گەنجیەتیدا باس دەکات.- «وەرگێڕ»
40- R. Roussel.
41- R. Doumel.
42- juliett.
43- Discursive Fiction.
44- Mme. de La fayette.
45- Gombrowicz.
46- F. Mauriac.
47- Bouvardet Pecuchet.
48- Kinetic Art.

**سەرچاوە:**
**ادبیات داستانی، رمان و واقعیت اجتماعی/ زرافا، میشل/ ترجمه نسرین پروینی/ چاپ اول ١٣٦١، ل٩ تا ٤٦.**

# فەرهەنگی «سیدرا»م خوێندەوە

عەزیزی مەلای ڕەش

مـامـۆسـتـای هێـژا و نووسـەری ئازیز کـاک «سـەلام ناوخۆش» فەرهەنگێکی گیرفانی، لەبەرگێکی جواندا، بە چاپ گەیاندووە. فەرهەنگەکە بریتییە لە «٢٨٨» لاپەڕە و کوردی و عـەرەبی و ئینگلیزییە. لەبەراییدا لە ناخەوە دەستـخۆشی لێدەکەم و تەماخوازم هەروا بەردەوام بێت و هیچ تەگەرەیەک، لەم ڕێبازە پیرۆزەدا بەری ملی نەگرێت.

لە خـوێندنەوەیدا بۆم والآ بووەوە نووسـەر لە زمـانی عـەرەبیـدا دەست بالآ نییـە و لە دوو سـەت شـوێن زیاتر کەوتووەتە کەندڕی هەڵەی زەقەوە. منیش بە قەدەر توانا و بیر و بۆچوونی خۆمەوە پەنجەم بۆ نزیکەی «٧٥» وشە درێژ کـردووە. لەبەر درێژدادڕییـەوە خـۆم لە ئەوانی تر بوارد.

داوای چاوپۆشـینی لێـدەکـەم ئەگـەر سـەرچیـغ چووبم، یاخـۆ لە هێندە شوێنان نووکی قـەڵەمـەکـەم لە نەزانینەوە توندا گرتبێت. خواش ئاگادارە مەبەستم تەنیا خزمەتی وشە و زمانی کوردییە و بەس.

١- لە لاپەڕە، یەکی فـەرهەنگەکـەدا هاتووە: «ئاخ = هەناسە، حەسرەت، تنهد».

بە بۆچوونی من «ئاخ = واها، الأسف».

«ئاخ کێشان = تحسر».

«هەناسە = نفس، زفیر، نخیر».

کەواتە «ئاخ» لەگەڵ هەناسە زۆر لە یەک جوودان.

٢- ل٢ «ئاخوڕ، تەویلە، ستەبل = إستطبل».

«تەویلە، ستەبل = پشتیر». بە عەرەبی «إصطبل»ە.

«ئاخـوڕ» تەویلە نیـیـە. شـوێنێکی تایبـەتی ئالیک تێکردنە. عەرەبییەکەی «معلف»ە.

٣- ل٢ «ئارەزوو، حەز، ڤیان = رغبة، میل».

«ڤیـان» بە مـانا خـۆشەویسـتـیـیـە، نەک ئارەزوو.. و حەز.

٤- ل٢ «ئارەقخۆر = سکران، شارب».

لە لاپەڕە «١٦٠»دا دەڵێت: «عـارەقـخـۆر = مـدمن، شارب الخمر».

«ئارەقخۆر» و «عارەقخۆر»یەکن. مەرج نییە: ئەوەی «ئارەق» بخواتەوە سەرخۆش ببێت، یان «مدمن».

٥- ل٢ «ئازا، زیرەک، پەیت = شجاع، شهم».

«ئازا» ڕاسـتـە «شـجـاع»ە، کـەچی «زیرەک = شـاطر، نشیط، زکي».

بە بۆچوونی من «پەیت دژی شلە» نەک بە مــانـای سەرەوە.

٦- ل٤ «ئاژاوە، شپرزە = شغب، فوضی».

وشـەی «شـپـرزە» = «مـضطرب» و بۆرە مـانایەکـیـشی دەچێـتەوە سـەر ئاژاوە: «باری وڵات شـپـرژاوە»، بەڵام لە ئاژاوە گشـتـیـترە و بۆ مرۆڤیش بەکاردێت: «ئازاد حاڵی شپرزەیە».

خۆیشی لە لاپەڕە «٥١»دا دەڵێت: «پەشێو، شپرزە = مضطرب».

٧- ل٦ «ئاشنا، نیاس، ئاشینا = الأقرباء».

«ئاشنا = دۆست». بە عـەرەبی «صـدیق» و کـۆیەکـەی «اصدقاء»ە.

«اقرباء» کۆی «قریب» و = «خزم». لە یەکتر ئایرن.

سەریشم لە وشەی «نیاس» و «ئاشینا» دەرناچێت.

٨- ل٨ «ئامۆژن = عمة، زوجة عم».

«ئامۆژن = زوجة عم» کەچی «عمة» خۆشکی باوکە و «پلک و پوور»ی پێدەگوترێت.

٩- ل١٠ «ئاورینگ، خوناڤ = ندی».

«ئاورینگ» بەم مـانایەش دێت: «گرێیـەکـی بە سۆیە و لە تاوژانی برین لە بن ڕان و هەنگڵ پەیدا دەبێت».

١٠- ل١٠ «ئاوڵە، سۆریکە، سورک = جدري».

«ئـاوڵـە، خــــوریکـە «جــــدری»یـە و کــــەچی «سۆریکە»جوایەزە و عەرەبییەکەی «حصبە»یە».

١١- ل١٢ «ئۆباڵ، ستۆ = عاتق».

«ســتــۆ، مل = عــاتق» بەڵام «ئۆباڵ گــوناح»ی پێدەگوترێت: «ئۆباڵی منت بە ملی ئەگەر فـێـڵـم لەگەڵ بکەیت».

١٢- ل١٢ «ئەتک، هەتک، نامیس = شرف».

«ئەتک» بە عـەرەبی «هتک، فضـیحة، تعـرض» = ئیهانە و ڕیسواکردن. بە پێچەوانەی «شرف»ە.

١٣- ل١٥ «ئەغـیـار دوژمن= عـدو» وشـەی ئەغـیـار عـەرەبییە و تاکەکەی «غـیر»ە، بە مـانا «أجـنـبـي = بێگانە»یە، نەک دوژمن.

«ئەغـیـار» لەسەر زاری کـوردان نامـۆیە و لە جـیـاتی «غەوارە» بەکار بهاتبووایە لە بارتر بوو.

١٤- ل٢٠ «باخەڵ، بەرک = جیب، ابط».

«ابط» = «بن هەنگل». لەگــــەڵ بەرک و باخــــەڵ ناگونجێت.

«باخەڵ» لە «بەرک» گشتیترە. ئەم دەگرێتەوە و نێوان شمەکی بەر و «تەرۆکیش»ە.

١٥- ل٢٥ «بردن، برن = مصادرة».

بردن بە عـەرەبی «أخذ»ە، کـەچی «مـصـادرة» دەسـت بەسەردا گرتنە و ماناکەیان یەک نین.

١٦- ل٢٩ «بلوور = کریستاڵ».

هەمان لاپەڕە: «بلوێر، بلوبل = مزمار».

«بلوێر» و «بلوور» یەک مـانـان = «نای». ئەمــیــان



شێوەزاری هەولێرە و ئەویش شێوەزاری سلێمانی.
ڕاستییەکە «بلووڵ»ە و «ڵ»ە کە کراوە بە «ر».
«بلویل نییە، «بلوێل»ە.
١٧- ل٣٠ «بۆر، بۆز = رصاصي».
«بۆر» بە عەرەبی «رمادي»، ڕەنگی خۆڵەمێشی. کەچی «بۆز» بە عەرەبی «اشمط»ە و بە کوردی شینی ئاماڵ سپی = شینی سپی پات، ڕیشی ماش و برنج = ڕەش و سپی تێکەڵاو.
کەچی نووسەر، لە لاپەڕە «٣١»دا دەڵێت: «بۆز، بوز = رمادي». ئەمەیان منداڵیش دەزانێت: هەڵەیە.
١٨- ل٣٤ «بەرخ = حمل».
«بەرخ تەمەنی لە شەش مانگ تێپەڕ نابێت و بە عەرەبی«خروف، طلي»ە و «حمل» بە کوردی «کاوڕ»ە و تەمەنی لە شەش مانگ بەسەرەوە تاساڵێک».
١٩- ل٣٨ «بەڵخەم، بەڵغەم، چڵم = بلغم».
«بەڵغەم = تفاڵ»یشی پێدەڵێن و لەدەم دێتە دەرەوە کەچی «چڵم» لە لووتە و بە عەرەبی «مخاط»ی ناوە.
نووسەر هەر وەکو خۆی لە لاپەڕە «٧٤»دا دەڵێت: «چڵم = مخاط».
٢٠- ل٣٨ «بەن وەڕیس = حبل».
«گوریس = حبل»ە.
«وەڕیس» نییە، «ریس»ە = غزل. واتە خوری ڕێسراو.
٢١- ل٤٠ «بێژینگ، ئێڵەک، هێڵەک = غربیل».
«بێژینگ» ڕاستە بە مانا «غربیل»ە، کەچی هێڵەگ، یان ئێڵەک بەم دوو مانایە دێت:
١- «منخل» هێلەگی ئارد بێژتن.
٢- سوخمە «صدرية»ی ئافرەتان.
٢٢- ل٥٧ «تابوت - تابوت».
«تابوت = دارتەرم، دارە بەنازە، دارەمەیت» بە عەرەبی «نعش»ە.
٢٣- ل٥٧ «»تارمایی، سێبەر = «شبح، ظل».
«شبح» تارماییە و «ظل» سێبەرە. لە یەکتر جیان.
٢٤- ل٥٨ «تاک، کتک = مفرد».
«کتک» پشیلەیە و بۆ ئێرە هەڵەیە.
٢٥- ل٥٨ «تاق، دیوار = رف، جدار».
«دیوار = جدار»، کەچی «رف» بە مانا تاغچەیە و «تاق»یش بەم مایانە دێت:

١- قەسر.
٢- دیوار.
٣- تەنیا.
٤- یەکجار.
٥- دەلاقە.
نەک تەنیا دیوار.
٢٦- ل٦٠ «تریسکە، تیرێژ = وهیج».
«وهیج» گەرمییە، نەک بریقە.
«لمعة» بۆ تریسک و تروسکی ڕۆژ و شتی تریش دێت.
«تیرێژ» مانایەکی تریش هەیە، پەنجەی بۆ درێژ نەکراوە = «کرۆێل». پارچە قوماشێکی درێژە و سەرێکی پانە و سەرەکەی تری باریک. بۆ بن هەنگڵی کراس بەکاردێت.
٢٧- ل٦٠ «تۆپیو، سەکتی = میت للحیوانات».
«تۆپیو» تەنیا بۆ مردنی ئەو گیانلە بەرانەی گۆشتیان ناخورێت دەگوترێت: «کەرەکە تۆپی». کەچی بە مردنی ئەو گیانلە بەرانەی گۆشتیان دەخۆرێت «مردار» بەکار دێت، نەک تۆپیو: «مانگاکە مردار بووەوە».
٢٨- ل٦٣ «تەون، تەڤن = صناعة السجادة».
«تەون» = مهنة الحياكة، نسيج العنكبوت». نەک «صناعة».
«تەونخانە» = «معمل النسيج». تەونکە ر = «نساج».
٢٩- ل٦٣ «تەوەزەل، بێ خیرەت = کسلان».
تەوەزەل ڕاستە «کسلان»ە، بەڵام «بێ خیرەت» ترسنۆکە و = «جبان».
٣٠- ل٦٦ «جاجم، مێزە = غطاء».
«غطاء» بۆ بەڕەو لێفە و بەتانیش دەگوترێت. گشتیترە.
لە «جاجم» = «برجد، شف».
«مێزە = ڕوانین» نەک «غطاء».
٣١- ل٦٦ «جاش = جحش، مأجور».
وشەی «جاش» بۆ هێستری ساوا بەکاردێت. لەبەر ئەوەش بوو کرا بووە ناوی بە کرێگیراوانی داگیرکەر. واتە «دایک و باوک» یان لە یەک ڕەگەز نین: «باوک گوێدرێژ و دایک ماین».
«جحش»: جاشکە. واتە بێچووی گوێدرێژە.
٣٢- ل٧٥ «چەتە، جەردە، قاچاغچی، ڕێگر = قطاع الطرق».

«قاچاغچی» کەسێکە شت وکەل وپەل بە ڕێگەی ناقانوونی وڵاتەوە بکڕێت و بفرۆشێت. دزوجەردەی پێناگوترێت.

٣٣- ل٨٣ «خم، بۆیە، ڕەنگ = صبغ».

«خم = هش، نیلة» بە کوردیش «هەش»ە و جۆرێکە لە «ڕەنگ = صبغ» ئەمانە گشتیترن.

٣٤- ل٨٥ «خۆڵ، تۆز = غبار، تربة».

«خۆڵ = ثری، تراب» کەچی «تۆز = غبار». مامۆستا تێکەڵاوی کردوونە.

٣٥- ل٨٨ «خەرمان، جۆخین، بێدەر = حصیدة، محصود».

«خەرمان، جۆخین = بیدر، جرین» نەک بە مانای دەغڵی دووراوە.

٣٦- ل٩٠ «خێو، ستاڤک = شبح».

خێو بەم مانایانەش دێت:

١- خاوەن.

٢- جنۆکە.

٣- گیان «روح»ی شەڕاوی.

٤- دێو.

٥- خودای کانی و ئاوان.

«سیتاڤک»یش هەروەها:

١- سایەی مرۆڤ لەبەر خۆر.

٢- تاڤگە.

٣٧- ل٩٤ «دانوو، دانی = حبوب».

«حبوب» = دانەوێڵە = «زخیرة، مؤنة» = ئازووقەی وشک. وەک نیسک و نۆک و ماش و...

«دانی» = «دابەستە، دانوو، دانە = «دەنک، یەک، ددان، شەی تەون».

«دانوو» بەم مانایانە دێت:

١- «نقیع الحنطة» بۆ ساوار.

٢- نەخۆشییەکی باڵندەیە.

٣٨- ل١٠٠ «دووپات، پشتگیری = مساندة».

«دووپات» = دووبارەکردنەوەی شت. نەک پاڵپشت و... یاریدەر.

٣٩- ل١٠٠ «دەبەنگ، ساویلکە = کسلان».

«دەبەنگ = غبي، بلید».

«ساویلکە = خۆشباوڕ و دوورە کین و دەغەز = سطحي، بسیط».

«کسلان = تەمبەڵ».

٤٠- ل١٠٤ «دەستە، دەستەک = دەرزینە».

«دەستەک دارەباریکەکانی دارەڕێیە بۆ سەری خانووی جزیری».

«دەستە» بەم مانایانەی خوارەوە دێت:

١- نێوان درێژ و کورت.

٢- نێوان کۆمەڵێک.

٣- هاوماڵ، دراوسێ.

٤- هاوتەمەن = ئاوزە.

٥- هاوڕەگەز.

٦- ژمارەی دوازدە لە سەعات.

٧- جێگەی دەستگرتنی ئامراز = دەسک، دەستەمستە.

«دەرزینە» نییە و «دەرزەن»ە.

٤١- ل١٠٧ «دێ، دێنێت = یجيء».

«دێ» = «یجيء». دەبووایە بیگوتبووایە «دێت». ئەگەرنا بە «گوند» دەخەملێت.

کەچی «دێنێت» کەسێک شت لەگەڵ خۆی بهێنێت.

٤٢- ل١١٤ «ڕایەخ، مەحفیر = غطاء، سجادة».

«ڕایەخ، ڕاخەر هەر شتێک لەسەر زەوی بۆ دانیشتن ڕابخرێت». بەڕەو لباد و سەرەناز و مافووریش دەگرێتەوە. «غطاء» کەل و پەلی نووستن و لەبەرکردنە. لەگەڵ مافوور ناگونجێت. لە لاپەڕە «٢١٧» دەڵێت: «مافوور سجادة» و بەس.

«مەحفیر و مافوور» یەکن.

٤٣- ل١٢٠ «ڕەشک، ئێرە = حسد».

«ڕەشک» بەم مانایانە دێت:

١- کاڵە موویین = کڵاشی لەموو.

٢- کڵاشی پەڕۆ.

٣- کوێرەی دەغڵ = «ساڵ وابووە دەغڵ لە کاتی دان گرتنیدا تووشی نەخۆشی دەبێت. دانەکەی ڕەش ڕەش دەبێت». لە دەشتی هەولێر پێی دەگوترێت «کوورک».

٤- ڕەشکە = سیاولە = دەنکێکی ڕەشی وردی بۆن خۆشە و بە کولێرەوەی دەکەن.

٥- بیبیلەی چاو.

٦- ترییەکی ڕەشی پێست ئەستوورە.

٧- تۆڕی کاکێشان = دەفرێکی کون کونی گرێ چنە لە موو دروست دەکرێت.

٨- دەرمانی ڕەشک بۆ ڕەش کردنی ڕیس و شمەک. وشەی «ئێرە» بە عەرەبی «هنا».
وشەی «ئێرەیی» بە مانا «حسد»ە.
٤٤- ل١٢١ «ڕەشە وڵاخ، کەر «کەرێ، پەزێ» = الماشیة، الأنعام». «ڕەشە وڵاخ: گا و گوڵک و گامێشە».
وشەی «کەر» لێرە زێدەیە. نەخاسمە «کەرێ پەزێ» کەری مەڕی. ئەو گوێدرێژەی کاتی خۆی شوانی مەڕ لەگەڵ خۆی بۆ سواری و ئاوهەڵگرتنی دەبرد.
٤٥- ل١٤٤ «سک، زگ = بطن، رحم»
«رحم = مشیمة» منداڵدانە، لە زگ جیایە.
٤٦- ل١٤٧ «سەراب = سراب».
لە دەشتی هەولێر بە «سەراب» دەگوترێت «غەمر».
«دەشتی قەراج لە سەر چیای قەرەچۆخەوە لەبەر چاوان دەغەمرێنێت».
٤٧- ل١٥٣ «شانس = فرصة».
«شانس = هیر، بەخت». کەچی «فرصة» بە مانا «هەل، دەرفەت» دێت.
٤٨- ل١٦٦ «فڕفڕۆک، قوشکاغەز = طائرة ورقية».
ڕاستە «قوشکاغەز = طائرة ورقية»، بەڵام «فڕفڕۆکە» جیایە و بە عەرەبی «فرارة»ی پێدەگوترێت.
٤٩- ل١٧٣ «قوچەک، ئەهرام، هرم».
«قوچەک» لە کوێ و «ئەهرام» لە کوێ!. ئەویان بە بڵندایییەکی بچووکی وەک قوچەکی نێو بیستانیش دەگوترێت، کەچی ئەمیان بینایەی زۆر بەرزن و گۆڕی فیرعەونەکانیان لە ژێر دایە.
٥٠- ل١٧٣ «قوڕ، تەقن = تراب، وحل».
قوڕ «وحل»ە، کەچی «تەقن: جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە»یە.
«تراب = خۆڵ».
٥١- ل١٧٨ «کارەکەر = خادم، خادمة».
«کارەکەر» تەنیا بۆ ئافرەتی خزمەتچی دەگوترێت. بۆ پیاو = «خادم = خزمەتچی، ناوماڵ و گزیر و دەست و پێوەند».
بۆیە وشەی «خادم» لێرە هەڵەیە.
٥٢- ل١٨١ «کرمانج، گوندی = قروي».
پێناسەی «کرمانج» بەم شێوەی سەرەوە هەڵەیە. بە ملیۆنان کورد لە شاران دەژین و کرمانجیشن.

بۆ دڵنیایی پێویستە سەیری ئەمانەی خوارەوە بکرێت. هەرچی کوردە، بە ئاغا و میر و بەگ و کوێخا و عەوام و شاری و دێ نشینەوە کرمانجە و هەر کەسێکیش بڕوای نایەت هێشتا لە مێژووی میللەتەکەی خۆی کۆڵەوارە. کەچی لەگەڵ دەرکەوتنی پێ و قدوومی شێخە بەرزنجییەکاندا خیانەتی ئەو جیاوازە «دوو بەرەکی»یە، لە کوردستان بەرپابوو: «سادە و کرمانج». بە داخەوە ئاغاوات و سەرەک هۆز و عەشیرەت و بەگ و میر و دەوڵەمەندانی کوردستانیش هەوساری ئەو خیانەتەیان توند گرت و بە ئەوەندەش نەوەستان شارنشینەکان «شارستانی» و دەشتەکیش «کرمانج» و «موڵکدارەکان: ئاغا و ئەوانی تریش کرمانج».
٥٣- ل١٨١ «کرێکار، پاڵە = عامل».
«پاڵە» تەنیا بەو کەسە دەگوترێت دروونە بکات و بەس.
هەر کەسێک بە پارە ئیشی کرد «کرێکار»ە. واتە لە پاڵە گشتیترە.
٥٤- ل١٨٨ «کوژراو کوشتی = مقتول».
کوژراو «مقتول»ە، بەڵام «کوشتی» بەم دوو مانایانە دێت:
١- کاری ڕابردووە و «ئازاد دوژمنکارییەکەی لەگەڵ نەوزاددا هەر بەردەوام بوو تاکو ڕۆژێک چوو کوشتی».
٢- «ئاژەڵێکە بۆ سەر بڕین تەرخان کرابێت».
کەواتە وشەکە بۆ ئێرە ناگونجێت.
٥٥- ل١٩٠ «کەچەڵ = أصلع».
«أصلع سەر ڕووتاوەیە» و «کەچەڵ = أقرع».
٥٦- ل١٥٣ کەنۆ = مانگا شیردەر، چیلاب شیر = «البقرة الحالبة».
«کەنۆ» نییە، «کەندۆ»یە و ئەو مانگایەیە گوڵکی مردوو بێت و شیریش بدات.
٥٧- ل١٩٤ «کێڵگە، زەڤی، مزرعة، حقل».
«زەڤی» = «زەوی» بەکارهێنانی لێرەدا هەڵەیە.
٥٨- ل١٩٧ «گڵ = طین».
«گڵ، خۆڵ = تراب»، کەچی «طین» بە کوردی «قوڕە».
٥٩- ل٢٠٢ «گەرد = تراب».
«گەرد، تۆز = عجاج، غبار». خۆڵ «تراب»ە.
٦٠- ل٢٠٣ «گەزۆ = من السماء».

«گەزۆ = من، سلوی». نووسینەکەی نووسەر جۆری پەیدا بوو نییە و نەک ماناکەی.

٦١- ل٢٠٨ «لات، بەیار = أرض غیر محروثة».

«لات» تەختییت کردنی زەوییە بۆ تۆکردن، نەک زەوی.

«بەیار» زەوییەکە لە ساڵێک پتر نەکێڵدرا بێت، ئەگەرنا «بوور»ی پێدەگوترێت، یان هەر لە ئیجادەوە نووکی گاسنی پێنەکەوتوو بێت.

٦٢- ل٢١٠ «لفکە = لجام».

«لجام» بە کوردی «لغاو»ە.

«لفکە»ش بەم دوو مانایە دێت:

١- «عذبة العمامة» = «لفکەی دەسترۆک و هێزار و هەوری».

٢- لیف الحمام = «لیفکەی خۆشوشتن».

٦٣- ل٢١١ «لۆقن، لۆقە = طویل الرجل».

«لۆقن» ڕاستە، کەچی «لۆقە» = «خطوة المشي»: «ئازاد وا بە لۆقەلۆقە هات».

٦٤- ل٢١١ «لووس «بێ موو» = أجرد».

«لووس» بەم مانایانە دێت:

١- بێ موو.

٢- بێ گرێ و گوار: «ئەم تاتە بەردە زۆر لووسە».

٣- هەموو: «ئازاد کەل و پەلەکانی لووس برد».

«أجرد» = «أحمد أجرد من السلاح». واتە ڕووت کراوە. نەک لووس.

٦٥- ل٢١١ «لووشکە، حیلاندی = صهیل».

«لووشکە = جوتە، جۆتکە» بە عەرەبی «رفس، رکل»ە.

کەواتە بەکارهێنانی لێرە هەڵەیە.

٦٦- ل٢١٢ «لەگین = حتمي، ممکن».

«حتمي = واجیب». بۆ ئێرە نابێت.

٦٧- ل٢١٨ «مامۆژن، ئامۆژن = عمة، زوجة العم».

«عمة» خۆشکی باوکە و «پلک» و «پوور»ی پێدەگوترێت.

نەک ژنە مام.

٦٨- ل٢٣٣ «ناسیار، ناسیاو = أقرباء».

«ناسیار = أصدقاء».

«أقرباء = خزم» نەک ناسیار.

٦٩- ل٢٣٣ «نامووس، هەتک = شرف، کرامة».

«هەتک» بە مانا «ئیهانە و ڕیسواکردنە» و دژی نامووس و شرف، کرامة»ە.

٧٠- ل٢٣٨ «نزار = منطقة مظلمة من الجبل، منطقة باردة».

بەبێ ڕاڤەکردنی بە کوردی. کەچی لە ڕاستیدا بەم مانایانە دێت:

١- بەر سێبەر = نسار.

٢- لە ڕو لاواز و کز.

٣- لێڕەوار.

٧١- ل٢٣٨ «نسار = منطقة معتدلة».

هەڵەیە و «نسار» شوێنی سێبەر و ڕۆژنەگرە.

٧٢- ل٢٤٥ «نەزۆک، ئەستەویر = العاقر، غیر منتج».

«نەزۆک» مێینەیەکە بێچووی نابێت، کەچی «ئەستەویر، ئەستێور، ستێور، قسر ئاژەڵێکە ساڵێک زگ نەکات» و بەس.

جا پێشتر زابێت، یاخۆ ساڵی دووەم بزێت، هیچ کار لە مانای ئەستەویر ناکات.

٧٣- ل٢٥٤ «ولاخ - حمار، جحش».

«ولاخ» هەر گوێدرێژ نییە، ئەسپ و ماین و هێستر و گا و گۆلک و گامێشیش دەگرێتەوە.

٧٤- ل٢٥٤ «ولاغ = حمار و بغل».

«ولاخ و.. ولاغ هەردووکیان یەکن. نووسەر «ولاخ»ی کردووە بە «کەر و جاش» و «ولاغ»یش «کەر و هێستر». ئەمەش بەڵگەی نابەلەدی و نەشارەزاییتی لە نووسینی فەرهەنگدا.

٧٥- ل٢٨٠ «هەوێن، مەیین = تخثر، خمرة».

ئەم دوو پەیڤە لە یەکتر ئاین. «هەوێن = خمیرة» کەچی «مەیین = إنجماد، تخثر».

# پەرەپێدانی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری

ئا. و: (د. کەمال مەعروف)
(کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین)

ئەدەبی بەراوردکاری بۆتە زانستێکی سەربەخۆ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەیەمدا، کە بەرنامەیەکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە و لە زانستی ڕەخنەی نوێ و مێژووی ئەدەب جودای دەکاتەوە، بەڵام بوونی ئەم زانستە بە کۆتایی گەشتێکی دوور و درێژی بەراوردەکان لەنێوان ئەدەبەکانی جوداواز دادەنرێ، هەرچەندە بارودۆخ هەندێ دیاردەکانی بەیەک گەیشتنی لەنێوان زمانی ئەدەبەکان دۆزییەوە، ئەم تۆژینەوە بەراوردکاریانە بایەخ بە دیاردەکانی کارتێکردن و کار لێکردن دەدەن، هەر دەم بنەمای نوێی لە بنەماکانی زانستی ئەدەبی بەراوردی دەخرێتە سەر و تاکو بەرەو تەواوبوون و سەربەخۆیی بوون دەچێ، باس کردنی ئەم دیاردانە و هەوڵی هەڵسەنگاندنیان ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ سەرهەڵدانی زانستی ئەدەبی بەراودی لە چەرخی نوێدا.

١- تیۆری لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی: یەکەم پێوەندی لە مێژووی کۆندا لەنێوان دوو ئەدەبدا بووبێ، پێوەندی نێوان ئەدەبی لاتینی و یۆنانی بوو، ڕۆمانییەکان توانیان دەست بەسەر وڵاتی یۆناندا بگرن، ساڵی ٧٦٣م بە ڕێگای سەربازی داگیریان کرد، ماوەیەکی زۆری نەبرد کە سەرکەوتوو، ژێرکەوت، یۆنانییەکان توانیان ڕۆمانەکان لە ڕووی هزر و ڕۆشنبیرییەوە بە هەموو ڕەنگەکانی شارستانیشەوە، بە تایبەتی لە زانستەکانی ئەدەب و فەلسەفەدا داگیربکەن، کە جوداوازی لەنێوان ڕۆشنبیرییەکەیاندا مەزن بوو، چاوی ڕۆمانیەکان بە پێشکەوتن و هەمەلایەنی هزری

یۆنانییەکان کرایەوە. توانیان لە ڕێگای خوێندنەوە و هەزم و لاسایی کردنەوە، ئەدەبە دواکەوتووەکەیان بگەیێننە ئاستێکی بالاّ نومای ئەدەبی یۆنانی کە توانای وێنەگرتنی سروشت و دەروونی مرۆڤایەتی هەبێ، بەم شێوەیە ئەدەبی ڕۆمانی لاسایی هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەبی یۆنانی دەکردەوە، تەنیا دواندن و مێژوو نەبێ، تاکو بووبوو بە باو خەڵکی دەیانوت ڕۆما لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە بەسەر ئەثینا زاڵ بوو، بەلاّم لە ڕووی ڕۆشنبیری و هزر و شارستانێتییەوە ژێرکەوت و بوو بە پاشکۆ و ئەسیری فیکری پیاوانی یۆنانی، لە ڕاستیدا هەموو مێژوونووسانی ئەدەب و ڕەخنەگرانی ڕۆمانیش ددانیان بەم ڕاستییە داناوە و هانی گرتنەبەری ئەم ڕێبازەیان دەدا، لەوانە (هۆراس)ی شاعیر بوو بە ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەوت، دوای نموونەکانی یۆنانیەکان بکەون، بەشەو و بە ڕۆژ تۆژینەوەیان لەسەردا بکەن، بێ گومان ئەم ددان پێنانە ڕاشکاوانە و خول خواردنەوەی ئەدەبی ڕۆمانی لە خولگەی ئەدەبی یۆنانیدا، هەوڵێک بوو، بۆ بووژاندنەوە و پێشکەوتنی ڕۆمانەکان، بەم جۆرە تیۆری لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی لە ئەدەبی ڕۆمانیدا بوونی پەیداکرد، نەک بە تەنیا (هۆراس ٨٥-٨پ.ز) داوای دەکرد، بەڵکو زۆرانی تریش لە ڕووناکبیرانی ڕۆمانی داخوازیان دەکرد، تەنانەت ڕەخنەگرێکی تری ڕۆمانی بەناوی (کانتیلیان-٣٥-٩٦ز) هات هەنگاوێکی فراوانی گرتە بەر بۆ ڕاڤەکردنی ئەم تیۆرە و بنەما و دەستووری بۆ دانا، بەجۆرێ تیۆرەکەی کرد بە پرانسیپێک لە پرانسیپەکانی هونەری یەکەم بنەما و ناکرێ هیچ هونەرمەند و ئەدیبێ وازی لێ بهێنێ، بنەمای دووەم ئەم لاساییکردنەوەیە شتێکی سووک و ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە بەهرەی تایبەتی ئەو نووسەرەیە کە لاسایی دەکاتەوە، بنەمای سێیەم پێویستە لاسایی کردنەوەکان، لاسایی وشەکان و دەستەواژەکان نەبێ، بەڵکو کرۆک و بابەتی ئەدەب و بەرنامەکەی بێ، بنەمای چوارەم پێویستە نموونەی باش هەڵبژێردرێ، چونکە مەبەستی ئەم لاسایی کردنەوەیە، هەوڵێکە بۆ گەیاندنی ئەدەبی لاتینی بە ئاستێکی بالاّ، بەو ئاستەی کە ئەدەبی یۆنانی پێی گەیشتووە، هەروەها دەبێ لە کاتی لاسایی کردنەوەدا ڕەسەنایەتی ئەدەبی نەتەوەیی بپارێزێ، لەلایەک، لەلایەکی ترەوە لاسایی کەرەوە پێویستە کەسایەتی و خودی خۆی بپارێزێ و لەبەرچاو بگرێ، پێویستە ئەدیبی ڕۆمانی درک بەو ڕاستییە بکات، کە لاسایی کردنەوە بە تەنیا شێواز و دەستەواژە و واتاکانی ناگەیەنێ، بەڵکو کرۆکی گشتی ئەدەبی یۆنانی و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دەگرێتەوە، بە جۆرێ بازنەی ئەدەبی لاتینی فراوان بکات کە بتوانێ لە هەمبەر مەزنایەتی ئەدەبی یۆنانی بوەستێ، بێ گومان ئەدەبی ڕۆمانی (لاتینی) لەژێر ساباتی تیۆری لاسایی کردنەوەدا پەرەی سەند و پێشکەوت، پاڵی بە ڕەخنەگرە ڕۆمانیەکانەوە نا کە بەرهەمی ئەدەبی خۆیان لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی یۆنانیدا بەراورد بکەن، پێوانەیان بۆ بەرهەمی ئەدەبی بەپێز ئەوەبوو، چەند بەرهەمەکە توانیوبەتی لاسایی ئەدەبی یۆنانی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

ئەم بەراوردکاریانە لەکاتی خۆیدا پێشکەوتوو بوون لە هەمان کاتدا ساکار و سادە بوون، دوور بوون لە وردی و دروستی زانستی و بنەماکانی ڕەخنەی نوێ.

٢- جیهانیەتی ئەدەبەکانی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (١٣٩٥- ١٤٥٣ز): لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایینی مەسیحی لە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبۆوە، بە جۆرێ وێنەی ژیانی هەموو وڵاتانی ئەوروپای گۆڕی، کە یەک سیمای گشتی هەموو وڵاتانی ئەوروپای پێکەوە کۆدەکردنەوە، ئەویش زاڵ بوونی دوو چینی کۆمەڵایەتی بوون، کە بەسەر ڕووداو و کاروبارەکانی وڵاتدا دەسەڵاتداربوون. ئەم دوو چینەش پیاوانی ئایینی و فرسانەکان بوون، پیاوانی ئایینی بەهۆی دەسەڵاتی گیانییەوە، پیسترین زوڵم و زۆرداریبیان جێ بەجێ کرد، سوودێکی دنیایی لە ڕادە بەدەریان پێگەیشت، پلەوپایەکی بڵند و سەروەت و سامانێکی زۆر و دەسەڵاتدارێکی سیاسی فرە گەورەیان بەدەست هێنا، تا گەیشتە ڕادەیەک لە زۆرکاتدا دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی پاشاکان مەزنتر و بەرفراوانتر بوو، فرسانەکانیش هاوبەشی خێروبێرو خۆشی پیاوانی ئایینی بوون، لەژێر چنگیان دزێوترین جۆر دەرەبەگ و زۆر جۆرە چەوساندنەوە بڵاوبوونەوە، وەک گەرانەوەیەک بۆ نیمچە ڕژێمی کۆیلایەتی بوو کە ئەمیر و نەجیبزادەی فرسانەکان بوونە خاوەن زەوی و زارێکی زۆر و کرێکار و جووتیارانیش بە کەمترین قووتی ژیان کاریان بۆ دەکردن. گومانی تێیدا نییە کە دەرەبەگی سیاسی و مەزهەبی بوو

بەهۆی ئەوەی کە دەربەگی هزر و ئەدەبی ئاراستە کراو سەرهەڵبدا، هەموو ئەدەبەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی دەنووسران، لە هەمان کاتدا زمانی کڵێسەش بوو، بۆیە پیاوانی کڵێسە بەسەر بزووتنەوەی فیکری زاڵ بوون، خۆیان نووسەر و خۆشیان خوێنەربوون، کاری ئەدەبیان بەوە ڕەچاو دەکرد کە بە تەنیا کارێکە لەسەر خۆیان ڕاوەستاوە، ڕێگەشیان بە کەس نەدەدا، کە بەکاری نووسین و ئەدەبیات هەڵبستێ، ئەمیر و نەجیبزادەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ئەوروپادا خەریکی شەڕ و شۆڕ و بەرگری کردن لە ئابڕۆی کڵێسە بوون، ئەم یەکێتییەی نێوان ئەدەبەکانی ئەوروپا و سیمای وەک یەکیان، دیاردەیەک لە دیاردەکانی جیهانیەتی ئەدەبی لە ئەوروپادا چێ کرد، ئەم جیهانیەتەش لەکاتی خۆیدا کەسێ نەبوو کە هەڵسەنگاندنی لەسەر بکات، ئەو بارودۆخ و هۆکارانە ڕوون بکاتەوە کە یارمەتی داوە.

ئەگەر تۆژینەوەکانیش بووبن لە ناخی ئەدەبی بەراوردیدا ئەوا تۆژینەوەکانی بەراوردی لە بواری کاریگەریەکانی گشتیدا بووە، وەکو کاریگەرییەکانی ئایینی مەسیحی و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بوونە، بەڵام بواری ئەم تۆژینەوانە بە درێژایی ئەو چەرخانە نەدۆزراونەتەوە، بەڵکو ئەم تۆژینەوانە تاکو چەرخی نوێ دواکەوتن، کاتێ چەمکی ڕەخنە پێش کەوت و بازنەکەی فراوان بوو کە لە چوار چێوەیدا ڕەخنەگرەکان و مێژوونووسانی ئەدەب کەوتنە کار کردنەوە.

٣- تیۆری لاسایی کردنەوە و چەرخی بووژانەوە (سەدەکانی- ١٥، ١٦ز). ئەدەبیاتی ئەوروپا بەدرێژایی دە سەدە یەخسیری کار و ڕەوایی کڵێسە بوون، تاکو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕا، پاڵی بە ئەدیبانەوە نا کە لەو دەسەڵاتە زاڵە یاخی بن کە پاشکەوتن و دواکەوتنی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت بەرەو تیۆری لاسایی کردنەوە گەڕانەوە کە لەلای ڕۆمانیەکان باوبوو، ئامانجیان لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی بوو، کە لەوکاتەدا شۆڕشێکی هزری بوو، هەروەها دەرچوونێک بوو، لەسەر ئەدەبەکانی چەرخەکانی ناوەڕاست کە شێوازێکی مەسیحی هەبوو، ئاگاداری هەندێ لە ئەدیبانی ئەوروپا لەسەر وەرگێڕانی گەنجینە کۆنەکان بە زمانی عەرەبی، وەکو وەرگێڕانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بۆیان دەرکەوت کە خوێندنەوەی ئەم گەنجینە کۆنانە بە زمانی عەرەبی هیچ هاندەرێک نابێ، بۆیە پیاوانی بووژانەوە بۆ زمانە ڕەسەنەکەی گەڕانەوە، پاشان دەقەکانی یۆنانیان وەرگێڕاو بە چاپیان گەیاندن و هەوڵیان دا کە لە ئەدەبی نەتەوەییدا لاسایی بکەنەوە، کە تیۆری لاسایی کردنەوە لە چەرخی بووژانەوەدا، دوو ئامانجی سەرەکی هەبوون.

١- زیندووکردنی گەنجینەکانی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی و جەخت کردنە سەر تۆژینەوەیان و زانینی هۆی نەمریان.

٢- هەوڵدان بۆ لاسایی کردنەوەی لە ئەدەبی نەتەوەییدا. ئەم داخوازیانەش سەرکەوتنی وەدەست هێنا، هەرچەندە لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە بە توندی بەربەرەکانی کراو ئەدەبی یۆنانی و لاتینییان بە ئەدەبەکانی گاور لە قەڵەمدا، بەڵام سروشتی مرۆڤایەتی ئەم ئەدەبانە، بوونە هۆکاری ئەوەی کە سەرکەون و لە دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسە و بەستەڵەکی بیریان ڕزگاریان ببێ. گرنگترین کۆمەڵە کە داوای لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی دەکرد، کۆمەڵەی (ثریا) بوو لە فەرەنسادا، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە حەوت کەس پێک هاتبوون، پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی و ڕۆمانییان وەکو هۆکارێک بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی فەرەنسی بەکارهێنا، ئەم کۆمەڵەیە لە بارەی تیۆری لاسایی کردنەوە لە کتێبی (بەرگری کردن لە زمانی فەرەنسی و بەرزکردنەوەی ئاستی) هەستی خۆیان دەربڕیوە. (دی بلی) دەڵێ، مەبەست لە لاسایی کردنەوە گواستنەوە و وەرگێڕان نەبوو، بەڵکو هەزم کردن و ئاوێتەبوون و دەق ئاوێزانی ئەدەبی نەتەوەیی بوو، بە نموونەکانی کە لاسایی دەکرانەوە. شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی (دورا- ١٥٠٨- ١٥٨٨) فێرخوازەکانی فێری مانای تیۆری لاسایی کردنەوە دەکرد، بۆی ڕوون دەکردنەوە کە لاتینی چەند قەرزاری یۆنانییە، لاتینی نزیکەی پێنج سەدە ئەدەبێکی نەبوو کە شایەنی باسکردن بێ، بەڵام بەهۆی پێوەندی بە ئەدەبی یۆنانییەوە پێش کەوت و پەرەی سەند، بۆی ڕاڤە دەکردن کە چۆن (شیشرۆن)ی ڕۆمانی لە دواندنەکانیدا قەرزاری وتاربێژی یۆنانی (دیموستین) بوو، چون (فرجیل)ی لاتینی بە شاعیری یۆنانی (تیوکریت) کاریگەر بووە،

چون شاعیری یۆنانی (بنداروس) سروشتی بە (هۆراس) بەخشیوە. تۆژینەوەکانی (دورا) زۆر بە سوود و بەرداربوون، لە هەمان کاتیش لە بەرنامەکییدا سەرەتایی بوون، بەخێرایی گەواهی تر خرایە سەر نموونەکانی لاتینی، ئەویش بووژانەوەی ئەدەبی ئیتالی بوو لە چەرخی راپەریندا بەهۆی پێوەندییەکانی بە ئەدەبی یۆنانی و رۆمانییەوە بوو، بەو هیوایەی کە فەرەنسییەکانیش دوای شوێن پێی لاتینی و ئیتالی بکەون. رەخنەگرێکی تر (دی بلی ١٥٢٢- ١٥٦٠) دەڵێ: بەبێ لاسایی کردنەوەی یۆنانی و رۆمانی ناتوانین بالآیی و درەوشاوەیی بە زمانەکەمان ببەخشین.

داوای دەکرد کە شاعیرەکان بۆ دەقە کۆنەکان بگەڕێنەوە و هەزمی بکەن، هەروەها دەقەکان بە زمانی بنچینەیی خۆیان بخوێننەوە نەک پشت بە وەرگێڕان ببەستن، بۆیە توێژەرەوە دەبێ زمانی دەقەکە بزانێ، تاکو لەسەر ئەو جوانکارییە هونەرییە بوەستێ کە دەقەکە بەخۆیەوەی گرتووە، کۆمەڵەی (ثریا) لە بارەی وەرگێڕانەوە رایەکی تریان هەبوو (ڤیرک پلتییە- ١٥١٧- ١٥٨٢) دەڵێ: وەرگێڕانی دەست پاک بە وەفایە بۆ بنەچەکەی، چاکە بۆ دەوڵەمەندی زمان، «وەرگێڕانی ورد باشترە لە داهێنان.

سووربوونیان لەسەر بووژاندنەوەی ئەدەبەکەیان پاڵی پێوەنان کە گەنجینەی ئەدەبەکانی کۆن بدۆزنەوە و لاسایی بکەنەوە مەرجێکی تری رەوتی مرۆڤایەتی کە بانگەوازیان بۆ دەکرد لە توێژینەوەکانی بەراوردکاریدا نابێ لاسایی نووسەران و شاعیرانی هەمان زمان بکرێنەوە، چونکە ئەم جۆرە لاسایی کردنەوەیە زمان بەرەو وەستان و بەستەڵەک دەبات، (دی بلی) دەڵێ: ئاگاداربە، ئەگەر دەتەوێ زمانەکەت پەرە بسێنێ، ببێتە سەرچاوە، بەرەو لاسایی کرچ و کاڵ و مەچۆ، لاسایی ئەدیبانی زمانەکەت مەکەوە، چونکە هیچ پەرەسەندنێک و سوودێکی نییە، تەنیا ئەوە بە زمانەکەت دەبەخشێ کە پێشتر هەیبووە. بە لاسایی کردنەوەی ئەدەبەکانی کۆن، دەتوانرێ رەگەزەکانی ئەدەبی نوێی دروست بکرێ، کە ئەمە بە لاسایی کردنەوەی نووسەرانی هەمان زمان چێ نابێ، (دی بلی) دەڵێ: ئەگەر دەربارەی شارەزایی شاعیرەکانمان لێم پرسیار بکەیت، دەڵێم کۆششیان کرد لەوەی نووسیان، زمانەکەمانیان دەوڵەمەند کرد، ئێمە زۆر قەرزاری ئەوانین، بەڵام ئێمە دەتوانین لە زمانەکەماندا رەگەزەکانی شیعری زۆرتر تازە و بە پێزو بە پیت و بەرەکەت دابهێنین، ئەگەر لە ئەدەبەکانی یۆنانی و رۆمانی تۆژینەوەیان لێ بکەین پێویستە لاسایی کردنەوە، بە جۆرێ بێ کە رەسەنایەتی نووسەر رەش نەکاتەوە، لەم رووەوە (پلتییە) کارتێکراوە بە (کانتیلیان)ی رۆمانی، لاسایی کردنەوە، لاسایی کردنەوەیەکی رووت نییە، بەڵکو رێکردنە بەدوای نموونەی راست کە رابەرو پێشرەوە بۆ نووسەر. هنری شامخرد (Henri chamard) دەڵێ:

لاسایی رووت بەرهەمی بالآ چێ ناکات، کەسانی تەمەڵ و کەم ورە دەبنە پاشکۆی خەڵکانی تر، هیچ وردبینیەکیان نییە و هەردەم پاشینە دەمێننەوە.

**مەرجەکانی لاسایی کردنەوە لە چەرخی راپەڕیندا**

١- لاسایی کردنەوە لە خودی خۆیدا ئامانجێک نەبوو، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان پێش خستن و پەرەپێدانی ئەدەبی نەتەوەیی بوو.

٢- لاسایی کردنەوە مانای رازی بوون بە تەقلید ناگەیەنێ، بەڵکو مانای خوێندنەوە و هەزم کردن و کاریگەری بوون بە نموونەی بە پێز دێت. ئەم هەوڵەش بۆ ئەوەی هێز و پایەیەک بە ئەدەبی نەتەوەیی ببەخشێ تاکو لە بازنەی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی جیهانی هەنگاوبنێ.

٣- لاسایی کردنەوەکانی ئەدەب لە هەمان زماندا نابێ، ئەمەش مانای وایە کە لاسایی شتێک دەکاتەوە خوێنەر توانای دەبێ بۆی بگەڕێتەوە لە هەمان کاتیشدا بیخوێنێتەوە، بەڵکو مەبەست لە لاسایی کردنەوە ئەوەیە کە نووسەر لە توانایدا بێ بە زمانانی یۆنانی و رۆمانی بیخوێنێتەوە، تێی بگاو ئەم کارتێکردنەش لە وێنەی ئەدەبی نوێدا بە زمانی ناوچەیی بخاتەڕوو.

لەکۆتاییدا (لابروییر) دەڵێ: ناتوانی بگەیتە سنووری تەواو لە نووسیندا هەروەها ناتوانی لەگەڵ زۆربوونی تواناش بەسەر پێشینان زاڵ بی ئەگەر لاساییان نەکەیتەوە.

٤- یاسا دەرکردن بۆ ئەدەب لە سەرەتای چەرخی کلاسیکیدا سەدەکانی ١٧-١٨ز.

ئەدیبەکان زیاتر لە دەوری تیۆری لاسایی کردنەوە و بنەماکانی کۆبوونەوە، تەنانەت دەستوور و یاساشیان بۆ دانا و فرمانی لەسەر ئەدەبەکانی وێک چوو دەردەکرد،

چەند ئەدیبەکان پابەندی ئەم دەستوور و یاسانەبوون، قالبێکی تۆکمەبوو، نەدەبوو ئەدیبان لێی یاخی بن یاخود لێی لادەن، بۆیە تۆژینەوەکانی ڕەخنەیی لە چەرخی کلاسیکیدا دوو ئاراستەی هەبوو.

١- دانانی دەستووری هونەری بۆ هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی، ئەم دەستوورانەش کە لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی پەیڕەو دەکران.

٢- بڕیاردان لەسەر هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە سەرەتای چەرخی کلاسیکیدا، لەو سۆنگەوە بوو، کە نووسەرەکە یاخود شاعیرە کلاسیکیەکە تا چەند بەم دەستوورانە دەربەستە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئەدەبە بە ئەدەبەکانی کۆن کارتێکراو بوو، گرنگی ڕەخنەگرەکان لە ئاراستەی مێژوویی دوورتر بوو، تۆژینەوە لەو سەرچاوەی کە نووسەرەکە ئاوی لێ خواردۆتەوە ئامانجیان پرۆسەیەکی هونەری بوو، کە ئامۆژگاری و بانگ کردن بوو بۆ بەرهەم هێنان بەگوێرەی یاساکان. کاتێ ئەدەبی فەرەنسی بە ئەدەبی ئیتالی و ئەسپانی کاریگەر بوو، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان تۆژینەوەیان لەسەر ئەم پێوەندییە ئەدەبییە نێو نەتەوەییە خستەڕوو، (مدام دی سکودیری) کاتێ سەرزەنشتی (کورنی)ی شاعیری کرد کە شانۆگەری «السید»ی (Le cide) لە ئەدەبی ئەسپانی دزیوە، بەڵام ئەم تۆژینەوانە بە دۆزینەوەی دزی دانانرێن، بەڵکو تانووت لێدانە، تەنیا بڕیارێکە لەسەر کتێبەکە، دەیەوێ ڕەخنەی لێ بگرێ، بێ ئەوەی پێوەندی مێژوویی بخاتەڕوو، بێ ئەوەی بیر لەشی کردنەوەی پێوەندییەکان بکاتەوە. بارودۆخەکە بەم شێوەیە بوو، تا لەسەدەی هەژدەیەمدا گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووی دا، پێوەندی بە ئەدەبەکانی ئەوروپی جوداوازەوە کران، لە ڕێگای ڕەوکردن و ڕۆژنامەگەری و گەشت و گوزارەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەمەش وای کرد کە ئاگاداری ئەدەبی ئەو وڵاتە بن کە سەردانیان تێدا کردوون. ئەمانە بوونە هۆکارێ کە بەلاسایی کردنەوەکانی یۆنانی و ڕۆمانی ڕازی نەبن، بەڵکو پێویستە دەروازەیەک لەسەر ئەدەبی نوێی ئەوروپادا بکەنەوە، هەوڵیان دا کە لاسایی کردنەوەکان، بەرهەمە باشەکان بگرێتەوە، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان دەستیان بە تۆژینەوەی بەراوردی برێ لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی لە ئەدەبەکانی ئەوروپیدا کرد. یاخود بەراوردکردنی بەرهەمی ئەدیبێک لەگەڵ بەرهەمی ئەدیبێکی تردا. ئەم توێژینەوانە خەوشداربوون، چونکە بایەخیان بە ڕەگەزی مێژوویی نەدەدا، کە بە بنەمای ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێ، بەراوردەکانیان تەنیا باسی دیاردەی دزی ئەدەبی دەکرد، لە چەرخی کلاسیکیدا ئاراستەیەکی ئەدەبی پەیدابوو کە هەندێ لە ڕەخنەگرەکان ڕەخنەیان لەسەر ئەدەبەکانی نەتەوەکانی تر دەخستەڕوو، بەڵام ڕەخنەی ئەمانە، لەوانە (ڤۆلتێر) بڕیارەکەی لەسەر نووسەر یاخود لەسەر بەرهەمەکەی بڕیارێک بوو کە لە دەستوورەکانی کلاسیکی پەیڕەو دەکرا کە لە بنچینەدا پشتی بە لاسایی کردنەوەی ئەدەبەکانی یۆنانی و ڕۆمانی دەبەست، هەوڵەکانیان لە بواری ڕەخنەدا تەنیا بنەمای ڕەگەزەکانی ئەدەبیان لە ڕووی مێژووییەوە روون دەکردەوە، هەوڵیان نەدەدا لە دیاردەکانی کارتێکردن و کاریگەری لە ڕوانگەی زانستییەوە بکۆڵنەوە چۆن ژینگەی جیاواز، ئەدەبی جیاوازی چێ کردووە، زۆر مەرجی تر پێویستە لە تۆژینەوەی بەراوردیدا پەیڕەو بکرێ.

دیارە لە سەدەی هەژدەیەمدا گونجانی پێوەندی لەنێوان ئەدەبەکانی ئەوروپیدا زیاتر بوو، ئارەزووی توێژەرەوەکان بۆ زانینی ئەدەبەکانی تر وەکو ئەدەبی سەرووی ئەوروپا و ئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانی لە فەرەنسا زیادی کرد، گەشت و گوزار و وەرگێران زیاتر بوون، ئەدەب بەرەو ڕەوتی مرۆڤایەتی هەنگاوی نا، لە سنووری ئەدەبییەوە بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر و ئامانجێکی باڵاتر چوو.

ئەم هۆکارانە بەروبوومێکی نەبوو، نە لە دروست کردنی مێژووی ئەدەب وەکو ئەوەی ئیمڕۆ هەیە، نە لەسەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردیدا. زۆربەی مێژوونووسانی ئەدەب تاکو کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە سنووری ژیانی دانەر و خستنەڕووی دەقەکانیان تێ نەدەپەڕاند، ئەگەر ئاسۆی ڕەخنەگر فراوانتر بووبێ ئەوا (ڤۆڵتێر) بەرەو شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و ڕوون کردنەوەی بەهاکانی هەنگاوی نا، ئاسۆی ڕەخنە فراوان بوو، ئەدەبی نەتەوەکانی تریان بە ڕەخنە و هاوکێشەکردن خستنەڕوو.

٥- ئەدەبی بەراوردکاری و بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی.

بیری کلاسیکی بەدرێژایی دوو سەدە، بەسەر بزووتنەوەی ئەدەبی لە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا زاڵ بوو،

دەبوایە ئەدیبیان بە دەستوور و مەرجەکانی کلاسیکی دەربەست بن و پێویست بوو کە لاسایی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی بکەنەوە. بەسەرنجدانێک لە ئەدەبی کلاسیکی، دەردەکەوێ کە ئەدەبێکی ئەرستوکراتی بوو، گوزارشتی لە هەستی چینە بەرزەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی دەکرد، بۆ ئاستی گشتی دانەدەبەزی، بێگومان ئەم کۆت و پێوەندانە ئەدیبانی ناچار کرد کە لە بزووتنەوەی کلاسیکی دووربکەونەوە و هەوڵیان دا کە لەوپەڕی ڕاستەوە بەرەو ئەوپەڕی چەپەوە بگوێزنەوە، لە زێدە ڕۆییەکەوە بۆ زێدەڕۆییەکی دژ، دیارە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی جێگای ئەدەبی کلاسیکی گرتەوە کە دووسەدە هەموو ئەدەبیاتی ئەوروپا لە خولگەی یەک بازنەدا دەخولانەوە و یەک مەرجیان بەجێ دەگەیاند بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لە جیهانی ئەدەبدا مانای دژ بە بزووتنەوەی کلاسیک دەگەیەنێ.

وشەی ڕۆمانتیزم لە وشەی (ڕۆمانس)ەوە وەرگیراوە کە بنەچەکی لاتینی هەیە، ئەم زاراوەیە لە سەرەتای چەرخەکانی ناوەڕاست و چەرخی بووژانەوەدا بە ئەدەبەکانی گشتی دەوترا کە لە لاتینی کۆن جیابوونەوە، وەکو ئەدەبەکانی فەرەنسی، ئیتاڵی، پەرتوگالی و ئیسپانی بوون، بەم جۆرە کلاسیکیەت لەگەڵ دەست پێ کردنی سەدەی نۆزدەیەمدا کەوتە پاشەکشێ و پووکایەوە، لە ئەنجامی پەیدابوونی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی وەکو بزووتنەوەیەکی ڕەتکەرەوەی بارودۆخە وەستاوەکە، بێ ئەوەی چەمکی بزووتنەوەکە دیاری بکات، ڕێگە خۆشکەربوو کە هەموو ئەدیبێ بیروڕای بە ئازادی دەربڕێ، بێ ئەوەی کۆمەڵگا کۆت و پێوەندی بۆ دابنێ بەم جۆرە ئەدەبەکانی ئەوروپا لە کۆت و پێوەندی تەواوەوە کە مەبەستمان کلاسیکییەتە بەرەو بزووتنەوەی ئازاد، بێ هیچ پێوەندێک کە ڕۆمانتیکییەتە گوێزرانەوە، بە هەرحاڵ دەتوانین بزووتنەوەی کلاسیکی لە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لەگەلێ ڕووەوە جودابکەینەوە، تاکو دەرکەوێ کە ڕۆمانتیکییەت چ دەورێکی هەبووە لەکاتێکردنی گشتی و ئاراستەی تۆژینەوەکانی ئەدەبی و بە تایبەتی تۆژینەوەی بەراوردکاریدا.

١- بزووتنەوەی کلاسیکییەت داوای لە ئەدیب دەکرد، کە بەرهەمەکەی وێنەی کۆمەڵگاکەی بێ، هەروەها ئەدیبێکی دەربەست بێ، بەو یاساو ڕێسایانەی ڕەگەزەکانی ئەدەبی و هزری لەوێوە هەڵێنجێ، پابەندی داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگایەبێ کە تێیدا دەژیت، هەروەها بە لاسایی کردنەوەی ئەدەبەکانی یۆنانی و ڕۆمانی دەربەست بێ، وەکو ئەدیبێکی ئورستوکراتی بۆ چینی سەرووی کۆمەڵەوە بێ، بەڵام بزووتنەوەی ڕۆمانتیکیەت بتی کلاسیکیەتی شکاندو تاکی ئازاد کرد و تاکو نووسەر چی لە مێشکدایە بێ پەروا بتوانێ بیخاتەڕوو، بێ ئەوەی بە هیچ داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی بەجێ ماو دەربەست نەبێ، هەروەها دەستوورەکانی ئەدەبەکانی یۆنانی و ڕۆمانی لەبەرچاونەگرێ، بەم جۆرە نووسەر بە ئازادی گوزارشتی لە هەست و نەست و ئەندێشە و هزری دەکرد، بێ ئەوەی ملکەچی هیچ شتێ ببێ. بۆیە ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئامانجی تاکی لەسەر حیسابی کۆمەڵ جێ بەجێ کرد، بەڵام کلاسیکیەت پارێزگاری لە خودی کۆمەڵگا دەکرد و هیچ بایەخێکی بە خودی نووسەر نەدەدا.

دەتوانین بڵێین کە ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئەدەبێکی شۆڕشگێڕبوو، بایەخی بە بەرژەوەندی تاک دەدا، دژی زوڵم و زۆرداری لە کۆمەڵدا وەستا، شێوازێکی مرۆڤایەتی گەلی هەبوو لە هەڵبژاردنی کەسەکان و بابەتەکاندا، کە گوزارشتی لە سۆزی پاک و هیواکانی گشتی چینی ناوەندی دەکرد، ئەم ڕێبازە ئاکامی شۆڕشگێڕی ترسناکی هەبوو کە دەستی لە کێشەکانی ئایین و کۆمەڵگا و سروشت و سۆزی گشتی دەدا، هەروەها دەستی لە ئاکامی هونەری ئەدەب و ڕەخنە دەدا، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ بێ، ڕەخنەی ئەدەبی بوو کە پێوەندی بەسەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەبوو، کەچی فرمانی ڕەخنەی کلاسیکی سەیری بەرهەمی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی دەستوورەکان دەکرد، چەند نووسەرە کە دوای دەستوورەکان کەوتووە و پەیڕەوی کردووە. هیچ بواری خودی و زەوقی جوانییان نەبوو، ئەو جوانییەی کە هونەرمەند لێی دەگەڕا، ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان بوو، کە نەدەگۆڕدرا بە گۆڕینی کەسەکان و چەرخەکانەوە، ڕۆمانتیکیەکان سەیری ئەدەبێ دەکەن کە بەرهەمی تاکە، گرنگی ڕەخنەش ڕاڤەی ئەم بەرهەمانە بکات، ڕاڤەیەکی زانستی وەکو ئەزموونێکی تاک لە ژینگەیەکی تایبەتیدا، چونکە زەوق لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێ، هەروەها لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر.

٢- لە ئاکامی ئەوەی کە ئەدەبی کلاسیکی بە کۆمەڵەوە پەیوەست بوو، بۆیە عەقڵ پێشڕەوی کاری ئەدەبی بوو، کاروبارەکان بە پێوانەی عەقڵ دەپێوران نەک بە پێوانەی ئەندێشە و ویژدانەوە، ئەدیبانی ڕۆمانتیکی لە عەقڵ یاخی دەبن و بە ڕێگری دادەنێن، لە ڕوانگەی سۆز و خۆشەویستییەوە دەیاننووسی، چی هەست پێ دەکرد، ئەوەی دەنووسی، ئاوێنەی دڵی بوو نەک ئاوێنەی شتەکان. هەروەها بەلایانەوە سەرچاوەی جوانی چەشەی تاکەکانە نەک عەقڵ. کلاسیکیەت ئاوێنەی کۆمەڵ بوو، بە عەقڵ و مەنتیق پێوەندیداربوو، لێی لانەدەدا، بەڵام ڕۆمانتیکیەت بەخۆشەویستییەوە پابەندبوو، باوەڕیان وابوو، کە تێگەیشتن لە ژیان و بوون لە ڕوانگەی سۆزەوە دەبێ.

٣- ئەگەر عەقڵ بنچینەی ئەدەبی کلاسیکی بێ، کۆمەڵگا ئاکامی بێ، پێویستە ئەدیب لە ڕاستییەکانەوە دوورنەبێ، بە تەنیا لەو بپرسێ، پاکانەیان بۆ ئەم بانگ کردنە هیچ شتێ لە ڕاستی جوانتر نییە، بە تەنیا هەر ئەو شایەنی خۆشەویستییە، پێویستە لە هەموو شتێ زاڵ بێ، تەنانەت لە خورافیاتیشدا، مانای ئەوە ناگەیەنێ لە خەیاڵدا کارزانی هەبێ، بەڵکو ڕاستی لەبەرچاوان ڕۆشنە بێ گومان هەستکردن بە ڕاستی و پێوەست کردنی بەجوانی لە باوەڕیان بەنەبوونی پێشکەوتنەوە بوو، هەر تاکێک ناتوانێ ڕاستی چینەکەی بگۆڕێ، بۆی نییە خەون بە گۆڕینی باری کۆمەڵایەتییەوە ببینێ، تەنانەت بە هزریش ناتوانێ بۆ جیهانی جوانتری بگوێزێتەوە، لەو جیهانە ڕاستییە دڵتەنگەی کە تێیدا دەژیت. بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی پاڵپشتەکانی بزووتنەوەی کلاسیکی ڕووخاند، مرۆڤ گەڕاوە بۆ ئەو شتانەی کە لێی قەدەغە کرابوو، ئەویش جوانی و هەست بوو، مرۆڤ حەقی خۆبەتی باری کۆمەڵایەتی بگۆڕێ و لە چینێکەوە بۆ چینێکی تری بگوێزێتەوە، مادام توانی گوێزانەوەی هەیە، بۆیە ڕۆمانتیکیەکان هەستیان بەجوانی دەکرد لە هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی بووندا کە لە دەوروبەریان بوونی هەبێ، دەیانوت هیچ ڕاستییەک بەبێ جوانی نییە، هیچ جوانییەکیش بەبێ ڕاستی نییە، هەروەها دەیانوت کە جوانی کۆڵەگەی چالاکی مرۆڤایەتییە.

٤- بزووتنەوەی کلاسیکیەت دەستوورێکی بەسەر هەموو وڵاتانی ئەوروپادا سەپاندبوو، هەر هەموویان لەسەربەک هێڵ دەڕۆیشتن، لێیان لانەدەدا، جیاوازی لەنێوان ئەدەبەکان زۆر هەژاربوو، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی بانگەوازی ڕۆمانتیکی بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی هەر ناوچەیەک بە زمانی خۆی بنووسێ مەیدانی ئەوروپا بۆربۆڕێنی لەنێوان ئەدەبەکانی ناوچەیی وەکو ئەدەبی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتالی، ئەڵمانی و ئیسپانی تێدا پەیدابوو، ئەمەش هەنگاوێک بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم ئەدەبانە، بێ شک گیانی مونافەسە سەرنجی هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەبی ڕاکێشا و تۆژینەوەی لە هەریەک لەم ئەدەبانە بکەن، هەروەها هەوڵیان دا تۆژینەوە لە شوێن بە یەک گەیشتن و لێک چوون لەنێواندا بکرێت، کە بە پێوەندییەکی پتەوی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێ.

٥- کلاسیکیەکان نووسینی مێژووی سەربردەی پاشاکان و فرسانەکان بە تۆمارکردنێکی کەمتەرخەمی دادەنێن، چونکە ئەوان خاوەن وشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون لەکاتی خۆیدا، بەڵام ئەدەبی ڕۆمانتیکی داوا دەکات کە مێژوو بایەخ بە وێنەکێشانی باری چینەکانی گەلی ڕەنجدەر بدات، بەراوردکاری لەنێوان گەلەکانی دراوسێیدا لەباری دابونەریتی کۆمەڵایەتییانەوە بکات. بێ گومان تۆژینەوەی ئەم هۆکارە مێژووییە، لەناو تۆژینەوەی پێوەندیە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەتەکاندا، دەچێتە ناو چوارچێوەی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردییەوە ئەم پێوەندییانە شوێن پەنجە لەسەر شەپۆلەکانی هزر و ئەدەبەکانی کە لاسایی دەکرێنەوە جێ دەهێڵێ و لەنێوانیاندا تۆژینەوەی بەراوردکاری دەبەستێ.

٦- وشە لە ئەدەبی کلاسیکیدا لەلای هەموو شاعیرەکاندا مانایەکی دیاری کراوی هەبوو، هەروەها فەرهەنگی شیعری لەلای شاعیرەکاندا وەکو یەک وابوو، بێ ئەوەی سروشتی خودی هەڵقوڵاوی ویژدانی هەر شاعیرێ بێ، بێگومان ئەم بەستەڵەکانە لەگەڵ سروشتی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی نەدەگونجان هەموو شاعیرێک هەستی خودی خۆی هەبوو، وێنەی ڕەنگەکانی تایبەتی بوون، کە لە چوارچێوەی بابەتی باوی شیعری کلاسیکی دوور بوو، بۆیە پێویستە لەسەر شاعیری ڕۆمانتیکی فەرهەنگی شیعری نوێی تایبەت بەخۆی دابهێنێ، کە بەزۆری پشت بە واتاکانی ڕوون ببەستێ و پێوەندیدار بێ

به سرووشەکانی دەروونی و ویژدانی زۆرەوە، نەک بە ماناکانی مادی دیاری کراوەوە پەیوەست بێ، گوزارشت لەویژدان و ناوەوەی شاعیر بکات.

رۆمانتیکییەکان رۆڵێکی باشیان بینی بۆ لە دایک بوونی مێژووی ئەدەبی نوێ و رەخنەی نوێ، سەرهەڵدانی ئەم دوو زانستە لە زانستەکانی ئەدەبدا، رێگا خۆشکەر بوون بۆ پەیدابوونی ئەدەبی بەراوردی پێشرەوی رەخنەگرانی رۆمانتیکی (ویلهام شلیگل- ١٧٤٦- ١٨٤٥) داخوازی بۆ لاسایی کردنەوەی سروشت و تێکەڵ کردنی تراژیدیا و کۆمیدیا دەکرد، درکی بە رەخنە و تێروانینی بۆ کتێبی ئەدەبی و دیمەنەکانی جوانی لە سروشتدا، وەسفێکی وردیانی دەکردن، هەوڵی دەدا، بلیمەتی دانەر وێنەی راستییەکانی ئەدەبی وەکو خۆی بکات. دوو رێبازی گەورە پەیدابوون یەکەمیان سەیری ئەدەبی دەکرد کە پێوەندی بە ژینگە و کۆمەڵگاوە هەیە، لەوانە (مدام دی ستال)، رێبازی دووەم. سەیری ئەدەبی دەکرد کە پێوەندی بە دانەرەوە هەیە. لە هەرە گەورەکانی رۆمانتیکی کە ئەم داخوازیەی هەبوو (سانت بێف) بوو،

١- مدام دی ستال (١٧٦٦- ١٨١٧) یەکێکە لەو پێشرەوانەی رۆڵێکی باشی بینی لە بلاوکردنەوەی بزووتنەوەی رۆمانتیکیدا لە چەرخی ناپلیۆن ژیاوە و رووبەرووی بۆتەوە، ناپلیۆن زۆر لێی توورە بووە، ئاوارەی کردووە، پاش رووخانی ناپلیۆن بۆ فەرەنسا گەڕاوەتەوە. (مدام دی ستال) هەلی بۆ رەخساوە تاکو تۆژینەوە لەسەر ئەدەبی ئەڵمانی بکات، هەوڵی دا کە لەگەڵ ئەدەبی فەرەنسی بەراوردی بکات، هانی رەخنەگرانی تری دا کە بەراوردکاری و تۆژینەوە لە بواری کارتێکردن و کاریگەرییەوە بکەن، تاکو بزانن تا چەند گونجاون و جیاوازی لە نێوانیاندا هەنە، بەم هۆیەوە هزری رۆمانتیکیەتی لە ئەدەبی ئەڵمانی بۆ ئەدەبی فەرەنسی گوێزرایەوە، هەروەها داوای ئەوەی کرد کە ئەدەب وێنەی کۆمەڵگابێ پارێزگاری خودی ئەدیب بکات، ئەدیب بە بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ژینگە دادەنێ کە تێیدا ژیان بەسەر دەبات (مدام دی ستال) دەڵێ: بۆ یاساکان دەستوورەکان وەخت بوو هەمموو هەوپەیمانێتی یاخود لێک چوونی هزری نێوان نەتەوەکان بگەڕێنێتەوە هەروەها بۆ ژینگەش شتێ لەم جیاوازییانە بگەڕێنێتەوە، بەڵام پەروەردەی گشتی چینەکانی سەرووی کۆمەڵگا هەردەم لە دایک بووی رژێمی سیاسی باوە، حکومەت سەنتەری بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، هزرەکان و نەریتەکانیش شوێنی شەپۆلی بەرژەوەندییەکان دەکەون، مادام ئەدەب وێنەی کۆمەڵگایە، بۆیە پێویستە بایەخ بە تۆژینەوەی مێژوو بدرێ، چونکە پێوەندی بە شارستانییەتەکانەوە هەیە، (مدام دی ستال) لە پێشەکی کتێبەکەیدا (ئەدەب لە پێوەندییەکانیدا بەرژێمی کۆمەلایەتییەوە) دەڵێ: هەوڵ دەدەم کە کارتێکردنی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی فەرمانڕەوایەکان لە ئەدەبدا راڤە بکەم، هەروەها رێبازەکانی ئەودیو بخەمە روو لە هزری مرۆڤایەتی کە لە ئاکامی بیروڕای ئایینیەوە لە دایک دەبێ، چۆن ئەندێشە گەشە دەکات بەکاریگەری هەندێ لە ئەفسانەکان، هەروەها جوانی شیعر بکێشم کە لە سروشتی ژینگەوەیە، باسی پلەی نموونەیی شارستانێتی دەکەم کە بەهێزترین پاڵنەری ئەدەبە و هۆکاری تەواوکەریەتی، لە کۆتاییدا چۆن مرۆڤایەتی هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و رووناکی دەنێ، دەخەمە روو، (مدام دی ستال) لە رێبازەکانیدا کە بەرهەمی ئەدەبی بە دیاردەکانی کۆمەلایەتییەوە پەیوەست دەکات، پاشان ئەوە روون دەکاتەوە کە عەقڵی مرۆڤایەتی بە تێپەڕبوونی چەرخەکان پێش دەکەوێ، ئەم رێبازانە ناچنە ناو ناخی ئەدەبی بەراوردکاریەوە، بەڵام یارمەتی گەشەکردن و بووژاندنەوەی دەدات، چونکە (مدام دی ستال) لە تۆژینەوە رەخنەییەکانیدا بەرەو جۆری نموونەی ئەدەبەکانی تر دەچێ، هەندێ لە دیاردەکان شی دەکاتەوە و ئاماژە بە رووی وێک چوونیان دەکات، هەروەها ئاماژە بەسەرهەڵدانی هەندێ لە رەگەزەکانی ئەدەبی و بنەماکانی هونەری نەتەوەکانی تر دەکات (مدام دی ستال) دەڵێ: ئەوانەی بایەخ بە تۆژینەوەی ئەدەبەکانی تر نادەن و رقیان لێی دەبێتەوە، داوا دەکات کە تۆژینەوە بە زمانی ئەسڵی لە ئەدەبەکان بکەن. «مدام دی ستال» بەهۆی ئەوەی ئاسۆیەکی رەخنەیی فراوان و ئاگاداری ئەدەبەکانی بیانی بوو، هەروەها ئارەزووی تۆژینەوەی هزری مرۆڤایەتی لە زمانە جیاوازەکاندا دەکرد. نموونەی لێوەردەگرتن، ئەمانە کاریگەریان هەبوو لە بانگ کردنی بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی یەک ئەدەبدا، ئەمەش سوودی زۆری بە ئەدەبی بەراوردکاری بەخشی.

(سانت پیف- ١٨٠٤- ١٨٦٩) لە روانگەی

نووســەرەوە ڕەخنەی لە ئەدەب دەگــرت، بڕیارەکــانی لە ڕەخنەدا، بڕیارن لەسەر کەسایەتیەکانی دانەران، دەچێتە قوولایی هەموو نووسەر و شاعیرێکەوە، هۆکاری خودی کە نووسەرەکەی چێ کردووە، پرانسیپکی هەبوو لە وێنەگرتنی کەسایەتی نووسەرەکە، دەیوت «ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەکو بۆم دەرکەوتووە کە هیچ شتێ نییە کە زۆرتر ڕەسەن و بەتام و بە فەڕبێ لەوەی کە زانیاریەکانت هەمــــەلایەن بێ، لە خــــوێندنەوەی ژیانی گــــەورە نووسەراندا»، سەرکەوتنی ڕەخنەگری ئەدەبی بەندە بەوەی چەند چۆتە ناو کەسایەتی نووسەرەکەوە، کاتێ کە لە شاعیرەکە گەیشتی، کلیلی نەهێنییەکان دەدۆزیەوە ئەوکاتە دەتوانی بڵێت کە زانیاریت لە بارەیەوە هەیە، هەروەها هیچ بەربەستێک لە ئارادانییە کە تۆژینەوە لە بنەماکانی پێک هاتەی ئەدیبەکە لە دەرەوە بکرێت! لەوانەیە ئەدیبەکە سەر بە هزرێکی جیهانی بێ ویستوویەتی بۆ ئەدەبی نەتەوەیی بیگوێزێتەوە بێ شک ئەمانە دەچنە ناخی ئەدەبی بەراوردییەوە. (سانت پیف) ڕووناکبیران بەسەر چەند چینێکی هزری پۆلێن دەکات هەر ئەدیبە سەر بەچینێکە ئەم پۆلێن کردنەش ناسراوە بە تیۆری (مێژوویی سروشتی جۆرەکانی هزری).

لە ڕاڤەی تیۆرەکەیدا دەڵێ: ئەگەر تۆژینەوە لە سروشتەکانی عەقڵە جوداوازەکان بکەیت، بۆت دەردەکەوێ کە سەر بە هەندێ نموونە و برێ بنەچەی سەرەکین، ئەمەش بە تەواوی جووتە لەگەڵ زانستی ڕووەک بەگوێرەی ڕووەکەکان و زانستی ئاژەڵ بە گوێرەی ئاژەڵەکان، جا ئەگەر نموونەکانی (سانت پیف) لە سنووری هاوکێشەکانی دەقەکانی ئەدەبی لەناو چوارچێوەی ئەدەبی فەرەنسی تێنەپەڕاندبێ، ئەوا تیۆرەکەی ئەم چوارچێوەی بەزاندووە کە ئەمەش کرۆکی ئەدەبی بەراوردکارییە. لە کەسایەتییە گرنگەکانی کە برەوی بەهزری ڕۆمانتیکی داوە ئەدیبی فەرەنسی بەناوبانگ (ڤیکتۆر هۆگۆ)یە، ساڵی ١٨٢٧ شانۆگەریەکەی بەناوی (کرۆمۆیل) بڵاوکردەوە، بە پێشەکییەکی درێژ ڕاڤەی چەمکی ڕۆمانتیکی دەخاتەڕوو کە بەشێوەیەکی ڕوون و دیار، بە دڵسۆزی و ڕازیکردنەوە گوزارشتی لێ دەکات.

تەنانەت هەندێ کەس سەیری ئەم لێکدانەوەیان بە ئەنجیلی تیۆرەکان دادەنا کە شانۆگەرییەکەی بەتوندی بە شەکسپیر کار لێ کرابووە، پێویستە ددان بەوەبندرێ کە (ڤیکتۆر هۆگۆ)لەبیروڕاکانیدا داهێنەر نەبووە، کە لە پێشەکییەکەیدا وتوویەتی، بەڵکو باشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆی کردوونەتەوە و پۆلینی کردوون، بەمەش بەشدارییەکی قووڵی لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی کردووە، هەروەها کاریگەری شەکسپیر لە شانۆگەریەکەیدا بە بابەتێکی باشی تۆژینەوەی بەراوردکاری دادەنرێ، کە شانۆگەری فەرەنسی بە شانۆگەری ئینگلیزی کارلێ کراوبووە. (شاتۆ بریان ١٧٦٨- ١٨٤٨) لەگەڵ (مدام دی ستال) هەدووکیان دژی ناپلیۆن وەستان، ئەویش لە ئاوارەیی لە ئینگلتەرا ژیانی بەسەر دەبرد، (شاتۆبریان) ساڵی ١٨٠٢ کتێبێکی بەناوی بلیمەتی مەسیحییەت بڵاوکردەوە، کە مەبەستی سەرەکی کتێبەکە پیاهەڵدان بە مەسحییەت و جەخت کردنە سەر ڕۆڵی شارستانێتی و هونەری بوو، بەرامبەر بەو شەپۆلە گاڵتەجارییەی کە بە ئایینی مەسیحی دەکرا بە تایبەتی لەلایەن (ڤۆڵتێر)ەوە کە دەیوت ئەگەر کتێبی پیرۆز دز و درۆزن نەبێ، ئەوا دژ بە ڕەوشت و لەگەڵ عەقڵ ناکۆکە، جا ئەوەی لە کتێبەکەی (شاتۆبریان) گرنگ بێ، ئەوا بەشی دووەمی کتێبەکەیە کە باسی شیعر دەکات و لەگەڵ (مدام دی ستال) کۆک دەبێ کە بارودۆخی مێژوویی کاریگەری قووڵ لەسەر کارە هونەریەکان دەکەن، شاتۆبریان دژی دەستورە کلاسیکییەکان و ئەفسانە کۆنەکان وەستا، بەرهەمی ئەدەبی بۆ گوزارشتی هونەری دەگەڕاندەوە، زیاتر پیاوی هونەری بوو، وەک ئەوەی خاوەن بیروڕای تیۆری بێ، ئەمەش لەکارە ئەدەبیەکانی بەڕوونی بەدەرکەوتن.

٦- بووژاندنەوەی زانستی و کاریگەری لە ئەدەبی بەراوردکاریدا.

لە هەرە سیماکانی سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمدا، بایەخدان بە بواری زانستی و زۆر لە تیۆرەکان خرانە جێبەجێ کردنەوە، بووژاندنەوەیەکی پیشەسازی و بیناسازی بەدواداهات، کە هەموو دیاردەکانی ژیانی نوێی گرتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بیرکردنەوەی خەڵکی و ڕێگاکانی سەیرکردنیان بۆ ژیان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پێش دوو سەدە هەبێ، لە ئاکامی بایەخدان بە بواری زانستی، ڕێبازی سۆز و ئەندێشە بەرەو لاوازی دەچێ، کە ڕێبازی عەقڵ و ئەزموون و ڕاستییەکانی

جێگیر شوێنی گرتەوە، کە بووە هۆی ئەوەی، کە بەسەر بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبدا زاڵ بێ ڕیالیزم و بزووتنەوەکانی تری ئەدەبی پەیدابن، کە بەسەر کاروانی ئەدەبەکانی جیهانی لە چەرخی نوێدا زاڵ بن، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێ لە بووژانەوەی زانستیدا کاریگەری لەسەر زانستی ئەدەبی بەراوردی و دەرخستنی وەکو زانستێکی تەواو. کە پلە و پایەی لە تۆژینەوە ئەدەبییەکاندا دیاربێ.

گرنگترین تیۆرەکانی زانستی کە شوێن پەنجەکانی بەسەر تۆژینەوەی ئەدەبە بەراوردییەکاندا جێ هێشتووە، (تیۆری داروین- ١٨٠٩- ١٨٨٢)ە لە پێشکەوتن و ڕێگای هەڵبژاردندا کە بەباوەڕی زۆر لە زاناکان هەموو شتێ لە بووندا هەتاکو مرۆڤیش پێک هاتەی جیهانە، لە چەرخە جوداوازەکاندا، ناکۆکی ژیان پارێزگاری ڕەگەزە هەڵبژاردەکان دەکا و بەسەر ڕەگەزە تڕۆبووەکانیش سەردەکەوێ، کاتی ئەم تیۆرە ڕەواجی بوو هەندێ لە ڕەخنەگران ویستیان لەسەر ڕەگەزەکانی ئەدەبی جێ بەجێی بکەن، هەر ڕەگەزە بە تەنیا تۆژینەوەی لەسەر بکەن، چۆن پەیدابوو؟ چۆن پێش کەوت، هۆکاری لەناوچوونی و پەیدابوونی ڕەگەزێکی تر بە نەمانی، لە تەک ئەم تۆژینەوە ئەدەبییانەدا، بایەخ بە تۆژینەوەی پەرەسەندنی هزری گشتی لەلای مرۆڤایەتی درا، چۆن ئەم هزرە لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر گوێزراونەتەوە، چەند پەرەسەندن و گەشەسەندنی بە تێپەڕبوونی کاتەکان و چەرخەکانەوە بەخۆوە بینیوە، باوەڕیان وایە کە هەموو هزرێکی نوێ، دەبێ ڕەگێکی قووڵ و درێژەوە بووی مێژوویی مرۆڤایەتی بێ، ئەوانەی کە باوەڕیان بەم ڕایە هەیە.

(ئەرنست ڕینان- ١٨٢٣- ١٨٩٣)ە کە گوزارشت لە پێشکەوتنی تیۆری ئەدەب دەکات و دەڵێ: دەشێ کە هۆشی مرۆڤ لە ئاکامی هەزارانی تر بگەڕێتەوە و هەموو پێک بگەنەوە و یەک ئامانج پێک بهێنن، (ئەرنست ڕینان) باوەڕی بە زانست و ناچارێتی دیارەکان هەبوو، بۆیە هەموو کتێبەکانی لەسەر ئەم دوو هزرە سەرەکی بوون. لە کتێبەکانی (مێژووی بنەماکانی مەسیحییەت کە بەچەند بەرگێک لەنێوان ساڵانی (١٨٦٣- ١٨٨٣) بە چاپی گەیاندوون، هەروەها کتێبی (مێژووی گشتی و بەرنامەی بەراوردی زمانەکانی سامی- ١٨٥٥) ئەم ڕێبازەش پاڵی بە ڕەخنە گرەکانەوە نا کە تۆژینەوە لە بنەماکانی هزر و چۆنیەتی پێک هاتەی ڕۆشنبیری تاکەکان و دەوڵەتەکانەوە بکەن. زایەڵەی ئەم ڕێبازە لە تۆژینەوەکانی نووسەری ئینگلیزی (بوسنت) دەرکەوت، لە کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری- ١٨٨١) باسی دیاردەکانی ئەدەبی لە هەموو دەوڵەتەکاندا کرد، کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتی کاریگەربوونە، هەروەها لە پێشکەوتنیدا بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە باری هۆزەوە بۆ شارستانیەت. هەروەها لە کۆمەڵگای دەرەبەگییەوە بۆ کۆمەڵگای شارستانی، ئەم درک پێ کردنە سەرەتاییەی بەراوردکاری، بەهایەکی لە تۆژینەوەی بەراوردکاری نوێدا نییە، بەڵام هەنگاوێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەب وەکو دیاردەیەکی گشتی هاوبەش لەنێوان ئەدەبەکاندا، لەجیاتی بانگەوازێکە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی یەک ئەدەبدا دەرچێ، بێ گومان ئەم تۆژینەوەیە کارتێکردنی لە سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری هەیە. نووسەری فەرەنسی (لیتورنو) لە کتێبەکەیدا (پێشکەوتنی ئەدەب لە ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی جیاوازدا) کە شوێن پێی (بوسنت)ی لە بەرنامە و تێڕوانینی گشتیدا هەڵگرتووە. دیاردەی زانستی تر لە سەدەی نۆزدەیەم نۆژەن بوونەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گرنگیان بە تۆژینەوەکانی ئەدەبی هەبوو، زاناکانی ئەم چەرخە بەرەو بەراوردکاری چوون، تاکو ڕاستییەکان هەڵێنجن و بچنە قووڵایی تۆژینەوەکانەوە، زانستی زیندەگانی بەراوردی و زانستی یاسادانانی بەراوردی و زانستی میتۆلۆژیای بەراوردی و زانستی زمانی بەراوردی پەیدابوون، کەواتە پێویستە مێژووی ئەدەب بەرەو ئەدەبی بەراوردکاری هەنگاوبنێ، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێبازی (ئەدگار کینیە- ١٨٠٣- ١٨٧٥) لە کتێبی مێژوویی و فەلسەفەکەیدا ڕۆمانتیکی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکی قووڵی بە پێویستی بوونی تۆژینەوەی بەراوردی کردووە، لە زانکۆی (لیۆن) مامۆستای ئەدەبی بیانی بوو، لە زانکۆی (سۆربون) کورسییەکی ئەدەبی نوێی پێشکەش کرا لە لێدوانێکدا ساڵی ١٨٣٨ وەڵامی داوە و وتی: من هیچ ئارەزوویەکم نییە، کە ناوێکی تر بۆ ئەدەبی نوێ بە پەسندتر بزانم، ئەگەر بە یەکجاری لە کۆن دوور نەکەوینەوە، پاشان وتیان یاسادانانی بەراوردکاری، باشتر نییە بڵێین ئەدەبی

بەراوردکاری. ساڵی ١٨٤٢ لە «کۆلێژی دی فرانس» دامەزرا، بۆ ئەوەی بابەتی ئەدەبەکانی خوارووی ئەورووپا بڵێتەوە لە تۆژینەوەکانیدا هەندێ لە ڕێبازە گشتییەکانی ڕاڤە دەکرد و سروشتی پێوەندی نێوان ئەدەبە جوداوازەکانی روون دەکردنەوە، هەرچەندە لە تۆژینەوەکانیدا بەرەو باس کردنی لایەنی کاریگەری نێوان ئەدەبە جواداوازەکان نەدەچوو، بەڵام هەمووشیان بەشێوەیەکی گشتی بە پێشڕەوانی تۆژینەوەکانی بەراوردکاری دادەنرێن، ڕێگا خۆشکەر بوون، بۆ ئەوەی ئەدەبی بەراوردی چێ ببێ، هەندێکی تر لەتوێژەرەوەکان کە هەنگاوێکی نوێیان بەم زانستە بە خشی و بەرەو سەرهەڵدان و سەربەخۆییان برد و لە زانستی ڕەخنە و مێژوویی ئەدەبیان جیاکردەوە، ئەوانەی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردیان لەگەڵ بووژاندنەوەی زانستی پەیوەست کرد، سێ ڕەخنەگری فەرەنسی بوون، کە نوێنەری گیانی زانستی سەردەم بوون و بایەخیان بە پێوەندی نێوان ئەدەبەکان دەدا، ئەمانەش (هیبولیت تین و جاستۆن باری و برونتییربوون)، کە تیۆرەکانیان بەهاو کاریگەریەکی بەرچاویان لە مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەدا هەبوون.

(هیبولیت تین- ١٨٢٨- ١٨٦٣) وتی: تۆژینەوەکانی زانستی کارتێکردن و کاریگەرییەکی دیاریان لەسەر ئەدەب و هونەردا هەیە، هۆکارەکانی جیاوازی لەنێوان ئەدەبەکاندا بۆ ڕەگەز و ژینگە و چەرخ دەگەڕێنەوە.

ڕەگەز مانای وایە کە هەموو ڕۆڵەکانی یەک ڕەگەز، سیمای هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و ئەدەبەکەشیان یەک شەقڵ وەردەگرێ، هەرچەندە زمانەکانشیان جیاواز بێ، ژینگەش مانای وایە کە بارودۆخی سروشتی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک لە هی تر جیای دەکاتەوە باوەڕی وایە کە ئەم ژینگە هاوبەشە لەنێوان کۆمەڵە نەتەوەیەکدا یەک کارتێکردنی لەسەر ئەدەبەکانیان دەبێ، بەڵام ئەم کاریگەرییە بە پلەی دووەم دێ پاش کاریگەری ڕەگەز، چونکە ڕەگەز کاریگەری ناوەکی لەسەرتاکەکان و کۆمەڵگاکاندا دەبێ، لە کاتێکدا کارتێکردنی ژینگە دەرەکی دەبێ، بەڵام ڕەگەزی چەرخ مانای وایە کە ئەدیبەکانی پێشین کاریگەرییان لەسەر ئەدیبەکانی دوای خۆیان دەبێ و کاریگەری ڕەگەزەکانی ئەدەبی کۆن لەسەرچێ کردنی ڕەگەزەکانی داهاتوودا دەبێ. نووسەرەکان ئاوێنەی چەرخی خۆیانن، هەرچەندە بەرهەمەکانیان جیاوازبێ، (تین) نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێ: (بوالو) و (ڕاسین) و (بوسویە) ئەگەر لە هاوکێشەدا جوداوازبن وهەریەکەیان لەوی تر جوداوازبێ، بەڵام لە شەقڵی فەرەنسییدا یەک دەگرنەوە.

نموونەیەکی تر دەهێنێتەوە لە ئەدەب و هونەردا، دەڵێ: شانۆگەری کلاسیکی فەرەنسی لە چەرخی (کورتی) و چەرخی (ڤۆلتێر) یاخود ئەو ماوەیەی نێوان هونەری ئیتاڵی لە چەرخی (لیونار دافنشی ١٤٥٢- ١٥١٦) و چەرخی (لوگوید ١٥٧٥- ١٦٤٢)دا، بێ گومان تێگەیشتنی گشتی لە هەردوو ماوەدا نەگۆڕاوە، لە هەردوو ماوەدا نموونەی مرۆڤایەتیان لە چوارچێوەی شیعردا خستۆتە ڕوو، هەروەها بنیادی شانۆگەری ڕوخساری لەشەکانیان نەگۆڕاوە، بەڵام جیاوازی کە هەبێ، ئەوەیە هونەرمەندێ پێشترە و ئەوی تر دواترە، یەکەمیان شتەکان ڕووبەڕوو دەبینێ، بەڵام هی دووەم بەهۆی یەکەمەوە دەبینێت، هەمان نموونە لەسەر ڕووەکدا، دار لە ڕووەکە، بە یەک ئاو و لە یەک کەش و لەیەک زەویدا شین دەبن، بەڵام شێوەکانیان جۆراوجۆرن بەپێی پلەی شین بوونیان جیاوازن، لە چرۆوە بۆ گوڵ و پاشان بۆ بەرهەم بە جۆرێ هەر قۆناغ دوای ئەوەی پێشووی دێت.

دەفەوتێ و هی تر لە شوێنی شین دەبێ، هەندێ ڕەخنەیان لە تیۆرەکەی (تین) گرت و وتیان ئەدەبی کلاسیکی. فەرەنسی کاری کردۆتە سەر ئەدەبی ئینگلیزی، کاتێ کە زەمەن گۆڕاوە، چەرخی کلاسیکی جێگیر بووە، لە فەرەنساوە تیشکێکی عەقڵی ئارام و ڕۆشن هاتووە، کۆمەڵگای ئینگلیزی نقوم کردووە و گیانی ئینگلیزی سڕیوەتەوە، دیارە تیۆرەکەی (تین) یارمەتی بووژاندنەوەی ئەدەبی بەراوردی نەداوە، تەنیا لە سنووری ڕەوتی ڕەوشکاری نەبێ کە ڕاڤەیەکی گشتی دیاردەکانی ئەدەب و هونەر و هزری کردووە، ئەمەش پاڵنەربووە کە تۆژینەوە لە ئەدەبە جوداوازەکان بکرێن، لە سنووری ئەدەبی نەتەوەیی دەربچن، بێ گومان ئەم تۆژینەوەش بە بەشێک لە ناخی ئەدەبی بەراوردکاری لە چەمکی نوێ دادەنرێ (تین) لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی)، باسی جۆرەها لە دیدەنی و وێک چوونەکانی نێوان ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی لە زۆر

بابەتدا دەخاتەڕوو، کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردی دیاربووە، لە باسەکانیدا ڕەوتێکی تەکنیکی وەرگرتووە نەک پراکتیکی ورد، زیاتر فەیلەسووف بووە، کە ڕەخنەگر یاخود بەراوردکار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە بووژانەوە زانستییەکەیدا بەشدارییەکە بەهێزی کردووە.

لەچێ کردنی ئەدەبی بەراوردکاریدا (جاستۆن بارسی- ۱۸۳۹- ۱۹۰۳) بەتیۆری پێشکەوتنی تۆژینەوە بابەتیەکان کاریگەر بووە کە هەموو بابەتەکان لە بنەڕەتدا خۆڕسکی گەلین، لە ئاکامی پێوەندی کردن بە ئەدەبەکانی ترەوە بەرەو پێشکەوتن چوونە، شتیان وەرگرتووە و شتیشیان پێ بەخشیوە، چیرۆکەکانی (حیکایەتەکانی) ڕۆژئاوا، سەرچاوەکانیان حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنی هیندی و فارسی و عەرەبی کۆنن، لەبەر ئەوە بایەخێکی زۆری بە پێوەندی نێوان ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، ئایا پەیدابوونیان لە ئەنجامی پێوەندییەکانی مێژوویی بوونە، یاخود ڕێککەوت بوونە. هەروەها گرنگی دا بە سەلماندنی کە پێشکەوتن و هەڵبژاردن سیمای ڕەگەزەکانی داهاتوو دەبێ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شانۆگەری لە داستان مەزنترە، چیرۆکیش لە حیکایەتی گەلی شکۆمەندترە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ نارەزاییان دەربڕی کە ڕەگەزەکانی ئەدەبی بوونێکی سەربەخۆیی نییە تاکو ملکەچی گۆڕانی مسۆگەربێ. هەندێکی تر بەرپەچیان داوە کە تەنیا بایەخی بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی داوە، بێ ئەوەی گرنگی بە تۆژینەوەی گەلان و ڕەوتی پێشکەوتنیان بدات. تیۆرەکەی سوودی بە ئەدەبی بەراوردی گەیاندووە، تۆێژەرەوەی ناچار کردووە کە سنووری زمانەکەی تێپەڕێنێ و بەرەو زمانانی تر بچێ، هەروەها ناچاری دەکا کە هەندێ تۆژینەوەی بەراوردکاریی لەنێوان ئەدەبە جیاوازەکان بکات.

(برونتیر ۱۸٤۹- ۱۹۰٦) وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بە تیۆرەکەی (داروین) لە پێشکەوتن و هەڵبژاردندا کاریگەربووە ساڵی ۱۸۸۹ زنجیرەیەک سیمیناری لە قوتابخانەی مامۆستایانی باڵا پێشکەش کرد، بە قووڵی بەگیانی سەردەم و تیۆری پێشکەوتن کارتێکراو بووە، زۆربەی تۆژینەوەکانی لەسەر بنەماکانی خێزان و خەڵک و کۆمەڵگا بە ئاکام گەیاندوون، باوەڕی وابووە، کە ئەدەب سوودی زۆر لە تیۆری پێشکەوتن وەردەگرێ، کە بەمسۆگەری بەرەو بەراوردی نێوان ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبەکانی تری دەبات، پاشان (برونتیر) دەڵێ: سنووری نێو نەتەوەیی نابێتە بەربەست لە گوێزانەوەی ڕەگەزەکانی ئەدەبی لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر، یاخود لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، چونکە ئەم ڕەگەزانە گەشە دەکەن و پێش دەکەون و پەرە دەستێنن، پاشان بەرەو پیری و سستی و مردن دەچن وەکو هەموو چەشنەکانی ئاژەڵ، تۆژینەوەکانی لە سروشتی پێوەندییەکانی نێوان ڕەگەزە جوداکانی ئەدەبیدا، لە پێوەندییەکانی مێژوویی و هونەری و زانستی دەکۆڵێتەوە، (برونتیر) لە بەرنامەکەیدا بۆ ئەم تۆژینەوەیە، گەلێ پرسیار دەخاتە ڕوو چۆن ئەم ڕەگەزە ئەدەبیانە پەیدا بوونە؟ چ بارودۆخێکی کاتی و شوێنی ڕێخۆشکەری بوونیان بوونە؟ جوداکردنەوە و جیاوازی لەنێوانیاندا چۆن بوونە؟ چۆن وەکو بوونەوەرە زیندووەکانی تر گەشەی کردووە؟ چۆن دەمرێ؟ چ بەربەستێک بۆ لەناوچوونی دەگیرێ؟ لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی توێژەرەوەکان، بیرۆکەی ئەدەبی بەراوردی لە ئەورووپا برەوی سەند، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، تۆژینەوەی زۆر پەیدابوون، لەوانە زانای سویسری (مارک مونییە) لە تۆژینەوەکەیدا مێژووی بووژانەوە لە (دانتە) بۆ (لۆثەر) و لە (لۆثەر) بۆ (شەکسپیر)ی بڵاوکردەوە نووسەری دانمارکی (جورج براندس) لە کتێبەکەیدا (شەپۆلەکانی گشتی ئەدەبی ئەورووپی لە سەدەی نۆزدەیەمدا)ی بڵاوکردەوە، هەروەها تۆژەرەوەی ئینگلیزی (سانتس بیری) لە کتێبەکەیدا (چەرخەکانی ئەدەب لە ئەورووپا)دای بڵاوکردەوە.

ئەم هەموو تۆژینەوانە لەناوەرۆکدا خستنەڕووی ئەدەبەکان و چەرخەکانی یەک لەدوای یەکە، بێ ئەوەی باسی دیاردەکانی ئەم پێوەندییانە بکەن، بە تایبەتی کارتێکردن و کاریگەری لێکتر کردن وەکو ئەوەی ئیمڕۆ لە تۆژینەوە بەراوردکاریەکاندا پەیڕەو دەکرێن. بە ڕاستی مانای ئەدەبی بەراوردکاری لەسەر دەستی توێژەرەوەی فەڕەنسی (جوزیف تکست) تەواو کرا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کە بە باوکی ئەدەبی بەراوردکاری نوێ دادەنرێ کە لایەن مامۆستاکەی (برونتییر)ەوە ئاراستەکرا کە تۆژینەوە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبەکانی

ئەوروپا بکات، لێکۆڵینەوەکەی ئاسۆیەکی فراوان و تێڕوانینی گشتگیری بەخۆوە گرتبوو، لەبەرنامەی پێشکەوتنی هزرەکان و جیاوازەکانیاندا بەگوێرەی پێشکەوتنی گەلان و جوداوازیەکانی باری کۆمەڵایەتییان پەیڕەو کرد، لە تۆژینەوەکەیدا باری ڕۆژنامەگەری و هونەری فەرامۆش نەکردبوو، بە تەنیا تۆژینەوەی دەقەکانی نەدەکرد، بەڵکو بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستی دەکرد، چارەسەری زۆر کێشەی ئەدەبی بەراوردی کرد و جیهانەکەی ڕوون کردەوە. لەو زانایانەی کە بەشداری (جوزیف تکست)یان کرد، بۆ گەیاندنی زانستی ئەدەبی بەراوردی بە ڕادەی جێبەجێ کردن، (بتز) بوو کە ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد، بیبلۆگرافیایەکی دانا، کە بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە پەیوەست بوو، پاشان دوای هەوڵ و کۆششێکی بێ وچان کتێبێکی بەناوی (ئەدەبی بەراوردی و هەوڵدانی بیبلۆگرافیا) بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٩٧ چاپی کرد، دوای ئەوەی هەڵەکانی ڕاست کردنەوە و شتی تریشی بۆ زیاد کردن، ئامادەی کردن بۆ چاپ، بەڵام کۆچی دوایی کرد، یەک لە قوتابییەکانی ساڵی ١٩٠٤ بە چاپی گەیاند.

هەر لەم بوارەدا (فردینان بالیدنسپرگیە) کە بە چالاکییەکانی ڕۆڵی بینی، هەروەها (ڤان تیگم) کە نموونەی ئارامی بوو لە چارەسەرکردنی زۆر کەڵێشە ئاڵۆزەکانی ئەدەبی بەراوردکاری، هەروەها (جون ماری کاریە) کە ساڵی ١٩٥٤ کۆچی دوای کردووە، پاشان مامۆستا (دیدییە) کە ئێستا هەڵگری ئاڵای ئەم زانستەیە، بەڕێوەبەری ئامۆژگاری ئەدەبی بەراوردییە بۆ ئەدەبەکانی ئەورووپی نوێ لە سۆربۆندا، بە هەوڵ و کۆششی ئەم پێشڕەوانە توانرا ئەدەبی بەراوردی ببێ بە زانستێ کە بەهای لە بواری تۆژینەوەکانی ئەدەبیدا دیاربێ، هەروەها وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی جیابۆوە و خزمەتی زۆری پێ گەیاندن، کە نەیاندەتوانی واز لە خزمەتەکانی ئەدەبی بەراوردی بهێنن کە ڕاڤە و تەفسیری زۆری دیاردەکانی ئەدەبی بۆ دەکردن، کە لە ئەدەبی ناوچەیی و مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی بەتەنیا هیچیان بۆ نەدەکرا، بەڵکو لە ڕوانگەی تۆژینەوەی بنەما و ڕەگەکانی ئەدەبەکانی جوداوازی بیانی کە ئەدەبی نەتەوەیی پێوەندی پێیان کرد و توانی کاروانی مێژوویی پەرەپێبدات.


**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی عەرەبی:**

**١- د. بديع جمعة، دراسات في الادب المقارن، دارالنهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.**

**٢- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، دارالنهضة، مصر، ١٩٥٦.**

**٣- د. طەندا، الادب المقارن، بيروت، ١٩٧٥.**

**٤- د. ابراهيم عبدالرحمن، الادب المقارن بين النظرية و التطبيق، القاهرة، ١٩٧٦.**

**٥- د. عبدالقادر القط. الاتجاه الوجداني في الشعر المعاصر، دارالنهضة العربية، بيروت ١٩٧٦.**

**9- P. Van Tiegham: la li Herature com pare e paris, 1996.**

**بە زمانی فەرەنسی:**

**1- A. Beguin, la Romantisme Allemand Paris, 1949.**

**2- Boilean: Art poetique, paris, 1942.**

**3- Guyard: Lalilterature Comparee paris, 1951.**

**4- Grouzet (p): ltistoire I llustree dela lilterature Francaise, paris 1916.**

**5- Hugo (V) Preface de Crom well paris, 1946.**

**6- Hazard (P.) la Pensee Eurepeenne auxlle siecle, paris 1946.**

**7- Hazard (p) la Crise de la Con Science Europeenne, paris 1940.**

**8- Mornet iltistoire dela litterature Frarcase contern poraire, paris 1927.**

**9- P. van Tiegham:**
**La litterature comparee, Paris, 1946**

# ڕۆمانی کوردی و ڕەوتەکانی ڕۆمانی دنیا

ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای نووسیندا وەک خۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللەتی کورد بووە، بەڵکو زۆربەشیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازار و بەرگری مانەوەی تۆمارکردووە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، یان کێشەی ئاغا و جووتیار و مەسەلەی زەوی لادێ و کۆچی لادێ بۆ شار و وێناکردنی کێشە نەتەوەییەکەی بووە بە کۆچ و کۆڕەو و شەڕی بەرگری و کێشە سەخت و ئاڵۆزەکانی مرۆڤی کۆچ کردووی لادێکان کە لە شار تووشی بوونە و چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و گیروگرفتی دیکە کە ڕۆماننووسانی کورد نەیانتوانیوە لەم مێژووە پڕ ستەمە دەربازبن، بۆیەش ڕۆمانی کوردی وەک لایەنگرێکی کێشەی ڕەوای میللەتی کورد تۆماری خۆی کردووە کە ئەمانەش دەربڕی ئازارەکانی مرۆڤی کوردن بۆ نموونە: ڕۆمانی «مەسەلەی ویژدان»ی ئەحمەد موختار جاف لەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە چنراوە کە لەسەردەمی خۆیدا ڕۆماننووس هەستی پێکردوون و دیویەتی، ئەمەش ڕەوتێکی ڕیالیزمی بە دەقەکە بەخشیوە و ڕۆمانەکە کێشەی نێوان میللەت و دەسەڵات بەدیار دەخات، باسی کێشمەکێشی نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار دەکات، باسی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی میللەت دەکات. ڕۆمانی «ژانی گەل»ی ئیبراهیم ئەحمەد باسی بەرگری میللەت دەکات بەدەست زۆردار و داگیرکەران، باسی سووتانی خاک دەکات، باسی کێشەی

---

**سابیر ڕەشید**

نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار دەکات، باسی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەژاری میللەت دەکات، باسی دەربەدەری و ماڵوێرانی دەکات کە مرۆڤی کورد بەدەست جەنگەوە دەیچێژێ.. ڕۆمانی «قەڵای دمدم»ی عەرەب شەمۆ باسی ڕووخانی «قەڵای دمدم»ی سەختی کوردان دەکات کە خیانەت و غەدر دەیخاتە بەردەم دوژمنانی میللەتی کورد.. ڕۆمانی «ڕێگا»ی محەمەد مەولوود مەم باسی هەژاری و کۆڵەواری و دواکەوتوویی میللەت دەکات کە چۆن لەبەر دواکەوتوویی و هەژاری خۆی و دابەشکردنی دەستی لە بینەقاقای گیرکراوە. ڕۆمانی «تۆڵە»ی محەمەد موکری باسی بەرگری میللەت و پێشمەرگە دەکات لە شەڕی دەستەویەخەی کورد لەگەڵ دوژمنانیدا.

بە کورتی ڕۆمانی کوردی تا ڕاپەڕین وەک ئاوێنەیەکی میللەت بوو و گوزارشتی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤی کورد دەکرد، گوزارشتی لە کێشمەکێشی میللەت و دەسەڵات دەکرد، گوزارشتی لە ڕادەی تێگەیشتنی میللەت دەکرد، گوزارشتی لە کێشەکانی شار و لادێ دەکرد، گوزارشتی لە خەونەکانی میللەت دەکرد. ڕۆمانی کوردی تۆمارێکی ڕیالیزمی بووە و بۆنی خۆی لێهاتووە و وەک خۆی خوێندراوەتەوە، ئەگەر کاریگەریش هەبووبێت بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئەدەب و ڕۆمانی یەکێتی سۆڤێتی جاران کاریگەر بووە، هەر بۆ نموونە هەندێک ڕۆمانی «عەرەب شەمۆ» لە ژێر ئەو کاریگەرییە نووسراون و هی لای خۆشمان لە شێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی نووسراون. بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووسەکانمان بەتایبەتیش لاوەکان لە ژێر کاریگەری ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و ڕۆمانی فەرەنسی نوێ ڕۆمانیان نووسیوە، بگرە هەندێکیان کاریگەری مارکیز و بۆرخیس و جۆرج ئامادۆ و خۆسێ سێللا و ئەستۆریاس و هی دیکەیشیان بەسەرەوەیە و لاسایی ئەوان دەکەنەوە بە تێکەڵکردن لەگەڵ شێوازی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی وەک ئالان ڕۆب گریێ و کلۆدسیمۆن و میشێل بۆتور و هی دیکەش، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ڕۆماننووسانی دیکەشمان هەن کە تا ئێستا بە شێوەی ئاسایی جاران دەنووسن و هەشمانە بە ڕەوتی ڕیالیزمی سیحری کاریگەرە، بەڵام تەنیا وەک شێواز سوودی لێ وەرگرتووە و کەرەستەکانی خۆماڵین و هەشە ڕۆمانەکانی بە کەرەستەی خۆماڵی دەنووسێ، بەڵام لەناو شیعرییەتی نووسیندا ڕۆمانسییەت و لەزەتێک بە خوێنەر دەبەخشێ، هەشە لەناو سیحری زماندا دەقی فانتازیا ئامێز دەنووسێ و تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردیشی پاراستووە، بەهەرحاڵ ئەمانە هەموو پێویستیان بە باسکردنی دوور و درێژ هەیە و ناکرێ هەروا بە سانایی تەنیا ناوی ڕۆمانەکان بێنین و بەس، ئەمانە لە نووسینەکانماندا دەیانکەین بە باسی جیاجیا و نووسەر و خوێنەری زیرەک و بە سەلیقە و ئاگاداریش هەست بە کاریگەرییەکان دەکات، بەڵام دیارترین ڕەوت کە کاری لە ڕۆماننووسەکانمان کردبێت بەتایبەتیش ڕۆماننووسە لاوەکانی نەوەی دوای ڕاپەڕین ئەوا ڕەوتی ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و کاریگەری گەورە ڕۆماننووسەکانی وڵاتە جیاجیاکانی دنیایە بەتایبەتیش ڕۆماننووسە فەرەنسییەکان و ڕەوتی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی.

بێگومان ئەم کاریگەرییانە پێشتریش لای هەندێک ڕۆماننووسی بە ئەزموونی کورد بەدی دەکرا، بەڵام دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتیش کە ڕۆمانی کوردی هەنگاوی باشتری هەڵێنا زیاتر وەدیارکەوت، چونکە دیارە وەک پێشتر باسمان کرد هەوڵە بەراییەکان ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت هەندێک ڕۆماننووسمان هەن هەر بە ڕەوتی ڕیالیزمی بە هەموو جۆر و ڕێچکەکانییەوە دەنووسن.

بۆیە دەکرێ لە دوای تەماشاکردنی نەخشەی ڕۆمانی کوردی بە سێ جۆر ببینین کە یەکێک لەم ڕەوتانە ئەوا بە ڕەوتی نوێ دەنووسی لەوانەش: عەبدوڵڵا سەراج و کاکە مەم بۆتانی و بەختیار عەلی و ئەحمەدی مەلا و جەبار جەمال غەریب و سەڵاح عومەر و فەرهاد پیرباڵ و سەڵاح جەلال و کاروان عومەر کاکە سوور و ئیسماعیل حەمەدەمین و عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح و شێرزاد حەسەن و هیوا قادر و جەزا چنگیانی و عەتا نەهایی و ئاکۆ کەریم مەعروف و ڕێبوار حەمە ڕەحیم و سەباح مەجید و نەجات نووری...تاد. هەشیانە هەر بە ڕەوتی ڕیالیزمی جاران دەنووسێ ئەگەرچی هەندێک لەم ڕۆماننووسانەشمان لە نەوەی نوێن وەک: حوسێن عارف و خوسرەو جاف و ئەنوەر محەمەد تاهیر و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و حەسەن جاف و حیسام بەرزنجی و

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی و محەمەد فەریق حەسەن و گەلاوێژ و حەمە کەریم هەورامی و حەکیم کاکەوەیس و سەلام مەنمی و محەمەد ڕەشید فەتاح و عەزیزی مەلای ڕەش و کاروان عەبدوڵڵا و تەها ئەحمەد ڕەسوڵ و حەسەن سلێڤانی و هیمداد حوسێن و ناجی تەها بەرواری و عیسمەت محەمەد بەدەل...تاد. هەندێکی دیکەیش بە تێکەڵاوکردن و کاریگەری هەردوو ڕەوتی ڕیالیزمی و نوێ دەنووسن لەوانەش: محەمەد موکری و ڕەئووف حەسەن و غەفوور ساڵح عەبدۆڵڵا و مەولوود ئیبراهیم حەسەن و حوسێن شێربەگی و فەرۆغ نیعمەتپوور و...تاد.

بێگومان ئێمە لە دەرەوە ئەم کاریگەرییانەمان دەستنیشان کردووە و لێکمان جودا کردوونەتەوە، دەنا ئەگەر لە ناوەرۆکیشەوە تەماشای نەخشەی ڕۆمانی کوردی بکەین و هەڵیوەشێنینەوە هەست بە کاریگەریی ڕۆژئاوا دەکرێ، بەتایبەتیش تەکنیکە هەرە دیارەکانی دنیا، ئەمەش ئەگەر خوێنەری زیرەک بە دوای سەرچاوەکاندا بگەڕێ ئەم سەرەداوانەش دەدۆزێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕۆمانی کوردی مۆرک و شوناس و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، تەنانەت دەقە نوێکانیش وەک دەقی کوردی خۆیان بە خوێنەری کورد زمان دەناسێنن و ئەگەر بشکرێن بە زمانی زیندووی دنیا و زمانی میللەتانی دەوروبەر ئەوا چ بە هۆی دەستنیشانکردنی کات و شوێن و ناوی پاڵەوانەکانیان و ناوی نووسەرەکانیشیان چیش وەک دەقی چنراو بە کەرەستەی ناو هەناوی میللەتی خۆمان، ئەوا وەک دەقی کوردی خۆیان بە ئەدەبی زیندووی دنیا دەناسێنن و کاریگەرییەکانیش چ لە شێوە و چیش لە ناوەرۆک و چیش لە پەیڕەوکردنی ڕەوتە دیارەکانی دنیا و کاریگەربوونی پێیانەوە نابێتە لە دەستدانی زیندوویێتی و ڕەسانەیەتی و هەڵگری شوناسی ڕۆمانی کوردی.

# شانۆی ژیان ـــ ژیانی شانۆیی

مراد ئەعزەمی
(شنۆ)

١- دیاردەناسی «Phenomenology» هۆسێرلی، دابەشکردنی مرۆڤ و جیهانە بە دوو لایەنی «سووژە» و «ئۆبژە»، ئەم نیزامە فەلسەفییە دوالیزمە، مرۆڤ بە (subject) دەناسێ، کە بەردەوام لە کاری ناسین و کەشف و پێناسەکردنی جیهان (object) و تەواوی دیاردەکانی ناو ئەم جیهانەدایە. جیهان و دیاردەکان، ئۆبژە گەلێکن کە لەلایەک دانراون و جیا و لە دەرەوەی مرۆڤدا بوونیان هەیە. ئەم بیرکردنەوە دوانەگەرایە، لەسەر دەستی هایدیگەر گۆڕانکاری بە سەرداهات و مرۆڤی شوناس پێدەری هۆسێرلی، لە پێگەی خۆی دابەزێنرا. دابەش کردنی هەستی (being) بە دوو بەشی، جیهان وەک ئۆبژەو، مرۆڤ وەک سووژە وەلانراو مرۆڤیش وەک پاژێک لە جیهان (being-in- the- world) هاتە ناسین. ئەم پاژە لە جیهان (Dasien) بەردەوام لە حاڵی شوناسی جیهان و دیاردەکانیدا نییە و تا ئەوکاتەی هەستی و دیاردەکان کاری خۆیان دەکەن و ئەرکی خۆیان بێ گرفت بەئەنجام دەگەیەنن، زەینی مرۆڤ ناپەرژێتە سەر شوناسکردن و ناسینی، کەچی ئەوکاتەی پرۆسەی سەییال و ڕەوانی دیاردەکان لەسەر هێڵی ئەرکی تایبەتییان تلاسا دەبێت و تووشی گرفتێک بێت و بوەستێت، ئەمجارە دەکەوێتە بەر تیشکی ناسێنەری مرۆڤ. کە وابوو تا ئەوکاتەی کە ژیان و هەستی و دیاردەکان لەسەر هێڵی ئەرکی ئەسپاردە یان سەییال و خزیلک دەڕۆنە پێش، ئەپیستمەی مرۆڤ نابینێ و باسی ناکا، پێویستە هۆیەک هەبێ کە پرۆسە سەییال و خزیلکەکە بوەستێنێت تاکو ببینرێن و بناسرێن.

یاکوبسن- ڕەخنەگری ڕووس- سەبارەت بە ئەدەبیات و پێناسە کردنی، لەسەر ئەم بڕوایەیە کە: «ئەدەب تێکدانی ڕێکخراوی نیزامی باوی زمانە» بە ڕوانگەیەکی هەراوترەوە، دەکرێ بڵێین: هونەر، تێکدانی ڕێکخراوی

نیزامی باوی ژیانە. هونەر لە تەواوی بوارە جیاوازەکانی خۆیدا، یەکێکە لەم هۆوساتە دەگمەنانەی کە بەر بەم سەیالییەت و ئاسایی بوونە دەگرێ و بە نامۆکردن و تێکدانی رەوتی رۆژانەی ژیان و هەستی، مرۆڤ دەگوازێتەوە پێکەی (سوژە) و شوناس پێدەری جیهان.

٢- ئێمە خەریکین دەژین و هەر چرکەیەکی کە ژیاین، بیرەوەری بەرهەم دێنین و دواجار بە تۆمارپوونی ئەم بیرەوەری و ئەزموونانە مێژوو بەرهەم دێت، مرۆڤ بۆ گواستنەوەی ئەم ئەزموونە ژیارییە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، مێژوو رەوایەت دەکاتەوە و هەندێ جاریش شوێنە سپی و نەنووسراو و فەرامۆش کراوەکانی مێژوو، لە هەناوی ئەدەب و هونەردا (چیرۆک، شیعر، شانۆ..) بەرهەم دێنێتەوە. ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی بە زمان و روانگەیەکی نامۆو دووپات نەکراو دەخاتە بەرچاوی زەینی ناسێنەر و پێناسەدەری مرۆڤ. یەکێک لەم هونەرانە، ژانری شانۆیە، کە مرۆڤ و تەجرەبەکانی ئەو دەنوێنێتەوە و بە زمانێکی نوێ و دووپات نەکراو پێشکەش بە مەیلی ناسێنەری مرۆڤایەتی دەکات، شانۆ پاژێکە لە ژیان کە لەگۆشەیەک لەم جیهانەدا بەرهەم دێت و ئێمە دەیبینین، بەڵام ئێمە بەچی دڵنیاین کە خۆشمان (نائاگایانە) دەورگێرێک نەبین لە شانۆیەکی گەورەی بە قەرا جیهان کە کارگێرێک خەریکە لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد ئەم شانۆ مەزنە رێک و پێک دەکا و بەرەو پێشی دەبات؟ ئاخۆ بیرەوەری و مێژوویی راپردووی ئێمەیە کە دەبێ بە شانۆ، یان ژیانی ئێمە خۆی شانۆیە کە دواجار وەک مێژوو تۆمار دەکرێتەوە؟

چیرۆکی (ناوەرۆکی خایین و قارەمان)ی بۆرخێس، ئەرکی تێکدانی دوانەی (مێژوو/ چیرۆک، شانۆ)ی وە ئەستۆ گرتووە و بەجوانترین شێوە و ئەدەبیترین زمان، سەرەتی بوونی مێژوو لە چاو شانۆ و چیرۆک دەسڕێتەوە. کیلپاتریک، قارەمانی گەل، بەتۆمەتی خیانەت سزای مەرگی دەدرێتێ، بەڵام بەدرێژایی گەڵاڵەی شانۆیەکی مەزن بە قەرا تەواوی شار لەلایەن نۆلان (راوێژکاری کیلپاتریک)ەوە، خایین وەک قارەمانێک تیرۆر دەکرێ و دەبێتە نمادی لەخۆ بردوویی و خۆراگری بۆ خەڵک. لە حاڵێکدا کە تەواوی کۆمەڵگا و مرۆڤەکان لە شانۆی کوژرانی کیلپاتریکدا (نائاگایانە) دەور دەگێرن. دواجار ئەم رووداوە لە مێژوودا تۆماردەکرێ.

دوای تێکچوونی دوانەی (قارەمان/ خایین) و تێکەڵبوون و جیا نەبوونەوەیان، دوانەی (مێژوو/ هونەر)یش تێکدەدرێ و ئەم جارە ئەمە مێژووە کە ئەدەب و هونەر تۆمار دەکا.

لەکۆتایی ئەم رەوایەتەدا رایان (گێرەرەوەی ئەم رەوایەتە)، تووشی شک و گومانێکی سەیر سەبارەت بەخۆی و ژیانی خۆی دەبێت و ئەم پرسیارەی لەبەردەم قوت دەبێتەوە: ئاخۆ منیش بەشێک نیم لە گەڵاڵە دارێژراوەکەی نۆلان کە دەوری تۆمارکەری مێژووی بەسەرهاتی کیلپاتریکم بۆ تەرخان کرابێت؟

ئەم گومان و دوودڵییە هەستی ناسانەیە، ئێمەش سەبارەت بەبوونی (being) خۆمان داوێتە ژێرسایاتی گومانەوە و ژیان و شانۆمان بۆ لێک جیاناکرێتەوە، ئەم چرکە هەستی ناسانەیە، بەخوێندنەوەی چیرۆکێک بەدی دێت.

٣- لە حەوتەمین فیستیڤاڵی چیرۆکنووسانی رۆژئاوای بانەدا، رووداوێکی هونەری، ئەرکی ئەم چرکە دەگمەنە هەستی ناسانەیەی وەئەستۆ گرتبوو. بۆ ماوەیەک لە دوانەی (ژیان/ شانۆ) لەم رووداوەدا تێک شکاو بەردەنگەکانی تووشی دۆخێکی قەیراناوی بوون و سنووری (واقیع/ خەیاڵ)، (ژیان/ شانۆ) و (بینەر/ ئەکتەر) هەرەسی هێناو ئامادەبووان لە بەشداربوونێکی نائاگایانە لە شانۆیەکی هەنووکەیی و خۆوێژدا، بوونی هەنووکەیی خۆیان لە بیرکرد و لەنێوان دوو دەوری (بینەری شانۆ/ دەورگێری شانۆ)دا وەسەیەلان کەوتن.

ئەم ئەزموونە کە لەلایەن دوو نووسەری بەرەی جیاواز (فەرزاد میرئەحمەدی و حەمە ساڵح سووزەنی) و چەند دەورگێری لاوی خۆوێژ (کاوان نەهایی، محەمەد حسێنی و...)یەوە بەرهەم هات، راچڵەکێنەر بوو بۆ ئەو مرۆڤەی ماسی ئاسا لەناخی زەریای ژیانی رۆژانە و جیهانی ئاشنادا خەریکی مەلە بوو و بۆی نەلوابوو بێتە کەنار و لە روانگەیەکی جیاوازەوە ژیان ببینێ و جیهان پێناسە بکاتەوە و بپەرژێتە سەر ناسینەوەی دیاردەکان و دیتنەوەی پێگەی خۆی. ئەم شانۆ هەنووکەییە، یەکێک بوو لەو هۆ دەگمەنانەی کە توانای تێکرووخاندنی سنووری نێوان دیاردەگەلی وەک: مێژوو/ هونەر، شانۆ/ ژیان، بینەر/ ئەکتەر و...، وروژاندنی زەینی ناسێنەری خەوتووی مرۆڤیان هەیە. لە ئانێکدا، بینەرەکان (نائاگایانە) بوون بە ئەکتەر و ژیانیان تێکەڵ بوو بە شانۆ. شانۆ توانی «رێکخراوانە، نیزامی باوی ژیانی مرۆڤەکانی تێکدا» و میکانیزمی زەینی پێناسەدەری مرۆڤەکان، لەسەر هێڵی رۆژانە و باو لای بداو تووشی قەیرانێک بێت سەبارەت بە (شوناسی) خۆی و پێناسەی ژیان و دیاردەکان و جیهان. ئەمەش، هەر ئەو چرکە دەگمەنەی ژیانە کە هەر بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی توانای خوڵقاندن و وەدیهێنانی نییە و ئەم شانۆیە، پارادایمێکی خێرا بوو بۆ ئەگەری وەدیهاتنی ئەم شێوە هونەرە، لە رەچاونەکراوترین دۆخدا.

# له دانایی میللی ئاکارەوە بۆ میتافیزیکی ئاکار

ئیمانۆییل کانت
له ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

(٢ - ٢)

ئێــمــه لێـرەدا دەبینین کـه فـەلسـەفـه بەڕاسـتـی له هەڵوێستێکی سەخت و گراندایە کە دەبوو ئەم هەڵوێستە، تەنانەت ئەگـەر لە ئاسـمـان و لەسـەر زەویدا شـتـێکی دەسـتـگیـر نەبووبایە پشـتـی پێ ببـەسـتێ، پتـەو و نەگۆڕبایە. ئەو دەبێ لێرەدا پاکی و بێگەردیی خۆی ساخ بکاتەوە کە پاسەوانی پاراستنی قانوونەکانی خۆیەتی، نەک پەیامبەر و تەتەری مژدەدەری ڕاسپاردەکانی هەستی زگـمـاکـیـی بێت، یاخـود نەزانێ چ شـتـێک سـروشـتـە ئامـۆژگـاریکارە بەسـەریەوە. دەکـرێ ئەم قـانـوونانە بە تێکڕایی چاکتربن لە هیچ، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئەو بنەمایانەمان کە ژێر دەیاندات بدەنە دەست، کە دەبێ لە سـەرچاوەیەکی بێگەردی پێـشـیـانەوە بکەونەوە و ئامۆژگاریی و فرمانەکانیشی هەر لەوێوە بن، بە جۆرێک لە ئارەزووی مـرۆڤ هیچ شـتـێک، بەڵکو لە دەسـەڵاتی باڵای ژێر و ڕێزلێنانی ئەرک، چاوەڕێی دەکـرێت، ئەگـەر بابەتەکە بە پێـچـەوانەی ئەمـەوە بوایە ئەوا دەبوو کـاتێ بەسەر مـرۆڤدا دەسەپێنرا قینی لەخۆی ببێتـەوە و بێز و قێزی لەخۆی بهاتایەتەوە.

هەمـوو ئەوەی ئەزمـوونـیـیـە نەک هەروەک بابەت بۆ بنەمـای ئاکـاریی بێ سـوودە، بەڵکو ئەوپەڕی زیان لە بێگەردی و پـاکی و ڕوونی ئـاکـــار دەدات. بایـەخی ڕاستەقینەی خواستی چاکەخواز، ئەو بایەخەی لە بڵند و پایەبەرزیدا هـیـچ نـایـگـاتێ بـە ئـاشکرا لـەوەدا دەبێ بنچــینەی کــردار، لەو کـــارەی هۆکـــارە لاوەکی و ڕێککەوتەکـان کە لە شارەزاییەوە دەکـەونەوە، تا چەندە سـەربەخـۆ و دوورە، ناکرێ مـرۆڤ لەو ئاگـادارکـردنەوەی دژی ئەم زیانە و دژی ئەو جۆرە ئاستە نزمەی سەرنجدان و

بیرکردنەوە مرۆڤ لەنێو پاڵنەر و هۆکار و قانوونە ئەزموونییەکاندا بۆ بنەمای ئاکار بگەڕێت. دەکرێت دوورەپەرێز و دووربێت. ژیر، فامی مرۆڤ کە ماندوو بوون شەکەتی کردووە حەز دەکات لەسەر ئەم سەرینە سەرێک بکاتەوە و پشوویەک بدات و بەخەون و خەیاڵ و ئەندێشەی شیرین شادبێت (کە وای لێدەکات لەجیاتی یۆنۆ Juno باوەش بۆ هەورێک بگرێتەوە) ئیتر دوورەگێکی لە ڕەگەزی جیاجیا پێکهاتوو کە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دەیخوازێ تیایدا دەبینرێ تەنیا چاکەکاریی نەبێ، ئەگەر تاکە جارێک بۆی بلوێ وێنە ڕاستەقینەکەی ببینێ، دەدرێتە پاڵ ئاکار.

پرسیارەکە، ئیتر بەم جۆرە دەبێ: ئایا قانوونێک بە ناچارەکیی دادەنرێ ئەگەر هەموو جەوهەرە ژیرەکان بگرێتەوە و وایان لێبکات هەمیشە بەپێی چەند بنەمایەک کردارەکانیان هەڵبسەنگێنن و بیانەوێ وەک چەند قانوونێکی گشتی دەستبەکار بن؟! ئەگەر قانوونەکە وابێت، ئەوا دەبێ (بەتەواوەتی پێشیانە) بە چەمک و بۆچوونی خواستی جەوهەرێکی ژیرەوە بە تێکڕایی بەندبێ. بۆ ئەوەی ئەم بەند و بەیەکەوە بەسترانە ئاشکرا ببێ دەبێ مرۆڤ، ئەگەرچی مرۆڤ خودداریش بکات، هەنگاوێک بەرەوپێش واتە بەرەو میتافیزیک بهاوێژێ، تەنانەت ئەگەر ئەم هەنگاوە بەرەو کایە و پاوانێکی بەرێت لە فەلسەفەی تیۆریی Spekulative Philosophie جیا بێت، بەتایبەتی بۆ میتافیزیکی ئاکاریی بەرێت. لەفەلسەفەی پراکتیکیدا، گرنگ ئەوە نییە ئەو هۆکار و بنەمایانە کە ڕووداوەکان بەهۆیانەوە دەقەومێن پەسند بکەین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو قانوونانە کە دەبێ ڕووداوەکان بە پێیان بقەومێن، تەنانەت ئەگەر هەرگیز ئەمانەش نەقەومێن پەسند بکەین، واتە قانوونە بابەتییە پراکتیکییەکان، لێرەدا پێویستیمان بەوە نییە لێبکۆڵینەوە بۆچی شتێک بە دڵە و دڵگیرە و ئەوی تر نا بەدڵە و قێزو بێزی لێدەکرێتەوە، یاخود بۆچی خۆشیی لە چێژی هەستی سادەوە جیاوازە و بۆچی چێژ و تام و ئارەزوو لە هەستی گشتی ڕەزامەندیی ژیر جیایە. هەستی کەیف و بێ کەیفی و ئازار بەچییەوە بەندە و چۆن ئارەزوو و مەیل لێوەی دەکەونەوە و چۆن بە هاوکاری و کۆمەکی ژیر بنەماکان لەمانەوە پەیدا دەبن. ئەمانە هەموویان بابەتی ڕێبازی ڕەوانی ئەزموونین، دەکرێ هەروەها بەشی دووەمی ڕێبازی سروشت پێک بهێنن، ئەگەر بێتو مرۆڤ ئەمە وەک فەلسەفەی سروشت، ئەوەندەی ئەمە لەسەر بنەمای قانوونە ئیمپریییەکان دامەزراوە سەرنج بدات، بەڵام لێرەدا تەنیا قانوونە بابەتییە پراکتیکییەکان و پێوەندی خواست بەخۆیەوە، لەوەدا کە خۆی تەنیا لە ڕێگای ژیرەوە دیار و دەستنیشان دەکات، بابەتی قسەلێکردنن و ئینجا ئەوی پێوەندی بە تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە هەبێ لەخۆیەوە مەیدان و گۆڕەپان چۆڵ دەکات، چونکە ئەگەر ژیر خۆی لەخۆیدا کردار دەستنیشان بکات (کە دەمانەوێ شیاوەکیی ئەمە باس بکەین)، ئەوا دەبێ بێ چەند و چون ئەمە پێشیانە ناچارەکیی بکات.

خواست ئەو هێز و توانایەیە کە بەپێی بۆچوونی چەند قانوونێک خۆی وەک کردار دیار و دەستنیشان دەکات. ئەم جۆرە توانایە تەنیا لە جەوهەری ژیردا هەیە، هەروەها مەبەست ئەو شتەیە کە وەک هۆکارێکی بابەتی خۆ دەستنیشانکردنی خواست دەگونجێ، ئەمە ئەگەر تەنیا لەژیرەوە بکەوێتەوە، پێویستە بۆ هەموو جەوهەرە ژیرەکان بگونجێ و دەستبەکار بێت، بە پێچەوانەوە ئەوەی هۆکاری شیاوەکیی کرداری تێدایە، کە ئەنجامەکەشی مەبەستێکییەتی، بە ڕێگاو ئامراز ناودەبرێت. هۆکاری خۆیەتی ئارەزوو هۆکاری پاڵنەرە، پاڵنەری بزوێنەر هۆکاری بابەتی کرداری خواستە، لێرەوە ئەمەیە جیاوازیی نێوان مەبەستە خۆییەکییەکان کە بەهۆکاری پاڵنەرەوە بەندە، لەگەڵ بابەتییەکان کە پابەندی هۆکارە بزوێنەرەکانن و بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر دەستبەکار و گونجاون. بنەما پراکتیکییەکان ڕوخساریی (formal) دەبن ئەگەر هەموو مەبەستە خۆیەکییەکانیان لێبکرێتەوە، بەڵام ماددەیی دەبن کاتێک بەم جۆرە ئامانج و مەبەستانە و چەندین هۆکاری پاڵنەرەوە بەند دەبن. ئەو ئامانجانەی جەوهەری ژیر، وەک چەند ئەنجامێکی کردارەکەی، بە ئارەزووی خۆی دیاریان دەکات (ئامانجە ماددەییەکان) بەگشتی هەموویان تەنیا ڕێژەیین، چونکە تەنیا ئەو پێوەندییەی کە بە جۆرێکی تایبەتی توانای ئارەزووکردنی خۆیەکە و هەیانە نرخ و بایەخیان پێدەبەخشێ، ئەو نرخ و بایەخەی بەم پێیەبێ، ناتوانێ چەند بنەمایەکی هەمەکیی سوودبەخش و ناچارەکی بۆ هەموو جەوهەرە ژیرەکان و بۆ هەموو کردارێکی خوازراو دابین بکات، واتە ناتوانێ چەند قانوونێکی پراکتیکییانە بداتە دەست. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەم ئامانجە ڕێژەییانە بنەما و بنچینەی

ئەم فـرمـانە گـريمانەييــە (hypothetische Im-perativ) ئاكارييانەن.

بەڵام ئەگــەر وادابنرێت شـــتـێک هەيە، بوونەکــەی لەخـۆيدا بايەخـێکی بێ سنوور و ڕەهای هەيە، شـتـێک دەکرێ، بەو شـێوەيەی لەخۆيدا مـەبەسـتە، بنەمـای چەند قـانوونێکی دياريکراو بێت، ئەو کاتە لەو شتەدا بەتەنيا لەودا دەشێ بنەمـای فـرمـانی ڕەهای ئاکـارەکيی، واتە قانوونی پراکتيکی هەبێت.

ئێسـتـا من دەڵێم: مـرۆڤ و هەمـوو جەوهەرێکی ژير بەگشتی وەک ئامانج، نەک وەک ئامراز کە ئەم خواستە ياخـود ئەوی تر بە ئارەزووی خـۆی بەکـاری بهـێنێ، بۆ خۆيان و لە خۆياندا هەن. ئەو لە هەموو کردارێکيدا جا ئەمـە پێـوەندی بەخـۆيەوە هەبێ يان بە بوونەوەری تری ژيرەوە، دەبێ لە هەمـان کـاتدا وەک مـەبەست و ئامـانج سەير بکرێت. هەموو بابەتەکانی مەيل و ئارەزوو تـەنيـا بايەخێکی مەرجەکييان هەيە، خۆ ئەگەر مەيل و ئارەزوو ئەو پێداويستـيـيەی پێيـانەوە بەندن، نا بوون بن، ئەوا بابەتەکـانيـان بێ بايەخ دەبن، بەڵام ئارەزووەکـان خـۆيان وەک سەرچاوەی پێداويستی لەبايەخی ڕەهادا، کە وايان لێدەکات خـۆيانيـان بوێ و خـۆيان پەسند بکەن بەشيـان ئەوەندە کــەمــە بەو ڕادەيەی کــە بە تەواوەتی خــۆ لێ ڕزگــارکــردنيــان دەبێ ببێ بە ئارەزوو ئاواتی هەمــوو جەوهەرێکی ژير.

هەربۆيە بايەخی ئەو بابەتانەی کــە دەکــرێ بەهۆی کـردارەکـانمانەوە بە دەست بێت هەمـيـشـە بايەخـێکی مــەرجــەکــيــيــە. ئەوی ڕاست بێت ئەو جــەوهەرانەی بوونەکەيان نەک بەخواستی ئێمەوە، بەڵکو بە سروشتەوە بەندە، ئەگــەر چەند بوونەوەرێکی نا ژير بن، تەنيـــا بايەخێکی ڕێژەييـان هەيە. هەربۆيەشـە وەک ئامـراز بە شت ناودەبرێن کــەچی، بە پێــچــەوانەوە جــەوهەر و بوونەوەری ژير (ئاقـڵ) بە کــــەس ناودەبرێن، چونکە سروشتەکەيان بەو پێيەی لەخۆياندا ئامانج و مەبەستن، جيـای کردوونەتەوە. واتە لەوەدا کە نابێ وەک ئامراز و بەجۆرێک کە سروشتی هەڕەمەکيی و دياريکردنی تێدابێ (وەک ئەوەی بابەتێکی ڕێزلێنان) بەکـاربێن. ئەمـــانە تەنيـا چەند ئامانجێکی خۆيەکی نين کە بوونەکـەيان بۆ ئێـمــە لەوەدا کــە ئەنجــامـێک بێت لە کــردارمـــانەوە کــەوتبـێـتــەوە بايەخـێکی هەبێ، بەڵکو ئەوان چەند ئامانجێکی بابەتين، واتە چەند شتێکن بوونيان لەخۆيدا مەبەست و ئامـانجە، ئامـانجێک بەهيـچ شتێک نادرێ و هيچ شتێکی تر جێگای ناگرێتەوە و ناکرێ ئەم ئامانجە وەک ئامراز خزمەتی ئەو شتەی تر بکات، بەبێ ئەمە لە هيچ جێگايەکدا بايەخی ڕەهابوونی نەدەبوو. خۆ ئەگەر هەمـوو بايەخـەکـان مەرجەکيی و ئينجا ڕێککەوت بن، ئەوا لە هيچ جێگايەک بنچينەيەکی بەرزی پراکتيکی بۆ ژير دەستگير نەدەبوو.

خۆ ئەگەر بنەمـايەکی بەرزی پراکـتيکی سـەبارەت بە خواستی مرۆڤ فرمانی ڕەهای ئاکاريی هەبێ، ئەوا دەبێ ئەوە بێ کە لە مێشک و بۆچوونی مرۆڤدا بە ئامانجێکی ناچارەکيی دادەنرێت، چونکە ئەو خۆی لەخۆيدا مەبەستە و بنەمـای بابەتی خواست ديار و دەستنيشـان دەکـات و دەکـــرێ وەک قـــانوونێکی هەمـــەکی پراکـــتـــيـکی بەکـاربهـێنرێت. بنەڕەتی ئەم بنچــينەيە بەم جــۆرەيە: سروشتی ژيرانە (ئەقڵ) وەک ئامانجێک بۆ خۆی لەخۆيدا هەيە.

بەم شـێـوەيە ناچارەکی مـرۆڤ بۆ بوونی تايبـەتی خـۆی دەچێ، بنەمـــاکـەش بەم واتايە بنەمـــايەکی خـۆيەتی کردارەکانی مرۆڤايەتييە، بەڵام هەمـوو جەوهەرێکی ژيری تر بەم شـێـوەيە، بۆ بوونی خـۆی هەنگاو دەنێ و دەچێ، بەپێی ئەو بنەما ژيرييە کـە بۆ منيش دەگونجێ. کەوابوو ئەمـە لە هەمـان کـاتدا بنچـينەيەکی بابەتيـيـە و دەبێ و دەکـرێ وەک بنەمـايەکی بەرزی ژيری پراکـتـيکی هەمـوو قانوونەکانی خواستی لێ بکەوێنرێتەوە. دەکرێ فـرمـانی پراکتيکی بەم جۆرە بێت:

بـا کــــردارەکـــەت بە جـــۆرێک بێت، وەک ئەوەی تۆ مـرۆڤايەتی لە کەسی خۆتدا و لە هەمـوو کـەسێکی تردا هەمــــوو کــــاتێک وەک ئامـــــانج نەک وەک ئامـــــراز بەکاردێنيت.

دەمانەوێ ببينين ئايا ئەمە دەکرێ پيادە بکرێت، با هەر ئەو نموونانە بەکاربهێنين کە پێشتر هێنامانەوە:

**يەکەميان:** بەپێی چەمک و بۆچوونی فرمانی ناچارەکی بەرامـــبـــەر بەخـــۆ، ئەوی بيـــەوێ خـــۆی بکوژێ لەخـــۆی دەپرسێ، ئايا ئەم کــردارەی لەگــەڵ بيــرۆکــەی: مــرۆڤ لەخـۆيدا ئامـانجـە دەگـونجێ و تەبايە؟ ئەو، ئەگـەر بۆ خـۆ قوتار و دەربازکردن لە ڕەوش و دۆخی ئازار و ئەشکەنجە و ناخـــۆش خـــۆی لەناوبەرێت، ئەوا ئەو کـــەســـێک بۆ پاراستنی ڕەوشێک کـە کۆتايی ژيان لەگەڵيـدا تەبايە و هەڵدەکات و وەک ئامراز بەکاردێنێت، بەڵام مرۆڤ شت

نییە، هەروەها شتێک نییە وەک ئامراز بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەبێ هەمیشە لە هەموو کردارەکانیدا وەک ئامانجێک لەخۆیدا تەماشا بکرێت و سەرنج بدرێت. من هیچ مافی ئەوەم نییە مرۆڤێک لە کەسایەتی مندا وا بەکاربهێنم هەروەک ئەوەی لەبەردەستی مندایە و بیشێوێنم، یاخود تێکی بدەم یان بیکوژم (دەبێ لێرە دەست لەوە هەڵگرم لە نزیکەوە ئەم بنچینەیە دیار بکەم، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە بە هەڵە تێگەیشتنێک دوور بخەمەوە بۆ نموونە برینی ئەندامێکی لەش بۆ ئەوەی خۆم رزگار بکەم یاخود خۆم رووبەرووی مەترسیی بکەمەوە بۆ ئەوەی ژیانم بپارێزم.. تاد، ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە سەر بە ئاکاری تایبەتییە).

**دووەمیان:** دەربارەی ئەرکی ناچارەکی یاخود بەرامبەر بە کەسانی تر، ئەوی بەڵێنی درۆ بە کەسانی تر دەدات یەکسەر بۆی دەردەکەوێ کە دەیەوێ مرۆڤێکی تر تەنیا وەک ئامراز بەکاربهێنێ، بەبێ ئەوەی ئەمەی دوایی لە هەمانکاتدا لەخۆیدا مەبەستی تێدابێ، ئینجا ئەو کەسەی کە من بەهۆی بەڵێنی درۆوە بۆ مەبەستی خۆم بەکاری دەهێنم بەو شێوازەی من گرتوومەتە بەر قایل نابێ و لەخۆیدا ئامانجی ئەم کردارەی تێدا نییە. ئەم ناکۆکی و ناتەباییە لەگەڵ بنەمای کەسانی تر باشتر دێتە بەرچاو ئەگەر نموونەی دەستدرێژکردنە سەر ئازادی کەسانی تر و موڵک و سامان وماڵیان بداتە دەست، ئەوکاتە دەردەکەوێ و روون دەبێتەوە ئەو کەسەی مافی کەسانی تر پێشێل دەکات دەیەوێ کەسایەتییەکەیان تەنیا وەک ئامرازێکی رووت و سادە بەکاربهێنێ، بەبێ ئەوەی لەبەرچاوی بێت کە ئەوان، بەو شێوەیەی جەوهەری ژیرن، دەبێ هەمیشە و لە هەمانکاتدا بە چەند مەبەست و ئامانجێک دابنرێت، واتە چەند بوونەوەرێک کە دەبێ بتوانن لە خۆیاندا ئامانجی ئەم کردارەیان تێدابێ.

**سێیەمیان:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەرکی لاوەکیی سەرشان (ئەوی دەشێ بەر کەسانی تر بکەوێ) بەرامبەر بەخۆ، تەنیا ئەوە بەس نییە کە کردار لەگەڵ مرۆڤایەتیدا وەک ئامانجێک لەخۆیدا لە کەسایەتیماندا بە ناکۆک و ناتەبا نەبێ، بەڵکو دەبێ کردارەکە لەگەڵیدا گونجاو و تەبا بێت، بەڵام مرۆڤایەتی چەندین توانای هەیە دەستەبەری گەیشتنە گەورەترین رادەی تەواوێتی و کەماڵ دەکەن و سەبارەت بە مرۆڤایەتی لە خودی ئێمەدا سەر بە ئامانجی سروشتن. پشتگوێخستنی ئەم هێز و توانا سروشتییانە وەک ئامانجێک لەخۆیاندا بە پێچەوانەی پاراستن و مانەوەی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو لەگەڵ داخوازیی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ناتەبا و نەگونجاوە.

**چوارەمیان:** دەربارەی ئەرکی سەرشان بەرامبەر بە کەسانی تر. ئەو ئامانجە سروشتییەی هەموو مرۆڤایەتی هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، بەختەوەرییانە. راستە مرۆڤایەتی دەکرێ هەر بە هەبوو بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر کەس هەوڵی بەختەوەرکردنی کەسی تر نەدات و نەشیەوێ لە هەمانکاتدا هیچی لێ زەوت بکات، بەڵام ئەمە رێککەوتن و گونجانێکی نالەبارە نەک لەبار لەگەڵ مرۆڤایەتیدا لەوەدا لەخۆیدا ئامانجە، تەنانەت ئەگەر هیچ یەکێک، ئەوەندەی لە توانادا هەیە، هەوڵی بەختەوەرکردنی کەسانی تر نەدات، خۆ کە لە خۆیدا ئامانجە، ئەوا دەبێ ئامانجەکانی ئەگەر ئەو بۆچوونە لەلای من هەموو کارەکانی خۆی بکات، ئەوەندەی لە کردن بێت، ئامانجی منیش بن.

ئەم بنچینەیە کە مرۆڤایەتی و هەموو سروشتێکی ژیر بەگشتی وەک ئامانج لە خۆدا دایدەنێ (ئەمەش مەرجێکی بەرزی سنووردارکردنی ئازادی کرداری مرۆڤە) لە شارەزایی و ئەزموونەوە نەکەوتۆتەوە، یەکەم: لەبەر هەمەکییەتییەکەی، چونکە ئەو بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر بەگشتی دەست دەدات، ئیتر لێرەدا هیچ ئەزموونێک بۆی ناکرێت شتێک لەم بارەیەوە دەستنیشان بکات. دووەم: لەبەر ئەوەی لەم بنەمایەدا مرۆڤایەتی وەک ئامانجی مرۆڤ دانانرێت (خۆیەتی) واتە وەک بابەتێک مرۆڤ لەخۆیەوە بیکات بە ئامانجێکی راست و راستەقینە، بەڵکو وەک ئامانجێکی بابەتییانە دابنرێت، ئیتر هەر ئامانجێکمان هەبێت، پێویستە وەک قانوون مەرجە بەرز و باڵاکانی دەستنیشانکردنی هەموو ئامانجە خۆییەکان پێکبهێنێ و ئینجا دەبێ ناچارەکی لە ژیری بێگەردەوە بکەوێتەوە.

بنچینە و هۆکاری هەموو قانووندانانە پراکتیکییەکان بەشێوەیەکی تایبەت و بابەتییانە لە رێوشوێن و فۆرمی هەمەکی و گشتیدا هەیە کە وای لێدەکەن (بەپێی بنەمای یەکەم) بکرێ ببێ بە قانوون (دەکرێ بە قانوونی سروشتیش ناو ببردرێ)، بەڵام خۆیەکییانە بە ئامانجەوە بەندە، ئەو خۆیەی هەموو ئامانجەکانی هەیە، هەموو جەوهەرە ژیرەکان لێی پێکدێت، وەک ئامانجێک لەخۆیدا

(بەپێی بنچینەی دووەم): لەمەوە سێیەمین بنچینەی پراکتیکی خواست وەک مەرجێکی بەرز دەکەوێتەوە کە لەگەڵ ژیری پراکتیکی گشتیدا گونجاو و تەبایە، واتە لەگەڵ بیرۆکەی خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر وەک خواستێک کە قانوونی گشتی هەمەکی دادەنێ.

بەپێی ئەم بنچینەیە هەموو ئەو بنەما و ڕێوشوێنانەی لەگەڵ قانووندانانی گشتی تایبەت بە خواست ناگونجێن، دەستیان لێ هەڵدەگیرێ. ئیتر خواست ملکەچ و تەنیا بابەتی قانوون نابێت، بەڵکو ئەو پابەندییەی دەبێ لە هەمانکاتدا وا سەرنج بدرێت کە خۆی لە خۆیدا قانوون دانەرە، تەنیا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە ملکەچێتی (دەتوانێ خۆی بە خاوەنی ئەم قانوونە دابنێ).

فەرمانە ئاکارییەکان بەپێی جۆری بۆچوونەکان کە پێشتر باس کران، بەتایبەتی ئەو فەرمانانەی کە دەبێ بەپێیان کردارەکان لەگەڵ سیستەمی سروشتی قانوون ئاسا گونجاوبن یاخود ئەو فەرمانانەی کە داوا دەکەن جەوهەرە ژیرەکان تایبەتمەندی گشتی ئامانجەکانیان هەبێت، لە هەموو جۆرەکانی سوود و قازانج و هۆکارە پاڵنەرەکانیان بەوەی کە وەک چەند فەرمانێکی ڕەها دانراون لە کایە و پاوانی خۆیان دوورخراونەتەوە، بەڵام ئەوان وەک فەرمانی ڕەها دادەنرێن، چونکە مرۆڤ دەبێ بۆ لێکدانەوەی چەمکی ئەرک هەمان شت پەسند بکات، ئایا چەندین ڕستەی پراکتیکی کە بەشێوەیەکی ڕەها فەرمان دەدەن هەن، ناکرێ لە خۆیدا ساخ و پشتڕاست بکرێنەوە، هەروەها ناکرێ لەم بەشەی ئەم کتێبەدا ئەم ساخکردنەوەیە بکرێت، بەڵام دەکرێ تاکە شتێک بکرێت بە تایبەتی دەستبەرداربوونی هەموو سوود و قازانجێکی ئەو کردارەی خواست کە بەو پێیەی نیشانەیەکی تایبەتییە لە ئەرکەوە دەکەوێتەوە، بەهۆی دەستنیشانکردنێکی دیاریکراوەوە کە لە فرمانەکە خۆیدا هاتووە، فرمانی ڕەها لە فرمانی مەرجەکی جیا دەکاتەوە، ئەمەش ئێستا لە فۆرم و چوارچێوەی سێیەمی بنچینەکەدا ڕوودەدات، واتە لە بیرۆکەی خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر لەوەدا کە خواستێکی قانووندانەرێکی هەمەکییە.

ئەگەر ئێمە بیر لە خواستێکی وەک ئەمە بکەینەوە و ئەگەر بلوێ ئەم خواستە پابەند و ملکەچی قانوون بێت و بەهۆی سوود و قازانجەوە پێوەندی بەو قانوونانەوە هەبێ، ئەوا ناکرێ و ناگونجێ خواست کە خۆی قانووندانەرێکی بەرز و باڵایە، پابەندی هیچ جۆرە سوود و قازانجێک بێت، چونکە ئەم جۆرە خواستە ئەگەر پابەندی سوود و قازانج بێت، ئەوا لەلای خۆیەوە پێویستی بە قانوونێکی تر دەبێت کە سوود و قازانجی خۆ خۆشویستنەکەی پابەندی مەرجی گونجانی دەکات کە ببێ بە قانوونێکی گشتی هەمەکی.

بەم پێیە بنچینەی هەموو خواستێکی مرۆڤایەتی، لەوەدا کە خواستە، لە ڕێگای بنەماکانییەوە بووە بە خواستێکی دانەری قانوونی گشتی هەمەکی، ئەگەر بۆی لوا بنچینەیەکی ڕاست و دروست بێت و بە تەواوەتی بگونجێ ببێ بە فرمانی ڕەهای ئاکاریی، لە پێناوی بیرۆکەی قانووندانەری هەمەکی گشتی، نابێ بەهیچ جۆرە سوود و قازانجێک پشت ببەستێ، ئیتر تەنیا بەم پێودانگە دەتوانێ لەنێوان هەموو فرمانە شیاوەکییەکاندا ببێ بە فرمانی بێ قەید و مەرج، یاخود ئەگەر باشتر بابەتەکە دەربڕین دەبێ ڕستەکە بەراوەژوو بکەینەوە: ئەگەر فرمانێکی ڕەهای ئاکاریی هەبێ (قانوونێک خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر بگرێتەوە)، ئەوا دەبێ ڕابسپێرێ کە لەهەموو کردارێکدا بە بنەما و ڕێوشوێنی خواستەکەی پشت ببەستێ و لە هەمانکاتدا خۆی وەک قانووندانەرێکی گشتی بکات بە بابەتی خۆی، تەنیا ئەوکاتە بنچینەی پراکتیکی و فرمانی ئاکاریی کە خۆی ملکەچیانە دەبن بەبێ قەید و مەرجی ناچارەکی، چونکە ئەو بە هیچ جۆرە ئارەزوویەک و سوود و قازانجێک پشت نابەستێ.

دوای ئەمە سەیر نییە، ئەگەر بێتو سەرنجێک لەوە بدەین کە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی بنچینەکانی ئاکار کردوومانە بۆمان ڕوون بێتەوە کە سەرنەکەوتوو بووە. دیتراوە مرۆڤ بەهۆی ئەرکی سەرشانییەوە بەقانوونەوە بەند و بەستراوەتەوە، بەڵام بەبیردا نەهاتووە کە ئەو تەنیا ملکەچ و پابەندی قانووندانانی خۆی هەمەکییەکەیە و ئەو تەنیا پابەندی ئەوەیە کە لەگەڵ خواستی تایبەتییەکەیدا دەگونجێ، ئەمە ئەو خواستەیە کە بەپێی ئەو ئامانجە سروشت دایناوە تەبا لەگەڵ خواستی قانووندانەری هەمەکی بجوولێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بەو جۆرە بیریان لێکردۆتەوە کە ملکەچی قانوونە (ئیتر ئەو قانوونە هەر جۆرێک بووبێ) بۆیە دەبوو ئەو قانوونە ناچارەکی جۆرە سوود و قازانجێک، جا لە شێوەی وروژێنەر یاخود تۆبزیی لێی بەکاربێت و لەگەڵیدا بێت،

چونکە وەک چۆن قـــانوون لە خــــواســـتی ئەوەوە نەکەوتۆتەوە، بەڵکو ئەم خـواستـە خۆی، بەپێی قـانوون ناچارکراوە بەشـێوەیەکی دیاریکراو کـردار بکات، بەهۆی ئەو ئەنجامـە تۆبزی و ناچارەکییەوە، هەمـوو ئەو هەوڵ و کـۆششــەی بۆ دۆزینەوەی بنچــینەیەکی بەرزی ئەرک و فـرمـانی سـەرشـان درا، بە فـیـرۆ و بێ سـوود دەرچوون، چونکە مرۆڤ هیچ کاتێک بە ئەرک و فرمان نەگەیشتووە و بۆی روون نەکراوەتەوە چییە، بەڵکو بۆی روون بۆتەوە کـــە لەبەر ســـوود و قـــازانجــــێکی دیاریکراو ناچارە بجووڵێتەوە و کردار بکات. جا ئیتر ئەم کەڵک و سوودە تایبـەتی بێت بەخـۆی یان کـەسانی بیـانیـیـەوە، فـرمـانە ئاکارییەکە دەبوو هەمـیشە پابەندی قـەید و مـەرج بێت و نەدەکـــرا کـــەڵکی ئەوەی هەبێ ببێ بە رێوشــــوێن و راسـپـاردەی ئاکـارییـانە. من دەمـەوێ ئەم بنچـینەیە بە بنەمـای سـەربەخـۆیی (ئۆتۆنۆمی) خـواست ناوبنێم بە پێـچـەوانەی هەر بنچـینەیەکی تر کـە من، لەبەر ئەمـە لەوانەیان دەژمێرم کە پێکەوە هەڵنەکەر ناودەبرێن.

چەمک و بۆچوونی Der Begriff هەر جەوهەرێکی ژیر، کـە دەبێ بەهۆی رێوشوێن و بنەماکـانی خـواسـتـەوە خۆی وەک قـانووندانەرێکی هەمـەکی تەماشا بکات، بۆ ئەوەی بـتـوانێ لەم روانگەیەوە بڕیار (حـوکم) دەربارەی خۆی و کردارەکانی بدات و بە چەمکی ئەوپەڕی بەپیت و پیـــــز کـــــە پێـــــوەی بەندە، واتە بە چەمکی دەوڵـەتی ئامانجەکانی بگەیەنێ.

من وا لە دەوڵـەت (مـەملەکـەت) Reich دەگـەم کـە بریتییە لە پێکەوە بەسـترانی سیستەمـەکی جەوهەرە ژیرە جیـاجیـاکـان بەهۆی قـانوونێکی ناوکـۆیی هاوبەشـەوە، چونکە قـانوونەکان مـەبەسـتـەکان بەپێی ئەوەی بەگـشـتی دەستبەکارن، دیاری دەکەن، ئەوا دەکرێ ئەگەر جیاوازیی کـەسـایەتی نێـوان جـەوهەرە ژیرەکـان و لە هەمـانکاتدا ناوەرۆکی مـەبەسـتـە تایبـەتیـیـەکـانیـان لابەرین و دووربخـەینەوە، هەمـەکـیـیـەکی گـشـتی کـە هەمـوو ئامـانجەکـانی لە یەکـەیەکی رێکوپێکی سیسـتـەمـەکی، سیستەم ئاسادا کۆ کردبێتەوە، لەبەرچاو بگرین (ئیتر جا مەبەستەکانی هەمـوو جەوهەرە ژیرەکان بێت بەو شێوەیەی لەخۆیاندا مـەبەستن و هەروەها مەبەستە تایبـەتییەکان کە هەموو کەسێک دەتوانێ بۆ خۆی هەیبێ و دایبنێ) واتە دەوڵەتێکی مـەبەسـتـەکـان کـە بەپێی ئەو بنەمـایانەی لە سەرەوەدا باسمان کردن دەکرێ هەبن.

هەمـوو جـەوهەرە ژیرەکـان پابەندی قـانوونن کـە دەڵێ: نابێ و نـاکـرێ هیچ کـەسـێک خـۆی و کـەسـانی تر تەنیـا وەک ئامـرازێک دابنێ، بەڵکو دەبێ بەجـۆرێک کـرداریان لەگەڵدا بکات کە لەخۆیاندا ئامانجن، لەمەوە بە رێگای قـانوونە ناوکـۆییـە بابـەتییـەکـانەوە بە یەکـەوە بەسـترانی سیسـتـەمـەکیی رێکوپێک لەنێـوان جەوهەرە ژیرەکان پەیدا دەبێ، واتە دەوڵـەتێک لەبەرئەوەی ئەم قانوونانە پێوەندی ئەم جـەوهەرانە پێکەوە بەو پێـیـەی چەند مـەبەست و ئامرازێکن مەبەستیـانە، دەکرێ بە دەوڵەتی (شانشینی) ئامــــانج ناوبـــــرێت (تەنیـــا وەک نموونەیەکی بەرز) جـــەوهەرێکی ژیر دەبێ هەمـــوو کـــاتێک خـــۆی وەک قـانووندانەر لەو دەوڵـەتەدا کە بەهۆی ئازادی خـواسـتـەوە پەیدابووە، ئیـتـر ئەندام بێ یاخـود سـەرۆک بێ تێـیـدا دابنێ، ئەو تەنیـــا پشت ئەســـتـــوور بە بنەمــــاکـــانی خـواسـتـەکـەی ناتوانێ لافی ئەم پلە و پایە و جـێگـایە لێـبـدات، کـاتێک ئەمـەی بۆ دەلوێ ئەگـەر بەتەواوەتی سەربەخۆ و لە هەموو پێویستییەک بێ نیاز بێت و هیچ شـتـێک رادەو سنووری بۆ دانەنێت و ئینجـا توانایەکی ئەوەندەی خواستی (Wille) هەبێت.

ئاکـــارێتی Moralitat لە پێـوەندی نێـوان هەمـوو کـردارێک و قانوون دارشـتندا پێکدێت، ئەمـەش دەبێتـە مـــایەی ئەوەی بکرێ دەوڵـەتێکی ئامـــانج هەبێ، بەڵام دەبێ ئەم قـانوون دارشـتـنە لە هەمـوو جەوهەرێکی ژیردا ببینرێت و لە خواستییەوە بکەوێتەوە، ئینجا بنچینەکەی بەم جۆرە دەبێت:

هیـچ کـردارێک نەکـات ئەگـەر لەگـەڵ ئەم بنەمـایەدا نەگونجێ کە دەکرێ ببێ بە قانوونێکی هەمەکی گشتی و کردارەکە بەو جۆرە بێت کە خواست بەهۆی بنەماکەیەوە لە هەمانکاتدا خۆی وەک قانوونداڕێژێکی گشتی ببینێ.

ئەگـەر ئەم بنەمایانە بەپێی سروشـتـیـان لەگەڵ بنچـینە بابەتیـیــەکــانی جــەوهەری ژیردا کــە قــانووندانەرێکی هەمەکـییە کۆک و تەبا نەبن، ئەوا ناچارەکیی کردارەکە بەپێی بنچینە کردەکییە ناوبراوەکە بە پابەندکردنی تۆبزیی ناو دەبرێت، واتە ئەرک و فــرمــان. ئەرک، فــرمــان، ناکــەوێتــە ئەســـتـــۆی ســـەرۆک لە دەوڵەتدا، بەڵکو بەشێوەیەکی یەکسان هەموو ئەندامێکی دەگرێتەوە.

تۆبزی، ناچاریی پراکتیکییانە کە بریتییە لە کارکردن بەپێی ئەم بنچــینەیە، واتە ئەرکی ســەرشــان، بەهیچ جۆرێک بە سـۆز و هۆکـارە پاڵنەر و ئارەزووەکانەوە بەند

نییە، بەڵکو تەنیا هەر بە پێوەندیی جەوهەرە ژێرەکان بە یەکەوە لەناوخۆیاندا بەندە، لەوەدا کە خواستی جەوهەری ژێر، لە هەمانکاتدا بە خواستێکی قانووندارێژ سەرنج بدرێت، چونکە ئەگەر وانەبێ ناکرێ جەوهەری ژێر وەک ئامانجێک بەبیردا بێت.

بەم پێیە ژێر هەموو بنەمایەکی خواست بەوەی کە قانووندارێژی هەمەکییە بە هەموو خواستەکانی ترەوە و بە کردەکانەوە کە بەرامبەر بەخۆیانن دەبەستێتەوە، لەمەدا هیچ هۆکارێکی پاڵنەری پراکتیکی یاخود سوود و قازانجێکی دواتر ئەم هانایەی نادەن، بەڵکو بیرۆکەی سەربەرزی Wurde جەوهەرێکی ژێر کە ملکەچی هیچ قانوونێک نییە لەوە بەولاوە کە خۆی بۆ خۆی دایناوە.

لە دەوڵەتی ئامانجەکاندا هەموو شتێک نرخێک یان سەربەرزییەکی هەیە، ئەوەی نرخ بایەخی هەیە دەکرێ بە شتێکی تری وەک خۆی بگۆڕدرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەوەی لەسەروو هەموو نرخ و بایەخێکەوەیە و ڕێگا نادات شتێکی وەک خۆی هەبێ، ئەمە سەربەرزیی هەیە.

ئەوی پێوەندی بە ئارەزووی گشتی مرۆڤەوە بە پێویستییەکانییەوە هەیە، نرخ و بایەخێکی بازاڕیی هەیە، بەڵام ئەوەی لەگەڵ چێژێکی دیاریکراودا، بەبێ ئەوەی پەکی بە پێویستییەکی پێشووتر کەوتبێ، بگونجێ. واتە هەستی خۆشیی و ئاسوودەیی کە لە گەمەیەکی بێ مەبەستی ناخی دەروونماندا هەستی پێدەکەین، بایەخ و نرخێکی سۆزییانەی هەیە، ئیتر ئەوەی ئەو مەرجەی لێ پێکدێت کە بە تاک و تەنیا دەبێتە مایەی ئەوەی شتێک لە خۆیدا ئامانج بێت، نەک هەر تەنیا بایەخێکی ڕێژەیی واتە نرخێک، بەڵکو نرخێکی ناوەکیی هەیە، واتە سەربەرزیی هەیە.

ئاکار ئەو تاکە مەرجەیە وا دەکات جەوهەری ژێر لەخۆیدا ئامانج بێت، هەر بەهۆی ئەوەوە دەکرێ ئەو ئەندامێکی قانووندارێژی دەوڵەتی ئامانجەکان دەبێت. بەم جۆرە ئاکار و مرۆڤایەتی، بەو ڕادەیەی توانای هەمان شتیان هەیە، ئەو شتەن کە بە تەنیا سەربەرزین. دەستڕەنگینی و زیرەکی لەکارکردندا نرخێکی بازاڕییان هەیە. زرنگی و توانای زیندوویی ئەندێشە و کەیف نرخێکی سۆزەکییان هەیە، کەچی دڵسۆزی و وەفا لە بەڵێنداندا، چاکەکردنی پشت بە بنەما ئەستوور (نەک بەهۆکاری پاڵنەری زگماکییەوە) بایەخێکی ناوەکییان هەیە، نە سروشت و نە هونەر دەتوانن جێگای ئەم خەسڵەتانە، ئەگەر لە دەستدران پڕ بکەنەوە، چونکە نرخ و بایەخیان لەو ئەنجامانەدا نییە کە لێیان دەکەونەوە و لەو سوود و قازانجە یاخود لەو دەسکەوتانەدا نییە کە پێکی دێن، بەڵکو لەویژدان و نیازەکاندایە، واتە لە بنەماکانی خواستدا کە بەم شێوازە بەکردار، ئەگەرچی بەسەرکەوتن بەهرەمەند نەبن، خۆیان دەردەبڕن. ئەم کردارانە لەسەر ڕاسپاردەی چێژ یاخود توانا و هێزێکی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بەچاوی ڕەزامەندی و ئاسوودەییەوە تەماشایان بکەین، پەکیان نەکەوتووە، هەروەها پێویستیان بە ئارەزوو و سۆزێک نییە کە لەلامان شیرینیان بکات. ئەوان ئەو خواستەمان نیشان دەدەن کە پیادەی دەکەن و کە بابەتی ڕێزلێنانی ڕاستەوخۆیە، ئەوان لەژێر بەولاوە، بۆ ئەوەی بەسەر خواستدا پیادەی بکەن و بیسەپێنن، شتێکی تر ناخوازن، ئەمەش نەک بەشێوەیەکی ڕیاکارییانە، چونکە ئەمە بێگومان لەگەڵ ئەرکی سەرشاندا ناکۆکە. ئەم هەڵسەنگاندنەیە کە بایەخی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وەک سەربەرزیی دەناسێنێ و دەیخاتە سەر هەموو نرخ و بایەخێکەوە و بەهیچ جۆرێک ناکرێ لەگەڵیدا بخرێتە دوو تای تەرازوویەکەوە، یاخود لەگەڵیدا بەراورد بکرێت بەبێ ئەوەی پاکی و پیرۆزییەکەی پێشێل نەکرێت.

ئێستاکە ئەو شتە چییە کە بۆ نیاز چاکیی ئاکار یاخود بۆ چاکەکاری ڕەوادەکات، ئەم جۆرە داواکارییە بەرزەیان هەبێ؟! ئەمە بە هیچ جۆرێک لەو بەش و ڕۆڵە کە بۆ بەشداربوون لە قانووندارشتندا بە جەوهەری ژێر دراوە و کە وای لێدەکات بۆ ئەندامێتی دەوڵەتی شیاوی ئامانجەکان بگونجێ کەمتر نییە، ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە کە سروشتی تایبەتی خۆی بۆی دەستنیشان کردووە کە وەک ئامانجێک وایە لەخۆیدا و وەک قانووندانەرێک لە دەوڵەتی ئامانجەکاندا و ئینجا کە سەبارەت بە هەموو قانوونە سروشتییەکان ئازاد و سەربەستە و دەبێ تەنیا ملکەچی ئەو قانوونانە بێت کە خۆی بۆ خۆی دایڕشتوون و کە دەکرێ بنەماکانی بەپێی ئەوان، لە قانووندانێکی هەمەکی گشتی بەشێک بن (هەر خۆیشی لەهەمانکاتدا ملکەچیان بێت) هیچ شتێک لەو نرخە کە قانوون بۆی دادەنێ بەولاوە نییە، بەڵام قانووندانان خۆی کە هەموو نرخەکان دەستنیشان دەکات، دەبێ لەبەر هەمان هۆکار خۆی سەربەرزیی، واتە بایەخێکی بێ قەید و مەرجی لەبەراوردکردن نەهاتووی هەبێت، وشەی ڕێزلێنان تاکە

وشەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دەگونجێ کە دەبێ هەموو جەوهەرێکی ژێر لەبەرامبەریدا بینوێنێ. سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) کەوابوو بنچینەی سەربەرزیی سروشتیی مرۆڤایەتی و گشت سروشتێکی ژیرە.

ئەو سێ جۆرەی بۆ دەربڕینی بنەماکەی ئاکار باس کران، ئەوی ڕاست بێ، لە چەند چوارچێوەیەکی فرە چەشنە و جۆری هەمان قانوون بەولاوە نین، جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش ئەوی ڕاست بێ جیاوازییەکی خۆبەتییە پێش ئەوەی جیاوازییەکی بابەتی- پراکتیکییانە بێت، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی ژێر لە دیتن نزیک بکەینەوە و بەهۆیەوە (بەپێی لە یەکچوونێکی دیاریکراو) بخرێتە بەر سۆز و هەست. هەموو بنەماکان ئەمانەیان هەیە:

١- فۆرمێک Eine Form کە لە هەمەکی سەرتاپاگیر پێکهاتووە، ئیتر دەکرێ چوارچێوەی داڕێژراوی فرمانی ئاکاریی بەم شێوەیە دەربڕێ:

پێویستە بنەما و ڕێوشوێنەکان بەو پێیە هەڵبژێردرێن کە دەبێ وەک قانوونە سروشتییەکان دەستبەکار بن.

٢- ماددەیەک، واتە ئامانجێک، دەستەواژەکە لێرەدا بەم جۆرەیە:

جەوهەری ژیر کە بەپێی سروشتەکە ئامانجە و ئینجا بەو پێیەی لە خۆیدا ئامانجە، سەبارەت بە هەر بنەما و ڕێوشوێنێک دەبێ مەرجێکی سنوورداری هەموو ئامانجە ڕێژەیی و هەمەکییەکان بێت.

٣- دەستنیشانکردنێکی تەواوەتییانەی هەموو بنەماکان بەهۆی ئەم دەستەواژەیەوە (Formel)، بە تایبەتی، واتە:

هەموو ئەو بنەماو ڕێوشوێنانەی لە قانووندانانە تایبەتییەکەوە کەوتوونەتەوە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتێکی شیاوەکی ئامانجەکان و ئینجا لەگەڵ دەوڵەتی سروشتدا تەباو هەماهەنگ و گونجاوبن. بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنەکە هەر وەک بەهۆی چەمکەکانی یەکێتی فۆرمی خواست (هەمەکی و سەرتاگیرییەکەی خۆ) و فرە ڕەنگی ماددە (هی بابەتەکان واتە ئامانجەکان) و هەمەکی و سەرتاپاگیریی سیستەمەکە خۆی چۆنە وەها دەبێ، بەڵام چاکتر وایە مرۆڤ لە بڕیار و حوکمدانی ئاکارەکیدا پەیڕەوی ڕێبازێکی پتەوی ڕێکوپێک بکات و بەم دەستەواژە هەمەکییەی فرمانی ئاکارەکیی پشت ببەستێ:

**با کردارت بەپێی ئەو بنەما و ڕێوشوێنە بێت کە دەکرێ لە هەمانکاتدا ببێ بە قانوونێکی گشتی**

ئەگەر بویستری قانوونەکان پەیڕەو بکرێن، ئەوا ئەوپەڕی بەکەڵکە، ئەگەر کردارێک خۆی بەپێی ئەو سێ چەمکەی کە ناویان هێنرا بکرێت و ئەوەندەی لەکردن بێت لە دید و بینین نزیک بکرێتەوە.

دەتوانین ئێستا لەو جێگایەوە کە دەستمان پێکرد کۆتایی بهێنین، واتە لە چەمکی بۆچوونی خواستێکی بێ قەید و مەرجی چاکەوە. خواست بێ چەند و چون چاک دەبێ ئەگەر نەتوانێ بەدکاربێت و ئەگەر ڕێوشوێن و بنەماکانی، کاتێک دەبن بە قانوونی هەمەکی گشتی، لەگەڵ خۆیاندا ناکۆک نەبن. ئەم بنچینەیە خۆی کەوابوو قانوونە باڵا و بەرزەکەشیەتی، هەموو کاتێک بەپێی ئەو ڕێوشوێنە کردار بکە، لە هەمانکاتدا بتوانیت بتەوێ وەک قانوون سەرتاپاگیر و هەمەکی بێت. ئەمە ئەو تاکە مەرجەیە کە نایەڵێت خواست هیچ جارێک لەگەڵ خۆیدا ناکۆک بێت، ئەمە جۆرە فرمانێکی ڕەها و بێ سنوورە، لەبەر ئەوەی گونجان و دەستبەکاریی خواست وەک قانوونێکی هەمەکی کردارە شیاوەکییەکان، لەگەڵ بەیەکەوە بەسترانە گشتییەکەی بوونی شتەکان بەپێی قانوونە هەمەکییەکان وەک یەکە، ئەو بەیەکەوە بەسترانەی کەرەسە و بابەتی ڕوخسارەکی سروشتە بەگشتی، ئەوا دەکرێ فرمانی ڕەهای ئاکاریی بەم جۆرە دەربردرێ:

**با کردارت بەپێی چەند بنەما و ڕێوشوێنێک بێت کە دەتوانن و دەکرێ لە هەمانکاتدا خۆیان بکەن بە بابەتێکی چەند قانوونێکی گشتیی سروشت. بەم شێوەیە چوارچێوەی خواستی ڕەهای چاکە و چاکەخواز داڕێژراوە.**

سروشتی ژیرانە بەوەدا خۆی لە شتی تر جیادەکاتەوە کە ئامانج بۆ خۆی دادەنێ. ئەم ئامانجە دەبێ بە ماددە و کەرەسەی هەموو خواستێکی چاکەخواز، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی Idee خواستێک بەبێ قەید و مەرجی سنوور و دەستنیشانکار (هی گەیشتنە ئەم یاخود ئەو ئامانجە) و چاکەخوازی ڕەها بەگشتی لە هەموو ئەو ئامانجانەی کە دەویستری بەدی بهێنرێن، پاک بکرێنەوە (ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی خواست بەشێوەیەکی ڕێژەیی relativ چاک بێت) ئەوا نابێ لێرەدا ئامانج وا سەرنج بدرێت کە دەویستری بەدی بهێنرێت، بەڵکو وەک ئامانجێکی سەربەخۆ دابنرێت، واتە تەنیا نالەبار بەبیردابێت و نابێ

بە پێچەوانەیەوە کردار بکرێت نەک وەک ئامراز، بەڵکو هەمیشە وەک مەبەست لە هەموو کردارێکی خواستدا تەماشا بکرێت و دابنرێت. ئەم ئامانجە ناکرێ لە خودی هەموو ئامانجە شیاوەکییەکان بەولاوە شتێکی تر بێت، چونکە هەر ئەمە خۆی لە هەمانکاتدا خاوەنی خواستێکی ڕەهای چاکەخوازە، هەربۆیە بەبێ دووچاربوونی ناکۆکی ناکرێ بابەتێکی تری بخرێتە پێشەوە. بۆیە ئەو بنەمایەی دەڵێ:

**با کردارەکەت سەبارەت بە هەموو جەوهەرێکی ژیر (ئیتر سەبارەت بە خۆت و کەسانی تریش) بەو جۆرە بێت کە لە بنەما و ڕێوشوێنەکەتدا بایەخی ئامانجێکی لەخۆیدا هەبێت... لەگەڵ ئەم بنچینەیەدا یەک شتە:**

بەپێی ڕێوشوێنێک کردار بکە لەخۆیدا گونجانە هەمەکییەکەی بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر هەبێ. ئەوەی دەڵێ: لەکاتێکدا من ئەو ڕێگایانەی بۆ گەیشتنە ئامانجێک دەیانگرمەبەر دەبێ ڕێوشوێنەکەم پابەندی ئەو مەرجە بێت کە دەبێتە مایەی ئەوەی هەمەکیی و سەرتاپاگیر بشێ ببێ بە قانوونێکی هەموو خۆیەک Subjekt وەک ئەو قسەیە وایە کە دەڵێ: دەبێ گشت ڕێوشوێنەکانی خودی خاوەن ئامانجە، واتە جەوهەری ژیر خۆی نابێ هیچ جارێک وەک تەنیا ئامرازێک، بەڵکو دەبێ وەک مەرجێکی بەرزی دیاریکردنی هەموو ئامراز و ڕێگایەک، هەموو کاتێک وەک ئامانج دابنرێت.

ئیتر لەمەوە بێ کێشەو بەرە دەکەوێتەوە کە هەموو جەوهەرێکی ژیر، وەک ئامانجێک لەخۆیدا، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو قانوونێک کە ئەو دەیەوێ ملکەچیان بێت دەبێ توانای هەبێ وەک قانووندارێژێکی گشتی بێتە بەرچاو، چونکە لێهاتوویی ڕێوشوێنەکانی و گونجانیان بۆ ئەوەی ببن بە قانووندارێژێکی گشتی وەک ئامانجێک لەخۆیدا نیشان دەدات، هەروەها بە هەمان شێوە دەردەکەوێ کە سەربەرزییەکەی (مافی تایبەتی Prarogativ) دەیخاتە پێش هەموو جەوهەرە سروشتییەکان وای لێدەکات کە ڕێوشوێن و بنەماکانی، لە ڕوانگەی خۆیەوە هەموو کاتێک، هەروەها لە بۆچوونی هەموو بوونەوەرێکی ژیرەوە وای دابنێ کە جەوهەرێکی قانووندارێژە (هەر ئەمە ئەو هۆیەیە کە وای کردووە ئەو بوونەرانە بە چەند کەسانێک ناو ببردرێن). ئیتر بەم پێ و ڕێگایە دەکرێ جیهانێکی جەوهەری ژیر وەک دەوڵەتێکی ئامانج هەبێت، ئەویش بە سایەی قانوونداناني تایبەتی کە لە هەموو کەسەکانەوە وەک ئەندام دەکەوێتەوە. دوای ئەمە دەبێ هەموو جەوهەرێکی ژیر بەجۆرێک کردار بکات، وەک ئەوەی بەسایەی ڕێوشوێن و بنەماکانەوە هەمیشە ئەندامێکی قانووندارێژی دەوڵەتی هەمەکی ئامانجەکانە. بنچینەی ڕوخسارەکیی ئەم ڕێوشوێنە ئەمەیە:

**با کردارەکەت وابێت هەروەک ئەوەی پێویست بێ لە هەمانکاتدا ڕێوشوێنەکەت بگونجێ ببێ بە قانوونێکی گشتی (بۆ هەموو جەوهەرێکی ژیر).**

دەوڵەتێکی ئامانجەکان ئیتر تەنیا بەهۆی لەیەکچوونی لەگەڵ دەوڵەتی سروشتدا بەپێی ڕێوشوێنەکان، واتە ئەو بنەمایانەی مرۆڤ خۆی پێیانەوە پابەند دەکات و لە ڕێگای چەند قانوونێکی هۆکاری کاریگەری پابەند بەناچاریی دەرەکییەوە، دەکرێت هەبووبێت.

بە بێ گوێدان بەمە، مرۆڤ سڵ لەوە ناکاتەوە کە سروشت وەک هەمەکیی جا ئەمە وەک مەکینە یاخود لەو پێوەندییەیدا کە بە جەوهەری ژیرەوە کە ئامانجی ئەون، هەیەتی، لەبەر ئەم هۆیە، بە دەوڵەتی سروشت Reich der Natur ناودەبرێت ئەم جۆرە دەوڵەتەی ئامانجەکان بە ڕێگای چەند ڕێوشوێنێکەوە کە فرمانی ڕەهای ئاکارەکی ڕەنگی بنەماکەی بۆ هەموو جەوهەرە ژیرەکان دەڕێژێ، دەکرێ بە ڕاستی پەیدا ببێ، ئەگەر بێتو بەگشتی پەیرەو بکرێن. تەنانەت ئەگەر جەوهەرە ژیرەکە خۆی، ئەگەر خۆی بە وردیی و ڕێکوپێکیش پەیڕەوی ڕێوشوێنەکان بکات، نەیتوانی دەستەبەری ئەوە ببێ کەسانی تر وەک ئەو بە ئەمەک و دڵسۆزبن و نەیتوانی وابکات دەوڵەتی سروشت و ڕێکوپێکییە ئامانجەکییەکەی لەگەڵیدا وەک ئەندامێکی کارامە و دەسترەنگین تێیدا کە دەکرێ بۆ ئەو ببێ بە دەوڵەتی ئامانجەکان، تەبا و هەماهەنگ و گونجاو بێ، واتە ئەو بەختەوەرییەی چاوەڕێی دەکات بێتە دی، ئەوا ئەو قانوونە دەڵێ:

بە پێی چەند ڕێوشوێنێکی ئەندامێکی دانەری قانوونی هەمەکی دەوڵەتێکی شیاوەکیی ئامانجەکان، کردارت بکە، هێز و توانا و دەستبەکاریی خۆی هەر دەمێنێ، چونکێکم ئەو فەرمانەکانی بەشێوەیەکی ڕەها دەردەکات. لێرەدا جۆرە ناتەباییەک هەیە ئەمەیە: تەنیا سەربەرزیی مرۆڤایەتی Wurde der Mensch heit وەک سروشتێکی ژیر بە بێ گوێدانە، ئامانجێکی تر یاخود

سوود و قازانجێک کە بویسترێ بە دەست بهێنرێ، بەپێی ئەمە، دەبێ ڕێزلێنانی بیرۆکەی ڕووت و بێگەرد ببێتە ئەو ڕێوشوێنەی کە ناکرێ خواست بەهیچ جۆرێک خۆی لێ لابدات، ئینجا سەربەخۆیی و پابەندنەبوونی ئەم ڕێوشوێنە بە هەموو ئەم جۆرە هۆکارە پاڵنەرانەوە ئەو پایە بەرزییەی بۆ دەستەبەر دەبێت و دەبێتە مایەی ئەوەی هەموو خۆیەکی ژێر شایستەی ئەندامێتی قانووندانەری دەوڵەتی ئامانجەکان بێت، ئەگەر بابەتەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە بایە دەبوو وای بۆ بچین ئەو دەبێ ملکەچ و پابەندی ئەو قانوونە سروشتیانە بێت کە پێویستییەکانی بۆ دیاریی دەکەن. ئەگەرچی دەکرێ وا بەبیردا بێت کە دەوڵەتی سروشت وەک دەوڵەتی ئامانجەکان لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی سەرۆکێکدا یەک بگرێت، ئەگەرچی ئەمەی دواییان تەنیا وەک بیرۆکەیەکی ڕووت نەدەما، بەڵکو ڕاستییەکی ڕاستەقینە تێیدا دەبوو، ئەوا بەمە گەشەی دەکرد، لەوەدا پاڵنەرێکی بەهێزی دەخرایە سەر، بەڵام بەهیچ جۆرێک نرخ و بایەخ و بەها ناوەکییەکەی لەوەی هەیەتی پتر نەدەبوو. جەوهەری شتەکان بەهۆی پێوەندییە دەرەکییەکانییەوە ناگۆڕدرێت و ئەو تاکە شتەی بە تەنیا نرخ و بایەخی ڕەهای مرۆڤ پێکدێنێ، ئەگەر چاو لەو پێوەندییانەی دوایی بپۆشین، دەبێ ببێ بە پێودانگی بڕیاردان بەسەریدا لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو خۆی جەوهەرە بەرزەکەش بێت. ئیتر ئاکار بریتییە لە پێوەندی کردار بەسەربەخۆیی خواستەوە، واتە بە قانووندانانی گشتی شیاوەکییەوە بە ڕێگای ڕێوشوێنەکانی ئەم خواستەوە. ئەو کردارەی دەکرێ لەگەڵ سەربەخۆیی خواستدا بگونجێ، ڕێگا دراوە ئەوەی لەگەڵیدا گونجاو نییە قەدەخە و یاساخە. ئەو خواستەی بنەما و ڕێوشوێنەکانی ناچارەکیی و تۆبزی لەگەڵ قانوونەکانی ئۆتۆنۆمیدا ڕێک و گونجاون خواستێکی پاک و پیرۆز و چاکییەکی ڕەها و بێ سنوورە، پشت بەستنی خواستێکی بێ سنووری بەدکار بە بنچینەی سەربەخۆییەوە (تۆبزیی و ناچاریی ئاکارییانە- die moralische Notigung) پابەند بوونە، ئەم پابەندبوونە ناکرێ جەوهەرێکی پاک و پیرۆز بگرێتەوە. ناچارەکیی بابەتیی کردارێک کە لە پابەندبوونەوە دەکەوێتەوە بە ئەرکی سەرشان ناودەبرێت.

لەوەی لەمەوبەرەوە گوترا دەتوانین بە سووک و ئاسانی ڕوون بکەینەوە کە ئێمە ئەگەرچی دەستبەجێ چەمک و بۆچوونی ئەرکی سەرشان ملکەچیی لەبەردەم قانووندا بە بیردا دەهێنێ، ئەوا لە هەمانکاتدا لەو کەسەدا کە هەموو ئەرکێکی سەرشانی بەجێ دەهێنێ جۆرە شکۆمەندیی و سەربەرزییەک Erhaben heit دەبینین. ئیتر ئەگەرچی شکۆمەندییەکەی لەوەوە نەکەوتۆتەوە کە ملکەچی قانوونی ئاکارە، بەڵکو لەوەوەیە لەگەڵ لەبەرچاوبوونی قانوونەکە کە ئەو لە هەمانکاتدا قانووندانەرە، واتە ئەو تەنیا لەبەر ئەم هۆیە ملکەچێتی. هەروەها پێشتر ڕوونمان کردەوە کە نەک ترس و نەک ئارەزوو و مەیل، بەڵکو تەنیا ڕێزلێنانی قانوون ئەو هۆکارە پاڵنەرەیە کە دەتوانێ نرخ و بایەخێکی ئاکاریی بە کردار ببەخشێ. خواستی تایبەتیمان بەو پێیەی تەنیا بە مەرجێک کردار دەکات کە بەهۆی قانووندانانی هەمەکیی گشتییەوە ڕێوشوێنەکەی ببێ بە شتێکی شیاوەکیی، ئەوا ئەو خواستە شیاوەکییەی لە بیرۆکەکەدا هی ئێمەیە بابەتی ڕاستەقینەی ڕێزلێنانە، سەربەرزیی مرۆڤایەتیش لەو توانایەدا پێکدێت کە بکرێ و بشێ ببێ بەقانووندارێژێکی گشتی بەو مەرجەی خۆی لەهەمانکاتدا ملکەچی ئەم قانووندانانە بێت.

## سەربەخۆیی خواست وەک بنەمای باڵای ئاکاریی

سەربەخۆیی خواست ئەو تایبەتمەندییەی خواستە کە (بەبێ گوێدانە هەموو بابەتەکانی کرداری خواستن) وای لێدەکات ببێ بە قانوونێک بۆ خۆی. بنەمای سەربەخۆیی کەوابوو بریتییە لەوەی ئێمە هەمیشە وا هەڵبژێرین کە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنەکەمان لە هەمانکاتدا وەک قانوونێکی گشتی لەنێو کرداری خواستەکە خۆیدا بن. ئایا ئەم بنەما پراکتیکییە فرمانێکی ئاکارییە. واتە، خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر وەک مەرجێکی ناچاریی پێیەوە بەستراوە، شتێکە ناکرێ بە ڕێگای توێ توێ کردنی ساکاری ئەو چەمک و بۆچوونانەی لە خواستدان پشتڕاست بکرێنەوە، چونکە ئەمە کێشەیەکی لێکدراوە و پێویستە مرۆڤ لە زانینی بابەتەوە بۆ ڕەخنەکردنی خۆ، واتە بەرەو ڕەخنەکردنی ژیری بێگەردی پراکتیکی بپەڕێتەوە، چونکە ئەم کێشە لێکدراوە کە فرمانی ناچاریی دەدات، پێویستە لەتوانادابێ و بشێ بە ڕێگایەکی پێشیانە بزانرێت، بەڵام ئەم بابەتە کەرەسەی ئەم بەشەی کتێبەکە نییە. بنەمای بەبیر داهاتووی

سەربەخۆیی تاکە بنەمای ئاکارە و دەکرێ بە ئاسانیی بەهۆی شیکردنەوەی ساکار و سادەی چەمک و بۆچوونەکانی ئاکارەوە ڕوون بکرێنەوە. ئیتر لەمەدا دەردەکەوێ چۆن بنەماکەی دەبێ فرمانێکی ئاکاریی بێت و ئەم فرمانە ئاکارییە فرمانێک نادات لەو سەربەخۆییە پتر یاخود کەمتر بێت.

### ناتەبایی خواست وەک سەر چاوەیەکی هەموو بنچینە زڕ و ناڕەسەنەکانی ئاکار

خواست کاتێک بەدوای قانوونەکەدا دەگەڕێ کە لە شتێکی تردا نەک لەوەدا ئایا ڕێوشوێنەکانی کەڵکی ئەوەیان هەیە ئەگەر ئەو قانوونێکی هەمەکیی بۆ خۆی دابڕێژێ، پشتی بگرن؟ ئیتر کاتێک بەم پێیە لە خەسڵەتێکی بابەتێکی خۆیدا بەدوای ئەم قانوونەدا دەگەڕێ و دەبێتە مایەی ئەوەی سنووری خۆی ببەزێنێ، دەکەوێتە داوی ناتەبایی و ناکۆکییەوە. ئەوکاتە خواست قانوونەکە بەخۆی نابەخشێ، بەڵکو بابەتەکە بەهۆی ئەو پێوەندییەی پێوەی هەیەتی ئەمەی دەداتێ. ئەم پێوەندییە ئیتر بە مەیل و ئارەزووەوە یاخود بە بۆچوونەکانی ژیرەوە بەند بێت، تەنیا ڕێگا دەدات کە فرمانە ئاکارییە گریمانەییەکان گونجاو و شیاوەکیی بن: پێویستە لەسەرم ئەم شتە بکەم، چونکە من شتێکی تر دەخوازم، کەچی فرمانی ئاکاریی و ئینجا فرمانی ڕەهایی ئاکارییانە دەڵێ:

پێویستە لەسەرم بەم شێوەیە یان بە جۆرێکی تر کردار بکەم، تەنانەت ئەگەر من شتێکی ترم نەخواستبێ.

ئەوی پەیڕەوی یەکەمیان بکات دەڵێت: پێویستە لەسەرم درۆ نەکەم، ئەگەر بمەوێ ئابڕوو نامووسم -Eh-ren بپارێزم، بەڵام ئەوی تریان دەڵێ: پێویستە لەسەرم درۆ نەکەم تەنانەت ئەگەر ئەم درۆیە دووچاری کەمترین شوورەیی و شەرمەزاریم نەکات.

ئیتر پێویستە ئەمەی دوایی هەموو بابەتەکانی بەجۆرێک لێ بکرێتەوە کە هیچی تر کار لە خواست نەکەن و بۆ ئەوەی ژیری پراکتیکی (خواست) نەک تەنیا سوود و قازانجی بیانی بەڕێوەبەرێ، بەڵکو ڕێز و دەسەڵاتی فەرماندەری خۆی وەک قانووندانەرێکی بەرز و باڵا ساخ و پشتڕاست بکاتەوە. بەم جۆرە دەبێ بۆ نموونە بۆ بەختەوەریی کەسانی بیانی کۆشش بکەم نەک لەبەر ئەوەی بەدیهاتنەکەی بەلامەوە مەبەست و گرنگە (ئەمە ئیتر بە ڕێگای مەیل و ئارەزووی ڕاستەوخۆوە یاخود ناڕاستەوخۆ بەهۆی هەستکردن بە ڕەزامەندییەوە بێت کە سەرچاوەکەی لەژێرەوەیە) بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو ڕێوشوێن و بنەمایەی کە ئەو لایەدەدات ناکرێ وەک قانوونێکی هەمەکی لە کردارێکی خواست خۆیدا هەبێت.

### دابەشکردنی گشت بنچینە شیاوەکییەکانی ئاکار کە دەکرێ لە چەمکی بنەڕەتی ناتەبایی پەسندکراوەکەوە بکەونەوە

ژیری مرۆڤ لێرە هەروەها لە هەموو جێگا و شوێنێکی تردا ئەگەر بە بێگەردیی خۆی بەکارهێنابێ، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ڕەخنەگر نەبووە پێشتر بەرلەوەی بۆی هەڵکەوتبێ تاکە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە هەموو ڕێگایەکی چەوت و هەڵەی گرتۆتەبەر.

هەموو ئەو بنچینانەی کە دەکرێ مرۆڤ لەم ڕوانگەیەوە پەسندیان بکات یاخود ئەزموونیی یان چەند بنچینەیەکی ژیرین. یەکەمیان کە لە بنچینەی بەختەوەریی کەوتۆتەوە لەسەر بنجی سۆزی فیزیکی یاخود ئاکاریی شین بووە و دووەمیان لە بنچینەی تەواوەتێتی (کەماڵ) پەیدابووە یان لە چەمکی ژیریی هەمان شت وەک ئەنجامێکی شیاوەکیی کەوتۆتەوە یاخود لەسەر بنچینەی تەواوەتییەکی سەربەخۆ (خواستی ڕەب) کە هۆکارێکی دەستنیشانکاری خواستمانە، دامەزراوە.

بنچینە ئەزموونییەکان بەهیچ جۆرێک ئەو کەڵکەیان نییە قانوونە ئاکارییەکان لەسەریان دابمەزرێن، چونکە سروشتی سەرتاپاگیرانە کە وایان لێدەکات بۆ هەموو جەوهەرە ژیرەکان بەبێ جیاوازیی بگونجێن و ناچارەکیی بێ قەیدو مەرجی پراکتیکی کە بەم ڕێگایە بەسەریاندا سەپێنراوە نامێنن، ئەگەر بنچینەکەیان لە پێکهاتەی تایبەتی سروشتی مرۆڤایەتییەوە یاخود لە ڕەوشە ڕێککەوتییەکانەوە کە تیایاندایە کەوتبێتەوە. لەگەڵ ئەمەدا بنچینەی بەختەوەریی تایبەتی بەزۆریی دووچاری وەلانان و پەسند نەکردن دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی چونکە هەڵە و چەوتە و نەک چونکە ئەو قسەیەی ئەزموون، شارەزایی دەیکات، خۆشگوزەرانی هەمیشە لەگەڵ ڕەوشت جوانیی و ڕەفتار- کردار چاکیدا گونجاوە، ناتەبایە و نەک لەبەر ئەوەش کە لە دامەزراندنی ئاکاردا هیچ بەشدارییەک ناکات، ئیتر مرۆڤێک بەختەوەر بکەیت جیایە زۆر لەوەی بیکەی بە مرۆڤێکی چاک و

چاکەخواز هەروەها وای لێبکەی بۆ سوود و قازانجی خۆی زرینگ بێت، جیایە لەوەی بیکەی بە پیاوچاک، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئاکار بە چەند هۆکارێکی پاڵنەرەوە بەند دەکات کە هەوڵی تێکدان و لەناوبردنی شکۆمەندییەکەی Erhabenheit دەدەن، ئەو هۆکـــــارانەی هانی چاکەکــاریی دەدەن لەگــەڵ ئەوانەی هانی دزێوی و بەدکاریی دەدەن دەخاتە دووتای یەک تەرازووەوە، پتر هەوڵدەدات مرۆڤ فێربکات چۆن باشتر شت بژمێرێ و کەچی جیاوازیی تایبەتی نێوانیان بەتەواوەتی کوێر دەکاتەوە، بەڵام هەستی ئاکارەکییانە، ئەم هەستە تایبەتییە کە بە هەڵە پەسندکراوە (ئیتر وەک بەڵگە چەندە سووک و تەنکاو و لاواز بێت و چەندە ئەوانە تووش ببین کە ناتوانن بیربکەنەوە و وای دابنێن کە لە هەست و سۆزدا تەنانەت لەوەدا کە تەنیا پێوەندی بە قانوونە گشتییەکانەوە هەیە یارمەتییان دەستگیر ببێ و هەست و سۆزەکان کە بە ڕادەی بێ سنوور سروشتیان لە یەکتری جیایە هیچ جۆرە پێودانگێکی جیاکردنەوەی چاکەکاریی لەبەدکاریمان نادەنە دەست، ئەوی هەست و سۆزی خۆی بکات بە سەرپشک هەرگیز ناتوانێ بریارێک بدات کە بۆ کەسانی تر گونجاو بێت). هەستی ئاکاریی سەرەڕای ئەمانە هەموویان لە ئاکارییەوە نزیکن و ئەو سەربەرزییەی ئاکار هەیەتی ڕێز و پلەوپایە بەچاکەکاریی و کارجوانیی دەبەخشێ لەوەدا کە ڕەزامەندیی و ڕێزلێنان و پێزانینی دەداتە پاڵ و لەبەر ئەوەش کە ڕاستەوخۆ لە ڕووی نادات کە نەک جوانییەکەی، بەڵکو ئەو سوود و قازانجەی لێی چاوەڕێ دەکرێ بە یەکمانەوە دەبەستێتەوە.

لەنێو بنچینە ژێرییەکانی ئاکاردا چەمکی ئۆنتۆلۆجی تەواوەتێتی، ماڵ Ontologische Begriff der VolLkommenheit دەبینین کە (ئەگەرچی پووچ و دیاری نەکراو و بێ کەڵک بێتە بەرچاو، کە بۆ دۆزینەوەی کۆیەکی ئەوپەڕی مەزن و گونجاو لە کایە و پاوانی ڕاستەقینەی شیاوەکیدا کەڵکی نەبێت، هەروەها کاتێک دێتە سەر جیاکردنەوەی تایبەتییانەی ئەو دۆخەی باسی دەکەین لە هەموو ئەوانی تر لە بازنەیەکی بێ سەرو بەردا دەکەوێتە سووڕانەوە و خولخواردن، ئیتر ناتوانێ خۆی لە گریمانەی ئاکارەکی دەرباز بکات کە پێویستە لەسەری گریمانەی شاردراوە ئاسا لێکی بداتەوە)، لە چەمکی لاهووتیی چاکترە کە ئاکار لە خواستێکی خودایی ئەوپەڕی تەواوەتییەوە (کەماڵەوە) دادەمەزرێنێ، هۆکار تەنیا هەر ئەوە نییە کە ئێمە ناتوانین سەرنجی کەماڵی ئەو خواستە بدەین و ئێمە ناتوانین لەنێو ئەو بۆچوونانەدا کە هەمانە چەمک و بۆچوونی ئاکار کە لە هەموویان بایەخدارترە دابڕێژین، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە، چونکە ئەگەر ئێمە ئەمە نەکەین (ئەگەر ئەمە ڕوویدات دەکەوینە ناو بازنەیەکی بەتاڵی بێ سەرو بەری لێکدانەوە) ئەو تاکە چەمک و بۆچوونێک دەربارەی خواستی ئەو کە لەلامان دەمێنێتەوە کە لەو خەسڵەتانەدا کە دەدرێنە پاڵی وەک مەیل و ئارەزووی ئابڕوو و دەسەڵات کە بە چەند بۆچوونێکی ترسناکی هێز و تۆڵەوە بەندە، پەیدابووە، دەبێ بێ چەند و چۆن بناخەی ئەو سیستەمی ئاکارە دابنێ کە بە ئاشکرا لەگەڵ ئاکاردا دژ و ناتەبایە.

ئەگەر بێتو پێویست بێت لەسەرم لەنێوان چەمک و بۆچوونی هەستی ئاکاریی و چەمک و بۆچوونی تەواوێتیدا بەگشتی یەکێکیان هەڵبژێرم (هەردووکیان لەبایەخی ئاکارییانە کەم ناکەنەوە، ئەگەرچی هیچیان بەهیچ جۆرێک کەڵکی ئەوەیان نییە وەک بناخەیەک بەکار بهێنرێن) ئەوا ئەوی دواوەیان هەڵدەبژێرم، چونکە بەلای کەمەوە دوور لە هەستەکان، بۆ بە لایەکدا خستنی ئەم کێشەیە پەنادەباتە بەر دادگای ژیری بێگەرد، ئەگەرچی بەمە کێشەکە بە یەکجاریی چارەسەر ناکات، بەڵکو بیرۆکە دەستنیشان نەکراوەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە (بۆ خواستێکی چاکەخواز لەخۆیدا) بەڵام بەبێ ئەوەی بیشێوێنی تاوەکو بە وردیی و تەواوەتی دەستنیشانی دەکات.

ئەوی ماوە بیڵێم، من لەو باوەڕەدام من دەتوانم لە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەم چەمکە فێرکەرییانە Lehrbegriffe خۆم ببوێرم. ئەم هەوڵە ئەوەندە سووک و ئاسانە، بگرە ئەوانەی کار و پیشەکەیان بە سەریاندا دەسەپێنی بێن بەلایەنگیری تیۆرییەک لەمانە (چونکە گوێگران ناتوانن دواخستنی بریاردانەکە پەسند بکەن) بەوپەڕی باشیی دەزانن، بێ سوودە کات لەگەڵیدا بەفیڕۆ بەرین. ئەوی پتر لەوانی تر لێرەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە بزانین ئەم بنچینانە لە ناتەبایی خواست بەولاوە کە وەک یەکەم بناخەی ئاکار دەدرێتە دەست شتێکی تریان لێ پەیدا نابێت. هەر ئەمەیە وای لێدەکات ناچار بە هەڵە نیشانەکە نەپێکێ.

لە هەر کات و جێگایەک، پێویست بێ بابەتێکی خواست بکرێ بە بنەمای دانانی ئەو پێوانەیەی کە خواستەکە دەستنیشان دەکات، پێوانەکە لە ناتەبایی بەولاوە شتێکی تر نابێت، فرمانەکە بە قەید و مەرج دەبێ بە تایبەتی: کاتێک یاخود، چونکە ئەم بابەتە دەخوازرێ دەبێ مرۆڤ بەم شێوەیە یاخود بە جۆرێکی تر کردار بکات، ئەنجامەکەش ئەمە ناتوانێ هەرگیز فرمانی ئاکاریی واتە فرمانی ڕەها بدات. دەکرێ بابەتێک بەهۆی مەیلەوە، وەک لە بنچینەی بەختەوەری تایبەتیدا وایە، یاخود بەهۆی ئەو ژیرەوە کە بە گشتی ئاراستەی بابەتەکانی خواستی شیاوەکیمان کراوە، هەروەک ئەمە لە بنچینەی تەواوەتێتیدا وایە، خواست دەستنیشان بکەن، بەڵام خواست هیچ کاتێک ڕاستەوخۆ بەهۆی بۆچوونی کردارەوە خۆی دەستنیشان ناکات، بەڵکو تەنیا بەهۆی هۆکاری پاڵنەرەوە کە کارێکی چاوەڕوانکراوی کردار لە خواست دەکات ئەمە ڕوودەدات:

**پێویستە لەسەرم شتێک بکەم چونکە من شتێکی ترم دەوێ.**

لێرە دەبێ من خۆم بە قانوونێکی تر کە بەهۆیەوە دەتوانم ناچارەکی ئەو شتەی ترم بوێ، پشت ببەستم. ئەو قانوونە لەلای خۆیەوە، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی ئەم ڕێوشوێنە دەستنیشان بکات پێویستی بە فرمانێک هەیە. ئیتر لەبەر ئەوەی هۆکاری پاڵنەر، بۆچوونی بابەتێک کە دەکرێ لە ڕێگای توانامەوە بێتەدی، بەپێی خەسڵەتە سروشتییەکانییەوە ناچار بکات، کار لە خواستی خۆ بکات، بەشێکە لە سروشتی خۆ، جا ئەمە بەشێک بێ لە هەستکردن (لە ئارەزوو و چێژ) یاخود لە تێگەیشتن و ژیر کە بە پێی پێکهاتە تایبەتییەکەی سروشتی خۆیان بە ڕەزامەندییەوە بابەتێک دەگرنەوە، ئەوا سروشت ئەو کاتە خۆی قانوونەکە دەداتە دەست کە تەنیا بە هۆی شارەزایی Erfahrung نازانرێ و ساخ ناکرێتەوە، لەخۆیدا لاوەکیی و ڕێککەوتییانە دەبێ و ناتوانێ بەپێی پێویست بۆ هەموو بنەمایەکی ئاکار پێوانەیەکی پراکتیکی ناچاریی دابین بکات، بەڵکو ئەو خۆی هەمیشە ناتەبایی خواست دەبێ، خواست لەوێدا قانوون بۆ خۆی دانانێ، بەڵکو هۆکارێکی بیانی قانوونەکەی بۆ دادەنێ و بەهۆی سروشتی دیار و تایبەتی خۆوە وای لێدەکات قانوونەکە پەسند بکات.

خواستی چاکەکار بەگشتی، کە دەبێ فرمانێکی ڕەهای ئاکاریی بنچینەکەی بێت، ئەو کاتە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو بابەتەکان، دیاری نەکراو دەبێت و تەنیا فۆرمی کرداری خواست بەگشتی وەک سەربەخۆیەک تێیدا دەبێت، واتە سوودبەخشیی و گونجاوی هەر ڕێوشوێنێکی خواستی چاکەکار بۆ ئەوەی خۆی بکات بە قانوونێکی هەمەکی گشتی، خۆی لە خۆیدا تاکە قانوونە کە خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر پەیڕەوی دەکات و پابەندی دەبێت، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ پاڵنەرێک یاخود بۆ سوود و قازانجێک بەرێت و بیکات بە بنەمایەک و پشتی پێ ببەستێ.

چۆن دەکرێ ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوە پراکتیکییە پێشیانە Synthetischer Praktischer Satz apriori شیاوەکیی و هەبوو بێت و بۆچی دەبێ پێویست و ناچارەکی بێت؟ ئەمە کێشەیەکە لە چوارچێوەی میتافیزیکی ئاکاردا چارەسەر و وەڵامی بۆ نادۆزرێتەوە. هەروەها لێرەدا لافی ڕاستییەکەیمان لێنەداوە و کەمتریش لەوە وتوومانە کە ئێمە بەڵگەی ساخکردنەوەیمان لەبەردەستدابێ. ئەوەی نیشانمانداوە بە ڕێگای پەرەسەندنی چەمکی ئاکارەوە ئەوەیە کە سەربەخۆیی خواست ناچارەکیی بەم کێشەیەوە بەندە یاخود پتر وەک بنەمایەک پشتی پێ دەبەستێ. ئیتر ئەوی ئاکار بە شتێکی ڕاستەقینە نەک بە بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی دوور لە ڕاستییەوە دابنێ، ئەوا دەبێ بڕوای بەو بنەمایەی ئاکار هەبێ کە پێشتر قسەمان لێکرد، کەوابوو ئەم بەشە وەک بەشی یەکەم تەنیا شیکردنەوە بوو، بەڵام ئایا ئاکار ئەفسانە و وڕێنەی مێشک نییە، کاتێک ئەمە پەسند دەکرێت ئەگەر بڕوا بە ڕاستی فرمانی ڕەهای ئاکاریی و سەربەخۆیی خواست بهێنرێ، پەسندکردنی ئەوەی فرمانی ئاکاریی بەو پێیەی بنچینەیەکی پێشیانەیە شتێکی ناچارییە، بەتوانا و شیاوەکی بەکارهێنانی لێکدراوانەی ژیری بێگەردی پراکتیکی پێویست دەکات، ئەمەش ناکرێ دەستی پێ بکەین، پێش ئەوەی ڕەخنەکردنی ئەم توانای ژیرە بخەینە پێشەوە، ئەو ڕەخنەیەی کە پێویستە لەسەرمان لەکاتی دەست پێکردنی دوا بەشی ئەم کتێبەدا بە تێروتەسەلی خەت و خاڵەکەی نیشان بدەین.


**سەرچاوە:**

**Kant, I., Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten Kolen. 1983.**

# کۆمەڵناسی سیاسی

**د. ئیبراهیم ئەبراش**
**لە عەرەبییەوە: حیکمەت نامیق**

## پێشەکی

کۆمەڵناسی سیاسی زانستێکی نوێیە، بگرە یەکێکە لە نوێترین کۆمەڵایەتییەکان، کە تاوەکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەبێت، وەک زانستێکی سەربەخۆ و بابەتێکی سەربەخۆ لە فەرەنسادا نەخوێندراوە، لە خۆرئاواش لە هەشتاکانەوە دەخوێندرێت. ئەوەش کۆمەڵێک پرسیار لە بارەی ئەو زانستە نوێیەوە دەورووژێنێت.

ئایا کۆمەڵناسی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵناسی گشتی، یان بەشێکە لە سیاسەتزانی؟ بە شێوازێکی دیکە دەڵێین، دەروازەی کۆمەڵناسی سیاسی، دەروازەیەکی کۆمەڵایەتییە، یا سیاسییە؟ ئەگەر ئەوەیان بێت، یان ئەویتریان، ئەوە سنوورە لێک جیاکەرەوەکانی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە بابەتی کۆمەڵناسییە، لەگەڵ دیاردەی سیاسی کە بابەتی سیاسەتزانییە، لەکوێدایە؟ باشە چی کۆمەڵناسی سیاسی لەهەر یەک لە کۆمەڵناسی و سیاسەتزانی جیا دەکاتەوە؟ هەر بابەتە تایبەتەکانی خۆیەتی؟ یا میتۆدی خستنەڕووی ئەو بابەتانەیە؟ ئەگەر کۆمەڵناسی سیاسی زانستێکی سەربەخۆ بێت، ئایا خاوەنی تیۆر و یاسا و میتۆدی تایبەت بەخۆیەتی کە بتوانێ سەربەخۆیی زانستەکە بپارێزێ.

ئەو پرسیارانە زۆرن لێکۆڵەرەوە لە بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پرسیارگەلێک کە ناڕۆشنی و گومانێکی زۆر دەخاتە سەر

ئەو زانستەوە، بەڵام پرسیارگەلێکی جێگیرە و جەخت دەکاتە سەر گرنگی ئەو زانستە و پێداویستییەکانی، نەوەکو پرسیارگەلێکی ڕەتکەرەوە و گومانئامێز بن و لە گرنگییەکەی کەم بکەنەوە.

ئەگەر ئێمە ئەو پرسیارانە بکەین و کەسانیتریش هەمان پرسیار بخەنەوە ڕوو، ئەوە لە پێناو دانانی بنچینەیەکی چەسپاو و باکگراوندێکی چەمکگەراو مەعریفییە، بۆ ئەوەی بتوانین بەهۆیەوە بچینە نێو بابەتەکانی ئەو زانستە و بزانین کە ئێمە دەزانین مامەڵە لەگەڵ چ بوارێکی مەعریفی دەکەین، هەروەها ئەوەش بزانین کە سنوورە لێک جیاکەرەوەکانی نێوان کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تری هاوشێوەی ئەو لە ڕووی بابەت و میتۆدەوە لەکوێدایە، ئەگەرچی ئارەزووی ئەوەمان هەیە پێناسەیەک بۆ ئەو زانستە دابنێین و بوارەکانی دەستنیشان بکەین، ئەوەش ئارەزوویەکە پێداویستی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و پسپۆڕیی زانستی دەیخوازێت، بۆیە ئەو پێناسەیە هەرچەند ورد بێت، بەڵام هەر پێناسەیەکی کاتییە، یان وەکو ئەوەی ئەنگڵس لە پێشەکی کتێبی (سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسی)دا دەڵێت: «دانانی سنووری هەر زانستێک لە زانستەکان بە کارێکی پێویست دادەنرێت وەک بنەمایەک بۆ دەسپێکردن و کارکردن لەو زانستەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو دەستنیشانکردنە کاتیش بێت، یان ئەگەر دەرکەوت تەنیا بریتییە لە ئاراستەکارێکی دوور مەوداش».

ئەو پرسیارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان لە بارەی ئەوەی ئایا کۆمەڵناسی سیاسیی بەشێکە لە کۆمەڵناسی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدات؟ یا بەشێکە لە سیاسەتزانی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسییەکان دەدات و سروشتی ئەوە بە خوێنەر دەدات کەوا بزانێت جیاوازییەک لەنێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە سیاسییەکاندا هەیە و ئەوەی کۆمەڵایەتییە جیاوازە لەوەی کە سیاسییە و بە پێچەوانەشەوە. لە واقیعدا ئەو ئەنجامە ڕەنگە بەهۆی ئەو تێکەڵکردنە باوەی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێت کە بابەتی کۆمەڵناسین.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕەهەندە جیاجیاکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە- کۆمەڵایەتی بە واتا تەسکەکەی- و سیاسی و ئابووری و مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی، واتا هەموو ئەو پێوەندی و کارلێکردنانەی کە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دروست دەبن، بەڵام زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتمەندەکان، لێکۆڵینەوە لەلایەنە جیاکەرەوەکانی ئەو دیاردانە دەکەن، بۆیە ڕەفتاری سیاسی لە بنچینەدا ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە مادام پەیوەستە بە مرۆڤەوە، پێوەندییە لەنێوان حاکم و حوکمکراوان، بەڵام ئەوە ڕەفتارێکە بایەخ بە ڕەهەندێک، یا سەمتێکی دیاریکراو  دەدات لەنێو چوارچێوەی گشتیدا، ئا لێرەدا کاتێک دەگووترێت سیاسەتزانی لە دیاردە سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە، مانای وا نییە کە ئەو دیاردانە لە دەرەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوەن، بگرە پێداویستییەکانی تایبەتمەندێتی ئەکادیمی وا دەخوازێت ئەو جیاکارییە لەنێوان ڕەهەندەکانی سەمتی کۆمەڵایەتیدا بکرێت.

لە هەمان سیاقدا تێبینی ئەوە دەکەین کە هەوڵی کۆمەڵناسی بۆ ئەوەیە ببێتە زانستێکی گشتی کە توانای هەبێت لێکۆڵینەوە لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات و لە خۆیانەوەیانەوەی بگرێت، وەک چۆن دامەزرێنەرەکەی «ئۆگست کۆنت» ئاواتەخواز بوو. دواتر دەرکەوت کە ئاواتێکی زیاد لە پێویستە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسی نەیتوانی ڕێگر بێت لە دەرچوونی چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیداو ببن و بە بابەتی تایبەت بە کۆمەڵناسی تایبەتی، وەک سیاسەتزانی، هەرچەندە وا پێدەچێت وەک پێوەندییەکی بەتین لەنێوان ئەو شتانەی سیاسین، لەگەڵ ئەو شتانەی کۆمەڵایەتین هەبێت، هەر ئەوەش بەربەست بوو لەبەردەم ئەوەی سیاسەتزانیش ببێتە زانستێکی تایبەت و خاوەنی میتۆد و چەمکی خۆی هەبێت کە بتوانێت لەمیانەیاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دیاردە سیاسییەکان تێبگات، دوور لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی، بەشێوەیەک هەموو دیاردە سیاسییەکانی نێو جیهانێکی گۆڕاو و کۆمەڵگا جیاجیاکان لەخۆیەوە بگرێت.

دوای دەیان ساڵ لە سەربەخۆیی سیاسەتزانی و کۆششی بەردەوامی سیاسەتزانان بۆ گەڵاڵەکردنی بواری مەعریفەیان و بەتیۆریزەکردن و بە دامەزراوەیی کردن کە

وا له سیاسەتزانی دەکات بتوانێت بەشێوەیەکی زانستی سەرکەوتوو لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسییەکان بکات و لە خۆیانەوەیان بگرێت، سیاسەتزانان دووچاری نیمچە قەیرانێک هاتن کە دواتر بەهۆی پێشڤەچوونە یەک لە دوا یەکەکانی کایەی سیاسی و زۆر بوون و فرە بوونی فۆرمەکانی ڕەفتاری سیاسی و سیستەمە سیاسییەکان لەنێو وڵاتاندا، لەگەڵ هەژاری تیۆرە ئامادەکراوەکانی سیاسەتزانان و میتۆدە کلاسیکییەکەیان لەسەر نوێنەرایەتی کردنی ئەو فۆرم و گۆڕانکارییانە و بەسەر خۆ داخرانیان لە دەوری بانگەشەکردنی ئەوەی گوایە گووتە و تیۆرەکانیان ڕەهەندێکی زانستی و جیهانییان هەیە و ئەوەندە گشتگیرن بەشێوەک کە دەتوانن هەموو دیاردە سیاسییەکان لەخۆیانەوە بگرن، کەچی ئێمە پێمان وایە قەیرانی ڕاستەقینە خۆی لە زیادبوونی باوەڕی سیاسەتزانان دێت بەوەی ناتوانن بە ئاسانی لە دیاردە سیاسییەکان تێبگەن و لە بنەماکانیان شارەزابن، ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییانەی کە لەگەڵیاندا کار دەکات و کارلێک دەکەن، بۆیە پێویست بوو سیاسەتزانان سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگا و گەڕان بەدوای پێشینە سیاسییەکان لەنێو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەوە لە پاڵ توێژینەوە لە دیاردە سیاسییەکانی نێو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە کۆمەڵناسی سیاسی بەرسڤێکی زانستی بوو بۆ ئەو قەیرانەی کە لەنێو کایەی سیاسەتزانیدا ورووژێنرا، ئەگەرچی پێشتریش لەنێو بواری کۆمەڵناسیدا خرابووە ڕوو، چونکە کۆمەڵناسی بانگەشەی ئەوە دەکات کە توانای هەیە بەشێوەیەکی گشتگیرانە توێژینەوە لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات.

ئەگەر پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ کۆمەڵناسی سیاسی دابنێین، ئەوە دەڵێین: «بریتییە لەو زانستەی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە بەبێ پشت بەستن بە گووتە و تیۆری پێشووتر، نەک بە دەسپێکردن لە ڕوخسارە یاسایی و دامەزراوەکانەوە، بەڵکو لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی کە لێیەوە هەڵقووڵاوە و گەرەکییەتی پێشڤەی ببات و بیگۆڕێت، یان بە دەسپێکردن لە پێوەندییەکانی هێز کە لە کاتی کۆششیان بۆ دەسەڵات حوکم لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئینجا بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە بێت، یان بۆ وەرگرتنی، یان بۆ ڕزگاربوون بێت لە دەستی». ئەو پێناسەیە وەکو دەسپێکێک بۆ لێکۆڵەرەوانی جیهانی سێیەم دەشێت، بە وردیش بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی کە سیاسەتزانی کلاسیکی هەیەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سیاسییەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا.

دەیان ساڵە سیاسەتزانانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات مۆرکی گشتگیری و جیهانی دەخەنە سەر تیۆر و گووتە سیاسییەکانیان و لە ڕووی یاسایی و دامەزراوەییەوە مامەڵە لەگەڵ دیاردە سیاسییەکاندا دەکەن. سیاسەتزانانی جیهانی سێیەمیش کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو تیۆرانە و گواستیانەوە و هەوڵیاندا بەکاریان بێنن و بەسەر کۆمەڵگاکانی خۆیاندا پراکتیکیان بکەن، ئەنجامەکەش شکستێکی گەورە بوو، چونکە نەتوانرا چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

دیارە کێشەکە لەو تیۆر و ڕایە بە گشتیکراوانەدا نییە کە سیاسەتزانانی خۆرهەڵات یا خۆرئاوا بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە ڕەچاوی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە نەکراوە کە ئەو تیۆر و گشتاندنەی بەسەردا سەپێنراوە. ئاشکرایە کە هەر تیۆر و ئایدیۆلۆژیایەک بانگەشەی زانستیبوون بکات، ئەوە بە زانستیبوونی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە خاوەنی داڕشتنێکی عەقڵییە و ئەنجامی تێبینیکردنی واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بە پشت بەستن بە بنەماکانی میتۆدی زانستی شیکردۆتەوە. بۆیە ئەو تیۆرانە پوختەی ئەنجامی شیکردنەوەکانن، بە مانای ئەوەی لایەنە زانستییەکەیان لەوەدایە کە لە واقیعدا هەڵقووڵاون و بەرسڤی پرسەکانی واقیع و توانای لەسەر نوێنەرایەتی کردنین، لەگەڵ ڕادەی گونجان لەگەڵ وەرچەخانەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ بونیادە قووڵەکانی. ئەگەر ئەو تیۆرە بە گشتیکراوانە لە سیاقی کۆمەڵایەتی دەربێنین و بمانەوێت بەسەر سیاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی تر پراکتیکی بکەین، ئەوە هەرگیز گرێنتی ئەوە ناکەین کە پارێزگاری لە هەمان ڕادەی زانستی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی دەبێتەوە تیۆر و ئایدیۆلۆژیای نامۆ و ناتوانێت بەرسڤی پرسیارەکانی واقیع بداتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵناسی سیاسی بریتییە لە سیاسەتزانی لە هەوڵیدا بۆ پێشڤەبردنی گووتە و تیۆر و میتۆدەکانی تاوەکو بە تواناتر بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ

کۆمەڵگا جیاوازەکان لە ڕووی بارودۆخەوە و هاوشانبوون لەگەڵ دیاردە سیاسییەکان بە دەسپێکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، نەوەکو بەپشت بەستن بە تیۆریزەکردنی خواستراوەوە، ئەو ئیحالەکردنە، یان پەیوەستبوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تایبەتمەندی کۆمەڵناسی سیاسییە، ئەو زانستە دەکاتە زانستێکی ئاڵۆز و ترسناک، لێکۆڵەرەوە تێیدا وەکو ئەو کەسە وایە کە لە شوێنێکی بەمین چێنراو دایە، چونکە لەسەریەتی پەی بە بنەوانی یاسا و دەزگا و تیۆرە سیاسییەکان ببات، تا وەکو ئەو ڕەفتارە و ئەو نمایندە دەرەکییانە بە کۆمەڵگا ببەستێتەوە، بە ململانێ و هاوپەیمانێتییەکانی، بە بەهاو ڕۆشنبیرییەوە، بەخاوەن دەسەڵات و هێز لەنێو کۆمەڵگادا. یان بەشێوەیەکی تر، لەسەریەتی ئەو دیاردە سیاسییانە، جا پۆزەتیڤ بن یان نێگەتیف، بە خەڵکی ئاسایی یان دەستەبژێری سیاسی، یا خاوەن بەرژەوەندی ئابووری، یان بە بیروباوەڕە ئایینییەکان ببەستێتەوە.

وەکو ئەوەی دواتریش دەبینین، بابەتەکانی کۆمەڵناسی سیاسی لە ڕووی بابەتەوە تازە نییە، ئەگەرچی گرنگی بە بابەتی نوێ دەدات، بەڵام تازەیە لە شێوازی خستنەڕوو و تاوتووکردنی ئەو بابەتانە. ئەو بوارانەی گرنگیان پێدەدات بریتییە لە: سیستەمە سیاسییەکان، دەستە بژێری سیاسی، بیرۆکراسییەت، توندو تیژی کۆمەڵایەتی و پارتەکان.. تاد. بابەتگەلێک پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، جا چ لە چوارچێوەی کۆمەڵناسییەوە بێت، یان لە چوارچێوەی سیاسەتزانی، بەڵام ئەو شتەی تازەیە و کۆمەڵناسی سیاسی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتییە کایەوە، بریتییە لە شێوازی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکان.

لەو کتێبەدا(*)، کە ئەنجامی چەندین ساڵی گووتنەوەی وانەی کۆمەڵناسی سیاسییە، ئەنجامی گرنگیدانە لە ڕووی توێژینەوەی سیاسی بەگشتی و جیهانی خۆمان بە تایبەتی، هەوڵمانداوە ئەو بابەتە بەشێوەیەک بخەینە ڕوو کە سانا بێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن، بە تایبەتیش لای قوتابی زانکۆ کە بۆ یەکەمجارە بابەتی وا دەخوێنێت، لە هەندێک بابەتدا زۆرتر پشتمان بە هەندێک نووسەر بەستاوە و دەقی درێژمان خواستووە، لەلایەک چونکە گرنگن، لەلایەکی تریش چونکە لە دەقی ئەسڵی بێگانە وەرگیراون کە ئێمە لەبەر کۆنییان دەستمان پێیان ناگات.

بەو شێوەیە لەو کتێبەدا لایەنی ئەپستمۆلۆژی و لایەنی مێژووییمان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، هەروەها لەپێناو بەدەستهێنانی مەعریفەدا، ئاوێتەیەکمان لەنێوان پێناسەکردنی بابەتەکە و ئەو میتۆدانە دروستکردووە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەمان بۆ ئەو ئاستەنگییانە کردووە کە دێنە ڕێگای لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵناسی سیاسی، ئەو زەحمەتییانەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تریش تێیدا هاوبەشن و بریتین لە سروشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی ترەوە.

## سۆسیۆلۆژیای سیاسی

## پێوەندی کۆمەڵناسی سیاسی بەهەریەک لە کۆمەڵناسی و سیاسەتزانی

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کۆمەڵناسی سیاسی یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەسانێکیش هەن کە دەیگێڕنەوە بۆ کۆمەڵناسی و هەندێکی تریش دەیگێڕنەوە بۆ سیاسەتزانی. ئەگەرچی ئێمە پێمان وانییە ئەو جیاوازییە زۆر گرنگە، چونکە وا خەریکە خۆی وەک زانستێکی سەربەخۆ پیشاندەدات، بەڵام گەڕانەوەش بۆ کۆمەڵناسی و پێناسەکانی پێویستن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسی سیاسی بەهەر شێوەیەک بێت، بەردەوام بابەتەکانی خۆی ئاراستەی شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، ئەو زانستەیە کە بریتییە لە خاڵی دابڕانی نێوان ئەوەی کە سیاسییە، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵایەتییە، جگە لەوەش ئێمە کاتێک قسە لە بارەی سیاسەتەوە دەکەین ئەوە ڕاستەوخۆ قسە لە بارەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەین، چونکە سیاسەت کاری خەڵکە و خەڵکیش ئەندامی کۆمەڵگان، ئینجا دەسەڵاتداربن یان دەسەڵات بەسەر سەپێنراو.

## کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی سیاسی

«هیچ کۆمەڵگایەک بێ سیاسەت نییە» ئەو قسەیە حەقیقەتێک بەرجەستە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەت هاوشانی کۆمەڵگایە، چونکە سیاسەت بریتییە لە سیاسەتی کەسانێک کە لە کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبەن، جا دەسەڵاتداربن، یان دەسەڵات بەسەر سەپێندراو، کە پاڵپشتی لە بارودۆخەکە بکەن، یان یاخی بن، تەنانەت لە پێناسەی زانستیشدا بۆ کۆمەڵگا

له ڕووی سەرهەڵدان و پێشکەوتنەوە، ئەو پێناسەیە سەرهەڵدانی کۆمەڵگا بەچەمکە سۆسیۆلۆژییەکەی، لەگەڵ بوونی سیاسەت یان دەسەڵاتی سیاسی بەیەک دەبەستێتەوە.

کۆمەڵناس جگە لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نییە، ئەستەمە کۆمەڵناس خۆی لە سیاسەت بە دوور بگرێت، وەک ئەوەی ڕیمۆن ئارۆن-ی کۆمەڵناسیش پێی وایە، کۆمەڵناس پیاوێکی سیاسییە ئەگەر خۆیشی نەیەوێت. بانگەشەکردنی پابەندبوون بە بابەتگەرایی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، بەهۆی ئەو تێکەڵاوییەی کە لەنێوان واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە لەسەر ئاستی هزر، ئەوەش بەهۆی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا بەگشتی و سیاسەت بەتایبەتی. سیاسەت ئاستەنگە لەبەردەم کۆمەڵناسیدا، بگرە بەپێی گووتەی گاستۆن بوتول لەنێو کتێبی (کۆمەڵناسی سیاسی) دوژمنی کۆمەڵناسییە، چونکە هەوڵدەدات دووری بخاتەوە، وەکو چۆن لە ڕابردوودا لاهووت بارگرانی بوو بەسەر فەلسەفەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەت شتێکی پێویستە و ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین و هیچ بوارێک لە بوارەکانی کۆمەڵناسی مرۆڤایەتی خاڵی نییە لێی، چونکە خەڵکان بە گوتەی ئیبن خەلدوون لە کۆمەڵگای شارستانیدا ملکەچی یاسا نابن و ڕێک ناکەون، بەبێ بوونی پاڵنەرێک کە هەندێک لەگەڵ هەندێکی تر بسازێنێت، ئەرستۆش پێشتر ئەوەی دووپات کردۆتەوە کاتێک دەڵێت: «مرۆڤ بە سروشتی خۆی گیانلەبەرێکی سیاسییە».

ئەو ئامادەگییە چڕەی سیاسەت لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا وای لە مۆریس دۆڤرجیە کرد کە بڵێت: «هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستگەلی مرۆیی بەشێوەیەک لەشێوەکان گرنگی بە ژیانی سیاسی دەدەن و بوارێکی تایبەت نییە بۆ سیاسەتزانی، بەڵکو هەموو زانستگەلە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ڕێگای یەکێک لە لقەکانیانەوە سیاسەت تاووتوو دەکەن».

ڕەنگە بە گەڕانەوەمان بۆ پێناسەی کۆمەڵناسی و سەرهەڵدانی، بتوانین جەخت بکەینە سەر ئەو تێکەڵاوییەی لەنێوان «کۆمەڵایەتی» و «سیاسی»دا هەیە، چونکە ئەو پێناسانە ئەوەمان پیشاندەدەن کە دیاردەی سیاسی لە بنچینەدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بگرە لێک جیاکردنەوەیان ئەستەمە تەنیا بۆ هەندێک بواری تایبەتی لێکۆڵینەوە نەبێت، هەروەها سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی پێش سیاسەتزانی، یا هاوشانی ئەو، ئەوەمان پیشاندەدات کە پرسە سیاسییەکان تا سەردەمانێکی نزیکیش لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا لێکۆڵینەوەیان لێدەکرا، سیاسەتزانیش ئەمڕۆکە زانستێکی کۆمەڵایەتییە.

## پێناسەی کۆمەڵناسی

لەگەڵ ئەوەی نزیکەی سەدە و نیوێک بەسەر سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی وەک مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی دامەزراو لەسەر میتۆدی زانستی تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا هەندێک لە پسپۆران گومانیان هەیە لە ئەگەری جێبەجێکردنی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەسەر لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگادا، تەنانەت گومانیان هەیە لە سیفەتی (زانست)یشی کە دەخرێتە سەر لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئاڵۆزی و تایبەتمەندی دیاردەی کۆمەڵایەتی کە میحوەرەکەی مرۆڤە وەک بەشێک لەنێو کۆمەڵگا، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە کاریگەرانەی تووشی مرۆڤ دێت، هەر لە بیروباوەڕەکانەوە تا دەگاتە فاکتەرە دەروونی و ئایینییەکان و ژینگە و..تاد.

هەریەک لە مارسیل موس و پۆل فۆکونێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە «هێشتا هەندێک کەس هەن ناڕەزایی لە بارەی بوونی کۆمەڵناسیدا دەردەبڕن، چونکە کۆمەڵناسی زانستێکی نوێیە و تازە لە قۆناغی فەلسەفی دەرچووە». ئەوەش هەمان بیرۆکەیە کە لیڤی شتراوس پێی دەگات کاتێک پرسیاری لێکرا، ئایا هیچ زانستێکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە؟ گووتی: «گومانم هەیە»، ئاماژەی بۆ تازەیی مەعریفەی کۆمەڵایەتی کرد بەرانبەر بە زانستە سروشتییەکان و تایبەتمەندی و ئاڵۆزی دیاردەی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە تازەیی کۆمەڵناسی و تایبەتمەندییەکەی لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و گرنگییەکەی هۆکارێک بن بۆ نەگەیشتن بە یەک تاکە پێناسە بۆ ئەو زانستە و فرە پێناسەکانی، وەک ئەوەی ڕۆبرت میرتۆن پێی وایە» لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمـریکا پێنج هەزار کـۆمـەڵناس هەیە و هەر یەکـێک لەوانە کـۆمـەڵناسی تایبەت بەخـۆی هەیە»، بەڵام ڕیمۆن ئارۆن دەڵێت «کۆمەڵناسی بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەردەم بەدوای خۆیدا دەگەڕێت و ڕەنگە کۆمەڵناسەکانیش تەنیا لەسـەریەک خـاڵ کـۆک بن، ئەویش زەحـمـەتیی دەسـتنیـشـانکردنی کـۆمـەڵناسـیـیە». لەنێـو کـتـێبی کـۆمـەڵناسی هنری مندارس-یشـدا هاتووە کـە: «تا ئێستاش کەسانێک هەن دەڵێن هێشتا کاتی گووتنەوەی وانەی کـۆمـەڵناسی نەهاتووە، ئەوە زانسـتـێکە بابەتی مشتومڕە، زانستێکە هێشتا لە ڕێگای دروستبووندایە».

بێگومان ئەو سەرهەڵدانە تازە و ڕێژەییەی کۆمەڵناسی بە بەراورد لەگـەڵ زانسـتـەکانی تر، ڕۆڵی خـۆی دەبێت لە ئەستەمی دیاریکردنی زانستەکە و پەی بردن بە بابەت و مـیـتـۆد و دانانی خـاڵی جـیـاکـەرەوەی لەگـەڵ زانسـتـە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، بەڵام هۆکارێکی تریش هەیە کە خۆی لە سروشتی ئەو زانسـتـەدا دەدۆزێتەوە، سروشـتی بابەت و ئامانجـەکانی، سروشتێکە زۆرێک لە کێشە و ترس دێنێتە کایەوە و دەیخاتە شوێنی تێکهەڵکێشان و تێکەڵی لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونە باوەکـان کـە کـار دەکـات بۆ بەکـارخـسـتنی و هێنانە ڕیزی خـۆیەوە بەو شێوەیەش لە زانستگەراییەکەی کەم دەکاتەوە، ئەو گەر نەیـتـوانی بیـهـێنێـتـە پاڵ خـۆی و بەکـاری بـخـات، ئەوە دژایەتی دەکـات و گـومـان دەخـاتـە سـەر سـیـفـەتە زانسـتـییـەکـەی. پییـر بۆردیۆ لە بارەی ئەوەوە دەڵێت: «کۆمەڵناسی ئەو مەعریفەیەیە کە پەردە لەسەر ململانێ و بەرژەوەندی و گـروەوەکـان لادەبات، ئەوە تەنیـا بەرژەوەندی دەسـەڵاتداران نییـە، بەڵکو بەرژەوەندی و شـوێنگەی پیـاوانی مـەعـریفـەشـە، بە واتایەکی تر، مەعریفەیەکە شاراوە و ناماقوولەکان ئاشکرا دەکات، زانستێکی ڕەخنەئامێز و بێزارکەرە.

لەبەر ئەو هۆیە دەتوانین لەوە تێـبگەین کـە بۆچی هەندێک ڕژێم گەمارۆی کۆلێژ و لێکۆڵەرە کۆمەڵناسەکان دەدەن، تەنانەت لەنێـو هەندێک وڵاتدا کـۆلیـژەکـان دادەخـرێن و لە هەندێکی تریشـدا هەر ڕێگا نادرێت بکرێنەوە. مـادام ئامـانجی کـۆمـەڵناسی گـەیشـتنە بە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی، ڕاستی ئەو کێشانەی کە ئەو کۆمەڵگایانە تێی کەوتوون و دیاریکردنی هۆکارەکان و ڕێگاکـانی چارەسـەرکـردنیـان، ئەوا کـەسـانێکی زۆر لەوانەی لە کۆمـەڵگادا دەسـتیـان دەڕوات، بەو ئامانجـە ڕازی نـابـن، ئەوانـەی بـوونـی خـۆیـان لـەنـەزانـی و دواکەوتوویی و هەژاری ئەو کۆمەڵگایانە بە دەست دێنن، چونکە هەموو کەسێک حەز بە ڕاستی ناکەن، لەبەر ئەو هۆیە کۆمەڵناسی پڕە لە سیاسەت، بگرە خۆی زانستێکی سیـاسـییـە، وەک چۆن سـیـاسـەتزانیش زانسـتـێکی کۆمەڵایەتییە.

پێناسـەکـردنی کـۆمـەڵناسی لەلای پسـپـۆڕەکـانیش ئیشکالییەتێکی مەعریفییە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خـودی زاناکـان لەسـەر پێناسـەیەکی دیاریکراو ڕێک نەکەون، ئەوەش کارێکی ئاساییە و پێشتر ئاماژەمان بۆ کـردووە، ئەوە جگە لە فـرەیی ڕێبـاز و تیـۆرە کۆمەڵایەتییەکان و فرەیی میتۆدی لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. زانای ئەمریکی فۆرفی هەشتاو یەک پێناسـەی ژمـاردووە کـە لەلایەن زانا بەناوبانگەکـانی کـۆمـەڵناسی دانراون و دەکـرێت لەو ژمـارەیە زیاتریش بێت، چونکە ئەو خـۆیشی پێناسـەیەکی تریشی داناوە و زیادی کردووە و کۆمەڵناسی وا دەناسێنێت کە بریتـییە لە: «ئەو زانسـتـەی کـە هەوڵدەدات زۆرترین ڕێژە لە گشـتگیـری لەلایەنی فـرمـان و بونیـادەوە بۆ کۆمـەڵگا بەدەست بێنێت».

دانانی زاراوەی سـۆسـیـۆلۆژیا، بۆ ئۆگـست کـۆنت (١٧٩٨- ١٨٥٧) دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٨٣٨دا، بە جـۆرێک کـۆنت بە دامـەزرێنەری یەکـەمی کـۆمـەڵناسی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت هاوکارییە بە پێزەکانی ئیبن خـەلدوونیش پشـتگوێ بخـرێت، پاڵنەری کـۆنت بۆ دانانی ئەو زانسـتـە، ئەو پێـویسـتـیـیـە بوو کـە وای دەخـواست زانسـتـێکی تازە بێت بۆ توێژینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و هاوشێوەی زانستەکانی تر بێت کە لە دیاردە سروشتییەکان دەکۆڵنەوە، چونکە دەڵێت: «ئێمە ئێستـا فـیـزیای ئاسمـانی و فـیـزیای زەوی و مـیـکانیـکی وکـیـمـیـایی و فـیـزیای ڕووەکی و ئاژەڵـیـمـان هەیە، بەڵام هێـشـتـا پێـویسـتـیـمـان بە جۆرە فـیزیایەکی تر هەیە کە بریتییە لە فیزیای کۆمەڵایەتی، ئەوەش تاوەکو سەمتی مەعریفی ئێمە لە بارەی سروشت تەواو بێت، مەبەستم لە فـیـزیای کـۆمـەڵایەتی ئەو زانسـتـەیە کـە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە بابەتی توێژینەوەی خۆی و پێی وایە ئەو دیاردانە خاوەنی هەمان ڕۆحی دیاردەی فەلەکی

و سروشتی و کیمیایی و فسیۆلۆژییە، وەک ئەوەی کە بابەتی یاسا گەردوونییە جێگیرەکانن».

لەو دەقەی سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە سۆسیۆلۆژیا بەلای دامەزرێنەرەکەیەوە گرنگی بە توێژینەوە لە کۆمەڵگا دەدات، واتا بابەتەکەی بریتییە لە دیاردەی کۆمەڵایەتی کە تەوەرەکەی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و ئەندام لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەبێ دیاریکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە دامەزراوە و دیاردەکان، کە لەوانەیە خێزان، یان هۆز، یان پارت، یان خودی دەوڵەت بێت. ئامانجی کۆمەڵناسی لە توێژینەوە لە کۆمەڵگا، بریتییە لە گەیشتن بەو ڕێسا و تیۆرانەی کۆنترۆڵی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن وەک سەرەتایەک بۆ بەکارخستنیان لە پرۆژەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بابەتی.

کەچی ماکس ڤێبەر وا پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات: «ئەو زانستەیە کە هەوڵدەدات بگاتە تێگەیشتنێکی ڕوون لە کاری کۆمەڵایەتی لە پێناو گەیشتن بە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی بۆ ڕێڕەو و ئەنجامەکانی». وەک زانراوە ڤێبەر گرنگی داوە بە کردە وەک ڕەفتارێکی مرۆیی و ئەو واتا خودییەی کە مرۆڤ دەیخاتە پاڵ ئەو کردەیە، ئەو ڕەفتارەی کە هیچ واتایەکی خودی تێدا نییە، لەلای ئەو سەر بە سۆسیۆلۆژیای قووڵ نییە، بۆیە کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە: «بە پلەی یەکەم هەوڵدەدات لەو کردەیە بکۆڵێتەوە کە ئاراستەی ڕەفتاری کەسانی تر دەکرێت».

بە گەڕانەوە بۆ تالکۆت پارسۆنز، دەبینین ئەو پێی وایە سیستەمەکان خاڵی سەرەکی نێو کۆمەڵناسین، سیستەمیش بریتییە لە کۆمەڵێک جۆری لێکدراو لە چەشنی ڕێکخراوی گونجاو بۆ شیکردنەوە وەکو یەکەیەکی بونیادی لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە وا پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات کە: «ئەو زانستەیە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکان دەکۆڵێتەوە، لە کارلێکردنیان لەگەڵ ئەو ڕووگانەی کە ڕووەو لایەنێکی هاوبەش لە بەها دەچن بۆ دامەزراندنی نموونە کولتوورییەکان». ئەو وا تەماشای کولتوور دەکات کە: «لەلایەک بەرهەمە، لەلایەکی تریشەوە فاکتەرێکە دەستنیشانی سەمتەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانە دەکات».

جۆرج غۆرفیتش (١٨٩٦- ١٩٥٦) وا پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات: «ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دەکات لە سەرجەم لایەن و بزاڤەکانی» ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەرکی کۆمەڵناس تەنیا توێژینەوە نییە لە بواری بنیادنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو دەچێتە سەر توێژینەوە لە واقیعی زیندوو کە سەرجەم دیاردەی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، چونکە ئەوەیان قووڵتر و دینامیترە لەو بونیادانەی کە وا دێنە بەرچاو چەقبەستوون. لەوانەیە ئەو تێڕوانینە بۆ کۆمەڵناسی لە کۆمەڵناسی سیاسیمان نزیک بکاتەوە کە پاساوی بوونی لە هەوڵدانی بۆ بەزاندنی لایەنی بونیادی دامەزراوە و یاسای دیاردە سیاسییەکانە- کە بنەمای بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتین- بۆ چوونە نێو ئەو هێز و کارلێکەرە کۆمەڵایەتییانەی کە تایبەتمەندێتی بەدیاردەکە دەدەن و سەیرورەتی دیاری دەکەن. ئەگەر بە دەوری ئەو پێناسانەدا بسووڕێینەوە کە لە ڕووی سەرهەڵدانەوە نوێترن، دەبینین لە هەمان خولگەدا دەخولێنەوە، جیمس فاندرزاندن لە کتێبەکەیدا (سۆسیۆلۆژیا) کە لە ساڵی ١٩٧٩دا دەرچووە، وا پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات کە ئەو زانستەیە لە کارلێکردنی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، واتا توێژینەوە لە کاریگەری هاوبەشی نێوان تاکەکان لە کاتی پێوەندیاندا، کارکردنە سەر ئاستی نەست و ڕەوت و کارەکان. بردنارد فلیپس لە کتێبی (سۆسیۆلۆژیا لە چەمکەوە بۆ پیادەکردنی زانستی)دا کە لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکراوەتەوە، پێناسەیەکی فراوان و نەرم و نیان پێشکەش دەکات کە لە بنچینە زمانەوانییەکەی سۆسیۆلۆژیا دەریهێناوە و وا پێناسەی دەکات کە: «زانستی توێژینەوەیە لە کۆمەڵگا».

لە کۆتاییدا گاستۆن باوتۆل پێی وایە ڕێکەوتنێک لە بارەی پێناسەکردنی سۆسیۆلۆژیاوە هەیە بەوەی کە:

(١) توێژینەوەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، واتا پێکهاتەی ئەو مادە سەرەکییانەی کە دەزگای کۆمەڵایەتی و ڕادەی کارایی لێ پێکدێت.

(٢) توێژینەوە لەو بارودۆخەی کە تێیدا دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێشڤەچوون.

(٣) ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان پێی گەیشتوون، یان

بواردان بە فـەلسـەفـەی زانسـتـە كـۆمـەڵایەتیـیـە تایبەتییەكان.

(٤) پیشاندانی ڕۆڵی سایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتی.

(٥) توێژینەوە لەو فـاكـتـەرانەی كـە لە ئەنجـامی ئاڵوگۆڕی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی بەشداردەبن.

لەو پێناسـانەی سـەرەوەدا بۆمـان دەردەكـەوێت كـە پێناسەی كۆمەڵناسی بەشێوەیەكی تۆكمەو ورد كارێكی گـــــرانـە، ئـەوەش لـەلایـەك بـۆ ئـاڵـۆزی دیـاردە كۆمەڵایەتییەكان و پێكداچوونی دیاردەكان لەگەڵ یەك دەگـــەڕێتـــەوە، چونكـە ئەگــــەر بـكرێت دیـاردە كۆمەڵایەتییەكان لەلایەك و دیاردە سروشتییەكانیش لە لایەك لێك جیا بكرێنەوە، ئەوە زەحمەتە زۆر بە ڕوونی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لە یەكتری داببڕێندرێن، لەبەر ئەوەی چالاكییە مرۆڤایەتییە جیاجیاكان، دەگەڕێنەوە سـەر یەک قـەدی هاوبەش كـە ئەویش ئەوەیە مـرۆڤ ئەندامە لە كۆمەڵدا.

### كۆمەڵناسی سیاسی وەكو بەشێك لە كۆمەڵناسی

ئەگـەر كـۆمـەڵناسی گـرنگی بە توێژینەوە لە هەمـوو پێكهـاتەكـانی كـۆمـەڵگا بدات، ئەوە چۆن دەتوانین جیاوازی بكەین لەنێوان دیاردەی كۆمەڵایەتی، كە بواری تایبـەتمەندی كـۆمـەڵناسـیـیـە، لەگـەڵ دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی تر كە بواری تایبەتمەندییـان زانستە كۆمەڵناسییەكانی ترە، وەک كۆمەڵناسی سیاسی؟

ئاشكرایە ئیبن خەلدوون بە یەكەم كەس دادەنرێت كە هەوڵـیـداوە كـۆمـەڵناسی دابمەزرێنێت و ناوی ناوە (زانسـتی عومـران) و دەیویست زانستێک دابمەزرێنێت كە هەموو كۆمەڵناسی مرۆڤایەتی بگرێتە خۆ، ئەوەش تێـبـینی دەكـەین كـاتێک لاپەڕەكـانی (پێـشـەكی) دەخوێنینەوە و دەبینین باسی خێزان و دەمارگیری خێڵ و ژیانی سـەرەتایی و مـەدەنیـیـەت و ڕەوشت و ئـایین و سیاسەت و دەوڵەت.. تاد دەكات.

بە گەڕانەوە بۆ سپنسر دەبینین كە ئەو وردتر و ڕوونترە لە دیاریكردنی بابەتەكانی كۆمەڵناسی، بەشێـوەیەک لە كـتـێـبی (بنەمـاكـانی زانسـتی كـۆمـەڵناسی)دا دەڵێت: «پێویستە لەسەر كۆمەڵناسی كە چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەوە، یەک لە دوای یـەكـەكـان لە یەكـە توێژراوەكـان و گەشەكردن و ئامادەسـازییان بۆ هاوكـاریكردنی یەكـتری باس بكات، بۆیە بابەتی پێشكەوتنی خێـزان بە پلەی یەكـەم دێت، لە پاشـان پێـویسـتـە لەسـەر كـۆمـەڵناسی چۆنیـەتی پێگەیشتن و پێـشـڤـەچوونی ئەو سیـسـتـەمـە سـیـاسـیـیـە وەسف بكات كـە كـاروباری كـۆمـەڵگا ڕێكدەخـــات، وەكـــو چۆن لەســـەریەتی باسی بەرەو پێشچوونی بنەماكـانی كـڵێـسا و فرمـانەكـانی بكات، لەگـەڵ ڕێچكەی ئەو پێـوەندییـانەی كـە كـردەوە هەرە بچووكەكان ڕێكدەخات، هەروەها دەبێت لە قۆناغەكانی پێـشـڤـەچوونی كـەرتی پیـشـەسـازی نێـو كـۆمـەڵگا بكۆڵێتـەوە، لەگەڵ چۆنیـەتی گەشەكـردنی بونیـادی ئەو ڕێكخستنەی كە كەرتی پیشەسازی توانیویەتی لەنێو خۆیدا ڕێكیخات». تێبینی دەكەین ئەو بوارەی سپنسەر بۆ كۆمەڵناسی دەستنیشانی كردووە، زۆر بوار دەگرێتەوە كـە ئەمـڕۆ تایبـەتن بە زانسـتی كـۆمەڵایەتی ترەوە، وەک سـیـاسـەتزانی و ئابووریناسی و كـۆمـەڵناسی ئایینی و ..تاد، بە مـانای ئەوەی بابەتەكانی كۆمەڵناسی سیـاسی بەشێک بووە لە بابەتەكانی كۆمەڵناسی.

ئەو گشـتگیری و نا وردییەی كۆمەڵناسی لەلای زۆر لە نووسـەران بەدی دەكـرێت، لەوانە هۆبۆ، بەشـێـوەیەک كـە بوارێكی تایبـەتی بۆ سـۆسـیـۆلۆژیا دیاری نەكـرد كـە لە زانستە كۆمەڵایەتییەكانی تر جیای بكاتەوە، بەڵكو پێی وایە كـە: «زانسـتـێكە، بە گـشـتی ژیانی كـۆمـەڵایەتی مـرۆڤ وەكو بـوارێک بۆ خـۆی وەردەگـرێت». پێوەندیشی لەگەڵ زانسـتـە كـۆمـەڵایەتیـیـەكـانی تر «پێـوەندییـەكی ئاڵوگۆڕی و كارلێكردنی هاوبەشە». كـۆمەڵناسی گشـتی زانســتـێكی سـەربەخـۆ نیـیـە بەرلەوەی تایبـەتمەندی وەربگرێت، هەروەها تەنیا تێكەڵەیەک نییە لە زانسـتـە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر هاوسێیەتی میكانیكی ئەنجامی ئەو زانستانە بونیاد نرابێت، بەڵكو لە ڕاستیدا بریتییە لە بنەمـایەک كـە ژیان زیندوو دەكـاتەوە و لەنێـو هەمـوو لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە و پێیاندەبەخشێت و لێـشـیــان وەردەگـرێت و هانی لێكۆڵینەوەش دەدات، ئەنجـامـە جیـاوازەكـان بەیەكـەوە دەبەسـتێـتـەوە و ژیانی هەمـوان لە بەشـە پێكهـێنەرەكـاندا نیـشـاندەدات و لە توێژینەوەی بەشەكانەوە دەچێتە سەر تێگەیشتنی گشـتی و تەواو.

ئەو بەیەكـداچوونەی نێـوان سـۆسـیـۆلۆژیا و زانسـتـە كۆمەڵایەتیـیـەكانی تر پاڵی بە پۆل لازار سفیلد ناوە كە

بلّێت بە پێچەوانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کۆمەڵناسی بابەتێکی دیاریکراوی نییە، بۆیە کاری ئەو دانانی تەکتیک و شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەراییە کە دەکرێت لەنێوان هەموو کۆمەڵناسییەکدا بەکاربێت.

بەڵام ئەو تێڕوانینەی کە لە گرنگی سۆسیۆلۆژیا کەم دەکاتەوە و ئەوە ڕەتدەکاتەوە وەکو زانستێکی سەربەخۆ دانی پێدا بنێت، لەبەرانبەردا کەسانێک هەن بەربەرەکانێی دەکەن و لایەنگری سۆسیۆلۆژیا دەکەن و ئەو بوارە کۆمەڵایەتییەی پێدەدەن کە تایبەتە پێی و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تری جیا دەکاتەوە. ئەوەتا لەنێو کتێبی (Society)دا، هەریەک لە ڕۆبەرت ماکیفەر و چارلز بیگ دەڵێن: «کۆمەڵناسی واتا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئێمەش ناو لەو تۆڕی پێوەندییانە دەنێین: کۆمەڵگا، هیچ زانستێکیش نییە تەنیا کۆمەڵناسی نەبێت کە بایەخ بەو بابەتە دەدات. لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لە مرۆڤ- بە تایبەتیش مرۆڤی سەرەتایی- دەکۆڵێتەوە، لەسەرجەم چالاکی و بەرهەمەکانی، هەروەها بایەخ بە هونەر و شێوازە مادییەکانی ژیان و میتۆلۆژیا و خورافاتەکانی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دەدات، لە پاڵ توێژینەوە لە ئابووری مرۆڤ وەکو کەسێک کە بەدوای ساماندا دەگەڕێت، یا خەرجی دەکات، هەروەها لە پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان سامان و خۆشگوزەرانی دەکۆڵێتەوە، هەروەها مێژووناسیش هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بەشێوەیەکی گرنگ پۆلێن بکات و لە دوای یەکدا ڕیزبەندییان بکات، سایکۆلۆژیاش وەکو تاکێک لە ڕەفتار و دەروونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. ئەوە تەنیا کۆمەڵناسییە کە لە خودی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، هیچ یەکێکیش لەو زانستانەی کە باسمانکردن، لە ئامانج و مەبەستدا لەگەڵ کۆمەڵناسی یەکناگرنەوە».

پێدەچێت ئەو بیرۆکەیەی کە سۆریکن بۆ لێک جیاکردنەوەی کۆمەڵناسی و زانستەکانی تر دایهێنابوو، لەلایەن کەسانی پەیوەست بەو بابەتەوە قبووڵکراو بوو، سۆریکن بەو شێوەیە بیرۆکەکەی خۆی ڕووندەکاتەوە: «گەر لەمیانەی کۆمەڵێک دیاردەدا، هەندێک تایفەی لاوەکی هەبن بەناوی (ن) ئەوە دەبێت (ن+ ١) هەبێت بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، (ن) لێرەدا ئەو زانستەیە کە لە هەموو تایەفە لاوەکییەکان دەکۆڵێتەوە، جگە لەوەش زانستێکی تریش هەیە بۆ توێژینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە هاوبەش و گشتین لەنێوان هەمووان‌دا، توێژینەوە لە پێوەندی نێوان ئەو تایەفە لاوەکییانە، واتا هەر تایەفەیەک لە دیاردە کۆمەڵایەتییە ئابووری و سیاسی و ئاینییەکان و.. تاد، زانستێک لێی دەکۆڵێتەوە و بەراوردیان دەکات، جگە لەو زانستانە پێویستی بە کۆمەڵناسییەک هەیە بایەخ بە تایبەتمەندییە گشتی و هاوبەشە باوەکانی نێوان جۆری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندی نێوانیان بدات، چونکە یەک تاکە زانستی کۆمەڵایەتی بە تەنیا ناتوانێت ئەو کارە بکات».

ئەوەی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەبێت سنوورێک لەنێوان کۆمەڵناسی گشتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر دابنرێت، ئەمیل دۆرکهایم بوو، کە پێی وابوو: «دەبێت سۆسیۆلۆژیا حوکمی شێوازی تایبەتی خۆی بکات و بەرلەوەی هەر کارێکی تر بکات، دەبێت ئەو شێوازەی خۆی کۆنترۆڵ بکات، نابێت لە خۆڕاییەوە هێرش بکاتە سەر ڕووداوە مرۆڤایەتییەکان». ئەو پێی وایە پێوەندییەکی هاوبەش لەنێوان زانستە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا هەیە، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٣دا لەنێو گۆڤاری (کرۆنۆلۆژیای کۆمەڵناسی)دا دەنووسێت: «ئێمە زۆرتر جەخت دەکەینە سەر بایەخدان بەو توێژینەوانەی بابەتی زۆر دیاریکراو لەخۆ دەگرن و بەشێکن لە لقە تایبەتییەکانی کۆمەڵناسی، چونکە مادام ناکرێت کۆمەڵناسی پێکهاتەیەک بێت لەو زانستە تایبەتییانە و ناکرێت تەنیا بەراوردی نێوان ئەنجامە هەرە گشتییەکانیان بکرێت، ئەوە ناکرێت کۆمەڵناسییەکی گشتی بێتەدی، تەنیا بەو ڕادەیە نەبێت کە ئەو لقانەی پێکهاتەی ئەویشن لەگەڵیدا گەشە بکەن».

دۆرکهایم هانی گرنگی سەرهەڵدانی لقی کۆمەڵناسی و زۆربوونی دەدا، چونکە کۆمەڵناسی بە تەنیا ناتوانێت توێژینەوەی گشتگیری لە بارەی سەرجەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی بکات، هەروەها پێشنیاری چوارچێوەیەکی گشتیش دەکات بۆ ئەو لقانە، بەو شێوەیەی خوارەوە.

(١) زانستی کۆمەڵناسی گشتی.

(٢) زانستی کۆمەڵناسی یاسایی و ڕەوشتی کە دەبێتە چەند بەشێک:

أ- ڕێکخستنی سیاسی.
ب- زەواج و خێزان.
ج- ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.
د- کۆمەڵناسیی تاوان.
(٣) کۆمەڵناسیی ئابووری.
(٤) کۆمەڵناسیی ئێستێتیکایی.
(٥) کۆمەڵناسیی ئایینی.
(٦) دیمۆگرافیا.

ئەگەر دۆرکهایم هەنگاوێکی گرنگی بەرەو دانپێدانان بە هەژاری کۆمەڵناسی گشتی نابێت لە لەخۆگرتنی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەبێت کۆمەڵناسی لقی تایبەتی هەبێت وەک کۆمەڵناسی ئایینی و کۆمەڵناسی سیاسی و کۆمەڵناسی یاسایی، ئەو کارەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵناسی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵناسی و لقێکی ئەوە لەنێو چوارچێوەی سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتیدا.

ئا لێرەدا دەبینین زانایانی کۆمەڵناسی وا دادەنێن کۆمەڵناسی سیاسی لقێکە لە کۆمەڵناسی، یەکێک لەوانەش زانای کۆمەڵناس لویس کۆزەرە کە کۆمەڵناسی سیاسی بەو شێوەیە پێناسە دەکات و دەڵێت: «کۆمەڵناسی سیاسی ئەو لقەی کۆمەڵناسییە کە گرنگی بە هۆکار و ئەنجامەکانی دابەشکردنی هێز دەدات لە ڕوویەکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی کۆمەڵەکان یان لەنێوانیاندا، گرنگی بە ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەدات کە بەرەو گۆڕانکاری لە دابەشکردنی هێزمان دەبات». لە هەمان سیاقیشدا، گاستۆن بۆتۆل لەنێو کتێبی (کۆمەڵناسی سیاسی)دا بۆ ئەوە دەچێت کە کۆمەڵناسی سیاسی لقێکە لە قەدی کۆمەڵناسی جیابۆتەوە، ئەو لقەیشە کە سیستەمەکان شیدەکاتەوە، وەک چۆن زۆربەی دیاردە سیاسییەکانیش شیدەکاتەوە لە پێوەندییان لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، هەروەها وەک دەسکەوت و ڕەفتارە جۆرییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە دەشێت تێبینی بکرێن، لێیان دەکۆڵێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو پۆلە لە زانایان وا دادەنێن کە کۆمەڵناسی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵناسی، بۆیە ئەو وا مامەڵە لەگەڵ دیاردە سیاسییەکان دەکات کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئەنجامی بنیادی کۆمەڵگایە لە پێوەندی ململانێی دابڕاو و هاوکاری و ئاوێتەبوون، بۆیە لە هۆکاری ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ پێوەندی بنیادی کۆمەڵایەتی بەهێزی سیاسییەوە، هەروەها لە توێژە بچووکەکانیش دەکۆڵێتەوە، وەک گرووپ و حزبەکان و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ و..تاد. ئەوەی زیاتر پاڵپشتی لە هەڵوێستی ئەو کەسانە دەکات کە بانگەشەی بە پاشکۆکردنی کۆمەڵناسی سیاسی دەکەن بۆ کۆمەڵناسی، ئەوەیە کە یەکەمجار لەلایەن کۆمەڵناسانەوە بایەخ بە کۆمەڵناسی سیاسی دراوە، وەکو ئەوەی دواتر بەدی دەکەین.

### سیاسەتزانی و کۆمەڵناسی سیاسی

ئەگەر جیاکردنەوەی کۆمەڵناسی لە کۆمەڵناسی سیاسی ئەمڕۆ مومکین بێت بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی کە هەر یەکێک لەوانە بەخۆیانەوە بینیوە، ئەوە جیاکردنەوەی سیاسەتزانی لەکۆمەڵناسی سیاسی هێشتا لە باری دەرکەوتن و سەرهەڵداندایە و زیاتر هەوڵدانە لەوەی واقیع بێت. ئەوەندە بەسە کە بگەڕێینەوە بۆ لای سیاسەتزانان بۆ ئەوەی ئەو خۆپارێزییەی ئەوان- ئەگەر نەڵێین دانپێدانەنان- بۆ بوونی جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان ئەو دوو زانستەدا دەگەڕێتەوە، ئەو ڕەتکردنەوەیەی کە بەترس لێکدەدرێتەوە لەوەی کۆمەڵناسی سیاسی زاڵبێت بەسەر سیاسەتزانی و ببێتە هۆی نەمانی و پاساوی بوونی نەمێنێت و بیکاتە زانستێکی بێ مانا. لە بەرانبەردا ئەو زانا سیاسییانەی کە لە ساڵی ١٩٨٤دا لە یونسکۆ کۆبوونەوە بۆ دانانی پێناسەیەک بۆ سیاسەتزانی و دیاریکردنی بابەتەکانی، باسی کۆمەڵناسی سیاسییان نەکرد، بەڵکو لە چوارچێوەی بایەخ پێدانەکانی سیاسەتزانیدا چەند بابەتێکیان ڕیز کرد، کە ئەمڕۆ سەر بە کۆمەڵناسی سیاسین، تاوەکو بەشێوەیەکی وردتر لە بابەتەکە تێبگەین، وا چاکە پێناسەی سیاسەت و سیاسەتزانی بکەین، تا وەکو دەست بخەینە سەر ڕووە لە یەکچوو و جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو زانستەوە.

**سەرچاوە:**
**علم الاجتماع السياسي- د. ابراهيم ابراش.**

# مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژن لە دەقەکانی کۆنینەناسیدا «جێگەی ژن لە ئیلامدا»

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

(٢ - ٢)

**پێشەکی**

بابلییەکان ناوی «ئالامتۆ» یان «ئالام»یان نابووە سەر بەشی هەورازی ئەو وڵاتەی وا لە ڕۆژهەڵاتی بابل هەڵکەوتبوو، کە بە مانای «کوێستان» یان «کیشوەری خۆرهەڵات»ە. وڵاتی ئیلام بریتی بووە لە خووزستان و لورستانی ئەوڕۆیی، پۆشت کووە و کێوەکانی بەختیاری، بەمجۆرە کە لە ڕۆژئاواوە دەگەییە دیجلە، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەییە بەشێک لە فارس. لە باکوورەوە دەگەیشتە کێوەکانی بەختیاری و لە باشوورەوە بە کەنداوی فارس تا بووشێهر دەبەسرایەوە.

لە باڵاترین چاخی شکۆمەندیدا، ئەم وڵاتە لە ڕۆژاواوە دەگەیشتە بابل و لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەییە ئیسفەهان.

ئیلام لە دوو بەشی کوێستان و دەشت پێکهاتووە. بەشی هەوەڵ کە لە باکووری ئەم وڵاتەدا بووە، بە هۆی بارودۆخی جوگرافیای، ساختر واتە سەرەتاییتر ماوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەشی دەشت، چونکە هەمیشە لەگەڵ نەتەوە ژیارمەندەکانی زەمان لە پێوەندیدا بووە و لە جیرانەتی واندا بووە، بۆتە مەکۆی یەکێک لە گرینگترین شارستانەتیەکانی ئێرانی کەونارا.

شاری شووش کە دەکەوێتە بەشی دووهەمەوە، ناوەندی ئەم شارستانەتیە گرینگەیە و وەک پێتەختی ئەم وڵاتە ناسراوە. جوگرافیزانانی «یۆنان» و «ڕۆم»ی کەونارا، وەک «ئیستترابۆن» (١) بەو بەشە لە ئیلام، کە شاری شووش لەوێدا هەڵکەوتووە، دەڵێن «سووزیان» «یان» «سووزیانا» (٢) کە ئەمەش بە هۆی گرینگایەتی ئەم شارەوە بووە. ناوچە گرینگەکانی تر لە یۆنان، جگە لە شووش بریتی بوون لە: «ئاوان» لە ڕۆژئاوای باکووری شووش و لە لای چۆمەکانی «دێز» و «کەرخە»، سیماش

کە پێکهاتبوو لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەشتی خووزستان و ناوچەیەکی کوێستانی «ئانزان» یان «ئانشان»، کە ئەو ناوچەیە بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی «مالامیر» و پاسۆماش واتە «مەسجد سولەیمان»ی ئەوڕۆیی دەگرێتەوە.

ئیلامییەکان لە ڕەگەزی ئاسیایی، یان «زاگرۆ ئیلامین» (٣)، کە نە هیندو ئورووپایی بوون و نە سامی، بەڵکو بە بڕوای هێندێک لە پسپۆڕانی ڕەگەزناس ئەوان لەو گەلانەن کە زمان و ڕەگەزی قەفقازی، یان خەزەرییان بووە. لەمەڕ چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمەڵگاکان و سەرەتای مێژووی وان، شتێکی وامان دەس نەکەوتووە، بەڵام ئەوەی کە ڕوون بۆتەوە ئەمەیە کە لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی (پ.ز) لە دەشتی سووزیان کە درێژەی سروشتی دەشتی «نێوان چۆمانە» ژیانی شارستانەتی دەستی پێکردووە. هەر لەسەرەتاوە لەوێ «ئەربابی ئەنواع» دەپەرستران و بۆی هەیە ژیان ئەفرێندراوی ڕەبولنەوعێکی ژن بوو بێ کە مێردیشی بووە و هەروەها مێردەکەی بە منداڵی ئەویش لە قەڵەم دراوە. ڕەنگە ڕەسمی چوونەوە سەر دایک، کە لە لای ئیلامیەکان باو بووە لە بنەڕەتدا هەر بە هۆی ئەم مەسەلەیەوە بوو بێ.

ئەگەرچی ئیلام جاروبار چ لە باری سیاسی و چ لە باری مەعنەوی و کولتوورییەوە لە ژێر شوێنی هاوسێکانی ژیارمەندی خۆی وەک سۆمەر، ئەکەد و بابل دا بووە و بۆ ماوەیەک ئەم شوێندانانە لە شوێنەوارە کولتووریەکاندا بە جوانی دەبیندرێ، بەڵام زەمانێکیش خۆی خوڵقێنەری ئەندێشەی ڕەسەن و تایبەت بووە و توانیویەتی پڕشەنگ بخاتە ناوچەکانی دیکەوە. هەروەک بۆ وێنە لە «سیەلک»، لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی (پ.ز) نموونەگەلێکی زۆر لە ئیلهاماتی ئیلامی دەبیندرێ. بەم جۆرە کە کاسەگەلی نەخشین تێکدەچن و کاسەگەلی تەواو سوور و خوڵەمێشی جێی وان دەگرنەوە کە یەکجار وە کاسەگەلی چاخی شووش دەچن.

لە ڕاستیدا ئیلام شارستانەتیەکی ناردۆتە سیەلکەوە کە بێ شک لە شارستانەتی خۆماڵی بە نرختر و دەوڵەمەندتر و یەکجار پێشکەوتوو تر بووە. بنەماکانی ئەم شارستانەتیە بەدیهاتوویەکە لە تێکەڵاوبوونی کولتووری خۆماڵی لەگەڵ کولتووری «نێوان چۆمان» کە لە درێژایی سەدەگەلی پێشوو لە شووش پێکهاتووە. دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی شووش لە سیەلک و یەکیەتی تەواوی کولتووری سیەلک لەگەڵ ئەوەی کە لە شووش ناسراوە، ،وا دەنوێنێ کە ئەم ژیارە بەسەر سیەلکدا سەپێندرابێ.

گرینگایەتی شارستانەتی شووش کە تا دڵی ئێران دەگرێتەوە، زۆرتر بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە «ڕێنووس» بووە کە بە هۆی بەرین بوونەوەی ژیار و کولتووری ئیلام بە دوای داگیرکردنە سیاسی و سەربازییەکاندا هاتۆتە ئەم ناوچەیە و دیارە ئامانجی سیاسیشی تێکەڵ بووە، هەروەک چۆن شوێنەوارەکانی ژیاری ئیلام بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناوەندی ئێراندا مایەوە.

شووش ناوەندی وێک کەوتنی دوو ژیاری گرینگ بووە کە هەر کامیان شوێنی لەسەر ئەوی تریان داناوە. یەکیان ژیاری ناوچەی نێوان چۆمان و ئەوی تر ژیاری ئێران. بارودۆخی جوگرافیایی ئەم ناوچەیەش لە پێک هێنانی ئەم مەسەلەیەدا ڕۆڵی هەبووە. چونکە ئەم شارە لە درێژەی دەشتی نێوان چۆمان و لە دوامەی بەرزایی ئێراندا هەڵکەوتووە.

بێجگە لە لایەنی کولتووری و ژیاری، ئیلام و بە تایبەتی شاری شووش یەکێک بووە لە ناوەندە گرنگەکانی بازرگانی و ئابووری کاتی خۆی، کە ئەمەش بۆ خۆی لە وەرگرتنی کولتووری ئەوانی تر، یان بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆیاندا شوێنی (کاریگەری) هەبووە.

ئیلام لە چاخەکانی دەسەڵاتدا وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئاوەدان بووە و شاری شووش وەک یەکێک لە چوار ڕێیەکانی دنیا، بە ئامرازی پێوەندی سانا و هەرزانەوە. دەگەیشتە نێوان چۆمان و ئاسیای بچووک و هەروەها دوورترین جێگەکانی جیهانی ژیارمەندی ئەو کات.

گرنگایەتی ئەم ناوچەیە لە باری جۆراوجۆرەوە بە ڕادەیەک زۆر بووە کە پاش خاپووربوونیشی بە دەست «ئاشووربانی پاڵ» هێندەی پێ نەچووە کە دیسان لە سەردەمی ئیمپراتۆری هەخامەنشیدا بۆوە پێتەختی زستانی پادشایانی ئێران و بۆ جارێکی تر گەورەیی شکۆداری پێشووی خۆی بە شکۆی تەواوەوە، وەدەس هێناوە بەم جۆرە بوو بە یەکێک لە پێگەکانی ژیار، سیاسەت و ئابووری ئیمپراتۆری هەخامەنشی و هەروەها جیهانی ژیارمەند و تا سەدەکانی دواتریش ئەم پەیام و ناوەندی بوونەی پاراست. ژیار و هونەری ئیلامیش بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر تەنانەت تا چاخی ساسانییەکانیش، ئیلهامی دەدایە هونەرمەندانی ئێرانی. وێدەچێ ئیلامییەکان بە دڵی خۆیان ئەو سوارە پارسیانەیان لە نێوان خۆیاندا وەرگرتبێ کە شان بە شانی وان لە ساڵی ٦٩٠ی (پ.ز) لەگەڵ ئاشووریەکان

بەشـەڕهاتن. پاشـان پارسـەکـان لە ئیـلام و هەر لە ژێر چاودێری دەوڵەتی ویشـــدا. وڵاتێکیـــان وەک وڵاتی ڕاسـتـەقینەی خـۆیان هەڵبـژارد. بۆی هەیە کە گـەورەترین لقی بنەماڵەی سەڵتەنەتییان لقی کوورشی کە بیر بەر لە دەسپـێکی جیـهـانگیری، هەر لەناو پێکهاتەی ئیـلامـدا بوو بێ.

تا ئەو جێیە کە ڕەنگە ناوەکانیشیان هەر ئیلامی بوو بێ، وەک نێــوی کـــوورش کــە پێـــیـــان دەگــوت(٤) «کوورەش». پارسەکان کە «هێرۆ دۆت» سەنای سروشتی خووگری ئەوان دەکا، ژیانی شارستانەتیان لە ئیلامیەکان وەرگـــرت و وێدەچێ ئیـــلام لە ژیاری ســـاوای واندا شوێنێکی قـووڵی بـوو بێ و لە کامڵ کردن و تەکووزیدان بەم ژیارە و ئەو هێــزانەی دەبـوو بۆ شکۆیەخـشین بەوێ وەکار بخرێن، ڕۆڵێکی گرنگی بوو بێ(٥).

بە گـوێرەیەکی تـر(٦) دەستـەیەک کـۆچەری ئاریایی لە نیــــوەی دووهەمی هەزارەی دووهەمی (پ.ز) بە دوادا گەڕاونەتەوە باشووری «نەجدی» ئێران و گەلەکانی پارس لە باکووری ئێران، یانی لوڕستـانی ئەوڕۆیی نیشـتـەجێ بوون و «پارسـۆماش» یان وەک بەشـێک لە وڵاتی ئیـلام کردە ناوەندی خۆیان. نموونەگەلێک لە هونەری پارس کە هی سەدەی حەوتەمی زایینییە. لە شووش دۆزراوەتەوە. لەناوەڕاســـتی ســـەدەی حـــەوتـەمی (پ.ز) ڕووداني مـەسـەلەیەک بوو بە هۆی ئەوە کـە شــوش لە دوو لاوە هەست بە مەترسی بکا. پارسەکان کە ئاگایان لە سستی دەزگـــــای ناوەنـدی بـوو، جگە لـە پارســـــۆمـــــاش، «ئەنشان»یشیان داگیرکرد. ئەمیرانی وان ناوی «شا»یان لە خۆناو و بەم جۆرە ئیلام تەنیا «سووزیان»ی لێماوە و ناوچەکـانی تری لە دەست چوو. لەلایەکی ترەوە شــای ئاشــوور واتە، ئاشــوور بانی پاڵ (٦٨٨-٦٣٣ پ.ز) شەڕەکانی خۆی دەس پێکرد و بە زووترین کات تەواوی ئەو وڵاتەی داگیرکرد و شاری شووشی خاپوور کرد.

### هۆی سەرنجدانی ئێمە بە ئیلام

سەرنجدان بە جێگەی ژن لە ئەندێشەی حقوقی (مافی) ئیلامیەکان لەو لێکۆڵینەوەیە دا بەو هۆیە جێی بایەخەی کە ئێرانیەکان لەبەر هۆگەلی سیاسی کە پێشتر باسمان کرد، بەشێکی گەورەی ژیار و کولتووری خۆیان لە ئیلام وەرگـــرتووە و هەر لەبەر ئەوەش ڕوانگەی وان لەمــــەڕ جینسی ژن هێورتر و نیـانتر بووە. بەڵام سـامیـەکـان کە ئەوانیش لە بەشێکی گەورەی ژیار و کولتووری خۆیاندا منەتباری بابلیـەکـانن، ڕوانگەیەکی یەکـجـار تووڕەیان لەمــەڕ ژندا هەیە، کــە شــوێنی ئەم جــۆرە ڕوو لە ڕوو بوونـەوەیە لە تـەواوی شــــوێنەوارە حـــــقـــــوقی - مەزهەبیەکانیاندا دەبیندرێ.

لەلایەکی تریشـــەوە هەوەڵێن پێکهــاتەی نیـــزامی شارستـانی لە ئێراندا بە بەدیهاتنی دەوڵەتی ئیلام دەس پێدەکا. ئیـلامیـەکـان کە بۆیان هەیە لە باشووری نێوان چۆمـانەوە بەرەو باکـوور کـۆچیـان کـردبێ، شارسـتـانەتی «ســووزیان» یان پێک هێنا، کـە شـارسـتـانەتیـەک بوو لەســـەر بنـاغــەی ئابووری کـــشـــتـــوکـــاڵ، لە باری مـەزهەبیـشـەوە، وەک باقی گـەلانی وەرزێر، پەرسـتنی «ئەسڵی مێینەی هەستی» و پەرستنی خودایانی مێینە لە ئەندێشەی مەزهەبی ئەواندا ڕیشەی داکوتابوو. بەم جۆرە سەرنجدانی ئێمە بە ئیلام بەو هۆیانەوە دەبەسترێتەوە:

١- بە هۆی ئەو شوێنەوارانەی کە لە کولتووری ئێراندا هەیبووە.

٢- بە هۆی ئەوەی کە لە ناوەندی ئەندێشەی مەزهەبی ئیـلامیـەکـاندا «ئەسڵی مـێینەی هەستی» (شـوێنێکی بەرچاوی) بووە و خـودایانی مـێـینە لە ڕادەی خـودایانی سەرەکی دابوون.

### خودایانی مێینەی ئیلامی لە وێنە و نەخشەکاندا

لەو چاخــانە کــە خــوداکــان لە ئەندێشــەی مــەزهەبی ئیــلامــیــەکــاندا وەک مــرۆڤ، ئەویش لە جــینسی ژن داڕێژراون، نەخـشـگەل و وێنەگـەلێک بە جـێمـاوە کـە شـــاندەری ئاڵ و گـــۆڕەکـــانی ئەو جـــۆرە بڕوا گـــەلە مەزهەبیانەن. بۆ وێنە یەکێک لە جوانترین کاسەگەلێک کــە هی سێ هەزار ســـاڵ (پ.ز)ە جـــەڕڕەیەکـــە کـــە وێنەگـەلێکی لەسـەر کـێـشـراوەتەوە. لەو وێنانەدا وێک کـەوتنی ژن و مـێـردێکی ئیـلامی و زەمـاوەندی پیـرۆز کێشراوەتەوە(٧). هەروەها تابلۆیەک وەدەس کەوتووە کە وێنەی پێنج خودای لەسەرە و شاندەری ئەوەن کە لەو کاتە بە دوا ژن لـەناو خــودایاندا دەردەکــەوێ(٨). لە هونەری دوایین ســەدەکــانی هەزارەی ســێــهــەمی (پ.ز) کــە نزیکایەتیـەکی زۆری لەگەڵ هونەری نێوان چۆمـان هەیە شوێنەواری گەورەی دایکی هەوەڵی تێدا ئاشکرایە.

شاکاری ئەم چاخە پەیکەرەیەکی گەورەی(٩) ئیلاهەی «ناروەندی»یە کـە بە شـێـوەیەک دانیـشـتـووە و زۆر وە پەیکەرەی «ئینانا»ی سۆمەری دەچێ. پێویستە بوترێ کە بۆی هەیە شوێنەواری کـولتـووری «شـا - خـوای» خـۆر و «شـاژنی زەوین» لە سـۆمـەریەکـانەوە گـەیشـتـبێـتـە باوەڕەکانی ئیلامی، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە

که ئەم باوەڕانە بە هۆی ئیلامییەکانەوە گەیشتۆتە ئەو گەلە ئارییاییانەی کە لە هەزارەی هەوەڵی (پ.ز) نیشتەجێی ئێران بوو. لە کۆتایی هەزارەی سێهەمی (پ.ز)دا قەڵای «ئاکرۆپۆل» یان (لە گەڕەکی پیرۆزی شووش) سەر لە نوێ چێ کردەوە. ناوەندی ئەم قەڵایە پەیکەرەی(١٠) ئیلاهەی دایکی لێ بووە کە بە ناوی سۆمەری «نینهۆر ساگ»(١١) بە مانای «خاتوونی کوێستان»(١٢) ناودێر دەکرا کە نیشان دەدا خەڵکی شاری شووش بووە.

لە سەدەی نۆزدەی بەر لە زایینەوە خودایانی مێینە پێ و شوێنی خۆیان لەسەر شوێنەوارە دۆزراوەکان بەو شێوانەی (١٣) خوارێ بەجێ هێشتووە:

– کاسەیەک کە دوو پەیکەرەی ئیلاهەی بچووک لەلایەوە چێ کراوە.

– ژن – ماسی.

– وێنەی هاوسەرین بوونی ژن و مێردێکی پیرۆز لە پێخەفدا.

لەمەڕ ئەم وێنە گەلەوە وتراوە کە باوەڕگەلە مەزهەبییەکان لە ئیلام، زایەڵەی باوەڕە مەزهەبییەکانی نێوان چۆمانن کە لە جیرانەتی وان بوون. تەنیا یەک تایبەتمەندی ئیلامی لە تەواوی باوەڕگەلی مەزهەبی ئیلامییەکاندا بە تەواوی ئاشکرایە، ئەویش ئەمەیە کە خودایانی مێینە خاوەن دەسەڵاتی جادوویی بوون و بەسەر تەواوی جیهانی ژێرەوەشدا حکوومەتیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئیلام و سیحر و جادوو لە باوەڕگەلی مەزهەبی ئیلامییەکاندا یەکجار بەرچاوە کە ئەم مەسەلەیە لە «نێوان چۆمان» نابیندرێ.

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان، ئاڵوگۆڕێک بەسەر مەزهەبی ئیلامییەکان داهات کە لە وێنە و نەخشەکاندا تووشیان دێنی؛ لەوانە یەکیان ئەوەیە کە وردە وردە خودایانی مێینە لە سیمای «نیوەژن – نیوەپیاو»دا دەردەکەون (وەک «ئیشتاری ڕیشدار» و پاشان بە تایبەت لە چاخی بابلییەکاندا خودایانی نێرینە باڵاترین دەسەڵاتیان پاوانی خۆیان کرد).

لە چاخی زێڕینی ژیاری ئیلامیشدا (١٣٠٠-١١٠٠ پ.ز) نەخشگەل و وێنەگەلێک دۆزراونەتەوە کە شاندەری گرنگی جێگەی ژن لە کۆمەڵگا و بایەخی «ئەسڵی مێینە هەستی» لە بناغەکانی ئەندێشەی ئیلامیدایە. هەروەک پەیکەرەی شاژن «ناپیر ئاسو»(١٤) کە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕاپەڕاندنی کاروباراندا بووە. ئەم مەسەلەیە لە ڕووی پەیکەرەیەکی ئەوەوە دەردەکەوێ کە بریتییە لە:

پەیکەرەیەک(١٥) بە دەسەڵاتی سروشتی و ڕێک و پێک و شکۆیەکی یەکجار، کە بە بۆڕۆنز و لە دووبەش پێکهاتووە و پاش چێ کردن لەسەر تیرێکی ئاسن داندراوە.

وێنەی پادشایەک لەگەڵ دایکی(١٦) و (؟) ژنەکەی لە دەستدایە، کە وێنەی ئەم ژنانە دیاردەیەکە لە بایەخی ژن لە کۆمەڵگای ئیلامیدا. وێنەیەکی تریش دەدیترێ بە نەخشی دوو پەری ماسی مێینە لە نێوان زەمینەی تۆڕیدا کە نوێنەری ئاوەکانی ئاسمان و زەوین و ئەم ئاوانە وەک گوریس لە سێ جووت کاسەوە هەڵدەقوڵێن. بێجگە لەوانەش، پەرستگەکانی ئیلاهەگەلی «ئیشمەکەرەب»(١٧) و «کیریریشە»(١٨)ش (خاتوونی لیان) دیتراوەتەوە.

لە وێنەیەکی تردا ژن و مێردێکی ئیلاهی دەدیترێ کە تایبەتمەندی سەرەکی خودای مێینە لەودا دەسەڵاتداری لەسەر ئاوەکانی ژێر زەمینییە کە بە وێنەی خزۆکەکان پیشان دراوە.

بەمجۆرە بوونی وێنەگەلی خزۆکەکان بە تایبەت مار لە نەخشگەلی ئیلامیدا تایبەتمەندی هونەری ئیلامییە و هەر وەک باسمان کرد، چونکە لە هزری ئیلامیدا خودایانی مێینە دەسەڵاتداری جیهانی ژێرەوەن، بەم جۆرە مار و خزۆکەکانی تریش شاندەری دەسەڵاتی باڵاتری «ئەسڵی مێینەی هەستی» لە هزری مەزهەبی ئیلامیدایە.

لە چاخی زێڕینی ژیاری ئیلام نەخش و وێنەگەلێکی تر دۆزراونەتەوە کە نوێنەری جێگەی بەرزی ژنان لە کۆمەڵگا و بایەخی «ئەسڵی مێینەی هەستی» لە هزری ئیلامیدایە. لەوانە وێنەی شا و کچەکەی(١٩) کە تێیدا شا جەواهێرێک دەداتە خۆشەویستترین کچی و شازادە خانمی بچووک لەلای ئەژنۆکانی باوکییەوە وەستاوە، باوک کە هیچ دیاردەیەکی پاشایەتی پێوە نییە و تەنیا وەستاوە و چرپای کارەکەی، شاندەری پلەی ئەوە، خەریکە دیارییەک دەدا بە کچەکەی. ماکێتێکی(٢٠) بۆ ڕۆنزیش هەیە کە نەخشگەلی سەر ئەو نوێنەری بینای مەزهەبی قەڵای شووش، یانی دووپەرسگەی گرنگی «ئین – شووشیناک»(٢١) و پەرستگەی ئیلاهەی مەزنی «نینهۆرساگ»ی شووشی کە سۆمەرییەکان عیبادەتیان دەکرد لەودا دەبیندرێن.

## مەزهەب لە ئیلامی کەونارادا

١- «پانتێئۆن»(٢٢)ی ئیلامی و جێگەی «ئەسڵی

مێینەی هەستی» لەودا.

لە کۆنترین بەڵگەنامەدا کە دەکرێ بە هی ٢٢٦٠ی (پ.ز) بزانین لەگەڵ هەموو خودایانی مێینە ڕووبەڕوو دەبین کە لەلایەن خەڵکی ئیلامی کەوناراوە دەپەرستران.

ئەم بەڵگەنامەیە کە بە پەیمانی «خیتا» (٢٣) ناوبانگی هەیە و بە پێی ئەو پانتێئۆن، یان پەرستگەی سەرەکی خودایان لە مێژووی ڕۆمیدا شکڵ دەگرێ، بەم دوعایەوە دەست پێدەکا:

«فریامان کەون ئەی ئیلاهەی «پینی کەیر» (٢٤) و ئەی خودایانی باشی ئاسمان» بەم جۆرە لە ژوور پانتێئۆن و لەسەرووی هەموو خوداکان و جیا لەوان خوایەکی مێینەبوونی هەیە. لە چاخەکانی دواتردا، لە «پینی کەیر» وەک «سەرکردەی ئاسمان» ناوبراوە. لە زۆر جێیدا ئەم ئیلاهەیە بەناوگەلی تاکەکەسییەوە کە لەناوی خودایانی تر گیراوەتەوە. لەناو خەڵکدا دەردەکەوێ. بۆ وێنە «شادوێت» (٢٥)-ێکی چاخی ناونجی ئیلامیان بە ناوی ئەوەوە کردووە: «ئوتۆ - ئێ - هی هی - پینی کەیر» واتای ناوی ئەم شادوێتە کە بە تەواوی ڕیشەی مەزهەبی هەیە، ئەمەیە «من ئەندامی ژنانەی ئەوم نەزری «پینی کەیر» کردووە». ئەکەدییەکان لە پینی کەیردا جۆرێک «ئیشتار»یان دەدی. ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان وادەنوێنن کە «پینی کەیر» گەورە دایکی سەرەتایی ئیلامییەکان بووە. هێندێک بڕوایان وایە کە «پینی کەیر» لەگەڵ خودایەکی مێینە تری ئیلامی کە بە «کیریریشا» ناسراوە هەر یەکن.

لە پەیمانی «خیتا»دا ناوی «کیریریشا» بە مانای «ئیلاهەی گەورە»یە؛ کەوا بوو «کیریریشا» ناوێکی تایبەت نییە، بەڵکو ناسناوە. ئەگەر وابێ دەکرێ «کیریریشا» یەکێک بێ لە ناسناوەکانی «پینی کەیر»، بەڵام ئەم مەسەلەیە هەر وا ساناش نییە. لە لێکۆڵینەوەی سەرچاوە پرژ و بڵاوەکانی دەس کەوتوودا، ڕوون بۆتەوە کە «کیریریشا» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیلام واتە لە «وڵاتی دەریایی» ئەوێ نیشتەجێ بووە و پێگەی سەرەکی ئەو لە «لیان» (٢٦) (بوشێهری ئەوڕۆیی) بەلای کەنداوی فارسەوە بووە.

تەواوی ئەو دەقانەی لەوێ دیتراونەتەوە نەزری ئەم ئیلاهەیە کراون. هەر بەم هۆیە سەرەتاییترین بەڵگەنامەی بەجێماوی ئیلامی کە بریتییە لە نووسراوەیەک کە هی پادشایەکی نەناسراوی «لیان»ە، ڕەنگە لە خەڵوەتگای ئەم ئیلاهەیەدا وەدەس کەوتبێ. لەم نووسراوەیەدا پادشای نەناسراو، خۆی وەک «خزمەتکار»ی ئەم خودا مێینەیە دەناسێنێ وردە وردە «کیریریشا» دەچێتە وڵاتی شووشیەکانەوە و پادشاکانی ئیلام پەرەستگە و مەعبەد گەلێکی زۆری لە وڵاتی جۆراوجۆر بۆ چێ دەکەن. لە شووش ناسناوی بە پێزی «دایکی خودایان» و «خاتوونێک کە ئاگای لە هەمووانە»ی دەدرێتێ. بەم جۆرەی کە باسمان کرد ناکرێ هەروا بڵێین کە «کیریریشا» هەر «پینی کەیر»ە نموونەگەلێکی تری مێژوویی هەیە کە باس لە کەسایەتی سەربەخۆی «کیریریشا» دەکەن؛ بۆ وێنە «شائونتاس - گال» لەساڵی ١٢٥٠ی (پ.ز)دا زیگۆڕاتێکی لە «چرغازەنبیل» چێ کرد و هەر لەوێش پەرستگەیەکی بۆ «پینی کەیر» و یەکیشی بۆ «کیریریشا» چێ کرد. هەروەها لە پەیکەرەی بۆڕۆنزی شەڕکەری چاخەکانی دواتری ئیلامی کە ئێستا لە مۆزەخانەی «لۆڤەر»ە هەر دوو ئیلاهە و پەرستگەکانیان لەسەر یەک تابلۆ ناوبراون. لەلایەکی تریشەوە لە ساڵی ٧١٠ی (پ.ز)دا ئایا پیر (مالمیر) شازادەیەک بە ناوی «خانی» (٢٧) پەنای بردۆتە بەر هەردووک ئیلاهەکان.

ئەم وێنە تێکەڵەی کە لە بوونی جووتێک، یان سێ خودای مێینە لە پانتێئۆنی ئیلامی و هەروەها لە باوەڕگەلی مەزهەبی ئیلامی، دەس کەوتووە لە جیاوازبوون و پرش و بڵاوبوونی سەرچاوەکانەوە بەدی هاتووە، بەڵام دەکرێ بە یارمەتی ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییانەی کە لە ئیلامی دەزانین، تا ڕادەیەک ئەم وێنە تێکەڵاوە باشتر بناسین: ئەم بارودۆخە تایبەتی کە باسمان کرد ڕەنگە بە هۆی پێکهاتەی فیدراڵی ئیلامی بووبێ. وا دیارە لە ڕابوردووەکانی دوور دا هەر کام لە ناوچەکانی ئیلام خودای مێینەی تایبەت بە خۆی بووبێ. شووشییەکان «پینی کەیر»یان بووە، وڵاتە دەریاییەکان «کیریریشا»یان بووە و ناوچەی ماڵمیری ئەنشان(٢٨)، باوەڕیان بە «پارتی»بووە. ئەگەر بەڵگەنامەگەلێکی تر ناوچەکانی تری ئیلام حکوومەتیان دەکرد زۆرتر بن. وێدەچێ ئەو خودا مێینانەی کە تا ئێستا ناومان بردوون، دەسەڵاتدارانی سەرەکی پانتێئۆن بن. وردە وردە لەلای ئەو خودا مێینانە و وێڕای ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان، خودایانی نێرینەش دێنە ئاراوە. وێدەچێ ئاڵ و گۆڕی بەدیهێنەری خودایانی نێرینە لە پلەبەندی خوداکاندا، لە هەزارەی دووهەمی (پ.ز)دا بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات خودایانی مێینە لە ڕیزەی خودایانی دەسەڵاتداری پانتێئۆن دەرنەکران. ئەوان هەروا لە دڵی خەڵک دامانەوە و پلەیەکی بەرز و متمانە پێکراویان

هەبوو. پەیکەرەگەلی بچووکی گڵی کە لە «ئیلاهەی ڕووت» وەدەس کەوتوون و ئیلاهەیەک کە مەمکەکانی خۆی بە هەردووک دەستی گرتووە، شانۆیەکە لە بوونی دەسەڵاتی «پینی کەیر» یان «کیریریشا» کە دیاردەی دەوامە و مانەوەی خودایانی مێینە لە سەرووی قۆچکی دەسەڵاتەوەیە. هەر چەند «کیریریشا» لە ئەو سەراوسەری ئیلام جێگە و پێگەیەکی بەرز و بە ڕێزی بووە، بەڵام ئیلاهەی دایکی خۆماڵی هەر پارێزگایەکیش ڕێزی تایبەت بە خۆی بووە. بەو شێوەیە کە لە هەر پارێزگەیەک هەم بۆ ئیلاهەی خۆماڵی و هەم بۆ ئیلاهەی کۆچەر خەڵوەتگایەکیان چێ کردووە. هیچ کات لە پارێزگایەک زۆرتر لە دوو ئیلاهە بە ڕەسمییەت نەناسراوە، بۆ وێنە لە «لیان» کیریریشا بێ ڕەقیب و تاقانە ماوەتەوە.

ئەو جۆرە ڕێزگرتنە بێ وێنەیەی ئیلامییەکان بۆ ئیلاهەی دایک، تەریبی خۆی لە «لۆلۆبی» (٢٩) دەدۆزێتەوە. کە لەوێ شاریار «ئان نۆبانینی» (٣٠) وێنەی خۆی و ئینانای لەسەر نەخشێک هەڵکەندووە. لەو نەخشەدا ئیلاهە نقێمی گەورەیی بەرەو شادەبا و دوژمنە کۆیلەکانیش بۆ لای ئەو ڕادەکێشێ. نیشانەی ئیلاهە لەو نەخشەدا ئەستێرەی هەشت پەڕە کە یەکێ لە شێوەکانی سەمبولێکی «ئینانا» (ئیشتار)ە. ئێستا ئاورێک وە پەیمان و بەڵێنی «خیتا» دەدەینەوە کە کۆنترین بەڵگە و سەنەدی لە بارە بۆ توێژینەوە. لەو سەنەدە دا کە گوترا سەر بە ٢٢٦٠ی (پ.ز)ە پلەی دووەم لە نێو خودایانی جێگای ڕچاو وەرگری دوعا بە «خۆم بان» (٣١) براوە. خۆم بان لە سەراسەری مێژووی ئیلامدا هەروەک تاقانە خودای نێرینەی سەرەکی ماوەتەوە - بە پێچەوانەی خودایانی مێینە کە ژمارەیان لە مێژووی ئیلامدا یەکجار زۆرە. وێدەچێ ناوەکەی لە ڕیشەی «خووپا» (٣٢) بە مانای «فەرماندان» وەرگیرابێ، بە مانای «فەرماندەی ئاسمان» شووی ئیلاهەی دایک، واتە ئەویش لە نێو مێینەکاندا ئەو مەقام و پلەو پایەیەی هەیە. لە خۆڕا نییە کە جارجار لە باسی ئیلاهەی دایکی ئیلامیدا «هاوسەری گەورەشی» پێدەڵێن. دوای زەماوەندی ئەو دووانە «خووتران خوا» (٣٣) لە دایک دەبێ کە لە پێرستی گەڵاڵە کراوی پەیمانی «خیتا»دا پلەی پازدەهەمی لە پلەکانی خودایی پێ براوە. لەو پێرستەدا ناوی سی و حەوت شێوە خودا تۆمار کراوە. لە یەکێک لە نووسراوەکانذا «خووتران» وەک «شووی بە شەرم و شکۆ»ی «کیریریشا» ناوی لێ براوە. وا وێدەچێ وشەی ئاسایی عەولادی کوڕ بۆ منداڵی دوو هاوسەری خودایی پڕ بە پێست نەبووبێ، هەر بۆیە پێیان گوتووە شووی خوداکان. پلەی پێش قەدەمی «خۆم بان» لە پانتیئۆنی ئیلامیدا، سەرچاوەی لەو ناو و عیباراتانە وەرگرتووە کە بەویان بەخشیوە. ئەو بە سیفەت گەلێکی وەک «پارێزەر» «خودای بەهێز و تاقەت» «خودای مەزن» و گەورەترین خودای نێو خوداکان وەرگیراوە کە لە ژێر سێبەری جادوویی ئاگالێبوونی ئەودا، پادشاکان بۆ هەمیشە دەمێننەوە. لەم سیفەتەدا (ئەگەرچی هی چاخەکانی زۆر دوای مێژووی ئیلامییە) ئێمە لەگەڵ وشەی بەرچاوی «کی تێن» (٣٤)ی ئیلامی ڕووبەڕوو دەبین (لە ئەکەدیدا کیدین ئوم) (٣٥) کە هەر لە کۆنەوە گرنگ و جێی بایەخ بووە. ئەم وشەیە دەربڕی هێزی ساحیرانە و ڕەمزی و تابۆییە کە لە وجوودی خوادا شاردراوەتەوە. بە هۆی ئەم «ئاگالێبوون»ە ساحیرانەیەیە کە دەسەڵاتدارانی ئیلام حکوومەت دەکەن و هێزی خۆیان لە «کیتێن»ەوە دەزانن. وا دیارە هەر خودایەک «کیتێن»ی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەی «خیتا»، «خوم بان» خاوەنی بەهێزترین «کیتێن» بووە. خودایانی حاکمی شارە سەرەکییەکانی ئیلام، ڕەقیبانی بەهێزی «خوم بان» بوون بۆ وە دەست هێنانی پلەکانی سەرتر لە پانتیئۆنی ئیلامیدا. گەورەترینی ئەم ڕەقیبە خودایانە ناوی «ئین شووشیناک»ە. ناوی ئەو لە ناوی سۆمەری «ئین شووشیناک» یانی «خوای شووش» وەرگیراوە و بە ڕوونی دەگەڕێتەوە ڕۆژگارانی دووری شوێن دانانی سۆمەر لەسەر ئیلام. دانانی ناوێکی بێگانە لەسەر خوایەکی نەتەوەیی ئیلامی جێی سەرنجە. وردە وردە کاتێک شووش بوو بە پێتەختی بێ هاوتا و بێ ڕەقیبی ئیلام، «ئین شووشیناک»یش بوو بە هاوشانی «خووم بان». لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئەو خودا بە دەسەڵاتە لە پێرستی خواکانی ناو پەیمانی «خیتا» پلەی شەشەمی هەیە. لە چاخەکانی دواتردا لەگەڵ «خووم بان» و «کیریریشا» سێ کوچکەیەک بە هەڵکەوت «خۆم بان - ئێن شووشیناک - کیریریشا»بووە. لەم ڕیزەی دواییدا، «کیریریشا» نە تەنیا هاوسەری «خووم بان» بەڵکو هاوسەری ئێن شووشیناکیش بووە.

سەرنجدان بەو خاڵە پێویستە، چونکە وا دیارە کە پێوەندی نێوان خودایانی سەرەکی «خووم بان - ئێن شووشیناک و کیریریشا» زایەڵەی بارودۆخی بنەماڵەکانی پاشایەتی ئیلام بووە. بەم هۆیە ناچارین چاوێک بخشێنینەوە بەو پێوەندییە بەرچاو و تایبەتەی

که له نێوان ئەندامانی پله یەکی بنەماڵەی پاشایەتی ئیلام دابووه. لەم بنەماڵانەدا یاسای میراتگرتن له هێڵی مێینەکاندا بووه. کاتێک پاشایەک دەمرد، برای ئەم هاوڕێ لەگەڵ ژنی پادشا میراتگری تاجی سەڵتەنەت بوون. هەروەها ئەو شاژنه دەیتوانی خوشکی هەر دوو حاکمەکان بێ. بۆی هەیه ئامادەبوونی «کیریرشا» له لای دوو خوای نێرینه «خووم بان و ئین شووشیناک» زایەڵەیەک لەم پێوەندیانه بێ. له پەیمانی «خیتا»دا ناوی زۆربەی خودایانی سوونەتی و خۆماڵی که خودایانی تایبەت و وەرگیراوی هەر ناوچەیەک بوون، نادیار بەم جۆرەی که دیتمان له ناوی «کیریرشا»ش که خوای خۆماڵی «وڵاتی دەریایی» یان (لیان) (بوشێهری ئەوڕۆیی)ه، هەواڵێک نییه. دەقه مافیەکانی «ماڵمیر» ڕوونی دەکەنەوه که بۆ وێنه پلەی خوایەک به ناوی «ڕۆخۆراتیر» (٣٦) که خوای خۆماڵی ماڵمیره (بەشێک له ئەنشان) تەریب لەگەڵ پلەی «ئین شووشیناک»ه. له شووش پێرستی ئەو خودایانەی که له جێی شاهیدن، هەمیشه لەگەڵ ناوی «خۆر – خواو» «ئین شووشیناک» دەست پێدەکا، له کاتێکدا که له ماڵمیر به «خۆر – خواو» و «ڕۆخراتیر» دەست پێدەکا.

بەڵام به گشتی دەکرێ بوترێ که «ئین شووشیناک» خوای سوێندی هەمووی ئیلام بووه. دوو خوای مێینەی ئیلامی به ناوی «ئیمشه کەرەب» و «لەکەمەر» یان «لەکمەل»، هەمیشه «ئین شووشیناک» له پلەی خۆیدا وەک «داوەری جیهانی مردووەکان» ئاگاداری دەکەن. وێدەچێ «ئین شووشیناک» له پێشدا و له زەمان گەلێکی زۆر کۆنتر له کاتی پەیمانی «خیتا» یەکێک بووبێ له خوداکانی جیهانی ژێرەوه. ئەم دوو خوا مێینەی که ئێستا باسمان کرد، ناویان له پەیمانی «خیتا»دا نییه. لەو چاخەی که کولتووور و ژیاری بابلی له ئیلام حکوومەتی دەکرد، «ئیمشه کەرەب» ناو به ناو له نێوان نێوه پیرئۆزەکاندا دەدیترێ و هەروەها دیتراوه که وەک «خاتوو خوای سوێند» له شووش هاوڕێ لەگەڵ «ئین شووشیناک» ئەرکی خۆی بەڕێوه دەبا. دەکرێ شوێن پێی «لەکەمەر»یش سەرەتا له خاکی ئێراندا و له چاخی ناوەنجی ئیلامدا بدۆزینەوه. ئەگەر بکرێ وەک جیهانی ژێرەوه، بڕوانینه «ئین شووشیناک» بۆی هەیه بتوانین ئەوەی لێ هەڵێنجین که «ئیمشه کەرەب» تەنیا هاوکار و یاریدەدەری ئەو لەو کاتانەدا بووه. چونکه ناوی «ئیمشه کەرەب» له زمانی ئەکەدیدا مانایەکی قورسی هەیه: «ئەو خاتوونەی که سۆزی سەنای بیست»، بەم جۆره دەکرێ ئەم ناوه به هۆی ئەکەدیەکانەوه گەیشتبێتە ئیلام.

با بگەڕێینەوه سەر پێرستی ناوی خوداکانی پەیمانی «خیتا». پاش «پینی کەیر» و «خووم بان» که وتمان له پانتێئۆنی ئیلامیدا پلەی یەکەم و دووهەمیان هەیه، دەگەینه خوایەکی بیانی به ناوی «ئا – مەل» (٣٧) که پلەی سێیەم هی ئەوه. چەند خوایەکی تری سۆمەر – ئەکەدی که لەم پەیمانەدا ناویان هەیه بریتین له «نێورتا» (٣٨) (پلەی شازدەیەم) خوای مێینه «نین کەرەک» (٣٩) (پلەی نۆزدەیەم) و خوایەکی مێینەی تر به ناوی «ئەش خەره» (٤٠) (له پلەی سی و یەکەمدا) ئەم خوایەی دوایی بێ ئەم لا و ئەولا دیاره هەر هەمان «ئیش خەره»ی نێوان چۆمانه. له چاخەکانی دواتردا که شووش دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرینی «نێوان چۆمان» به تایبەت بابل، ماکەکانی خودایی تا ڕادەیەک له پانتێئۆنی سۆمەری – ئەکەدی وەرگیرێن و لاسایی دەکرێنەوه. ئەو خودا مێینانەی که له ناو دانانی باوی ڕۆژدا دەردەکەون، بریتین له «ئیشتەر»، «لەم» (٤١) «نین گال» و «نین خۆرساگ». به گشتی له سەرەتای ئەم چاخەدا ماکەکانی ژیاری نێوان چۆمان له ئیلام باوی ڕۆژ بوو، بەڵام نابێ لەم چاخەدا گرنگایەتی بدرێتە وەرگرتنی ڕاستەقینەی خودایانی سۆمەری، یان ئەکەدی له ئیلام، چونکه زۆرتری ئەم ئاڵوگۆڕه ڕواڵەتی بووه و نەیتوانیوه له قووڵایی کۆمەڵدا شوێن دانێ. لەپێشدا خودایانی نێرینه وەک «نێرگال» «ئیسنکی» و «ئی ئا» و خودایانی مێینه وەک «نین ئیگەل» و «ئانۆنی تئم» (٤٢) دەدۆزێنەوه و له چاخی ناوەنجی ئیلامدا «ئەدەد» (٤٣) «نەبو» (٤٤) و خودایانی مێینه وەک «شاله» (٤٥) دەبیندرێن. تەنیا پەیکەرەیەکی مێینه که له سەرەتای چاخی شوێندانانی کولتووری نێوان چۆمان تا کۆتایی تەمەنی ئیلام ڕۆڵی سەرەکی هەیه و هیچ کات ناکەوێتە پەراوێزەوه، ئیلاهەی «ئیشمه کەرەب»ه.

بەپێی ئەوانەی گوتمان، دڵنیاین که خودایانی مێینه له پەرستگەی سەرەکی ئیلامدا بوون – به تایبەت که ئەوان له بانترین پله و ڕیزەکان له پلەبەندی خودایاندا جێیان هەیه و تەنانەت پاش شوێن وەرگرتنی ئیلام له نێوان چۆمان ئەم خودا مێینانه دەسەڵات خۆیان له باوەڕی خەڵکدا وەک ڕابردوو ڕاگرتبوو، وەک دیتمان «ئیمشه کەرەب»یش ئەم وێنەیەیه که مۆرکی ڕاستی لەم مەسەلەیه دەدا.

**ئاکامی باس**

هەوەڵێن باوەڕە مەزهەبییەکان لە ئیلام وەک باقی گەلانی وەرزێڕ لەسەر بناغەی سەمبوڵەکانی وە بەرهێنان بووە کە ژن نموونەی بەرچاوی ئەوانە. بە شێوەیەک کە هەوەڵێن خوداکان کە وەک مرۆڤ دەکێشرانەوە ڕوخسار و قەڵافەتی ژنانەیان بووە. پاشان ئەم خودا مێینانە لە دەسەڵاتی خۆیاندا لەگەڵ خودایانی نێرینە هاوبەش دەبن و دیسان لە دەورەیەکی تری ئاڵوگۆڕە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان، کە بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە پلەبەندی دەسەڵاتە ئاسمانییەکاندا، لە پلەی دووەمی قەدر و بایەخدان. لەگەڵ ئەوانەشدا تا کۆتایی چاخی ئیلامی وێنەی ئیلاهە مێینەکان لەسەر نەخش و وێنە و بەڵگەنامە و لاپەڕەکان دەبینین کە هەر چەند ئیتر دەسەڵاتی ڕەهایان نییە، بەڵام بێ ئامادەبوونی ئەوان، باوەڕە مەزهەبییەکان گەڵاڵە نەکراون و نەخراونەتە ڕوو.

**ژێدەر:**

**شناخت هویت زن ایرانی، لاهیجی شهلا، مهرانگیزکار، تهران: روشنگران، ١٣٧١**

**پەراوێزەکان:**

**1- Strabun**
**2- Susiana**
**3- Zagro - Elamite**
**4- Kurssh**
**٥- بارودۆخی مێژوویی و جوگرافیایی ئیلام، دەقاودەق لە مێژووی ئیلامی «پیتر ئامیە» وەرگێڕانی شیرینی بەیانی، زانکۆی تاران، ١٣٤٩، وەرگیراوە.**
**٦- هشت مقاله - شیرین بیانی.**
**٧- مێژووی ئیلام/ پیتر ئامیە/ شیرین بەیانی/ ل٣٢-٣٣**
**٨- هەمان سەرچاوە/ ل٣٧**
**٩- هەمان سەرچاوە/ ل٣٩-٤٠**
**١٠- هەمان سەرچاوە/ ل٤٠-٤١**
**11- Ninhursag**
**١٢- ڕەنگە بەو هۆیە ناوی کوێستان بۆ «خاتوو خوا» هەڵبژێردرابێ،کە ئیلام بە وڵاتی بەرز ناسراوە.**
**١٣- هەمان سەرچاوە/ل ٤٦، ٤٨، ٤٩، ٥٠**
**14- Asu - Napeir**
**١٥- مێژووی ئیلام/پیتر ئامیە/ل٥٧**
**١٦- هەمان سەرچاوە/ل٥٨**
**17- Ishmakara**
**18- Kiririsha**
**١٩- هەمان سەرچاوە/ل٥٨**
**٢٠- هەمان سەرچاوە**
**٢١- هەمان سەرچاوە/ل٦١**
**22- Inshushinak**
**23- Pantheon**
**24- Khita**
**25- Pinikir**
**٢٦- کچی شا**
**27- Liyan**
**28- aiapir**
**29- khanni**
**30- D. Ansan**
**31- Lullaby**
**32- Annubanini**
**33- khumban**
**34- Hupa**
**35- khutran**
**٣٦- kiten - بە واتای شکۆی خوایەتییە کە لە ئوستوورە ئێرانییەکاندا واتایەکی ناسراوە. دەبێ ڕیشەی شکۆی خوایەتی لە کولتووری بەر لە هاتنی گەلانی کۆچەردا بدۆزینەوە.**
**37- kindinn - um**
**38- Rukhuratir**
**39- Ishmekarab**
**40- Lakamar**
**41- Lakamal**
**42- A. Mal**
**43- Nimurta**
**44- Nin - karrak**
**45- Ash khara**
**46- Lama**
**47- Anami Tum**
**48- Adad**
**49- Nabu**
**50- shala**

# گەمەیەکی هورد و ئاڵۆز لە ڕێزمانی (بوون و هەبوون)دا

د. شێرکۆ بابان
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئەندازە)

**١- دەستپێک:**

لە ڕوانگەی ڕێزمانی (بوون و هەبوون)ەوە، ڕێزمانی کوردی مۆرکی جوان و تایبەتی دەردەخات و زۆرجاریش ڕەنگە کەڵکیان هەبێت بۆ زمانانی تر. ئەوەش لە یاد نەکەین کە ڕێزمانی (بوون و هەبوون)، چی لە زمانی کوردیدا و چی لە زمانەوانیدا بەگشتی، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە کە لە ئاستی ئەو سەنگینی و ڕەنگینییەدا بێت، کە ئەم دوو کارە هەیانە. بە داخەوە، ئێمە ڕێزمانی (بوون و هەبوون) بە باتلۆ و بەچینی بنەڕەتی ڕێزمان دەناسین، کەچی هێشتا هەر بە زمانی شیری لێکی دەدەینەوە، بەبێ ئەوەی سەرەداوێک لە ڕێزمانەکەی بزانین، مەگەر ئەو بابەتانەی کە لە زمانی ترەوە خوازراون و کراون بە پینەیەکی نارێک و نامۆ بە جەستەی ڕێزمانەکەیەوە.

ئەمە و سەرەڕای ئەو وردە گلەییانە، ڕێزمانی (بوون و هەبوون) زۆر پەیت و ئاڵۆز و سرک و نەگیرە. تەنانەت، ڕەنگە ڕێزماننووسانیش لێی تێنەگەن بە ئاسانی. لە ڕاستیدا، ئەوەی بیەوێت لە ئەو ڕێزمانە ئاڵۆزە ئاشنابێت، دەشێت خۆی بۆ ببەستێت و بە بینێکی درێژەوە و بە ڕەشنووسەوە بابەتەکە وردە وردە هەرس بکات. لەم باسەشدا، هەندێک لە خاڵە ئاڵۆزەکان خاو دەکەینەوە، بە تایبەتی لە ئاستی ڕێژەی (دەبێت)دا. لەم ڕووەوە، پێنج نموونەی هاوڕوخسار پیشان دراوە، کە هەر یەکێکیان لە خانەیەکی ڕێزمانی (بوون و هەبوون)دایە. واتە، ڕستەکان زۆر جیاوازن لە یەکتری و هەر نموونەیەک ڕێزمانێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**٢- نموونەکانی ڕێژەی (دەبێت):**
لە سەرەتادا، پێنج نموونە دەخەینە ڕوو، وەک:
١- شیلان ئامادە(ی) دەبێت.
٢- شیلان منداڵ(ی) دەبێت.
٣- شیلان سەرما(ی) دەبێت.
٤- شیلان پارە(ی) دەبێت.
٥- شیلان ڕزگار(ی) دەبێت.

ئەو نموونانەی سەرەوە ئەگەر لەسەر تابلۆی کۆلێژێک، یان قوتابخانەیەک بنووسرێن، ڕەنگە مامۆستایان بە هێزی (زمانی شیری) لێکی بدەنەوە و بەبێ ئەوەی کە لە ڕێزمانەکەی بزانن. بێگومان، جۆرە لێکدانەوەیەکی ئاوها، هەر کوردیزانێک دەتوانێت ئەنجامی بدات، تەنانەت نە خوێندەواریش بەجوانی تێ دەگات لە ڕستەکان و لە واتاکانیان، بەڵام ئێمەی ڕێزماننووس و پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە، دەبێت ڕێزمانەکەی بزانین و ڕێزمانەکەی تۆمار بکەین.

**٣- نموونەی یەکەم:**
لە ڕستەیەکدا وەک:
شیلان ئامادە(ی) دەبێت.
کاری (بوونی ئێستایی) لە ئارادایە، چونکە دەگوترێت:

شیلان ئامادە(ی) بوو.
شیلان ئامادەیەتی.
شیلان ئامادە(ی) دەبێت.

بێگومان، نموونەی یەکەم لە دەمکاتی ڕابردوودایە و هی دووەم لە لە دەمکاتی ڕانەبردوودایە، بەڵام ئەوەی سێیەم لە دەمکاتی (ئایندە) دایە. ئەم دەمکاتەی دوایی (ئایندە) تەنیا هەر لەکاری (بوونی ئێستایی) و (هەبوون)دا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕستەکە تێنەپەڕە و ئەو جێناوەیش (ی) کە دەرکەوتووە دەشێت لابرێت، وەک:
شیلان ئامادە دەبێت

یان دەشێت جێی جێناوەکە پڕ بکرێتەوە، وەک:
شیلان ئامادەی کوڕەکە دەبێت

لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت بکەری ڕستەکە بگۆڕین و جێناوەکە(ی) هەر بمێنێت، وەک:
من ئامادە(ی) دەبم
تۆ ئامادە(ی) دەبێت.

کەواتە، جێناوی (ی) پێوەندی نییە بە بکەری ڕستەکەوە و دەشێت لابرێت، وەک:
من ئامادە دەبم
تۆ ئامادە دەبیت
ئەو ئامادە دەبێت

وەک کورتەیەک بۆ ئەم کۆپلەیە، دەتوانین بڵێین، ئەم ڕستەیە بریتییە لە (ڕێژەی ئایندە)ی کاری (بوونی ئێستایی)ی (تێنەپەڕ). لە نموونەکانی داهاتوودا، دەبینین کە ڕستەکانی تر زۆر بە وردی لە یەکتری جودا دەبنەوە و هەر یەکێکیان ڕوو دەکات لە ڕێزمانێک.

**٤- نموونەی دووەم:**
لە ڕستەیەکدا، وەک:
شیلان منداڵ(ی) دەبێت

کاری (بوونی ئێستایی) لە ئارادا نییە و کاری (بوونی بوونایەتی) لە ئارادایە، بە هەمان شێوە دەمکاتی (ئایندە) گۆڕاوە بۆ دەمکاتی (ڕانەبردوو). سەرەڕای ئەوە ڕێژەکە (تێپەڕ)ە، نەک (تێنەپەڕ). کەواتە، ئەگەر نموونەی دووەم بەراورد بکرێت بە نموونەی یەکەم، ئەوا جودابوونەوەیەکی ڕێزمانی زۆر فراوان دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا، لە ڕێزمانی کوردیدا، کاری (بوونی بوونایەتی) وەردەچەرخێت بۆ (تێپەڕ) بۆ ئەوەی واتای کاری (لەدایک بوون) ببەخشێت، وەک:
من منداڵ(م) دەبێت
تۆ منداڵ(ت) دەبێت
ئەو منداڵ(ی) دەبێت

بەسەرنجێکی ورد لە ئەو نموونانە، دەبینین کە جێناوەکان، چی جێناوی (ی) و چی جێناوی (م) و (ت) لەگەڵ (بکەر)ی ڕستەکە ڕێک کەوتوون.
ئەم جۆرە بەکارهێنانەش زۆر بەربڵاوە لە زمانی کوردیدا و لە هەر جێیەکدا بەکاربهێنرێت واتای (منداڵ و بەچکە

بوون) دەبەخشێت. بۆ نموونە، ڕستەی (منداڵەکە بوو) بە واتای (لەدایک بوو)، وەردەچەرخێت بۆ تێپەڕ لە ئاستی دایکەکەدا (شیلان)، وەک:
شیلان منداڵەکە(ی) بوو
یان، لە ڕانەبردوودا:
شیلان منداڵەکە(ی) دەبێت
یان، لە ڕابردووی دووردا:
شیلان منداڵەکە (ی) بوو بوو
یان لە ڕابردووی تەواودا:
شیلان منداڵەکە(ی) بووە.

بە کورتی، ڕستەکە لە ڕێزمانی کاری (بوونی بوونایەتی تێپەڕ)دایە و دەمکاتی ڕێژەکەش بریتییە لە (ڕانەبردوو).

**٥- نموونەی سێیەم:**
لە نموونەیەکدا، وەک:
شیلان سەرما(ی) دەبێت
ڕێژەی کارەکە دەگەڕێتە بۆ (بوونی ئێستایی)، چونکە دەگوترێت:
شیلان سەرما(ی) بوو
شیلان سەرما یەتی
شیلان سەرما(ی) دەبێت

لە ڕووی دەمکاتەوە، ڕێژەکە لە دەمکاتی (ئایندە) دایە، چونکە دەمکاتی ڕانەبردووی بریتییە لە (شیلان سەرمایەتی). سەرەڕای ئەو دوو ڕاستییە، ڕێژەکە تێپەڕە، چونکە (بوونی ئێستایی) وەردەچەرخێت بۆ (تێپەڕ) بۆ ئەوەی واتای (هەست کردنی لەش و دەروون) پڕ بکاتەوە. بۆ نموونە، ڕستەی (سەرمایە) وەردەچەرخێت بەسەر ئەوکەسانەدا کە هەست بە (سەرما) دەکەن، وەک:
من سەرما(م) دەبێت
تۆ سەرما(ت) دەبێت
ئەو سەرما(ی) دەبێت
ئێمە سەرما(مان) دەبێت
ئێوە سەرما(تان) دەبێت
ئەوان سەرما(یان) دەبێت

لە ئەو ڕستانەدا، ڕێک کەوتنی (بکەر) لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا، ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕێژەکە تێپەڕە، نەک تێنەپەڕ. بە کورتی، ئەم نموونەیە بریتییە لە دەمکاتی ئایندەی (بوونی ئێستایی) وەک لە نموونەی یەکەمدا باس کرا، بەڵام ڕێژەکە وەرچەخاوە بۆ (تێپەڕ)، وەک بۆ نموونەی دووەم باس کرا.

**٦- نموونەی چوارەم:**
لە ڕستەیەکدا، وەک:
شیلان پارە(ی) دەبێت
نە (بوونی ئێستایی) ونە (بوونی بوونایەتی) لە ئارادان، چونکە دەگوترێت:
شیلان پارە(ی) هەبوو
شیلان پارە(ی) هەیە
شیلان پارە(ی) دەبێت

کەواتە، کاری (هەبوون) لە ئارادایە و ڕێژەکەش وەرچەرخاوە بە دیوی تێپەڕدا، چونکە کاری (هەبوون) وەک (پارە هەیە) وەردەچەرخێت بەسەر ئەوکەسانەدا کە پارەیان هەیە، وەک:
من پارە(م) هەیە
تۆ پارە(ت) هەیە
ئەو پارە(ی) هەیە

یان، لە دەمکاتی ئایندەدا، ڕێژەی (پارە دەبێت) وەرچەرخێت، وەک:
من پارە(م) دەبێت
تۆ پارە(ت) دەبێت
ئەو پارە(ی) دەبێت

کەواتە، ئەم نموونەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە تەریبە بە نموونەی سێیەم، بەڵام ئەمەیان لە ڕێزمانی کاری (هەبوون)دایە، نەک کاری (بوونی ئێستایی).
بە کورتی، ئەم نموونەیە وەرچەرخاوە و تێپەڕە وەک نموونەی دووەم و سێیەم، لە هەمان کاتدا، دەمکاتەکەی بریتییە لە ئایندە وەک نموونەی یەکەم و سێیەم.

**٧- نموونەی پێنجەم:**
لە ڕستەیەکدا، وەک:

شیلان ڕزگار(ی) دەبێت

وەک نموونەی دووەم، کــاری (بوونی بوونایەتی) لە ئارادایە و ڕێژەکە تێپەڕە و دەمکاتەکەش ئایندەیە. کەواتە، ڕێزمانی ئەم ڕستەیە پڕ بە پڕ یەکسانە بە ڕێزمانی ڕستەی دووەم، چی لە ڕووی کارەوە چی لە ڕووی دەمکاتەوە، چی لە ڕووی وەرچەرخانەوە، لە ڕاستیدا، وەک لە نموونەی یەکەمدا باس کرا، (بوونی بوونایەتی) تەنیا و تەنیا بۆ واتای (منداڵ بوون و دایکایەتی) وەرچەرخێت.
لە ئێرەشدا، ڕستەکە بە هەڵە ئاوها گەردان کراوە و دەشێت ڕاستی بکەینەوە بۆ ڕستەکەی، وەک:
شیلان ڕزگار(ی): شیلان ڕزگار دەبێت

کەواتە، کاری (ڕزگاربوون) بە پێوانەی (منداڵ بوون) گەردان کراوە و ئەگەرنا دەتوانین بڵێین:
من ڕزگار دەبم
تۆ ڕزگار دەبیت
ئەو ڕزگار دەبێت
ئێمە ڕزگار دەبین
ئێوە ڕزگار دەبن
ئەوان ڕزگار دەبن

لەجیاتی:
من ڕزگار(م) دەبێت
تۆ ڕزگار(ت) دەبێت
ئەو ڕزگار(ی) دەبێت
ئێمە ڕزگار(مان) دەبێت
ئێوە ڕزگار(تان) دەبێت
ئەوان ڕزگار(یان) دەبێت

بێ گومان، ئەم ڕستانەی دوایی بە هەڵە لەسەر کێشی (منداڵ بوون) گۆکراون و دەشێت بگەڕێنەوە بۆ سەرباری (تێنەپەڕ)ی کاری (بوونی بوونایەتی). ئەگەرنا، ئەم کارە زۆر چالاکە لە ئاستی هەڵ سووڕاندنی (ئاوەڵناو)دا بە تێنەپەڕی و تەنیا لە ئاستی ئاوەڵناوی (ڕزگار)دا، ئەم نەخۆشییەی گرتووە، لە بەرانبەردا، ئەگەر کاری (ڕزگاربوون) بکەین بە (دەربازبوون)، ناتوانین بڵێین:
شیلان دەرباز(ی) دەبێت
لەسەر کێشی،
شیلان ڕزگار(ی) دەبێت

بە کورتی، کاری (ڕزگاربوون) بە ناڕەوا بە وەرچەخاوی گەردان کراوە، دەبا بنووسرابا:
شیلان ڕزگار دەبێت

**٨- پوختەکاری:**
لە سەرەتادا، دەتوانین خشتەیەکی پوختەکراو پێشکەش بکەین و گشت زانیارییەکان ڕیز بکەین، تا بە جوانی خاڵەکانی بەراورد و جیاوازی دەربکەون لەنێوانیاندا:

| نموونەکان | کارەکان |
|---|---|
| **شیلان ئامادە(ی) دەبێت** | **بوونی ئێستایی(١)** |
| **شیلان منداڵ(ی) دەبێت** | **بوونی بوونایەتی(٢)** |
| **شیلان سەرما(ی) دەبێت** | **بوونی ئێستایی(٣)** |
| **شیلان پارە(ی) دەبێت** | **هەبوون(٤)** |
| **شیلان ڕزگار(ی) دەبێت** | **بوونی بوونایەتی(٥)** |

**پەراوێزەکانی خشتەکە:**
(١) تێ نەپەڕ: ئاینده
(٢) تێ پەڕ (وەرچەرخاو): ڕانەبردوو
(٣) تێ پەڕ (وەرچەرخاو): ئاینده
(٤) تێ پەڕ (وەرچەرخاو): ئاینده
(٥) تێ پەڕ (وەرچەرخاو): ڕانەبردوو
لەنێو ئەو خشتەیەدا، ڕستەی پێنجەم هەمان ئاکارەکانی ڕستەی دووەمی هەیە، بەڵام بە هەڵە، چونکە واتای (منداڵ بوون) لە ئارادا نییە. هەر لەبەر ئەوە، ڕستەی پێنجەم ڕاست دەکەینەوە بە ڕێزمان و هەردوو بارەکەی دەخەینە بەر بەراورد:

| نموونەکان | باری دروستی | هێزی تێپەڕین |
|---|---|---|
| **شیلان ڕزگار(ی) دەبێت** | **هەڵە (نادروست)** | **تێپەڕی وەرچەرخاو لەسەر ئەندازەی ڕستەی دووەم** |
| **شیلان ڕزگار دەبێت** | **ڕاست (دروست)** | **تێنەپەڕی ئاسایی** |

به هه‌مـان شـێـوه‌، ده‌توانین له‌ ڕووی واتاوه‌ گـشت نموونه‌كان له‌ یه‌كتری هاوێر بكه‌ین، وه‌ك:

| نموونه‌كان | چاوگ |
|---|---|
| شیلان ئاماده‌(ی) ده‌بێت | ئاماده‌ بوون(١) |
| شیلان منداڵ(ی) ده‌بێت | منداڵ بوون(٢) |
| شیلان سه‌رما(ی) ده‌بێت | سه‌رمابوون(٣) |
| شیلان پاره‌(ی) ده‌بێت | پاره‌ بوون(٤) |
| شیلان ڕزگار(ی) ده‌بێت | ڕزگاربوون(٥) |

**په‌راوێزه‌كانی خشته‌كه‌:**

(١) تێنه‌په‌ڕ: ئاماده‌بوونی (بكه‌ر).

(٢) تێپه‌ڕ: منداڵ بوونی، بوونی منداڵ (به‌ركـار) له‌ ئاستی بكه‌ر (دایك).

(٣) تێـپــه‌ڕ: هه‌ست كـردنی (بكه‌ر) به‌ به‌ركــار (سه‌رما).

(٤) تێـپــه‌ڕ: هه‌بوونی پاره‌ (به‌ركــار) له‌ ئاســتی بكه‌ردا.

(٥) تێنه‌په‌ڕ: ڕزگاربوونی (بكه‌ر).

له‌نێـو ئه‌و ڕسـتـانه‌دا، كه‌ به‌راورد كـران، سێـیـانیـان وه‌رچه‌رخـابوون بۆ (تێـپــه‌ڕ) بۆ پڕكـردنه‌وه‌ی كــه‌لێنی كارێكی زمانی كوردی، وه‌ك:

| نموونه‌كان | ڕه‌سه‌نی كاره‌كان |
|---|---|
| شیلان منداڵ(ی) ده‌بێت<br>شیلان منداڵ(ی) بوو | بوونی بوونایه‌تی |
| شیلان سه‌رما(ی) ده‌بێت<br>شیلان سه‌رما(ی) بوو | بوونی ئێستایی |
| شیلان پاره‌(ی) ده‌بێت<br>شیلان پاره‌(ی) هه‌بوو | هه‌بوون |

**په‌راوێزه‌كانی خشته‌كه‌:**

**(١) بـوونـی بـوونـایه‌تـی:** واتـای (منـداڵ و بـه‌چكـه‌) بوون. له‌ ڕه‌سه‌ندا كاره‌كه‌ بریتییه‌ له‌ (منداڵه‌كه‌ بوو) و له‌ پاشتردا بوو به‌ تێپه‌ڕ (دایكه‌كه‌ منداڵه‌كه‌ی بوو).

**(٢) بوونی ئێـستـایی:** هه‌ستكردنی له‌ش به‌ ده‌وروبه‌ر وه‌ك (سـه‌رمـا، گـه‌رمـا، نه‌خـۆشی) له‌ ڕه‌سـه‌ندا ڕێژه‌كـه‌ بریتـیـیـه‌ له‌ (سـه‌رمـابوو) و له‌ پاشـتردا بوو به‌ تێـپـه‌ڕ (شیلان سه‌رمای بوو).

**(٣) هه‌بـوون:** پڕ كردنه‌وه‌ی واتای كاری (to have) له‌ زمـانی ئینگلیـزیدا، یان واتای كـاری (avoir) لــه‌ زمـانی فه‌ره‌نسیدا، له‌ ڕه‌سه‌ندا ڕسته‌كه‌ بریتییه‌ له‌ (پاره‌ هه‌بوو) و له‌ پاشــتردا بووه‌ به‌ تێـپـه‌ڕ (شـیـلان پاره‌ی هه‌بوو).

له‌ ئاسـتی زمـانی نووسیندا، له‌ ئه‌و واتایانه‌ بتـرازێن، به‌كارهێنانی ئه‌و جۆره‌ ڕسته‌سازییه‌ تێپه‌ڕه‌، ڕوو ده‌كات له‌ (نـاڕێـزمــــانی) و له‌ (پـه‌ڕپـووتی). بۆ نموونه‌، ئه‌م ڕستانه‌ی خواره‌وه‌ نه‌شاز و نه‌سازن، وه‌ك:

من ڕزگارم بوو

من ناوشاری مه‌

من سه‌رمام هه‌یه‌

له‌ ڕسـتـه‌ی یه‌كـه‌مـدا ده‌بێت بڵـێین (من ڕزگـار بووم)، چونكه‌ (منداڵ بوون) له‌ سنووری واتای ڕسته‌كه‌دا نییه‌. له‌ نموونه‌ی دووه‌مــدا، ده‌بێت بڵـێین (من نـاو شـاریم)، چونكه‌ دیارده‌ی هه‌ست كـردنی له‌ش ئارادا نیـیــه‌ و له‌ ڕسته‌ی سێیه‌مدا، ده‌بێت بڵێین (من سه‌رمامه‌)، چونكه‌ دیارده‌ی (هه‌ســتكردنی له‌ش) له‌ ئارادایه‌ و له‌ هه‌مــان كــاتدا (بكه‌ر) نه‌بووه‌ به‌ خـاوه‌نی (ســه‌رمــا) وشــه‌ی (سه‌رما)ش واتاییه‌ و خاوه‌نداری په‌سه‌ند ناكات.

**سه‌رچاوه‌:**

**- د. شێـركـۆ بابان، گشت كـاره‌كـانی خـۆمـان له‌ بواری (بوون و هه‌بوون)دا.**

**- لیـژنه‌ی زمـان و زانسـتـه‌كـانی، كـۆڕی زانیـاری كـورد، ڕێزمـانی ئاخاوتنی كوردی، به‌غدا ١٩٧٦.**

**- د. نه‌سـرین فـه‌خـری، وه‌سـتـانێـك له‌ ئاسـتی هه‌ردوو فـه‌رمـانی (بوون و هه‌بوون) و (هه‌) و (هی)دا، گــۆڤــاری كــۆڕی زانیــاری عێراق، ده‌سته‌ی كورد، ژماره‌ (٢٣-٢٤)، به‌غدا ١٩٩٢.**

# سایكۆلۆژیای چیرۆكه‌كانی داپیره

پێش پازده ساڵ له‌وكاته‌ی له قۆناغی چواره‌می ده‌روونزانی بووم خه‌ریكی ئاماده‌كردنی سیمینارێك بووم بۆ قۆناغه‌كه ماسته‌رنامه‌یه‌كم كه‌وته به‌رده‌ست به ناوی (القیم الواردة في قصص الامهات العراقیات) له‌م كاته‌دا بیرۆكه‌ی شیكردنه‌وه‌ی چیرۆكه‌كانی داپیره‌ی كوردم بۆ هات، به‌ڵام وا دیاره بزوێنه‌رێكی سۆزه‌كی ئه‌وتۆم نه‌بوو هانم بدات بۆ ئه‌وه‌ی بابه‌ته‌كه ڕووناكی ببینێت. ئه‌وه‌ی له ژیانم ڕووی دا سه‌ردانێك بوو بۆ گونده كاول بووه‌كه‌م، شوێنی چاوهه‌ڵهێنانم شوێنی یاریكردنم، شوێنی خانووه‌كه‌مان، له‌وێ له‌گه‌ڵ گوێگرتن له چیرۆكه‌كان كاریته‌كانی خانووه‌كه‌م ده‌ژماردو ده‌مزانی ژماره‌یان چه‌نده‌و چه‌ندیان ده‌ره‌زیان بردووه. شوێنی قوتابخانه‌كه‌م كه یه‌كه‌م جار له‌وێ زانیم (دارا دوو داری دی) و (مێوژه‌كه‌ی مام زۆراب چه‌ند شیرینه). له‌وێ له گۆڕه‌پانی بن شاخی گونده‌كه‌م ئه‌و گۆڕه‌پانه‌ی كه (ڤان سواران غاردانێ ده‌كه‌ن)م ده‌خوێند وام ده‌زانی وا له‌و گۆڕه‌پانه‌دا غار ده‌ده‌ن. له‌وێ له‌سه‌ر گۆمی گونده‌كه‌م كه (بۆق و چێڵ)م ده‌خوێند وام ده‌زانی وا له‌سه‌ر ئه‌و گۆمه گفتوگۆ ده‌كه‌ن. له‌وێ ده‌نگی جۆنی قاوه‌ی دیوه‌خانی گونده‌كه‌م به ئاگای هێنام و هه‌ژاندمی و خۆشترین فیلمی هێنامه‌وه یاد...

شوێن گوندێكی هێمن و تاریكی ده‌شتی هه‌ولێره..

كات شه‌وانی درێژ و ساردی زستانی كوردستانه، داپیره دانیشتووه‌و چوارپێنج منداڵی له ده‌وره‌ی خۆی كۆكردۆته‌وه‌و به ده‌نگه مۆسیقییه‌كه‌ی چیرۆك

زه‌یتۆ شێخانی

دەگێڕێتەوە. چ چیرۆکێک؟! چیرۆکێک تێکەڵاو لەگەڵ چرپەی باران و ترپەترپی دڵۆپەو گڤەی با و هاشەی درەخت و گرپەگرپی ئاگری سۆبەی دارو حەپە حەپی سەگ و لوورەی گورگ و خشپەی مشکی ناو دارو حەسیری خانووەکە ئەمانە هەموویان بەیەکەوە خۆشترین سەمفۆنیا بوون، ئێستاش لەگوێم دەزرینگێتەوە.

بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم چەند چیرۆکێک لەم چیرۆکانە بخەمە ڕوو، ئینجا لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی دەروونزانی شیبیان بکەمەوە.

یەکەم چیرۆکیش کە دەیان جار گوێم لێ بووە و هیچ منداڵێکی کوردیش نییە گوێی لێ نەبووبێ، بەڵام لەوانەیە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بێت، ئەویش چیرۆکی مەڕۆکەو بزنۆکەیە.

داپیرە دەیگۆت هەبوونەبوو مەڕۆکەو بزنۆکە هەبوو، ڕۆژەکی بزنۆکە گۆتیە مەڕۆکەی وەرە لۆخۆمان خانییەکی بکەین، دوایێ زستان دێت و بەفروباران دەبارێت، ڕەق دەبینەوە لە سەرمان، مەڕۆکە گۆتی ئەمن تیسکی خۆم ساغ بی خانیم لۆ چییە.

بزنۆکە هەستا خانیەکی لۆخۆی دروست کرد. بە خۆ و تیل تیلەو بیل بیلەی چوونە ناوێ. زستان هات و بەفروباران باری و دنیا زۆر سارد بوو. ڕۆژەکی مەڕۆکە زۆری سەرما بوو، گۆتی بابچمە کن بزنۆکەی بەلکەم جێم دەکاتەوە، چووە بەر دەرکەی خانییەکەی و لە دەرکەی دا. بزنۆکە گۆتی ئەوە کێیە، مەڕۆکە گۆتی ئەمنم مەڕۆکەی برادەرت زۆرم سەرمایە دەرکەم لێ بکەوە، ئەویش گۆتی وەڵڵا جێم نییە. ئەدی نەمگۆ وەرە لۆخۆمان خانییەکی بکەین، ئەتو گۆتت تیسکی خۆم ساغ بی خانیم ناوێ، مەڕۆکە گۆتی بەس جێی سەرم بکەوە گۆتی جێم نییە، گۆتی جێی لاقەکانم بکەوە، گۆتی جێم نییە، گۆتی جێی یەک تیسکم بکەوە، گۆتی جێم نییە... تاد.

مەڕۆکە ڕۆیشت، چوو لە پەنایەکی پاڵی داوە، هەتا سبەینێ لەسەرمان مرد.

وەکی ڕۆژ خۆش بوو، بەفر تاواوە، بزنۆکەو تیل تیلەو بیل بیلە سەریان دەرهێنا، بزنۆکە گۆتییە تیل تیلەو بیل بیلەی بڕۆن بزانن مەڕۆکە چی لێ هاتییە، ئەوانیش چوون گەڕان دیتیان مەڕۆکە لەسەرمان ڕەق بوویتەوەو مردیە.

هاتنەوە گۆتیان دایە وەڵڵا مەڕۆکە مردیە، ئەویش هەستا چووە سەر مەڕۆکەی، دیتی لەسەرمان ڕەق بوویتەوە.

ئەویش قۆڵ و باسکی خۆی هەڵکرد و مەڕۆکەی کەوڵ کرد.

پیستەکەی کردە ڕەشماڵ، پێیەکانی کردە سنگی ڕەشماڵێ چاوی کردە نەینۆک... تاد.

بەهار هات و دنیا کەسک بوو بزنۆکە چووە لەوەڕێ هەر جارەکی دەهاتەوە دەیگۆت تیل تیلەو بیل بیلەی دایێ دەرکەی لە دایێ بکەنەوە، پڕی بن ددانانم گیایە، پڕی گوانانم شیرە. ئەوانیش دەرکەیان لێ دەکردەوەو تێر شیریان دەخوارد.

ڕۆژەکی گورگ گێی لەو قسانە بوو، وەکی بزنۆکە چووە دەرێ، گورگ هات لە دەرکەی دا، گۆتی دەرکەی لە دایێ بکەنەوە پڕی بن ددانانم گیایە پڕی گوانانم شیرە. ئەوانیش وەیان زانی داکیتیان، دەرکەیان لێ کردەوە، ئەویش هەردووکی خوارد.

بزنۆکە هاتەوە دیتی دەرکە کرایتەوەو تیل تیلەو بیل بیلە نەمواینە، یەکسەر زانی گورگ ئەوانی خواردیە، هەستا قۆچەکانی خۆی تیژکردو چووە سەربانی گورگی، دەستی بە تەپە تەپ کرد.

گورگ گۆتی ئەوە کێیە تەپ تەپ دەکا، ڕەپ ڕەپ دەکا کاسەو کەوڵم پڕ خۆڵ دەکا، میوانم شەرمەزار دەکا.

بزنۆکە گۆتی منم من منۆکێ دوو چاوم هەنە بزبزۆکێ، کێ خواردیە کاریلەی من، بێتە شەڕە جەنگی من.

گورگ هاتە دەرێ، کەتنە بەرامبەر یەک لەگەڵ بزنۆکەی، پاش شەڕەکی زۆر، بزنۆکە قۆچەکی لە زگی گورگی دا و زگی دڕاند، تیل تیلەو بیل بیلەی لێ هاتنە دەرێ و چوونە کن داکیان، داکیان گۆتی ئەوە لەکێ بوون؟ ئەوانیش گۆتیان لە ماڵی خاڵمان بووین بە ملاکی قوتۆ قوتۆ نیسکمان دەخوارد. کراسم دڕا چم پێ نەبڕا.

*** چیرۆکی کێشکۆکە**

هەبوو نەبوو کێشکۆکەک هەبوو، کێشکۆکە هەڵپەڕی هەڵپەڕی، دڕکەکی لە پێ ڕاچوو، پیرەژنەک لەسەر تەندووری ئەستوورکی دەکرد. کێشکۆکە گۆتی داپیرە توخوا ئەو دڕکەم لۆ دەربینە، ئەویش دڕکەکەی لۆ دەرهیناو هاویشتییە ناو تەندووری و سووتاندی، کێشکۆکە گۆتی هەنووکە دڕکی خۆم دەوێتەوە، داپیرەش گۆتی کێشکۆکە هەنووکە دڕکت لۆ لە کێ بینم. کێشکۆکە گۆتی دەنا حەفت ئەستوورکم دەوێ. داپیرەش

مەجبوور بوو حەفت ئەستوورکی دایێ.

کێشکۆکە ئەستوورکەکانی بردو ڕۆیشت، لە ڕێییێ گەیشتە شوانەکی، گۆتی هۆ شوان ئەو حەفت ئەستوورکەت لەکن دادەنێم، هەنووکە دێمەوە، بەڵام نەکەی بخۆی. ئەویش گۆتی باشە. کێشکۆکە ڕۆیشت، پاش بڕەکی هاتەوە، گۆتی شوانە ئەستوورکەکانم بدەوە. ئەویش گۆتی وەڵڵا برسیم بوو خواردم. کێشکۆکە گۆتی یان ئەستوورکێ خۆم دەوێتەوە، یان مەڕەکم دەوێ، شوانەکەش مەجبوور بوو مەڕەکی دایێ کێشکۆکە مەڕەکەی بردو ڕۆیشت، لە ڕێییێ گەیشتە گاوانەکی. گۆتی هۆ گاوان ئەو مەڕەت لەکن دادەنێم هەتا دێمەوە. ئەویش گۆتی باشە. کێشکۆکە ڕۆیشت، پاش بەینەکی هاتەوە، گۆتی گاوان مەڕەکەم بدەوە، ئەویش گۆتی وەڵڵا برسیم بوو، مەڕەکەم کوشتەوەو خواردم، ئەویش گۆتی یان مەڕی خۆم دەوێتەوە، یان گۆلکەکم دەوێ.

گاوانیش ناچار بوو گۆلکەکی دایێ.

کێشکۆکە گۆلکەکەی بە پێشە خۆی داو ڕۆیشت، هەتا گەیشتە گوندەکی، دیتی وا بووکێ دەگۆزنەوە، هیچیان نییە بکوژنەوە، کەتینە دوو پشیلەو سەگ و جرج...ی هەتا بکوژنەوە، کێشکۆکەش گۆتی وەرن ئەوانە مەکوژنەوە ئەو گۆلکەتان دەدەمێ بکوژنەوەو بکەنە شیو، بەڵام بەشی من لەبیر نەکەن. ئەوانیش گۆتیان باشە. گۆلکەکەیان کوشتەوەو کردیانە شیو و خواردیان، بەشی کێشکۆکەیان لەبیر کرد، کێشکۆکە هاتەوە گۆتی کا بەشێ من؟

گۆتیان وەڵڵا نەمایە، ئەویش گۆتی یان گۆلکێ خۆم دەوێتەوە یان بووکم دەوێ. بووکی لێ ستاندن.

بووکی بردو ڕۆیشت. لە ڕێییێ گەیشتە کابرایەکی زوڕنای لێدەدا. گۆتی هۆ کابرا ئەو بووکەت دەدەمێ ئەو زوڕنایەم بدێ. ئەویش گۆتی باشە.

کێشکۆکە زوڕنای لەگەڵ خۆی بردو ڕۆیشت لە ڕێییێ گەیشتە کابرایەکی دەفەی لێدەدا، گۆتی ئەو زوڕنایەت دەدەمێ ئەو دەفەم بدێ، ئەویش گۆتی باشە.

دەفەکەی بردو چووە سەر گردەکی بلند، دەستی بە دەفە لێدانێ کرد، لەگەڵ دەفە لێدانێ دەیگۆت:

**دبک دبک دەفۆکە**
**دڕکۆکەم دا بە ئەستوورکۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**
**ئەستوورکۆکەم دا بە مەڕۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**
**مەڕۆکەم دا بە گۆلکۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**
**گۆلکۆکەم دا بە بووکۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**
**بووکۆکەم دا بە زوڕنایۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**
**زوڕنایۆکەم دا بە دەفۆکە**
**دبک دبک دەفۆکە**

دەفۆکە لە دەستی بەربۆوە و بە بەردەکی کەت و شکا.

چوو گۆتییە بەردەکەی لۆ دەفۆکەت لێ شکاندم. گۆتی لۆ گیا لەبنم شین دەبی. گۆتییە گیای لۆ لەبنی شین دەبی، گۆتی لۆ مەڕ دەمخوا، گۆتی لۆ مەڕ دەیخۆی، گۆتی لۆ کابان دەمدۆشی، گۆتی کابان لۆ دەیدۆشی گۆتی لۆ پشیلە تەپ تەپ دەکا، ڕەپ ڕەپ دەکا، کاسەو کەوڵم پڕ خۆڵ دەکا، مێوانم لێ شەرمەزار دەکا. گۆتی پشیلە لۆ وەدەکەی. گۆتی وەدەکەم وەدەکەم چاک دەکەم، چاوم زەقە، گێم تەبەقە، کلکم ڕەقە، لە ماڵان دەکەم تەپە تەپە.

*** چیرۆکی چەپە و ڕاستە**

هەبوو نەبوو دوو برا هەبوو، یەکێک ناوی چەپە بوو، ئەویتکە ناوی ڕاستە بوو، هەردووکیان لەگەڵ یەکدی ڕۆیشتن، گەیشتنە دوو ڕیانەکی . ڕاستە گۆتییە چەپەی ئەمن بەو ڕێییەیدا دەڕۆم، ئەتووش بەو ڕێییەی. هەردووکیان ڕۆیشتن، چەپە گەیشتە شارەکی، لەوێ ماوەو دەستی بەکاسبی کرد.

ڕاستە ڕۆیشت لە ڕێییێ شەوی بەسەرداهات، گەیشتە کاولەکی، گۆتی ئەو شەو لێرە دەبم هەتا ڕۆژدادێت، لەوێ پاڵی داوە، شەوێ درەنگ دیتی شێر بە خۆی و بەگورگ و ڕیوی و پلینگ و کەمتیاری هاتن لەوێ کۆبوونەوە، شێر گۆتییە گورگی وەزعت کووە، ئەویش گۆتی وەڵڵا زۆر باشم، ماڵی پاشای مێگەلە مەڕەکی گەورەیان هەیە، دوو سەیان هەیە، سەیێ سۆر و سەیێ سپی، سەیێ سپییان بەستیتەوە، سەیێ سۆریان بەرەڵا کردیە، ئەمنیش لەگەڵ سەیێ سۆر پێک هاتیمە هەموو شەوێ مەڕەکی دەفرێنم بەخۆم و سەیێ سۆر دەیخۆین، شێر گۆتییە مام ڕیوی ئەدی ئەتوو وەزعت کووە، ئەویش گۆتی زۆر باشم کونە جرجەک هەیە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دەردانەوەی چار لیرە زێڕان دەردەداتە دەرێ، ئەمنیش هەلیان دەگرمەوە بە

خـــواردنی دەدەم.... کـــە دنیـــا ڕۆناک بوو شـــێـــرو جەماعەتەکەی ڕۆیشتن.

ڕاستەش گێی لە هەموو قسەکان بوو. سبەینێ هەستا یەکسەر چووە سەر کونە جرجی، قۆری کرد هەتا گەیشتە سەر کووپە زێڕەکی. زێڕەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. چووە ماڵی پاشای، گۆتی ئەنگۆ لەگەڵ گورگی کوونە، گۆتیان وەڵڵا زۆر خراپین، هەمـوو شـەوێ مـەڕەکـمـان دەخـوا، ئەویش گۆتی بەقسەی من بکەن سەیێ سۆر ببەستنەوە سەیێ سپی بەرەڵاکەن، ئەگەر مەڕتان خورا وەرن یاخەی من بگرن.

پاش بەینەکی ڕاستە چووە کن برای چەپەی لێی پرسی چ دەکەی چ ناکەی؟ ئەویش گۆتی وەڵڵا وا کاسبی دەکەم نەمرو نەژین دەژیم.

ڕاســـتـــە گـــۆتی ئەمن زۆر دەوڵەمـــەند بووێمە، حیکایەتەکەی لۆ گێڕایەوە.

چەپە گـۆتی وەڵڵا ئەمنیش دەچمـە کـاولەکەی بەڵکەم دەوڵەمەند دەبم. هەستا ڕۆیشت هەتا گەیشتە کاولەکەی شـەوێ لەوێ ماوە. درەنگ دیتی شێرو جەماعەتەکەی هاتن. شێر دیسان لێی پرسینەوە وەزعتان کووە. گورگ گـۆتی وا لە برسان دەمرم مـاڵێ پاشـای سـەیێ سـۆریان بەستەوە سەیێ سپییان بەرەڵا کردیە نایەلی یەک مەڕی بخۆم.

ڕیوی گـۆتی ئەمنیش هەنووکـە یەک لیـرەم بەدەست ناکەوی. دیارە یەکەک لێـرە هەیە گێی لە قسـەکـانمانە بابگەڕێین، هەر یەک بەلایەکی کـاولەکـەیدا گـەڕان چەپەیان دیتەوەو پارچە پارچەیان کردو کردیانە قاورمە.

شێر گۆتی بڕۆن ئەو قاورمەیەی هەڵگرن لۆ سبەینێ، مام ڕیویش حەزی لێ بوو ئەوشۆ بخوا بەڵام لەبەر شێری نەوێرا قسان بکا.

هەمـــوویان نووستن، ڕیوی نەنووست، هەتا فـێلەکی دیتەوە، شـەوێ درەنگ هاواری کرد هۆ، شێر گۆتی مام ڕیوی ئەوە چ بووە، ڕیوی گـــۆتی ئەوە مـــاڵی پاشـــای کورەکـیـان بووە گـازم دەکـەن، دەڵێن وەرە نـاوی لێ نێ، ئەویش گۆتی دەبرۆ، ڕیوی چووە سەر قاورمەی سەرەکەی خوارد و برەکی خۆی تاخیر کردو هاتەوە سەر جێی، شێر گـــۆتی ڕیوی ناوت چ لێ نا ڕیویش گـــۆتی ناوم لێنا (سەرەسەرە)، ئەوجارە دیسان ڕیوی هاواری کرد. گۆتیان ڕیوی دیسان چ بوو، گۆتی چ بکەم ماڵی پاشای وازم لێ نایێن، دەڵێن ناومـان لۆ لێ نێ. گـۆتیـان برۆ. ئەو جـارە چوو ناوەندی قاورمەکەی خواردو پاش برەکی گەڕاوە سەر جـێی، گـــۆتیـــان ئەوجـــارە ناوت چ لێ نا، گـــۆتی (ناوەندیلێ). ئەو جـارەش پاش بەینەکی دیسـان ڕیوی هاواری کـرد، گۆتیـان ڕیوی ئەوشۆ لێ نەگـەڕای بنووین، دەبرۆ، ئەوجـارە ڕیوی چوو گـۆشـتـەکـەی هەمـوو خـوارد، ئەوجا گـەڕاوە گۆتیان ڕیوی ئەوجارە ناوت چ لێنا، گۆتی (هەلێس و بن لێس).

سـبـەینێ لە خـەوێ هەسـتـان، شـێـر گـۆتی برۆن ئەو قاورمەی بینن بابخۆین، چوون تەماشایان کرد، قاورمە یەک پشک نەمایە هەمووی خورایە.

شێـر گۆتی کێ ئەو قاورمـەی خواردیە؟ کەس قسـەی نەکـرد. ڕیوی گـۆتی جـەنابی پاشـا لۆ ئەوەی بزانین کێ خـواردیتی هەمـوومـان دەچین لەبەر ڕۆژێ درێژ دەبین کێ ئیسهال بوو، چەوری لێ دەرچوو، ئەو خواردیتی.

شێر گۆتی باشە، هەموویان چوون لەبەر ڕۆژێ درێژبوون و خـــەویان لێ کـــەوت، ڕیویش هەر جـــارێ چەوری و ئیسهالییەکەی خۆی بەیەکەکیدا دەکرد، هەتا شێر هەموو حەیوانەکانی خوارد. ڕیوی و شێر بەتەنێ مانەوە.

پێکەوە ڕۆیشتن، گەیشـتنە جۆتیـارەکی جۆتی دەکـرد، شێر گۆتییە جۆتیارەکەی ئەتوو و گایەکانت دەخۆم.

ڕیویش سـەری لەبن گـێی جـۆتیـارەکـەی نا لەگـەڵی ڕێککەت.

مـام ڕیوی گـۆتیـیـە شـێـری ئەمن وا دەڕۆم هەنووکـە دێمـــەوە. ڕیوی ڕۆیشت چووە پشت گـــردەکی، لەوێ کۆمەڵەک درک و پووش و پەلاشی بەکلکێ خۆ بەخست. بە تۆزو خۆڵ و هەراو هۆریا هاتەوە.

شێر ترسا، گۆتی مام جۆتیار ئەوە چییە، جۆتیار گۆتی چمـا نەتزانییـە پاشـای شـاری نەخـۆشـە، ئەوە لە دوو گۆشتی شێری دەگەڕێن لۆ چارەکردنی. شێر گۆتی ئەوجا چم لێ دەکـەی. جـۆتیـار گـۆتی وەرە ناو ئەو جـواڵەی دەتشـارمـەوە هەتا ئەوان دەڕۆن. شـێـر گـۆتی باشـە شـێـر خۆی هاویشتە ناو جواڵەکەی، جۆتیاریش دەرکەی جواڵی توووند گرێ دا، ڕیویش گەیشـتـە جێ، بەخۆ بە جۆتیـاری کەتنە سەر شێری گەلەکیان لێدا هەتا مرد، ئەوجا ڕیوی فێلزان ڕۆیشت، کراسم درا چم پێ نەبرا.

*** چیرۆکی پیاوە قەردارەکە**

هەبوو نەبوو پیـاوەک هەبوو، لەبەر قـەرداری دڵی زۆر توووند بوو، شـەوێ ڕۆیشـت چووە چۆلێ، لەوێ گـورگـەکی

دیت منداڵەکی بە دەوی وەبوو، ئەویش کــــەتە دوو گورگەکەی هەتا منداڵەکەی لە دەوی بەربۆوە، ئەویش هەڵیگرتەوە، گورگەکەش هەڵات. پاش بەینەکی ژنەکی جنۆکە بەدیار کەت، گۆتی ئەو منداڵە هی منە. زۆر مەمنونی کابرای بوو، وە پێی گۆت هەر شتەکی داوا دەکەی ئەمن دەتوانم لۆت بکەم.

ئەویش گۆتی ئەمن قەردارم، نازانم کوو قەردەکەم بدەمەوە.

ژنە جنۆکەکەش گۆتی قازی سبەینێ بەتەمایە بچتە مەیدانێ ئەسپەکی بکڕی، ئەمنیش سبەینێ پێش بەیانییان خۆم دەکەمە ئەسپەکی زۆر جوان و دێمە ماڵتان. ئەتووش بمبە مەیدانێ، قازیش دێ بە پارەکی باش دەمکڕی، ئەتووش پارەکەی وەرگرەو قەردەکەی پێ بدەوە.

پیاوەکەش گۆتی باشە. سبەینێ وەکی هەستا لە خەوێ دیتی وا ئەسپەکی زۆر جوان لە حەوشێ ڕاوەستایە.

ئەویش سەری ڕاکێشاو بردیە مەیدانێ، قازی هات و چاوی بە ئەسپەکەی کەت زۆری پێ جوان بوو، لەبەر هەندێ بە پارەکی باش لە کابرای کڕی.

قازی زۆر کەیفی بە ئەسپەکەی هات، لەبەر هەندێ خەبەری هەموو برادەرەکانی دا کە ئەسپەکی زۆر جوانی کڕییە.

قازی ئەسپەکەی لەبەر چاوی خۆی بەستەوە، جاربەجار تەماشای دەکرد. مەسینەکیش لە نێزیکی ئەسپەکەی بوو.

قازی بەینەکی ئاگای لە ئەسپەکەی بڕا، لەناکاو سەری بڵند کرد، دیتی ئەسپەکە چوویتە ناو مەسینەی، قازی زۆر ترساو ویستی هەڵبێ، گەیشتە کن ئەسپەکەی ئەسپەکە خۆی کردە ڕیوی، قازی پڕی دا کلکی و لێی کردەوەو لە باغەڵی خۆی نا.

برادەرەکانی لێیان پرسی کا ئەسپەکەت. ئەویش گۆتی وەڵڵا ئەسپەکە چووە ناو مەسینەی، دوایێ بووە ڕیوی.

ئەوانیش گۆتیان قازی شێت بووە، هەستان زوو خەبەری پاشایان دا، پاشا گازی قازی کرد. گۆتی قازی دەڵێن ئەتو گۆتیتت ئەسپ چوویتە ناو مەسینەی، دوایێ بوویتە ڕیوی. قازی گۆتی بەڵێ پاشا ئەگەر باوەڕیش ناکەی ئەوەتە کلکەکەی بوویتە زوڕنا.

کراسم دڕا چم پێ نەبڕا.

چیرۆکەکان زۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها چوار جۆر چیرۆکمان خستە ڕوو بۆ شیکردنەوەیان بەپێی بۆچوونی تیۆرەکانی دەروونزانی.

منداڵ کــە لە دایک دەبێت پێـویســتی بە چەند پێداویستییەکی سەرەکی هەیە، ئەم پێداویستییانەش جەستەیی و ئەندامین یان دەروونی و سۆزەکین. ئەگەر پێداویستییە جەستەییەکان بۆ مانەوەی ژیان پێویست بن. پێداویستی دەروونیش بۆ گەشەو سەلامەتی دەروون پێویستن.

گوێ گرتنیش لە چیرۆک یەکێکە لە پێداویستییە دەروونییەکان بۆیە پێشینانمان گرنگییەکی زۆریان پێدایە.

وە زانایانی دەروونزانی و پەروەردە چیــرۆک بە گــونجاوترین و وردترین ڕێگا دادەنێن بۆ پەروەردەو فێرکردن، چونکە چیرۆک بەشدارییەکی کاریگەری بۆ سەر کەسایەتی منداڵ هەیە. هەروەها چیرۆک ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بۆ فێربوونی زمان.

وەبۆ شیکردنەوەی چیرۆکەکان پێویستە دەروونی منداڵ شی بکەینەوە. یەکەم سیفەتی دەروونی منداڵ خەیاڵە، خەیاڵیش بەشێکی گرنگی ژیانی منداڵ دادەپۆشێت، ئەم خەیاڵەش لە ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵ دەست پێ دەکات و هەموو قۆناغەکانی منداڵی دەگرێتەوە، بەڵام لەساڵانی یەکەمیدا لەسەر بناغەی گومانە، وە لە قۆناغی ناوەندی منداڵی ئەم خەیاڵە دەگۆڕێت بۆ خەیاڵی داهێنان، بۆیە لەم قــۆناغــە زۆر ســوود لە چیرۆک وەردەگرێت، وە منداڵ جیهانی خەیاڵی زۆر لا بەهادارترە لە جیهانی واقع، بۆیە زۆر حەز لە چیرۆکی خەیاڵی دەکات، جگە لەمەش چیرۆکی خەیاڵی دەبێتە هۆی تێرکردنی پاڵنەری زانخوازی.

ئێمەش ئەگەر بەوردی چیرۆکەکان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەموو چیرۆکەکان لە جیهانی واقع دوورن و لە خەیاڵ نزیکن.

یەکێکی تر لە سیفەتەکانی دەروونی منداڵ سیفەتی ویژدانییە بەهۆی ئەم سیفەتەوە منداڵ بەشدارییەکی ویژدانی لە چیرۆکەکان دەکات، ئەم بەشدارییەش زۆر کاریگەر دەبێت ئەگەر کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە گیانلەبەر بن. وە منداڵ وا دەزانێت و حەز دەکات دارو بەردو درەخت و گیانلەبەر قسە بکەن.

لە چیرۆکەکانی ئێمەش گیانلەبەر ڕۆڵی پاڵەوان و سەرەکی دەگێڕن، وە دارو بەردو گیاش قسە دەکەن.

سەبارەت بە چیرۆکی چوارەم کە باسی جنۆکە دەکات دوو بیروبۆچوونی جیاواز هەیە.

بۆچوونی یەکەم دەڵێت ئەم جۆرە چیرۆکانە ترس لە دەروونی منداڵ دەرِوێنن و منداڵ وا لێ دەکەن لە شتی بزر بترسێت، وە لە کاتی رووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفتەکانی ژیان متمانەی بە خۆی نەبێت و پشت بەخۆی نەبەستێت. هەروەها ئەم جۆرە چیرۆکانە دوورن لە پەروەردەی واقعی. بەڵام بۆچوونی دووەم دەڵێت بۆچوونی یەکەم دەبێتە هۆی بێ بەشکردنی منداڵ لە خۆشی وەرگرتن لەم جۆرە چیرۆکانە چونکە هەندێک منداڵ هەیە ئەم چیرۆکانەی پێ خۆشەو دەرکی ئەوەش دەکات کە ئەم چیرۆکانە دروستکراوی خەیاڵن.

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا حوکم لەسەر ڕاستی و ناڕاستی هەردوو بۆچوونەکە ناکەین، بەڵام ئەگەر سەیری فیلمە کارتۆنییە نوێ و کۆنەکان بکەین، دەبینین زۆربەیان باسی عفریت و جنۆکە دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە رووی عەمەلییەوە زیاتر پشت بە بۆچوونی دووەم دەبەسترێت.

جگە لەم سیفەتە دەروونییانە پێویستە چیرۆکی منداڵان بە زمانێکی سادەو ساکار بێت بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی منداڵ ڕابکێشێت.

چیرۆکەکانی ئێمەش بە زمانی میللی و سادەن. وە زۆرجار بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی منداڵ، وشەکان بچووک کراونەتەوە یان ناسناوێکی بۆ داندراوە، وەک وشەی (کێشکۆکە، بزنۆکە، مام ڕیوی... تاد).

منداڵ حەز لە یاریکردن و گاڵتەو گەپ دەکات، چیرۆکەکانیش ئەم لایەنەی تێدا پشت گوێ نەخراوە، بۆ نموونە پشیلە دەڵێت (وە دەکەم، وەدەکەم، چاک دەکەم، چاوم زەقە.... تاد).

یان کە داپیرە دەڵێت (کراسم دڕا چم پێ نەبڕا) هەندێک جار منداڵێک بۆ گاڵتە دەڵێت (کا کراست نەدڕایە). یان تیل تیلەو بیل بیلە دەڵێن (لە ماڵی خاڵمان بووین بە مڵاکی.... تاد).

ئەمانە هەمووی کەوتوونەتە کۆتایی چیرۆکەکە، واتە چیرۆکەکە بە گاڵتەو گەپ کۆتایی دێت. منداڵیش ئەمەی زۆر پێ خۆشە چونکە ئارەزووی منداڵ بۆ گاڵتەکردن تێر دەکات.

سەبارەت بە یاری کردنیش، ئەگەرچی هەندێک جار داپیرە یاری جۆراوجۆر بۆ منداڵان ڕێک دەخات، وەک (علول بلول تەکانێ... تاد) بۆ ئەوەی بێزار نەبن. لەگەڵ ئەمەش چیرۆکەکان یاری تیادا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی چیرۆکی کێشکۆکە بەشێکی زۆری یاری تێدایە.

هەروەها چیرۆکەکان چەندین بەهای بەنرخ فێری منداڵ دەکەن. بۆ نموونە چیرۆکی مەڕۆکەو بزنۆکە باسی بەرگری کردنی گیاندارێکی بێ دەسەڵات دەکات بەرامبەر گیاندارێکی دڕندە. ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ ئەوەی منداڵ فێری بەرگری کردن بێت لە خاک و نیشتمانی. هەر لە چیرۆکی مەڕۆکە و بزنۆکە بەهای گرنگی کارکردن بۆ دوارۆژ بەدی دەکرێت، ئەمەش بەهایەکی زۆر گرنگە بۆ منداڵ، پێویستە هەر لە سەرەتای ژیانیدا فێربێت.

لە چیرۆکی چوارەم منداڵ فێری بەهای خێرخوازی دەبێت، بەتایبەتی کە گوێی لێ دەبێت پیاوەکە منداڵێک لە دەمی گورگ ڕزگار دەکات، وە بەهاکەی لەلا بەهێزتر دەبێت کە پیاوەکە پاداشتی خێرخوازیەکەی وەردەگرێتەوە.... تاد.

لە ئەدەبیاتی جیهانی هەر گیاندارێک جۆرە سیفەتێکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە ڕیوی بەفێڵ و تەڵەکەبازی بەناوبانگە. شێر پادشای گیانلەبەرانە، گورگ دڕندەیە،... تاد.

لە چیرۆکەکانی کوردیش ئەم سیفەتانە بەدی دەکرێت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ دوو خاڵێک بکەین:

١- بەشێکی زۆری چیرۆکەکان نووسەری بابەت لە یادی خۆی مابوو، بەشەکەی تر کە لەیادی چوو بوو دووبارە لەسەر زاری داپیرەی چیرۆک بێژی بیستووەو نووسیویەتەوە.

٢- ئەگەر بە وردی چیرۆکەکان بخوێنینەوە دەبینین ئێستاش ناوەڕۆکێکی پڕ مانایان هەیە، لەوانەیە هەندێک زاراوەی تێدا بێت ئێستا بەکارنەیێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەر سیناریۆیەکی ڕێکوپێکی بۆ بنووسرێت فیلمی کارتۆنی زۆر باشی لێ دەردەچێت.

**سەرچاوەکان:**


**١- الخفاجي. محمد حسن، سيكولوجية ميول الاطفال القرائية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤.**

**٢- د. العظماوي. ابراهيم كاظم، النمو النفسي للطفل، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤.**

**٣- تومسون. بريندا، ترجمة (رياض شمان)، أنشئ طفلك قبل المدرسة، مطبعة اليرموك، بغداد، ١٩٨٩.**

# ڕیژیسیۆری موفەسیر


د. فازیل جاف
(سوید)

**ڕیژیسیۆر و ئێنسامبل**

گرنگە ڕیژیسیۆر ئێنسامبڵ (گرووپ)ی خۆی هەبێ، لەوەش گرنگتر چۆنیەتی پێکهێنانی ئێنسامبڵەکەیە، ڕیژیسیۆر بەر لە هەموو شتێک پێویستە خاوەن دیدێکی هونەری ڕوون بێ، باشتریشە خاوەن میتۆد بێ یان ئیستێتیکایەکی تایبەت بگرێتە بەر و داوای یەکێتی ستیل و شێواز لە ئەکتەرەکان و هاوکارانی بکا، یان چەمکێکی تایبەت فەراهەم بکات و بیەوێ ئێنسامبلەکە زمانێکی شانۆیی هاوبەشی هەبێ و خاوەن پرۆفیلێکی تایبەت بێ. ئەمەش تەنیا لە حاڵەتێکدا مەیسەر دەبێ کە هارمۆنیا و هاوئاهەنگییەکی تەواو لەناو ئەندامانی ئەو تیپەدا هەبێ.

پرۆفیلی گرووپ یان سیمای هونەریی ئەم تیپە شانۆییە بۆ بینەران گەلێ گرنگە و لەگەڵ ڕۆژگاردا و بەکارکردنی بەردەوام دێتە خەملێن. تەنیا ئەو پرۆفیلە جێگایەکی تایبەت لەلای خەڵک بۆ گرووپەکە دروست دەکات. پرۆفیلی گرووپ لە زمانی شانۆیی هاوبەش و ئامانجی فیکری و ئێستێتیکایی و میتۆدی هاوبەشدا خۆی دەنوێنێ.

ئەکتەریش بۆ ئەوەی ببێ بە ئەندامێکی لێهاتوو و چالاک لەو گرووپەدا پێویست دەکات بە گیانێکی کراوەی پڕ لە شەفافیەتەوە کار لەو ئێنسامبڵە بکا، کاری کۆلیکتیڤی پەسەند بێ، چونکە کاری کۆلێکتیڤ گرنگترین مەرجی شانۆیە، هەروەها دەبێ بۆ ئەو گرووپە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێ، تایبەتمەندییەک لەناو هەموو ئەوانی دی جیای بکاتەوە.



شەکسپیر

## تاوتووکردن

یەکـەم هەنگاوت وەک دەرهێنەر کـە دەتەوێ لەگـەڵ ئەکتەران و هاوکارانتدا دەست بەکاربی، پێی دەگوترێ تاوتووکردن، واتە تاوتووکردنی بیروبۆچوون و تێگەیشتن و هزرت دەربارەی شـانۆنامـەکـە. پلانی کـارکـردن و بەرنامەکانت لەگەڵ پرۆگرامی پرۆڤەکانت دەبێ هەمووی بە ڕوونی بخەیتە ڕوو، لەگەڵ هەموو بەشداراندا هەنگاو بە هەنگاو پێیدا بچیتەوە.، لەتاوتوو کردندا نەک هەر باسی پلانەکانی کارەکەت لە داهاتوو تا ڕۆژی یەکەمی پیشـانـدان دەکەی، بگرە باس لە کاری ئامادەگی خۆت دەکەی لەگەڵ هونەرمەندانی سینیۆگرافیا و جلوبەرگ و دەنگ و ئیکسسوار.

ئەم تاوتووکردنە خۆی لە خۆیدا جۆرە پێداچوونەوەیەکە بە بەرنامـەی ڕێژبسـیـۆردا، بۆ ئەوەی هەمـوو لایەنی کارکردنەکە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا بێ. هەموو ئەو پێویستیـانەی کە لەگەڵ هاوکارەکانتدا ئامادەت کردوون، بیانخەرە ڕوو و پیشانی هەموو بەشدارانی بدە. بە هەمان شێوە ئەگەر مۆسیقات هەیە و ئامادەکراوە چاکتر وایە هەر لە ڕۆژی تاوتووکردندا ئەکتەرەکانت گوێی لێ بگرن، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە فریای ئامادەکردنیان کەوتووی. ڕەنگە نەگونجێ فریای هەمووی بکەوی، هەموو شتێ لە تاوتووکردنی یەکەمدا ئامادە بکەی، هەرچەندە لە شانۆ گەورەکاندا هەموو شتێ زوو ئامادە دەکرێ، بەڵام تەنانەت کە لە شانۆی بچووکیشدا کاردەکەی، هەوڵ بدە تا دەتوانی کەرەستەی ئامادەکراو پیشان بدەی، لەوانەش هەر نەبێ ماکێت (مۆدێل)ی سینۆگرافییەکەت دەبێ ئامادەبێ، هەروەها نەخشەی جلوبەرگیش، بیرت نەچێ کە ئەکتەر هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەیەوێ بزانێ چی لەبەر دەکا و جلوبەرگەکانی چۆنن.

تا دەتوانێ هەر لە یەکـەم هەنگاوەوە ڕوون و ئاشکرا گوزارشت لە خۆت بکە، هزری سەرەکی شانۆنامەکە و مەبەست لە هەڵبژاردنی شانۆنامەکە و پلانی کارکردنت ڕاستەوخۆ، بێ پێچ و پەنا ڕوون بکەوە.

گەلێ گرنگە ئەکتەر و هاوکارانت باش لە هۆی هەڵبژاردنی شانۆنامەکەت تێبگەن بۆ چ دەتەوێ ئەم شانۆنامەیە ئەمڕۆ و لەم شارەدا و لەم شانۆیەدا پێشکەش بکرێ؟ دەبێ ئەوە بسەلمێنیت کە شانۆنامەکەت گرنگە بۆ ئەکتەران و بۆ شانۆکە و بۆ بینەران.

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گەلێ گرنگە ئەوە پیشان بدەی و بیسەلمێنی کە تۆ ڕێژبسیۆرێکی مەبەست و ئامانجی خۆت باش دەزانی و متمانەت بە خۆت هەیە، هەموو شتێکت تاوتوو کردووە و هیچ شتێک بێ پلان و لەسەر تیۆری ڕێککەوت و لەسەر تیۆری قیروسیا ناکەیت، ئەمە نەک تەنیا بۆ خۆت گرنگە، بگرە ئەم شێوازەی کارکردنە بۆ ئەکتەر و هاوکارەکانیشت گەرەنتییەکی باشە، وایان لێ دەکات پشتت پێ دەبەستن و جێگای متمانەیان بیت.

هەوڵ بدە هەر لە یەکـەم دیداردا ڕۆحی شادی و ئاسوودەیی بڵاوبکەیتەوە، هەوڵ بدە بۆ گرووپەکەت بسەلمێنی کە تۆ و ئەوان، هاریکاری یەکدی دەکەن و پێکەوە ئەو کارە دەکەن و کارەکەتان وەک ئاهەنگێکی شادی بەخشە، پێکەوە گەشتێکی هونەریی دەکەن کە ئەنجامەکەی داهێنانە، داهێنانیش خۆی لە خۆیدا ڕۆح و مێشک زاخاو دەدات. هەر لەسەرەتاوە هەوڵ بدە ڕێگا لە هەموو جۆرە هەستێکی پەلەکردن و گرژی و پەستی و ناکۆکی و ترس و بێ ئومێدی و هەموو هەستێکی ڕەش و نێگەتیڤ بگری.

تۆ وەک ڕێژبسیۆر ڕۆڵی سەرەکی لە نەهێشتنی ئەو هەستە خراپانە دەبینی، لە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ کارکردن. بە پێچەوانەشەوە، گەلێ جار ڕێژبسیۆری کەم ئەزموون، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، هەر لە دیداری یەکەمەوە هەستی مەترسی و بێ ئومێدی و دڵەڕاوکێ لای گرووپەکەی دروست دەکا، بەوەی کە داوای پەلە لێکردنیان لێ دەکا، یان بۆیان دووپات دەکاتەوە کە لەبەردەم ئەرکێکی گەلێ قورسن، یان ماوەکە گەلێ کەمە کە ڕەنگە فریا نەکەون. هەموو ئەمانە ئەگەر پێویست بکات ئاماژەیان پێ بکرێ، دەبێ ڕێژبسیۆر وریایانە گوزارشتیان لێوە بکات. هەوڵ بدە لە یەکەم دیداردا تەنیا خۆت قسە نەکەی، بەشداریکردنی هاوکارانت، سینۆگراف، پسپۆڕی ڕووناکی و پسپۆڕی دەنگ و پسپۆڕی جلوبەرگ و مۆسیقا...تاد هەموویان

قسە لەسەر شانۆنامەکە بکەن و ئەوانیش باسی کاری خۆیان بکەن و سروشتی کارەکەیان و بەشداریکردنیان روون بکەنەوە.

ئەگەر ئەکتەرەکانت شانۆنامەکەیان خوێندبێتەوە، ئەوانیش دەتوانن لێدوانی لەسەر بکەن. لە هەموو ئەمانەدا گرنگ ئەوەیە کە تۆی ریژیسێر رۆحی بەشداریکردنی هەموان و هاریکاری گشتی بچەسپێنێ و بۆ هەموانی دووپات بکەیتەوە کە سیاسەتی تۆ لە کارکردندا سیاسەتێکی تاکڕەوانە نییە.

کارێکی چاک دەکەی گەر پلانی خۆت دیمەن بە دیمەن باس بکەی، تەنانەت ئاماژەش بەو گرفتانە بکەی، کە رەنگە بێنە پێشێ. ئەمانە هەموو باشن بە مەرجێ خۆت وا پیشان نەدەی کە هەموو چارەسەرێکت لەلایە و پلانی دەرهێنانی هەموو دیمەنەکانت لە مێشکدا یان لە گیرفاندایە، ئەگەر ئەکتەرەکانت پیشەکار بن، ئەم کارە بە خراپ کاردەکاتە سەریان، چونکە لەو دۆخەدا ئەوان هیچیان بۆ نامێنێتەوە، بە غەیری جێبەجێ کردنی پلانەکانی خۆت، هیچ بوارێکی داهێنان بە وان نادەی. لە کاتێکدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەی کە لەم گەشتی داهێنانەدا پێکەوە کاردەکەن، تۆ وەک ریژیسێر و پەنتاییەکی فراوانت بۆ داهێنانی ئەکتەران و هاوکارانت تەرخان کردووە، هەروەها بەشێکی هونەرەکەت لەسەر بناغەی تیلقائییەت دەڕوا.

بەگشتی دوای تاوتووکردن دەست بە خوێندنەوەی یەکەم دەکرێ. ئەگەر نووسەری شانۆنامەکەت لە ژیاندا بێ و لێتەوە نزیک بێ، چاکتر وایە ئامادەی خوێندنەوەی یەکەم بێ و لەکاتی خوێندنەوەی شانۆنامەکەدا گوێی لە ئەکتەرەکان بێ.

بنیاتنانی پێوەندییەکی پتەو لەنێوان نووسەر یان دراماتورگ و ئەکتەراندا کارێکی گەلێ سوودبەخشە و یارمەتی ئەکتەرەکانت دەدا کە باشتر لە دەقەکە تێبگەن بەوەی کە هەندێ لە پرسیارەکانیان سەبارەت بە مانا قووڵەکانی ناو دەقەکە ئاراستەی نووسەری شانۆنامەکە یان دراماتورگ بکەن.

چاکتر وایە هەموو جۆرە کارکردن و دەستکاری و لابردنێک لە دەقدا پێش پرۆڤەکردن بێ، ئەم کارە باشتر وایە بە یارمەتی نووسەر یان دراماتورگ بێ و کەمتر بە راوێژ کردنی ئەکتەر بێ، چونکە ئەو کارە زیاتر پیشەی دراماتورگ و نووسەری شانۆنامەکەیە، بە تایبەت سەبارەت بە لابردنی ئاخاوتنەکان، دەبێ زووتر بڕیاری خۆت بدەی نەک پاش ئەوەی ئەکتەر رۆڵی خۆی لەبەر دەکا، ئەمجا لە تێکستەکانی بقرتێنی.

لەکۆتایی یەکەم دیداردا و بەر لە یەکتری جودابوونەوە پیرۆزبایی لە ئەکتەرانت بکە و داوای سەرکەوتنیان لەو گەشتی داهێنانەیاندا بۆ بخوازە.

**ریژیسێر و ئەکتەر**

هەموو ریژیسێرێک سەبارەت بە ئەکتەر خواست و مەرجی خۆی هەیە، ئەو مەرجانە، ئەو خواستانە، بەگشتی لەو سیفەتانەدا کۆدەبنەوە کە ریژیسێر لە ئەکتەری داوا دەکا، ریژیسێر حەز دەکا ئەکتەر وریا و رۆشنبیر بێ، لە بواری میتۆدی نواندندا شارەزا و کارامە و کراوە بێ و نێگەتیڤ نەبێ، بەهرەی خەیاڵ و توانستی لە داهێنان و (ارتجال)دا بەرفراوان بێ.

ئەکتەریش ریژیسێرێکی پێ باشە خاوەن دیدێکی هونەریی روون بێ، بە پلان و پرۆگرام کار بکا و بزانێ چی دەوێ، ئیدی تەواو جێگای متمانەی دەبێ.

ئەکتەر کە ستایشی ریژیسێرەکەی دەکات، دەڵێ ریژیسۆرێکی باشە، دەزانێ چی دەوێ. بە پێچەوانەشەوە ئەکتەر کە گوتی ریژیسێرەکەی نازانێ چی دەوێ، ئەوە خراپترین سیفەتە کە ریژیسۆرێکی پێ وەسف بکرێ.

بەشێکی گەورەی مەشق و راهێنانی ئەکتەران و دۆزینەوەی فۆرم و زمانی هونەریی هاوبەش دەکەوێتە سەر شانی ریژیسێر، لە هەمان کاتدا ئەکتەرانیش کاردەکەنە سەر ریژیسێر، تاکو هەڵەکانی خۆی ببینێ و تا دێ پەرە بە میتۆدی خۆی بدا.

ئەکتەر لە ئێنسامبلێکدا ئەم دوو مەرجە هاتنە دی، واتە ریژیسێری خاوەن دیدی روون و ئەکتەری زیرەک و رۆشنبیر و خاوەن میتۆد و فەنتازیا و خەیاڵ، ئەو ئێنسامبلە تەنانەت ئەگەر ژمارەشیان کەم بێ، کاری گەورەیان پێ دەکرێ وەکو ئێنسامبلە بەناوبانگەکانی برووک، ئاریان منوچکین، باربا.

پلانی کارکردن لەگەڵ ئەکتەراندا و پرۆڤەکان دابەش بکە بەسەر سێ قۆناغدا، قۆناغی سەرەتا و قۆناخی ناوەڕاست و قۆناغی کۆتایی، بۆ هەر قۆناغە و دەبێ پلانی خۆت هەبێ، ئاسانترین رێگا بۆ فەراهەم کردنی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە بزانێ لە ئەمڕۆدا چیت لە ئەکتەرەکەت، ئەکتەرەکانت دەوێ و ئەرکی سبەینێیان چییە؟

لەکاتی پرۆڤەدا بەزەین، بە هەست، بە رۆح تەواو لای ئەکتەرەکانت بە، هەست و زەین تەواو بدە بەوان، بەوپەڕی توانەوە سەرنجی کارەکەیان بدە، بە تایبەتی لە جێبەجێکردنی کردارەکانی سەر شانۆدا، تا دەتوانی بوار بە نیوەناچڵی مەدە. ئەوەی کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا

پێویستە بکرێ، هەوڵ بدە پڕ بە پێستی خۆی بە ئەنجام بگەیەنی ئینجا بچۆرە سەر قۆناغی داهاتوو و ئەرکێکی نوێ بگرە ئەستۆ.


## چەمکی ڕیژیسۆر و ئەکتەر

ڕیژیسۆری خاوەن چەمک، بە پێچەوانەی ڕیژیسۆرێک کە بە حەدەس و زەین کار دەکا و خۆی بە میتۆد و ڕێبازەوە نابەستێتەوە، ئەرکێکی دیکەی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە دەبێ ئەکتەرەکانی تەواو لەو چەمکە بگەن، چونکە بە پلەی یەکەم ئەکتەر ئەو چەمکە بە بینەران دەگەیەنێ، ئەگەر ئەکتەرەکانت لە چەمکی ڕیژیسۆریت تێنەگەیشتبن، لەو حاڵەتەدا ئەو چەمەکەی کە لە داهێناندا هەتە، بە بینەران ناگات.

تا دەتوانی بیروبۆچوون و مەبەستەکانت بەشێوەیەکی کۆنکریت دارێژە و بۆ ئەکتەرەکانت بە ڕوونی گوزارشت لە خۆت بکە. بۆ ئەکتەر گەلێ گرنگە لە ڕیژیسۆرەکەی تێبگا و بزانێ چی لێ دەوێ، ئەمە بە نیسبەت تەکنیکارەکانیشەوە هەروەهایە، ئەگەر تۆ وەک ڕیژیسۆر و وێنەیەکی ڕوونی سینۆگرافیا و جلوبەرگ و ڕووناکی شانۆگەرییەکەت لانەبێ، یان بەلانی کەمەوە خۆت نەزانی چیت دەوێ، ئەوان شتێکی دیکەت بۆ دەکەن کە ڕەنگە هەر تەواو بە پێچەوانەی نمایشەکەت بێ.

گەلێ گرنگە ئەکتەرەکانت بزانن تا چ پلەیەک تۆ لەوان و بەگشتی لە کارەکەت ڕازیت، هەموو لایەنێکی ڕەوتی کارەکە باس بکە، چیت پێ باشە و چیت پێ خراپە، لەکوێدا سەرکەوتوون و لەکوێدا سەرنەکەوتوون، ڕاستگۆیانە بخەرەوو، چونکە ئەوانیش لەگەڵ تۆدا لە هەمان کەشتیدان، ئەگەر بگەنە کەنار هەموو پێکەوە دەگەن و ئەگەر نوقمیش بن، هەموو هەر پێکەوە نوقم دەبن.

ئەگەر بەم شێوازە کراوەیە و بەم شەفافیەتە کارت لەگەڵ ئەکتەر وهاوکارەکانتدا کرد، هەموو گیروگرفتێکت بە ئاسانی پێ چارەسەر دەکرێ. لەوانە بۆ نموونە کە لەناوەڕاستی کارەکەتدا بۆت دەرکەوت ڕێگات بزرکردووە و ناتوانی چیدی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێی، ئەکتەرەکانت کە پێشتر قسەت لەگەڵدا کردوون و ئاگاداری هەموو لایەنێکی کارەکەن، ئەو دەم پێکەوە بڕیار دەدەن کە ڕەنگە سەر لە نوێ دەست پێ بکەنەوە، یان لەوانەیە ئەکتەرەکانت بەسنگی فراوانەوە ئامادەگی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی چەند پرۆڤەیەکی زیاتر بکەن. لە بارێکی لەو چەشنەدا چاکتر وایە لەگەڵ ئەکتەرانت دیمەن بە دیمەن بە شانۆگەرییەکەدا بچنەوە،



بزانن خاڵی لاوازی لەکوێدایە، ئینجا پێکەوە بڕیار بدەن.

بە تەنیا خۆت بڕیار مەدە، هەمیشە بڕیارەکان با هی هەمووان بێ، ئەو ڕیژیسۆرەی کە گوێ لە ئەکتەران ناگرێ و ڕەچاوی خواست و ئارەزووەکانیان ناکا، کەشێکی خراپ و پێوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ ئەکتەرەکانتدا دەخولقێنێ کە پاشتر دەبێتە هۆی کێشە دروستکردن و گرفت نانەوە.

هەوڵ بدە تا دەتوانی لەلای خۆتەوە بڕیاری چاوەڕوان نەکراو نەدەی، بەوەی بۆ نموونە بڵێی دوێنێ پاش پرۆڤە بڕیارم دا ئەم دیمەنە لابەرم. یان لەکاتی خۆیدا فریای نمایشی یەکەم ناکەوم، بۆیە بڕیارم دا شانۆگەرییەکە دوو هەفتەی دیکە دوابخەم ئەکتەر بڕیاری چاوەڕوان نەکراو و یەک لایەنەی ڕیژیسۆری پێ خۆش نییە، چونکە ڕۆڵی ئەو لە کارەکەدا و لە پرۆسەی داهێناندا دەسڕێتەوە.

## دیالۆگی نێوان ڕیژیسۆر و ئەکتەر

ڕیژیسۆر دەبێ بەردەوام دیالۆگ لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا ساز بکاو نابێ پێوەندی شەخسی و پێوەندی کار بە ئەکتەرەکانییەوە و بە یەکدییەوە دروست دەکا. یەکەمیان کۆمەڵایەتییە و دووەمیان پیشەییە و پێوەندی بەکارەوە هەیە.

ڕیژیسۆر پێویستە بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا ساز بکا، دەربارەی ڕەوتی کارەکانیان و نەشونمای ڕۆڵەکانیان هەنگاو بە هەنگاو قسەیان لەگەڵدا بکا. ئەکتەران دەبێ ڕاوبۆچوونی ڕیژیسۆر سەبارەت بەکارەکەیان بزانن، ئەمە بۆ ئەکتەر گەلێ گرنگە.

ئەگەر ئەکتەر بەردەوام کار بکا و نەزانێ ڕیژیسۆرەکەی کارەکەی پێ چۆنە، بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم دروست دەبێ، نازانێ بەردەوام بێ یان ڕاوەستێ. ئەگەر ئەکتەر ڕێگای ڕاستەقینەی لە دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەیدا دۆزینەوە، یان هەر

لەسەرەتاوە کەوتە سەر ڕێگای ڕاست، دەبێ ڕێژیسێر ئەم ڕاستییەی تێبگەیەنێ کە ئەکتەرەکەی لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕواو، داوای بەردەوامی لێ دەکا، بە پێچەوانەوە ئەگەر زانیت ئەکتەرەکەت ڕێگایەکی دیکەی گرتووە و ناگاتە مەبەست دەبێ بە زووترین کات قسەی لەگەڵدا بکەی.

ئەکتەر بە گفتوگۆی جیدی ڕێژیسێر ئاسوودە دەبێ، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە دەبێ شێوەی پیشەیی خۆیان وەرگرن و زیاتر لەوەی شێوەی کۆمەڵایەتی وەربگرن.

ڕێژیسێر دیدەنی و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرجەمی ئەکتەراندا دەبێ بەپێی پلان و بەرنامە بێت، با ئەو دیدارانە لە چوارچێوەی کارکردندا بێت و فۆرمی دیداری برادەری و دانیشتنی چایخانە و بارِ نەبێ. چاکتر وایە لەکاتی خواردنەوە و سەرخۆشیدا قەت باسی کاری خۆت نەکەی، بە تایبەت ستایشی هیچ یەکێ لە ئەکتەرەکانت مەکە یان ڕەخنەیان لێ مەگرە بە تایبەت ئەوانەی لەگەڵیاندا دەخۆیتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی پێوەندی شەخسی ڕێژیسێر لەگەڵ ئەکتەرێک، یان بە چەند ئەکتەرێکەوە کاردانەوەی خراپی لەلای سەرجەمی گرووپەکەوە دەبێ، بە تایبەت ئەگەر ڕێژیسۆر لەکاتی پرۆڤەدا کۆنترۆڵی ئەو جۆرە پێوەندییانە نەکات، چونکە بایەخ پێدانی ڕێژیسێر بە هەر ئەکتەرێک بەخراپ لای گرووپەکە دەشکێتەوە و ئەکتەران زوو هەستی پێدەکەن، بۆیە لەکاتی پرۆڤەدا ستایشی ئەکتەر مەکە، چونکە ڕەنگە ستایشەکەت بە خراپ کار بکاتە سەر ئەکتەرێکی دیکە، کە هێشتا لە سۆراخ و گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی فۆرمی ڕۆڵەکەی خۆی، هەروەها لە پێش ئەوانی دیکەدا ڕەخنە لە هیچ ئەکتەرێ مەگرە.

هەوڵ بدە هیچ جۆرە گرژی و تووڕەبوون و پێوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ ئەکتەرانتدا دروست نەبێ.

دیارە لەکاتی پرۆڤەکردندا گرژی و پەستی بە ئاسانی دروست دەبێ، ئەوە بزانە کە ئەکتەر کار لەسەر هەست و نەست و سۆزی خۆی دەکا، کار لەسەر لایەنی ڕۆحیی خۆی دەکا، ئەکتەر لە هەموو داهێنەرێکی دیکە ناسکترە، هەوڵ بدە نیگەرانی مەکە، ئەو حەز ناکات ڕێژیسێرەکەی نیگەران بێ، هەموو ئەکتەرێک پێی خۆشە ڕێژیسێرەکەی لێی ڕازی بێ. ئەگەر گرژی و پەستی و لەیەک عاجز بوون هاتە گۆڕێ، ئەکتەرەکەت پاش پرۆڤە ئاشت بکەوە و مەهێڵە بەنیگەرانی و بە دڵشکاوی بڕواتەوە، چونکە شەو خراپ دەخەوێ و بۆ سبەینێ ئەویش و تۆیش زەرەر دەکەن.

هەموو تێبینییەکانت تۆمار بکە بۆ دیدارەکانت لەگەڵ ئەکتەران خۆیاندا، لەوەشدا تا دەتوانی ڕاستگۆبە، نە هاندانی ساختە و نە ڕەخنەی توندی ڕووخێنەر بەکارمەهێنە. دیالۆگ دەبێ بە مەبەستی بیناکردن بێ. بە مەبەستی بینای مرۆڤ و نمایشەکە لەلای ئەکتەر بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ئیلهام و داهێنان بێ، ڕێژیسێر ئەگەر پەی بەسەرچاوەی ئیلهام و داهێنانی ئەکتەر نەبا، ئەگەر زمانی هاوبەش و دیالۆگی ڕاستەقینەی لەگەڵدا نەبێ، مەحاڵە داهێنان بە ئەنجام بگەیەنێ.

## ڕێژیسۆر و پرۆڤە

پلاندانان بۆ پرۆڤەکانت و پیادەکردنی یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانت وەک ڕێژیسێر. پەندێکی پێشینانی ئیتاڵی دەڵێ بە چاکی دەستپێکردن ئەنجامدانی نیوەی کارەکەیە، ئەم پەندە لە خۆئامادەکردن بۆ پرۆڤە یەکا و یەکە. هەر لە سەرەتاوە شانۆنامەکەت بە پێی ئەو داڕشتە و ستروکتورەی کە هەیەتی، بەش بەش بکە، دیمەن بە دیمەن، یان تابلۆ بە تابلۆ، یان ئەپیسۆد بە ئەپیسۆد دابەشی بکە، ئەوە دەکەوێتە سەر پلانی کارکردنی و ئینجا شانۆنامەکە چەند درێژە و لە چەند فەسڵ پێک هاتووە. بۆ نموونە لە کلاسیکدا شانۆنامەکانی شەکسپیر و لە ئەدەبی ڕیالیزمدا ئەستروڤسکی شانۆنامەکانیان گەلێ دیمەنی کورت کورت و خێرای تێدایە، بە هەندێ لەو دیمانانە دەگوترێ ئەپیسۆد، واتە ڕووداوێک لە یەکەیەکدا. ئەرکی بەدیقەت دابەشکردنی ئەم دیمەن و ئەپیسۆدانە دەکەوێتە سەر شانی ڕێژیسێر، ئەمەش بە ئەزموون فێری دەبی و تا کارامە و پیشەکار بی چاکتر لە هەقی دێی و ئەنجامی باشتر بەدەست دێنی.

چۆنیەتی دابەشکردنی شانۆنامەکە بەسەر پلانی کارکردندا کاری خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە ئەگەر بە بێ ئەو پلان و بەرنامە ڕێژییە کار بکەی یان پلانێکی خراپ و پەککەوتوو فەراهەم بکەی، هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی سەرکەوتنت لێ ناکرێ.

کە پلانێکی زەمەنیت بۆ سەرجەمی شانۆنامەکە دانا، ئینجا پلانێ قۆناغ بە قۆناغ دابنێ، وەک پلانی یەک یان دوو هەفتەیی. لە شانۆکانی ئەوروپادا پلانی دوو هەفتەیی لە هەموو پلانێک پەسەندترە، ئەرکی دانانی ئەو پلانانە بە تەنیا مەگرە ئەستۆی خۆت، لە ئەوروپادا یاریدەدەری ڕێژیسێر لە پلاندانان و بەرنامەڕێژیدا دەستی باڵای هەیە، چونکە یاریدەدەری ڕێژیسێر وەک ئامرازی پێوەندیی نێوان ڕێژیسێر و ئەکتەرەکانە و

دەزانێ کاتی ئەکتەرەکان چۆن هەڵدەسووڕێ.

لە پلاندانانداندا ئەوە ڕەچاو بکە کە لە هەریەکەیەکی پرۆڤەدا چەند کارت پێ دەکرێ، ئەمە ڕەنگە لە سەرەتادا سەخت بێ، بە تایبەت ئەگەر ئەکتەرەکانت نوێ بن و بۆ یەکەم جار کاریان لەگەڵدا بکەی، بەڵام پاش هەفتەی یەکەم، بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ دەبی، کە پلان دادەنێی لە بیرت نەچێ تەنیا ئەو ئەکتەرانە داوا بکە کە پێویستت پێیانە، هەرگیز داوا لە ئەکتەرێک مەکە ئامادەی پرۆڤە بێت و پاشان کارت پێی نەبێ، ئەمە لە شانۆکانی ئەوروپادا بە خراپ بۆ ڕیژیسیۆر دەشکێتەوە.

## چێژ لە پرۆڤەکانت وەرگرە

کاتێ کە ڕیژیسیۆر پرۆڤە دەکات دەبێ چێژ لە کارەکەی وەرگرێ، ڤاختانگۆڤ گوتوویەتی: کە دەچی بۆ پرۆڤە دەبێ وا هەست بکەی بۆ ئاهەنگ دەچی، ئەم بۆچوونە ڕاستە، چونکە ڕیژیسیۆر و ئەکتەر داهێنان کۆیان دەکاتەوە، داهێنانیش شادی دەبەخشێ و ئارامیی بە ڕۆح دەگەیەنێ، پەستی و گرژی قەبووڵ ناکا، ئەگەر وا نەبێ کارەکەت میکانیکی دەبێ و داهێنان نییە.

ئەگەر پرۆڤەکانت شادی بەخش بن، هەر لەکاتی پرۆڤەدا داهێنان لەدایک دەبێ، پرۆڤەکانی مییرهۆڵد بەڵگەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەن، زۆربەی ئەوانەی کە ئامادەی پرۆڤەکانی مییرهۆڵد بوون، لەسەریان نووسیوە وەک پرۆسەیەکی دەگمەنی داهێنان تاماشایان کردووە. لەگەڵ پەرەسەندنی پیشە و ڕۆڵی ڕیژیسیۆردا، لایەنی گەورەی باس و نووسینی ئەکادیمی بۆ پرۆڤەکانیان تەرخان کراوە، بە تایبەت کە گەلێ ڕیژیسیۆر هەن خودی پرۆڤە بە مەبەست و ئامانج دەزانن، نەک بۆ نمایشکردن بۆ پیشاندان. لەوانە گرۆتوڤسکی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئیتاڵیا کاری دەکرد، گرۆتۆڤسکی بە زمانی خۆی باسی لەوە کرد کە زیاد لە سەد تیپی شانۆیی سەردانی پرۆڤەکانی کردوون. پیتەر هالی بەریتانی دەڵێ: من لە کاری دەرهێناندا پتر چێژ لە پرۆڤە دەبینم تاکو پشاندان.

ڕیژیسیۆر نابێ وەک کارێکی ڕۆژانەی بە زۆر چەسپاو تەماشای مەشق و پرۆڤە بکا، دەبێ وەک پرۆسەی داهێنان تەماشای بکا و چێژی لێ وەرگرێ. هاوکات دەبێ وا لە ئەکتەران بکا، ئەوانیش چێژ لە پرۆڤەکردن وەرگرن. ئەکتەران کاتێ چێژ لە پرۆڤە دەبینن کە ڕیژیسیۆرەکەیان پرۆڤەکانی خۆی خۆش بوێت. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕیژیسیۆر وەک بێگار سەیری پرۆڤەکان بکات، ناتوانێ داوا لە ئەکتەرەکانی بکا پرۆڤەیان خۆش بوێ و بەجدی کار بکەن.

هەوڵ بدە پرۆڤەکانت ببن بە بۆنەیەکی شادی و خۆشی و هەمــوو بەدڵ و بەگــیــان چاوەڕوانی بکەن، وابێ گرووپەکە پرۆڤەکردن وەک پرۆسەیەکی داهێنان وەرگرن، لە داهێناندا ئادەمی نوقمی پرۆسەیەک دەبێ و بەدڵ و بەگیان کار دەکا و گوێ بە ئاکام نادات، بۆیە نمایش و پشاندانی شانۆنامەکەت لە پرۆڤەکردن مەکە بە تاکە مەبەست.

داوا لە ئەکتەرەکانت مەکە لە کارەکەیاندا پەلە بکەن، ئەکتەر دەبێ بۆ گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە کاتی تەواوی بدرێتێ، پرۆسەی پرۆڤە بە پلەی یەکەم ئەکتەر دەگرێتەوە و زەمەن و کاتەکەیشی هی خۆبەتی.

لە پرۆڤەدا ئەگەر پرۆسە نەکەی بە مەبەست و ئامانج، نە پرۆڤەکەت سەردەگرێ و نە نمایشەکەت سەرکەوتووت دەبێ. پرۆڤەی سەرکەوتوو ئەو پرۆڤەیەیە کە ئەکتەرەکانت تێیدا داهێنەر بن، نەک تەنیا ئەو شتانە جێبەجێ بکەن کە تۆ داوایان لێ دەکەیت. ئەگەر پەلەیان لێ بکەی تەنیا فریای ئەوە دەکەون فەرمایشتەکانت جێبەجێ بکەن، بێ ئەوەی وزەی داهێنانی خۆیان بخەنە کار. پەلەکردن لە ئەکتەر نیشانەی ئەوەیە کە ڕیژیسیۆر لە پلانڕێژیدا کەموکوڕی هەیە، نەکەی ئەکتەرەکانت بەوە بترسێنی کە ڕۆژی پیشاندان نزیک بۆتەوە و فریا ناکەون و دەبێ پەلە بکەن، ئەگەر دەزانی فریا ناکەوی، جارێکی دیکە بە پلان و بەرنامەی کارکردنتدا بچۆرەوە.

ئەکتەران لە مەسەلەی کاتدا جیاوازن، ئەکتەر هەیە زوو دەگاتە مەبەست، هەیشە پێویستی بەکاتی زیاترە. گەلێ ئەکتەر هەن بە میتۆدی تایبەتی خۆیان کاردەکەن، کە زانیت ئەکتەر میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە، یان لەسەر شێوەکارکردنێک ڕاهاتووە، چاکتر وایە ڕێگای لێ نەگری و هەوڵ مەدە شێوەی کارکردنەکەی پێ بگۆڕی.

## پرۆڤەی خوێندنەوەی دەق / پرۆڤەی جووڵە

پرۆڤەی خوێندنەوە بە پرۆڤەی دەوری مێز یان سەر مێز ناو دەبرێ، پرۆڤەی جووڵەش بە پرۆڤەی سەر ئەرز.

ئەکتەرانی سەر بە قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی بۆ خوێندنەوەی دەق کاتی زۆر بەسەر دەبەن، هەرچەندە ستانیسلاڤسکی لە قۆناغی دواییدا ئەم سیستەمەی گۆڕی و هەر خۆیشی ڕەخنەی لەم شێوازە گرت، بەڵام تاکو ئێستاش زۆربەی زۆری ئەکتەران لە ڕووسیادا هەر لەسەر سیستەمی خوێندنەوەی درێژخایەن دەڕۆن.

ئەم تەرزە کارکردنە لەسەر دەق مەترسییەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ جار ئەگەر ڕیژیسیۆر سنوور

دانەنێ، ئەکتەران کاتێکی زۆر بەخوێندنەوەی دەق دەبەنەسەر، ئەمەش لەناو ئەکتەرەکاندا دەبێتە هۆی بەرپابوونی تەمبەڵی و خاوی.

کە یاری بە ئاگری ستریندبێرگم لە ڕووسیا دەرهێنا، شەش هەفتەم بۆ پرۆڤەکردن دانابوو، ئەکتەرەکان پێیان وابوو کە دەبێ سێی بۆ پرۆڤەی مێزی خوێندنەوە تەرخان بکرێ، مییرهۆڵد بە پێچەوانەی ستانیسلاڤسکییەوە یەکسەر لەسەر ئەرز پرۆڤەی دەکرد، ئەو پێی وابوو کە ئەکتەر هەموو داهێنانێکی لەکاتی جووڵەدا دێتە ئەنجام. ڤەختانگۆڤیش هەمان شێوازی پیادە دەکرد و کاتێکی زۆری بۆ خوێندنەوەی دەوری مێز دانەدەنا، بەڵام خوێندنەوەی دەق بە نیسبەت هەردووکیانەوە مەرجێکی سەرەکییە، مییرهۆڵد دەڵێ دەق ئەوەندە دەبێ بخوێنرێتەوە تاکو هەست بکەی کە لەبەرت کردووە، جان ڤیلاری فەرەنسی کەمتر لە بیست جار خوێندنەوەی دەقی نەکردووە بە مەرج.

من لەو ڕیژیسیۆرانە نیم کە کاتێکی زۆر بۆ مێزی خوێندنەوە تەرخان دەکەن و بەشێکی گەورەی کارکردن لەگەڵ دەقدا هەر لە پرۆڤەی سەر ئەرزا ئەنجام دەدەم. من باوەڕم بەوەیە کە جەستەی دینامیک هزری دینامیک دەدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی بەتین و دینامیکییانەش بەرجەستەی دەکات. هەندێ جار کە هەست دەکەم پێویستە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پێکەوە بەدەقەکەدا بچینەوە، بۆیە بڕیاری خوێندنەوەی زیاتر دەدەم، بۆ ئەم مەبەستەش لە دەوری مێزی خوێندنەوەدا دادەنیشین، لە شانۆنامەی هەزار و یەک شەوەدا هەفتەیەک بەر لە پریمێر (پیشاندانی یەکەم) یەک ڕۆژی تەواوم تەنیا بۆ کارکردن لەگەڵ دەقدا تەرخان کرد. پێم وایە ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەکتەران، تاکو بێ پەلە پەل و شڵەژان کار لەسەر دەق بکەن و بیر لە جووڵە نەکەنەوە. لەم پرۆڤەیەدا چاکتر وایە ڕیژیسیۆر خۆی لەوێ نەبێ و ئەکتەران پێکەوە کاربکەن. بەش بەحاڵی خۆم ئەو ڕۆژە تەرخان دەکەم بۆ کارکردن لە بواری دیکۆر و ڕووناکی و جلوبەرگ و ئێکسسوار لەگەڵ هاوکارەکانمدا.

هەر چۆنێ بێ ڕەنگە پلانەکانت لە شانۆنامەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگۆڕێ، گرنگ ئەوەیە ڕیژیسیۆر دەبێ هاوسەنگییەک لەنێوان خوێندنەوەی دەق و کارکردن لەسەر دەق و پرۆڤە جووڵە بدۆزێتەوە.

## پرۆڤەی پاش پریمێر

ئەگەر ڕیژیسیۆر پاش نمایشی یەکەم هەستی کرد شانۆگەرییەکەی لەنگی تێدایە، یان هەندێ دیمەنی هێشتا بە گوێرەی پێویست نییە، چاکتر وایە لەسەر پرۆڤەکردن بەردەوام بێ. گەلێ ڕیژیسیۆر هەن کە ماوەیەکی زۆر لەسەر پرۆڤە بەردەوام دەبن، بەتایبەتی لەو بەرهەمانەی کە ماوەیەکی دوور و درێژ پێشکەش دەکرێن. بێگومان ئەکتەر لە پرۆڤەی پاش پیشاندانی شانۆنامەکە هەست بە ئاسوودەیی دەکات، باشتر دەزانێ کام شوێن و کام بەش پێویستی بەکارکردنە.

## کردارەکانی شانۆنامەکەت

هەر ڕێژیسیۆرێک بە جۆرێک خاڵی دەستپێک هەڵدەبژێرێ، ئەگەر بتەوێ وەک من بکەی، ئەوە دەبێ لە کردارەکانەوە دەست پێ بکەی، من پێم وایە کردار گرنگترین ڕەگەزی شانۆیە، لەویشەوە هەوڵ دەدەم ئەکتەرەکانم پەی بەکارەکتەرەکانیان بەرن، دەستنیشان کردنی کردارەکانی سەر شانۆ بۆ ئەکتەر کارێکی گەلێ گرنگە، بەرچاو ڕوونی بە ئەکتەر دەبەخشێ و ڕێگای لادان و سەرلێ تێکچوون و چەواشەیی و دوو دڵی لێ دەگرێ. ئەکتەر هەمیشە حەز دەکا هێڵی کردارەکانی ڕوون و ئاشکرا بێ و بەرچاوی خۆی بە ڕوونی ببینێ، ڕۆڵی تۆ وەک ڕیژیسیۆر لەو ئەرکەدا گەلێ گرنگە.

ئەوەی کە دەبێ بە نیسبەت کردارەکانەوە بۆ ئەکتەرەکانت دەستنیشان بکەی ئەمانە: فیکرەی کردارەکە، داڕشتە یان هەیکەلیەتی کردارەکە، کردار لەکوێوە دەست پێ دەکات و کەی و لەکوێ تەواو دەبێ، زەمانی کردارەکە کە بەشێکە لە ڕیتمی شانۆکە گرنگە. لە ڕاستیدا ئەم پرنسیپانە هەر هەمان پرنسیپن کە دەبێ داڕشتە و پێکهێنانی دیمەنەکانی شانۆگەریەکەتدا لەبەر چاویان بگری.

هەوڵ بدە هەر لە قۆناغی یەکەمی پرۆڤەوە، بۆ ئەکتەرەکانتی بسەلمێنی کە کارکردنت لەسەرکردارەکان پرۆسەیەکی گرنگە نەک ئاکام، یا ئەکتەرەکانت بە پرۆسەی کارکردن بگەنە ئاکام، نەک یەکسەر ئاکامیان بەسەردا فەرزبکەی، تەنیا بەم شێوەیە دەتوانی بەشداری تەواو بە ئەکتەرانت بکەی و کەناڵەکانی داهێنانیان بخەیتە گەڕ، با ئەوانیش ڕۆڵی داهێنەرانەی خۆیان ببینن و ئەوجا دەبینی داهێنانێکی ئەوتۆت پێشکەش دەکەن کە هەرگیز بیرت لێ نەکردۆتەوە تەواو بە پێچەوانەی ئەو ڕیژیسیۆرانە کە یەکسەر داوای ئاکامی حازر و بەدەستیان دەکەن.

بەر لەوەی پرۆڤەی دیمەنێک بکەی، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت کار لەسەر کردارەکان بکە نەک هەر ئەوەندە، بگرە من کار لەسەر جووڵەش دەکەم، دەبێ

جیاوازی نێوان کردار و جووڵەش بزانی. ڕووداوێک دەکرێ بریتی بێ لە کردارێک یان چەند کردارێک، بەڵام کردارێک بریتییە لە چەند جووڵەیە. کردار بەردی بناغەی سیستەمی ستانیسلاڤسکییە، جووڵە بەردی بناغەی سیستەمی مییرهۆڵدە. کە ئەکتەرەکانت کار لەسەر کردار و جووڵەی دەکەن، باری سەرنجی خۆت دەربڕە، بەڵام دیمەنەکەیان بۆ بەرجەستە مەکە. پاش کارکردن لەسەر کردارەکان ئینجا دیمەنەکە دەربهێنە، ئەو دەم بۆت دەردەکەوێ کە کارەکەی تۆ وەک دەرهێنەر چەند ئاسان دەبێ و ئەکتەرەکانیشت چەند قووڵتر لە کەسایەتییەکانیان نزیک دەبنەوە.

میتۆدی زنجیرەی کردارە جەستەییەکانی ستانیسلاڤسکی ئاسانترین و کاریگەرترین میتۆدە لە دەستنیشانکردنی کردارەکاندا. بە مەبەستی باشتر سەرنجدانی ئەکتەران لە کاتی پرۆڤەدا، هەندێ ڕیژیسیۆر پەنا دەبنە بەر کامیرای ڤیدیۆ و ڕۆژانە پرۆڤەکان تۆمار دەکەن و پاشان بە دیقەت سەرنجی ئەکتەران دەدەن، ئەمە بۆ قۆناغی دواتری پرۆڤەکردن ڕێگایەکی خراپ نییە.

ڕیژیسیۆر دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگرێ کە ئەکتەر لە هەر قۆناغێکدا پێویستی بە ڕێنمایی و کۆمەکی تایبەت هەی، واتە لە هەر قۆناغێکدا ئەکتەر پێویستی بە پشتگیری کردنێکی دیکە هەیە جیاواز لە قۆناغی پێشوو، ئەمەش پەیوەستە بە پلانی گشتی کارەکەوە کە تا دەکرێ دەبێ بە وردی و بە دیقەت دابنرێ.

کارکردن لەگەڵ ئەکتەران و هونەری نمایشیان دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بڕوا، بۆ نموونە پرۆڤەکانی قۆناغی سەرەتا، قۆناغی بەرجەستەکردن، پرۆڤەکانی قۆناغی سەرجەمی شانۆنامەکە، دیمەن/ بەشەکان، پرۆڤەکانی بەستنەوەی دیمەنەکان یان گواستنەوەی دیمەنەکان- واتە بەستنەوەی کۆتایی دیمەنێک بە دیمەنێکی دیکەوە- پرۆڤەی ڕاکێشانی هەموو دیمەنەکان- سەرجەمی شانۆگەرییەکە، پرۆڤەی گشتی واتە جەنەراڵ پرۆڤەی ڕاگەیاندن کە بەو پرۆڤەیە دەگوترێ کە بۆ دەزگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ساز دەکرێ.

یارمەتی ئەکتەرەکانت بدە ڕێگایەک بۆ داهێنان بدۆزنەوە، تەنیا لە ڕێگای داهێنانەوە دەگەنە کولییەت و لەسەرجەمی داهێنانەکە یان کارە هونەرییەکە بە قووڵی بەشداری دەکەن. ئەگەر ئەکتەر کەناڵەکانی داهێنان نەدۆزێتەوە هەموو ڕەهەندەکانی ڕۆحی و زەینی و جەستەیی و دەروونی لە کاردەکەوێ و پرۆسەی نواندن نایەتە ئەنجام. هەوڵ بدە ئەو بەربەست و ئاستەنگانە دەستنیشان بکەیت کە ڕێگا لە داهێنانی ئەکتەرەکانت دەگرێ، ئەرکی ڕیژیسیۆر لەم مەیدانانەدا گەلێ سەختە و لە ئەرکی دەروونناس دەچێ، گەر بۆت دەرکەوت یەکێ لە ئەکتەرانت بۆ نموونە چەند ڕێگرێک لە کەناڵەکانی داهێنانیدایە، هەوڵ بدە لەو چوار ڕەهەندەدا بیدۆزیتەوە و لە چارەسەرکردنیدا یارمەتی ئەکتەرەکەتی پێ بدە.

لە ڕاستیدا لە هەموو ئەو قۆناغانەدا ڕیژیسیۆر دەبێ بەشێوەیەکی ناسک و وردبین ڕەفتار لەگەڵ ئەکتەردا بکا و کۆمەکی بکا و پشتگیریی خۆی پیشان بدات. ئەم پشتگیری و کۆمەکە بەهیچ شێوەیەک نابێ درۆزنانە و ساختەکارانە بێ.

ڕیژیسیۆر پێویستە بە پێی ئەو پلانەی کە دایناوە کار بکاو داواکارییەکانی لە ئەکتەر لەگەڵ قۆناغەکانی پرۆڤەدا بگونجێ و لەوە تێبگا کە نەشونمای ڕۆڵەکەی دەبێ هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدرێ، داوا لە ئەکتەرەکەت مەکە هەر لە سەرە تاوە فۆرمی کۆتایی بەدەستەوە بدات، ئەوە بە زۆری داواکاری ئەو ڕیژیسیۆرانەن کە شارەزاییان لە هونەری ئەکتەردا کەمە یان هەر نییە. ئەکتەری پیشەکار هەرگیز هەوڵ نادات یەکسەر و دەستبەجێ لە پرۆڤەی ڕۆژانی یەکەمەوە ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات، ئەکتەر پاش تێگەیشتن لە کەسایەتییەکەی تەکنیکی خۆی لە مەسەلەی ناوەوە و دەرەوە تاقی دەکاتەوە و ئەمجا قۆناغ بە قۆناغ لە کارەکتەرەکە نزیک دەبێتەوە، ئەمە بەگشتی وایە، بەڵام ئەکتەریش هەیە تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە، تۆ وەک ڕیژیسیۆر چاکتر وایە سەربەستی کارکردنی بۆ مسۆگەر بکەی تاکو وەک داهێنەرێ چێژ لە کارەکەی خۆی وەرگرێ. ئەکتەران کە تانە لە ڕیژیسیۆر بدەن و وای لە قەڵەم بدەن کە شارەزایی لە پیشەکەی خۆیدا کەمە، بەوە وەسفی دەکەن کە هەر لە سەرەتاوە کوتاڵەکەی بە حازری دەوێ و لێ ناگەڕێ ڕۆڵەکە هەنگاو دوای هەنگاو گەڵاڵە بکا.

هەوڵ بدە لە هەموو قۆناخێکدا ئەرکێکی دیکە، ئەرکێکی نوێ بە ئەکتەرەکانت ڕاسپێری ئەرکە نوێیەکانت دەبێ لە پێناوی دۆزینەوەی کەرەستە و فۆرمی نوێدابێ، هەنگاو بە هەنگاو دوای ئەکتەرەکانت بکەوە، لە باری هونەرییەوە پێشی بکەوە، چونکە ئەکتەر چاوەڕێی ڕێنمایی و بەسەر کردنەوەیە. ئەم سیاسەتە لەبەرچاو بگرە: دوایان بکەوە و سەرکردایەتیشیان بکە.

# سیاوچەمانە، حەنجەرەی بێگەرد

**عادل محەمەد پوور**
**(مەریوان)**

پێناسەی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی گرێبەندە بە ناسینی شیعر و مۆسیقای ئێرانی کۆنەوە، کە ئەمە لە نەفسدا، خۆبەخۆ دەبێتە باسێکی دیرۆکی کە پێویستی بە توێژکاری بنەما سەرەکییەکان و هۆکارگەلێکەوە هەیە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی مۆسیقای کوردی. ڕەنگە لە دەقە کۆنەکاندا، ئەوەی لەبەر دەستدایە هیچکام ئاماژەی ڕاستەوخۆیان بە چەمکی جوغرافیای سەرهەڵدانی بابەتە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقای کوردییان نەکردبێ، جگە لەم دواییەدا کە هەوڵگەلێکی تاکی دراوە و تاڕادەیەک شێوەکانی مۆسیقای کوردی بە تایبەتمەندییە جوغرافیایی ناوچەییەکانییەوە پۆلێن بەندی کراوە کە لە ئاستی خۆیاندا پڕ بایەخن. وەک کارەکەی کاک محەمەدی حەمەباقی کە جێگای ڕێز و سوپاسە. ئەوەی پێشتر ڕۆژهەڵاتناسان لە مەڕ کولتووری کوردی بە تێکڕاو بەتایبەت شیعر و مۆسیقا کردوویانە، ئەگەرچی کردنەوەی باسەکان لەلایەن ئەوانەوە وەک دەسپێک شیاوی ڕێزە، بەڵام لە شێوەی کارەکان و بەستێنەی باسەکان جێگای سەرنج و ڕەخنەیە. چونکە ئەو کارەی ئەوان کردوویانە، کۆی هەرێمی کوردستان بە هەموو ئوسلووبە جۆراوجۆرەکانییەوە ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەنگە باسیان لەسەر هەندێ شێوە مۆسیقا یان شێوازی شیعر کردبێ، بەڵام ناوچەکانی تر خراونەتە بۆتەی فەرامۆشییەوە. هۆکارەکان لە چیدا بووە، ئەمە باسێکی تری تایبەتی دەوێ، بەڵام بەڕای من ڕەنگە یەکەی هۆکاری سەرەکی ئەمە بێ: «بە داخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی لە مەسەلەکە دواون، لە دەرەوەی گۆڕەپانی زمانەوانی وەستاون. ئەو

کەسانەی نووسەر، شاعیر، پیاوی سیاسی، مێژوونووس و ڕۆژنامەگەرن، بەڵام زمانەوان نین. هەربۆیەش بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکدا ناتەبا و جیاوازن. لە کاتێکدا هەندێ ئورووپی وەک «میجەرسۆن» و «ئۆسکارمان» و «مەکەنزی» و هەندێکی تر، بە لێبڕاوەییەوە، شێوەی گۆرانی بە زاراوەیەکی فارسی دادەنێن، کەسانێکی دیکە هەمان ڕوانگە بە هەندێ گومان و دوودڵییەوە دەردەبڕن وەک: «مینۆرسکی، ئەدمۆندز، ڤاسیلی نیکیتین و ژاک دومۆرگان». ئێرانییەکانیش شێوەی تایبەت بە خۆیان گرتۆتەبەر: بەشێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەرە ئێرانییەکانیش شێوە باشوورییەکانی زمانی کوردی بە زاراوەیەکی زمانی فارسی دەدەنە قەڵەم و... بەشێکی دیکەیان، «گۆران» بە کوردییەوە دەبەستن، ئەنجا هەردووکیان پێکەوە بە زاراوەیەکی فارسی دادەنێن (پێشەکی بورهانی قاتیع).

«زانا و ئەدیب و تەنانەت زمانەوانی کوردیش لەو بازاڕە ئاڵۆزەدا چەواشە بوون و هەرکام سازی خۆیان لێدەدەن. لێرەشدا، وەک زۆر لایەنی دیکەی ژیانی فەرهەنگی و سیاسی، کورد تووشی شەواره هاتووە و سەرلێشێواوە: بەڕێز ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دوو کتێبی لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی نووسیوە و لە هیچکامیاندا، تەنانەت ناوێکی لە زمانی گۆرانی و بە گشتی شێوە باشوورییەکان نەهێناوە. یان نووسەرانی «فەرهەنگی کوردی سۆرانی- ڕووسی» بە هەمان شێوە، زمانی کوردییان تەنیا کردووە بە دوو بەشی کرمانجی ژووروو و خواروو و باسێکیان لە شێوەکانی باشوور نەکردووە.» (١)

کتێبی «مێژووی مۆسیقای کوردی» نووسینی بەڕێز محەمەدی حەمە باقی، وتمان تا ڕادەیەک مەبەستەکەی پێکاوە و توانیویەتی، باسەکان و ئوسلووبەکان لە کوردستانی بەربڵاودا بەشێوەی دیرۆکی پۆلێنبەند بکات، بەڵام لە مەڕ (سیاوچەمانە) و شیکاری پێکهاتەی ئەم دەستەواژەوە، تووشی هەمان دووپاتکردنەوەی دیتران هاتووە و نەیتوانیوە جەوهەری چییەتی ئاواز و مۆسیقای ئەم چەمکە کە گرێدراوە بە هەمان ڕواڵەتی قامووسی ئوسلووبەکەوە، پێناسە بکات. باسی جەوهەری و واتایی ئەم وتاریشە ڕەنگە هەر شیتەڵکاری ئەم پەیلوای و بۆچوونە بێ. لە درێژایی وتارەکەدا بە پەیلواکەی کاک حەمە ئاماژە دەکرێت و پەیلوای خۆمان ڕوون دەکەینەوە. وتمان بۆ پێناسەی شیعر و مۆسیقای کوردی بەهۆی هاوخێزانی دیرۆکی، دەبێ سەرەتا ئاوڕێک لە سەرەتای دەسپێکی ژیار و کولتوور و دۆخی سیاسی و پێکهاتەی ئێرانی کۆن بدەینەوە.

«وڵاتی ماد، لە چەند وڵاتی سەربەخۆی تر پێکهاتبوو، کە سەرۆکی هەمموویان «شاهەک» گەلێک بوون کە بە باوەڕی دیاکۆنۆف، ئەمانە حوکمدارێکی سەرەڕۆ و پاوەنخواز نەبوون، بەڵکو بە وتەی «هیرۆدۆت»، مادەکان خاوەنی گلێرگە و جڤێنگەیەکی خەڵکی بوون و بێگومان شۆرای (شیوخ، پیاوماقووڵان) پێکهاتبوو لە باشترین تاک. لە ئاڤێستاشدا باس لەسەر ئەم چەشنە شۆرا و دانیشتنە خەڵکیانە، بەناو (هەنجومەن) کراوە.» (٢)

ئەمانە بەڵگە گەلێکن کە دەرخەری واقعییەتێکی دیرۆکییە بۆ کورد، کە پتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش خاوەنی دەزگای ژیارێکی دیموکراتیک بوون و ڕێزیان بۆ ڕوانگەی «ئەوی دی» داناوە و زۆریش لەسەر فەرهەنگی مەعنەوی و کولتووری خۆیان، تۆکمە بوون. «لە هەزارەی هەوەڵی پێش زایینیدا، خەت و نووسراوە لە هەرێمی فەرمانڕەوایەتی مادەکاندا، ڕەواجی هەبووە و بۆ گەلانی دیکەش تەشەنەی کردووە.. لە سەدەی ٧ی پێش زایینیدا مادەکان، خاوەنی خەتی تایبەت بوون، ئەم ڕێنووس و «خەت»ەش لە ئەمڕۆشدا ناسراوە بە «خەتی کۆنی پارسی» یان خەتی هەخامەنشی پلە ئەوەڵ، بەڵام لە واقیعدا، هەمان «خەتی مادییە.» (٣)

ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت کە سەرەتای بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش لە زایین دەگەڕێتەوە، لە پێنج بەش پێکهاتووە:

١- گاسەکان
٢- یەسنا
٣- وردە ئاڤێستا
٤- ویسپەرد
٥- ڤەندیداد

یەسنا: لە قامووسدا بە مانای سرووودی ستایش و ئاهەنگی جەژن و شادی هاتووە و لە دێر زەماندا، گاسەکان بەشێک بوون لە یەسنای ئاڤێستا و لە هەورامیدا «یەسە یەسە، یەزن یەزن» گۆرانییەکە کە دەوترێتەوە و بیرهێنانەوەی هەمان درود و ستایشە. ئەگەرچی بە چەشنێکی شاد و چەپڵەڕێزان ئەم نەزمە لەلایەن گۆرانیبێژانەوە دەوترێتەوە، بەڵام لە بنەمادا گرێدراوە بە هەمان دەربڕینی سۆز و شادی و ڕاز و نیازی ئایینی زەردەشتەوە و وەک تۆرە، میرات و کەلەپوور لەم کولتوورەدا ماوەتەوە و پارێزراوە.

سروودی گاسەکان (گازە) سروودگەلێکی ئاهەنگدارن، لەسەر فۆرماسیۆن و پێکهاتەی شیعری هیجایی، کە لە واقیعدا دەبنە کۆنترین و ڕەسەنترین پاژی ئەوێستا، بەر لە نووسینەوەیان و گەلاڵەبوونیان لە ئاڤێستادا، لەلایەن گۆرانیبێژان و سترانچڕانەوە «گوسان»ەکان، وتراونەتەوە و دەمـاودەم و سـینگ بە سـینگ گـەیشـوونەتە نەوەی دوارۆژ تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئێـسـتـایش لەسەر زاران گـۆ دەکرێن، بەڵام ناوونیـشـان و شـمـەکـێکی تریان بۆ دیاری کراوە و «بەهۆرە» و «سیاوچەمانە» و «لاوژە» و «لاوک» و... نێـوزەد کراون و ئێـسـتـایش لە قامـووسدا پارێزەری هەمان واتا و هەمان پەیامی کۆنن کە دەکرێ لە سەریان زۆرتر باس و خواس بکرێ.

یەسنا بریتـــیـــــە لە ٧٢ بەش (فـەسڵ) کــە هەر فـەسڵێکیش پێدەوترێ «هات». ١٧ هات لەم کۆمـەڵە گاسەکان پێکدێنن لەم پێنج بەشەدا:

أ- هاتی ٢٨ تا ٣٤
ب- هاتی ٤٣ تا ٤٦
ج- هاتی ٤٧ تا ٥٠
د- هاتی ٥١
ه- هاتی ٥٢

کە ئەم هاتگەلە بە شێوەی خوارەوە ڕیزبەند دەکرێن:

١- اهونودگات
٢- اشتودگات
٣- سپنتمدگات
٤- هوخشترگات
٥- وهیشتوایشت گات

«سـرووودگـەلی پەنجگانەی گـاسـە بەشـێـوەیەکی ڕەوشـمـەند، گـەڵاڵە کراون کـە لە دەقـە وەرگـێڕاوەکـاندا، وێڕای گــــەڵاڵە بوونی لەســــەر یەک ڕەوش، باس لە فرەچەشنی واتایی و هەڵسوکەوتی زەردەشت دەکات. جار هەیە زەردەشت لە حـاڵی بانگهـێـشت و مـۆچیـاری خـەڵکدا، دەنوێندرێ. جـاریش هەیە لە حـاڵی نزا و پاڕانەوە و نوێژ کردندا. یان بە توانج و لۆمە، بۆ نەیاران. لەحنی سـروودەکـان، جـار هەیە، مـۆچیـاریکەرانە و فێرکارانەیە و جاریش هەیە حەماسی و پەلاماردەر، بەڵام لە هەر حـاڵدا، خـاوەنی ڕیتـمـێکی مـۆچیـارکـەر و وشیارکەرەوەیە.

زەردەشت لەم ســـــرووتانـەدا، زۆرتر مـــەبەســــتی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و چاودێری و ڕەعـایەتی حـاڵی ئاژەڵ بووە. هەر بەم بۆنەوە ڕەگەیەک لە ژیانی شوانکاری لە گاسەکاندا دەبیندرێ کە ئەمە خۆی شێوەیەک بووە لە خۆشـەویسـتی تایبـەتی بۆ سـروشت و شـادمـانی ژیانی مەعنەوی. ئەندێشەیەک دەتوانین بە ناوی «مەعنەوییەتی گـوندی» ناودێری بکەین. لە دوو تۆی ئەم ئەندێشـەدا، چەشنێک پیرۆزێتی کـار و کاربەسـتی ژیانێکی مادی و ئەم جـیـهـانی و چێـژەکـانی وەک خـەڵاتێکی یەزدانی، سەرهەڵدەدات.» (٤)

لەم باسەدا لە هەمبەر ڕانانکاری سروودەکانی «گاسە» و «سیاو چەمانە»ی ئێستا ئەم چەمکانەی خوارەوە دێنە هەڵێنجاندن و پێویستە لەسەر هەریەک لەوانە شرۆڤە و شیتەڵکاری بکرێت:

**یەکـــەم:** پرەنسـیپی سەرەکی هاوبەش نێـوان ئەم دوو دەقە، کرکە «سروود، نەغمە» وەک ڕەگەزێکی مۆسیقایی بڕگــەیی لە فـــرەچەشنی دەنگەکـــان و لەحنەکـــان و کێشاندنیان و پشت بەستن بە گەروو و بینخواردنەوە و چڕی شـەپۆلە دەنگەکـان لە سیـاوچەمـانەدا. ئەم دۆخـە دەگەڕێتـەوە بۆ هەمان توخمی مـۆسیـقایی کـە لەناواخنی خودی زمانەکەدایە. وەک توخمێکی زاڵی مۆسیقایی لە شیعرو مۆسیقای گۆراندا، واتە دەنگ تەوەری، کە باسی لەسەر دەکەین.

**دووەم:** پرەنسیپی ستایشی سرووشت لەم سروودانەدا، کە ئەمە ڕەنگە ڕەوتێکی گشتگیر بێ بۆ شێوازی شیعر و مۆسیقای کوردی.

**سێیەم:** چەمکی لیریکا و ئێرۆس، هەوێنی جوانی و خـۆشـەویسـتی و شـەنگی و دەلالی و شـادمـانی ژیانی مـادی. کـە گرێدەری سۆزی سیـاوچەمـانەیە (بە تێکڕا شیـعر و مۆسیـقـای کوردی) لەگـەڵ سروودی گـاسـەکـان (پاژێک لە یەسنا)

کرکە (سروود، نەغمە) ڕەگەزی مۆسیقای ڕەسەن:

سروود، هاوسـەنگەکـەی (کرکـە، نەغـمـە، گـۆرانی)، وتنەوەی هەڵبــەست، ئاواز و غنا (تغنی و ترنم) لیــر (Lyr)ە لە کوردی و فارسی و عـەرەبی و یۆنانیدا. یان بە ئینگلیزی (Lied, Song).

«لە شانامەدا، پارچە شیعرێک کە بەژەندنی ئامێر و ئاوازەوە دەوترێتـەوە. وەک ئەم سـرووده کـە سـترانبـێـژ (گـــوســـان) لە وەســـفی مـــازەندەراندا، دەیڵێ و دڵی کەیکاووس دەرفێنێ:

**به (بربط) چو بایست بر ساخت رود**
**براورد مازندرانی سرود**

یان ئەم کرکە (نەغمە):

**سخن های رستم بەنای و بە رود**

**بگفتند بر پهلوانی سرود**

سروود (نەغمە) لە شێوەکانی شیعری غنایيە (Lyrink)، ئەگەر سروود ناوەرۆکێکی ستایشی پاڵەوانی و لێهاتوویی هەبێ ئەوا پێی دەڵێن: (چامە)، بەڵام مەبەست لە سروود، گێڕانەوەیەکی گچکە کە توخمی گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەڵام وەک وتمان هێشتا گچکە و ناگەیەتە ڕادەی چیرۆک. ئاخێزگەی زۆربەی حەماسە مەزنەکانی جیهانیش لەسەر ئەم فۆرماسیۆنە دانراون یانێ کۆی چەن سروود کە دەبنە بەشێکی مەزنتر و ئەنجا لە زنجیرەی ئەمانە لە تێکهەڵکێشدا، حەماسەیەکی مەزنی نەتەوەیی دروست دەبێ بەناو: «Epos». هەروەها کە شانامە و ئیلیاد و... لەسەر ئەم پەیوەستە تێکئالاویيە دروست بوون.» (٥)

لە ئێرانی پێش لە ئیسلامدا، شیعر وەک ئەمرازێک لە خزمەت سروود و مۆسیقادا بووە. مۆسیقا دەورێکی سەرەکی بینیوە لە دەربارەکان و دیوەخانەکاندا. زەردەشتییەکان، بۆ ئەوەی خاوەنی دەزگایەکی بڵندی ژیاری و مرۆڤانی بوون، پتر بایەخیان بە مۆسیقا داوە. لە دەربارەکاندا، گرووپێک بوون بەناو «گوسان» کە بە ئەمرازی مۆسیقا (بەربەت، ڕوود، چەنگ و تەمبوورە) سروودیان وتووەتەوە. وەک: باربەد، نەکیسا، بامشاد و رامتین و... لە چاخی ساسانییەکان کە بەمانە دەوترا: گوسان (خونیاگەر). پیشەیان ئەمە بووە: گۆرانی بۆ ستایشی خواکان و مووبەدەکان و ئاورگەکان. پاشان پێیان دەگوترا «عاشوق، عاشیق» (٦)

خۆشبەختانە، ئەم دابە لە کەلتووری کوردیدا پارێزراوە، گۆرانیبێژان و سترانچڕان و هۆرەکەران و سیاوچەمانە بێژان، بە ئامێری مۆسیقا- بە تایبەت لە ئەهلە هەقییەکاندا بە تەمبوورە شیعری شاعیران دەچڕنەوە. دەفتەری یارسان هەر بەو ناوەوە ناسراوە بە سروودی یارسان.

## «گوسان»ەکان و پارێزەرانی ئەڵقەی ونبووی گۆرانی کوردی

«گەزنەفۆن لە ساڵەکانی ٤٥٥- ٣٥٥ پ.ز باس لەم سروودانە دەکات کە تا ساڵەکانی پاش کورۆش دەچڕانەوە. تەنانەت لەم سروودانەدا کە لەلایەن «گوسان»ەکانەوە دەوترانەوە باسیان لە ڕەوش و ئاکاری بەرز و جوانی کورۆش دەکرد. ئەم سروودانە نیشاندەری تایبەتمەندیەکی بەرزن کە تا ئێستا کەمتر باسیان لەسەر کراوە، ئەویش چەمکی ئەدەبی جەماوەر و ڕەهەندی فۆلکلۆر بوونی ئەم دیاردەیە کە لە لایەن گێڕەرە و گوسان و سترانچڕانەوە وتراونەتەوە و سینگ بە سینگ و نەوە بە نەوە بۆ نەوەی سەردەم پارێزراون و گێڕراونەتەوە. هەبوونی جێ پێی ئەم «گوسان»انە لە چاخی مادەکان و هەخامەنشییەکان و پارتییەکان و ساسانییەکاندا، دیارە، بەڵام چەندایەتی و چۆنییەتی کارەکانیان بەهۆی نەبوونی بەڵگەی متمانە پێکراوەوە، نادیارە، بەڵام دەزانین کە ئەم گۆرانیبێژانە، بە سروود و ئاواز بۆ ئاکار و ڕەفتاری خواوەندەکانیان و پاڵەوانان پیاهەڵدانیان و وەسفیان، کردووە. سەرچاوە یۆنانییەکان، باس لەسەر گۆرانیبێژێکی مەزن لە سەردەمی «ماد» دەکەن بە ناو «ئانگارێس». کە لە یەکێک لە سروودەکانیدا لە بەزمێکی شاهانە لە ئاسانەی ئاستیاگدا، مەترسییەک دەخاتە ڕوو کە ڕەنگە بۆ شا ڕووبدات و باس لە درندەیەکی زۆر قەوی و قوڵ بەهەیبەت دەکات کە ئازاتر لە بەرازی وەحشییە و لە گەنکاوێکدا پەیدا دەبێ و ئەگەر مۆڵەتی بدەنێ، زاڵ دەبێ بەسەر خەڵکدا و شاش لەناو دەبات. ئاستیاگ لێی دەپرسێ ئەم بوونەوەرە درندەیە کێیە و چییە؟ و گۆرانیبێژ دەڵێ: کورۆشی پارسی(٧). لەوەی کە ئەم گۆرانیبێژانە، خۆیان بۆ خۆیان، شیعر و ئاوازیان دانابێ هێشتا ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام پێدەچێ برێ جار، شیعرەکە هی خۆیان بووبێ. دەزانین کە زۆرینەی ئەم سترانچڕانە، لە ئێرانی کۆندا، ناکاو (في البداهة) شیعریان گوتووە. ناوەرۆکی شیعرەکانیشیان، چیرۆک و ئەفسانەی دەڤەرەکە و گوێی ئاگردان بووە. دینۆن Dinon لە سەدەی چواری پ.ز لە مەڕ مادەکانەوە دەنووسێ: کە لە نیوەی ئەوەڵی سەدەی ٦ی پێش زایین، لە دەرباری مادەکاندا، شاعیرانێک هەبوون کە بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکانیان لە هەندێ گێڕانەوەی نەتەوەییەوە وەردەگرت. دیاردەیەک کە ئێمە لەگەڵ جیهانێک لە ئەدەبی شاهانە لەم دەربارەدا ئاشنا دەکات. بە تێکڕا لە سیمای هەر دەڤەر و ئاقارێک نیشانەیەک لە ئەدەبی جەماوەر و فۆلکلۆرێک دەبینرێ، یانێ ئاسەوارێک کە دەستی موغەکان بەوان نەگەیشتبێ. دەبێ گرینگی ڕۆڵی گوسانەکان و گۆرانیبێژانی جەماوەری و شەقامی، تەنانەت فەرمی و دەرباری، لە چۆنایەتی ڕسکان و فراژووبوونی ئەم ڕەوتەدا بدۆزینەوە، کە لە هەڵگرتن و دەس بەسەراگرتنی ئەم گەنجینەدا، پاسەوانی و پارێزگارییان کردووە. خۆشبەختانە، ئەم دابە

لە پاش پتر لە سێ هەزار ساڵ، بە هەندێ گۆڕانکاری ڕووکارییەوە، لە فۆرم و لەناوەرۆکدا، لەلایەن بەرەکانی ئەوسای کوردەوە پارێزراوە و بەرەی ئێستاش بە چاوی گەشبینییەوە لێی دەڕوانن و بۆ دوارۆژیش دەبێ لێیان پارێزگاری بکرێ.

شێوەی کاری گۆرانیبێژان (گوسان) یان شاعیرانی گەڕۆک، وابوو کە لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر گەڕاو، ئەو شیعر و ئاوازانەی کە دڵخوازی جەماوەر و شەقام بوون، چڕاونەتەوە و لەگەڵ ئامێری (چەنگ، بەربەت و ڕوود و تەموورە)دا هاودەنگ کراوە. لە دنیای دەرەوەی ئێرانی کۆنیشدا، ئەم دابە، ڕەچاو کراوە بۆ ئەم سترانبێژانە لە هەر وڵاتێکدا ناوێکی تایبەتی و ناوچەیی هەبووە. بۆ نموونە، لە یۆنانی کۆندا، بەم گۆرانیبێژانە گەڕاڵانە، دەوترا: «راپسوودە Rhapsode» کە کاریشیان زۆرتر چڕینی شیعرەکانی «هۆمەر و هێسیۆد» بووە. کە لە ئەدەبی یۆناندا، ناسراون بە پاسەوانانی شیعری حەماسی و نەتەوەیی یۆنانی کۆن. لە ئەورووپایشدا بەم کەسانە لەنێو هۆزی ژەرمەندا، «ئیشپیلمان، spielman» و لە فەرانسەدا «ژووگلۆر، Gongleur» (ترۆبادۆر) دەوترا. تەنانەت تا سەدەی چوارەمی زاینی ئەم گرووپە لە پاراستن و ڕاگواستنەوەی ئەم دابە هونەرییە میللییەدا، بە گوڕ و چالاک بوون. هەروەها ئەم دەستە لە ئەدەبی ڕووسییەدا، بە «ئێسکۆمرۆخی، Skomrochi» ناسراون. «گوروغلی خوێنی» ناوێکە بۆ بێژەرانی وڵاتانی تاجیکستان و تورکییە و ئەرمەنستان و ئەفغانستان و کوردەکانی ڕووسییە و... کە کاریان گێڕانەوە و شانامە خوێندنەوە و چەمەری وتنەوە و... بووە». (٨)

گوسان Gosan، ناوێکە لە ئێرانی کۆن و ناویندا، بۆ ئەم دەستە گۆرانیبێژە گەڕۆکانە، دەستنیشان کراوە. کە لەم بارەوە، «کریستین سن، نۆلدکە، خاتوو بویس، ئەحمەدی تەفەزوولی و جەمشیدی سروشیار و دکتۆر خالقی موتلەق»، توێژکاری باشیان کردووە. بڕوانن کتێبی (گل رنجهای کهن) لە دوکتۆر جەلال خالەقی موتلەق.

ئەوەی لە بارەی ئەم دەستەواژە لێکدراوەوە دەیخەمە ڕوو، لە بارەی ڕەگناسی وشەکەوە، پەیلوا و بۆچوونی تاکی خۆمە، تا چەندە دروست بێ:

گوسان (Gosan) یان بە تۆزێ دەستکاری و ئاسانکارییەوە (تسامح)، بڵێین گۆسان Gosan کە لە توخمی گۆ+ سان پێکهاتووە (گەو: گەور، گبر) یان گاور (مەجووس) و گەو (پاڵەوان، ناموسوڵمان و لادەری دین) زاراوەیەکە بۆ زەردەشتییان و مەجووسییان بەکاردەهات. بە عەرەبیش بووە بە کفر و کافر. «سان»یش بە دوو واتا بە کار براوە. یەکەم بەمانای سوڵتان کەواتە مانای ئەوەڵ، گەورسان بەپێی یاسای فرێدانی فۆنۆلۆژی «ر» فرتاوە، بووەتە گۆسان، یانێ کەسێ یان کەسانێک- کە هونەرمەند بوون- هونەری گۆرانییان بۆ (سانەکان) سوڵتانەکان و شالیارەکان چڕیوەتەوە. وەک: باربەد و نەکیسا و بامشاد و ڕامتین و... یان لەچاخی مادەکان «ئانگاریس» یان: ئورامەن لەپێش و پاش ئیسلام (فەهلەویاتی باباتایەر) یان پاش ئیسلام لە سەدەی چوارەمدا ڕوودەکی، یان سرووتەکانی یارسان (یاری سوڵتان)، لە سەدەی چوارەمی کۆچی، ١١٠٠ز وتنەوەیان بە ئامێری تەموورە. هۆرە و بە تێکڕا گۆرانی کوردی، هەورامی، سۆرانی و... مەولەوی تاوەگۆزی بۆ ئەم گۆرانیبێژانە زاراوەگەلی: نەیچی، موتریب و (مغنی) دێنێ کە زێدهات (بسامد)ی ئەم تاکواچانە فاکتێکە بۆ شێواز و ئەدگاری تاکی مەولەوی:

**- نەیچی! درەنگەن سا مەکەر درەنگ**
**فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وە دەنگ** (دیوان ل:٤٢٥)

**- مغنی! کۆکەر سازانت وە هەم**
**سەمتووری، تارێ، وە هەم کەرە جەم** (ل:٤٠)

**- تا موتریب وە ساز حەنجەرەی بێگەرد**
**هۆردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد** (ل:٣٠)

واتای دووەم: گەورسان: گەوسان= گەور(گاور)+ پاشگری شوێن (سان) جێگای گاورەکان و نیسبەت بە گاورەکان- وەک دەڵێن کورسان لە هەردوو واتادا، گەوسان- لەگەڵ گۆرانی (گەور+ان+ی)دا کە هەموو چەشنەکانی مۆسیقای کوردییە، یەک دەگرێتەوە.

کە لەسەر ئەم پەیوەستە هەردوو توخمەکە (گۆسان و گۆرانی)، لە ڕەگی «گەور»ەوە وەرگیراون، کە دوو شەقڵی زمانەوانین بۆ گرێدانیان بە «گۆران»ەکانەوە.

«گۆرانی مەبەستمان لە سەرتاپای کۆڵەکەکانی گۆرانییە کە گرنگترینیان مۆسیقایە ئەو مۆسیقایە لەگەڵ لە دایکبوونی ئاوازەکەدا، ئاوێتە دەبێ و دەبێتە سۆز و هەوێن بۆی» (٩٠) «ئەمە باشترین بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی کە واژەی «گۆرانی» لەو کردەوە دێرینەی خێڵی «گۆران»ەوە وەرگیرابێ، چونکە تا ئێستاش هەر لەناوچە نزیکەکانی ئەم خێڵەوە، ئەم واژەیە بەکاردەهێنرێ، ئەگینا هێشتا لە سەرتاسەری کوردستانی باکووردا، لە بری

واژەی گۆرانی، دەڵێن «ستران»، یان «لاوژە». تەنانەت پەیڕەوانی ئەهلی هەق، خۆشیان، بەم کارەی خۆیان ناڵێن: گۆرانی، بەڵکو وتمان، پێی دەڵێن سروود». (١٠)

بەڵام «گۆسان» جێناوی ئاوەڵناوی بکەری کاری گۆرانی وتن و سترانچڕین و سیاوچەمانە وتنەوەیە، کەسێک یان کەسانێک کە هونەری گۆرانی، سیاوچەمانە بۆ شاریاران و شاکانی دەربار- لە کوردستانیشدا، لە ڕابردووی نەچەندان دووردا لە دیوەخانەکاندا- بۆ سانەکان و خانەکان دەچڕییەوە. یان بە شێوەی نافەرمی و گەڕۆکی لەم دەڤەرەوە بۆ ئەو دەڤەر، ئەم کارەیان دەکرد.

لەم پرۆسە زەمەنییەدا، وەک باسمان کرد، ڕەوتی «کرکە، سروود، گۆرانی، هۆرە و سیاوچەمانە کە دوایی لەسەر واتای دەستەواژەکە باس دەکەین، هەر لە دێر زەمانەوە، لە چاخی مادەکان و دەسپێکی ئەم دابە لەلایەن «ئانگاریس» تا هەخامەنشی و پارثەکان بەناو «گوسان» و تا ساسانییەکان بەناوی «خونیاگەر» و پاشان «عاشوق، عاشیق» و ئۆرامەن و یارسان و نەیچی و موتریب و (مغنی) و... تا بە ئەمڕۆ بە گۆرانی ئێمەوە گرێدراوە.

کوردەکان بە تایبەت هەورامییەکان بۆبەرز ڕاگرتن و مانەوەی ئەم کەلەپوورە، لە هیچ چاخێکدا، نەسرەوتوون و لە بەختکردنی گیان و ماڵ و خوێن، دریغییان نەکردووە و تا ئەم گەنجینەی کە ئێستا بووەتە، چییەتی ناسنامەی فەرهەنگی و نەتەوەیی، بێپارێزرێ و هەتا هەتایە شانازی پێوە بکرێ.

«وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەم شەڕ و پێکدادان و ڕاپەڕین و یاخیبوونەی کوردان، لە سەرەتای ئیسلام، تا کۆتایی سەدەی چوارەم و لە هەندێ جێگەی تری وەک ناوچەکانی هەورامانیشدا، تا درەنگتریشی خایاندووە کە مەبەست لەم کورتە پێشەکییە ئەوەیە بڵێین ئایینی پێش ئیسلام، کە ئایینی زەردەشت بووە و ئەویش، چونکە ڕێز و گرنگی زۆر بۆ مۆسیقا داناوە، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا، لە هەندێ لەم ناوچانەدا و بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەوراماندا و ئازەربایجان و لورستاندا، شوێنی پێ لەق نەکردووە و دواتریش هەر ئەم مۆسیقایەی لە دێر زەمانەوە، لەو ناوچەدا ڕێزلێکراو بووە- بە جۆرێکی تر کە ئایینی ئیسلام پەسەندی بکات گەیشتە ناو ئیسلامیش، یان بە واتایەکی تر، مۆسیقای کۆنی ئێران، زەبر و جێپەنجەی خۆی، لەناو ئیسلامیشدا ڕەنگی دایەوە، بەڵام نە بەو جۆرەی کە لای پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت و دواتریش لای ئەهلی هەق هەبوو، کە لە ئاتەشکەدە و جەمخانەکاندا بەکاریان هێناوە...» (١١)

## کرکەی «سیاوچەمانە» ڕەمزی لیریکا و ئیرۆس(١٢) (سۆزی ئەوین و هەوێنی جوانی و...)

لە دەقە کۆنەکانی «یەسنا و گاسە»کاندا، بە ڕاشکاوی ناوێک لە دەستەواژەی «سیاوچەمانە» نەبراوە، ئەم ناوە ڕەنگە دواتر، بەهۆی هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی و زاتی جوانی ئافرەتەوە بۆی داتاشرابێ. واتە وەسفی جوانی ئافرەت و سروشت، بەهۆی سروشتی ڕازاوە و خەملاوی هەورامان. لە ڕاستیدا ناوەرۆکی ئەم چەمکە هەمان شێوەی ساکارەکەی مامۆستا گۆرانە:

**سیاوچەمانە، سیاوچەمانە**
**هەورامان جێگای سیاوچەمانە**

بە پێچەوانەی باوەڕی هەندێ توێژکار کە دەڵێن... «سیاوچەمانە، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە ڕیشەی وشەی سەرە، سیاوچەمانیش لە جامانەوە هاتووە، کە ئەمیش خۆی لەخۆیدا، جەمایە، لەگەڵ پاشبەندی+انی کۆدا، کە پێکەوە و هەردووکیان وشەی (جامان)یان پێکهێناوە کە بە واتای کراسی دەردامانی ڕەش (پۆشانڕەش، کراسی ئاودامان ڕەش) هاتووە. ئەو «+ە»ی بزوێنی کۆتاییش دەنووسرێ بە وشەی ناساکارە و بۆ ئەوەی ڕواڵەتی ناو، یاخود هی ئاوەڵناوی بداتێ.» (١٣)

مێژووی مۆسیقای کوردی... لە زاری محەمەد ئەمین هەورامانییەوە ل٧٥

ئەم بۆچوونە، بێگومان ناڕاستەو هیچی لەگەڵ دەروونشیکاری ڕەنگەکان و ڕووکردی هەڵوێستکارانەی مرۆڤی هەورامانەوە، کە لەنەفسدا مرۆڤێکی جوانپەرەستە لە داوێنی دایکی سروشتدا گۆش کراوە و تەبعەن خۆشی لە ڕەنگی ڕەش و تاریک و خەمئامێز نەهاتووە، بەڵکو هەمیشە خوازیاری ڕەنگی شاد و ڕوون و سەرنجڕاکێش وەک سوور و باقی ڕەنگە دڵڕفێنەکانی تر هاتووە، ئەمە لەناو کوردستانی خۆشماندا ئەم دیاردە نەستییە وەک دیاردەیەکی کەسێتی بەخش، ڕەنگی داوەتەوە و بووە بە درکەیەک (کنایە). کاتێک باس لە دۆزێکی شاد و سوور و... دەکرێ، دەڵێن «من هەورامی نیم کە حەزم لە سوور بێ!»

لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە بەو واتاوە، کە چەندین ساڵە، دەجوێتەوە بەو ڕووکردە دەروونشیکارییەوە کە بۆ مرۆڤی هەورامی هاتووە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە لەپێش ئیسلامدا ئاوا جل و بەرگێک کرابێتە بەر، بەڵکو، چەمکی «ڕەش پۆشـان»، دیاردەیەکی پاش ئیسلامە و بە هۆگرانی ئەبو موسلیمی خۆراسانی دەوترێ کە بۆ ئەوە لەگەڵ بنەماڵەی ئومەویدا دژبەری بکەن و دابەکانیان بسڕنەوە: «ئەبو موسلیم ئەمر دەکات کە چونکە «بەنی ئومەییە» خۆشیان لە ڕەنگی سەوز دێ، دەیەوێ ئەم ڕووکردە نەمێنێ، دەخوازێ سوڵتان عەبای ڕەشی سەر تادامێن بپۆشێ کە گوایێ هەیبەتی زۆرترە..» (١٤)

ئەم دابە، ڕووکردی برا شیعەکانە- هۆگرانی ئەبوو موسلیم-بووە. هیچی لەگەڵ مرۆڤی هەورامان و ئایینی هەورامان و ژیاری هەوراماندا ناگونجێ. چونکە دەبێ هۆیەک بووبێ کە ئەم کارانەیان کردبێ یان ئەوەڵناوی ڕەشپۆشیان پێوە لکابێ لە حاڵێکدا لە مێژووی کولتووری هەوراماندا، هیچ بەڵگە یان هۆیەک بۆ ئەمە نەدۆزراوەتەوە، جگە لە حەز لە جوانبوون و شەنگبوون و شادبوون و دلۆڤانی... نەبێ.

بەڕای من دەبێ واتا یان واتاکان تەنیا لە دوو تۆی دەنگ ئاماژە (دال)ی سیاوچەمانەدا، بدۆزرێتەوە. پێشتر ئاماژەمان کرد کە ئاخێزگەی مۆسیقای کوردی بەگشتی، بەتایبەت (سیاوچەمانە)ی هەورامی، دەگەڕێتەوە بۆ «گاسە»کان و «یەسنا»ی ئەوێستا، کە خۆیان بە مانای سروودن. یان سروودی جەژن و شادی. سروودیش خۆی لەخۆیدا خاوەنی ڕەگەزێکی مۆسیقایی بەناو «کرکە، نەغمە»یە کە هاوسەنگی «غەنا» لە عەرەبی و (Lyr) لە یۆناندا و بە گوتەی مەولەوی «حەنجەرەی بێگەرد». شیعری غەنایی و لیریکیش «بە پانایی شیعرێک دەوترێ کە تەعبیر لە هەستی تاکی و خولگەی ڕۆحی شاعیر وەک: ژیاندۆستی و جوانی، دەرد، ژان، خۆشەویستی نیشتمان و ئەوینی تاک و... دەکات. لە ئەدەبی یۆناندا «ترپسیکۆر» خواوەندی سەما، ، «ئیرۆس، Eros» خوا ژنی یۆنانی- ڕۆمی عەشق و لیریکا بووە کە لەم خولگە مۆسیقاییەدا، سەماکەر بە پێوەندی لەگەڵ ئامێری «لیر»- تەمموورەی پارسان- بە خوێندنەوەی شیعری عەشق ئامێز، بە جووڵە و حەرەکەتی سەما ئامێز، چوارچێوەی پێش فەرزە نەریتەکان دەبەزێنێ و دەچێتە ناو ئاسۆگە پاشوەختییەکانی ئەوین و عەشقەوە.» (١٥)

«ئەم چەشنە لیریکا و شیعری عاشقانە، Love lir-ic، فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبی یۆناندا، دەگەڕێتەوە بۆ چاخێک کە ئافرەتان خاوەن دەسەڵات بوون و پیاویش لەم سەیتەرەدا، شیعر و پیاهەڵدانیان بۆ ئافرەتان وتووە، تەوسیفی جوانی و ستایشی ئاکاری ئەوانیان کردووە». نموونەی ئەم چەشنە شیعرانە لەئەدەبی کوردیدا، بە تێکڕا و لە هەورامیدا، بە تایبەت زۆرن. دەتوانم بڵێم تەنانەت کرکەی سیاوچەمانە بە تەواو جۆرەکانییەوە (خاو و کرژ) تەعبیر لەم چەشنە ڕووکردە جوانی پەرەستانە دەکات و ستایشی سۆز و عەشق و جوانی و سروشتە، هەر ئەم توخمە مۆسیقاییە دەبێتە خاڵی گرێبەندی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و یۆنانی. وەک وتمان پاش ئیسلام بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام هەندێ هێڵی سووری داناوە، گۆرانیبێژان ڕووکارانە هەندێ ڕووکردیان گۆڕا و بە شێوەی هێمائامێز و سەمبولیک ڕەنگ و ڕواڵەتێکی عیرفانییان پێدا و تەنانەت جۆرێک سیاوچەمانە ناوی نرا: «شێخانە». کە لەم ڕووکردەدا، واچە (لەفز) هەمان واچەی حەقیقی بوو، بەڵام مەدلوولێکی میتافۆری و خوازیاری بۆ دیاری کرا، ئەنجا مەعشووقی دەرەکی و ئۆبژێکتی بوو بە مەعشووقێکی ناوەکی و سوبژێکتی و یۆتۆپیایی و ئەودیوی پەردەیی کە واتائاماژەکانی (مەدلوول) لە «شێخ و موراد و مەولا و...»دا وێنا دەکرا.

«کرکە، نەغمە» وەکو پرەنسیپێکی تایبەتی لە دەقی شیعر و مۆسیقای هەورامی و توخمێکی جیاکەرەوە لە شیعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، کە مەبەستم «ئەو هامـاوە دەنگ یان ئەو هێشـووە دەنگانەیە کە لە پێکهاتەی شیعری هیجاییدا، بەهۆی چڕی فۆنێمەکان و شەپۆلە دەنگەکان، مۆسیقای تایبەتی دروست دەکەن (دەنگ تەوەری)... کە ئەم دیاردە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان دەشارێتەوە و خۆی لە کێشناسی عەرووزی- لە شیعری کلاسیکی کوردی سۆرانی و فارسیدا- جیادەکاتەوە و دەبێتە کۆمپۆزسیۆن و ڕیتم بۆ شیعرەکە و ئاوازەکە...» (١٦)

ئاوا خسڵەتێکی مۆسیقایی لە زمانی هەورامیدا (لەسەر بنەمای دەنگ تەوەری) دەبێتە هۆی ئەوەی کە گۆرانیبێژ بۆ پڕکردنەوەی ئەم دەنگانە و چڕاندنی سیاوچەمانە و کێشاندنی شەپۆلە دەنگەکان پشت بە گەروو ببەستێ و بینی بۆ بخواتەوە. ئەمە خۆی فەلسەفەی ژیانی پڕ ئاستەنگ و بە کۆمەڵ و بەهەرەوەزی تاکەکان لە هەرێمی شاخاوی هەورامان دەگەیەنێ.

مەولەوی بۆ ئەو توخمە مۆسیقاییە، دەستەواژەی «حەنجەرەی بێگەرد» - گرێدەری نەغمەی هیجایی ئەوسا و کرکەی سیاوچەمانەی ئێستا - یانێ گەروویەک پاراو کە توانستی بینخواردنەوەی هەبێ، دێنێ، لە ڕاستیدا ئەم زاراوە مۆسیقاییە، فاکتێکی حاشا هەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی ئەو لێکۆڵینەوە کە لەمەڕ پرۆسەی دیرۆکی سیاوچەمانەوە، هاتە ڤەشاندن:

**تا موتریب وەساز «حەنجەرەی بێگەرد»**
**هۆردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد...** (ل٣٠ دیوان)

بە پێچەوانەی ڕای نووسەری «مێژووی مۆسیقای کوردی» کە دەڵێ: ناوچە سەختەکان، پلەی دەنگ و ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییان، توند و گورجە و تا بەرەو ئاران و پێدەشت و هەردوهەڵەتی باشووریش، شۆڕتر دەبینەوە ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییەکان، هێمنتر و خاوتر و ئارامتر دەبێتەوە»، بەڵام دەبینین بەشێکی زۆر لە کرکە سیاوچەمانە ئەگەرچی هی ناوچەی سەخت و شاخاوی هەورامانە، ئاوازەکەی بە پێچەوانەی ئەو وتە زۆر خاوە نە گورج؛ بە ڕای من ئەم خاوییە وێڕای هەبوونی خسڵەتی شەپۆلە دەنگی کرکە (نەغمە) لە شیعرە بڕگەییەکاندا، کە پێویستی بە وزەی زۆرتر هەیە بۆ دەربڕین ئەم توخمە بە گۆڕانە، نیشانەی باری سەختی ژیان و جۆری هەڵوێست و مەقاوەمە و پێداگرییە لەسەر هیوا بە درێژەی ژیان و بە کەمگرتنی دژواری و ئاستەنگی دیاردەکانی ژیان.

یان نووسەری ناوبراو هەر لەو کتێبەدا پێی وایە کە «تێکڕای مۆسیقا و گۆرانی کوردی، شەقڵێکی تایبەتمەندی خەمناکی هەیە»، دووبارە ئەو ڕووکردە، ئوسلووبی سیاوچەمانە و گۆرانی هەورامی، بە تێکڕا ناگرێتە خۆی. سیاوچەمانە تەعبیرێکی فەلسەفی و جەوهەری و ناوەرۆکییە بۆ هەوێنی گۆرانی هەورامی بە شێوەی گشتگیر و هەمەکی، ئەگینا گۆرانی چەپڵەیش سەر بە هەمان تەوەری سیاوچەمانەیە، کە هەموویان چ لە «زەماوەند و بووک هێناندا چ لە گێلای و سەحەری و دەرەیی و گەلەبێرێ و شێخانەدا»، شەقڵی سۆز و هومێد و خۆشی و عەشق و لیریکایان پێوە دیارە، نە ڕووکردی خەمۆکی و دەسبەئەژنۆیی. ئەگەر دوایی ئاوا شەقڵێکی لە ڕووکردی شێخانەدا بە خۆوە گرتووە، تەنیا کاردانەوەی هێڵە سوورە سەمبۆلیکەکانی ئایینی و عیرفانی بووە، بەڵام توخمی جەوهەرە ئیرۆسێتەکە هەر لە ئێستایشدا، پارێزراوە و بەردەوامە.

## ئورامەن هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شیعر و مۆسیقای گۆران

ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆسەی «سیاوچەمانە» و باقی شێوە ڕەسەنەکانی تری شیعر و مۆسیقای کوردی بە گاسەکان و یەسنای ئەوێستای بزانین، ئەوا «ئورامەن» یان فەهلەویات «پەهلەویات» دەبێتە کۆڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لە چەن سەدە پێش و پاش ئیسلامدا بۆ ئەم بزاڤە مۆسیقاییە کە لەم سەردەمەدا بەو چەشنە ئوسلووبانەوە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر باسمان لێوە کردن، وێنایان دەکەین. «ئورامەن چەشنێک وتنەوە و گۆرانییەک بوو تایبەت بە پارسەکان کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی بڕگەیی پەهلەوی بووە. ئورامەن کۆنتر لە زانستی کێشناسی عەرزوو بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بۆ ئەوەی پاساوی شیعری عەرووز بۆ بدەنەوە کێشی تەفعیلەی «مفاعیلین» (بەحری هەزەج)یان بۆ پێوانە کرد. چوون ئەم چەشنە شیعرە لەسەر پێکهاتەی فۆلکلۆر و فەرهەنگی دەمگۆی (شەفاهی)ی جەماوەر وتراوەتەوە، لەگەڵ ئەو دیاردەدا نەگونجاوە. بۆیە وتوویانە «مەلحوون».(١٧) زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنەوەی ئەم ئوسلووبە «تەکیە و خێرایی نەغمەکان و کرکەی بڕگەکانە (حەنجەرەی بێگەرد) کە تایبەتمەندییەکی شیعری ڕەسەنی هەورامیشە، هەر ئەم پرنسیپە، دەرخەری ئەم دۆزەتە کە بایەخی شیعری هەورامی لەوەدایە تا نەخوێندرێتەوە، توخمە پەنهان و بزاوتوەکانی وەک زەخیرەی زمانی کە لە دووتۆی زمانەکەدایە پێناسە ناکرێن. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی دەقی نویسار بە گشتی لە شیعری ئێران (و بەتایبەت لە شیعری هەورامیدا) ئەم خاڵە بووبێ، کە ئەم شێوەگەلە وتمان بەهۆی دیاردەی «دەنگ تەوەری تەکیە و خێرایی کرکەوە» لەم زمانەدا، دەبێ جەخت لەسەر لەحن و ئاوازی دەمگۆ بکرێ تا توانستی توخمە زمانییەکان وێنا بکرێ. ئاخێوەران و پێشینیانیش ئەو ئەمرازەی کە دەبوا کرکەکانیان تۆمار بکردبایێ نەیانبووە. (وەک نۆت لە ئامێرە مۆسیقاییەکاندا). هەر هەوڵێکیش بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقی نویسار بکردرابا ئەوا دەبوو بە چەواشەکاری و ئاڵۆزکاری ئەو هەمووە دەنگانە، چوونکای دەقی نووسیار تەنیا توانستی دەرخستنی پاژێک لەو پتانسیەلە دەرنەکەوتووەی هەیە و ئەوانی تر خۆبەخۆ فڕێ دەدرێن، بێ ئەوەی بیسەر هەستیان پێبکات، خاتوو پرۆفیسۆر «ماری بۆیس، پێیوایە

شیعری ئێران لە چاخە ساسانییەکان و ئەشکەکان و پێتریشن، سەرزاری- دەمگۆ، شەفاهی» بووە. ئەم دابە (شیعرە خونیایە زارەکیە) دوای هەرەسهێنانی ئێران و پاش ئیسلام نەسڕایەوە و ڕوودەکی پەرەی پێدا». (١٨)
حافز ئەم چەشنە شیعرانە بە «گلبانگ رود، گلبانگ پهلوی و خسروانی سرود» ناویان دەبات:

**بلبل زشاخ به گلبانگ پهلوی**
**می خواند دوش درس مقامات معنوی**
**مغنی کجایی به گلبانگ رود**
**به یاداران خسروانی سرود** (دیوان حافظ)

«لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامی - چاپی ئینگلیزی-دا هاتووە: بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بە دیالێکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە کە بە دڵنیاییەوە، پێموایە ئەم هەواڵە، جێی متمانە بێت، چونکە ناوی بابا تایەریش وەک ناوی زۆربەی ڕابەرانی ئەهلی هەق بە پێشگری بابا دەست پێدەکات. کە وەک دەزانین ڕابەرانی تر وەک «بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگ»یش هەر لە ڕابەرانی ئەهلی هەق و نموونەی تری ئەم جۆرە کارانەی بابا تایەر کردوویەتی، کارە بەناوبانگەکەی مەولەوی تاوەگۆزی لە عەقیدەی مەرزییەدا، کە بە زمانێکی سادەی تێکەڵ لە تێکڕای دیالێکت و بن دیالێکتەکانی هەورامان و سنە و شارەزوور و جوانڕۆ دارشتووە و پەیامەکەی بریتییە لە گەیاندنی باوەڕی ئیسلامی بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە. لە کاتێکدا ئەو دیالێکتەی مەولەوی شیعری پێ نووسیوە و پێی ناسراوە، ئەو دیالێکتە سادە و تێکەڵە، نەبووە کە ئەم باوەڕنامە ئیسلامەی پێ نووسیوە». (١٩)
جگە لە فەهلەویاتی باباتایەر، درێژەدەری ئەم دابە سەیدی هەورامییە شاعیری گەورەی سەدەی سێزدەی کۆچی هەورامانە کە بەشێک لە دیوانەکەی بەم شێوە شیعرانەوە تەرخان کراوە کە باسێکی تری دەوێ.

**پەراوێزەکان:**


**١- گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ٨، ڕەشەمەی ٨٠- ئەڵقەی ونبوو، ئەنوەر سوڵتانی.**
**٢- راوەندی مورتەزا، تاریخ اجتماعی ایران، ج١، ص١٤٥.**
**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.**
**٤- مۆئەزن جامی محەمەد مهدی- ادب بهلوانی- ص٥٩.**
**٥- خالەقی موتڵەق جەلال- گل رنج های کهن ص٣٦.**
**٦- گۆڤاری زرێبار- ژمارە٥٤- پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی.**
**٧- مۆئەزن جامی محەمەد مهدی- ادب بهلوانی- ص٩٠.**
**٨- خالەقی موتڵەق جەلال- گل رنج های کهن.**
**٩- حەمەباقی محەمەد- مێژووی مۆسیقای کوردی- ل٣٢.**
**١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
**١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.**
**١٢- گۆڤاری زرێبار، ژ٥٤.**
**١٣- حەمەباقی محەمەد- مێژووی مۆسیقای کوردی- ل٧٥.**
**١٤- صفا زبیح!...، تاریخ ادبیات ایران ج١، ص٢١ و ٢٢.**
**١٥- گۆڤاری زرێبار- ژمارە ٥٤ پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی.**
**١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
**١٧- گۆڤاری زرێبار- ژمارە ٥٣- زمان، فەرهەنگ، دەسەلات.**
**١٨- کەدکەنی شەفیعی، مۆسیقی شیعر، ل٤٨٢.**
**١٩- حەمەباقی محەمەد- مێژووی مۆسیقای کوردی- ل٣٣.**


**سەرچاوەکان:**
**١- مورتەز راوەندی- تاریخ اجتماعی ایران جلد١.**
**٢- خالقی موتڵەق- دکتر جلال- گل رنج های کهن.**
**٣- کدکنی شفیعی، موسیقی شعر.**
**٤- مۆئەزن جامی- محەمەد مهدی- ادب بهلوانی.**
**٥- حەمەباقی محەمەد- مێژووی مۆسیقای کوردی.**
**٦- سەفا زەبیحوڵلا...- تاریخ ادبیات ایران جلد١.**
**٧- گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ٨٨.**
**٨- گۆڤاری زرێبار ژمارە ٥٣ و ٥٤.**
**٩- فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، نوشته: جیمز هاڵ ترجمه: رقیه بهزادی، تهران ١٣٨٠.**
**١٠- گۆڤاری ئایندە، ژمارە٥٣.**
**١١- تاوەگۆزی مەولەوی، دیوانی شیعر، مەلا عەبدولکەریی مودەریس.**
**١٢- قەزوینی محەمەد، دیوانی حافز.**
**١٣- زرین کوب عبدالحسین، شعر بی دروغ، شعر بی نقاب، چاپ سوم ٢٥٣٦ انتشارات جاویدان.**

# شەپۆلی نالە و ڕامانی کوتوپڕ

لێدوانی: ماریا وینتەرستروم وۆرنە
لە سوێدییەوە: حەمید کەشکۆلی
(سوێد)

یەکەم جار کە کتێبەکە لە دەست دەگـرم بەرگــە ڕەنگینەکــەی زۆر دڵگیـرم ناکـا. لێ دوای ئەوەی کـە «سکاندیناڤـیا دوورگـەیەکی تر لە بخـوور»ی هەندرێنم خـوێندەوە بە باشی دەڕوانمە ئەو تابلۆیەی کــە زادەی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، لە ڕۆناکـایی دەقـەکـانەوە ئەو وێنەیە ڕاسـتەوخۆ باشـتر دەدوێ. ڕەنگی پاسـتیلی تێکهەڵچڕژاون و دیمەنی کێڵگەی بێ شێوەیان وەدی هێناوە، شەبەنگی جیاجیای کەسک و شین خەیاڵ بەرەو دەڤـەرێک لە لێـڕەوار، مـێرگ و ئاو ڕادەکـێشن. هێڵـە تاریکەکان دەشێ سێبەری هەور بن. ئەوە وێنایەکـە لە سـەرەوە، یاخـۆ سـرووشـێکە لە هەواوە؟ وێنەکـە هەموو شت لەمانە نیشان دەدات و هیچیش نیشان نادات.




هـەنـدرێـن لـە شیعرەکانیشیدا دیارە هەوڵ نادات دروست وێنەی واقـیـعـەکـە بکێشێ:

«سـاڵ../ وەرزەکـان../ ڕەنگی یەکـدی دەگـرن/ دەنگەکـان لێکهـەڵدەکـاڵێن/ و بۆشـاییـەکـان دەلەرنەوە» لە شیعری «دەفتەری ساڵ و قەڵەمی تەم». هەڵبەت ئەو دێڕانە ڕەنگدانەوەی بەرگی کتێبەکەیە، کە شـیـعـرەکـەی لەوێ وشـە بە وشـەوە دەئاڵێت لە نێو ساز و ڕازی دەنگدا.

– «کـات شـەمـەندەفـەری سـاڵ لێدەخوڕێ/ گەڵای فرمێسکی سەر ئەو تارمـەیە تا پشت ئەم پەردەیە دەڕسکێ!» – شـیـعـرەکـان لەبەردەم ناوەرۆکی هەمـوو وشـەیەک و لە دەرەوەی وەسـفی هەر وشـەیەک گینگڵ دەدەن.

با لە پێشـڕا بڵـێم ئەمن حەزم لەم جـۆرە شـیـعـرەیە. هەندرێن ڕووبارگـەلێک لە ناڵـە، پرسین، ڕێکەوتی چاوەڕوانی نەکـراو و ڕوانینی مەتەلۆکئامێز پێشکەشی خوێنەر دەکـات. جـار هەیە دروست لەو شیعرەی کە لە سەرەتای بەشی یەکـەمی ئەم کـۆمـەڵەیەدا هاتووە، «دوا نوێژی چیا و سەفەری مەحاڵ» – تابلۆ، یان وێنەی گـڕگـرتووی

پڕشنگدار خۆیان وێنە دەکەن: تەنیا ڕێگای کاکێشانە لەم کۆچەدا، قۆڵی لە قۆڵمان کردووە و کۆرسی گۆرانییە شینەکانە، کە ڕۆژانە وریتەی برینی لێوەکانمان هێۆر دەکات لە شیعری (بە جێمان)، بەڵام لێرەدا زمان بە زۆری گشتگر و بێ بڕیار دەمێنێتەوە.

بە لێشاوی دەوڵەمەندی پەیڤ و ئیلهامی ڕەنگینی بریسکەدار و ئاهەنگێکی بەرزەفڕدا، بە تایبەتی لە بەشی دووەمی کۆشیعری «ئێستا زەمەنی بکوژانە»، هەندرێن خۆ دەبەستێتەوە بە سوننەتێکی شیعریانە کە ڕەگەکەی لە شیعرە مەستەکانی «ڕامبۆ»دایە، کە سوریالیستەکانیش سەر بەم ڕەگەن. هەندرێن نامەگەلێکی ڕامبۆ و لە شیعری ئەدۆنیسی شاعیری سوریایی بۆ کوردی وەرگێڕاوەتەوە و لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. وا دەبینم شوێنی ئەم شاعیرە (ڕامبۆ - وەرگێر) لە هەندرێن باش عەیانە. هەمان چڕی و پلورالیزمی پارادۆکسەکان (مفارقات) لەکن هەردووکیان دەبینرێن و هاوکاتیش ژیانی کۆچەریەتی وەک تێمایەکی هەمیشە لای هەردووکیان بەرچاون. شیعری هەندرێن ئاهەنگێکی لێڵتر و چارەنووسسازترە لەو شاعیرە قەدیمە، کە وێڕای هەموو شت بوار بۆ لە دایکبوونەوە دەهێڵێتەوە.

هەندرێن دوای چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی لە کوردستان و ژیان لە ئۆردوگای ئێراندا بە ڕێگای تورکیاوە. لە ساڵی ١٩٩١ گەیشتە سوێد و لەو ڕۆژەوە لە تاراوگەدا دەژی. سێ کۆمەڵە شیعری بە کوردی لە چاپ داوە. شیعرەکانی «سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور» جگە لە هەندێکیان، شاعیر بە کوردی نووسیویەتی و کردوویەتی بە سوێدی، بە یارمەتی هەندێ کەسی وەرگێڕ. ئەزموونی ڕابردووی هەندرێن هەمیشە لە شیعرەکانیدا حازرە، بۆ نموونە لەو تێهەڵکێشانە چاوەڕوان نەکراوەدا کە لە دەرگادان و نامۆییدا خۆدەنوێنێ: «لە دەرگای نامۆیی دەدەم لە جوغرافیایەکدا تەم سەردوولکەیەکم بۆ دەچڕێ».

لێرەدا پەیدۆزی هەوییەت و شوێن هەمان کێشە و یەک کێشەیە، لە ساتێکدا دەڵێی قەدەری ژیانی فەرد وەسف دەکرێت و لە ساتێکی دیکەشدا تێکڕای مرۆڤایەتی. لە «کۆترە مەستەکان»دا خودا خۆیەتی لە ئەبەدیەتدا سەری هەڵگرتووە: «خوا بە چرای دەستییەوە بەناو ئەبەدییەتییەکەی بەرەو کوێ ڕای دەکرد؟...» و لە «زەمەنی بکوژان»دا دەڵێ: «ئەی ئەستێرەکان! لێرە لەم ئاسمانی تاراوگەیەدا پەنایەک وەرگرن!».

مخابن ئەستێرەکان، مخابن. لە بەرامبەر ئەم بۆشاییەدا ئەزی شاعیر بە کۆمەکی وشە خۆ دەپارێزێ: «هانایەک دوور دوور لە بۆشاییەکەدا دەنگ دەداتەوە» زەمەنی بکوژان.

لە شیعرگەلێکدا باس لە دەستکردی ڕستن و چنین دەکرێت وەک دەردی بێماڵی، ئەو سەرقاڵییەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هی داستانبێژەکە.

لەبەر ئەوەی دەقەکانی هەندرێن پچڕپچڕن و بە خەسڵەت بۆ ڕوونکردنەوە کەوی نابن، بۆیە وا حاڵی دەبین کە ڕستنی زمانییەکەی قەت تەواو و کۆتایی نایەت.

ئەم غیابەی کە شاعیر بە شێوەگەلێک دەینوێنێ لە تەونەکەدا کونی گەورەگەورەی بەجێهێشتووە و وشە چاریان ناکات. بە خوێندنەوەیەکی وا مرۆ دەبێ ڕازی بێت - ئەگەر دوایین خوێندنەوەی دەق نەبێت - «زەمەنە سەرابیەکانی سەرپشتی مانگایەک». بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان لێرەدا باس لە دیمەنگەلێکی ئەزی زارۆکایەتی لە کوردستانی باشوور دەکرێت؛ وەسفی ئەستێرەی واقیعی دەکرێت کە لەسەر سەری منداڵەکەیە کە لەسەربانێک خەوتووە و قسە لەمەڕ دەنگی سەمای دەروێشان و زیکریان بۆ خودا دەکرێ. لێرەدا دەقەکان ڕێک دەکەون و بۆ هەوەڵ جار لە ئینسانگەلی حازر و جێگەیەکی دیار و ناسراو دەگێڕنەوە. بەو کۆتاییە کۆمەڵە شیعرەکە بەرگێک لە هومێد بەخۆ دەبینێ و دواجار ڕستن و چنینی و شەگەل کۆتایی دێ.

**سەرچاوە:**
**گۆڤاری**
**KARAVAN NR 3 2004**
**SIDAN 91**

# سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری

لێدوانی: تاریق کارێزی
(کەرکوک)

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا سێ نامیلکەی ڕەخنەییە کە بە زمانی عارەبی لە لایەن ڕەخنەگری میسری (حەسەن سلێمان)ەوە نووسراون. ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا، هەر سێ نامیلکەکە لە لایەن (نەژاد عەزیز سورمێ)وە کراونەتە کوردی و لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە دووتوێی کتێبێکی ڕەخنەییدا بە ناوی (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری)یەوە چاپ کراوە، پێویستە هەڵوەستە و هەڵسەنگاندنێکی وردی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بکەین.



ئەگەر وەرگێڕان پرۆسەیەکی مەعریفی ئەوتۆ بێت، کە زانین و زانیاری لە زمانێکەوە دەگوازێتەوە سەر زمانێکی دی، کە پرۆسەیەکی هەستەوەر و زۆر وردەکارانە و پڕ ئەرکە، دەبێ بڵێین وەرگێڕان لە بواری شێوەکاریدا، دوو هێندەی وەرگێڕانی دیکە پڕ ئەرک و زەحمەتە، چونکە وەرگێڕ لەم بوارەدا پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەی هونەری دەبێت، کە نەک هەر لە زمانی کوردیدا نین، بگرە لە زمانی عارەبیشدا (کە زمانی ڕەسەنی کتێبەکەیە) هێشتا بە تەواوەتی نەچەسپاون و جێگیر نەبوون. ئیدی دەقێکی ڕەخنەیی کە بڕبڕە پشتی واتا، تێیدا پشت بە زاراوە دەبەستێت و زاراوەش لەم ڕەوشەدا بێت، ئاخۆ وەرگێڕان دەبێتە چ کارێکی سەخت و ئەستەم؟

دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی موکریانی کارێکی زۆر چاکی کرد کەدووەمین چاپی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی و لە چاپ و بەرگێکی پوخت و پڕ لە تابلۆ و وێنەی جۆر بە جۆر بڵاوی کردەوە.

ئێمە لێرە بە دواوە سووکە گەشتێک بە نێو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دەکەین، بە هیوای ئەوەی لە دوورەوە بە خوێنەرانی بناسێنین. لێرە گوڵێ، لەولا چڵێ، لەولاتر خونچەیەک دەپچڕین و بە دەم یەکیانەوە دەبەستین و دەیخەینە

بەردەم خوێنەران.

(خــەڵکی کـــە دەئاخــڤن یان دەنووسن، تەواو ئاگایان لە زمان و قــەڵەمی خــۆیان دەبێ و... بۆیە دەبینین زۆر شت دەشـارنەوە، یا بە بەڵـگـە و هـەنجــــــەتی دوور لـە راسـتـیـیـەوە دای دەپۆشن.. بەڵام نیگار کە بە زمانی هێڵ و رەنگەوە بۆمــان دەدوێ، بواری ئەوەی تیــا نیــیــە... هونەر زمـانێکە گـشت مـرۆڤـێکی ئەم گـۆی زەوییـە تێی دەگات..).

گرفـتێک لە وڵاتی ئێمـەدا هەیە، وەرگـێـڕ لە لاپەڕە (١١)دا ئاماژەی پێ دەکـات (.. لە لای ئێـمـە تاکـو ئێستا کە باسی هونەری شێوەکاری دەکرێ لەوە زیاتر نییـە، کۆمـەڵێک تابلۆ یا چەند داتاشــــراوێـک لە هۆڵێک پیـشـان دەدرێن و خـەڵکی دێنە تەمـاشـایان، کــە دەشـهـێـنە تەمـاشـا، یەکسـەر لە روانگەیەکی ئەدەبی رووتەوە ســـەیری کــــارە هونەرییــەکـان دەکــەن و هەر بەو جۆرەش لێکی دەدەنەوە، بە رادەیەک بیـنـەران ئـەوەنـدەی خـــــۆیان بـە ناونیشانی کارە هونەرییەکانی نێو کەتەلۆکی پێشانگاکە دەبەستنەوە، ئەوەندە بە تەنگ پێکهـاتە و رەنگ و لایەنی پێکهـاتن و جـوانکاریی دیکەوە نین..).

(بڕوا بوونی ئێمەی هونەرمەندیش لە رێی روانینی قــوڵی راسـتـیـی شــتـەکـانەوە دێ، چونکە روانینی تەمــاتیکی کــە تا چاخــەکــانی نێــوەڕاست لە نێــو پیــشـــەوەرە بەهرەدارەکاندا بوو، ئێستا نەماوە).

ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەی لە ژیان و زانســـتـــدا بەدی دێت، لە هونەریشـــدا رەنگ دەداتەوە، (.. بەڵام بەبێ تێگەیشـتنی فـەلسـەفـەی شـێـوەی هونەری و یاسـایەکـانی هاوسـەنگ بوون لە ژیاندا، لەوانەیە پێ لە تەختــەیەکی چرووک بنێین، هیچ رێگایەکیش لە پێش هونەرمەند دا نیــیــە، بێــجگە لە رێگای خــۆ بەسـتنەوە بە زانست و پتـەو کـردنی پێوەندی بەو جیهانەی تێیدا دەژین، ئەو جـیــهــانەی زانست دەورێکی دیاری تیا دەبینێ... دەنا سنوورە لە ترکزەکەی نێوان ئەو جوولانەوەیەی رووبەرووی ئاژاوە و شـپـرزەییـمـان دەکات و ئەوەی رژێم و سیستەمێک دروست دەکات، تێک دەتەپێ..).

هونەرمـەند و زانا پاوانێک هەیە کــۆیان دەکـــاتەوە (زانا بە چاوی هونەرمــەندەوە دەڕوانێــتــە ژیان، هونەرمــەندیش بە خــۆی دۆزراوەی زاناکــان بەکـار دێنێ، دەگـونجێ پێ لەسەر چەند شتێ دابگرێ کە ترسی ئەوەی لێ دەکـرێ رۆژێ لە رۆژان لە جیهاندا نەمێنێ).

یەکــەمین ئەزمــوون و مــەزنـتـرین ئەزموونی فـەلسـەفـە، گـەلی گـریک چەند سـەدەیەک بەر لە زایین کـردی، لەو سـەردەمەدا فـەیلەسووف هەبووە گـەردوونی بە چەق بەسـتــوو راڤــە کـــردووە، ئەو فـــەیلەســـووفـــە گـوتوویەتی؛ لە جـیـهـاندا هەمـوو شـتـێـک وەسـتـاوە و شـتـێک نییـە بجوولێ. فەیلەسووفێکی دی راست بووەتەوە و پێـــچـــەوانەی ئەوەی ســـەلماندووە، گــــوتوویـەتی؛ لە گەردووندا شـتـێک نییـە وەسـتـاو بێت، هەمـوو شـتـێک لە جـمینێکی بەردەوامـــدایە، هەر بۆیە کـــەس ناتوانێ دوو جـار پێی بخـاتە نێــو ئاوی یەک رووبارەوە. لەم لاشـــەوە زانسـتی فـیـزیا سـەلماندی کـە هەم شوێن و هەم زەمـان دوو فـاکـتـەری بنەڕەتین لە پێکهـێنانی گـەردووندا، هەردووکـیــشــیــان لە گــۆڕانی بێ پسـانەوەدان. رەنگە بۆ گـواسـتنەوەی ئەزمـوون مـرۆڤ پێـویسـتی بە بەش بەش کـردنی گـۆڕان هەبێت، چونکە خودی گـۆڕان وەک شت و دیاردەیەک لە وەسف و حـاڵەتێکی چەسـپـاودا پێناسە ناکرێت، بۆیە مرۆڤ بە هزر و بیـری خـۆی زانسـتی داهێنا تا لە یاسـای گـۆڕان و شـێـوەی گـۆڕان و ئاکـامی گـۆڕان بگات، هونەریشی بۆیە داهێنا، تا بیـســـەلمێنێ کــە دەتوانێ ببێـتـە رەگـەزێکی کـارا لە پرۆسەی هەمە لایەنی گۆڕاندا.

(خـەڵکی سـەرسـام دەبن کـە لە منداڵێک بپــرسن: ئەو هێـــڵانەی دەیانکێـــشی چین؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە (ئـەوە مـــاڵە) یـا (ئەوە مراوییە)، یاخود سەیری ئەو بازنەیە دەکـا کـە کـێـشـاویەتی، دەڵێ (ئەوە بابەیە). جا چونکە منداڵ هۆشی بۆ هۆیەکی ماقـوول ناچێ کە پاڵی پێوە دەنێ ئەو هێڵ و وێنانە بکێــشێ، بۆیە هەمــیــشــە دەیەوێ چەمک و مــانایەک بۆ هەر شــتــێکی وێنەی دەکـێشێ بدۆزێتەوە. مـرۆڤـیش بە دەوری خــــۆی هـۆشی بـۆ هۆیـەکی مـاقـووڵ ناچێ کـە پاڵی پێـوە دەنێ هونەری خۆش بوێ، بۆیە هەمـیـشـە دەیەوێ مـــــانا و هـەنجـــــەتی بۆ بدۆزێتەوە).

دەکـرێ دیســان بگەڕێینەوە نێــو لاپەڕەکـانی کـتـێـبـەکـە و لە لاپەڕە (١٧٧)دا بگـیــرســـێــینەوە و لە ناوەڕاسـتی لاپەڕەکـە بەرەو خــوار دەست بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە بکەین (منداڵ بێ یا هونەرمـەند، بە هێـڵـەکـانی سـەر کـاغـەز باز دەدا یا ئەوەتا لەگەڵ هەناسەدانییەوە دەفڕێ، وەک سەماکەرێک کە بەرەو ئاسمان خـۆی هەڵدەدا. کـەواتە ئەوەی وەکـو

بەهایەکی بێ پایان سەرنجمان ڕادەکێشێ، ئەوە لە ڕاستیدا منداڵەکە خۆیەتی یان هونەرمەندەکەیە، ئازادی و زیندوویی و سەرکەشییەتی. وەلێ پاشان سامانێکی هونەریمان لەم شێوانەدا دەست دەکەوێ کە هەمیشە لە تێگەیشتنی نهێنیی دەوڵەمەندی و جوانییەکەیدا دەستەوەستانین).

دیارە هونەر یەکێکە لەو بوارانەی مادده و ڕۆح تێیدا بە یەک دەگەن. هەر چەندە لە بەرهەمی شێوەکاریدا بوونێکی نازیندوو بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەو بوونە وا بەستەی هەموو هەست و خرۆشانێکی باڵاترین زیندەوەری سەر ڕووی زەوییە، ئیدی (هونەر دەرمانی برینێکە کە بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕوا. ئەدی برینی پیاوی پێشین هەمیشە سەبارەت بە گیانلەبەرە شێردەرەکانەوە خوێنی لەبەر نەڕۆییوە، کە دیواری ئەشکەوتانی نەخشاندووە؟)، پاشان (هەر کارێک لە پێکهاتنیدا ململانێ و جووڵانەوەیەکی تێدایە کە زیندەگی تایبەت بەو کارەی پێ بنیات دەنرێ. جا ئەگەر وا ڕێککەوت هەستمان بەو زیندەگییە نەکرد لە کارێکی هونەریدا، ئەوە مانای وایە هونەرمەندەکە شارەزایی و بەهرەی بایی ئەوەندە نییە بتوانێ ژیانێک لەسەر ڕووی تابلۆکەیدا دروست بکا).

تێکەڵ بوون لەگەڵ کار و بەرهەمی هونەری پرۆسەیەکی باڵا و پڕ لە هەستە، چاوێکی جواناس و خەیاڵ و هزرێکی کراوە و ئەزموون و شارەزایی دەوێ. هەموو ئەو شتانە لە بەردەوام تەماشا کردنی کار و بەرهەمی هونەرییەوە دروست دەبێت، واتە لە دابڕان و بۆشاییدا هیچ پرۆسەیەکی سوودبەخش نایەتە کایەوە. ئەوانەی هەردەم لە نمایش و پیشانگادا ئامادە دەبن، ئامادەیی ئەوەیان تێدا دەخوڵقێ کە بتوانن لە ئاقاری هونەر نزیک ببنەوە. ئیدی (بینەری (تابلۆ) بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکا، چاوی لەگەڵ هێڵەکەدا دەسووڕێتەوە و پێوەندی و بەرزی و نزمییەکانی، وەستان و جووڵانەوەی، تەکاندان و ئەو پنتە ڕاگیربووانەی تیایەتی، لێ دەدۆزێتەوە و بە کورتی چاوی پێدا دەخشێنێ، ئاهەنگ و ئاوازی تیا دەدۆزێتەوە، ئینجا دەگاتە ئەوەی بڕیاری ئەوە بدا، داخۆ پێوەندییە هێڵ ئامێزەکان تەبان یان نا؟).

بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو (لە یەکەمین چاپی ئەم کتێبەوە لە ١٩٨٦ تا دووەمین چاپی لە ٢٠٠٥دا)، ڕەنگە (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری) چاکترین بەرهەمی ڕەخنەیی بێت کە دەربارەی هونەری شێوەکاری بە زمانی کوردی دەرچوو بێت، چونکە زۆر وردەکارانە دەچێتە نێو توخم و ڕەگەز و پێکهاتە بنچینەییەکانی شێوەکاری و بە تایبەتی هونەری نیگار. یەکەمین چاپی ئەم کتێبە لە کاتێکدا دەرچوو، کە بۆشاییەکی زۆر گەورە لە بواری ڕەخنە بە گشتی و ڕەخنەی شێوەکاری، یان دروستتر بڵێین بابەتی شێوەکاری لە زمانی کوردیدا هەبوو. هەڵبەت لە زمانی ئەو گەل و نەتەوانەی لە بواری زمانی نووسین و ئەدەبیاتدا لە پێش ئێمەشن، زمانی ڕەخنەی شێوەکاری گرفتی گەیاندنی واتای بە ڕادەیەکی زۆر هەیە، ئیدی چ جای ئەوەی لە زمانێکی ئابڵووقەدراوی وەکو کوردیدا، کە بە دەگمەن چەمک و زاراوە بۆ واتا و ڕەوت و کەرەستە و قوتابخانە و سەراپای مێژووی شێوەکاری دەست دەکەوێت. ئاشکرایە شارەزایی (نەژاد عەزیز سورمێ) لە هونەری وەرگێڕان و ئاگادار بوونی لە چەند زمانێک بێ لە زمانی کوردی، یارمەتیدەر و هاندەری بوون کە بتوانێ کتێبێکی وا وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. لەم کتێبەشدا بە شێوەیەکی چڕ و هەمەلایەن هونەری شێوەکاری وردەکارانە پێناسە کراوە، لەبەر ئەوەی توخمەکانی ئەم هونەرە لەم کتێبەدا پیشەکارانە شی کراونەتەوە، زۆر گونجاوە بکرێتە یەکێ لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە بەشی شێوەکاریی کۆلیژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکاندا. نەخاسمە لەم بوارەدا بۆشاییەکی گەورە هەیە، بەڵگەش ئەو سکاڵایە بوو کە قوتابیانی بەشی شێوەکاری لە پەیمانگایەکی هونەرە جوانەکانی کوردستان لە ڕیپۆرتاژێکی تەلەفزیۆندا خستیانە ڕوو، بەوەی تاکو ئێستا پرۆگرامی خوێندنیان نییە.

لەم سووکە بەسەر کردنەوەیەدا ناکرێ باسی وێنەی ئەو تابلۆ و هێڵکاری و بەرهەمە هونەرییانە نەکەین کە وەرگێڕ لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا خستوونیەتە سەر کتێبەکە، بە جۆرێک کە وشە و وێنە بۆ تێگەیاندنی خوێنەر و گەیاندنی پەیامەکە لە پێشبڕکێدان.

*** نووسینی نێوکەوانەکان بە دەق لە کتێبەکە وەرگیراون.**

# نامەیەکی گۆرکی بۆ ڕۆمان ڕۆڵان نووسەری بەناو و دەنگی فەرەنسایی

**لە فارسییەوە:**
**حەمە ڕەسووڵی حەسەنپوور**
**(سەردەشت)**



گۆرکی

**دۆستی خۆشەویست**

کۆمەڵێک زاناو هونەرمەند و نووسەری ڕووسی دەرکردنی گۆڤارێکیان وەرێخستووە کە مەبەستی ئاگادارکردنی ڕۆشنبیرانی سۆڤیەتە لەناواخنی ئەو کتێبانەی لە بارەی زانستی و ئەدەبییەکانی ئەورووپاوەیە. زۆربەی نووسەرانی گۆڤارەکە لەو کەسانەن کە بەهیچ چەشنێک پێوەندییان بەسیاسەتەوە نییە. مامۆستایانی زانستگە: «ئەپینکۆڤیچ»، «وی تارل» «س. ئۆلدینبۆرگ».

ئەندامانی ئاکادیمیای زانست «کۆنت ئەلێکسی تۆلستۆی» و بۆ خۆم.

هیوادارین چەند نووسەر و شاعیرێکی گەنجی ڕووسی کە هێندێکیان زۆر بلیمەتن، بەشداری تێدا بکەن. ئێمە نووسەرانی بیانی «ب. کلێرمان»، «کلودفارر»، «پام سمێل دیگرامۆن»مان بانگێشت کردووە. بۆیە سەیر دەکەن ئێمە ئامانجی گشتیمان هەیە!

بەشێک لە گۆڤارەکە تەرخان کراوە بۆ پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان. ئایا بیردەکەنەوە کامە ڕەخنەگری فەرانسەیی شیاوی ئەم کارەیە؟

تکایە وتارێک بۆ گۆڤارەکە بنێرە، دەکرێت بابەتەکە لە مەڕ شۆڕشەوە بێت.


**دۆستی خۆشەویست:**

ڕێگەم بدە، هیوادارىم لەم کارەدا یارمەتیم دەدەیت.

بە چ ئیشێکەوە خەریکی؟ ماوەیەکی دوور و درێژە هیچ نامەیەکم لەلایەن تۆوە پێنەگەیشتووە.

**دڵسۆزت**
**م. گۆرکی**
**بەرلین (٣٠/مایسی/١٩٢٢)**

**سەرچاوە:**
**«نامەکانی مەکسیم گۆرکی، چاپی (١٣٨٣) هەتاوی (٢٠٠٤)ی ز، «حوسێن ئەمیر» لاپەڕە (١٢٣).**




# بەرەو گۆڕان و خۆ نوێکردنەوە

کەمال غەمبار



ژیان دیاردەیەکی کپی مەییوی بێ جووڵە نییە، هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە و مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە لە شێوەی ئاو خۆی دەنوێنێ و دەڕژێتە گۆمی ژیان بۆ ئەوەی بۆگەن نەکات و خۆی نوێ بکاتەوە. ژیان و ژیاریش هەمیشە لە ململانێیەکی توند و تیژدان لەگەڵ مەرگدا، کە ژیان گەرەکییەتی بەرگی کۆن دادڕێ و بەرگی تازە بکاتەبەر، هەروەها مرۆڤیش هەر بە شێوە لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدایە، بەردەوام شتی نوێ دادەهێنێ و شتی نوێش وەردەگرێ، ئەو مێشکەی لە قاوغی کۆن و پێشوودا دەرناچێ ژەنگ دەگرێ و بە بیرێکی سەلەفی مامەڵە لەگەڵ بیری نوێ و ژیانی نوێ دەکات و دەبێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم گۆڕانکاری و پێشکەوتندا. پێشکەوتنی مرۆڤیش لە کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەکانەوە بۆ سەر هەواوکەشی نوێ و سازگار بەدی دەکرێ، کە پڕ بە سییەکانی ئەو هەوایە فێنک و خۆشە هەڵمژێ و هەواکەی ژوورەکان دەرکات کە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن تێکەڵی یەکتر ببوون، لەم ڕوانگەیەوە نووسەر بەر لە هەموو کەسێ پێویستی بە خۆ گۆڕین و خۆ تازەکردنەوە هەیە، هەرگیز گۆڕینی ڕێبازی هزری نووسین و وەرگرتنی زانیاری نوێ و نووسین بە عەقڵێکی کراوەی والا بۆی نابێتە مایەی تیر و توانج تێگرتن و تۆمەتبارکردنی بە هەلپەرستی، ئەمە سوننەتی ژیانە و ئەمڕۆ ئەمڕۆیە و دوێنێ دوێنێیە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە ئایا خۆگۆڕین و خۆنوێکردنەوە هەر لە خۆیەوە دەبێ، یان پێویستی بە جۆرە خۆراکێک هەیە کە وزە و توانا بەو نوێکردنەوە ببەخشێ. لام وایە بە قەد ئەوەی خواردن داینەمۆی ژیان و بەردەوامبوونە، هەر ئاواش مێشک پێویستی بە خۆراکێکی تایبەتی هەیە کە ئەویش خوێندنەوەی بەردەوامە، خوێندنەوەش کلیلی کەسایەتی ڕۆشنبیرە، کە چ دەخوێنێتەوە و چۆن دەخوێنێتەوە و تا چ ڕادەیەکیش سوود لە خوێندنەوە وەردەگرێ. بۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان خوێندەوار و ڕۆشنبیر بکەین. ڕۆشنبیریش بە باوەڕنامەی باڵا نییە، هێشتا مامۆستای وا هەیە کە لە زانکۆدا وانە دەڵێتەوە بیست ساڵ لەمەوبەر چی وتۆتەوە هەمان بابەت دەڵێتەوە و لە قاڵبە کۆنەکە دەرناچێ و ئەو ماوەیە شتێکی وای نەخوێندۆتەوە کە بیخاتە سەر خەرمانی پێشووی، بۆیە زۆر جار قوتابییەکان گلەیی لەم مامۆستا و ئەو مامۆستایە دەکەن کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لا نییە کە بتوانن سوود ببەخشن، ئەوە لە کاتێکدا زانکۆ وەک باڵاترین مەڵبەندی ڕۆشنبیری نابێتە سەرچاوەی تیشکدانەوەی زانستی و هزری بەپێی پێویست و بەپێی گۆڕانی ژیاری، ئەگەر مامۆستای زانکۆ بە زانیاری نوێ مێشکی خۆی دەوڵەمەند نەکات - کە باسی مامۆستای زانکۆ دەکەم، مەبەستم نووسەریشە - کە زۆر دەنووسن و کەم دەخوێننەوە، بۆیە ئەو نووسینانەی کە ناویان دەنێن لێکۆڵینەوە، تۆژینەوە، ناچنە خانەی نووسینی بەهێز و بە پێز ئەگەر بەسەرچاوەی پڕ بەها دەوڵەمەند نەبن. سەرچاوەی زۆریش نیشانەی قووڵی و وردی و دەستپاکی نووسەرە و مایەی متمانە پێکردن و دەستخۆشی لێکردنە. شتی باشیش بۆ خۆی هاوار دەکات. (د. سوهێر قەلەماوی) کە باسی مامۆستاکەی (تەها حوسێن) دەکات دەڵێ: کە وانەی دەوتەوە، لە هەر هۆڵێکی وانە وتنەوەدا جۆرێک وانەی دەوتەوە، بۆیە قوتابییەکانی دی لە هۆڵەکانی ترەوە دەهاتن گوێیان لە تەها حوسێن دەگرت و پێی سەرسام دەبوون کە چۆن شێوازی وانە وتنەوە و جۆری زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕ پێکردنیان کەسایەتییەکی تایبەتییان بە تەها حوسێن بەخشیبوو، کە جێگەی ڕێزلێنان و شکۆمەندی بوو.